2021

# 2020نامە - وەشانی 1

## رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2020 یە کە رێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.


هاوکارانی کارای رێکخراوی کوردیپێدیا

- هاوڕێ باخەوان
- مانو بەرزنجی
- سەریاس ئەحمەد
- ئاراس ئیلنجاغی
- زریان سەرچناری
- بەناز جۆڵا



رێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
http://www.kurdipedia.org
25-02-2021

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی رێکخراوی رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2020یە کە رێکخراوی کوردیپیدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا رەچاوی ریزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە.
هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپیدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپیدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپیدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەرتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپیدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپیدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەرتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپیدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

رێکخراوی کوردیپیدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
25-02-2021

## بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

| # | ناوی پەرتووک | زمان | ژمارەی وەشان | لاپەڕەکان - A4 | بابەت | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 66 | 2019نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 459 | 363 | 2020-01-01 |
| 65 | ئاراسنامە – وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 385 | 669 | 2019-01-11 |
| 64 | ژینگەنامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 173 | 158 | 2019-01-10 |
| 63 | 2018نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 624 | 365 | 2019-01-03 |
| 62 | 2017نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 472 | 363 | 2018-01-03 |
| 61 | چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 30 | 0 | 2017-04-02 |
| 60 | 2016نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 208 | 348 | 2017-01-22 |
| 59 | شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة ١ | SA عربي | 1 | 1252 | 2028 | 2016-10-10 |
| 58 | دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية | SA عربي | 1 | 20 | 0 | 2016-09-26 |
| 57 | ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 21 | 0 | 2016-08-08 |
| 56 | شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1734 | 3287 | 2016-05-12 |
| 55 | 2015نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 153 | 339 | 2016-01-01 |
| 54 | یارینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 11 | 9 | 2015-09-17 |
| 53 | ناندینامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 29 | 45 | 2015-09-17 |
| 52 | یاسۆکنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 189 | 141 | 2015-09-11 |
| 51 | هونەرنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1219 | 2075 | 2015-09-10 |
| 50 | چالاکواننامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 1249 | 2075 | 2015-09-10 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2015-09-10 | 2333 | 882 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وێنەنامە - وەشانی 2ەم | 49 |
| 2015-09-10 | 771 | 847 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم | 48 |
| 2015-09-10 | 93 | 42 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم | 47 |
| 2015-09-09 | 1191 | 901 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئامارنامە - وەشانی 1 | 46 |
| 2015-09-09 | 4563 | 2703 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 2ەم | 45 |
| 2015-09-08 | 719 | 325 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 44 |
| 2015-09-08 | 11223 | 5207 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 2ەم | 43 |
| 2015-09-07 | 476 | 190 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | گەینامە - وەشانی 2ەم | 42 |
| 2015-09-07 | 4294 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 2ەم | 41 |
| 2015-09-07 | 5613 | 1579 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 2ەم | 40 |
| 2015-09-07 | 7015 | 2849 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 39 |
| 2015-03-18 | 117 | 89 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | یاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 38 |
| 2015-03-14 | 92 | 58 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | داعشنامە - وەشانی 2ەم | 37 |
| 2015-02-01 | 191 | 136 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 36 |
| 2015-01-24 | 226 | 135 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 35 |
| 2015-01-22 | 2957 | 1347 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 2ەم | 34 |
| 2015-01-21 | 536 | 353 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 33 |
| 2015-01-19 | 113 | 75 | 2 | کوردیی ناوەڕاست | وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 32 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 31 | جاشنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 140 | 287 | 2015-01-18 |
| 30 | ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 30 | 41 | 2015-01-18 |
| 29 | ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 510 | 960 | 2015-01-16 |
| 28 | هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | کوردیی ناوەڕاست | 4 | 1859 | 5035 | 2015-01-15 |
| 27 | براکوژینامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 172 | 285 | 2015-01-11 |
| 26 | ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 165 | 359 | 2015-01-10 |
| 25 | شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | کوردیی ناوەڕاست | 2 | 3935 | 7345 | 2015-01-04 |
| 24 | 2014نامە - وەشانی 1 | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 166 | 344 | 2015-01-01 |
| 23 | کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 118 | 130 | 2014-11-23 |
| 22 | گەینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 236 | 428 | 2014-11-23 |
| 21 | داعشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 26 | 27 | 2014-11-16 |
| 20 | پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 403 | 514 | 2014-06-10 |
| 19 | هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | کوردیی ناوەڕاست | 3 | 1653 | 4811 | 2014-06-03 |
| 18 | وێنەنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 722 | 1419 | 2014-06-03 |
| 17 | وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 78 | 101 | 2014-06-02 |
| 16 | چالاکوانانامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 1284 | 1778 | 2014-06-02 |
| 15 | ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 31 | 33 | 2014-06-01 |
| 14 | براکوژینامە - وەشانی 1ەم | کوردیی ناوەڕاست | 1 | 219 | 282 | 2014-06-01 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| -06-01 2014 | 1695 | 1204 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | هونەرنامە - وەشانی 1ەم | 13 |
| -06-01 2014 | 3172 | 1812 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | زیندانینامە - وەشانی 1ەم | 12 |
| -06-01 2014 | 3259 | 1238 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ناونامە - وەشانی 1ەم | 11 |
| -05-31 2014 | 937 | 546 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم | 10 |
| -05-31 2014 | 171 | 100 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم | 9 |
| -05-31 2014 | 2887 | 1396 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شوێننامە - وەشانی 1ەم | 8 |
| -05-31 2014 | 756 | 435 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم | 7 |
| -05-31 2014 | 404 | 110 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەندنامە - وەشانی 1ەم | 6 |
| -05-30 2014 | 285 | 163 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | جاشنامە - وەشانی 1ەم | 5 |
| -05-28 2014 | 358 | 188 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم | 4 |
| -05-28 2014 | 3289 | 2291 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم | 3 |
| -05-27 2014 | 6140 | 2753 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم | 2 |
| -05-25 2014 | 12747 | 3562 | 1 | کوردیی ناوەڕاست | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم | 1 |

## دەربارە!

کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆڕمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چڕوپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارینا‌هێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت #C - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

👦**هاوڕێ باخەوان**
👦**مانو بەرزنجی**
👦**زریان سەرچناری**
👩**جوان عومەر ئەحمەد**
👦**سەریاس ئەحمەد**
👩**بەناز جۆلا**
👦**ئاراس ئیلنجاغی**
**...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2021

**بابەت: 366**

**رۆژی دەرچوون: 25-02-2021 11:47:36AM**

بابەت: 1

**2020-09-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20170121125856136688



باکووری کوردستان
- بزوتنەوەی ژنانی ئازادی لە چوارچێوەی کەمپینی (خۆمان دەپارێزین) لە شاری ئێلح گردبوونەوەیەکی ساز کرد، بەڵام چالاکیەکەی رووبەرووی هێرشی هێزەکانی پۆلیس بووەوە و لە ئەنجامدا 6 ژنی هەدەپەیی دەستگیر کران.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنوورەکانی شاری نەوسوود تەقەیان لە پۆلێک کۆڵبەر کردووە و لەئاکامدا لانیکەم 4 کۆڵبەر بریندار بوون. ناسنامەی سێ کەس لەو چوار کۆڵبەرە کە سەرجەمیان خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی بوون "ئایەت خودادادی"، "هیدایەت" و "نامدار" ڕاگەیەندراوە.[6]
باشووری کوردستان
- لە 24 کاتژمێری رابردوودا، لە هەرێمی کوردستان 730 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا دەستنیشان کراون، 17 کەسیش بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەست داوە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانەی نیشتیمانی ئەمنە سورەکە، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ 39 فۆتۆگرافی هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوی (CDO) و گروپی گەلا کرایەوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە پارکی نالی شارۆچکەی شارەزووری سەر بە پارێزگای سلێمانی کاری دەستی 15 ژنی دەست ڕەنگین نمایشکرا. لە پێشەنگاکەدا هێلەک، جلی کوردی، کڵاوزەڕ، جوانکاری ناو ماڵ و بابەتەکانی جوانکاریی خنمان و چەندین بابەتی دیکەی کاری دەستی نمایشکرابوون.[5]
- لە نزیک گوندی قینێ لە شنگال ئۆتۆمبێلێک تەقییەوە.[1]
- ناسر محەمەد تەوێڵەیی، هۆزانەوانی هەورامی کۆچی دوایی کرد.[1]
- کۆمپانیای گازپرۆمی روسی 10 ئامێری پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی قەڵای تایبەت بە کۆرۆنا لەگەرمیان دابین کرد.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان لەسەر مەرجەعی کوردی، کە لە 40 کەس پێکهاتووە و شەش خاڵی دیکە رێککەوتن. سەما بەکداش، گوتەبێژی پارتی یەکێتی دیموکراتی و ئەندامی کۆمیتەی دانوستانەکان رایگەیاند، پارتی یەکێتی نیشتیمانی و ئەنەکەسە لەسەر ناوی مەرجەعی سیاسی رێککەوتوون و ناوی دەکەن بە مەرجەعی باڵای کورد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ فەرمانێکی سەرۆکایەتیی واژووکرد بۆ سەپاندنی سزای ئابووری بە سەر هەرلایەنێکدا ئاسانکاری لە هەناردەکردنی چەکی نائەتۆمی بۆ ئێران بکات.[3]
- وەزیری بەرگری ئەمەریکا، مارک ئێسپەر ئەمڕۆ دووشەممە رایگەیاند، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئامادەی وەڵامدانەوەی هەر دەستدرێژییەکی ئێرانە لە ئایندەدا.[3]
- وەزیری دەرەوەی ئێران دەڵێ بەهۆی گەمارۆکانی ئەمریکا ناتوانن ڤاکسینی ئەنفلەوانزاش بکڕن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بیارە (هەورامان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🗺️ وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
🗺️ وڵات: IR ئێران
🗺️ وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺️ وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
🗺️ وڵات: ↓ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: ↑ باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-09-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 21-09-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 21-09-2020
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-09-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 23-09-2020

کاتی تۆمارکردن: 2017-01-21 12:58:56 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 2

**2020-01-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376022




باشووری کوردستان
- کەناڵی بی بی سی بریتانی وێنەی جوانترین ئاهەنگ و یارییە ئاگرینەکانی سەری ساڵی زاینی 2020ی بڵاوکردۆتەوە و وێنەیەکی سلێمانیش کە هۆتێل شاری جوان تێیدا دەردەکەوێت وەک یەکێک لە جوانترین 10 شارەکانی جیهان دیاریکراوە.[2]
- بە بڕیاری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا شەهاب جاهد حەمەخان زەنگەنە کە ئەفسەرێکی کوردە و خەڵکی پارێزگای هەولێرە، وەک فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانیی عێراق دەستبەکاربوو.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمڕۆ 2020-01-01 سەردانی مەنزڵگەی سەرۆک مام جەلالی کردووە لە دەباشان.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لەشارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بەپارێزگای سلێمانی، تەرمی هاوڵاتییەکی تەمەن 25 ساڵی رۆژئاوای کوردستان دۆزرایەوە. بەوتەی سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی

سلێمانی، ئەو هاوڵاتییە ناوی، محەمەد ئەمین روومیە، لەدایک بووی ساڵی 1995 و ئاوارەی ڕۆژئاوایی کوردستانە و خەڵکی شاری کۆبانێ-یە، دانیشتوی شارۆچکەی چەمچەماڵ بووە.[5]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا رایدەگەیەنێت: سەرجەم کاروبارەکانی کونسوڵخانەی گشتی بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەساردووە و داواشدەکات بۆ هەر کاروبارێک سەردانی کونسوڵخانەی هەولێر بکرێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش (130) بارهەڵگر هاوکاری سەربازی و لۆجستی گەیاندە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە).[6]
- سوپای تورک و چەتەکانی، گوندەکانی مالکییە و مەرەناز و شەوارخە و قەڵای شەوارخەی سەر بە ناوچەی شەڕای عەفرین تۆپباران دەکەن.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەندامانی حەشدی شەعبی لە گەمارۆی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا کشانەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-01



کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 3

**2020-01-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376023



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بە مەبەستی سەردانی ئیمراڵی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا، سەردانی داواکاری گشتی شاری بورسایان کرد.[4]
باشووری کوردستان
-بۆ داواکردنی ئازادکردنی ئیدریس سەلیم، پیشمەرگەی دێرین و ئەندامی تەڤگەری ئازادی کە زیاتر لە 7 مانگە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکراوە، ئەمڕۆ، لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو.[2]
- بە ئامانجی پشتیوانی لە بایکۆتی کاڵای تورکی، لە شاری سلێمانی فێستیڤاڵی بەرهەمە خۆماڵییەکان دەستپێکرد، کە 16 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاروانێکی سەربازیی هاوبەشی روسی و تورکی لە دەوروبەری گوندی ئاشمێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ، دەستی بە گەشتێکی سەربازی کرد. لە گوندی چارقلی-ی کۆبانی کە کاروانە هاوبەشەکە بەوێدا تێپەڕ بوو، لە لایەن گوندنشینانەوە ڕووبەڕووی نارەزایەتی بووەو زرێپۆشەکانی سوپای تورک بەرباران کردان. لە گوندی خۆرخۆر کە بە دووری 17 کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆبانی، داگیرکەران گازی فرمێسک ڕێژیان لە دژی خەڵکی مەدەنی بەکار هینا و هاوڵاتییانیش بە بەرد وڵامی داگیرکەرانیان دایەوە.[1]
- هاوڵاتییانی ناوچەی گرێ سپی کە لە لایەن دەولەتی تورکەوە داگیر کراوە، بە مەبەستی دەرکردنی چەتەکان لەو شارە، چالاکییەکی شەرمەزارکردنیان ئەنجامدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا پرۆژەپێشنیازی ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا خستە دەنگدانەوە و بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسندکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-02

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-02

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-02

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |
|---|---|

---

بابەت: 4

**2020-01-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376024



رۆژئاوای کوردستان
- سەدان دانیشتووی تەبقا، بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ئەنجومەنی سەربازی تەبقایان کرد کە لەژێر چەتری قەسەدەدایە، ئەو دوو شەهید پێکهاتبوون لە هەریەک لە ئەحمەد جەدوو (ئەحمەد شیهاب) و شەمسی جەدوو (ئەبو ئالا) کە لە بەرخۆدانی شەرە لەدژی سوپای تروکی داگیرکەر و چەتەکانی شەهید ببوون. مەراسیمەکە لە گۆرستانی شەهیدانی تەبقا بە خولەکێک رێزگرتنی سەربازی لەلایەن شەرڤانانی ئەنجومەنی سەربازی تەبقا و جەماوەری ئامادەوە بەرێوەچوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە هێرشێکی ئەمریکییەکاندا، هەردوو قاسم سلێمانی و ئەلموهەندیس و چەند ئەندامێکی تری حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران لە رێگەی فرۆکەخانەی بەغداد کوژران.[1]
- د. بەرهەم سالح سەرۆک کۆمار عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی کوشتنی ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سلێمانی دەکات، راشیگەیاندووە: موهەندیس و سولەیمانی رۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان بینیوە لە رووبەڕوو بوونەوەی داعشدا.[1]
- لە جێگەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، ئیسماعیل قائانی دانرا.[1]
- دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی پلانی تورکیا بۆ ناردنی سەربازەکانی بۆ لیبیا، هۆشیاری دایە ئەردۆغان و وتی، ئەو هەنگاوە دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی لیبیادا.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران رایگەیاند: لە کات و ساتی گونجاو تۆڵەی قاسم سلێمانی و ئەوانی تر دەکەینەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-03


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019-12-02 10:14:37 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 5

**2020-01-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376025




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام فەتحی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات: هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفلۆنزای وەرزیی ناسراو بە H1N1 کردووە و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن چارەسەری (تامیفلۆ) ئامادەکراوە، هاوکات هەموو ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکەینەوە کە باس لە توشبوونی هاوڵاتییەک دەکەن بە نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز.[3]
- لە دوێنێ شەوەوە شەپۆلێکی بەفربارین ناوچە سنورییەکانی پارێزگای دهۆکی گرتووە و ڕێگای چەند ناوچەیەکیش بەو هۆیەوە داخران. بەهۆی بەفربارینی زۆرەوە هەر یەک لە ڕێگاکانی زاخۆ - کانی ماسێ، سەرزێر - کانی ماسێ، سەرسنک -سیارەتیکا، دهۆک -دەڤەری بەرواری باڵا داخراون.[4]
- لە شەوی ڕابردووەوە شەپۆلێکی بەفر بارین شارەدێی وەرتێ و قەسرێ و دۆڵی ڕۆست و چەند گوندێکی باڵەکایەتی لە سنوری پارێزگای هەولێر گرتووەتەوە.[5]
- فەرماندەی جێبەجێکاری هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بڕیاریداوە 60 ڕاوێژکاری سەربازی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان و عێراق بکات.[4]
- داوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لەمەراسیمێکدا لە کتێبخانەی هەژار موکریانی لە هەڵەبجە، دوو کورتە فیلمی دەرهێنەر و سینەماکار، سەلاح ئەحمەد ناسراو بە سەڵاحەڕەش نمایشکران و هۆڵێکی بچوکی سینەماییش لەناو کتێبخانەکەدا کرایەوە، کە بڕیارە هەفتانە فیلمی تێدا نمایشبکرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی هۆشان و خالدییەی سەر بە ناوچەی عەین عیسا بە ئۆبۆس و هاوەن تۆپباران دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشە داگیرکەرییەکانی سەر ڕۆژئاوای کوردستان و پشتیوانی بۆ یەپەگە، لە ناوەندی گشتی پارتی چەپی ئەڵمانیا ئاڵایەکی گەورەی یەپەگە هەڵواسرا.[1]
- دوای کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و ئاڵۆزبوونی دۆخی عێراق، پەیمانی باکوری ئەتڵەسی باکور-ناتۆ، بڕیاریدا بە شێوەیەکی کاتی سەرجەم کارو چالاکیەکانی لە عێراق ڕابگرێت.[2]
- لە ناوچەی تاجی باکوری بەغدای پایتەخت کاروانێکی ئۆتۆمبێل بۆردومانکرا و بەپێی هەندێک سەرچاوە هێزێکی حەشدی شەعبی لە و هێرشەدا کراوەتە ئامانج.[2]
- حکوومەتی ئێران ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی مافی بەرگریکردن لەخۆیان هەیە.[4]
- ئێران ئاڵای سووری هەڵدا کە لەلایەن شیعەکانەوە بە هێمای تۆڵەکردنەوە دادەنرێت. ئاڵاکە لەسەر مزگەوتی جەمران لە شاری قوم هەڵکراوە کە لەلایەن مەزهەبی شیعەوە بەرامبەر خوێنی ڕژاوی ناحەق هەڵدەکرێت و بانگەوازێکە بۆ تۆڵەکردنەوە کەسێکە کە گیانی خۆی بەخشیوە. لەسەر ئاڵاکە بە عەرەبی نووسراوە: ئەوکەسانەی کە دەیانەوێت تۆڵەی خوێنی حوسێن بکەنەوە[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏢 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-04
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-04
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-04
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-04
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-04

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 6
**2020-01-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376026




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام فەتحی شاعیر، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە مەریوان دەستگیرکرا.[2]
باشووری کوردستان
- ئێران، لە هەردوو کۆنسوڵخانەی خۆی لە هەولێر و سلێمانی، پرسە بۆ کوژرانی قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەق قودسی سوپای پاسداران دەگێڕێت.[1]
- نەسروڵا ڕەشنودی، سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر ئەمڕۆ لە میانەی پرسەی قاسم سلێمانی-دا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: لە دژی کوشتنی قاسم سلێمانی هەموو خەڵکی ئێران خواستی تۆڵەسەندنەوەی هەیە، خواستی جیهانی ئیسلام و بەرەی بەرگرییە کە تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە.[3]
- هێزەکانی ئەمریکا و کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێر چەند ڕیوشوێنێکی توندی ئەمنی دەگرنەبەر و بەردەوامیش فڕۆکە و هەلیکۆپتەری ئەمریکی بەئاسماندا دەسوڕێنەوە.[3]
- لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە ڕێورەسمی ناساندن و واژۆکردنی سێ کتێبی نوسەر سمکۆ سابیر لە بواری (ئەنفال و تێگەیشتنە جیاوەزەکان- جینۆسایدی زەرگۆشەکان-شێخ حوسێنی هەزارکانی) ئەنجامدرا. کتێبەکان تایبەتن بەتاوانی و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد.[4]
- لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین و چەندین شارۆچکە و شارەدێی دیکە، خۆپیشاندانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەردەوامە، کە داوا دەکەن حکومەت دایان بمەزرێنێت.[5]
- ژمارەی چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە شارۆچکەی شەنگال لە 600 چەکدارەوە بۆ 100

چەکدار کەمبووەتەوە و ئەوانەش لە ترسی ئەمریکا جمۆجۆڵی خۆیان کەمکردووەتەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بە توندی وڵامی هەڕەشەکانی بەرپرسانی ئێرانی دایەوە کە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس لە ئەمریکایان کرد و وتی، ئەگەر هێرشێک ئەنجامبدرێت، 52 ئامانجمان لە ئێران دیاریکردووە و بە زودترین کات هێرش دەکەینە سەریان.[1]
- پەرلەمانی ئێراق پرۆژە بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانانی لە ئێراق پەسندکرد و فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداریی دانیشتنەکەیان نەکرد. لە دانیشتنەکەدا وێنەی قاسم سلێمانی لە هۆڵی پەرلەمان بەرزکرایەوە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-05
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-05
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-05
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 7

**2020-01-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376027



باکووری کوردستان
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجان-ی پارتی دیمۆکراتی گەلان فەرهاد کالکان لە شاری موش دەستگیر کرا.[1]
- دوای ناوچەکانی جزیر و هەزەخ-ی شرناخ، لە نسێبین و ستەورێش پۆلیس ڕێگری لە ئەندامانی هەدەپە کرد بۆچوونەژوورەوەی ناو شارەوانیەکان کە قەییوم لەجێگایان دانراوە. دەوری هەردوو شارەوانیەکان گەمارۆدراوە بە پۆلیس و ئۆتۆمبێلی زرێپۆس و ڕێگە بەهیچ ئەندامێکی هەدەپە نادەن بچنە ژوورەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی خزر بینەوا، خەڵکی سەردەشت، پاش 10 ڕۆژ خەواندن لە نەخۆشخانەی مەهاباد، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە کاتی کۆڵبەری سەری وەبەر گوللەی هێزە نیزامییەکان کەوتبوو. ئەم کۆڵبەرە کوردە، ڕۆژی هەینی، 6ی بەفرانبار، لەگەڵ گرووپێک لە کۆڵبەران، لە سنووری سەردەشت لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێکراوە.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت: دوای کوژرانی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران هاوپەیمانان بڕیاریانداوە مەشق و ڕاهێنان بە سەرجەم هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە رابگرن.[3]
- شەوی ڕابردوو شەپۆلێکی چڕی بەفر بارین سنوری شارچکەکانی، سۆران و چۆمان و ڕواندز'ی لە سنووری پارێزگای هەولێر گرتەوە، کە بەهۆیەوە لەهەندێ ناوچە هاتوچۆ پەکی کەوتووە. نزیکەی یەک مەتر بەفر لەڕێگای زینی وەرتێ باریوە، بەهۆیەوە ڕێگای نێوان ڕانیە و وەرتێ داخرا.[5]
- بەڕێوەبەری مەزری پەروێزخان بە بڕیاری دادگا دەستگیرکرا و بەپێی بەدواداچوونەکان ئە و بەرپرسە کوردە تۆمەتبارە بەوەی ڕێگەی داوە کۆمپانیایەکی دڵنیایی جۆریی لە مەرزەکە کار بکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری برگنی وڵاتی نەرویج بەهۆی گڕگرتنی خانووەکەیان چوار ئەندامی خێزانی کوردی خەڵکی بلبلەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لەدەستدا، کە دایکێک و سێ خوشکبوون.[4]
- دۆناڵد ترامپ هەڕەشەی سەپاندنی سزای قورس بەسەر بەغدا دەکات، ئەگەر بێت و هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق دەربکات.[2]
- لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، ترەمپ نووسیویەتی: ئێران هەرگیز دەستی بە چەکی ئەتۆمی ناگات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جزیرا بۆتان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ نوسەیبین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موش

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-06
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-06
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-06
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-06
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 8
## 2020-01-07
https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376028



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ دانیشتنی بڕیاردان لەسەر داوای 'بێڕێزیکردن بەرامبەر سەرۆک کۆمار' کە لە دژی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتی پێشووی هەدەپە درابوو، بەڕێوە چوو، یوکسەکداغ لە ڕێگای سیستمی دەنگ و ڕەنگەوە بەشداریی لە دانیشتنی حەفتەمین دادگای سزاکانی ناوچەی ئاسلیی شاری وان کرد، لە دانیشتنی دادگاییەکەدا پارێزەری تەییب ئەردۆغان سەرۆکی گشتی ئاکپارتی بەشداربوو. لە ئەنجامی دادگاییەکەدا لیژنەی دادگاکە بەبڕی هەزار و 740 لیرەی تورکی سزای یوکسەکداغدا سەپاند.[5]
باشووری کوردستان
- کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمریکی تایبەت بە وەبەرهێنانی نەوت سەرجەم کارمەندەکانی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی لە هەر مەترسیەک کە بەهۆی کوژرانی قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران ڕووبەڕوویان ببێتەوە.[3]
- بەڕێوەبەری لقی هەرێمی کوردستانی بانکی ناوەندی عێراق دڵنیایی دەدات لە پارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان. ڕاشیگەیاند: پارەی مووچەی هەرێم لە بەردەستە و لە بانک ئامادەیە و هەر کاتێک فەرمانی خەرجکردنیشی دەرچوو ڕادەستی وەزارەتی دارایی هەرێم دەکرێت.[3]
- کاریگەری گرژییەکان لەسەر عێراق لەگەڵ ئەوەی هەر زوو دەرکەوتن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان پێچەوانەیە، خاوەنی نوسینگەکانی کڕین و فرۆشتن نایشارنەوە بازاڕیان گەر وەک جاران نەبێت کەمی نەکردوە و خەڵکی بەردەوامن لە کڕین و فرۆشتن بە خانووبەرەوە.[4]
- لە کۆمەڵگای سیرێ سەربە شیلادزێ لە ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک، گەنجێک بەناوی قەهرەمان شوکری زەینەدین لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەو ناوچەیەوە دەستگیرکراوە.[1]

- رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک، سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گوندی بەستێ و دوانیوەڕۆ لە گوندی توتمەی بناری قەندیل بە دروشمی 'ژنانی شۆرشگێر بەژیانیان مەشخەڵیان داگیرساند، بەشەهید بوونەکەشیان بوونە بوورکانی شۆرش' یادی حەوتەمین ساڵەی شەهیدبوونی (ساکینەجانسز، فیدان دۆغان و لەیلاشایلەماز) ی کردەوە.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوڵاتیانی عەفرین و شەهیا، تەرمی شەهید ڕۆستەم جودی شەرڤانی یەپەگەیان بە مەراسیمێکی شکۆدار لە ناوچەی ئەهرەز بەخاکسپارد. لە مەراسمەکەدا یادی شەهید سیپان و عەفرینیش کرایەوە.[1]

- تەرمی شەهید مەحمود محەمەد ئەندامی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە تل تەمر-ی سەربە فیدراسیۆنی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە مەراسیمێک بە خاکسپێردرا.[1]

- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی کە پاشماوەی داعش و ئەلنوسرەن دوێنێ ئێوارە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی عەین عیسا و گرێ سپی.[1]

دەرەوەی کوردستان

- پەرلەمانی ئێران لە دانیشتنی خۆیدا پێشنیارێکی دژی ئەمریکا پەسەند کرد کە بەپێی ئەو پێشنیارە، لەمەودوا، سوپای ئەمریکا بە گشتی وەک سوپایەکی تیرۆریستی لەلایەن ئێرانەوە دەناسرێت، 200 ملیۆن یورۆش بودجەی زیادە بۆ فەیلەقی قودس تەرخان کرا.[2]

- گروپێک لە کوردستانیان کردەوەکانی دژی ئیدریس سەلیم ئەندامی تەڤگەری ئازادیان شەرمەزار کرد کە لە لایەن پەدەکەوە دەستگیرکراوە و دۆخی تەندروستی باش نییە، کوردستانیان لەبارەی ئیدریس سەلیم دۆسیەیەکیان پێشکەش بە ڕێکخراوی لێبۆردنی نێودەوڵەتی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-07
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-07
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-07
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 9

**2020-01-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376029



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئارام فەتحی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، بە دانانی بارمتە ئازاد کرا.[6]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی ئەحمەد دڵزاری شاعیر، ئاهەنگێکی بۆ سازدەکات و ڕێز لەو شاعیرە دەنێت.[1]

- سوپای پاسداران لە تۆڵەی قاسم سلێمانی بە چەند ڕۆکێتی بالیستی دوورهاوێژ سەربازگەکانی ئەمەریکای عەین ئەسەدی ئەنبار و هەولێری بۆردومان کرد. ڕۆکێتەکان هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە.[3]

- وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند، موشەکەکانی هەولێر هیچ زیانێکی گیانی و مادییان لێ نەکەوتووەتەوە. یەک لە موشەکەکان لە فڕۆکەخانەی هەولێر و ئەوی تریان لە بەردەڕەش کەوتووەتە خوارەوە.[3]

- ئێوارەی ئەمڕۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەندرو مۆریسن، وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور ئەنجامدا و مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ناوچەکە بەردەوامدەبن.[5]

- هاتووچۆی سلێمانی هاووڵاتیان ئاگاداردەکاتەوە بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگەی سیتەک بەکارنەهێنن.[4]

- بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگای هاتووچۆ لەنێوان شارەدێی دینارتە بۆ دەڤەری بارزان کە 62 گوند لەخۆدەگرێت داخرا.[4]

- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لە سنوری شارەدێی وەرتێ کە ئیدارەی ڕاپەرین بەهەریەک لە قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕواندز دەبەستێتەوە ڕێگا داخراوە و بەڕێوەبەری شارەدێی وەرتێش دەڵێت: ناتوانین ئەمشە و ڕێگاکە بکەینەوە.[4]

- لە چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگای دهۆک بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا و دیواری چەند ماڵێک تەقیوە.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای داگیرکەری تورک و گرووپی چەتە هاوپەیمانەکانی کە بەشێکیان بریتین لە داعش، ئەلقاعیدە و نوسرە، هەریەک لە گوندەکانی دبس و هۆشان سەربە عەین عیسا تۆپباران دەکات.[2]

- هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە نزیک لە ناوچەکانی سەرێکانی دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد و شەڕڤانانی هەسەدە گوندی مەناخیان لەنێوان تلتەمر و سەرێکانی لەدەست هێزە چەکدارەکان دەرهێنا.[5]

- وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا کوژرانی چوار سەربازی وڵاتەکەی بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند.[5]

دەرەوەی کوردستان

- لە شاری بریمن-ی ئەڵمانیا، مستەفا چەلیک سیاسەتمەداری کورد دەستگیرکرا.[2]

- فڕۆکەیەکی ئۆکرایینی لە تاران کەوتە خوارەوە و نزیکەی 170 سەرنشین گیانیان لەدەستدا، لەنێویاندا 10 کورد هەبوون کە 5یان خەڵکی مەهاباد و 3یان خەڵکی سەقز و 2یشیان خەڵکی سنە بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: رواندز
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-01-07
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-08
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-01-08
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 10

**2020-01-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376030



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی هەڵمەتێکی چەتەگەرانەی پۆلیسی رژێمی ئاکەپەدا بۆ هەڵکوتانە سەرماڵان، لە نسێبین، 5 کەس دەستگیر کران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا، چەند رۆژ پێش، یەکێک لە بەرکەوتووانی کیمیابارانی سەردەشت بە ناوی عەبدوڵڵا سەیدە، گیانی لەدەست دا.[7]
- بەپێی سەرچاوە ئێرانییەکان لەناو فڕۆکە ئۆکرانییەکەدا کە دوو رۆژ لەمەوبەر کەوتەخوارەوە، 12 کوردی رۆژهەڵات گیانیان لەدەستداوە. قوربانییەکان خەڵکی کرماشان، مەهاباد، سنە و سەقزن.[1]
- لە ئەنجامی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی ناوچەکەی گرتوەتەوە، لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەچەند شارێک خوێندنگەکان داخراون و بەفربارینیش بەردەوامە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەجید مەزلوومی، تەمەن 25 ساڵ، خەڵکی گوندی جخورکەندی شاری چاڵدێران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.[8]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی رۆژی 08-01-2020، لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکەوە ناوی دامەزراوانی پەروەدەی شارەکە راگەیەندرا هەر زوو نیگەرانی پێکهاتەی کوردی لێکەوتەوە، چونکە بەشێوەکی تاکرەوانە و بێ رچاوکردنی مافی پێکهاتەکان دانراوە.[3]
- بوومەلەرزەیەک روویدا و لە چەند ناوچەیەکی وەک پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوک هەست بە بوومەلەرزەکە کراوە، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.[5]
- بەهۆی ئاڵۆزییەکانی رۆژانی رابردوو، گەشتەکانی ئێران و تورکیا بۆ هەولێر و سلێمانی وەستابوون، لەمرۆوە گەشتەکان دەستپێدەکەنەوە.[1]
- بە بەشداریی هاوڵاتیانی رانیە و ئەندامانی چەند رێکخراوێکی ژنان، یادی هەر سێ ژنە شۆڕشگێری کورد ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز کرایەوە.[7]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەی جەنگی بێفڕۆکەوانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر خاڵی پشکنینی ئاسایشی رۆژئاوایان لە دەروازەی چوونە ناوەوەی ناوچەی عەین عیسا بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 2 کەس بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمیر حاجیزادە، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران رایگەیاند، هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بەردەوامدەبن.[4]
- وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی میسر، فەرەنسا، قوبرس و یۆنان بۆ تاوتوێکردنی پێشهاتەکانی لیبیا و رۆڵی تورکیا لە و وڵاتە کۆبوونەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، تێیدا یادداشتی لەیەکتێگەیشتنی تورکیا و لیبیایان رەتکردەوە و رایانگەیاند، ئە و یادداشتە پێچەوانەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە. هەروەها یادداشتەکەی ئەنقەرە و تەرابلووسیان بە پێشێلکردنی مافی سەروەری وڵاتانی دیکەی سەر دەریای ناوەڕاست لەقەڵەمدا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-09
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 11

**2020-01-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376031



باکووری کوردستان
- دادگای تورک سزای 7 ساڵ زیندانی بەسەر چاغلا دەمیرەل پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپەدا سەپاند.[1]
- نەبی ئیلهانی تەمەن 74 ساڵ کە بە بیانووی کاری سیاسی دەستگیرکرا و 6 ساڵ سزای زیندانی بە سەردا سەپێنرابوو. دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە نەخۆشخانەی دەوڵەتی سێرت، نەشتەرگەری بۆکرا و بەرەبەیانی ئەمرۆ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1]
باشووری کوردستان
- لەدوای ڕاگەیاندنی ناوی دامەزرێندراوان لەسەر میلاکی پەروەردەی کەرکوک، مەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەتوندی ئەنجامەکە ڕەتدەکاتەوە و هۆشداری دەدات لە تەقینەوەی توڕەیی گەنجانی کورد.[3]
- کاتژمێر 9:00ی شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش لە سنووری گوندی تۆپزاوە، هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی پۆلیسی فیدراڵی. بەپێی زانیارەکان لە ئەنجامی هێرشەکەدا کارمەندێکی پۆلیسی فیدراڵی کوژراوە و شەڕ و پێکدادان بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بووە.[1]
- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری وزەی ئەمەریکا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامداو وەزیری وزەی ئەمەریکا ئامادەیی وڵاتەکەی دەربڕی بۆ وەبەرهێنانی زیاتری نەوت لە هەرێمی کوردستان.[3]

- کارگێڕی کۆمیتەی 16ی دینارتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان عاسف حسێن لەلایەن پارتییەوە دەرفێنرێت و بێسەروشوێن دەکرێت، خانەوادەکەشی داوای چارەنوسی وونبووەکەیان دەکەن.[4]
- بە مەراسیمێکی شکۆدار لە شاری سلێمانی، یادی هەرسێ ژنە تێکۆشەری کورد ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز و ژنە رووناکبیر ئەحلام مەنسور و تێکۆشەری سۆسیالیست رۆزا لوکسەمبورگ کرایەوە، تێیدا خەڵاتی ژنانی شۆڕشگێڕیش بەخشرا.[5]
- لە ساڵیادی تیرۆرکردنی سێ ژنە شۆڕشگێڕی کورد لە پاریس، لە شارۆچکەی سەیدسادق و کەلار، ژنان دوو چالاکییان بەڕێوەبرد، تێیدا ڕایانگەیاند، بەردەوام دەبن لەبەرەنگاربونەوەی داگیرکاری هەموو جۆرە توندوتیژیی و کۆمەڵکوژییەکانی سەر ژنان.[5]
- گەنجانی شیلادزێ دژی ئەو فشارانەی لەلایەن ئاسایشەوە دوای سەرهەڵدانەکەی شێلادزێ دژی داگیرکاری دەوڵەتی تورک، خراوەتە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە و دەستگیرکردنی گەنجان لە دەڤەری بادینان، سەرەڕای ئاستەنگییەکانی ئاسایش ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا. لە ڕێپێوانەکەدا کە لەناو بازاڕ ئەنجامدرا، دروشمەکانی ئازادی بۆ گەنجانمان و ئازادی بۆ شێلادزێ لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە وترایەوە و وێنەی ئەو کەسانەی لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون بەرز کرایەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- زاگرۆس رۆدی - فەرهاد شێخ موس شەرڤانی قەسەدە کە لە 7ی ئەم مانگە شەهید بوو، محەمەد مەلا حەسەن ئەندامی هێزەکانی خۆپاراستن، ئەحمەد عەلی حوسێن و مستەفا عەبدولرەزاق کە لە دێرەزوور لە کاتی جیاجیا لەکاتی ئەرکدا شەهید بوبوون، ئەمڕۆ لە شاری حەسەکە بە مەراسیمێکی بە شکۆ لە گۆڕستانی شەهید دژوار بەخاکسپێردران.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە کاتژمێر 01:40ی ئەمڕۆ، گوندەکانی خالیدییە و ئستراحە سەگر 3 کیلۆمەتر دووری عەین عیسا تۆپباران کرد. لەگەڵ بەردەوامی بۆردوومانەکان، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بێ وەستان بەسەر ئاسمانی هەرێمەکە دەسوڕێنەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- تۆڕی هەواڵی BBC بەریتانی ئاشکرایکرد، بەڵگەی حاشا هەڵنەگر هەیە کە دەیسەلمێنێت هەڤرین خەلەف، چالاکوانی رۆژئاوای کوردستان و سکرتێری پارتی سوریای داهاتوو لەلایەن میلیشیاکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیاوە شەهید کراوە.[5]
- سەرچاوە رۆژئاواییەکان باس لەوەدەکەن، ئەو فڕۆکە ئۆکرانییەی کە چەند رۆژ لەمەوبەر کەوتە خوارەوە و تەواوی سەرنشینانی گیانیان لەدەستدا و 12یان کورد بوون، بەهۆی موشەکێکی ئێرانەوە کەوتووەتەخوارەوە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ستیڤن منوچن وەزیری گەنجینەی ئەمریکا رایگەیاند: سزا نوێیەکانی سەر ئێران، کەرتەکانی پیشەسازی گۆڕانکاری و رستن و چنین و کانزاکان و کەرتەکانی دەگرێتەوە، هەروەها سزای چەند بەرپرس و کەسایەتییەکی ئێران دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە هێرشە بالیستییەکانەوە هەبووە بۆ سەر دوو بنکەکانمان هەبووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سێرت
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-10
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-10
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-10
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 12

**2020-01-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376032



باکووری کوردستان
- تۆڕی زمان و کلتور، لە هوتێل دەمیر لە شاری ئامەد، یەکەمین کۆنفرانسی دەستپێکرد و وابڕیارە دوو ڕۆژ بخایەنێت. لە کۆنفرانسەکەدا نزیکەی 200 کەس لە نوسەر، ئەکادیمیسیەن، خوێندکار، ڕاگەیەندکار، دەزگاکانی ژنان و رێکخراوەکانی کلتوری و هونەری بەشداربوون.[2]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی سیمینار و چالاکیەکان بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕوحی شەهید ساکینە جانسز و هەڤاڵانی، لە شاری کەرکوک یادی ئەو سێ ژنە شەهیدە بەرزڕاگیرا.[2]
- سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: دوای بەدواداچوونەکانی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەرگرتنی پارە بە نایاسایی، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بڕیاریدا بە ڕاگرتنی کۆمپانیای گەرمیان پیترۆلیۆم.[3]
- لەلایەن پۆلیسی ئیتیحادییەوە گەورەترین کۆگای بۆمب و تەقەمەنی لەباشوری کەرکوک دۆزرایەوە.[3]
- لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە و لە ڕووداوێکی هاتووچۆ 2 کەس گیانیانلەدەستدا کە یەکێکیان قەشە دنحا توما یوسف، قەشەی کۆیە و هەرمۆتەیە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا و هاوپەیمانەکانی بەچری دێیەکانی سوغاتکە لە شارەدێی شیراوا، هەروەها دێیەکانی ماکلیە و شوارغە و مرعناز لە شارەدێی شرا بۆردومان دەکەن. بەهۆی تۆپبارانەکەوە ژنێک بەناوی (زەینەب مەحمود) تەمەن 56 ساڵان، لەکاتێکدا سەرگەرمی ڕزگارکردنی منداڵەکانی بووە کە سەرجەمیان خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەدێی باشمرا لەناحیەی شیراوا بەسەختی بریندار بوو.[6]

دەرەوەی کوردستان
- رژێمی ئێران، دانی نا بەوەی کە فڕۆکە ئۆکراینییەکەی بە موشەک خستووەتەخوارەوە، لەو فڕۆکەیەدا 176 کەس گیانیان لەدەستدا کە 12یان کوردی ڕۆژهەڵاتن.[1]
- کوردان و دۆستانیان لە پاریس، لە ساڵرۆژی کۆمەڵکوژکردنی هەرسێ ژنە شۆڕشگێڕی کورد ساکینە جانسز، لەیلا شایلەمەز و فیدان دۆغان، خۆپیشاندانێکی فراوان بەڕێوەچوو، تێیدا داوای دەستنیشانکردن و بە سزاگەیاندنی بکەرانی ئەو کۆمەڵکوژییەیان کرد.[2]
- زۆربەری کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکانی جیهان، لە دوای بڵاو بوونەوەی دانپێدانانی حکومەتی ئێران بە کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، بۆ ماوەی 10 ڕۆژ هاتووچۆی فڕۆکەکانیان لەسەر ئاسمانی ئێران ڕاگرت.[5]
- دژی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ئۆکرانیەکە لەلایەن ئێرانەوە، بەدروشمی (مردن بۆ درۆزن) خۆپیشاندان لە شاری تاران دەستپێکرد.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-11
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 13
**2020-01-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376033




باکووری کوردستان
- شاهین ساغلام و ریدوان ئەزەر ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هەدەپە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە ماڵەکانیان لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. هەروەها هاوسەری ریدوان ئەزەریش دەستگیرکرا. راگەیەنرا هاوسەری ئەزەر بۆ ماوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس دەستبەسەرکرا و دواتر ئازادکرا.[2]
- لە ناوچەی لیجەی ئامەد و گوندەکانی پۆلیس و سەربازانی تورک 3 رۆژ لەمەوبەر هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و 12 کەسیان دەستەسەرکرد. دادگای سزای سوڵح 8 کەسی بە بیانوی 'ئەندامێتی رێکخستن و لایەنگری رێکخستن' بۆ زیندان نێردران و ئەوانەی تر بە شەرتی کۆنترۆل ئازادکران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران، لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش خۆپیشاندانەکان لە زانکۆی ڕازی کرماشان دەستپێکرد و بەپێ زانیارییەکان زانکۆکە لە ئێستادا لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گەمارۆ دراوە و خۆپیشاندانی خەڵکیش لە مەیدانی ئازادیی بەردەوامە و هێزە ئەمنییەکان بە گازی فرمێسکڕێژ هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەران. بە هەمان شێوە لە ئێستادا خەڵکی سنەش لە مەیدانی ئازادیی ئەو شارە دەستیان بە خۆپیشاندان و وتنەوەی دروشم کردووە.[6]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەرێم رایدەگەیەنێت: سبەینێ شەپۆلێکی بەفر و باران شارەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک، لەبەردەم یەکەی سەرپەشتاری مامۆستایانی بەشی کوردی، گردبوونەوەیەکی نارەزایی ئەنجامدرا لەلایەن 'ئەنجومەنی باڵای مامۆستایانی دانەمەزراوی کورد لە کەرکوک' کە ئەم ئەنجومەنە ئەو مامۆستا دەرچوو و خۆبەخشانە لە خۆدەگریت کە دانەمەزراون.[2]
- بەمەبەستی دەستگیرکردن و لەناوبردنی چەکدارانی داعش، پۆلیسی دیالە ئۆپر اسیۆنێکی فراوانی بۆ چەند ناوچەیەکی خانەقین دەستپێکرد.[3]
- وتەبێژی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ئاشکرایکرد، ئاسایشی هەولێر ئیدریس سەلیم-ی خستووەتە زیندانی تاکەکەسییەوە و ئەشکەنجە دراوە، دەشڵێت: مەترسی گیان لەدەستدانی ئەو ئەندامەمان هەیە.[2]
- گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جوتیار عادل لە روونکردنەوەیەکدا، رەتیکردەوە، حکومەتی هەرێم ئاگاداری پێشوەختەی لە و هێرشە مووشەکییەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبووبێت، کە لە رابردوودا کرایە سەر بارەگاکانی دیموکرات لە سنووری شارۆچکەی کۆیە. لە روونکردنەوەکەدا هاتووە: لەم رۆژانەدا پەیامنێرێکی بەشی فارسیی کەناڵی بی بی سی، ئاماژەی بەوەداوە کە هەولێر ئاگاداری پێشوەختەی هێرشی موشەکیی ساڵی 2018ی ئێران بووە بۆ سەر پێگەی پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. ئەم هەواڵە دوورە لە راستی و رەتی دەکەینەوە.[5]
- لە خورماتوو بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە هەشت کەس گیانیان لە دەستدا کە حەوتیان پۆلیسن و 10 پۆلیس و هاووڵاتییەکی دیکەش بریندار بوون.[3]
- عەبدوڵڵا حاجی مەحموود، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رایگەیاند، ژمارەیەکی زۆر کەیسی زیندانی سیاسی و بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە وەزارەت هەن و دەبێت یەکلایی بکرێنەوە. بە گوتەی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا 800 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی دەرماڵەیان پێدەدرێت و هەشت هەزار کەیسیش کەیسیان لە وەزارەتە و دەبێت یەکلایی بکرێنەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی سوپای داگیرکەری تورک نزیک گوندی دگری لە رۆژئاوای تربەسپییان بۆردوومان کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان

- له تاران و شاره گەورەکانی وەک مەشهەد و شیزار خۆپیشاندانی گەورە دژی رژێمی ئێران بەڕێوەچوو.[1]
- فیدراسیۆنی پەنابەران رایدەگەیەنێت: زۆرینەی ئەو پەنابەرانەی دوێنێ لە دەریای ئیجەدا گیانیان لەدەستداوە خەڵکی سوریان و کوردی رۆژاوان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خورماتوو |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کرماشان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ تەربەسپی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

🗄️ سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-01-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-01-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 12-01-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-01-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 12-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 14

**2020-01-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376034



باکووری کوردستان
- لە شاری ئامەد هێزە ئەمنییەکان دوای ئەوەی هەڵیان کوتابووە سەر چەندین ماڵ، 12 کەسیان دەستگیرکرد، دوای ئەوەی وتەی هەر 12 کەسەکە وەرگیرابوو رەوانەی دادگا کران. لەو 12 کەسەی رەوانەی دادگا کرابوون، چواریان لە دوای تەواوبوونی کاروباری یاسایی ئازاد کران و 8 کەسی دیکە بە تۆمەتی ئەندامێتی لە رێکخستندا بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو، رەوانەی زیندان کران. لەلایەکی دیکەوە، لە شارۆچکەی سێگرکی ناوچەی قلابانی شەرناخ سەربازانی تورک هەڵیان کوتایە سەر ماڵی هاوڵاتییەک و کەسێک بە ناوی مەسعود بابات دەستگیر کرا و رەوانەی ناوچەی قلەبان کرا و تا ئێستا لە بارەی ئازادکردن یان هێشتنەوەی لە زینداندا هیچ بڕیارێک نەدراوە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و توێژەر جەلال حاجی زادە (رامان) بەنەخۆشی. هەندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە لەلایەن رژێمی ئێرانەوە تیرۆرکرابێت.[1]
- خوێندکارانی زانکۆی پەیامی نووری مەریوان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، هەوڵی سپای پاسدارانیان بۆ خستنە خوارەوەی فڕۆکەی ئوکرایینی مەحکووم کرد و خوازیاری بەرێوەچوونی دادگایی کردنی گشتیی تاوانبارانی ئەو کارەساتە دڵهەژێنە بوون.[5]
باشووری کوردستان
- پشێوی لەنێوان بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی نەوەی نوێ دروست بوو سەبارەت بە پرسیموزایەدەی سیاسی لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی. بەهۆی ئەو پشێوییەوە پەخشی راستەوخۆی دانیشتنەکە راگیرا و ئەو پەرلەمانتارانەشی بوونە هۆی پشێوییەکە لە هۆڵی پەرلەمان کرانە دەرەوە.[1]
- بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی سنوری شارۆچکەی پێنجوێنی گرتووەتەوە، رێگای سەرەکی شارۆچکەی پێنجوێن و سنوری پارێزگای سلێمانی لەنزیک شاخی ملەکەوە بەرووی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا داخرا.[2]
- بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما و بارینی بەفر و باران و دروستبوونی گرفتی هاتووچۆ، بەرێوەبەرایەتیی هاتووچۆی سلێمانی و هەولێر هۆشداری دەدەنە شۆفێران کە چەند رێگەیەک بەکارنەهێنن لە ناوچە شاخاوییەکان.[1]
- هێزەکانی سوپای عیراق و پۆلیسی دیالە، لە سنوری ئیمام وەیس لە باشوری خانەقین ئۆپراسیۆنێکیان دژ بەچەکدارانی داعش ئەنجامدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە بەردەوامی کاردانەوەکان دژی خستنەخوارەوەی فڕۆکە گەشتیارییەکەی ئۆکرانیا بە مووشەکی سوپای پاسداران لە رۆژی 8ی ئەم مانگە، خەڵکی زۆربەی شارەکانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن لە خۆپیشاندانەکانیان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | شرناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | پێنجوێن |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 13-01-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 13-01-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 13-01-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 13-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 15

**2020-01-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376035



باکووری کوردستان
- باشاک دەمیرتاش، هاوسەری سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە ڕایگەیاند: ماوەی مانگێکە تەندروستی دەمیرتاش باش نییە. ئەو هەوڵدەدات بەباشی خۆی پیشان بدات، بەڵام ئەوەی من دەیبیبم و هەستی پێدەکەم باش نییە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی پشتیوان ئەفسەر، خەڵکی گوندی نێی مەریوان، لەلایەن لقی دووی دادگای ئینقلابی سنە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، 9 ساڵ زیندانیی تەعزیریی بەسەردا سەپا.[7]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی عەلی نادری کوڕی میرحەسەن، دانیشتووی شارەکی مێهدیەی کرماشان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا. هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سێرێیانی قازانچی لە نێوان کرماشان، کامیاران و ڕوانسەر، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، ماشینی ئەو کاسبکارە کوردەیان داوەتە بەر دەسڕێژیی گوللە.[7]
باشووری کوردستان
- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری سلێمانی بڕیاردرا تاوەکو هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزبە مستەفا چاوڕەش سەرۆکی ئەنجومەن و وتەبێژ دەبێت.[2]
- فڕۆکەکانی تورکیا چوار جار لەسەر یەک گوندی سەرگەلی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی بۆردووماندەکەن و بەهۆیەوە ترس و دڵەڕاوکێ لای هاونیشتمانییان دروستبووە.[3]
- ئەمڕۆ لە زانکۆی سلێمانی، ژنانی گەنجی تێکۆشەر هەڵسان بە دابەشکردنی کتێبی (ژیانم هەمووی تێکۆشان بوو) کە لەلایەن ساکینە جانسز نوسراوە، لەلایەن خوێندکارانی زانکۆکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.[1]

- پێشانگەی تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی بە بەشداری زیاد لە 100 کۆمپانیای ئێرانی لە بوارە جیاوازەکانی کاڵا وەک فەرشی دەستچن، پیشەسازی دەستی، کەرەستەی بینا، پیشەسازی خۆراک، تاقمی قەنەفە، پۆشاک و چنین، پێڵاو و چەرم، پێداویستی ناوماڵ، بەرهەمە نەوتییەکان، پیشەسازی کارەبا، بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، پیشەسازی پلاستیک، چاپ و پێچانەوە، پێداویستی جوانکاری و پاکژکەرەوە کرایەوە.[4]
- لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی عێراق و لیژنەی سەرپەرشتی چاودێری ناوی دامەزراوانی کەرکوک، بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوانەی کە بڕیاربووە لە کەرکوک وەک مامۆستا و فەرمانبەر دابمەزرێن.[6]

رۆژئاوای کوردستان

- کۆمۆنی فیلمی رۆژئاوا لە ناوەندی کلتور و هونەری محەمەد شێخۆ فیلمی 'بۆ ئازادی' نمایشکراد. فیلمەکە کە باس لە بەرخۆدانی ناوچەی سووری ئامەد دەکات، پێرێ لە رمێلان لە ناوەندی کلتور و هونەری ئارام تیگران نمایشکرابوو.[1]
- هەواڵێک لەبارەی مەزڵوم کۆبانێ بڵاوبۆتەوە گوایە بەرپرسانی پەکەکە لە قەندیل رێگە و دەرفەت نادەن زۆر لە میدیاکان دەربکەوێت، لەوبارەیەوە دوو سەرچاوەی نێو پەکەکە و پەیەدە هەواڵەکە رەتدەکەنەوە.[2]
- ئەمرۆ هێزە ئەمنیەکان لە خێوەتگای ئەلهۆڵ کە 45 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری حەسەکەوەیە، ژنێکیان لەبەشی ژنە بیانیە دەستگیرکراوەکانی تیرۆرستانی داعش کە بەبەشی (رەوەندی بیانی) ناسراوە بەکوژراوی دۆزیوەتەوە. بەپێی ئەو وێنانەی دەست کەوتووە، ژنە تیرۆرکراوەکە پێش کوشتنی بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە و ئازار دراوە، شوێنی ئەشکجەنجەو لێدان بەتێکڕای جەستەیەوە دیاربووە.[5]
- لەسەر داوای کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سریەی بەرگری کیمیاویی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە، پشکنینی بۆ ماڵێک کرد لە هەڵەبجە کە گومانی ژەهراوییوونی لێدەکرا بەهۆی پاشماوەی چەکی کیمیایی لە ساڵی 1988دا. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە، تیمی کیمیاوی بە وردی ماڵەکەو ژێر زەمینی ئەو ماڵەیان بە چەند ئامێرێک پشکنیوە کە تایبەتن بە ئاشکراکردنی ماددە کیمیاوی و ژەهراوییەکان، دواتر ماڵەکەیان خاوێنکردەووەتەوە و دڵنیاییانداوەتە خاوەن ماڵەکە کە هیچ پاشماوە و مەترسییەکی چەکی کیمیاوی لەماڵەکەدا بوونی نەماوە.[6]

دەرەوەی کوردستان

- هەریەک لە موقتەدا سەدر سەرکردەی رەوتی سەدر و هادی عامری سەرکردەی هاوپەیمانی بونیاد و قەیس خەزعەلی سەرکردەی عەسائیبی ئەهلی حەق، داوا لە هاوولاتیان دەکەن دژی ئەمریکا بێنە سەر شەقام.[2]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، ژمارەی کوژراوانی چەکدارەکانی ئە و گروپانەی ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە لیبیا گەیشتە 14 کەس، کە فەرمان لە ئەنقەرە وەردەگرن و لەلایەن تورکیاوە بۆ پشتیوانیکردن لە حکوومەتی ویفاق لە دژی هێزەکانی حەفتەر رەوانەی ئە و وڵاتە کراون.[4]
- دادگای باڵای بەلجیکا، ڕایگەیاند، کە بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی بەلجیکا بڕیارێکی دروستە لەبارەی ئەوەی ڕایگەیاندبوو، کە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆرستی نییە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 16

**2020-01-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376036



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ خوێندکاری کورد بە ناوەکانی موسلێم سلێمانی، زانیار ئەحمەدپوور و ئەرشەد ئەتابەک، دوابەدوای نارەزایەتییەکانی زانکۆی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی خستنە خوارەوەی فرۆکەی ئۆکراینی لەلایەن سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر کران.[6]
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، کە چاودێری ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، رایگەیاند: بەرەبەیانی ئەمرۆ، حوکمی سێدارەی دوو برای کورد بە ناوەکانی (داریوش دەروێشی) 35 ساڵ و (دانش دەروێشی) 27 ساڵ لە بەندیخانەی ناوەندی شاری ورمێ جێبەجێکرا. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە پێنج ساڵ پێش ئێستا بە تۆمەتی کوشتنی دوو برای دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کران و دواتر دەزگای دادوەری حکومەتی ئێران حوکمی سێدارەی بەسەریاندا سەپاندبوو، لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەوان لە بەندی 3 و 4ی بەندیخانەی ئورمیە راگیرا بوون.[2]

باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، بارەگاکانی یەکینەکانی پاراستنی شنگاڵ لە کومەڵگای دوگۆڕێی سەر بە ناحییەی سنوونێ لە شارۆچکەی شینگالیان بۆردومانکرد و بەهۆی چەند کەسێک کوژرا و برینداربوون. بەگوێرەی زانیارییەکانی کوردستان24، لەو هێرشەدا، خەڵەف باپیر موراد سەعدوون ناسراو بە سەردەشت شنگالی، بەرپرسی گشتی هێزەکانی یەبەشە کوژراوە. هەر لەو هێرشەدا برایەکی سەردەشت شنگالی بەناوی ئەیمەن شنگالی کوژراوە.[4]
- تەندروستی کەرکوک رایدەگەیەنێت: لەمساڵدا تەنها سێ حاڵەتی توشبوون بەنەخۆشی ئەنفلەوەنزای بەراز تۆمارکراون، دڵنیاییش دەداتە هاوڵاتیان کە چارەسەری پێویستیان لەبەردەستدایە.[2]
- بە پاساوی ئەوەی هەرێمی کوردستان پابەندنەبووە بە رێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراق، لیژنەی دەستپاکی سەر بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەنووسراوێک داوای برینی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات. بەڵام سەرۆکی لیژنەکە دەڵێت، واژۆی من نییە و ئاگام لێ نییە.[3]
- پەرلەمانی کوردستان دەنگ لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی دەدات و لیژنە تایبەتمەندەکانیش راپۆرتی کۆتایی لەسەر پێشنیازەکانی خوێندنەوەی دووەم تەواو دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری لۆزانی سویسرا، لەسەر گۆڕەکەی، یادی زماناس، مێژووناس، نووسەر و سیاسەتمەداری کورد دکتۆر نورەدین زازا کرایەوە کە تا ساڵی 1988 لەو شارە ژیا.[1]
- لیژنەی راگەیاندنی هەدەپەی شاری ئەستەنبوڵ رایگەیاند، ئەمرۆ کاتژمێر 15:00 لە لایەن چەند کەسێکی چەکدارەوە، هێرش کراوەتە سەر باڵەخانەی پارتەکەیان. بە پێی لێدوانەکە، باڵەخانەی هەدەپە 7 جار دەستڕێژی گوللەی کراوەتە سەر و دەوترێت کە بە رێکەوت بووە فیشەک بەر هیچ کەسێک نەکەوتووە و لە بارەی رووداوەکەوە لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە.[1]
- یوسرا رەجەب، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر بۆردوومانەکەی ئەمرۆی شەنگال لەلایەن دەوڵەتی تورکی داگیرکەرەوە نووسراوێک ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، تاکو لەرێگای وەزارەتی دەرەوەوە هۆشداریی بداتە تورکیا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏢 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-01-2020

[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-15
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-01-15
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-15
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-01-15
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-15

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2019-12-02 10:14:37 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 17

## 2020-01-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376037



باکووری کوردستان
- 8 ساڵ و 3 مانگ سزای زیندانی بەسەر بەکر کایا سەرۆکی پێشووی شارەوانی شاری واندا سەپێنرا.[1]
- دەسەڵاتداریی ئاکەپە-مەهەپە لە بەرامبەر نارەزایەتی دژی بێسەروشوێن کردنی گوڵستان دۆکو کە خوێنداکاری زانکۆیە و رووداوەکانی لاقەکردن، بە قەدەغەکردنی نارەزایەتی وڵامی دایەوە. پارێزگاری دەرسیم پرۆپاگەندەی ئەوە دەکات کە گوایا لە ئەنجامی چالاکیی نارەزایەتیدا خەڵک هان دەدرێت بۆ تووڕەیی و دوژمنکاری زیاد دەبێت و بەم بیانووەوە 15 رۆژ ئەنجامدانی چالاکی و خۆپیشاندانی قەدەغە کرد.[1]
باشووری کوردستان
- تەرمی زەردەشت شەنگالی فەرماندەی یەبەشە و سێ لە هەڤاڵانی کە لە ئەنجامی هێرشە ئاسمانییەکەی دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە گوندی دووگری سەر بە ناوچەی سنوونی شەنگال شەهید بوون، بە مەراسیمێکی شایستە بە خاک سپێردران.[1]
- نیوەڕۆی ئەمرۆ فرۆکە جەنگییەکانی سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک، گوندی سنینان-یان لە دەڤەری برادۆستی سەربە پارێزگای هەولێریان بوردومان کرد.[2]
- میدیاکانی نزیک لە یەکێتی باس لەوە دەکەن کە پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نێشتیمانیی کوردستان بەناوی مەجید ئیبرایم هەرووتی لە ژێر ئەشکەنجە لە زیندانی پارتی گیانی لە دەستداوە. بەڵام ئاساییشی هەولێر دەڵێت کاری خۆکوژی بووە.[2]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگاکانی حکومەتی راسپاردووە کە هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەک بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی ئە و کۆچبەرە کوردانەی بەهۆی نقوم بوونی بەلەمەکەیانەوە لە نێوان تورکیا و یۆنان گیانیان لەدەستدا.[3]
- ئەمرۆ کەسێک لە زاخۆ دەستڕێژی گوللەی کردووەتە سەر دایک و برایەکەی و دەستبەجێ هەردووگیان گیانیان لەدەستداوە و خۆی و پۆلیسێکیش بە سەختی بریندار بوون و پاشان تەقەکەرەکەش گیانی لەدەستداوە.[4]
- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری خورماڵەوە، بەناونیشانی هونەر لەپێناو هونەردا، یەکەمین پێشانگای شێوەکاری، بۆ شێوەکار هاوکار گوڵپی لە پارکی گشتی ناوبازاڕی شارەدێی خورماڵ لە پارێزگای هەڵەبجە کرایەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە شارۆچکەی سیلوک-ی سەر بە گرێ سپی، بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو هێرش کرایە سەر ناوەندێکی چەتەکانی ئەحرار ئەلشەرقیە کە ئەنقەرە پشتیوانیان دەکات.[1]
- ئەمرۆ لە دوو کاتی جیاوازدا سوپای داگیرکەر هەر یەک لە گوندەکانی برکەتک، بیرکینۆ، عبدکو-ی گەورە و عبدکو-ی بچووک و کۆپرلکی سەر بە ناوچەی گرێ سپیی تۆپباران کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان

- له شاری ستوتگاردی ئەڵمانیا 3 ساڵ سزای زیندان بەسەر سیاسەتمەداری کورد ساڵح (ک) دا سەپێنرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-01-2020

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 16-01-2020

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 16-01-2020

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 16-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 02-12-2019 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 18

**2020-01-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376038




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری کامیاران کامبیز ئەسەدی مامۆستای سەنتوور و بەڕێوەبەری فێرگەی موسیقای دەنگی چیایان دەسبەسەر کرد.[7]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عیرفان محەممەدی خەڵکی گوندی ئیسیاوا سەر بە شاری سنە و دانیشتووی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو هاووڵاتییە کوردە، پاش دەسبەسەرکرانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا و لە چارەنووسی هیچ زانیارییەک لە بەردەسدا، نییە. ئەو سەرچاوەیە هەورەها ئەوەشی خستەڕوو، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە بێ بەڵگەی یاسایی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر کردووە. ئەو هاووڵاتییە کوردە، پێشتر ئەندامی یەکێک لە حیزبە کوردییەکان بووە و هەر بەو تاوانە بە دوو ساڵ زیندانی مەحکووم کرابوو.[7]

باشووری کوردستان
- ئەو پێشمەرگەیەی یەکێتی کە پاش سێ ڕۆژ لە دەستگیرکردنی بە مردوویی ڕادەستی کەسوکارەکەی کرایەوە بەخاکسپێدرا و بەرپرسێکی ئەو حزبەش دەڵێت: گومانیان هەیە و جەستەی جێگەی ئەشکەنجەی زۆر پێوە دیارە.[2]
- تەرمی ئەو پێشمەرگەیەی لەئاسایشی هەولێر لەڕووداوێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا گەڕێنرایەوە زێدی خۆی و لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەگریانەوە پێشوازی لێکرا. دواتر لەمەراسیمێکی شایستەدا لەشاری هەولێر بەخاک سپێردرا.[5]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان سیمینارێکی بۆ لایەنگرانی ئەنجامدا و لەسەر چەند پرسێکی گرنگ گفتوگۆیان کرد و هەڵوێستی خۆیان دیاری کرد، لە گرنگترین مژارەکان گفتوگۆ بوو لەسەر گەندەڵی لە باشوری کوردستان و هەروەها چونی گەنجان بەرەو دەرەوە و ولاتانی دەرەوە و دوایین گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە ناوچەکە. هەروەها رایانگەیاند کە تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ساڵی 2020 پرۆژەی دەبێت و خۆی نوێ دەکاتەوە.[1]
- شادی نەوزاد، پەرلەمانتاری پێشووی نەوەی نوێ رایدەگەیێنێت، لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەمکی نائەخلاقی دژی ژنی کورد، من داوای یاسایی لە دادگا دژی شاسوار عەبدولواحید تۆمار دەکەم. ئەو دەڵیت، شاسوار عەبدولواحید بەهۆی قەرزەکانی حکومەت لەلای دژی یاسای چاکسازی بوو.[3]
- لە شاری سلێمانی کۆمەڵکوژییەکەی شەنگال شەرمەزار کرا و داوای هەڵوێستیان لە حکومەتی عێراق کرا، بە پێویستیش زانرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان، لایەنە کوردییەکان یەک بگرن.[6]
- لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی بەفرو بارانبارین بۆ ناوچە جیاجیاکانی باشوری کوردستان، لەناوچە بەرزە شاخاویەکانیش ڕێژەیەکی زۆر بەفر باریوە، بەجۆرێک لە چیاکان نزیکەی مەترێک بەفر باریوە، هەروەها لە ناو سەنتەری شارۆچکەی چۆمان و هەرچوار شارەدێکانی (حاجی ئۆمەران و سمێلان و گەڵاڵە و قەسرێ) ڕێژەیەکی زۆر بەفر باریوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 10:20 لەدژی گوندەکانی کەفەر ئانتون و ئەلقاسمیەی ناوچەی شێراوای عەفرین هێرش ئەنجامدرا. دەوڵەتی تورکی داگیرکەر گوندەکانی تۆپباران کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، سێرگی لاڤرۆڤ ڕایگەیاند، دەنگۆی ئەوە هەیە، هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە)، لە بەرامبەر بڕێکدا پارەدا چەکدارە دەستگیراوەکانی داعش ئازاد دەکەن. لە بەرامبەریشدا مەزڵۆم کۆبانێ ڕایگەیاند کە قسەکانی لاڤرۆڤ ورد و ڕاست نین.[4]
- لە نوێژی ئەمڕۆی تاراندا، عەلی خامنەئی، ڕابەری شۆڕشی کۆماری ئیسلامی ئێران وتارێکی خوێندەوە و بە چەکەوە دەرکەوت. خامنەیی یەکەمجارە لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بە و جۆرە لە نوێژی هەینی تاراندا دەربکەوێت و وتار بدات و چەکێکی قەناسی پێ بێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |


شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-01-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-01-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 19
**2020-01-18**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376039




باشووری کوردستان
- ئەمرۆ حزب و لایەنە کوردستانیەکانی شاری کەرکوک لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان لە سەنتەری رۆشنبیری کەرکوک کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بارودۆخەی ئیستای کەرکوک و ئەو نادادپەروەریەی بەرامبەر کوردانی کەرکوک دەکرێت بەتایبەتی پەراوێزخستنی کورد لە دامەزراندنەکانی شارەکە، پاش کۆبوونەوەکە لایەنە کوردستانیەکانی کەرکوک بڕیاریاندا خۆپیشاندانی سەرتاسەری ئەنجام بدەن دژ بەو نادادپەروەریەی بەرامبەر کورد دەکرێت لەلایەن ئیدارەی ئیستای شارەکەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چەکی قورس هێرشیان لەدژی گوندی ئەریدای گرێ سپی ئەنجامدا.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی مەراناز، مالکیە، شێوارخا، کەفەت ئانتون و قاسمیەی ناوچەی شێراوان تۆپباران کرد.[1]
- هاوڵاتییانی ناوچەی تربەسپی-ی سەر بە قامشلۆ بە مەراسیمێکی شایستە جەنازەی شەهید قوسەی ئەلمەیاح ناسراو بە (چەکدار) شەرڤانی هێزەکانی سوریای دیمۆکرات-قەسەدەیان لە گۆڕستانی شەهید دلشێر بەخاک سپارد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سێیەمین کۆنفرانسی ژنانی هەدەپە ئەمرۆ لە ئەنقەرە بە دروشمی 'ئێمە هەوڵی ئازادی دەدەین،

بڕیارمان تێکۆشانە' دەستپێکرد. کۆنفڕانسەکە دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لە هەموو تورکیا 400 ژن بەشداریان لە کۆنفڕانسەکەدا کرد و دوای قسەکردن کۆنفڕانسەکە دوور لە چاوی میدیاکان بەردەوام بوو. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا شیکاری بۆ ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و تورکیا و تێکۆشانی ژنان کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏛 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-18

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 20

**2020-01-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376040



باشووری کوردستان

- سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی هۆکاری گیانلەدەستدانی (مەجید ئیبراهیم) پێکدەهێندرێت.[2]

- لە گرین گەلەری لە شارۆچکەی شارەزووری سەر بە پارێزگای سلێمانی پێشانگایەکی شێوەکاریی بۆ تابلۆکانی 15 شێوەکار کرایەوە. پێشانگاکە لەلایەن بەڕێوبەرایەتیی ڕۆشنبیریی و هونەری شارەزوورەوە کرابووەوە و تیایدا 50 تابلۆ نمایش کرابوو. بەشێکی تابلۆکان گوزارشتیان لە ئازاری دایکان و منداڵانی کورد دەکرد، بەهۆی ئەو هێرش و کۆمەڵکوژییانەی کە داگیرکەران بەسەر کورددا دەیهێنن، تابلۆی محەمەدی ڕۆژئاوای کوردستان-یش نمایش کرابوو، بەشێکی دیکەشیان تابلۆی سروشت و گوڵ و ئاژەڵ بوون.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هاوڵاتییانی ناوچەی حەسەکە تەرمی شەهید ئیسماعیل ئەل-مستۆ (سەخر تل حەمیس) شەرڤانی قەسەدەیان بە مەراسیمێک لە گۆڕستانی شەهید دژوار بەخاک سپارد. لە مەراسیمەکەدا هاوکات ناسنامەی 14 شەهیدی دیکەی قەسەدە کە لە باغۆز شەهید ببوون، ئاشکرا کرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- کوردستانیان و دۆستەکانیان ڕۆژی یەکشەمە لە فڕۆکەخانەی لاندسڤیتەری شاری گۆتەبورگی سوید کۆبوونەوە و چالاکیان ئەنجامدا. چالاکوانان داگیرکەری دەولەتی تورکیان لە باکوور و

ڕۆژهەڵاتی سوریا و ڕۆژئاوا شەرمەزار کرد و داوایان لە گەلی سوید کرد گەشتیاری و کەلوپەلی تورکی بایکۆت بکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-19

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-19

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-19

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 21

**2020-01-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376041




باکووری کوردستان

- چەند ڕۆژێکە شەپۆلێکی بەفربارین باکووری کوردستانی گرتووەتەوە، بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگای زۆربەی شارۆچکە و گوندەکانی پارێزگای بەدلیس گیراوە.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە نزیک قەسری شیرین سەر بە پارێزگای کرماشان، تەقەیان لە ماشینی هاووڵاتییەک کرد و برینداریان کرد. لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، هاووڵاتییەک بە ناوی مەزهەر سەید ڕۆستەمی، خەڵکی گوندی ڕەجەب تاوەگۆزی، سەر بە سەلاسی باوەجانی، بەسەختی بریندار بووە و هەنووکە لە نەخۆشخانەی تاڵەقانیی کرماشان لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە. دەوترێت، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت ماشینی ئەو هاووڵاتییەیان بەبێ ئەوەی شتومەکی قاچاخی پێ بووبێت، داوەتە بەر دەسڕێژیی گوللە. هەروەها هێزە نیزامییەکان، فاتێح میرزایی، خەڵکی گوندی مەیدانی نەمەک سەر بە سەلاسی باوەجانی، کە یەکێکی دیکە لە موسافیرانی ئەو ماشینە بووە، دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە.[7]

باشووری کوردستان

- بیست هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی جوتیارانی کورد لە سنووری شارەدێی سەرگەڕان لەژێر هەڕەشەی عەرەبە هاوردەکانە، جووتیارانی کورد لەو سنوورە کە تاپۆی زەویەکانیان هەیە دەڵێن: عەرەبی هاوردە بە پشتیوانی ئیدارەی کەرکوک هاتوونەتە سەریان و بەنووسراوی ساختە دەیانەوێت زەویەکانیان داگیربکەن، بەڵام ئەوان ڕەتیدەکەنەوە زەوی و ماڵی خۆیان بۆ هیچ کەسێک چۆڵبکەن.[2]

- ئەمڕۆ، هونەرمەند شوان محەمەد عەبدوڵڵا لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکەمین پێشانگای شێوەکاری خۆی بەناوی ئەفسانەی سروشت کردەوە.[3]
- ئێزدییەکان لە سکاڵایەکدا بۆ ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە کەسانێکیان وەک پاسەوان دامەزراندووە، ئەو کەسانە لە ساڵی 2013 تەقەیان لە هاووڵاتیانی مەدەنی کردووە و دوو کەسیان کوشتووە. جیا لەمە کارەکانی کۆمپانیاکە هەزاران کەسی لە شوێنەکانی خۆیان هەڵکەندووە.[1]
- سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، یاسای چاکسازی ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرد.[5]
- لە شاری سلێمانی و لە مەراسیمێکدا پارکی نمونەیی مەولانا کرایەوە کە پارکێکی گەورەیە بە روبەری 132 هەزار مەتر دوجا و لەلایەن گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجەوە دروست کراوە.[3]
- سێ پەرلەمانتاری فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی وازهێنانی خۆیان لە جوڵانەوەکە ڕاگەیاند و لە فراکسیۆنەکەش جیابوونەوە و هاوکات، پەرلەمانتارێکیان دەڵێت: لەمەودوا بەیەکەوە کاردەکەین و چیتر پەیوەندیمان بە نەوەی نوێ- وە نەماوە.[6]
- لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر بۆ یەکەمجار و بە بەشداری حەوت وڵات و 17 براندی بەنێوبانگی جیهانی، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی داهێنەرانی جوانی بەڕێوەچوو. لە فیستیڤاڵەکەدا کۆمەڵێک لە ئاریشتگەی خانمان و پیاوان لە کوردستان و شارەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق کارەکانی خۆیان نمایشکرد.[1]
- بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێگەوبانی هەولێر، ئەمساڵ لە حاجی ئۆمەران مەترێک و پێنج سانتیمەتر بەفر باریوە و ئاستەنگی بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبێل دروستکردووە. ئە و ئۆتۆمبێلانەی بێ ز نجیرن توانای ڕۆشتنیان نییە و ئەوانی دیکەش پەکدەخەن.[1]
- تەنها لە72 سەعاتدا لەسەنتەری شارۆچکەی زاخۆ 6 کەس لە سێ ڕووداوی جیادا بەدەستڕێژی گوللە دەکوژرێن، وتەبێژی پۆلیسیش دەڵێت: بکوژەکانیان بۆ دەستگیرنەکراوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گوندەکانی مەرەناز، مالکیە، شەوارخ، قەڵای شەوارخ و عەلقەمیە سەربە ناوچەی شەرای عەفرین، لەلایەن سوپای تورکەوە تۆپباران دەکرێن.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو تەقینەوە لە عەفرین ڕوویانداوە. یەکێک لە تەقینەوەکان لە یاریگەی عەفرین و ئەوی دیکەشیان لەنزیک قوتابخانەی سەیفولدەولە لە ڕێگەی ڕاجۆ ڕوویدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- خۆپیشاندانەکانی ئێراقی عەرەبی ئاڵۆزیی گەورەی لێکەوتەوە و کوژراو و بریندارى زۆر هەن. لە زۆرێک لە پارێزگاکان ڕێگاکان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە گیراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ قەسری شیرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 20-01-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 20-01-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 20-01-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 20-01-2020
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 20-01-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 22-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 22

**2020-01-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376042




باکووری کوردستان
- بەهۆی کاریگەریی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی ماوەی چەند ڕۆژێکە دەستیپێکردووە، لە نۆ پارێزگای باکووری کوردستان بەفر ڕێگەی یەک هەزار و 379 گوند و شوێنی نیشتەجێبوونی داخستووە. لە پارێزگای دێرسیم 184، لە چەولیگ 100، لە سێواز 483، لە خارپێت 73، لە سەمسوور 119، لە وان 72، لە جۆلەمێرگ 87، لە بەدلیس 166 و لە مووش 95 گوند و ناوچەی نیشتەجێبوون ڕێگەکانی هاتووچۆیان بەهۆی بەفرەوە داخراون. بەفربارین لە هەندێک ناوچەی باکووری کوردستان بەم شێوەیە؛ لە جۆلەمێرگ زیاتر لە 30 سانتیمەتر بەفر باریوە، لە دێرسیم 21 سانتیمەتر، لە ئاگری 15 سانتیمەتر، لە قارس 18 سانتیمەتر و لە وان 20 سانتیمەتر بەفر باریوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەسیجی خوێندکاریی زانکۆی ئیلام، پێشیان بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی ئەدەبی و فارسی بە ناوی ڕێبەندان خوەشە گرت. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پێشگرتن لە بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە لە زانکۆی ئیلام لە کاتێکدایە کە سەرنووسەری ئەو گۆڤارە، مۆڵەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە زانکۆ وەرگرتبوو.[6]
باشووری کوردستان
- لە ڕوداوێکی تەمومژاویدا پاسەوانێکی بەرپرسی لقی دووزخورماتوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێو حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. ئە و پێشمەگەیە ناوی سالار سابیرە و پاسەوانی ئەرسەلان عەلی بەرپرسی ناوچەی دووز خورماتووی پارتی دیموکراتی کوردستانە.[1]
- لە ماڵێکی سنووری شاری هەولێر-دا سێ تەرم دۆزرانەوە و ڕەوانەی پزیشکی دادوەریی کران.[2]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ئاشکرایکرد: نزیکەی 15 تا 20 کەس تووشی ئەنفلۆنزای بەراز بوون، بەڵام لەژێر چاودێری پزیشکیدان.[1]
- ئاگر لە بازاڕی کوتاڵ فرۆشانی شاری دهۆک کەوتەوە، زیانێکی زۆریی ماددی لێکەوتەوە.[2]
- ئەمڕۆ، سەرجەم پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەی گشتی چۆمان بەهۆی درەنگ چوونیان

بۆ دەوام لەلایەن قایمقامیەتی قەزاکەوە سزادران و ئە و ڕۆژەیان بۆ کرا بە غیاب.[1]
- دەرچوانی بەشێک لە زانکۆکانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەبەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە و داوا دەکەن هاوشێوەی زانکۆکانیتر ماف و ئیمتیازاتیان پێبدرێت.[1]
- هەڵمەتی دادپەروەری گردبوونەوەیەکیان لەبەردەم بینای سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامدا و داوایانکرد یاسایی چاکسازی واژۆ نەکات و ڕەتیبکاتەوە.[2]
- لە هەولێر ئەفسەرێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە کە یەکێتیە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە 30 فیشەکی پێوەنراوە و شایەتحاڵێکی ڕوداوەکەش ئاماژە بەوەدەکات کە ئەفسەرەکە بەسەختی بیندار بووە. ئە و ئەفسەرەی یەکێتی کە بریندار کراوە موقەدەم سەلام ڕەزا یە کە بە سەلام مەنتک ناسراوە و کارمەندی وەزارەتی پێشمەرگەیە، لە هەولێر و لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە تەقەی لێکراوە و بەسەختی بریندار کراوە.[1]
- بەهۆی ئەوەی حکومەتی عێراق گرێبەستی گەڕان و پشکنینی بیرە نەوتی نوێی بۆ کۆمپانیای بی پیی بەریتانی نەکرد، کۆمپانیا بەریتانییەکە لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک کشایەوە.[3]
- لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان کە لە هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ پێکهاتبوون، ئەمڕۆ بە سەرۆکایەتی عوسمان سێدەری و بەیاوەری ئەندامانی لیژنەکە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا و گفتوگۆیان لەسەر کەیسی مەجید برایم هەرووتی کرد.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بە چەکی قورس هێرش دەکەنە سەر گوندی خربت بەگەری سەر بە گرێ سپی.[5]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی، گوندەکانی شەرا و شەهبا تۆپباران دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئیزمیر لە ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا 12 ئەندامی هەدەپە دەستگیرکران.[5]
- کۆڕبەندی جیهانی داڤۆس بە ئامادەبوونی زیاتر لە سێ هەزار کەس لە سویسرا دەستیپێکرد و نێچیرڤان بارزانیش بەشدارە لەو کۆڕبەندەدا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەمسوور

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موش

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 21-01-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 21-01-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 21-01-2020
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-01-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 21-01-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-01-2020


کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 23

**2020-01-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376043




باکووری کوردستان
- بەفرێکی زۆر لە وان و جۆلەمێرگ باری و کاریگەریەکی خراپی لەسەر هاوڵاتیان دروست کرد. بە هۆی بارینی بەفرێکی زۆر ریگای 85 گوندی ناوچەی مکس، 55 گوندی ناوچەی ئەلباک، 125 گوندی شاخێ، 5 گوندی وەستان، 145 گوندی پاییزاڤا، 15 گوندی قەلقەلی، 25 گوندی سارای، 35 گوندی ناوچەکانی ئارتەمێنتم ئەبەخ، بێگر و ئەردیش و بە گشتی ریگای 490 گوند داخران. لە وان نزیکەی 50 سانتیمەتر بەفر باریوە. لە هەندێک ناچەی جۆلەمێرگیش مەتر و نیوێک بەفر باریوە.[1]
- هەردوو رێکخراوی مافی مرۆڤ، کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهادە - ÎHD) و وەقفی مافی مرۆڤی تورکیا (تیهەڤ - TIHV) لەبارەی ئەو ئەشکەنجەیەی کە بەرامبەر 8 هاوڵاتی گوندنشین لە مێردین کرابوو رایانگەیاند، لە بنکەی جەندرمەی مێردین ئەشکەنجە و سوکایەتی بە گوندنشینان کراوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- رۆژنامەی هەمشەهریی ئێران لە راپۆرتێکدا کە بەشێوەی مەیدانی ئامادەکراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە لە پارێزگاکانی سنە، ورمێ و کرماشان ژمارەی ئەو ژن و مێرمنداڵانەی کۆڵبەری دەکەن، بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.[3]
- هێزە ئەمنییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی "فەردین موڕادی"، چالاکوانی مەدەنی کوردی خەڵکی سنە و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- بەشی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بڵاویکردەوە، لە دوو رۆژی رابردوودا وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گرێبەستی سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەستی بۆ ساڵی 2020 نوێکردووەتەوە.[3]
- شەپۆلێکی بەفرین بارین ناوچەی شارباژێر بە تایبەتی سنووری چوارتای لە دەڤەری پارێزگای سلێمانی گرتۆتەوە.[4]

- لەلایەن ڕێکخراوی شەماڵی کوردستان بۆ پاراستنی ژینگە لەژێر دروشمی (باڵندەکان هاوسەنگی ژینگە رادەگرن) هەڵمەتی پێدانی دانەوێڵە و خۆراک بۆ باڵندەکان لە چیای ئەزمەڕ لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[4]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل رایگەیاند: باندێکی ماددەی هۆشبەر بە 30 کیلۆ هیرۆینەوە لەلایەن ئاسایشی دەروازەکەوە دەستگیرکرا و لەم هەفتەیەشدا ئەمە دووەم باندە دەستگیربکرێن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتییان عەفرین کە بە هۆی هێرشە داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانییەوە، بە ناچاری ئاوارەی شێراوا و شەهبا بوون، داگیرکەریی دەوڵەتی تورکیان بۆ سەر باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە تایبەت بۆ سەر عەفرینیان بە رێپێوانێک رسواو شەرمەزار کرد.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی، گوندەکانی خربەت بەگەر و ئەریدای سەر بە گرێ سپی تۆپباران دەکەن، لە شارۆچکەی سلوکیش، نارەزایی دژی داگیرکەران بەردەوامە.[5]
- لە نزیک گوندی ئەلمالیکییە لە حەسەکە، هێزەکانی ئەمەریکا رێیان لە کاروانێکی هێزەکانی رووسیا کە بە نیاز بوون بچنە خاڵی سنووری سێمێلکا لە سنووری نێوان باشوور و رۆژئاوای کوردستان. دوای ئەوە کاروانە رووسییەکە چوونەوە بنکەی ئاسمانیی قامشلی.[6]
دەرەوەی کوردستان
- میلیشیاکانی حیزبوڵای عێراقی لەڕێگەی یەکێک لەپەیجەکانیەوە لەتویتەر هەڕەشە لە بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عێراق دەکات گەر لەکۆربەندی ئابووری داڤۆس لە سویسرا چاوی بە دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا بکەوێت لەشاری بەغدا دەری دەکەن.[2]
- لە پەراوێزی بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ئابووری داڤۆسی سویسرا، هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا کۆبوونەوە. پرسی پەیوەندیدار بەناوچەکە و دۆخی عێراق و ئاڵۆزییەکانی نەبوونی سەرۆک وەزیران و پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و دۆخی ئێران و سوریا بەشێک بوون لەو تەوەرانەی هەردوولا پێکەوە باسیان کردووە. میدیای ئەمریکی رووماڵی فراوانی کۆبوونەوەکەی کردووە و برەویان پێداوە، هاوکات بەپێی چەند زانیارییەکی پشتڕاست نەکراوە، ئەمریکا بەلایەوە گرنگ بووە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بزانێت لەسەر پرسی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق.[2]
- ئەمینداری گشتیی عەسائیبی ئەهلی حەق بانگهێشتی جەماوەریی دەکات بۆ خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە عێراق لە دژی ئەمریکا و بە شۆڕش ناوی دەبات. [3]
- برێت مەکگۆرگ نوێنەری تایبەتی پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا لە شەڕی دژی داعش لە تویتێکدا رەخنەی لە ترامپ گرتووە و نووسیویەتی: جێگەی داخە کە ترامپ لە پەراوێزی داڤۆس چاوی بە برهەم ساڵح و بەڕێوبەری کورستانی عێراق کەوت و ئەوەی هێنایە زمان کە ئێمە نەوتمان بەدەستهێنا. مەکگۆرگ هەروەها رەخنەیەکی دیکەشی لە ترامپ کردووە لەسەر ئەو قسانەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی کردوویەتی، کە پەیوەندیی بە باشوری کوردستانەوە نەبووە و نووسیویەتی: وادیارە جیاوازیی نێوان باکوری سوریا و کوردستانی عێراق نازانێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ حەسەکە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ قامیشلۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ جوڵەمێرگ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ وان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-01-2020
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 22-01-2020
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-01-2020
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-01-2020
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 22-01-2020
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 23-01-2020

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 24

**2020-01-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376044



باکووری کوردستان
- پارێزگاریی وان 15 ڕۆژی تر بڕیاری قەدەغەی خۆپیشاندان، ڕێپێوان، کۆبوونەوە، کۆنفرانسی ڕۆژنامەنووسی و چالاکی دانیشتنی درێژ کردەوە کە لە 21ی تشرینی دووەمی 2016ەوە بەردەوامە.[1]
باشووری کوردستان
- دەزگای لوتکە بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەران رایدەگەیەنێت شەوی هەینی تەرمی پێنج پەنابەرە خنکاوەکەی یۆنان دەگەنەوە هەرێمی کوردستان.[2]
- شەوی رابردوو، گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لەدژی پیلانگێڕیی نێونەتەوەیی و گۆشەگیری سەر ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شاری سلێمانی چالاکییەکیان بەڕێوە برد و وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بڵاوکردەوە.[1]
- دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان لە شاری کەرکوک خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و پەروەردەی کەرکوکیان هێلکەباران کرد و گرژی لێکەوتەوە.[2]
- کوێستان محەمەد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، لە میانی بەشداریکردنی لە نووڕۆژی دۆستانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەبارەی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان و هەوڵەکانی وەزارەتی کار لەو پێناوەدا و باشترکردنی دۆخی کرێکارانی کوردستان و ڕێکخستنەوەی هێنانی کرێکاری بیانی بۆ کوردستان ڕایگەیاند: زیاتر لە 90 هەزار کەس لەلای وەزاەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە

رووپێوێکدا وەکو بێکار تۆمارکراون، ڕەنگە ڕێژەکە لەوە زیاتر بێت، بەڵام تۆمار نەکراوە.[3]
- فەرماندەی ناوەندی مەشقی هێزەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەڵێت، هیچ شوێنێک وەک هەرێمی کوردستان کەشی لەباری بۆ ڕاهێنەرانی هاوپەیمانێتییەکە نەڕەخساندووە تا کاری خۆیان ئەنجامبدەن. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی ناوەندی هەولێریش بۆ مەشق و هەماهەنگی کۆلۆنێل جۆسێپی لیڤاتۆ ڕایگەیاند؛ سەرجەم مەشقەکان بۆ هێزی پێشمەرگە دەستیانپێکردووەتەوە و هێزەکانیشیان تا کاتێکی نادیار لە کوردستان دەمێننەوە. وەزارەتی پێشمەرگەش ڕەتیدەکاتەوە بە هەرجۆرێک ڕازیبێت بە بریارێک بۆ کشاندنەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق.[4]
- بەهۆی بەفربارین و کڕێوە و خێرایی ئاستی باوە ڕێگەی نێوان تەمەرچیان و پیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخرا و هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران پەکیکەوتووە.[3]
- یەکێتی نوسەرانی کور لقی سلێمانی بەهاوبەشی کۆمەڵەی زامی کوردستان ئێوارە کۆڕێکی بۆ نوسەرو لێکۆڵەر ئەیوب ڕۆستەم سازکرد. کۆڕەکە بەناونیشانی زمانی تێکستە ئەدەبیەکانی کورد بوو.[5]
- بەئامادەبونی سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەرین و ژمارەیەکی بەرچاو لە ژینگە دۆستانی سنورەکە لەرێورەسمێکی تایبەتدا لەناو باخی گشتی شاری ڕانیە پەردە لادرا لەسەر پەیکەری ژینگە دۆستی.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی تەل مەدیقی شەهبایان تۆپباران کرد.[1]
- ناکۆکییەکانی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و رووسیا لە باکووری سووریا بەردەوامە و جارێکی دیکە گرژیی کەوتە نێوانیان. بەگوێرەی هەواڵێکی ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ، هێزەکانی ئەمەریکا لە ڕێگای خێرای ئێم فۆر جێگیر کراون، تاوەکوو ڕێگا لە جوڵەی هێزەکانی رووسیا لە نێوان گوندێکی عامودا و حەسەکە بگرن.[4]
- ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای تورکی داگیرکەر و هێزەکانی رووس لە کۆبانی دەوریەیان ئەنجامدا، دانیشتووانی هەرێمەکەش نارەزاییان دەربڕی، داگیرکەران بە بۆمبی گازی هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان.[1]
- لە عەفرین 10 کەسی مەدەنی لە لایەن داگیرکەرانەوە ڕفێندران کە تەمەنیان لە نێوان 25 بۆ 40 ساڵدایە و ناوەکانیان بەمشێوەیەیە: ڕێزان عە لی، سەید خەلیل، عە لی حەنان، عە لی خەلیل، ڕوکەن حەیدەر، ئەحمەد عە بدۆ، ساڵح عەبدولڕەحمان، سەلاح مەمۆ، ئە حمەد عەمۆ و ئە حمەد بۆزان.[6]
دەرەوەی کوردستان
- لەهێرشێکی چەکداری بۆ سەر سوپای سوریا، زیاتر لە 120 سەرباز کوژران و برینداربوون. وەزارەتی بەرگری روسیا لەبەیاننامەیەکدا، ئاشکرایکردوە: لەهێرشێکی گروپە چەکدارەکان لە ئیدلب بۆ سەر سوپای سوریا، 40 سەرباز کوژراون. رونیشکردوەتەوە: هەر لەو هێرشەدا 80 سەربازی تر برینداربوون.[5]
- ئەنجومەنی شورای حەشدی شەعبی لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا، ئەبو عەلی بەسری، وەک سەرۆکی ئەرکانی حەشدی شەعبی هەڵبژارد، بۆ جێگرەوەی ئەبو مەهدی موهەندیس.[2]
- داواکاری گشتی کۆمار لە ئەنقەرە لە دژی گونای کوبیلای وتەبێژی هەدەپە بە پێی بەندی 301 لێپرسینەوەی دەست پێکرد. هێزەکانی پۆلیس ئاگادارکردنەوەیان ڕادەستی ناوەندی گشتی هەدەپە کرد و ڕایانگەیاندووە، لیپرسینەوە دەستی پێکردووە. لەم چوارچێوەیەدا بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، کوبیلای بە مەبەستی وەرگرتنی وتە، سەردانی دادگا بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامودا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-23
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-23
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-23
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-23
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-23
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-24

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 25

**2020-01-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376045




باشووری کوردستان

- بەفر زۆرێک لە ناوچەکانی باشووری کوردستانی تەنیوە و بووەتە ئاستەنگ لە هاتووچۆکردنی نێوان زۆرێک لە شارۆچکەکان.[1]

- تەرمی 5 کۆچبەری کورد کە بەر لە ماوەیەک بەهۆی نقومبوونی یەخت کەیان لە ئاوەکانی نێوان یۆنان و ئیتاڵیا خنکان، ئەمشەو گەیەندرانەوە هەرێمی کوردستان.[1]

- بەهۆی ئەو شەپۆلە بەفر بارینەی دەڤەری سۆرانی گرتۆتەوە، ڕێگای شارۆچکەکانی سۆران، مێرگەسۆر، چۆمان و رواندز و زیاتر لە 250 گوندی ئەو شارۆچکانە گیراوە و تا ئێستاش بەفر بارین بەردەوامە. لە شارۆچکەی مێرگەسۆر زیاتر لە 55 سم بەفر باریوە، زۆربەی ڕێگاوبانەکان گیراون، تیمەکانی بەفر ڕاماڵین خەریکی خاوێنکردنەوەی ڕێگاوبانەکانن، بەڵام بەهۆی بەفر بارینی بەردەوام تا ئێستا ڕێگاوبانەکان خاوێن نەکراونەتەوە، ڕێگاوبانەکان گیراون و هاووڵاتیان ناتوانن وەکو پێویست هاتووچۆ بکەن. لە سنووری سیدەکان بەتایبەتی سەری بەرد زیاتر لە 30 سم بەفر باریوە، لە زێی وەرتێ نزیکەی 60 سم بەفر باریوە، لە حاجی ئۆمەرانیش زیاتر لە نیو مەتر بەفر باریوە و ڕێگاوبانەکان بەتەواوەتی داخراون، بەتایبەتی جموجۆڵی گەشتیاری و بازرگانی لە دەروازەی حاجی ئۆمەران پەکی کەوتووە. تا ئەمڕۆش لەو ناوچانە بەفر بارین بەردەوامە، بە گوێرەی پێشبینییەکانی کەشناسی تا بەیانی بەفر دەبارێت.[3]

- خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەدژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، وێنەی ئۆجالانیان لە هەموو بەشەکانی زانکۆی سلێمانی هەڵواسی.[4]

- لە بەرامبەر پشتگوێخستنی شارەکەیان و کەمبوونەوەی بڕی کارەبای نشتیمانی و خراپی ڕێگاوبانەکان و دابەشنەکردنی نەوتی سپی، دانیشتووانی شارۆچکەی سەید سادق دەست بەخۆپیشاندان دەکەن و هۆشداری دەدەنە حکومەت.[5]

- کۆنسێرتی گۆرانی و میوزیکی منداڵان لە ژێر ناونیشانی منداڵان ئایندەی گەشی کۆمەڵن لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[2]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، سزاکانی سەر ئێرانی فراوانتر کرد و دوو کەس و شەش کۆمپانیای دیکەی پەیوەست بە کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێرانی سزا دا.[2]

- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەجیا لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گۆتێرێز، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کیریاکۆس میتسۆتاکیس، سەرۆک وەزیرانی یۆنان کۆبووەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان
- شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-24
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زاری کرمانجی - 2020-01-24
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-24
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-24
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-24

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 26

**2020-01-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376046




باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو بوومەلەرزەیەک لە خارپێت و دەوروبەری بە گوڕی 6.8 ڕوویدا و زۆرتر لە 20 کوژراو و 1000 بریندارى لێکەوتەوە. بوومەلەرزەکە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستانیش هەستی پێکرا.[1]
- لە مەلاتێش 5 کەس بەهۆی بوومەلەرزەکەوە گیانی لەدەستدا.[1]
- بەهۆی بوومەلەرزەکەوە زیانێکی مادیی زۆر بەر خارپێت و مەلاتێ کەوت.[1]
- حکومەتی تورکیا بەبۆنەی بوومەلەرزەکەی دوێنێ شەو بۆ ماوەی سێ مانگ باری کارەساتباری لە پارێزگاکانی خارپێت و مەڵەتی ڕاگەیاند.[3]
- بەپێی ناوەندەکانی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی، لە دوێنێ شەوەوە سەدان بوومەلەرزە لە باکووری کوردستان ڕوویانداوە.[1]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی دەروازەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران ڕاگەیاند، بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ماوەی سێ ڕۆژە هاتووچۆ لە دەروازەی حاجی ئۆمەران وەستاوە.[3]
- وەزارەتی پەروەردە بڵاویکردەوە، بەهۆکاری دابەزینی پلەکانی گەرما و بارینی بەفر، بەڕێوبەرایەتییە گشتیەکانی پەروەردە لەپارێزگاکان، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە یەک ڕۆژ لەو ناوەندەی خوێندن بکەن بە پشوو ئەگەر کەش و هەوا ئاستەنگی بۆ هاتوچۆی مامۆستایان و قوتابیان دروستکرد.[4]
- ماددەی هۆشبەر ئافاتی سەردەم ناونیشانی کۆنفرانسێکی ڕووبەڕوبونەوەی ماددەی هۆشبەر بوو لە شاری سلێمانی کە تیایدا مەترسییەکانی بەکارهێنان و بازرگانیکردن پێوەی خرانەڕوو. لە کۆنفرانسەکەدا کە ژمارەیەک کەسایەتی و بەرپرس و نوێنەری لایەنەکان بەشداربوون تێیدا، چەند پانێلێکی جیاوازی تێدا پێشکەشکراو بڕیاریشدرا لەمەولا چالاکییەکان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ماددەی هۆشبەر زیاد بکرێن کە ئێستا بووەتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر کۆمەڵگا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر تەل تەمر. شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی سوریان بەرپەرچی هێرشەکەیان دایەوە. لە هێرشەکەدا 14 سەرباز و چەتەی تورک کوژران.[2]
- بۆ ئیدانەکردنی هێرش و داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا، هاوڵاتیانی شاری کۆبانێ لە مەیدانی ژنی ئازاد بە بەشداربوونی چەندین پارتی سیاسی، ڕێکخراوی مەدەنی خۆپیشاندانێکیان بەڕێوەبرد. لە خۆپیشاندانەکەدا پانکارتی نوسراوبەڕێز ترەمپ مەبە هاوکاری ئەردۆغان لە قڕکردنی کوردان و دەوڵەتی تورک بە چەکی قەدەغەکراو لەبەرچاوی جیهان هاوڵاتی مەدەنی کۆمەڵکوژ دەکات بەرزکرابوونەوە.[2]

دەرەوەی کوردستان
کۆنگرەی ژنانی گەنجی ئەوروپا بە بەشداربوونی ژنانی گەنج لە شارەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا، سویسرا و چەندین شاری دیکەی ئەوروپا لە شاری دارمستاد لە ئەڵمانیا دەستپێکرد. کۆنگرەکە بە دروشمی خۆت هەڵنەخەڵەتێنە! تێکۆشانی ئازادی لە ڕێگای تۆوە تێدەپەڕێت بەڕێوەدەچێت، لە هۆڵەکەدا وێنەی ژنانی شەهیدی تێکۆشانی ئازادی هەڵواسراوە.[5]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئاماری 3 مانگی ڕابردووی خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکانی عێراق ئاشکراکرد و ڕایگەیاند، 669کەس کوژراون و 25 هەزار کەسیش بریندارببوونە، هاوکات هێزە ئەمنییەکانیش لە هەوڵدانە بۆ چۆڵکردنی تەحریر لە خۆپیشاندەران.[2]
- ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ئەمڕۆ بڵاویکردەوە: ئەمریکا لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەرقاڵی گفتوگۆکردنە بۆ کردنەوەی چەند بنکەیەکی سەربازی و بڵاوکردنەوەی 2000 سەربازی خۆی لە چەند ناوچەیەکی هەرێم.[6]
- وڵاتپارێزی کورد خەڵکی ناوچەی وێرانشاری ڕوحا مەتین تۆپچوو لە شاری هەممۆری ویلایەتی ساکسۆنیای سەرووی ئەڵمانیا، ئەمڕۆ ئێوارە بە هۆی جەڵتەی دڵ کۆچی داوای کرد. تۆپچووی 50 ساڵە خاوەنی 8 منداڵ بوو. لە ئەوروپا بەشداری لە هەموو چالاکیەکاندا دەکرد. بە هۆی نزیکایەتیەکی لە تێکۆشانی ئازادی کوردستان زۆر جار هەڵیاندەکوتایە سەرماڵەکەی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەلاتێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 27
**2020-01-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376047



باکووری کوردستان
- دوای 24 کاژێر لە ڕوودانی بوومەلەرزە، تیمەکانی فریاگوزاری منداڵێکی تەمەن 2 ساڵیان لەژێر داروپەردووی باڵەخانەیەکی ڕووخاو لە شاری خارپێت دەرهێنا.[2]
- دەزگای ئافادی دەوڵەتی تورک ڕایگەیاند، تا ئێستا تەرمی 31 کەس لە ژێر داروپەردووی باڵەخانەکاندا دەرهێنراون. هەروەها وتی، بە هۆی بوومەلەرزەکەوە هەزار و 556 کەس بریندارببوون. بە پێی ئامارەکان 72 باڵەخانە ڕووخاون و زیان بەر 624 باڵەخانەی تریش کەوتووە.[1]
- هەندێک سەرچاوەی لۆکاڵی باس لە گیانلەدەستدانی 35 کەس دەکەن بەهۆی بوومەلەرزەکەی دوێنێوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەسعەد پیری، خەڵکی پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە بەرەزاییەکانی قەندیل لە سنووری پیرانشار بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە تەقەی لێکراوە و بریندار بووە.[6]
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەلی هادیزادە تەمەن 22 ساڵ و کوڕی بەشار هەروەها حوسێن هادیزادە تەمەن 29 ساڵ کوڕی جەمیل، لە لایەن هێزەکانی ئەرتەشی تورکییەوە، تەقەیان لێکراوە و بە سەختی پێکراون. ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، خەڵکی گوندی گیوەرانی ناوچەی قوتووری خۆی بوون. حوسێن لەو ڕووداوەدا، سەری بەر گوللەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکییە کەوتووە و عەلی دوو گوللەی بەر پشتی کەوتووە. ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، هەنووکە لە نەخۆشخانەی شاری وان دان و باری تەندروستیان نالەبار ڕاگەیاندراوە.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00، فڕۆکەیەکی سیخوڕیی بۆمب هەڵگر بە نزمیی بە ئاسمانی گوندەکانی دەڤەری باڵەکایەتیی سەر بە پارێزگای هەولێردا سوڕایەوە.[4]
- پاش 3 ڕۆژ لە داخستنی، دەروازەی حاجی ئۆمەران کرایەوە.[5]
- ئەمڕۆ فڕۆکەجەنگییەکانی تورک چەند جارێک گوندەکانی دەورووبەری شارەدێی دینارتەی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێیان لە سنوری پارێزگای دهۆک بۆردوومانکرد. بەپێی زانیارییەکان بۆردومانەکان گوندەکانی جەم شرتێ، سرانێ و بابولێ-یان لە سنووری شارەدێی دینارتە بۆردومان کردووە، بەپێی زانیارییە هەرێمییەکان فڕۆکە جەنگییەکان شەش جار لەسەر یەک بۆردومانیان کردووە.[4]
- لە هەولێر، بەردی بناخەی پرۆژەی زانیاری (تاوەری E1) کە بەرزترین تاوەرە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق دانرا.[2]
- ئەمڕۆ بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان 24، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە شاعیر و نووسەری کورد، حەمە سەعید حەسەن لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمەکە بە بەشداری ژمارەیەک بەرپرسی ئیداری، سیاسی، نووسەر و شاعیری کورد بەڕێوەچوو و چەندین وتار لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشکەشکران. هەروەها چەندین دیاری و خەڵات لەلایەن نوێنەرانی دامودەزگا و دامەزراوە جیاوازەکانەوە پێشکەش بە نووسەری ناوبراو کران.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە ڕۆژئاوای گرێ سپی، بە دووری کیلۆمەترێک لە دووری سنوورەوە، لەنێوان گوندەکانی کەنداڵ و جەلەبێ دەستی بە دروستکردنی دیوار کرد. هەروەها لە هەردوو لای دیوارەکەی تاشە کۆنکرێتی گەورە دادەنێت.[1]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کاروانێکی دیکەی سەربازی کە لە 100 بارهەڵگر پێکهاتووە و کەلوپەلی لۆجستی و سەربازی لەخۆ دەگرێت ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەستی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد، کە کاروانەکە لە پارێزگای حەسەکە و دێرزوور جێگیر دەکرێن.[3]
- ڕوانگەی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە، تورکیا 70 بنەماڵەی چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی لە سەرێکانی جێگیرکردوون و ڕێگەی پێداون دەست بەسەر زەوییە کشتووکاڵییەکان

و خانووی هاووڵاتییانی کورد دا بگرن. ئاشکراشیکردووە، چەکدارانی سەر فیرقەی حەمزاتی سەر بە تورکیا، 24 کاتژمێریان داوە بە هاووڵاتیانی ناوچەکە کە شوێنەکانیان چۆڵ بکەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا بە دوو وشە وەڵامی پێشنیازی ئێران بۆ دانوستان لەگەڵ واشنتن دەداتەوە و دەڵێت، سوپاس نامانەوێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-26
[5] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 28

**2020-01-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376048




باکووری کوردستان
- دوای بوومەلەرزەکەی خارپێت کە بە پلەی 6، 8 روویدا، لە گەرەکی سورسورو پرۆسەی گەڕان بەردەوامە. تیمەکانی فریاکەوتن خۆیانگەیاندە یەکێک لەو 3 کەسانەی کە لەژێر داروبەردی باڵەخانەیەکدا ماون. لەگەڵ هەوڵی تیمەکانی تەندروستی بەڵام ئەو کەسەی رزگارکرا، گیانی لەدەستدا. بە پێی ئاماری فەرمی تا ئێستا تەرمی 39 کەس دۆزراوەتەوە. بەڵام دوێنێ شەو ژمارەیەک ئاژانسی هەواڵ ڕایانگەیاند کاتژمێر 2:34 تەرمی 4 کەس لە باڵەخانەی دیلەک دەرهێنراون.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەشەمین دادگاییکردنی ئەسکەندەر لوتفی، مامۆستا و ئەندامی کانوونی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان/ مەریوان، لە لقی 104ی دادگای جەزایی سنە بەڕێوە چوو. لەو دادگاییکردنەدا، دەیان کەس لە مامۆستایانی مەریوان و سنە بەشدار بوون. زیاتر لە 50 کەس لە مامۆستایانی مەریوان کە بۆ پشتیوانی لە ناوبراو و چالاکانی سێنفیی دیکە، خۆیان گەیاندبووە سنە، پاش کۆبوونەوە لە حەوشەی دادگا، لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی سنەیی چوونە نێو سالۆنی دادگا لە لقی 104ی دادگای جەزایی سنە. لەسەر بڕیاری دادوەر، لەو کۆبوونەوەیەدا تەنیا ئیزنی سێ مامۆستا درا کە بەشدار ببن و مامۆستایانی دیکە هەتا کۆتایی دادگاییکردنی ئەو مامۆستا کوردە، لە داڵانی دادگاکە چاوەڕوانییان دەکرد. دۆسیەی ئەو ئەندامەی شۆرای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی فەرهەنگییانی ئێران، لە مانگی خەرمانانی ئەمساڵ، لەسەر سکاڵای ئیتلاعاتی سپای پاسداران، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی، هاوکات لە لقی یەکی دادگای ئینقلاب و لقی 104ی جەزایی سنە، تاوتوێ کرا.[5]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک رۆژنامەنوس لە کەرکوکەوە رۆیشتوون بۆ روماڵی خوپیشاندانی جوتیارانی گوندی خەرابەی سەر بە شارۆچکەی دوبز لە خۆرئاوای کەرکوک، بەڵام لە بازگەی دوبز لەلایەن پۆلیسی ئیتیحادییەوە دەستبەسەرکراون. لەنێو رۆژنامەنوسە دەستبەسەرکراوەکاندا دیار تاڵب پەیامنێری دوارۆژی تیادایە.[1]
- وەزارەتی رۆشنبیری وەرزش و لاوان بەهاوکاری بەرێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی، هەستان بەکردنەوەی پێشانگایەکی پۆستەری سیاسی تایبەت بە رۆژئاوا و بەناوی رەنگەکانی رۆژئاوا و لە پێشانگاکەدا 19 هونەرمەند بەشداری دەکەن. پێشانگاکە سێ رۆژ بەردەوام دەبێت و نزیکەی 25 تابلۆ نمایشدەکرێت.[2]
- دانیشتوانی شارۆچکەی سەیدسادق-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەناو بازاڕی شارۆچکەکەوە بۆ بەردەم بینای قائیمقامیەتی شارۆچکەکە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و بەردەوامی هەیە. خۆپیشاندانەکە دژی کەمیی خزمەتگوزاریی و دابەشنەکردنی نەوتە لە شارۆچکەکە.[3]
- شەوی رابردوو بەهۆی شۆرتی کارەباوە ئاگر لە قەیسەری هانا لەناو بازاڕی هەڵەبجە کەوتەوە، بەهۆیەوە 10 دوکان و چەند کۆگایەک بەتەواوەتی سوتاون، بەپێی وتەی دوکاندارەکانیش زیانەکانیان زیاتر لە 200 هەزار دۆلار بووە.[3]
- درەنگانێکی شەوی رابوردوو لەلایەن ماتۆڕسوارێکەوە تەقە لە ماڵی بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە کرا، ئە و بەرپرسە ئاماژە بەوەدەکات لەگەڵ ئەوەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئیدارییم لەگەڵ کەس نییە، بەڵام ساکاڵام تۆمار کردووە، وتە بێژی پۆلیس دەڵێت لێکۆڵینەوەمان دەستپێکردووە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتییانی عەفرین و شەهبا تەرمی هەر یەک لە ئێریش عەفرین شەهیدی یەپەگە و دڵشێر عەفرین شەهیدی هێزەکانی رزگاری عەفرینیان بە مەراسیمێکی شکۆدار لە گۆڕستانی شەهیدانی سەردەم لە ئەهرێز-ی شەهبا بەخاک سپارد.[4]
- بەبۆنەی 5مین ساڵیادی رزگاری کۆبانێ لە دەستی چەتەکانی داعش و دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک لە شارەکەیان بۆ شەشەمین ساڵ، هاولاتیانی شارەکە بە دەربڕینی خۆشی و ئاهەنگ ئەو رۆژەیان پیرۆز کرد. خەڵکی شارەکە لە شەقامی شەهید عەگید کۆبوونەوە،

که لەم شەقامەدا لەنێوان شەرڤانانی یەپەگەو یەپەژەو چەتەکانی داعش دا شەڕێکی سەخت 5ساڵ پێش ئێستا ڕوویدابوو. لە مەراسیمی پیرۆزباییەکەدا، کورد و عەرەب و نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و دامودەزگا کۆمەڵاتیەکان لە منبج و ناوچەکانی سەر بە گرێسپیشەوە بەشدارییان تێدا کرد.[4]
- لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەکی بەهێز لەسەر ڕێگای جندرێس بەرامبەر بازاڕی شارەکە ڕوویدا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- تەلەفزیۆنی سۆمەریە ئاشکرای کرد بەهۆی موشەکبارانکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا و دەوروبەری لە بەغدا، ژمارەیەک کەس بریندار بوون، باس لەوەشدەکرێت بە هەلیکۆپتەر باڵێۆزخانەکە چۆڵکراوە. لای خۆیەوە، ئەمریکا ئێڕاق ئاگادارکردەوە کە هەڵوێستی سەربازییان بەرامبەر بەم کارە دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەیدسادق (شارەزوور) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-27
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-27
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-27
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-27
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-28


کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 29

**2020-01-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376049



باکووری کوردستان
- پارێزگاری جۆلەمێرگ قەدەغەی ئەنجامدانی چالاکیی لەو شارەدا بۆ 15 ڕۆژی تر درێژکردەوە.[1]
- لە خاریێت پرۆسەی گەڕان و ڕزگارکردنی قوربانییانی بوومەلەرزەکە کۆتاییهات. بە پێی ئامارەکانی دەوڵەتی تورک 41 کەس گیانیان لەدەستداوە و 1607 کەس بریندارە.[1][3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی یارسانییان بە ناوی سابیر محەممەدی دەسبەسەر و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست. ئەو لاوە کوردە کرماشانییە، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو جارێکیتر فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک هاوڵاتیانیان لە بادینان کردە ئامانج و بەهۆیەوە شەهیدو برینداری لێکەوتووەتەوە. بەپێی زانیاریی سەرچاوە هەرێمییەکان، لە بۆردوومانی شەوی ڕابردوودا، هاوڵاتییەک کە پیشەی پێشمەرگەیە بە ناوی 'سەعید حەبیب سرانی'، خەڵکی گوندی دوودی سەر بە شارەدێی دینارتەی سەربە ئاکرێ، شەهیدبووە، هاوکات کەسێکی دیکە بە سەختی بریندارە، کە دەوترێت ئەویش پێشمەرگەیە. هاوڵاتیانی دەڤەرەکە تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 04:00، بەشوێن تەرمەکاندا گەڕاون، لە ئەنجامیدا تەرمی ئەو شەهیدە، هەروەها بریندارەکە دۆزرانەوە.[1]
- لە دادگای هەڵەبجە دانیشتنێکی دیکەی دادگایکردنی ئەو کۆمپانیا و کەسایەتیانە دەستپێدەکاتەوە کە هاوکار بوون لە فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەعس ئەوەش دوای لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە، زیاتر لە پێنج هەزار 500 سکاڵا لەسەر کۆمپانیاکان تۆمارکراون.[2]
- فیستیڤاڵی کورتە فیلم بە بەشداریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو. ئەم فیستیڤاڵە لەلایەن نوێنەرایەتیی یو ئێن دی پی لە هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ دەرهێنەرانی گەنج ڕێکخرابوو.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ناوبازاڕی سیروان لەشاری هەولێر، کوڕی بەرپرسێک ئۆتۆمبێلەکەی بە نایاسای ڕادەگرێت و پۆلیسی هاتووچۆش هەوڵی داوە دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەدا بگرێت، بەڵام شوفێری ئۆتۆمبێلەکە قبوڵی نەکردووە و تەقەی لە پۆلیسەکان کردووە.[2]
- دوای ئەوەی دوو چەکدار لە ناو بازاڕی هەولێر تەقەیان لە پۆلیسێکی هاتووچۆ کرد، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند، هێزەکانی پۆلیس دوو چەکدار و بەرپرسێکیان دەستگیر کردووە.[4]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ ژمارەیەک لە وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە. لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت ئامادەیبوو، گفتوگۆ دەربارەی کارنامەی کابینەی نۆیەم تایبەت بە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کودستان کرا. سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت، وەبەرهێنەرانیان دڵنیا کردەوە کەحکومەتی هەرێم پاڵپشت و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان و نەهێشتنی رووتین لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.[4]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە وێستگەی دابەشکردنی بەنزینی ئیسکان لە شاری کەرکوک، لەگەڵ ئەوەی هاوڵاتیان سەرەی وەرگرتنی نەوتیان گرتبوو، بەڵام بەر لەوەی نەوتیان پێبدرێت پێیان ڕاگەیەندرا کە نەوت دابەش ناکرێت، ئەمەش وایکرد هاوڵاتیان نارەزایی دەرببڕن و خۆپیشاندان ئەنجامبدەن. هاوڵاتیانی نارازیی بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دەرگای وێستگەیان داخست و نەیان هێشت ئۆتۆمبێل لە وێستگەکە بەنزین وەربگرێت.[5]
- گروپێک چەتەی داعش ویستیان بە نهێنی بچنە ناو کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، بەڵام لەلایەن هێزەکانی پاراستنی جەوهەری ئەو هەوڵدانەیان پووچەڵ کرایەوە و چەتەکان هەڵهاتن.[1]

- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان هەواڵی تووشبوونی سەرمایەدارێکی کورد بە ڤایرۆسی کۆرۆنا رەتدەکاتەوە، کە دەگوترێت دوای گەڕانەوەی لە چینەوە بۆ هەولێر، تووشی ئەو ڤایرۆسە بووە.[3]

رۆژئاوای کوردستان

- ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ئەنجامی شیکارییەکی تاقیگەیەکی سویسرای لە پاریس ئاشکرا کرد، کە پشتڕاستی دەکاتەوە، سوپای تورکیا بۆمبی فۆسفۆری سپی لە هێرشی باکوری سوریا لە مانگی 10ی 2019 بەکارهێناوە. تاقیگەی ویسلینگی سویسری برێکی زۆر مادەی فسفۆری سپی لەو سامپڵانەندا ئاشکرا کردووە، کە لە پێستی شەڕڤان و بریندارەکان وەریگرتبوو. بەپێی ئەو راپۆرتەی کە تاقیگەکە بە زمانی ئینگلیزی بڵاویکردووەتەوە، جۆری برینداری قوربانیەکانی بە سوتانی کیمیایی وەسف کردووە، کە بەشێکی زۆر مادەی فۆسفۆری سپی تێدا بەکارهێنراوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەیەکی ئیسرائیلی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت، بە ماڵپەری برێکینیگ دیفێنسی ئەمریکیی رایگەیاندووە، ئەمریکا سەرقاڵی دروستکردنی سێ بنکەی سەربازییە لە باکووری عێراق.[3]

- بەگوێرەی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، ئێوارەی ئەمڕۆ کاروانێکی سەربازی تورکیا کە لە تانک و زرێپۆش و چەکی قورس پێکهاتوون، گەیشتە شارۆچکەی رەیحانی لە ویلایەتی هاتای، ئەمەش بە ئامانجی زیادکردنی هێزەکانی لەسەر سنووری سووریا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-28

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-28

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-01-28

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-28

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-01-28

[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-29


کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 30

**2020-01-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376050




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە هاتنی یەکەمین چوارشەممەی چلەی زستان، لە گوندی هەورامانی تەخت پۆل پۆل خەڵک لە میوانان و خەڵکی ناوچەکە ڕوودەکەنە گوندەکە بۆ بەشداربوون لە جەژنی پیر شالیاردا کە چەندین سیمای ئایینی و کلتوری تێیدا بەرجەستە دەبن.[4]

- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی شاپوور حەبیبی کوڕی عیسا و فەرزین ڕۆستەمی کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی ئەوێهەنگ سەر بە شاری سنە، بە دانانی بارمتە لە زیندانی ئێڤین ئازاد کران.[6]

- شەوی ڕابردوو بومەلەرزەیەک لەسنوری ناوچەی سۆماری سەربە پارێزگای کرماشان بەگوڕی 4.5 پلەی ڕێختەر ڕوویدا.[1]

- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 4.7 پلەی ڕێختەر لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویدا.[1]

باشووری کوردستان

- دیداری مەولانا جەلالەدینی بەڵخی بۆ مامۆستا لهۆن قادر لەگەڵ گروپی تایبەت بە سروتی خانەقای مەولەوی لە هەڵەبجە ساز دەکرێت و لە دیدارەکەدا سەرجەم تێڕوانینە بەرزەکانی مەولانا لەباری عەشق و مۆسیقا و دین و ئەدەب دەخرێنە ڕوو.[1]

- ئەمڕۆ لە شارەدێی بێتواتە لەسەر کێشەیەکی کۆن، چەند کەسێک ڕێگە بە کوڕی فەرماندەیەکی سەربازیی دەگرن و بە دەسترێژی گوللە دەیکوژن. بە وتەی کەس و کاری کوژراوەکە، قوربانیەکە ناوی فەرمانە و کوڕی لیوا سەمەد بێتواتیە و تەمەنی 30 ساڵە و خێزاندارە. فەرمان سەمەد ئاژەڵدارە و بەیانی ئەمڕۆ کاتێک ئاژەڵەکانی بەرەو ناوچە شاخاویەکانی بێتواتە بردووە، چەند کەسێک کە پێشتر کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە لەنێوانیان چونەتە سەر ڕێگای و کوشتویانە.[5]

- لە گوندی دۆگوریَ-ی سەر بە شارەدێی سنوونێی سنووری شنگال، تەرمی ئەفسەرێکی هێزی پاراستنی ئێزیدخانی سەر بە حەیدەر شەشۆ، بە ناوی حوسێن خەلەف شڤان، دۆزرایەوە. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەو ئەفسەرە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە شەوی ڕابردوو کوژراوە.[3][5]

- میخائیل بەگدانۆڤ، نوێنەری سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا، بە سەردانێکی دوو ڕۆژە گەیشتە هەولێر.[5]

- بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ڕایگەیاندبوو، ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتووەتە سنوورەکانی ئێران و لە هەرێمی کوردستانیش بڵاوبووەتەوە، وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانیش هەواڵەکە ڕەتدەکاتەوە.[7]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی لە نزیک گوندی هۆشانی گرێ سپی لە سەر ڕێگای M4 هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی خەڵکی مەدەنی. چەندین کەس برینداربوون کە زۆربەیان منداڵن.[2]

- سوپای داگیرکەری تورک و گروپە چەتە هاوپەیمانەکانی، گوندی سۆخانکێ و ئاقیبە-ی سەربە شێراوە و گوندی ئم ئەلخێر لە ناوچەی تل تەمر بۆردوومان کرد.[2]

- چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە گوندی ئەل حەویجی سەر بە گرێ سپی هەڵیان کوتایە سەر ماڵێک و کەسێکیان بریندار کرد و دواتر ڕفاندیان.[2]

دەرەوەی کوردستان

- پاش ئەوەی شارەزا ئەمریکییەکان لەبنکەی سەربازیی بەلەد لەعێراق کشانەوە، چیتر فڕۆکە ئێف شانزەکانی عێراق ناتوانن بەئاسماندا بسووڕێنەوە، بۆیە فڕینیان وەستێنرا.[3]

- له شاری لاڤرۆی یونان له کۆڵانێکی نزیک له بنکەیەکی پۆلیس که وەکو ناوەندێکی داڵدەدانی پەنابەران بەکار دەهێنرێت، ژنێک کوژرا. ئەڤین ئەکرەم عەلی 35 ساڵ که پەنابەرێکی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە، له لایەن بەهزاد عەلی هاوسەریەوە بە چەقۆ کوژرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ◯ نەغەدە

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-29



کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 31

**2020-01-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376051




باکووری کوردستان

- پارێزگاری شرناخ 15 هەرێمی لە هاوڵاتیانی مەدەنی قەدەغەکرد و بۆ ماوەی 15 رۆژ وەکوهەرێمی ئاسایشی تایبەتی کاتی راگەیاند.[4]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی گوندی گوێزەکوێرەی مەریوان و دانیشتووی ئەو شارە، بە ناوی عوسمان دڵاویز، تەمەن 30 ساڵ، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان، دەسبەسەر کرا.[7]

باشووری کوردستان

- لە بەرامبەر پشتگوێخستنی داواکارییەکانیان و جێبەجێنەکردنی ئە و بەڵێنانەی کە پێیان دراوە لە بارەی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان، نیوەرۆی ئەمرۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی نوگرە سەلمان و تۆپزاوە لە سەرەمەزاری شەهیدانی هەڵەبجە گردبوونەوە.[1]

- درەنگانێکی شەوی رابووردوو، کەسێکی نەناسراو تەقەی لە ماڵی مەلای گوندی (دێلۆ) لە پشدەر کردووە و شوێنەواری حەوت فیشەک بە ماڵی مامۆستاکەوە هەیە بەڵام رووداوەکە زیانی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە.[1]

- پێشانگەیەکی شێوەکاری بۆ خانمە شێوەکاری ئێرانی، مەریەم شێرزاد لە گەلەری سەندیکای هونەرمەندان لە هەولێر کرایەوە.[2]

- لیژنەی تەندروستی پەرلەمان رایدەگەیەنێت بەپێی بەدواداچونەکانیان تائێستا لە هەرێم هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارنەکراوەو پێویستە وەزارەتی تەندروستیش رێنمایی زیاتر بڵاوبکاتەوە.[3]

- ئاسایشی گەرمیان دەستگیرکردنی تیرۆرستێکی داعش راگەیاند کە زانیاری جموجوڵی هێزە ئەمنییەکان و هێزەکانی پێشمەرگەی لە سنووری خانەقین بەو گرووپە تیرۆرستییەداوە و پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەنجامدەری تەقینەوەکەی بازگەی باوە مەحمود هەبووە کەهێزەکانی ئاسایشی خانەقینی کردبووە ئامانج.[3]

- دوای ئەوەی لە بەشی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار ژمارەیەک پێداویستی پزیشکی دەدزرێت، نۆ فەرمانبەر و یاریدەدەری پزیشک و کرێکار و هەروەها دوکاندارێکیش دەستگیر دەکرێن.[1]

- لە گوندی قەرەیاتاغ لەسەر رێگەی قەرەتەپە و گوڵاڵە چەند چەکدارێک بازگەیەکی ساختەیان داناوە و سێ هاووڵاتییان رفاندووە.[2]

- پێشمەرگەیەک بە ناوی سەرهەند سوارە محەمەد خەڵکی سنووری راپەڕین و پێشمەرگەی لیوای (128) لە چەمی ئاوە سپی، کە کەوتووەتە نێوان هەردوو گوندی قەڵا و مەحمودبەگ لە ئاکامی تەقینەوەی نارنجۆکێکی خۆی، شەهید بوو.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- ئەنجوومەنی تل رەفعەت و عەفرین هێرش و کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورک و گروپە چەتە هاوپەیمانەکانی بۆ سەر گەلانی باکورو رۆژهەڵاتی سوریا و گەلانی عەفرین ئیدانەکرد.[4]

دەرەوەی کوردستان

- پارێزەران و سیاسەتمەدارانی ئەوروپا لە بەلجیکا سەبارەت بە بڕیاری دادگای بەلجیکا(پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستی نییە)، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیان ئەنجامدا و ئاماژە بۆ ئەوەکرا، ئەو بڕیارە رێگایەکی گرنگی کردەوە.[4]

- تەرمی ژنێکی کوردی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی چنوور یونسی لە کەناراوی سەیرانگەی کۆنیائاڵتی لە شاری ئەنتالیا دۆزرایەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەنتالیا، ژنەکە ناوی چنوور یونسی بووە، تەمەنی 41 ساڵ بووە و تەرمەکەی سێ رۆژ لەمەوبەر لە نزیک کەناراوەکانی سەیرانگەی کۆنیائاڵتی دۆزراوەتەوە.[2]

- دەستێوەردانەکانی دەوڵەتی تورک لە لیبیا بەردەوامە، لەوچوارچێوەیەدا وتەبێژی سوپای نیشتیمانی لیبیا ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورک دوو کەشتی جەنگیی هەڵگری موشەکی دژە فڕۆکە و سیستەمی پاراستنی ئاسمانین گەیاندووەتە ئاوەکانی تەرابلووس.[6]

- وەزیری دەرەوەی تورکیا، مەولود چاوشئۆغلۆ، هۆشداری دایە (بێچووەکانی ئەوروپا) و گوتی: پێویستە منداڵانی بێچووی ئەوروپا بێ موبالات و ڕەگەزپەرست نەبن. سنووری خۆیان بزانن. ئەم وتەیەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، دوای ئەوە هات، ئەندامێکی یۆنانی لە پەرلەمانی ئەوروپا، ئاڵای تورکیای دڕاند. چاوشئۆغلۆ، لە ڕێی تویتەرەوە نووسیویەتی: ئە و ئەقڵە ڕەگەزپەرستە باش دەزانێت ئێمە چۆن ئە و دەستانە دەشکێنین کە ئاڵای ئێمە دادەگرێت و فڕێی دەدات.. پێویستە منداڵانی ڕەگەزپەرستی ئەوروپا پابەندی سنووری خۆیان بن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-01-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-01-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-30
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-01-31

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 32

**2020-01-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376052




باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئایشە میناز هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی توشبای وان و دەستگیریان کرد و بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەکە گواسترایەوە.[4]
- تەرمی مەحمود دەمیرباگ گەریلای هەپەگە کە لە ساڵی 2019 دا لە ئەرزینگان لە شەڕدا شەهید بوو، دوای 6 مانگ رادەستی خانەوادەکەی کرایەوە و بەخاکسپێردرا.[2]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی شەوی رابردوو چەکدارانی داعش لە سنووری خانەقین ژمارەیەک هاووڵاتی مەدەنیان رفاند، بە پێی دوا زانیارییەکان رفێندراوەکان ژمارەیان هەشت کەسە و بەیانی ئەمڕۆش تەرمی یەکێکیان دۆزراوەتەوە. رفێندراوەکان چوار کەسیان خەڵکی قەرەتەپەیە، دوو کەسیان خانەقینین و دوو کەسی دیکەشیان خەڵکی جەلەولان، بەیانی ئەمڕۆ تەرمی یەکێکیان بە ناوی محەمەد سەمین دۆزراوەتەوە کە خەڵکی قەرەتەپەیە.[1]
- فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی رێوشوێنی پێویستی گرتووەتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە هەواڵی گەرمی ئەم رۆژانەیە و ترسی بڵاوبوونەوەی لە هەرێمی کوردستانیش لە دڵی هاونیشتمانیان نیشتووە.[2]
- بەپێی پێشبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ ئاسمانی پارێزگاکانی باشووری کوردستان هەور و باران دەبێت و لە هەندێک لە ناوچە شاخاوییەکان پێشبینیی بارینی بەفر دەکرێت.[2]
- تەندروستی زاخۆ لە دەر وازەی ئیبراهیم خەلیل، هاوسنوور لەگەڵ باکووری کوردستان / وڵاتی تورکیا، پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ئە و کەسانە دەکات کە لەوڵاتی چینەوە دێنە هەرێمی کوردستان.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- شەش ژن و نۆ منداڵی چەکدارانی داعش لە کەمپی هۆل هەوڵیاندا هەڵبێن، بەڵام لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکران کە سەرجەمیان بەرەگەز بیانی بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- گوتەبێژی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی لیبیا، لیوا ئەحمەد ئەلمسماری گرتەیەکی ڤیدیۆی داگرتنی دەیان زرێپۆش و چەک و تەقەمەنی تورکیای لە کەناراوەکانی لیبیا بڵاوکردەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئەرزینجان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 31-01-2020
[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 31-01-2020
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 31-01-2020
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 31-01-2020


کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 33

**2020-02-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20191202221437376053




باکووری کوردستان
- لەیلا ئاشکان چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA) بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ژنان لە شاری وانەوە دەچوو بۆ ئامەد، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک لە رێگادا و لە شاری تاتوان دەستگیریان کرد.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی زانیارییەکانی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، پەروین ئەدوایی چالاکوانی مەدەنیی کورد بەمەبەستی تێپەڕکردنی 2 ساڵ سزای بەندکران بۆ ناوەندی پەروەردە و چاکسازی (بەندیخانەی ژنان)ی سنە رەوانەکرا.[1]
- نزیکەی 50 کۆڵبەری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە شەوی رابردووەوە لە بەفر و بۆراندا لە سنووری سەقز - پێنجوێن ونببوون، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ جگە لە دوو کەسیان، هەموویان دۆزرانەوە. دوای گەڕان و بەدواداچوون، یەکێک لە کۆڵبەرە بێسەروشوێنبووەکان بەناوی (عوسمان فتوحی) بە مردوویی دۆزرایەوە. ئەو تەمەنی 51 ساڵە و خەڵکی تازاوای سەقزە. بەڵام هێشتا کۆڵبەرەکەی دیکە چارەنووسی نادیارە.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئەسکەندەر چراغی کوڕی قادر، خەڵکی بانە و ئەندامی ئەنجومەنی پاژین، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە و پاش دەسبەسەرکردنی، دەستیان بەسەر مۆبایلی خۆی و ژنەکەیدا گرتووە.[8]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو لە سنووری ناوچەی داودەی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو لە نزیک ناڵەشکێنە، دوو برا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندران. رفێنراوەکان کوردن بە ناوەکانی قانع جەلال عیسا و هێمن جەلال عیسا و لەلایەن چەکدارانی داعشەوە بە ئۆتۆمبێلەکەیانەوە رفێنراون.[4]
- ساڵرۆژی تەقینەوەکانی یەکی شوبات لە هەولێر بەڕێوەچوو.[4]
- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم رایدەگەیەنێت: لەپێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و رێگریکردن لە توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، داوا لە هاووڵاتیان دەکەین گەشتەکانیان بۆ وڵاتی چین دوابخەن.[2]
- بەهۆی گومانی نەخۆشییەوە، سێ هاووڵاتی چینی کە لە دوبەیەوە هاتبوون رێگەیان پێ نەدراوە لە فڕۆکەخانی هەولێرەوە دەربازی نێو هەرێمی کوردستان بن و گەڕێندراونەتەوە.[3]
- دوای ئەوەی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەهۆی بەفربارینەوە گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی راگیران، کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانیی گەشتەکان کرانەوە.[2]
- شەوی رابردوو بەهۆی بەفربارینی زۆر لە زینی وەرتێ و گیرانی رێگاکە، چەندین هاووڵاتی لە بەفردا گیریان خواردبوو، تیمەکانی بەرگری شارستانی راپەرین دوای بەهاناوە چوونیان توانیان بە

سەلامەتی دەربازیان بکەن.[5]
- بەهۆی بەفر بارینەوە ئاستەنگی هاتووچۆ لە گوندەکانی دۆڵی جافایەتی لە شارەدێی سورداش دروست بووە، لەئێستادا تیمەکانی شارەوانی سورداش و سەرگەڵوو و تیمی کۆمپانیای شکار لە هەوڵی پاککردنەوەی ڕێگاکانی سنورەکەدان.[6]
- ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان - رژاک، وەک هەموو ساڵێک، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشوری کوردستان یادی 14یەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی لەیلا والی حسێن، ناسراو بە ڤیان جاف، بە دروشمی لە سەر ڕێبازی ڤیانەکان، بۆ گۆڕانکاری و ئازادی تێبکۆشە و گۆشەگیری تێکبشکێنە دەکاتەوە.[7]
- بەهۆی نالەباری کەشوهەواوە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی پشووی رەسمی لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن ڕاگەیاند.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی ناوچەی شەهبای عەفرین تۆپباران دەکەن، فڕۆکە سیخوڕییەکانیش بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- بۆ ئیدانەکردنی داگیرکەریی دەوڵەتی تورک لە 8 شاری سوید چالاکی ئەنجامدران و کەرتی گەشتیاریی تورک بایکۆتکرا.[1]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق محەمەد تۆفیق عەللاویی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاسپارد.[4]
- بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران- عێراق، لە ناوچەی شووشی ئەهواز، لاوێکی کرماشانی بەسەختی بریندار بوو.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-01
[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-01
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری rووداو - 2020-02-01
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-01
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-01
[7] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-01
[8] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02 10:14:37 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 34

**2020-02-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376642




باکووری کوردستان
- کۆنفرانسی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد- TJA کە بە بەشداریی 700 ئەندامی ژن و بە دروشم ئێمە ژنین، بۆ ئازادیمان هەین. بۆ گۆڕانکاری لەسەر پێین لە دووەم ڕۆژدا کۆتایی پێهات. کۆنفرانسەکە کە لە ئامەد سازکرا، هاوکارانی TJA، چەندین میوانی هەرێمی فیدراڵی کوردستان، چەندین ئەندامی ڕێکخراوی ژنان لە بەریتانیا، چەندین نوێنەری ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەندامانی ئەنجومەنی دایکانی ئاشتی و چەندین نوێنەری دیکەی ژنان بەشدار بوون. لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ئایشە گوککان وەکو وتەبێژی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد- TJAهەڵبژێردرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەو کۆڵبەرانەی دوێنێ لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لەناو بەفردا گیریان خواردبوو، یەکێکیان لە سەرما ڕەقبووەوە و دووی دیکەشیان خۆیان گەیاندووەتە باشوری کوردستان.[1]
باشووری کوردستان
- بەهۆی بارینی بەفر و ئاستەنگییەکانی هاتووچۆوە، هەریەک لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی شارباژێڕ و قائیمقامی پێنجوێن بڕیاریاندا، کە ئەمڕۆ بکرێتە پشووی فەرمی لەو ناوچانەدا.[1]
- چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، هێزەکانی پاراستنی جەوهەریی کامپەکەش وەڵامیان دایەوە لە ئەنجامدا هێرشەکە تێکشکاو دوو چەتەی داعش کوژران.[1]
- لە لایەن ژمارەیەک چالاکوانی هەولێرەوە سکاڵا لەسەر سەرۆکی حکومەتی پێشووی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شارەوانی پێشووی هەولێر تۆمار دەکرێت. ئە و چالاکوانانە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند، لەلای دەستەی دەستپاکیەوە سکاڵامان لەسەر سەرۆکی حکومەتی پێشووی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی شارەوانی پێشووی هەولێر بەهۆی بەفیڕۆدانی موڵکی گشتی تۆمار کردوە. وتیشیان، چەندین ڕاگەیاندکار و هونەرمەندو کەسانی دیکە زەوییەکی زۆریان لەهەولێر وەرگرتووە کە شایستەی ئە و برە زەوییانە نەبوون و دوور لەخزمەت و کاریان، بەواستە و بەرتیل ئە و زەوییانەیان وەرگرتووە.[3]
- بۆ جاری سێیەم دەرچوانی دانەمەزراوی زانکۆ وپەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان گردبوونەوەی نارەزایەتییان ئەنجامدا و ئەمڕۆ چوونە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران لە شاری هەولێر. دەرچوانی

دانەمەزراو دروشمی شکۆ بۆ بڕوانامەکانمان دەگێڕینەوەیان هەڵگرتبوو، جەتیشیانکردەوە، کە حکومەت ناچار دەکەن دایانمەزرێنێت و هەلی کاریان بۆ برەخسێنێت، هەروەها بیمەی بۆکاریيان بۆ خەرج بکەن هەتا ئەوکاتەی، کە هەلی کاریان بۆ دابین دەکەن. بێ ئەوەی کەس بێت بەدەم داواکاریی دەرچووانەوە، گردبوونەوەکە کۆتاییهات.[1]
- جارێکی دیکە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پەسەندکردنی ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کۆدەبێتەوە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سلێمانی ژووری عەمەلیاتی بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا پێکهێنا و داواش لە خەڵکی دەکرێت خۆیان لە ڕاوکردن و دەستلێدان لە ئاژەڵ و باڵندەی کێوی دووربگرن.[4]
- هێزێکی چەکداری ناسراو کە دەگوترێت سەر بە کۆمپانیای پێشووی دابەشکردنی غازن لە کوردستان، خاوەنی ئەو کۆمپانیا نوێیە کە غازی ماڵان بەسەر هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان دابەشدەکات دەڕفێنن و ڕێگری دەکەن لە گەیشتنی گازی پێویست بۆ هەولێر.[4]
- قائیمقامی چەمچەماڵ رایدەگەیەنێت، هیچ کێشەیەک لەبەرهەمهێنان و گواستنەوەی غاز لە سنوورەکە نیە و لێدوانێکی قائیمقامی هەولێر رەتدەکاتەوە و دەڵێت، لە هەولێر کێشەی غاز هەیە نەک لەچەمچەماڵ.[3]
- یەکەمین هەڵمەتی بڕینی کارەبای سەرپێچی بە فەرمی دەستی پێکرد و هەریەکە لە پارێزگاری هەولێر، قایمقام و بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای هەولێر سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکەن، بەرپرسێکیش رایدەگەیەنێت هەر ماڵێک سەرپێچی کردبێتە سەر کارەبا بە شێوەی سزا پارەی دوو ساڵی لێوەردەگیرێت.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بەمەبەستی پاراستنی گیانی گەشتیاران کە بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش روو لەو ناچەیە دەکەن، هەردوو ڕێگەی چوون بۆ چیای ئەزمەڕ و گۆیژەی داخست.[2]
- بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جووتیاران و گەڕاندنەوەی قەرزەکانیان، پەرلەمانی کوردستان داوای پێکهێنانی شاندێکی دانووستانکار دەکات و حکومەتیش بۆ ئەو مەبەستە رادەسپێرێت.[4]
- یەکەمین بارەگای پارتی سەوزی کوردستان لەشاری سلێمانی کرایەوە، سکرتێری پارتەکەش رایدەگەیەنێت، دەیانەوێت لە ڕێگەی پارتەکەیانەوە خزمەتی ژینگە و سروشتی کوردستان بکەن.[3]
- دوای نارەزایەتیەکانی کورد و تورکمان، لیستی دامەزراندنەکەی پەروەردەی کەرکوک هەڵوەشێندرایەوە و بڕیاردرا دوبارە لیستێکی نوێ پێکبهێندرێت.[2]
- ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی و کەرکوک و شارەدێی حاجی ئاوا، یادی شەهید ڤیان جاف، یەکێک لە ژنە فەرماندەکانی پەکەکە کرایەوە، تێیدا ئاماژە بە خەبات و تێکۆشانی ڤیان جاف کرا لە ریزەکانی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کورد، هەروەها لەشاری سلێمانی تاجە گوڵینە لەسەر گڵکۆکەی دانرا.[1]
- یەکێک لە ئەنجامدەرانی هێرشەکەی سەر ئاسایشی گەرمیان کوژرا کە عەرەبێکی دانیشتووی شارەدێی سەعیدیەی سنووری خانەقین-ە و بە نهێنی تەرمەکەیان ناشتووە.[2]
- دەزگای فێستیڤاڵی فیلمی نێودەوڵەتیی سلێمانی، سنەوبەری ئاڵتوونیی وەک رێزلێنانێک بەخشییە فاروق مەلا مستەفا سەرمایەداری نیشتمانیی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوار نیوز رایگەیاند، کەسێک بە ناوی سەعید رەشید لە گوندی میرکانی ناوچەی مابەتای کانتۆنی عەفرین چوار مانگ لەمەوبەر لە لایەن چەتەکانی ئەنقەرەوە رفێنرابوو. سەعید رەشید خەڵکی گوندی ئەتمانای ناوچەی راجۆیە. چەتەکان بەرامبەر ئازادکردنی داوای 20 ملیۆن لیرەی سوریان کردبوو. چەتەکان کە پارەکەیان وەک فیدیە وەرگرت، تەرمی سەعید رەشیدیان لە هەرێمێکی نێوان گوندی میرکان و کاخیرە بەجێهیشت. شوێنی ئەشکەنجە لە سەر لەشی سەعید رەشیدەوە دیارە.[5]
دەرەوەی کوردستان

- ئەندامێکی کوردی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ئەمڕۆ ئاشکرای دەکات، محەمەد توفیق عەللاوی سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، موچەی فەرمانبەران و شایستەی جوتیاران و هێزەکانی پێشمەرگەی بە داواکاری راستەقینەی کورد داناوە، بەڵێنی داوە بەکاری لە پێشینەی خۆی بزانێت.[2]
- هێزێکی گەورەی سوپای تورکیا گەیشتە ناو خاکی سووریا و روانگەی سووریش بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، لە بەیانی ئەمڕۆوە هاتنی کاروانی سەربازی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی سووریا بەردەوامە و تا ئێستا 3 کاروانی گەورە گەیشتوون.[6]
- روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕایگەیاند، ئەو کاروانە سەربازییەی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کە ئەمڕۆ لە دەروازەی کەفەر لۆسین لە باکوری ئیدلبەوە چووەتە ناو خاکی سوریا، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕوسیاوە کراوەتە ئامانج.[1]
- ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی بڵاویکردەوە، هێزەکانی ئەمەریکا دەستی بە فراوانکردنی دوو لە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی لە سووریا کردووە، کە بریتین لە کێڵگەی نەوتی عەمر لە دێر زوور و تەل بێدەر لە باکووری رۆژئاوای حەسەکە. بەگوێرەی سەرچاوە ناوخۆییەکانیش، هێزەکانی ئەمەریکا بە هاوکاری هێزە کوردییەکان لە و ناوچانەی دەستی بە و کارە کردووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-02-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-02

[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-02
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-02
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-02
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-02

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 35

**2020-02-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376643




باکووری کوردستان
- مسلم ئارسلان هاوسەرۆکی پارتی گەلانی دیمۆکراتیک-هەدەپەی ناوچەی حالیلییەی شاری رحا لە لایەن هێزێکی پۆلیسەوە وەستێندرا و بە بیانووی ئەوەی دەبێت وتەت لێ وەربگیرێت دەستگیر کرا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی سمکۆ مەعرووفی، هومەن فەیزی و شاهۆ خزری، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمە بەسەرداسەپاوەکەیان، ڕەوانەی زیندانی بۆکان کران.[4]
- لاوێکی کورد بە ناوی جەماڵ مەحموودزادە تەمەن 27 ساڵ کوڕی عەبدوڵلا، لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری ورمێیەوە، بە سێ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[4]
- لاوێکی کورد خەڵکی شاری کرماشان بە ناوی حەسەن هاشمی تەمەن 26 ساڵ و کوڕی ئیسماعیل بە تۆمەتی هاکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێران بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[4]
باشووری کوردستان
- قایمقامی هەولێر رایگەیاند، کێشەی غازی شلی ماڵان چارەسەر کرا. بەڵام هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوە دەکەن کە تا ئەمڕۆ غازی پێویست بۆ هەولێر ناڕوات.[5]
- ماڵپەری شار پرێس بڵاویکردەوە، هێزێکی سەربازیی سوپای تورکیا کە ژمارەیان 30 سەرباز و ئەفسەر دەبێت لەدوورەوە تەقە لە گوندێکی سەر بەشارۆچکەی سۆران دەکەن و دواتر دەچنە ناو گوندەکە و داوا لە خەڵکی دەکەن ناوچەکە چۆڵ بکەن.[1]
- بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شارەکانی چین کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی چین و وڵاتان لەنێویاندا هەرێمی کورستان و چین دروستکرد، بەجۆرێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و چین ڕاگیرا.[2]
- مستەفا چاوڕەش سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند: کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی گشتی یەکێتی بۆ پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوامە و تائێستاش 28 ماددەی لێ پەسەندکراوە.[7]
- لە گەڕەکی فەرمانبەران لە سلێمانی کە زیاتر بە کانی کوردە ناسراوە، ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویدا و تێیدا سێ کەس لە یەک کاتدا گیانیان لەدەست دا. ڕووداوەکە بەو شێوە بوو، کوڕێک کە زاوای ماڵێک بوو، دەچێتە ماڵ خەسووی، لە چێشتخانەکەیاندا بە سێ گوللەی دەمانچە خێزانی خۆی و بە یەک گوللە خەسووی دەکوژێت، پاشان بە یەک گوللەش کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.[6]
- بەرهەمهێنانی هێلکەی ناوخۆ لەشاری هەولێر زیادیکردووە، بەڵام ڕێگری لەهاوردەکردنی دەکرێت بۆ شاری سلێمانی، ژووری بازرگانی سلێمانیش داوادەکات ڕێگری لەبەرهەمەکانی ناوخۆیی نەکرێت.[2]

- بەڕێوەبەرایەتی پەروردەی دەوروبەری هەولێر رایدەگەیەنێت: ئەو فەرمانبەرەی کە بە گەندەڵی 17 هەزار پەرتووکی خوێندنی بردبوو تواندراوە سەرجەم ئەم پەرتووکانە بگەڕێندرێتەوە شوێنەکەی خۆی و بەبڕیارێکی فەرمیش فەرمانبەرەکە لە پیشەکەی دوورخراوەتەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 04:30 بە کاتی عەفرین، سوپای تورک لەگەڵ گروپە چەتەکانیدا دەستیان کردووە بە تۆپبارانکردنی چڕی گوندەکانی مەرەناز، ئالقەمییە، تەل ئەجار، کەفەر ئانتون، تەنەبێ، دێر جەمیل، ئاقبێ، بێنێ، سۆخانکێ، عەین دەقنە، بێلونێیە، شێخ خەلیل، کەفەر نەیا و حەربەلی ناوچەکانی تەلرەفعەت، شێراوا و شەرای هەرێمەکانی شەهبا و عەفرین. ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاویکردووەتەوە، لەو بۆردومانانەدا هاووڵاتییەک شەهید بووە. هاوکات لەگەڵ ئەو بۆردومانانەدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکانی شەهبا و ناوچەکانی شێراوا و شەرادا دەسوڕێنەوە.[1]
- لە ئەنجامی بۆردومانکردنی عەفرین و ناوچەی شەهبا لە لایەن سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک و چەتەکانیەوە، لە گوندی ئاقیبە هاوڵاتییەکی 65 ساڵ بە ناوی علی مەنلە ئەبو شابۆ گیانی لەدەستدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- تاریق پاشا عمادی سەرۆکی پێشووتری زانکۆی سلێمانی کە لە ساڵانی 1975-1977 سەرۆکی زانکۆی سلێمانی بووە، کۆچی دوایی کرد.[2]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا رایگەیاند: بە بۆردومانی هێزە سەربازییەکانی سوریا لە ئیدلب، چوار سەربازمان کوژراون و نۆ سەربازی دیکە برینداربوون.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، لە وەڵامی هێرشەکانی سووریا بۆسەر هێزەکانیان لە ئیدلب 222 مووشەکیان ئاراستەی سووریا کردووە و 35 سەربازی ئەو وڵاتەیان کوشتووە. دەشڵێ، ئەگەر پێویست بکات فڕۆکەی ئێف 16 بەکاردەهێنن.[3]
- دوای کوژرانی پێنج سەرباز و سێ کارمەندی دیکەی کەرتی سەربازیی تورکیا لە بۆردوومانی هێزەکانی سووریا لە باکووری رۆژئاوای ئیدلب، وەزیری بەرگریی تورکیا دەڵێت، 76 سەربازی رژێمی سووریایان کوشتووە.[6] پێشتر وەزارەتەکەی رایگەیاند کە تەنها 4 سەربازیان کوژراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
Quick Respons Code:

🗐 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-03
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-03
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-03
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-03
[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-03
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-03

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 36

## 2020-02-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376644




باکووری کوردستان
- ڕازیە تورگوت، ڕێزان ساریجا، سەربای کۆکلو و ئیبراهیم بیلمەز پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بچن بۆ ئیمراڵی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەن، سەردانی داواکاری گشتیی کۆمارییان لە بورسا کرد.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چیا محەمەدی، چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سنە، لەلایەن لقی 4ی دادگای پێداچوونەوەی ئەو شارە، بە سەرۆکایەتی دادوەر تەیاریەوە، بە 6 ساڵ زیندان مەحکووم کرا. ئەو چالاکە ژینگەپارێزییە، پێشتر لەلایەن لقی 1ی دادگای ئینقلابی سنەوە بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرابوو.[5]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری شارەدێی سەعدیە لە سنوری خانەقین ئاشکرای دەکات: لە دوای ڕزگارکردنی ناوچەکە لە شەڕی داعش تاوەکو ئێستا کوردەکانی سنورەکە نەگەڕاونەتەوە زێدی خۆیان و ڕێژەی کورد بۆ 5 لە سەد کەمبووەتەوە.[1]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەوە، لە سلێمانی ماراسۆنی پاڵپشتی توشبووانی شێرپەنجە سازدەکرێت و درێژترین قردێلەی شێرپەنجە لە جیهاندا نمایش دەکرێت.[3]
- لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی شێرپەنجەدا لە شاری سلێمانی ماراسۆنێک بۆ پشتیوانیکردن لە نەخۆشانی شێرپەنجە ڕێکخرا.[2]
- بەهۆی ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتییەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی گشتیی یەکێتی ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پارتی بەهۆی کارکردنەوە بەرز ونزمیی زۆر تێدەکەوێت و گوتیشی ئەوەش شتێکی ئاساییە، چونکە ئێمە یەک حیزب نین، بەڵام گرنگە پارتی و یەکێتیش ئاگایان لەوە بێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاڕاستەیان نەکەن، چونکە مەرج نییە ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وروژێنرا بەو جۆرەبێت، دەبێت بڕیارەکان لەسەر بنەمای بەدواداچوون و مەنتیق بدرێن.[2]
- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە نوسراوێکدا داوای لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە پرۆسەی تۆمارکردنی ناوی کەمئەندامان بۆ بڕینەوەی مووچە دەسپێبکاتەوە کە ژمارەیان نزیکەی 30 هەزار کەس دەبێت.[1]

- یوسرا ڕەجەب، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاشکرای دەکات، کە نووسراوێک ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆی عێراق دەکات لەبارەی هێرشەکەی سەر مەخموورەوە و پێیان ڕادەگەیەنێت کامپی مەخمور بەشێکە لە عێراق و نابێت چیتر بێدەنگبن.[4]
- قائیمقامی چەمچەماڵ لەبارەی تەقەکردن لەتانکەری غاز روونکردنەوە دەدات و ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، ڕووداوەکە کێشەی کۆمەڵایەتی بووە.[3]
- لە دوو سێ ڕۆژی ڕابردوودا چەند هاوڵاتییەکی کوردی هەرێم کە لە وڵاتی چین دەژین، لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتییەوە گەڕاونەتەوە بۆ هەرێم، بەڵام ڕاگیراون و خراونەتە ژێر چاودێرییەوە تا دڵنیا ببنەوە لەوە هەڵگری هیچ جۆرە ڤایرۆسێک نین.[1]
- هاوڵاتیانی عەربەت دژی کەمیی کارەبا و نەوت ڕژانە سەر شەقام و ڕێگا سەرەکییەکانی سلێمانی، هەڵەبجە و گەرمیان-یان داخست.[4]
- وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە کێڵگەی غازی کۆرمۆر بەرهەمهێنانی کارەبا 800 مێگاوات کەمیکردووە.[2]
- بڕیاربوو پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەک دژ بە کەمیی و گرانبوونی نرخی غاز و دابەشنەکردنی نەوت ئەنجام بدرێت، بەڵام لەلایەن پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکانەوە ڕێگرییان لێکرا و ڕێگا بە ئەنجامدانی نەدرا.[4]
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا باسی پێشێلکارییەکان بەرامبەر منداڵان لەلایەن هەموو هێزەکان لە عێراق لەنێویاندا هێزەکانی پێشمەرگە دەکات کە 34 منداڵیان کوشتووە. بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەش ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت، ڕاپۆرتەکە بێبنەمایە.[2]
- فراکسیۆنی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت، ڕەوانەکردنی هیچ هێزێک بۆ سنووری سلێمانی قوبڵکراو نییە و ئەو هێزەشی وەزیری ناوخۆی لەزاری مەسرور بارزانییەوە باسی ڕەوانەکردنی دەکات خۆی لەسلێمانی جێگیرە و سەر بەیەکێتییە، دەشڵێت، قەیرانی غاز بەهۆی کۆمپانیایەکی بێتواناوە سەریهەڵداوە و ئەرکی حکومەتە سوتەمەنی بۆ هاووڵاتیان دابین بکات نەک حزب.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لەبەردەم بینای یەکێتی کەمئەندامانی کوردستان لە شاری سلێمانی کەمئەندامان بۆ داواکردنی سوتەمەنی گردبووەنەوە.[4]
- ئەمڕۆ، هەریەک لەحزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان، سەردانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی-مەخموریان کرد، بۆئەوەی لە نزیکەوە لێکەوتەکانی ئەو هێرشە ببینن، کە چەتەکانی داعش کردیانە سەر کامپەکە و هاوخەمیان دەربڕی بۆ دانیشتوانی کامپەکە. لە ڕێکخراوی خانەوادەی شەهیدان، لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی گەلی مەخمور و سەرۆکی ئەنجومەنی عەشتار و ئەندامانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کامپەکە پێشوازی لە شاندی حزبەکان کرا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی هاوڵاتی عەلی مەنلای 65 ساڵان کە دوێنێ لە ئەنجامی تۆپبارانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانیدا لە گوندی ئاقیبەی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین شەهید ببوو، لە زێدی خۆی بە خاک سپێردرا.[6]
- سوپای دەولەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی ناوەندێکی سەربازی ڕوسیایان لە گوندی کشتهاری سەر بە ناوچەی شەڕا تۆپباران کرد.[6]
- شەرڤانانی ئەنجومەنی سەربازی باب و منبج، بە خۆڕاگرییەکی پۆلایینەوە، هێرشێکی گروپی چەتەکانی 'کالکان فورات'یان بۆ سەر گوندەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی منبج تێکشکاند.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنا لە چین تا ئێستا 20 بازرگانی کورد لەو وڵاتەن و تا ئێستاش نەگەڕاونەتەوە بۆ کوردستان.[1]
- سەرۆککۆماری تورکیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە هاوتا ڕووسییەکەی ڕاگەیاندووە، لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەو هێرشەی کرایە سەریان لە سووریا، بە توندترین شێوە بەرگری لە خۆیان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| پارت / لایەن: | حزبی شیوعی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | منبج |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-02-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-02-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-04

کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:15 2020-01-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 37

**2020-02-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376645




باکووری کوردستان
- لەکاتی رزگارکردنی دوو کەسدا لە شاری وانی باکوری کوردستان، 50 کەس دەبن بەژێر هەرەسی بەفرەوە. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە نزیکەی 30 کەس گیانیان لەدەستداوە کە زۆربەیان جەندرمە و ئەندامانی تیمی فریاکەوتنن.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەندامێکی گرووپی شاخەوانیی چلچەمەی سەقز، بە ناوی تۆفیق ئەمین پەنا، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا. ئەو ئەندامەی گرووپی شاخەوانیی چلچەمە پاش چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوە، ئازاد کرا.[7]
- لاوێکی کورد بە ناوی ڕەزا ئیبراهیمی کوڕی ئەمیر عەلی، خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو لاوە کوردەیان دەسبەسەر و بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کراوە.[7]
باشووری کوردستان
- درەنگانی شەوی رابوردوو، ئاگرێک لە بەشێک لە وێستگەی کۆرمۆر کەوتۆتەوە. ئاگرەکە هیچ زیانێکی گیانی و ماددی بەدواوە نەبووە و لەئێستادا وێستگەکە بەهەمان توانای جارانەوە کارەبا بەرهەمدەهێنت.[2]
- شەوی رابردوو لەنێوان شارۆچکەی دوکان و خەلەکان تەقە لە دوو تەنەکەری گواستنەوەی غازی شل دەکرێت، قایمقامی دوکان دەڵێت بۆ دۆزینەوەی تەقەکەرەکان دەستمان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کردووە.[3]
- بەدروشمی بوەستە بەرامبەر سوکایەتیکردن دژ بە ژنان، لەسلێمانی پانێلێک بۆگفتۆکردن سەبارەت بەدۆزینەوەی میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی سوکایەتی و بێڕێزی بەژنان و پیاوان لەهەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت.[5]
- گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر لەدژی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی 15 شوبات بە دروشمی 'هەستە سەرپێ، گۆشەگیری تێکبشکێنە، فاشیزم بروخێنە و کوردستان ئازاد بکە. لە سلێمانی، کەلار، پێنجوێن و سەید سادق، پۆستەر و وێنەی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە سەر دیوار و شوێنە گشتیەکاندا هەڵواسی.[1]
- ژمارەیەک لەدەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکان کە ناویان لە لیستی دامەزراوانی پەروەردەدا بوو، گردبونەوەیەکی نارەزایەتیان لەبەردەم بینای پەروەردەی کەرکوک ئەنجامدا. لەگردبونەوەکەدا، خۆپیشاندەران دژی هەڵوەشاندنەوەی لیستی دامەزراندنەکانی پەروەردە بوون و بڕیارەکەیان بە ناحەق دژی ناوچەکانی حەویجە و دەوروبەری وەسف کرد.[2]
- ئەمرۆ فێستیڤاڵی هەفتەی سپی لە پێنجوێن دەستپێکرد و بڕیارە لە ماوەی 7 رۆژدا چەندین چالاکی جۆرا و جۆری سەر بەفر ئەنجامبدرێن.[4]
- ئەمڕۆش، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هەمووارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوامە.[5]
- سەرۆکی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت: دانانی سیستەمی دژە مووشەکی پاتریۆتی ئەمەریکی لە کوردستان پەیوەندی بە رەزامەندی بەغداوە هەیە و ئەوانیش رەتیناکەنەوە.[2]
- شاندێک لە نوێنەرانی پارت و لایەنە سیاسیەکانی باکوری کوردستان لەگەڵ رۆشنبیر و نوسەرانی باشوری کوردستان لەشاری هەولێر دەربارەی یەکێتی و یەکریزی نەتەوەیی کۆ بوونەوە.[1]
- نزیکەی چوار مانگ پێش ئێستا گەنجێکی دانیشتووی گوندی بەرگرکە بە ناوی ئەحمەد محەمەد عەبدوڵلا، لەلایەن گەریلاکانی پەکەکە لە بناری قەندیل دەستگیر کرا، دوای هەوڵێکی زۆر لە ڕێگەی ریش سپی و کەسایەتییەکانی ناوچەکە ئازاد کرا.[4]
- بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی رۆشنبیری هەریەک لە کەناڵەکانی سرووشت، داهێن، کۆمەڵ، تەسەوف و یەکگرتوو2 داخران.[4]
رۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر گوندەکانی تەل مادیق و بەنداڤای هەرێمی شەهبا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا رایدەگەیێنێت، بە رێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی سەرێ کانێ و گرێ سپییان ئەنجامداوە.[3]
- بەهۆی هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر سووریا و کردنەئامانجی هێزە کوردییەکان لە ناوچەکە، ئەمریکا ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) لەگەڵ تورکیا دەوەستێنێت کە ئەم پرۆگرامە هاوکاربووە بۆ ئەنقەرە تاوەکو هێزە کوردییەکان، لەنێویاندا گەریلاکانی پەکەکە، بکاتە ئامانج.[3]
- کاربەرێکەری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عەمان رەتیکردەوە، دوای بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە و وڵاتە، هێزەکانیان بگوزارێنەوە بۆ ئوردن. دووپاتیشیکردەوە، ئەگەر بەغدا سوور بێت لەسەر دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە و وڵاتە، پێویستە قەرەبووی هەموو ئە و زیانانەی ئەمەریکا بکاتەوە، کە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق پێیگەیشتوون.[4]
- پشکنەری گشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش راپۆرتی وەرزیی خۆی پێشکەشی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد و تێیدا باسی لە ئۆپەراسیۆنەکانی تایبەت بە رووبەرووبوونەوەی داعش و چالاکییەکانی هاوپەیمانان لە نێوان یەکی ئۆکتۆبەر بۆ 31ی دیسێمبەری 2019 کردووە و لە راپۆرتەکەیدا هاتووە، ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردن لە کێڵگە نەوتییەکان هاوکاریی هەسەدە دەکات.[3]
- شانزدەیەمین کۆنفرانسی کورد-ی نێودەوڵەتی کە لە ژێر ناوی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد بەڕێوە دەچێت، کۆمیسیۆنی هاوڵاتییانی یەکێتی ئەورۆپا-تورکیا سەرپەرشتیی دەکات و هەر یەک لە فراکسیۆنی چەپ و چەپی باکور-سەوز، فراکسیۆنی سەوز، هاوپەیمانی ئازادی ئەوروپا و فراکسیۆنی هاوپەیمانی سۆسیالیست و دیمۆکرات کە دووەم گەورەترین فراکسیۆنە لە پەرلەمانی ئەوروپا، پشتیوانی لەو کۆنفرانسە دەکەن. هاوکات چەندین کەسی بەناوبانگی جیهانیش پشتیوانی لەو کۆنفرانسە دەکەن وەکو: دیسمۆند توگو خاوەنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ کە بە رەچەڵەک خەڵکی ئەفریقای باشوورە، شیرین عەبادی پارێزەری مافی مرۆڤی ئێران، جاگیر بیەنجا باڵیۆزی باڵای ئاشتی لە کۆنسەی ئەوروپا و سەرۆکی وەقفی مافی مرۆڤ-ی بیانجا، نوام چۆمسکی بیرمەند و زمانناسی جیهانی و لەیلا زانا خاوەنی خەڵاتی ساخارۆڤ و ئەندام پەرلەمانی پێشووی هەدەپە و چەندین کەسی بەناوبانگی جیهانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سووریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | دوکان |
| شار و شارۆچکەکان: | پێنجوێن |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-05
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-05
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-05
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-05
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-05
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 38

**2020-02-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376646


الجمهورية التونسية
وزارة الشؤون الثقافية
جمعية القطار للمسرح
الملتقى الدولي لمسرح الشارع القطار تونس
دعوة
في إطار تنظيم الدورة الرابعة للملتقى الدولي لمسرح الشارع بمدينة القطار قفصه تونس المنظم من طرف جمعية القطار للمسرح تتشرف بدعوة
فرقة شباب المسرح كلار كردستان العراق
للمشاركة في المسابقة الرسمية بعرض أعزاء الوطن
إخراج رزكار فقي محمد
في إطار المسابقة الرسمية للملتقى و ذلك من 06 إلى 10 فيفري 2020
تتكفل جمعية القطار لمسرح بتوفير الإقامة والتغذية طيلة أيام الملتقى
وتتكفل الفرق المشاركة بمصاريف سفرها من بلدانها إلى تونس
يقع استقبال الضيوف يوم 05 فيفري 2020 بمطار قرطاج الدولي تونس
في الختام تفضلوا بقبول فائق الاحترام والتقدير
رئيس الجمعية
مدير الملتقى

باکووری کوردستان
- فەرمانگەی کارەسات و فریاکەوتنی تورکیا ڕایگەیاند: ژمارەی قوربانیانی هەرەسی بەفر لە وان گەیشتووەتە 33 کەس.[2]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ عەتا شێخ حەسەن، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لە سلێمانی کۆچی دواییکرد.[3]
- دوای دانیشتنی دووەمی دادگا، دادگای کەتنی چواری هەولێر بڕیاری بێتاوانی مەلا مەزهەری دا و 30 ڕۆژیش لەبەردەم سکاڵاکارانادایە بۆ تانەدان لە بڕیارەکە.[3]
- بە بڕیاری دادگای هەولێر مەلامەزهەر خۆراسانی سەربەستکرا و ژنانی چالاکوانیش تانە لە بڕیارەکە دەدەن و سکاڵایەکی دیکەی لەدژ تۆمار دەکەن.[6]
- بەڕێوەبەری بەڵگەی تاوانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کەیسی ئامانج بابانی دەڵێ گومانیان لە کەیسەکەی ئامانج بابانی هەیە و نەدەبوایە پەلەبکرێت لە خستنەڕووی ئەنجامەکان و دەشڵێت لەوانەیە کەیسەکەی خۆکوژی نەبووبێت.[3]
- خانەوادەی لانە محەمەد کە لەگەڵ منداڵەکەیدا لەڕووداوێکی خۆکوژی لەلایەن ئامانج بابانی هاوسەرییەوە کوژران، سەرجەم وتەکانی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەڵگەی تاوانی هەرێم ڕەتدەکەنەوە و ڕاشیدەگەیەنن: جوڵاندنی کەیسەکە لەمکاتەدا بۆ پەردەپۆشی حساباتی سیاسییە نەک خەمی

ئەوان.[5]
- تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر رایگەیاند، ژمارەی گەشتەکان بە گشتی لە فڕۆکەخانە بەرزبووەتەوە، لە بارەی کارگۆش هاتووچۆ و بڕی تەن بە نزیکەی 46% زیادی کردووە.[4]
- ئازاد تەها وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی دهۆک رایگەیاند: بەیانی ئەمڕۆ لەرووداوێکی هاتوچۆدا لە سنوری شارۆچکەی بەردەرەش لە نزیک گوندی گردەپان لەرووداوێکی هاتوچۆدا کەسێک گیانی لەدەستدا. وتیشی: ئەو کەسە ناوی حەجی ئیسماعیل دووبەردانیە و بەرپرسی ژووری پارێزەرانی پارێزگای دهۆکە.[5]
- ئەنجومەنی گەلی دیموکراتی کامپی پەنابەرانی شەهید رۆستەم جودی- مەخموور، لە مەراسیمێکدا سپاسنامەی پێشکەشی د. بلانکرس کرد کە ماوەیەکە هاوکاری خەڵکی کامپی مەخمور دەکات. لە مەراسیمەکەدا، سپاسنامەکە لەلایەن چیچەک جەنگیز هاوسەرۆکی ئەنجومەنی گەل درایە د. بلانکرس، جەنگیز پێش پێشکەش کردنی سپاسنامەکە وتی: د. بلانکرس هاوکاری خەڵکی لێقەوماوی کردووە، لە هۆڵەنداش لەناو کار و خزمەت جێی گرتووە، چەندین جار سەردانی کامپی مەخمور و رۆژئاواشی کردووە، لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە 'د. بلانکرس'مان بە شایستەی ئەم سپاسنامەیە زانی.[6]
- بۆ جارێکی دیکە تەقە لە ژمارەیەک تەنکەری گواستنەوەی غاز کراوە لە نزیک کێڵگەی کۆرمۆر لە چەمچەماڵ و هێزەکانی پاراستنی کیڵگەکەش وەڵامی سەرچاوەی تەقەکەیان داوەتەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە دوێنێ شەوەوە تاوەکو بەرەبەیان بە چەکی قورس و تۆپخانە هێرشی کردە سەر هەرێمەکانی شەهبا و تەل رەفعەت. لەو هێرشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی تەل رەفعەت و ناوچەی شەرای عەفرین بۆردومانکراون. ئەو هێرشانە لە کاتژمێر 00:30 ەوە دەستیانپێکرد و گوندەکانی شێخ عیسا، بێلونیا، عەین دەقنە، شێخ خەلیل و لە ناوچەی شەرا و گوندەکانی مالکییە، شووارخا، تات ماراش لە ناوچەی تەل رەفعەت کرابوونە ئامانج. بەرە بەیانیی ئەمڕۆش هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ماتهانا فەیسەل و تل ئاجار لە ناوچەی شەرا و شارۆچکەی دێر جەمیل لە ناوچەی تەل رەفعەت.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجوومەنی دەنگدەرانی باشووری شلسویگ (SSW)، کە نوێنەرایەتی دانیمارکییەکان و پێکهاتەی فریز لە باکووری ئەڵمانیا دەکات، سەردانی پەرلەمانی ویلایەتی شلسویگ – هۆستینی کرد و داوایکرد قەدەغەکاریەکانی سەر پەکەکە لاببرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-06
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-06
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-06
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-06
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-06
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 39

**2020-02-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376647




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی زانیاریەکانمان لە ڕۆژی سێشەمەوە تا ئەمڕۆ سوپای پاسداران ڕێگەی بە ئەنجامدانی ڕێورەسمی پرسەی شەهید ئەحمەد مورادپووریان نەدەدا. لەگەڵ فشارەکانی ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئێران، خانەوادەی شەهید ئەحمەد مورادپوور پرسەیان دانا. خەڵکی گوندەکانی مەلهەم و میهەندوستی سەلماس، ماکۆ، کوتول و ورمێ و خانەوادەی شەهید بەشداریان لە پرسەی شەهید ئەحمەد موردادپور کرد و هاوخەمی خۆیان بۆ شەهیدی ئازادی گەلی کورد پیشاندا.[2]
باشووری کوردستان
- چلەی ماتەمینی هونەرمەند و میدیاکار ئاسۆ عومەر سوارە لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت و هاوکات باخچەی ئاسۆ عومەر سوارەش دەکرێتەوە.[1]
- چەکدارانی داعش لە سنووری خانەقین هێرشیان کردە سەر گوندی عەلی سەعدوون و بەو هۆیەوە باوکێک و دوو کوڕی برینداربوو، پاشان یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی تەحریر ئەحمەد حسێن بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[3]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و لە گەڕەکی سەرشەقام، کاتژمێر 3:30 شەو لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراو، دەسترێژی گوللە لە ئۆتۆمبێلی ئامر فەوجێکی خانەنشینی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرا. داود حاجی قارەمان کە دانیشتوی شارۆچکەی کەسنەزانە و بەمەبەستی بەشداری کردن لە پرسەی خوشکێکی گەڕاوەتەوە چەمچەماڵ، تەقە لە ئۆتۆمبێلەکەی کراوە و لە ئاکامدا زیانی ماددی بەر ئۆتۆمبێلەکەی کەوتووە.[4]
- کچێکی تەمەنی 13 ساڵ، بەناوی (ب. ر. ح) دانیشتووی شارەدێی خەلیفانی سەر بە شارۆچکەی سۆران، بەهۆی بەرکەوتنی گوللەی دەمانچە، گیانی لەدەستدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و گروپە چەتەکانی بە تۆپخانە بەنداوی شەهبا و گوندی تل مەدیقەیان لە شەهبا بۆردومانکرد. بەپێی زانیارییەکان، بەلانیکەمەوە لەو بۆردومانەدا 10 گوللە تۆپ بەر بەنداوەکە و گوندەکەی دەوروبەری کەوتون.[2]

- شاندێکی کۆمیسیۆنی مافی منداڵانی رووسیا سەردانی رۆژئاوای کوردستانی کرد، 35 منداڵی رووسی داعشیان وەرگرتەوە، سەرۆکی شاندەکە رایگەیاند، هەموو منداڵە داعشەکانیان لە عێراق وەرگرتوونەتەوە، ئێستاش دەیانەوێت بەهەماهەنگی لەگەڵ رێڤەبەری خۆسەر منداڵە رووسەکان لە باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا بگەڕێننەوە وڵاتەکەیان.[3]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک هێرشی کردووەتە سەر ناوچەی تەل تەمر. راگەیەنرا بە هۆی هێرشەکەوە 6 شەرڤانی ئەنجومەنی سەربازی تەل تەمر شەهید بوون.[2]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد، هێزەکانی ئەمەریکا دەستیان بە دروستکردنی بنکەیەکی سەربازیی نوێ لە گەڕەکی گوێران لە باشووری پارێزگای حەسەکە کردووە. روانگەی سووری روونیکردووەتەوە، شوێنی دروستکردنی بنکە سەربازییەکە پێشتر بنکەیەکی بەرگری بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بوو.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ستراسبورگی فەرەنسا لەبەرامبەر بالەخانەی پەرلەمانی ئەورووپا چالاکیەک ئەنجامدرا و ئەحمەد توران کلچ شەرمەزارکرا. چالاکیەکە لە لایەن کۆنفیدراسیۆنی یەکینەکانی عەلەویەکانی ئەورووپاوە ئەنجامدرا و ڕاگەیەنراوێک خوێندرایەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا باسی ئەوەکرا، ئەوان بڕیارەکە ناناسن و تاوانبارانی کۆمەڵکوژیەکە سێواس، تاوانیان لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجامداوە.[2]
- بە گوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵی ئەمەریکا تێچووی جەنگی وڵاتەکە لەگەڵ عێراق لەساڵی 2003ەوە تا 2019 نزیکەی دوو ترلیۆن دۆلار لەسەر وڵاتەکە کەوتووە، و تێچووی جەنگی دژی تیرۆریش لە عێراق، سووریا، ئەفغانستان و پاکستان لەسەر ئەمەریکا گەیشتووەتە نزیکەی 6 ترلیۆن و 300 ملیار دۆلار، کە ئەو بودجە زەبەلاحەش بۆ ئەمەریکا بودجەی وەزارەتی بەرگری تێپەڕاندووە، بە جۆرێک چەندین جار ناچار بووە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی قەرز وەربگرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-07
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-07
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-07

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 40

**2020-02-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376648




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو لاوی تەمەن 16 ساڵ بە ناوەکانی حەمید ئەژدەری کوڕی مەحموود و ئوسامە بامداد کوڕی ئارام، خەڵکی گوندی نێی مەریوان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. دەسبەسەرکردنی ئەو دوو لاوە کوردە بەبێ بەڵگەی یاسایی و لە باشگای وەرزشی لەگەڵ ئەزیەت و ئازاردانیان ڕوویداوە.[4]
- لاوێکی کورد بە ناوی ئەمیر موجیب کوڕی عەلی، خەڵکی ورمێ، لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو لاوە کوردە، بەهۆی ئەوەی کە ئاڵای کوردستانی لەگەڵ بووە، لە سێرێیانی سرو لە ناوچەی سۆما و برادۆست دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هەروەها هێزەکانی سپای پاسداران دەستیان بەسەر ماشینی کەسیی ئەو لاوە کوردەدا گرتووە.[4]
باشووری کوردستان
- لە سەیدسادق چوار کەسی تورک لەکاتی دزییکردن لە دووکانی ئاڵتونفرۆشیی دەستگیرکران، کە بەنیازبوون لە تورکیا ئاڵتونەکان ساغ بکەنەوە.[1]
- لەسەر ڕێگای چیای پیرس لە شارەدێی دینارتە لە سنووی ئاکرێ بەهۆی باران بارینی زۆرەوە بەشێک لە شاخی داڕماوە و ئاستەنگ بۆ هاتووچۆ دروستبووە. هاووڵاتی و شوفێران ترسیان لەوە هەیە کە داڕمانی زیاتر لە شاخەکە ڕووبدات، بۆیە بە ترسەوە هاتووچۆ بەو ڕێگایەدا دەکرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی دوێنێ شەو بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ئەدیکۆ و چەلەبێ لە گرێ سپی. شەڕڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک (قەسەدە) لەو هێزە داگیرکەرەیاندا. لەو هێرشەدا 6 چەتە کوژران و جبەخانەی چەتەکانیش لەلایەن شەڕڤانانەوە دەستی بەسەردا گیرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی داواکاری گشتی ئەدەنەدا، پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هونەرمەند ئیلیاس ئارزوو و ژیان ساقجی و لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا دەستگیرکران. هەروەها پۆلیسی تورک دەستیان بەسەر هەندێک کتێب و کەلوپەلی هونەرمەندانیاندا گرت. لەگەڵ ئەوەشدا پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ناوەندی دەم موزیک. دوای پشکنین هەردوو هونەرمەندەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئەدەنە گواسترانەوە.[2]
- لە ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئەڵمانیادا بۆ ئەنگێلای مێرکل ڕاوێژکاری وڵاتەکەیان، ناوچە ئارامەکەی دەوڵەتی تورک لە باکوور – ڕۆژهەڵاتی سوریا بە ناوچەی داگیرکراو ناوی هێنراوە. ئۆپۆزسیۆنی ئەڵمانیاش لە دژی پشتیوانییەکانی مێرکلن بۆ تورکیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⭕ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⭕ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⭕ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⭕ سەیدسادق (شارەزوور)
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-08
کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 41
**2020-02-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376649



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو 13 هاوڵاتی ویستویانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە شێوەی نایاسای خۆیان بگەیەننە شاری وان، بەڵام بەهۆی سەرما و سۆڵە و زۆری بەفرەوە، لەنزیک ناوچەی چاڵدیرانی وان ڕەقبوونەتەوە. سێ لەو هاوڵاتیانە کوردی ڕۆژئاوای کوردستان و دانیشتوی شاری کۆبانی بوون و ئەوانی تریش ئەفغانی بوون و دەیانویست وەک پەنابەر ڕوو بکەنە ئەوروپا.[2]
- جارێکیتر قەدەغەی هاتوچۆ لە وان درێژکرایەوە. ماوەی 3 ساڵ و 2 مانگ و 18 ڕۆژە قەدەغەکاریی دەوڵەتی تورک لە وان بەردەوامیی هەیە.[1]
- چەکدارەکانی دەوڵەتی تورک لە نیوەشەودا لە ناوچەی ئارتوکلوی مێردین هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و 4 کەسیان دەستگیرکرد. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان ناوی عەبدولقادر چالهان بوو و لەلایەن چەکدارەکانی دەوڵەتی تورکەوە برا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە مێردین، کە 3 منداڵی عەبدولقادر لە ئێستادا لە زینداندان و هەروەها کوڕێکی عەبدولقادریان بە ناوی عەبدولا چالهان دەستگیرکرد. پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک ماڵەکەی چالهانیان تێکوپێکدا و باوکی چالهانیان بە زەویدا ڕاکێشا. لەو هەڵکوتانەی پۆلیسی دەوڵەتی تورکدا ئۆزگیور بولوت ئەندامی ئەنجومەنی گەنجانی هەدەپە و کەسێکی تر، کە تا ئێستا ناوەکەی نازانرێت و میوانی ماڵەکە بووە دەستگیرکراون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری سەرۆکی زانکۆی پزیشکیی سنە بۆ کاروباری تەندروستی ڕایدەگەیێنێت، بەئەگەری تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کەسێکیان لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دەستنیشانکردووە و نموونەی خوێنەکەیشیان بۆ تاران ناردووە.[3]
باشووری کوردستان
- بەهۆی خراپیی کەشوهەواوە، لە سەرجەم سنووری پەروەردەکانی سۆران، چۆمان و ڕواندز

سبەینێ کرایە پشووی فەرمی.[1]
- هابیل حاجی ئەحمەد بەڕێوەبەری مۆنۆمێنتی ئەنفال لەچەمچەماڵ ئەمڕۆ رایگەیاند: ئە و 171 رووفاتەی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان کە لەبیابانەکانی باشوری عێراق لە (تەڵعەت ئەلشەیخییە) دەرهێنرایەوە ئیش و کارەکانی لەپزیشکی دادی بەغداد تەواو بووە و لە ئێستادا لە ئامادەکاریداین بۆ هێنانەوەی ئێسک و پروسکی رووفاتە پیرۆزەکانیان و لەمۆنۆمینتی ئەنفال لەچەمچەماڵ بەخاک دەسپێردرێن.[2]
- بەهۆی دەستپێکردنی بەفربارینەوە، تیمەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی پێنجوێن کەوتنە حاڵەتی ئامادەباشیەوە و هۆشداریش دەدرێت بە شۆفێران، هاوکات لەئێستادا رێگەی سەیرانگەی بلکیان کە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی شارۆچکەی پێنجوێن جێگەی مەترسییە. بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرما بۆ 15 پلەی ژێر سفر، سبەی دووشەممە لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی سنووری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن کرایە پشووی رەسمی.[2]
- لە شارەدێی حاجی ئۆمەرانی سەر بەشارۆچکەی چۆمان، لەسنووری پارێزگای هەولێر، رێژەیەکی زۆر بەفر باریوە و پلەکانی گەرما دابەزیون بۆ 19 پلە ژێر سفر، بەهۆیەوە هاتووچۆی شتومەک و گەشتیاران لە دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەران ڕاگیراوە.[6]
- کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکێتی بۆ پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆ بەردەوامەو تائێستا 50 ماددەی پەیڕەوەکە پەسندکراوەو بەکۆی دەنگی ئەندامانیش سەرکردایەتیش ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی گۆڕدرا.[5]
- هێزی پێشمەرگە لە دەوروبەری گوندی زنانەی سەر بە شارۆچکەی کفری، ئۆپەراسیۆنێکی دژ بە جموجۆڵەکانی داعش ئەنجامداوە و رووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێشمەرگە و گرووپێکی سەر بە داعش روویدا، بەڵام گرووپەکە هەڵاتن و ناوچەکەیان جێهێشت.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیاندراوێکدا دەڵێ: تەواوی دانیشتوانی ئازیزی ناوچە شاخاوییەکان لە قەزا و ناحیە و گوندەکان و تەواوی سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەوروبەریان ئاگادار دەکەینەوە، لە سەرمایەکی زۆر توند و دابەزینی پلەکانی گەرما و کەوتنی شەختە، بە بەتایبەتی لەماوەی سێ رۆژی داهاتوودا.[4]
- سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، رایگەیاند ئەو کلۆرەی دەکرێتە ئاوی سلێمانییەوە لەساڵی 2018 وە بەسەر چووە و تا ئێستاش بەکاردێت، دەشڵێت، لەرێگای ئەنجومەنی پارێزگاوە داوایان لە داواکاری گشتی سلێمانی کردووە، کە رێکاری یاسایی بگرنەبەر لەسەر ئەو پرسە.[6]
- لەزانکۆی گەرمیان، تاقیگەیەکی زانستی کرایەوە، کە پێکهاتوە لە 38 تاقیگە و 90 ژوری تایبەت بە ئۆفیس و لەسەر ڕوبەری زیاتر لە 11 هەزار مەتر چوارگۆشە بە بودجەی زیاتر لە 7 ملیۆن دۆلار دروستکراوە، بەیەکێک لە گەورەترین تاقیگە زانستییەکانی ناوچەکە دادەنرێت.[6]
دەرەوەی کوردستان
- رێپێوانە بەرفراوانەکەی دوێنێی شاری فرانکفۆردی ئەلمانیا بۆ ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ئەمڕۆش لە دووەم رۆژیدا بەردەوام بوو، لەم چوارچێوەیەدا هێزەکانی پۆلیسی ئەلمانیا هێرشیان کردە سەر چالاکەوانانی رێپێوانەکە و سێ گەنجیان دەستگیر کرد.[1]
- حکومەتی سوریا رەزامەندی دەربڕیوە بۆ سازدان و ئەنجامدانی کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە).[2]
- وەزیری رۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەواری عێراق رایدەگەیەنێت، هەردوو ئەرشیفی ئەنفال و جووەکانی عێراق، کە ئێستا لە ئەمەریکان دەگەڕێندرێنەوە وڵات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛️ پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛️ پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛️ پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: رواندز
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-02-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-02-09


کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 42

**2020-02-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376650




باکووری کوردستان

- لە دەوروبەری دەریاچەی وان زیاتر لە 30 پەنابەر کە بە تەنها هێلرابوونەوە، بەرلەوەی لە سەرمادا رەقببنەوە دۆزرانەوە. بە پێی زانیاریەکان پەنابەران بە کەشتیەک بەرەو بەدلیس دەچوون و لە نزیک ناوچەی وەستان لە دەوروبەری دەریاچەی وان بە تەنها بەجێهێلرابوون.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابرووودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی محەممەد فەقیزادە، خەڵکی پیرانشار، بەهۆی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران لە کاتی کۆڵبەریدا پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ لە سنوورەکانی پیرانشار لەلایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە تەقەی لێکرا. محەممەد فەقیزادە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراوە و بارودۆخی تەندروستیی ناوبراو نالەبار ڕاگەیەندراوە.[8]

باشووری کوردستان

- سلێمانی و خاکی، ئەلبومێکی وێنەیی دۆکیۆمێنتاری مێژوییە لەسەر شاری سلێمانی، لە نوسین و ئامادەکردنی هونەرمەند ئاسۆ عومەر سوارەیە، سەعات 3:30 دەقیقەی پاش نیوەڕۆ لە ڕێورەسمێکدا لەهۆڵی خاک بڵاو دەکرێتەوە.[1]

- وتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان رایدەگەیەنێت: لە دوای راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا حەوت کادیر و ئەندامیان لە هەرێمی کوردستان بێ سەروشوێنن، داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات دۆسیەی ئە و کادیرانەیان یەکلایی بکاتەوە.[4]

- سەنتەری میدیایی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیێنێت، بۆ نەهێشتنی چەکدارانی داعش لە ناوچەکە، هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش و هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنێکیان دژی داعش لە چەند ناوچەیەکی دەڤەری گەرمیان ئەنجامدا و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەکیش بەسەختی برینداربووە.[5]

- لەپێناو نەهێشتنی مەترسییەکانی چەتەکانی داعش لەسنووری شارەدێی گوڵاڵە و ڕۆژئاوایی خانەقین و شارەدێی کۆکس، سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە کۆبونەوە و بڕیار درا، چەند خاڵێکی سەربازی لەناوچەکە لەلایەن سوپای عێراقەوە بەدرێژایی 5 کیلۆمەتر دابنرێت.[7]

- بەهۆی ئەو شەپۆلەی بەفربارین و سەرمایەی کوردستانی گرتووەتەوە، هاتووچۆ لە چەند ناوچەیەک ئەستەم بووە و رێگای هەولێر - دهۆکیش داخرا.[2]

- بەهۆی شەپۆلی بەفربارین و سەرما، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران وەستا و گەشتیارانیش بەشێک لە رێگاکە بە پیادەڕۆ دەبڕن.[6]

- بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما، زۆرێک لە پەروەدەکان و فەرمانگەکانی باشووری کوردستان، سبەینێیان کردە پشووی فەرمی.[2]

- بەڕێوەبەری ئاوی دەوروبەری سلێمانی لێدوانی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەدرۆ دەخاتەوە کە وتبووی بەشێکی دانیشتوانی سلێمانی ژەهراوی کراون، راشیدەگەیەنێت: ماددەی کلۆر بەسەر ناچێت و بەپێی ئەو پشکنینانەی تائێستا بۆ ئاوی خواردنەوەی ماڵان کراوە ئاوەکە تەندروستە و رێژەی کلۆرەکەش دەرچووە.[1]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لەهۆڵی بۆنەکان، لەشارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، مەراسیمێکی شکۆدار بۆ بەرز راگرتنی چلەی ماتەمینی شەهید زەردەشت گەرمیانی بەڕێوەچوو، کە لە بەرخۆدانی سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، دژ بە دەوڵەتی تورک و چەتەکانی شەهیدبوو.[7]

ڕۆژئاوای کوردستان

- تەقینەوەیەک لە شاری عەفرین روویدا، بەهۆیەوە 8 کەس گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەک کەسی دیکەش برینداربوون.[2]

- هاوڵاتیانی منبج تەرمی ئەبرام منبج شەرڤانی ئەنجوومەنی سەربازی منبجیان بە مەراسیمێک لە گۆڕستانی شەهیدانی منبج بەخاکسپارد.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سوپای سووریا لە ئیدلب هێرشێکی کردەسەر هێزەکانی تورک وە بووە هۆی کوژرانی پێنج سەربازی تورک و برینداربوونی پێنجی دیکە.[2]

- تورکیا رایگەیاند، هێزەکانیان لە ئدیلب پێگەکانی سوپای سووریا بە چڕی و بێ پچڕان بۆردومان دەکەن، ئەمەش دوای ئەوەی 5 سەربازی تورکیا لە هێرشێکی تۆپخانەکانی سووریا بۆ سەر خاڵێکی چاودێریان لە ناوچەیەکی ئە و پارێزگایە کوژران و 5ی دیکەش بریندار بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-09
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-10
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-10

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 43

**2020-02-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376651



باکووری کوردستان

- دیسانەوە پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ قەدەغەکاریی بۆ 5 ناوچەی جۆلەمێرگ بە پاساوی ناوچەی ئەمنیی تایبەت ڕاگەیاند و هەموو جۆرە هاتن و ڕۆیشتنێکی هاووڵاتییانی لەو ناوچانە قەدەغەکرد. ئەو پارێزگارەی دەوڵەتی تورک ڕایگەیاندووە، قەدەغەکارییەکە لە ئەمڕۆوە 11ی شوبات دەستپێدەکات و تا 25ی شوبات بەردەوامیی دەبێت.[1]

- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، بەمەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا، داواکارییان پێشکەشی داواکاری گشتی پۆرسە کرد.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردیپێدیا لە ڕۆژهەڵات و ئێران لەلایەن دەستەڵاتدارانی ئێرانەوە فیلتەرکرا.

- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری ورمێ بە ناوی ئازاد عەزیزی کوڕی عومەر، بەهۆی هەڵگرتنی پلاکاردێک کە لە سەری نووسرابوو، من دەنگ نادەم لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]

باشووری کوردستان

- بەهۆی بەفربارینی زۆرەوە سنووری سێمیلکای نێوان باشوور و ڕۆژاوا داخرا.[2]

- ئەمڕۆ یارییەکانی گەڕی 11ی خولی پلە یەکی کوردستان بەڕێوەچوون و یانەی چەمچەماڵ بلیتی گەیشتن بە خولی نایابی کوردستانی بەدەستهێنا.[3]

- وەزیری دەرەوەی عێراق گەیشتە سلێمانی و لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان وتی کردنەوەی نووسینگەی ڕاستاندن لە پارێزگای سلێمانی هاوکارێکی باش دەبێت بۆ دانیشتوانی پارێزگاکە و دەوروبەری.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 16:40 بە کاتی هەرێمەکە گوندی سمۆقای سەر بە ناوچەی شەهبا تۆپباران کرا. لە لایەکی دیکەوە دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆش لە کاتژمێر 14:30 گوندەکانی ئوم ئەلخێر، تەیلا، مجێبلا شێرابی و درداری سەر بە تل تەمر تۆپباران کران. هەروەها لە کاتژمێر 11:40-یش گوندەکانی مجاریا شەراب کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی تل تەمر تۆپباران کرابوو.[1]

- بەپێی زانیاریی سەرچاوەکان لە عەفرینەوە، داگیرکەران لە گوندی کەمرۆک لە ناوچەی ماباتای عەفرین 2 کەسیان بە ناوەکانی جیهاد حەسەن ئیبراهیم و شیار محەمەد شۆتۆ ڕفاند.[1]

دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی مەدینەی منەوەرە هەواڵی دەستگیرکردنی مەلا عەلی کەڵەکی پشتڕاستکردەوە و ڕایگەیاند، ئەو کەسەی دەستگیرکراوە عێراقییە، ناوی عەلی مەحموودە و تەمەنی 50 ساڵانە و کوردە، بانگەشەی ئەوەی کردووە کە نەخۆشییەکانی خەڵک چاکدەکاتەوە.[3]

- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ڕەشنووسی بودجەی بۆ ساڵی 2021 بڵاوکردەوە، ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی هاوکارییە سەربازییەکانی بە بڕی 47 ملیۆن دۆلار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامی پێدەدات، بەڵام هاوکارییە داراییەکانی کە بەکاردەهێنرا بۆ پێدانی مووچەی پێشمەرگە ڕادەوەستێنێت. لە داهاتوو بە شێوازی ڕاهێنان و پڕچەککردن هاوکاری هێزەکانی پێشمەرگە دەکەن.[3]

- هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، بە هاوکاری سوپای تورکیا، هێلیکۆپتەرێکی جەنگیی سوپای سووریا دەخەنە خوارەوە.[4]

- وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕایگەیاند، لە بۆردومانەکانیان بۆ سەر پێگەکانی سوپای سووریا لە ئیدلب، 51 سەربازی سوپای سووریایان کوشتووە و دوو تانکی سەربازیشیان تێکشکاندووە و دەستیان بەسەر یەکێکی دیکەشدا گرتووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-11
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-11
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-11
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-11
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-13


کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 44

**2020-02-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376652


بۆ ئاگاداری
ناوەندی رۆشنبیریی ئەدیبان و نووسەرانی کەلار
لە یەکەم چالاکی خۆیدا بە بەشداری ژمارەیەك توێژەر و مامۆستایانی زانکۆ و شاعیران لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان دیداری (شیعرانە)بۆ شیعر و توێژینەوە بەڕێوەدەبات...
خۆشحاڵین بە ئامادە بوونتان.
رۆژانی ١٢-٢٠٢٠/٢/١٣
کات/ ١٠ای بەیانی
شوێن هۆڵی هونەر کەلار
ناوەندی رۆشنبیریی ئەدیبان و نووسەرانی کەلار

باکووری کوردستان
- لە وان 4 سیاسەتمەداری کورد بە ناوەکانی یادیشان کارابولوک هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەی وان، دیلان ییڵدز ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی هەدەپە، سەعید کلچ و ئیبراهیم سونگور ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک کە 10 شوبات ئازادکرابوون، جارێکیتر دەستگیرکران.[1]
- یەکینەکانی تۆڵەسەندنەوە، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ساڵیادی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی دژی عەبدوڵلا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە، لە چەندین شوێنی شاری ئامەد ئاڵای پەکەکە- یان هەڵواسی.[6]
- پۆلیسی تورک ئەم بەیانییە لە ناوەندی شاری ئاگری هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ. ئەرسین ئەرینچیک سەرۆکی لقی سەندیکای کرێکارانی شۆڕشگێڕی تورکیا (DÎSK)، ئیسماعیل چیفتچی هاوسەرۆکی ناوچەی ناوەندیی هەدەپەی ئاگری، عومەر تاش بەڕێوەبەری هەدەپە لە ناوچەی ناوەندیی ئاگری، سەبری تاشدەمیر ئەندامی ئەنجومەنی گشتیی شار و حامید تاشدەمیر بەڕێوەبەری پێشووی بەدەپەی ئاگری دەستگیرکران. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەریی ئاسایشی شارەکە و دەشوترێت ئەگەری ئەوە هەیە ژمارەی کەسە دەستگیرکراوەکان زۆر زیاترن.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان

- ئەسکەندەر لوتفی، ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان مەریوان، لەلایەن دادگای گشتییەوە، بە دوو ساڵ زیندانی، مەحکووم کرا. ئەو حوکمە لەلایەن ساڵح نیکبەخت پارێزەکەی پشتڕاست کرایەوە و بە وتەی ناوبراو لە کاتی موڵەتی یاسایی، بە نیسبەت ئەو حوکمە بەدواچوون دەکەین.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی ئیبراهیم محەممەدی لە گەڕەکی حاجیئاوای سنە و ناوبرایان دەسبەسەر کرد. هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، دەستیان بە شکاندنی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکەی کرد.[7]
باشووری کوردستان
- بە هۆی خراپی کەش و هەوا و بارینی بەفرێکی زۆر لە شارەکانی کوردستان، یارییەکانی گەڕی پازدەیەمی خولی نایابی تۆپی پێی کوردستان، کە بڕیار بوو سبەی و دوو سبەی ئەنجام بدرێت دواخرا.[4]
- بە ئامادەبوونی چەندین شاعیر و توێژەری هەرێمی کوردستان و دەرەوە دیداری شێروانە بۆ شیعر و توێژینەوە لە کەلار بەڕێوەدەچێت.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگای دهۆک راگەیاند: بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر و دابەزینی پلەکانی گەرما، سبەینێ لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە سنوری دهۆک پشووی فەرمی دەبێت.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی سلێمانی رایگەیاند لەبەر سەلامەتی گیانی خوێندکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران سبەی پێنجشەممە 13-02-2020 لەسەرجەم ناوەندەکانی سنووری بەڕێوەبەراتییەکەمان پشووە.[4]
- سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، مامەڵەی کۆتایی دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست دەستپێکردووە و نامەی دەستبەکاربوونیان نێردراوە بۆ وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بودجە و میلاک.[3]
- لوقمان لەتیف لێپرسراوی راگەیاندنی نەخۆشخانەی پێنجوێن رایگەیاند، بەهۆی ئە و شەپۆلە سەرمایەی کە رووی لە ناوچەکە کردوە و ئە و بەفرو بەستەڵەکەی کە هەیە لەماوەی ئەم دوو رۆژەدا نزیکەی 25 هاووڵاتی بەهۆی خزان و کەوتنەوە تووشی شکانی ئێسک و دەرچوون و درز و ئازار پێگەشتن بوون.[4]
- لە رێورەسمێکدا، ئەمرۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پۆست، لە نێوان پەخشان زەنگەنە ئەمینداری گشتی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان و خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی نوێی ئەنجوومەن بەڕێوەچوو.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندێکی سنووری قامشلۆی رۆژئاوای کوردستان، هێرشکرایە سەر هێزەکانی ئەمەریکا و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی ئەمەریکا و گوندنشینە عەرەبەکان روویدا.[5]
دەرەوەی کوردستان
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، دەتوانین تا کۆتایی ئەم مانگە سوپای سووریا لە ئیدلب دەربکەین و لە هەموو شوێنێکی سووریا هێرشبکەینە سەر رژێمی سووریا. راشیگەیاند، سووریا و رووسیا لە هێرشەکانیان بەردەوامن و ئێمەش بێ دەنگ نابین بەرامبەر هیچ پێشێلکارییەک.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-12
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-12


کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 45

**2020-02-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376653




باکووری کوردستان
- بەهۆی بارینی بەفرەوە ڕێگای نێوان سەدان گوند و شارۆچکە لە باکووری کوردستان گیراون.[3]
- هێزە تایبەتەکانی پۆلیس و دەستەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان لە وان و دەرگای ماڵەکانیان شکاند و 17 هاووڵاتی و سیاسەتمەداریان دەستگیرکرد. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان جەنگیز تەموی و ئەرهان بۆراک لە ناو کەسە دەستگیرکراوەکاندان. کەسە دەستگیرکراوەکان ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی وان کراون.[1]
- لە چەند ناوچەیەکی وان پلەکانی گەرما گەیشتوونەتە 35 پلەی سەدی لەژێر سفر، بە و هۆیەشەوە ڕێگەی هەزاران گوند داخراوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شادمان بەنی بەشەرخەڵکی شاری سنە، ئەندامی گرووپی شاخەوانیی چلچەمە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو چالاکە مەدەنییەیان دەسبەسەر کردووە. ئەو چالاکە مەدەنییە، لە ڕێگای تەلەفوونەوە، بنەماڵەکەی خۆی لە دەسبەسەرکرانی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە ئاگادار کردوەتەوە.[8]
باشووری کوردستان

- شەوی رابردوو لە گەڕەکی بەهاری خانەقین، چەکدارانی داعش، پێشمەرگەیەک بەناوی حەیدەر ئیحسان غوڵام شەهید دەکەن و سێ برا و باوکیشی بریندار دەکەن، کەسێکی دیکەش هەر سەر بەو خێزانە، بەهۆی ڕووداوەکە بریندار بووە.[6]
- بەهۆی بەفربارینەوە تەواوی قوتابخانەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە پشوویان وەرگرت.[3]
- بەگوێرەی بڕیارێکی وەزارەتی تەندروستی هەرێم، لەمەودوا هەناردەکردنی دەمامک لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە قەدەغەیە.[2]
- دوای ئەوەی چەند پێشمەرگەیەک ڤیدیۆیەکیان بڵاوکردەوە و رایانگەیاند کە لەنێو بەفر گیریانخواردووە و داوای بەهاناوەچوونیان دەکرد، فەرماندەیەکی پێشمەرگە رایگەیاند کە ڤیدیۆکە بە ئەنقەست بڵاوکراوەتەوە و ئەو ڕووداوە ڕاست نییە.[4]
- دوای هاتنی شەپۆلێکی سەرما و بەفربارین بۆ ناوچەکە، بەبڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 10 ملیۆن لیتر نەوتی سپی بۆ سنووری پارێزگای دهۆک تەرخانکراوە و بڕیارە ئەمڕۆ بەشێکی بگاتە پارێزگاکە.[4]
- بەناونیشانی ئێوارەیەکی تایبەت بەشیعرو موزیک و نامەکانی خۆشەویستی لەسلێمانی بەبۆنەی ڕۆژی خۆشەویستیەوە بۆهەریەک لەشاعیران (کەژاڵ ئەحمەد، کنێر عەبدوڵڵا و چۆمان هەردی) سازکرا.[5]
- لە هەولێر کۆنفرانسی عێراق، بۆ سەرژمێریی و ئامار دەستی بەکارەکانی کرد، کە لەژێر چاودێری سەرۆک وەزیرانی کاربەرێکەری عێراق بەڕێوە دەچێت و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت. لە کۆنفرانسەکەدا وەزیری پلاندانانی عێراق ئاماژە بەوە دەددات، سەرژمێریی بە ڕێگای ئەلیکترۆنی ئەنجام دەدرێت.[6]
- حزبی شیوعی کوردستان لە شاری سلێمانی مەراسیمێکی بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدی شیوعییەوە ڕێکخست و تێیدا بەئامادەبوونی کەسوکاری شەهیدان، یادی شەهیدانی شیوعی بەرز ڕاگیرا.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک، بە دەسپێشخەری کۆمیتەی ئازادی بۆ ئۆجالان، گردبوونەوەیەک دژی پیلانگێڕی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە 15-02-1999دا بەڕێوەچوو، کە بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدان دەستپێکرد.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەفر شاری قامیشلۆ و ناوچەکانی تری ڕۆژاوای کوردستانی گرتەوە.[3]
- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی دوێنێ شەو هێرشیان کردە سەر گوندەکانی ئەریشیا، قاسمییە و داودییە لە تلتەمر. شەڕڤانانی ئەنجوومەنی سەربازیی تلتەمر بە خێرایی و بە توندی بەرەنگاریان بوونەوە و شەڕێکی قورس ڕوویدا. لەو شەڕەدا 13 چەتە کوژران و چەندین چەتەی تریش بریندار بوون. شەڕڤانان دەستیشیان بەسەر چەک و تەقەمەنی و جبەخانەی ئەو چەتانەدا گرت.[1]
- سەرچاوەیەکی سەربازی تورکیا، ڕایگەیاند، هێزەکانیان لە ناوچەکانی دەوروبەری حەسەکە پاشەکشێ پێکردووە. سەرچاوەکە ڕایگەیاندووە، دوای کوژرانی ئەندامێکی تیمی هەواڵگری تورکیا، ئە و بڕیارەیان دەرکردووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی تورکی ئەتلەس گڵۆبەڵ دوای 18 ساڵ لە مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند و هەموو گەشتەکانیشی وەستاند.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |

شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-13
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-13
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-13
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-15

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 46

**2020-02-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376654



باکووری کوردستان
- لە ساڵیادی پیلانگێری نێودەوڵەتی لەدژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ژمارەیەک شاری باکووری کوردستان و تورکیا ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی بەڕێوەبرا. ژمارەیەک بەڕێوەبەر و گەنجی هەدەپەیی دەستگیرکران.[1]
- پاش 5 ساڵ لە ئامەد بەفر باری.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شارستانی سەقز، لە ساڵرۆژی گیانلەدەستدانی رەئووف شێخی، ئەندامی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، هێرشیان کردە سەر ماڵی بنەماڵەی ناوبراو و سێ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی بە ناوەکانی حامید شێخی، نەبی مەلاوەیسی و ئەیووب خانییان دەسبەسەر کرد. هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەم سێ کەسەدا، بێڕێزییان بە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کردووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە گرێ سپی و تەل تەمر هێرشی کردە سەر شوێنی نیشتەجێی هاوڵاتیانی مەدەنی. بە هۆی هێرشەکەوە ژمارەیەک ماڵ سووتان.[1]

دەرەوەی کوردستان
- لە ڕێوڕەسمێکیدا لە تاران، ئەندامانی بنەماڵەی محەمەدی ماملێ بە نوێنەرایەتی مەڵبەندی هونەریی ماملێ، خەڵاتی هونەریی ماملێ بۆ ساڵی 2020ی زایینییان پێشکەش بە هونەرمەندی کرماشانی، مامۆستا محەمەدڕەزا دارابی کرد.[3]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا بڵاویکردەوە، 65 سەربازی سوپای سووریایان لە ئیدلب کوشتووە.[2]
- لە هێرشێکی مووشەکی ئیسرائیل، چوار ئەفسەری ئێرانی و سێ سەربازی سووری کوژران. ئاژانسی سانای فەرمی حکوومەتی سووریا بڵاویکردووەتەوە، سیستمی بەرگری سووریا ڕووبەڕووی هێرشێکی مووشەکی ئیسرائیل بوونەتەوە بۆ سەر وڵاتەکەیان و ژمارەیەک مووشەکیان تێکشکاندووە. ئاماژە بەوەش کراوە، هێرشەکە درەنگانی شەوی ڕابردوو لە بەرزاییەکانی جۆلان ئەنجامدراوە.[2]


تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
:Quick Respons Code


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-14
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-15
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-15
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-16

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 47
**2020-02-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376655




باشووری کوردستان
- لەسەر داوای کۆسرەت رەسوڵ عەلی کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی دواخرا و سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکەش دەڵێت، هەڤاڵ کۆسرەت رەسوڵ سەفەرێکی چەند رۆژی دەکات و تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە کۆبوونەوەکان دوادەخرێن.[4]
- بۆ یەکەم جار لە شاری کەرکوک بارەگای یەکێتی کوردانی فەیلی کرایەوە.[1]
- لە سلێمانی و چەند شار و شارۆچکەیەکی تری باشوور، گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 15ی شوباتیان بەرێپێوان شەرمەزار کرد.[6]
- ئەو پێشمەرگانەی لە چیای کۆدۆی شارەدێی حاجی ئۆمەران کە بەهۆی بەفرەوە گیریانخواردبوو و داوای بەهاناوەچوونیان دەکرد، یەکێکیان دەستگیرکرا و مووچەی ژمارەیەکیشیان راگیرا.[2]
- ماوەی چوار رۆژە رێگەی زینی وەرتێ کە شارۆچکەکانی (سۆران، چۆمان، رواندز و رانیە) بەیەکەوە دەبەستێتەوە داخراوە و وادەی کردنەوەیان نادیارە.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ لەکاتی نوێژی بەیانی لە مزگەوتێکی شاری هەولێر کەسێک هێرشدەکاتە سەر پیاوێکی بەساڵاچوو و پۆلیسێک چەند چەقۆیەکیان لێدەدات، پۆلیسیش دەڵێت، هێرشکارەکە دەستگیرکراوە.[3]
- گرووپێکی 5 کەس بە 30 کیلۆ گرام ماددەی هۆشبەرەوە لەلایەن ئاسایشی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەستگیرکرا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر عەین عیسا و کامپی عەین عیسا.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بە ئۆبوس هێرشی کردە سەر دوو گوندی تەل تەمر.[1]
- بەبۆنەی ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی 15ی شوبات، کە تێیدا چەندین وڵاتی زلهێزی دونیا بەشداریان لە پیلانگێڕیی دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرد، بۆ ڕسواکردنی ئەو گەلەکۆمەیە، لە هەموو شارەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەرابەی دوکانەکان داخران.[6]
دەرەوەی کوردستان
- مایک پۆمپێۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە تویتێکدا سوپاسی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ پابەندبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی دامەزراوە و هاووڵاتییەکانیان لە هەرێمی کوردستان دەکات.[5]
- سەرچاوەیەکی دیپلۆماتکاری سەربازیی رووسی رایگەیاند، تورکیا لە ئیدلب لێشاوی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ چەکدارانی گروپی تەحریر الشام بەرەی نوسرەی پێشوو چڕکردووەتەوە.[5]
- جێگری سەرۆکی دەوڵەتی تورک جارێکی دیکە هەڕەشەی لە رژێمی سوریا کرد، کە تا کۆتایی ئەم مانگە بکشێنەوە بۆ پشت خاڵە چاودێرییەکانی سوپای تورک، بە پێچەوانەوە دژیان چەک بەکاردێنن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ تەلتەمر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ رواندز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سۆران |

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-02-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-15

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 48

## 2020-02-16

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376656



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەدیب کارچیک هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەی ناوچەی ئەسەنیورت. سەرەتا لە برازاکەی و براکەیاندا کە شێرپەنجەی هەیە و دواتر وتیان' ناونیشانمان هەڵە کردووە' و ماڵەکەیان بەجێهێشت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپێک لە زیندانیان سیاسی کورد کە بە بیانوی هاوکاریکردن لەگەڵ پەکەکە و پژاک لە زیندانەکانی ئێران سزادراون، لە بەرانبەر 21مین ساڵیادی پیلانگێڕیی نیودەوڵەتی لەدژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان بە مانگرتنی سمبولێک بۆ یەک ڕۆژ لە خواردن کرد.[1]
- لە خاڵی سیفری سنووری شاری نەوسود لە پارێزگای کرماشان، هێزە ئەمنییەکانی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر گرووپێک لە کۆڵبەران و لە ئەنجامی دەستڕێژی گوللەی ئەو هێزانە کۆڵبەرێک کوژراوە و هەشت کۆڵبەری دیکەش برینداربوون. ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە ناوی ئەحمەد سەحرایی تەمەن 24 ساڵ خەڵکی گوندی دشەی شاری پاوەیە و دوای ئەوەی بە برینداری گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی شاری پاوە، بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست داوە. ناوی ئەو کۆڵبەرانەش بریندارببوون، بریتین لە؛ جەبار محەمەدی، زاهد نوری، جەلال نوری، شاهد ئەداک، تاها سەلمانی، ڕەسول هۆشی و شادمان سەیدی، کە هەموویان خەڵکی گوندی کەلاشی جوانڕۆ لە پارێزگای کرماشانن، هەروەها عەزیم ئەمین زادە خەڵکی گوندی نرۆی سەربە شاری پاوە یەکێک دیکە لە بریندارەکانە.[6]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 5:30ی بەیانی دوێنێ 2020-02-15ەوە تا کاتژمێر 8ی بەیانیی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر 4 کەس بە چەقۆ و گوللە کوژراون و 8 کەسی دیکەش بریندار بوون.[2]
- بەهۆی کەڵەکەبوونی بەفرێکی زۆرەوە ماوەی 12 ڕۆژە جموجۆڵی بازرگانی لە مەرزی کێلێی سەر بە شارۆچکەی پشدەر ڕاگیراوە، ئەوەش 500 شوفێر و دەیان کاسبکار و کۆڵبەری لەم کاتەدا بێکار

کرووە کە لەو سنوورە بە فەرمی کاردەکەن.[6]
- بە فەرمانی وەزیری ناوخۆی عێراق، هێزێکی تایبەتی بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی تاوانی پارێزگای دیالە، بەڕێوەبەری شارۆچکەی گوڵاڵەی سەر بە شاری خانەقینیان دەستگیرکرد.[3]
- لە یادی ڕۆژی خۆشەویستیدا ناوەندی ڕۆشنبیری بۆشاعیرانی کوردستان لە سلێمانی ئێوارە کۆڕێکی بەناونیشانی (فێستیڤاڵی شیعر بۆ خۆشەویستی)، بۆ چەند شاعیرێک سازکرد، هاوکات چەند شاعیرێک خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا.[4]
- لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاراس فاروق جەبار کە گەنجێکی شاری سلێمانیە، لە وڵاتی سوید بە گوللە کوژراو بڕیاریشە ئەمشە و تەرمەکەی لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بگاتەوە دەست خانەوادەکەی.[4]
- دوای 16 ڕۆژ لە ڕفاندنیان، دوو برا لە ناوچەی داودەی سەر بە دەڤەری گەرمیان لە ژێر دەستی داعش ڕزگارکران و بە خانەوادەکەیان شادبوونەوە. ئەم دووبرایە بە ناوەکانی قانع و هێمن لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرابوون و لەبەرامبەر 70 هەزار دۆلار داعش ئازادی کردوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە هەزاران هاوڵاتی ناوچەی دێرک تەرمی 7 شەهیدی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە-یان لە گۆڕستانی شەهید خەبات دێرک بە خاک سپارد کە لە شوێن و ڕێکەوتی جیاوازدا لە ناوچە جیا جیاکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا شەهید بوون.[1]
- وتەبێژی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)، هەموو ئەو هەواڵانە بە ناڕاست و چەواشەکاریی دادەنێت کە بەشێک لە میدیاکان باسی دەکەن دەربارەی بەشداریکردنی هێزەکانیان لە ئۆپراسیۆن و پێکدادانەکانی ئیدلب-دا.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لەگەڵ گروپە چەتەکانی، گوندەکانی ئەل هۆشان، کۆرپەلیک و ئەل خالدییەی سەر بە عەین عیسایان تۆپباران کرد.[1]
- لە ڕاگەێندراوێکیدا، بەڕێوەبەرایەتیی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ڕەخنەی لە لێدوانەکانی فەیسەڵ میقداد گرت و بە هۆکارێک بۆ پەکخستنی هەوڵەکانی گفتوگۆی نیشتمانیی سووریا ناوبرد و ڕایگەیاند: پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر، پرۆژەیەکی نیشتمانییە و هەرگیز هەڕەشە لە یەکپارچەیی خاکی سووریا و گەلەکەی ناکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جوانڕۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دێرک |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-16

کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:15 2020-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 49

**2020-02-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376657




باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی بەر لە چەند ڕۆژێک دەستگیر کرابوو، ئەمڕۆ لە دادگای قەرس سزای زیندانی بەسەر سیاسەتمەداری کورد مەحمود ئالناکدا سەپێندرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای ئینقلابی سنە سێ ساڵ زیندانیی بەسەر سیروان ئیبراهیمی، بەرپرسی لقی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی نۆژین لە شاری کامیاران سەپاند.[6]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەهۆڵی ڕۆشنبیریی شاری سلێمانی، مەراسیمێک بۆ یادکردنەوەی 9یەمین ساڵیادی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی ساڵی 2011ی باشوری کوردستان بەڕێوەچوو. بەشێک لە کەسوکاری شەهیدانی 17ی شوبات و خانەوادەی ڕۆژنامەنووسانی تیرۆرکراو و چالاکوانان و نوێنەرانی بەشێک لە لایەنە سیاسییەکان بەشدارییان لە مەراسیمەکەدا کردبوو.[5]
- جارێکی دیکە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان تاوتوێی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان کردو بڕیاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتانیش دەڵێت: یاساکە ڕێگری لە زیادبوونی لەشفرۆشی لە هەرێم دەکات.[2]
- وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک لە کوردستان گومانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید-19 (کۆرۆنا)ی لێنەکراوە. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیش لە عێراق دەڵێت، ژمارەی ڕۆژانەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە ڕوو لە کەمییە.[3]
- بەهۆی بارینی بەفری زۆر و کەمبوونەوەی ئاستی بینین، جموجۆڵی گەشتیاریی و بازرگانی لە دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران - تەمەرچیان ڕاگیرا و سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای گومرگی حاجی ئۆمەران هۆشداری دەدات کە ئەمڕۆ بازرگان و گەشتیاران ڕوو لە دەروازەکە نەکەن.[4]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگر لە نهۆمی سێیەمی شوققەیەک لە شاری دهۆک کەوتەوە و بەهۆیەوە کچێکی تەمەن 28 ساڵان گیانی لەدەستدا، پۆلیسیش دەڵێت، هێشتا هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە ڕوون نەبووەتەوە.[3]

- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی 8 ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بۆ وەزارەتی تەندروستی کوردستان دابیندەکات. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێت، دابینکردنی ئۆتۆمبێلەکان وەک هەوڵێکە بۆ هاوکاریکردنی زیاتری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوەکان و فریاکەوتنی دۆخە تەنگەتاوییەکان.[3]
- لەسەر پێشنیار و ڕاسپاردەی هەردوو وەزارەتی کارەبا و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ وەرزی گلدانەوەی ئاو لە بەنداوی دوکان دەستپێکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک گوندی قزەلی سەر بە ناوچەی گرێ سپی و کۆگاکانی گەنمی لە گوندەکە تۆپباران کردووە. هێرشەکە لە کاتژمێر 18:50 بە کاتی ناوچەکە کراوەتە سەر گوندەکە و جگە لە ناوچە مەدەنییەکان، خاڵە سەربازییەکانی ڕژێمی سوریاش بوونەتە ئامانجی هێرشەکان.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی کاتژمێر 22:20 هێرشیان کردە سەر گوندەکانی، مەراناز، مالکیە، شوارخا و کەلها شوارخای ناوچەی شەرای عەفرین و ناوچەی تەل ڕەفعەت و گوندەکانی شێخ عیسا، مەتهانا فەیسەڵ و جمێلێ شەهبا. لەبارەی هێرشەکان زانیاری زیاتر بەدەستنەهێنراون.[1]
به پێی زانیاریە خۆجێیەکان سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک و 50 ئۆتۆمبێلی سەربازی و جبەخانەی لە گوندەکانی خربەت فارس، خربەت عەلۆ و ئەبو خەرزای باشووری گرێ سپی جێگیر کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەرزشوانێکی کورد خەڵکی شاری ئیلام بە ناوی زەبیحو ڵڵا پوورشەیب توانی لە کێبڕکێی لیگی کاراتەی جیهانی کە لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوە چوو، میداڵی زێڕی ئەو کێبڕکێیە بەدەست بهێنێت.[6]
- سوپای تورکیا، بۆ بەهێزکردنی پێگە و زیادکردنی ژمارەی سەربازانی لە سنووری پارێزگای ئیدلب کاروانێکی دیکەی سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە کرد. کاروانەکەی سوپای تورکیا پێکهاتووە لە (150) بارهەڵگری سەربازی، کە چەندین تانک و زرێپۆش و تۆپ و چەکی قورسیان بارکردبوو.[4]
- ناتۆ ڕایگەیاند، هیچ پشتیوانییەکی سەربازی سوپای توکیا ناکات، بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە باکووری سووریا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ فارس

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-17

کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:15 2020-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 50
**2020-02-18**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376658




باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە ناوچەی توشبا لە وان بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.1 پلە بە پێوەری ڕێختەر ڕوویدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هونەرمەند جەعفەری مامڵێ لە شاری مەهاباد بە خاک سپێردرا.[1]
- سێ زیندانیی لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارە، بە تۆمەتی پێوەندییدار بە ماددەی سڕکەر بە ئێعدام مەحکووم کرد. شوناسی ئەو سێ زیندانییە شاران توفانی، ئەحمەد باشوو لە بەندی 14 و هەروەها هاووڵاتییەکی دیکە کە لە بەندی 15 دایە و شوناسی ڕوون نەبووەتەوە.[7]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی گوندی نەرگسلەی ناوچەی چلچەمەی شاری دیواندەرە، لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو هاووڵاتییە کوردەی فەرهاد مواردی ڕاگەیاندووە.[7]
باشووری کوردستان
- بە زۆرینەی دەنگ، هەریەک لە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی بوونە هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.[1]
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی، ڕایگەیاند، یەکێتی هەر بڕیارێک بدات و هەر کەس دەکاتە سەرۆک یان هاوسەرۆکی خۆی ئێمە پیرۆزبایی لێدەکەین.[5]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە کۆی دەنگ پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی پەسەندکرد.[1]
- هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان بە هاوکاری هێزەکانی ئۆپراسیۆنی سلێمانی ئۆپراسیۆنێکیان بۆ سەر ناوچەی غەرە و پەڵکانەی نێوان شارۆچکەی کفری - خورماتوو ئەنجامدا و دوای ڕووبەڕووبوونەوە و تەقەکردن لەگەڵ چەند چەکدارێکی داعش، ئەمیرێک و دوو چەکداریان دەستگیرکران.[3]
- دوکاندارانی بازاڕی قەیسەریی کەرکوک گردبوونەوە و داوای کردنەوەی بازاڕەکە و پێدانەوەی

دوکانەکانیان کرد.[6]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایدەگەیێنێت مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەیەکی پێویستی بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا تەرخانکرد.[4]
- 11 مامۆستای وانەبێژی کچ لە حاجی ئۆمەران دوای ئەوەی بۆ ماوەی چوار رۆژ بەفر لە شوێنی مانەوەیان دەرگای لەسەر داخستبوون و گیریان خواردبوو، ئەمڕۆ لەلایەن کەسوکاریان و چەند گەنجێکی ناوچەکەوە رزگار کران.[6]

رۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی شاری حەسەکە و گوندەکانی تەرمی حسێن عەلی عید شەرڤانی هێزەکانی ئەرکی خۆپاراستن و ئەحمەد مەنسور (شاهۆز حەسەکە) شەرڤانی قەسەدەیان بە مەراسیمێک لە گۆڕستانی شەهید دژوار لە گوندی داودیە بەخاکسپارد.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندەکانی شێراوا، شەهبا و عەین عیسای تۆپباران کرد.[2]
- لە شاری قامیشلۆ تەقینەوە لەکۆگایەکی کۆکردنەوەی پلاستیکدا روویدا و لەئەنجامی تەقینەوەکەدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا. بە پێی زانیاریەکان تەقینەوەکە لەسەر رێگای لوێجای قامشلۆ ڕوویداوە. ناوی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە بەم شێوەیەیە: فاروق سلێمانی 29 ساڵ و ڕاعد نایفی 24 ساڵ.[6]

دەرەوەی کوردستان
- عەبدوڵلا گویل رایدەگەیەنێت، پرسی کورد سنوورەکانی تێپەڕاندووە و بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی.[5]
- سوپای نەتەوەیی لیبیا ڕایگەیاند لە نزیک ئاوەکانی ترابلوس هێرشیان کردووەتە سەر کەشتیەکی پڕ لە چەک و تەقەمەنی دەوڵەتی تورک و تێکیان شکاندووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-18
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-18
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-18
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-18
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-18
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-19

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 51

**2020-02-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376659




باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی عەدنان ئۆرهان بەڕێوەبەری لقی ئامەدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی ونبووەکان و دەستگیریان کرد. ئۆرهان بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئامەد گواسترایەوە.[1]
- لە ناوچەی باغلار و یەنیشەهیری ئامەد سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵان. لە ئەنجامدا ڕۆژنامەنووس حەقی بۆڵتان و عەبدولڕەحمان عەلیچیچەک دەستگیرکران. بۆڵتان و عەلیچیچەک بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئامەد گواسترانەوە.[1]
- تەرمی ئەرهان ئولچەن گەریلای هەپەگە کە لە لیجە شەهید بوو، دوای 108 ڕۆژ، لە ژێر گەمارۆی پۆلیسی تورک بەخاکسپێردرا.[1]
- شەوی ڕابردوو لە شارۆچکەی وێرانشار سەربە پارێزگای ڕووها شەڕ لەنێوان دوو گرووپ ڕوویدا و بەهۆیەوە کەسێک کوژرا و 13ی دیکەش بریندار بوون. شەڕەکە لە گەڕەکی گۆلباشی-ی وێرانشار بووە، سەرچاوە ئەمنییەکان دەڵێن، بەهۆکارێکی نادیار دەمەقاڵێ لەنێوان دوو گرووپدا ڕوویدا و دواتر دەمەقاڵێکە گەورە بووە و بوو بە شەڕەتەقە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەرسەلان شوکری بەڕێوەبەری گشتی ڕێگەوبانی پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند کە ڕێگەی 265 گوندی ئەو پارێزگایە بەهۆی بەفرەوە داخراون و هەوڵی کردنەوەیان دەدرێت. شوکری ڕایگەیاند: 85 گوند لە پیرانشار، 61 گوند سەربە شاری ئورمیە، 25 گوند لە چاڵدران، 25 گوند لە سەردەشت، 20 گوند لە مەهاباد، 15 گوند لە خۆی، 15 گوند لە شنۆ، 14 گوند لە سەڵماس، سێ گوند لە ساین قەڵا و لە هەریەکە لە شارەکانی تێکاب و چایپارەش یەک گوند، ڕێگاکانیان داخراوە.[6]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندی چەخماخە، داعش 4 گەنجی کوردی بەناوەکانی (عەلی ئەحمەد دەروێش، لە دایکبووی 1998، مەحمود ئیبراهیم خورشید، لە دایکبووی 1995، ئەحمەد جاسم خزر، لە دایکبووی 1999 و مەریوان سیروان، لە دایکبووی 1995) شەهیدکردن و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون.[2]
- لە مەراسیمێکدا بە بۆنەی 31 ساڵەی شەهیدانی ئەشکەوتی داری خلە خەڵاتی ساڵانەی ئە و یادە بەخشرایە خانەوادەی شەهید مامە ریشە.[3]

- گۆڕێکی بە کۆمەڵ لەنێو یەکێک لە بیرەکانی شارۆچکەی تەلەعفەردا دەدۆزرێتەوە، جیا لەو ڕوفاتانەی لەنێو ئەو بیرەدان، تەرمی نزیکەی 30 کوردی ئێزدیی تێدایە و بە گوتەی شایەتحاڵەکانیش سەرجەمیان گەنج بوون.[4]
- لە هۆڵی لوبنان لە شاری کەرکوک لەلایەن کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدان مەراسیمێکی شکۆدار سازکرا بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ئەو چوار شەهیدەی کە لە بەرخۆدانی سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان شەهیدبوون. هەریەک لە شەهیدان(شەهید زەریان جودی، مەزلوم کۆبانی، ئارام کەرکوکی، ناڤدار کەرکوکی) لە بەرخۆدانی سەرێکانی دژی دەوڵەتی فاشستی تورک شەهید بوون.[1]
- مەسعود بارزانی پێشوازی لە عوسمان بایدەمیر، کەسایەتی و سیاسەتمەداری کورد کرد و گفتوگۆیان لەبارەی ڕەوشی گشتیی ناوچەکە و دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان کرد.[4] دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ مەسرور بارزانی، لەگەڵ پاپای ڤاتیکان کۆدەبێتەوە و باسی پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە پێکەوەژیانی ئایینی و هاندانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان دەکات.[5]
- سوپای سووریا ناوچەیەکی سەربازی لەسەر سنووری پارێزگای ئیدلبی سووریا رادەگەیەنێت و ئە و ناوچەیە لە ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی سڤیل قەدەغە دەکات.[5]
- تیپی تۆپی باڵەی یانەی وەرزشی پێشمەرگەی سلێمانی لە 38ەمین پاڵەوانێتی باڵەی یانەکانی عەرەبی کە لە ئێستادا یارییەکانی لە وڵاتی میسر و لە شاری قاهیرە بەڕێوە دەچێت، توانیان لە یەکەم تاقیکردنەوەی خۆیاندا سەرکەوتنێکی گرنگ بەدەست بهێنن پاش ئەوەی بە ئەنجامی 3 گێمی بێوەڵام لە تیپی باڵەی یانەی سنجلی فەڵەستینی یان بردەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | روحا |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەڵماس |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | مەهاباد |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-02-2020
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 19-02-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 19-02-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 19-02-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 19-02-2020

کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:15 2020-01-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 52

**2020-02-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376660



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵیدا سەردانی داواکاری گشتیی کۆمارییان لە بورسا کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جاوید ڕەحمان، ڕیپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە ئێران ڕایگەیاندووە کە نیوەی زیندانییانی سیاسی کە بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی دەسبەسەر کراون، کوردن و لە ماوەی 8 مانگی یەکەمی ساڵی 2019دا زیاتر لە 352 هاووڵاتیی کورد دەسبەسەر کراون.[8]
- پەریسا سەیفی خەڵکی کامیاران، هونەرمەند و چالاکی مەدەنیی کورد بە هۆی ناجێگیربوونی باری تەندروستی ڕەوانە نەخۆشخانە کرا. ئەو چالاکە مەدەنییە، لە 12هەمین ڕۆژی مانگرتنی خۆیدا لە ناوەندی چاکسازی و پەروەردە (کانون اصلاح و تربیت) بەهۆی خراپیی باری تەندروستی، ڕەوانەی نەخۆشخانەی تەوحیدی شاری سنە کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پزیشکەکان باری تەندروستیی ئەو ژنە چالاکە مەدەنییە کوردەیان نالەبار ڕاگەیاندووە.[8]
باشووری کوردستان
- بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە، لافاو لە چەند شوێنێکی شاری هەولێر دروستبوو و ئاستەنگیی زۆری بۆ هاتوچۆ دروستکرد.[1]
- یەکەمین پێشانگای بەهرەمەند شیرین جەمال لە گەلەری ئازاد شەوقی کرایەوە.[5]
- وتەبێژی یادی 32 ساڵەی کیمابارانی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات جیاواز لە ساڵانی ڕابوردوو کە یادەکە لە هۆڵ و شوێنە داخراوەکاندا دەکرایەوە، بەڵام ئەمساڵ بڕیارماندا کە لەسەر مەزاری شەهیدان یادەکە بکەینەوە.[3]
- سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی ڕایگەیاند: ئەو لیژنەیەی بۆ ئامادەکردنی سەرنج و تێبینییەکان لەسەر پرۆگرام دیاریکراوە کارەکانی خۆی تەواوکردووەو هەفتەی داهاتووش دەنگی لەسەر دەدرێت، وەفدی یەکێتیش لەبەغدا لەگەڵ لایەنە عیراقییەکان و سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو کۆبووەتەوەو لەسەر دیاریکردنی کاندیدی پۆستە وەزارییەکانیش فراکسیۆنە کوردستانییەکان پەیامی هەرێمیان پێگەیاندوە.[5]
- لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی کەرکوکەوە سێ کەس دەستگیرکران بەتۆمەتی تێوەگلانیان لەهێرشەکەی سەر گوندی چەخماخە.[3]
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچە کوردستانییەکان دەڵێت: لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری بەرگری ئیتاڵیا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت، وەزیری بەرگری ئیتاڵیا دووپاتیکردەوە کە هاوکارییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت و هاوکات باس لە مەترسییەکانی داعشیش کرا.[3]

- له رووداوێکی تەقەکردندا، له ناوبازاڕی چەکفرۆشەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵ، دوو هاوڵاتی بریندار‌بوون، تەقەکەرەکەش بەرە و جێگایەکی نادیار هەڵهاتووە.[7]
- چەکدارانی داعش گەنجێکی دانیشتووی خانەقینیان بە 50 هەزار دۆلار ئازادکرد کە یەکێکە لەو حەوت کەسەی داعش لە ماوەی رابردوودا رفاندنی.[4]
- بە بەشداریی شەش وەزارەت و دەستەی گەشتوگوزار و فەرمانگەی میدیا و زانیاریی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، هەڵمەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، تێیدا قسە لەسەر خۆپاراستن و میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.[4]
- عوسمان بایدەمیر سەردانی یەکێتی و گۆڕی مام جەلال و بزووتنەوەی گۆڕان و گۆڕی نەوشیروان مستەفا دەکات لە سلێمانی.[1]
- دژی روخانی دوکانەکانیان کاسباران و دوکاندارەکانی گەڕەکی باروتخانەی شاری کەرکوک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و رێگەی سەرەکی نێوان گەڕەکی ئازادیی و رەحیماوایان داخست، داوای قەرەبوو کردنەوەیان کرد.[7]
- کۆمەڵەی هێڤی بۆپشتیوانی قوربانیانی جەنگ خەڵاتی 40 خوێندکاری یەکەمی لەسەر ئاستی ئامادەیی کوێستانی لە شاری کەرکوک کرد.[2]
- خاوەن زەوییەکانی گەرەکی هەشتی حەسارۆک لەشاری هەولێر، لەلای داواکاری گشتی سکاڵایان لەسەر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆماکرد، لەبەر ئەوەی 17 ساڵە خزمەتگوزاریی نەبراوە بۆ گەڕەکەکانیان.[7]
- بەهۆی دارمانی شاخێک لە سنووری شارۆچکەی شەقڵاوە رێگەی دەیان گوند لە سەرکەندی خەیلانییان داخرا و هاتوچۆی گوندنشینان لە و رێگەیەوە پەکی کەوتووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو، لە شاری هاناو لە ویلایەتی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە 2 شوێنێدا هێرشی چەکداری ئەنجامدرا و بەو هۆیەوە 11 کەس کوژران. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن زۆربەی ئەو کەسانەی کوژراوان کوردن و خەڵکی باکوور و رۆژاوای کوردستانن.[1]
- پۆلیسی ئەڵمانیا بڵاویکردەوە، ئەو دوو چەکدارەی لە دوو شوێنی نێرگەلەکێشان لە شاری هاناو نزیک لە شاری فرانکفۆرت 11 کەسی کوشتووە، لە ماڵەکەی خۆی بە کوژراوی لەگەڵ تەرمێکی دیکە دۆزراوەتەوە و زۆربەی قوربانییەکانیش کوردن.[6]
- لە دژی هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی و 4 پەرلەمانتاری تری هەدەپە سکاڵا درایە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی تورکیا.[2]
- دوای ئەوەی ئەردۆغان هەڕەشەی هێرش و داگیرکەریی بۆ سەر ئیدلب کرد، ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوایان لە سوریا کرد ئۆپراسیۆنی ئیدلب رابگرێت.[2]
- دوای ئەوەی ئێران رایگەیاند، دوو حاڵەتی مردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری قوم تۆمارکراوە، چالاکوانانی عێراق لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵمەتێکیان بۆ داخستنی سنوورەکان بە رووی ئە و وڵاتە دەستپێکردووە.[6]
- کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگا کوردستانییان لە ئەلمانیا -(KON-MED)، کۆمەڵگای ئیسلامی کوردستان (CÎK)، فیدراسیۆنی کۆمەڵەی کارکەرانی دیمۆکراتیک- (DÎDF) و پارتی گەلانی دیمۆکراتیک-(HDP) لە بارەی هێرشە رەگەزپەرەستانەکەی شاری هاناوی ئەلمانیا لێدوانێکیان بڵاو کردەوە. کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵگا کوردستانییان لە ئەلمانیا -(KON-MED) لە لێدوانەکەیدا رایگەیاند، خانەوادە کوردەکان لەگەڵ چەندین کەسی دیکە لە ئێستادا لە بەر دەرگای ناوەندی کلتوری کورد کۆ بووەنەتەوە و ئازارەکانیان هاوبەشی پێدەکەن. (KON-MED) بانگەوازیی ئەوەی کرد کە لە کاتژمێر 18:00 گەل و ریکخراوەکان لە هاناو کۆ ببنەوە و راشیگەیاند لەوێ رێپێوانێک بەرێوە دەچێت.[2]
- وەزارەتی گواستنەوەی عێراق رایگەیاند کە سەرجەم گەشتە ئاسمانیەکانی کۆمپانیای گەشتە ئاسمانییەکانی عێراق بۆ ئێران و بەپێچەوانەشەوە راگیرا ئەوەش بەهۆی ئاشکرابوونی چەند

توشبوویەک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێراندا.[3]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا کوژرانی دوو سەرباز و برینداربوونی پێنج سەربازی دیکەی لە ئیدلب ڕاگەیاند و دەڵێ، لە وەڵامدا چەند پێگەیەکی سوپای سووریایان بۆردوومانکردووە.[4]
- وەزارەتی بەرگریی ڕوسیا ڕایگەیاند، کە فڕۆکەکانیان تانکێک، شەش پانزێر و پێنج ئۆتۆمبێلی سەربازیی چەتەکانی سەر بە تورکیایان لە ئیدلب لەناوبردووە و بانگەوازیی لە تورکیاش کرد، کە هاوکارییکردنی تیرۆر ڕابگرێت.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شەقڵاوا (خۆشناوەتی) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کامیاران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-02-20
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-20
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-20
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-20
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-20
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-20
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-20


کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 53

**2020-02-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376661




باکووری کوردستان

- 9 سیاسەتمەداری هەدەپە کە یەکێکیان موتلو ئوزتورک هاوسەرۆکی هەدەپەی شیشلییە، دوای 5 مانگ لەبەندکردن ئازادکران.[6]
- کۆنفرانسی پلاتفۆرمی زمانی کوردی کە پارتە سیاسیەکان پێکیانهێناوە بە دروشمی'زمانمان ناسنامەیە، زمانمان هەبوونمانە' لە هۆتێلێکی ناوچەی سووری ئامەد دەستپێکرد.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هەڵبژاردنی 11مین خولی پەرلەمانی ئێران لە 55 هەزار بنکەی دەنگدان لەو ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد. سەرچاوەکان باس لە ساردیی پرۆسەی دەنگدان دەکەن بەهۆکاری باوەڕنەبوونی خەڵک بە هەڵبژاردن و هەروەها ترسی ڤایرۆسی کۆرۆناش هۆکارێکی تری بەدەنگنەچوونی خەڵکە بۆ هەڵبژاردن.[1]
- ژمارەیەک لە زیندانییانی زیندانی ناوەندیی شاری سنە، 11یەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسیان بایکوت کرد و داوا لە هەموو خەڵک دەکەن بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا نەکەن. ئەو زیندانییانە لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسانی زیندانی سنە رایانگەیاندووە: دەنگ نادەین و لە چوون بۆ سەر سندووقی دەنگدان خۆمان دەبوێرن. ئەو زیندانییانە هەروەها پێداگریان لە سەر ئەوە کردووەتەوە: هەر دەنگێک بێرێزی بە خوێنی شەهیدانی ڕێگای ئازادییە.[5]

باشووری کوردستان

- مەسعود بارزانی لە چاوپێکەوتنێکدا رایدەگەیەنێت: لە پرسی ریفراندۆمدا ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵیخەڵەتاندین و لایەنگری بۆ دەسەڵاتدارێتی بەغدا کرد لەجیاتی بێلایەنی کە بەڵێنیدابوو و دەشڵێت: کەرکوک لەژێر سایەی داگیرکاری سەربازییدایە و ناکرێت تاسەر قبوڵبکرێت.[2]
- بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتوچۆی گەشتیاری و بازرگانی لە سەرجەم مەرزەکانی هەرێم لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران داخرا و بەرپرسێکی یەکێک لە مەرزەکانیش دەڵێت: تەنها گەشتیارانی ئێرانی دەتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان و بە پێچەوانەوەش عێراقیەکان دەتوانن بگەڕێنەوە.[2]
- دوای چوار ڕۆژ لە زیندانیکردنی، شەوی رابوردوو یەعقوب یوسف، بەڕێوەبەری شارەدێی جەلەولا بەکەفالەت ئازادکرا تاوەکو ڕۆژی دادگاییکردنی.[2]
- بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی نێودەولەتی سلێمانی رایگەیاند، کە ڕێگری لە هاتنە ناوەوە گەشتیارانی ئێرانی دەکرێت.[3]
- کاروان گەزنەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: باوکی ئەو منداڵانەی لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستدرێژی سێکسی کراوەتەسەر لەژێر فشار و هەڕەشەدایە و دەشڵێت: وەک فراکسیۆنی یەکێتی بە شێوەیەکی یاسایی وردبینی و بەدواداچوون دەکەین و تاوانبار دەبێت بە سزای خۆی بگات.[2]
- سەمیر هەورامی، وتەبێژی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا ئاشکرایکرد: سەبارەت بە تاوانی قێزەونی دەستدرێژی کردنەسەر کچێکی تەمەن 7 ساڵان کە ویژدانی هەمووومانی بریندارکرد، بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران بەدواداچوونی بۆ دۆسیەکە کردووە و لەلایەن بەڕێز پارێزگاری هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە دڵنیا کراوەتەوە کە ڕێکاری یاسایی پێویست گیراوەتەبەر.[2]
- جێگری بەڕێوەبەری گشتی توندوتیژی دژی ژنان رایدەگەیەنێت: بەدواداچوون بۆ دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی کچە حەوت سڵانەکە دەکەن و لەگەڵ دادگا کۆدەبنەوە.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات، گەشتەکانیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران تا کاتێکی نادیار دوابخەن.[4]

- له پێشانگایەکدا له شاری سلێمانی، به ڕەنگەکان وێنەی ئازایەتی تێکۆشەرانی هەر چوار پارچە نمایش کرا. پێشانگای شێوەکاری پێشمەرگە پێکهاتووە لە بەرهەمی 53 هونەرمەند، کە خەڵکی هەر چوار پارچەی کوردستانن، لەناویاندا 25 شێوەکاری ژن و 28 شێوەکاری پیاو بەشدارییان تێدا کردووە. لە پێشانگاکە وێنەی کەسایەتییە ناودارەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و پێشمەرگە و شەرڤانان نمایش کراون، کە لە هەر یەک لەو وێنانە رەنگە جیاوازەکان و پارچەی جلوبەرگی کوردی تێکەڵاو بە وێنەکان بە کارهاتوون.[8]
- لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا، دەستەیەک لە شارەزایانی زمانی کوردی، دامەزراوەی ئەکادیمیای نیشتمانی زمانی کوردیان راگەیاند.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی ئانادۆڵۆ لە زاری بەرپرسێکی ئەمەریکی بڵاویکردووەتەوە؛ ئەنقەرە داوای لە ئەمەریکا کردووە، سیستمی مووشەکی پاتریۆت لەسەر سنوورەکانی لەگەڵ سووریا جێگیر بکات.[4]
- لە ئەمریکا کۆنفرانسی دادپەروەری بۆ کورد بەرێوەچوو، لە کۆنفرانسەکەدا کاریگەرترین کەسایەتییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بەشداربوون؛ ئامانجی سەرەکییان دۆزینەوەی رێگەیەک بوو کە وابکەن ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ جارێکی دیکە پشت لە کورد نەکات و وەکو رۆژئاڤا، ئەمریکا لەناکاو پشت لە باشووی کوردستانیش نەکات.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◎ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-21
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-21
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-21
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-21
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-21
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-21

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 54

**2020-02-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376662




باکووری کوردستان

- پۆلیسی تورک لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی داواکاری کۆماری مێرسین ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر زۆر ماڵ. پۆلیس کاتێک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەندامانی هەدەپە، هەموو شتێکیان تێکەڵ کرد و دەستیان بەسەر ئامێری دیجیتاڵیدا گرت. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا فەیزا کایا هاوسەرۆکی ناوچەی ئاکدەنیزی هەدەپە، جەبار کارابەگ هاوسەرۆکی ناوچەی تۆرۆسلاری هەیە، نورای ئاسلان ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئاکدەنیزی هەدەپە، نازان دوندار، جیهان کۆکبالک و ئەرجان ئالپ بەڕێوەبرانەی ڕێکخستنی هەدەپە دەستگیرکران. باسی ئەوە دەکرێت، ئۆپەراسیۆنەکان بەردەوامە و ژمارەی دەستگیرکراوەکان لە زیادبووندایە.[2]

باشووری کوردستان

- بەهۆی ترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، خەڵکی ڕوویانکردووەتە کڕینی دەمامکی پزیشکی و ماددەپاککەرەوەکان. بەجۆرێک لە زۆر شوێن نرخی ئەو ماددانە گران بوون و بەکەمی دەستدەکەون.[1]

- لێژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە بەدواداچوون بکرێت بۆ بەرزبوونەوەی نرخی ماسک لە دەرمانخانەکانی باشووری کوردستان.[4]

- ئەمڕۆ لایەنگرانی نەوەی نوێ لە دژی دەسەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکی جەماوەرییان لە شاری سلێمانی ساز کرد. لە دهۆک هەولێریش ڕێگریان لێکرا. لە سلێمانی شاسوار عەبدولواحید لە پارکی ئازادی وتارێکی خوێندەوە. لە هەڵەبجەش بەهۆی ترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە هەڵوەشایەوە.[1]

- لەبارەی ڕەوشی کەرکوکەوە حیزبە کوردستانییەکان لە هەولێر کۆبوونەوە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا تیشکخرایە سەر یەکدەنگی لایەنە سیاسیەکان لەسەر پرسە نەتەوایەتییەکان و کۆدەنگی تەواوی لایەنە سیاسییەکان جەختی لەسەرکرایەوە.[3]

- بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاتووچۆی گەشتیاری لەنێوان ئێران و هەرێمی کوردستان ڕاگرت، بەڵام هاوردەکردنی کاڵای ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوامە و بڕیارەکە هاوردەکردنی کاڵا ناگرێتەوە.[3]

- وەزارەتی تەندروستی ڕێکار و داوای یاسایی لە دادگا بەرامبەر کەسێک دەگرێتەبەر کە خۆی بە پزیشک دەناسێنێ و هاوڵاتیان تووشی دڵەڕاوکێ، ترس و تۆقاندن دەکات لەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنا بەبێ هیچ بنەمایەک.[4]

- بۆ پاراستنی گیانی خوێندکاران و خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بڕیاردرا بە قەدەغەکردنی هەموو جۆرە کۆبوونەوەو سیمینار و فێستیڤاڵێک لە ناوەندەکانی خوێندن و چاودێری توندیش دەخرێتەسەر فرۆشگەی خوێندنگەکان.[3]

- دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ڕێوشوێنی تووند دەگرنەبەر، ئەوەی تاوەکو ئێستاش هەیە بەتەنها بۆ خۆپارێزییە و هیچ حاڵەتێکی گوماناوی بە کۆرۆنا تۆمارنەکراوە.[4]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لە هۆڵی هونەر لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بەسەرپەرشتی بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری گەرمیان، یەکەم ڕۆژی وەرزی شانۆی گەرمیان دەستپێکرد و بڕیارە دوو ڕۆژبخایەنێت. لە ڕۆژی یەکەمی وەرزی شانۆی گەرمیان داو تا ئێوارەی ئەمڕۆ، دوو شانۆگەری نمایشکران، بە ناونیشانی وەرن ببین بە سەگ و خواحافیز هەروەها ئەمشەو دوو شانۆگەریتر نمایشدەکرێت، ئەوانیش بە ناونیشانیڕۆژی درۆ و شۆڕشی شێتەکان.[7]

- لە شاری کەرکوک بە گردبوونەوەیەک ئیدانەی دەستدرێژی کردنە سەر کچە هەشت ساڵانەکەی هەولێر کراو و داوای بە سزا گەیاندنی تاوانباران کرا.[7]

- لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین کرێکارانی ئەو کۆمپانیایەی خاوێنکردنەوەی شەقامەکانی لە ئەستۆ

گرتووە، مانگرتنیان ڕاگەیاند، ئەوان داوا دەکەن، مووچەکانیان بۆ زیادبکرێت، هەروەها ناڕەزاییان دەربڕی کە هێشتا مووچەی مانگی ڕابردوویان وەنەگرتووە.[7]
- لە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆوە فڕۆکە جەنگییەکان لەسەر کامپی پەنابەرانی مەخموور بە نزمی دەفڕن.[7]
- بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ لە هۆڵی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە سلێمانی، دیدارێکی بۆ شاعیری گەورەی عیراق مزەفەر نەواب ڕێکخست.[5]
دەرەوەی کوردستان
- جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت ئەگەر کورد و سوننە لە کابینە تازەکەی عێراق بەشداریی نەکەن، ئەوا ئەو کابینەیەی محەمەد تۆفیق عەلاوی بە مردوویی لەدایکدەبێت و سودی بۆ عێراق نابێت.[3]
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی عێراق، چوار مانگ بە کۆمپانیاکان دەدات بۆ ئەوەی ناوەکانیان بکەنە ناوێکی عەرەبی یاخود عێراقی، ئەوەش کێشەی بۆ کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، چونکە لە بەغدا گرفت بۆ کارەکانیان دروستدەکرێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش، وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی کۆمپانیاکانە.[6]
- لە ئاکامی بۆردومانێکی سوپای سووریا، سەربازێکی تورکیا کوژرا و لە بەرامبەریشدا، سوپای تورکیا 21 پێگەی سوپای سووریای بۆردومان کرد. وەزارەتی بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، هەموو ڕێکارێکی پێویست لە کات و ساتی خۆیدا دەگرینە بەر و وەڵامی هەر هێرشێکی سووریا دەدەینەوە. بە کوژرانی سەربازێکی سوپای تورکیا، ژمارەی ئە و سەربازانەی تورکیا لە ماوەی ئەم مانگە لە سنووری ئیدلب کوژراوون گەیشتە 16 سەرباز.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-02-2020

[3] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 22-02-2020
[4] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-02-2020
[5] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-02-2020
[6] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 22-02-2020
[7] 🗣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-02-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 55

**2020-02-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376663



باکووری کوردستان
- لە ناوچەکانی نێوان باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان بومەلەرزەیەک بە گوڕێ 5.8 پلە بە پێوەری ریختەر روویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان 9 کەس لە وان بەهۆی ئەو بومەلەرزەیەوە گیانیان لە دەستداوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی 31 ساڵە بە ناوی سەیوان سەیفی خەڵکی گوندی یوژنانی ساولاوای هەورامانی سەر بە سنە لە شوێنێکی بەرزی شاخێکی هەورامان کەوتە خوارەوە و بە سەختی بریندار بوو. بە هۆی ئەوەی ئەو شوێنەی کۆڵبەرەکە لێی کەوتە خوارەوە سەخت بوو، تیمەکانی رزگارکردن بە هەلیکۆپتەر خۆیان گەیاندە کۆڵبەرەکە و بۆ نەخۆشخانەی کۆساری سنە گواستیانەوە. سەیوان سەیفی بە هۆی سەختی برینەکانیەوە لە هەمان نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1]
- بومەلەرزەیەکی نوێ بە گوڕی 5.7 پلە بەگوێرەی پێوەری ریختەر، پارێزگای ورمێی هەژاند، ئەمەش دووەم بومەلەرزەیە کە لە ماوەی کەمتر لە 24 کاتژمێردا لە و ناوچەیە روودات.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمرۆ لە ماڵی رۆشنبیری سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری عێراق لە شاری کەرکوک، بە بۆنەی رۆژی جیهانی زمانی دایک لەلایەن هەڤاڵ دارا شارەزا لە زمانی کوردی سیمینارێک پێشکەش کرا.[1]
- دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە هاوکاریی رێکخراوی موسڵ بۆ گەشەپێدان و لە پرۆژەی سەنەد هەستان بە ئەنجامدانی ماراسۆنێک لە کەمپی حەسەن شام لەژێر ناونیشانی رادەکەین لەپێناو ئاشتی.[3]
- سەرچاوەیەک لە وەزارەتی تەندرووستی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، ئە و کەسەی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا باس لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا کرد و رێکلامی بۆ ماسکی تایبەت کرد، لەسەر سکاڵای وەزارەتەکە دەستگیرکرا.[4]
- بەهۆی نمایشکردنی شانۆییەک لە کەلار، نارەزایی ئیسلامییەکانی لێدەکەوێتەوە و هەرەشە لە ئەندامانی گرووپی هونەریی ئەستێرەکان دەکرێت.[2]
- باوکی ئەو منداڵەی لە هەولێر دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر و دواتر سکاڵای ئەوەی کرد کە تاوانباران دوای دەستگیرکردنیان ئازاد کراون لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ چەند پارێزەرێکی خۆشبەخش رایگەیاند، تاوەکو ئێستا پێنج کەس لەسەر دۆسییەی کچەکەم دەستگیر کراون.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی شەوی رابردوو گوندی مەبعوجەیان لە گرێ سپی بۆردومانکرد. لەو بۆردومانەدا 2 هاووڵاتیی بریندار بوون.[1]
- بە پێی زانیاریەکان دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی لە کاتژمێر 18:40ەوە هێرشیان کردە سەر ژمارەیەک گوندی گرێ سپی. گوندەکانی خربێت بەقە، بیرزینار، کۆر حەسەن، لەقلەقۆ، قزعەلی، ساوانۆ و مەووجا بە هاوەن و ئۆبوس تۆپباران دەکرێن. بە پێی زانیاریەکان خەڵکی

مەدەنی کراوەتە ئامانج.[1]
دەرەوەی کوردستان
- 4هەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لە هۆڵی وەزرشیی ئەنقەرە دەستپێکرد. میتحەت سانجار لە شوێنی سەزای تەمەلی بووە هاوسەرۆک و پەروین بوڵدانیش هەڵبژێردرایەوە. دوای کۆنگرەی هەدەپە 11 کەس دەستگیرکران کە لە بەشی تەکنیکی دەنگدا کاریان دەکرد.[2]
- میوانانی نێونەتەوەیی کە لە وڵاتانی جیاوازەوە بەشداریان لە کۆنگرەی هەدەپەدا کردووە، بەرخۆدانی گەلی کوردیان بەرز لەقەڵەمدا و رایانگەیاند، ئەردۆغان تێکدەشکێت. بەشداربووان وتیان، پیویستە دەرگای ئیمراڵی بکرێتەوە.[1]
- حکومەتی تورکیا بڵاویکردەوە، سەرجەم خاڵە سنوورییەکانی لەگەڵ ئێران بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا داخستووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-23
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-02-23
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-23

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 56
**2020-02-24**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376664



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی گشتی هەدەپە رایانگەیاند، گەل کۆنگرەی هەدەپەیان کرد بە ئاهەنگی دیمۆکراسی و سپاسییان ئاراستەی بەشداربووان کرد و جەختیشیان کردەوە، لە کۆنگرەکەدا گەل جێگرەوەی خستە روو.[1]
- میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردووەتەوە، بەهۆی بوومەلەرزەکەی دوێنێی ناوچە سنوورییەکانی نێوان وان و ورمێ، ژمارەی قوربانییان بەرزبووەتەوە و کەسێکی دیکە گیانی لەدەستداوە، کە بەمەش رێژەی مردووان بۆ نۆ کەس بەرزبووەتەوە، کە سێیان منداڵن. هەروەها 36 کەسی دیکەش بریندارن و لە نەخۆشخانەکان لەژێر چارەسەری پزیشکیدان.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەد فەرید لوتفی جێگری دەزگای ئیدارەدانی قەیرانەکان لە پارێزگای ورمێ رایگەیاند، لە دوو بومەلەرزەکەی دوێنێدا لە پارێزگای ورمێ تەنها لە شاری خۆی زیاتر لە هەزار خانوو زیانیان لە نێوان 50 بۆ 70 لەسەد پێگەیشتوە. راشگەیاند، دەبێت 2 هەزار خێزان بە شێوەیی کاتی بەهۆی زیان بەرکەوتنی خانوەکانیان لە شوێنی تر نیشتەجێ بکرێن.[1]
باشووری کوردستان
- فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەند گوندێکی دەڤەری برادۆستیان بۆردومانکرد و فرۆکە سیخورییەکانیش بەردەوامن لە سوڕانەوە بەسەر ئاسمانی سنورەکەدا.[6]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد کە هەزار و 249 گەشتیار کە لە ئێران گەڕاونەتەوە لەژێر چاودێریدان و لە تەواوی مەرزەکانیش تیمەکانیان بەردەوامن لە پشکنین و چاودێرکردنی دۆخەکە.[2]
- بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی هاووڵاتییان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەندکراوانی قەدەغە کرد.[5]
- لە بەرامبەر کەمتەرخەمییەکانیان و بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان، بۆ جاری دووەم وەک نارەزایی دەربڕین وێنەی بەرپرسان لەسەر تاسە و چاڵی شەقامەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە دانران.[6]
- وەزیری پێشمەرگە رایدەگەیەنێت: وەزیری بەرگری عێراق بڕیاریدا بە ناردنی 816 ملیار دیناری مووچەی ساڵی 2019ی پێشمەرگە و بەردەوامبوونی شایستە داراییەکانی بۆ ساڵی 2020.[2]
- وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان دەکات کە هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوان ئەوان و حکومەت و وەزارەتی تەندروستی و بۆ ئەوەی زانیاری هەڵە بڵاونەکرێتەوە کە بەهۆیەوە کۆمەڵگا توشی ترس و شڵەژان بکات.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاریدا لەمرۆوە سەرجەم مەرزەکانی نێوان هەرێم و ئێران دابخرێت، ئەمەش وەکو هەوڵێک بۆ رێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.[2]
- بەشی چالاکیی قوتابخانەکان لە بەرێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر لە نووسراوێکدا داوا لە سەرجەم پەروەردەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر دەکات سەرجەم کار و چالاکی و فیستیڤاڵەکان لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانەکان لە مانگی ئادار رابگرن.[3]
- لە زانکۆی سۆران سمینارێک بەبۆنەی رۆژی جیهانی زمانی دایک بەرێوەچوو، تێیدا زمان وەک بوون و ناسنامەی هەر نەتەوەیەک پێناسە کرا، هەروەها شارەزایانی زمان باسیان لەگرفتەکانی بەردەم زمانی ستانداردی کوردی کرد.[6]
- بەهۆی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ داخستنی دەروازە سنوورییەکان، 350 شۆفێری باشووری کوردستان لەنێو خاکی ئێراندان و ناتوانن بگەرێنەوە باشووری کوردستان. ئەندامێکی ژووری بازرگانی سلێمانیش دەڵێت، ژیانیان لە مەترسیدایە.[3]
- رێکخراوی یەسنا، لە شاری سلێمانی ئاهەنگێکی بەبۆنەی جەژنی ژنانی زەردەشتی ئەنجامدا، تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لەژنان و پیاوان ئامادەبوون.[6]
- بە تۆمەتی گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی گشتی، دەستەی دەستپاکیی کەرکوک بڕیاری دەستگیرکردنی بەرپرسی بەشی پلاندانانی پارێزگای کەرکوکی لە دادگا وەرگرتووە و بۆ لێکۆڵینەوە بانگهێشتی راکان سەعید، پارێزگاری بەوەکالەتیشی کردووە.[3]

- ژمارەیەک چەکدار پەلاماری هێزە ئەمنیەکانیان لەسنووری ناوچەی ئیسلاحی سەربە شارەدێی جەلەولا دا.[4]
- بەگوێرەی نووسراوێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی بۆ نەجەف رادەگیرێت.[5]
- لە عەنکاوەی هەولێر، لە ئەنجامی شەڕە چەقۆی دوو دکتۆر، یەکیان کوژرا و ئەوی تریشیان برینداربوو.[7]
- کۆمپانیای ئیعماری ئیماراتی کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی وڵاتەکە لە هەرێمی کوردستان دەست بەکارەکانی دەکاتەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- 8هەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتی یەکێتیی دیموکراتیک (پەیەدە)، بە سرودی ئەی رەقیب دەستپێکرد.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی، گوندەکانی بریج قاس و کلوتی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین بە چڕی تۆپباران دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لەئەنجامی بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی سوپای روسیا و سوریا بۆ سەر خاڵێکی چاودێری سوپای تورکیا لە پارێزگای ئیدلیب باکووری رۆژئاوای سوریا زیاد لە پێنج سەربازی تورکیا کوژراون.[4]
- رۆژنامەی سوزجوی تورکی لە زاری بەرپرسێک ئاشکرای کرد، ئابووری تورکیا هەر دێت و دادەکەوێت بەجۆرێک کۆی یەدەگی نەختینە لە بانکی ناوەندی وڵاتەکە لە ماوەی 20 رۆژدا بە رێژەی 27% زیان تۆماردەکات. ئاماژەی بەوەشدا، کۆی یەدەگی نەختینە لە بانکی ناوەندی تورکیا لە ماوەی 31ی کانوونی دووەم 33 ملیار و 917 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لەم مانگەدا بۆ 24 ملیار و 733 ملیۆن دۆلار دابەزیووە و بەگوێرەی ئەو ژمارەیەش بێت، ئەوە لە ماوەی تەنیا 20 رۆژدا نزیکەی 9 ملیار و 144 ملیۆن دۆلار زیانی تۆمارکردووە و هۆکاری ئەوەش بۆ قەیرانی دارایی لە وڵاتەکە دەگەڕێتەوە کە رۆژ دوای رۆژ لە زیادبوونە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-02-2020]
[2] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری دواڕۆژ - 24-02-2020]
[3] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رووداو - 24-02-2020]
[4] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 24-02-2020]
[5] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 24-02-2020]
[6] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رۆژنیوز - 24-02-2020]
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن]

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 57

**2020-02-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376665



باکووری کوردستان
- دادگای تورک سزای 10 ساڵی زیندانیکردنی ئایسەل توگلوک سیاسەتمەداری کوردی پەسەند کرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- زیانلێکەوتوانی بومەلەرزەکەی ناوچەی خۆی و گوندەکانی دەورووبەری داوای هاوکاریی خێرا دەکەن. گودنشنیانی ئەو ناوچەیە رایانگەیاند، هاوکارییەکانی رژێمی ئێران کەمن و بەشی پێویستیی زیانلێکەوتوەکان ناکات.[2]
- بەڕێوەبەری تەندروستی پارێزگای کرماشان ئاشکرایکرد کە یەکەمین حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە و پارێزگایە تۆمار کراوە.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە ورمێ لاوێکی کوردیان بە ناوی سیروان محەممەدی دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان راگواست. دەسبەسەرکردنی ئەو لاوە کوردە بەبێ بەڵگەی یاسایی بووە و هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا نییە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو لاوە کوردە بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[8]
باشووری کوردستان
- 4 حاڵەتی نەخۆشی کرۆنا لەناو خێزانێکی تورکمان لە کەرکوک راگەیندرا و بەو هۆیەوە پرۆسەی خوێندن لە شارەکە راگیرا.[1]
- لە پارێزگای سلێمانی وەک خۆپاراستن لە نەخۆشیی کرۆنا، پرۆسەی خوێندن لە رۆژی 26-02-2020 بۆ ماوەی مانگێک راگیرا. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەم بڕیارە مەسرور بارزانیی سەرۆک وەزیرانی تووڕەکردووە و گەیی لە قوباد تاڵەبانی کردووە لەسەر ئەو بڕیارە.[1]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بڕیاریدا لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە سبەی چوارشەممەوە تاوەکو 23-03-2020 پشووی فەرمی بێت، وەزارەتی پەروەردەش دەڵێت، پشووی فەرمی باخچە، قوتابخانە و پەیمانگە حکومی و ناحکومییەکان دەگرێتەوە.[4]
- شەوی رابوردوو لە هوتێلێکی شاری هەولێر دەیان هاووڵاتی مانیان لە خواردن گرت، ئەوەش بەهۆی تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەو هاووڵاتیانەی کە لە تازە ئێران گەڕاونەتەوە.[3]
- دوو کەس لە سلێمانی گومانی نەخۆشیی کرۆنایان لێدەکرا، بەڵام پاش پشکنین دەرکەوت کە ئەو نەخۆشییەیان نییە.[1]
- یاد نەقشبەندی وتەبێژی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی لە لێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا

رایگەیاند: هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی بوونی نییە و دوو حاڵەتی گوماناویش دوای پشکنین بۆیان نێگەتیڤ دەرچوون و نێردراونەتەوە ماڵەوە.[5]
- ئامێری کیتی، کە تایبەتە بە پشکینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن ڕێخراوی تەندروستی جیهانییەوە بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دابین کراوە، ئێستاش دەستکراوە بە پشکنینی ئەو نمونانەی لە بەردەستی وەزارەتدان.[6]
- بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لە پێناو سەلامەتیی تەندروستی هاووڵاتیان، قایمقامی شارۆچکەی کەلار بە بڕیارێک سەرجەم کافتریاکانی سنووری ئە و قەزایەی داخست.[6]
- لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا سەرجەم بارهەڵگرەکانی سووتەمەنی و کەلوپەل و خۆراک کە لەئێرانەوە دێتە هەرێمی کوردستان بەفۆڕمی تایبەت و بەقافڵەی ئاسایش بهێنرێتە ئەو شوێنەی دەیەوێت بارەکەی لێداگرێت و بەهەمان شێوە بەقافڵەی ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ دیوی ئێران.[3]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ لە مەراسیمی ساڵرۆژی شەهیدبوونی گەرمیان، خەڵاتی شەهید گەرمیان بەخشرایە مەزڵوم کۆبانی.[2]
- دوازدەهەمین پیشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بەبەشداری 90 کۆمپانیا کرایەوە.[3]
- بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی هاتووچۆی سلێمانی، بەهۆی باران ئەو سایدەی بەرەو پردی قلیاسان دەڕوات لە دادگای سلێمانیەوە، داڕوخا.[6]
- کۆمپانیای ئیعماری ئیماراتی کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی وڵاتەکە لە هەرێمی کوردستان دەست بەکارەکانی دەکاتەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- 8مین کۆنگرەی ئاسایی پارتی یەکێتی دیموکراتیک (پەیەدە) لە شاری ڕمێلان لە ڕۆژی دووەمدا بەردەوامە. کۆنگرە بە دروشمی 'ئێمە بە یەکێتی دیموکراتیک داگیرکاری تێکدەشکێنین، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر بەهێز دەکەین و سوریایەکی دیموکرات دروست دەکەین' بەردەوامە و 600 کەس لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەشداریان تێدا کردووە. ڕۆژەڤی ئەمڕۆی کۆنگرەکە، باسکردنی بەرنامەی پارتەکە، ئەنجومەنی پارتەکە و پەیرەوی ناوخۆ دەبێت.[2]
- لە هەشتەمین کۆنگرەی ئاسایی پەیەدە دا دوای پەسەندکردنی پەیرەوی ناوخۆ و بەرنامەی سیاسی حزب، هەر یەک لە ئەنوەر موسلم و ئایشە حسۆ وەک هاوسەرۆکانی پەیەدە هەڵبژێردران.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی فڕۆکەخانەی منخ و گوندەکانی ناوچەی شەرا لە عەفرین تۆپباران دەکەن.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی فەرمیی سووریا سانا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ یەکەیەکی سەربازی سەر بە سوپای سووریا فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیای لە ناوچەی دادیخ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئیدلب خستە خوارەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-25
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-25
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-26

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 58

**2020-02-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376666



باکووری کوردستان
- ئەرجان ئاجاری 14 ساڵان کە بە بریندراری لە ژێر داروپەردووی خانووە رووخانەکاندا لە ناوچەی ئەلباکی شاری واندا دەرهێنرابوو، گیانی لەدەستدا.[1]
- لە وان و ناوچەکانی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەیە. نەخۆشخانە، بازار و گۆڕەپانە جەماوەرییەکان لە ترسی کۆرۆنا وردە وردە چۆڵ دەکرێن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی حوسێن سەمەدی کوڕی عەلی، خەڵکی کرماشان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو لاوە کوردە بەبێ بەڵگەی یاسایی دەسبەسەر کراوە و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو لاوەیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[8]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، ناوچەی گەلی باڵندە-یان لەسنووری گوندی سیدا لە شیلادزێ بۆردوومانکرد. بەهۆی بۆردوومانەکەوە هاوڵاتییەک بەناوی خەلیل سیدانی، شەهید بووە، کە تەمەنی لەسەر و 50 ساڵەوەیەو باوکی سێ کوڕ و چوار کچە، پیشەی کاسب بووە.[7]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەگوندی دایلا، لەبناری چیای کەتکین، لە دەڤەری برادۆست، بە گوللەی سوپای تورک، منداڵێک بریندرابوو. ئەو منداڵەی کەبووەتە قوربانی، ناوی شێروان سەلاحە، دانیشتوی گوندی دایلایە لەدەڤەری برادۆست، گوللە بەرقاچی کەوتووە و بەسەختی بریندارببووە، بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران خەوێندراوە.[7]
- بە مەبەستی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەی گشتی گەشتوگوزاری راسپارد بۆ قەدەغەکردنی هاتنی گرووپی گەشتیاری لە خوارو و ناوەڕاستی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان.[3]

- له شارۆچکەی زاخۆی سەر بە دهۆک 3 کەس بە گۆمانی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا خرانە ژێر چاودێریەوە.[1]
- لە کەمپی پەنابەرانی شەهید روستەم جوودی (مەخموور) بە هۆی مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، باخچەی منداڵان، خوێنگاکانی سەرەتایی و ئامادەیی بۆ کاتێکی نادیار داخران و پشوو راگەیەنرا.[1]
- سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێم دڵنیایی دەداتە هاووڵاتییان کە کێشەی کەمی کاڵا و پێداویستی روونادات، چونکە ئەگەر سنورەکان لەگەڵ ئێرانیش دابخرێت جێگرەوەیان هەیە.[3]
- بەهۆی تووشبوونی چوار کەس بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرکوک، 10 رۆژ مۆڵەت درایە ئەو فەرمانبەرانەی خەڵکی کەرکوکن و لە چەمچەماڵ دەوام دەکەن.[4]
- وەک دەربڕینی نارەزایەتیەک دژ بە دانەخستنی خاڵی سنووری نێودەوڵەتی مونزرییە، هاوڵاتیانی خانەقین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و رێگای خاڵە سنووریەکەیان داخست.[7]
- فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک رەتیکردەوە ئەو خێزانە چوار کەسییەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، لە نەخۆشخانە هەڵاتبن، کە لە نەخۆشخانەی سەربازی کەی وەن، هێڵدراونەتەوە.[6]
- بەهۆی کۆرۆناوە ناوەندی رۆشنگەری چاودێر بڕیاری دواخستنی کۆنفرانسی پلاتفۆرمی دابڕان و فێمێنیزمی رۆشنگەری دەدات.[5]
- پارێزگاری هەولێر لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانی رایگەیاند، هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە و راگرتنی دەوامی ناوەندەکانی خوێندن تەنها بۆ خۆپارێزییە.[6]
- بەهۆی دروستبونی گرژی لەکاتی وەستانی سەرەی بەنزین هاوڵاتیەک لە شارەدێی ژاراوەی سنوری شارۆچکەی پشدەر کوژرا.[5]
- زیاتر لە 150 هونەرمەندی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، سکاڵا لە دژی مەلا هەڵۆ تۆماردەکەن ئەوەش بەتۆمەتی ناوزڕاندن بەهونەرمەند و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان.[3]
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم دڵنیایی بە سەرجەم مووچەخۆران دەدات کە کێشەی دواکەوتنی مووچە چارەسەرکراوە و بەم زووانە مووچەی ئە و وەزارەتانە دابەشدەکرێت، کە مووچەیان وەرنەگرتووە.[3]
- لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر مەسعود محەمەد جەرجیس (مەسعود کارەش) بە 27 دەنگ، وەک جێگری پارێزگاری هەولێر بۆ کاروباری هونەری و یوسف حەسەن بە 26 دەنگ بە قائیمقامی کۆیە هەڵبژێردران.[6]
- فراکسیۆنی ئەو حیزبانەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن، رێککەوتن لەسەر ئەوەی لە خولی نوێی وەرزی بەهارەی پەرلەمانی کوردستان کاری پێکەوەییان زیاتربێت و بە هاوئاهەنگی پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- دوێنێ شەو سوپای داگیرکەری تورک گوندی ئاقیبێی ناوچەی شێراوای کانتۆنی عەفرینی داگیرکراوی تۆپباران کرد. لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا حەسەن عیزەت محەمەدی 55 ساڵە، فاتیمە عەلی 46 ساڵە و کورەکەیان بە ناوی زیروجەد حەسەن محەمەدی 12 ساڵە شەهید بوون. هەروەها موفیدا رەمزی 48 ساڵ، عیسمەت حەمۆ 40 ساڵ و منداڵێکی 8 ساڵە بە ناوی جەمیل حەمۆ گە لە یەک خێزانن و خەڵکی گوندی کۆرزەلن بریندارببوون. برینداران بۆ نەخۆشخانەی ئاڤرینی ناوچەی فافینی کانتۆنی شەهبا گواسترانەوە.[1]
- لە ناوچەی تل تەمر مینێکی سوپای داگیرکەری تورک بە ئۆتۆمبیلی تیمێکی چاککردنەوە کارەبادا تەقیەوە و لە ئەنجامدا 7 کەسی مەدەنی بریندار بوون.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندی شێخ عیسای سەر بە ناوچەی شەهبا و لە ئەنجامدا 2 کەسی مەدەنی بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەعید یوسف، گۆرانیبێژی بەناوبانگی رۆژاوای کوردستان لە ئەستەمبوڵ کۆچی دوایی کرد.[2]
- ئابووری تورکیا لە داکەوتن بەردەوامە و کۆمپانیایەکی گەورەی بەرهەمهێنی کارەبا

مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند. کۆمپانیای یەنی تورکی کە لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبادا کاردەکات، بەهۆی خراپی دۆخی دارایی و کەڵەکەبوونی قەرز کە لە ئەنجامی قەیرانی ئابووری ولاتەکە دووچاری بووە، مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند.[6]
- پەیمانگای پارەدارکردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوەدا، بانکەکانی تورکیا بە تایبەت ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن، بە لیرەی تورکی قەرزی زیاتر پێشکەش دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆکار کە کورتهێنان لە بوودجە بەرزبوونەوە تۆماربکات و دۆخی لیرەش ناجێگیری زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-26
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-26
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-26
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-26
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-26
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-26
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-26

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 59

**2020-02-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376667




باکووری کوردستان
- ڕژێمی تورک لە 5 ناوچەی جۆلەمێرگ هەموو جۆرە هاتووچۆیەکی لە هاووڵاتییان بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغە کرد.[1]
باشووری کوردستان
- بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ترسی خستووەتە دڵی ئەو کەسانەی نیازیان هەیە سەردانی سعودیە بکەن بۆ ئەنجامدانی عومرە، تەنیا لەم مانگەدا زیاتر لە 400 کەس لە هەولێر، 300 کەس لە سلێمانی و 250 کەس لە دهۆک پاشگەز بوونەتەوە لە چوونیان بۆ وڵاتی سعودیە و ئەنجامدانی عومرە.[3]
- پارێزگاری هەڵەبجە هۆشدارییەکی توند دەداتە هەموو ئەو کەسانەی لە 20ی ئەم مانگەوە لە ئێران گەڕاونەتەوە و تائێستا خۆیان ڕادەستی لیژنە پزیشکییەکان نەکردووە.[3]
- لە هەولێر سەنتەری چارەسەری کۆرۆنا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرایەوە، سەنتەرەکە تایبەتە بەو کەسانەی کە گومانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنایان لێ دەکرێت.[4]
- قایمقامیەتی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی نەخۆشی کۆرۆناوە کافتریاکان داناخرێت، بەڵام کێشانی نێرگەلە تیایاندا قەدەغەیە، بەڵام مەلەوانگە و سەنتەرەکانی لەشجوانی دادەخرێن.[3]
- قایمقامی کەلار بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڕیاری داخستنی سەرجەم شوێنە گشتییەکانی دا.[4]
- دانیشتوانی کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، ڕێپێوانێکی جەماوەریان ئەنجامدا و ڕایانگەیاند: ئیمرالی بسسوتێ، جیهان دەسووتێ.[7]
- هەولێر، بۆ زانینی دۆخی ئۆجالان لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوە کرا.[7]
- هاوشێوەی ناوچەکانی دیکە، لە ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین-یش دژ بە گۆشەگیریی سەر ئۆجالان گردبوونەوە و داوایان کرد زانیاریی لەسەر دۆخی ئۆجالان بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا بکرێت.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- خەڵکی قامیشلۆ، دوای بیستنی هەواڵی کەوتنەوەی ئاگر لە دوورگەی ئیمراڵی لە بەردەم باڵەخانەی کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکییەکیان ئەنجامدا. داوایان لەو چالاکییەدا ئەوەیە کە پارێزەران بە پەلە سەردانی دوورگەی ئیمرالی بکەن.[1]
- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی 7 شوێنی شەهبا بۆردومان دەکەن.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی خاڵی سنوری سێمێلکا بەبڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەروازەی ئەو خاڵە سنورییەی داخست.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە دورگی ئیمرالی، ئەو شوێنەی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکەی تێدا زیندانە، ئاگر کەوتووەتەوە. لەسە ڕەوشی ئۆجەلان جاریێ هیچ دەنگوباسێک لەبەردەست نییە. کوردستانییان دەربارەی ئەو بارودۆخە نارەزایی دەردەبڕن.[2]
- وەزیری بەرگری تورکیا ئەمڕۆ بڵاویکردەوە، لە بۆردومانێکی ئاسمانیدا، دوو سەربازی تورکیا لە ئیدلب کوژراون و دوانی دیکەش بریندارپوون. وەزیری بەرگری دەشڵێت، تورکیا وەڵامی ئەو هێرشەی داوەتەوە و 114 سەربازی سوپای سووریای کوشتووە.[6]
- دوای درووستبوونی ناکۆکی لە نێوان لایەنەکان سەبارەت بە دەنگدان بە کابینەی پێشنیازکراوی

محەمەد تۆفیق عەللاوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبووسی رایگەیاند، کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ رۆژی شەممەی سەرەتای هەفتەی داهاتوو.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-27
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2020-02-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-02-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-27
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-02-27

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 60

**2020-02-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376668




رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 104ی دادگای کەیفەریی دووی شاری سنە بە سەرۆکایەتیی قازی ئومیدی، 8 هاووڵاتیی بە ناوەکانی پوویا فەیزی کوڕی مەحیەدین، فواد قارەمانی کوڕی تۆفیق، فواد عەنایەتی کوڕی عەلادین، ئیبراهیم ئاقایی کوڕی عەبدولقادر، محەممەد شەهبازی کوڕی خوسرەو، فەرهاد تاری مواردی کوڕی حوسێن، ئەحمەد موارادی کوڕی عەبدوڵلا و رەزا رەجایی کوڕی عەلی ئەکبەر بە 80 مانگ زیندان و 592 زەربە قامچی مەحکووم کرد. ئەو 8 هاووڵاتییە مانگی رەزبەری ئەمساڵ، لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی رۆژئاوا لە شاری سنە دەسبەسەر و پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەیان بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوون.[7]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک چەکداری داعش هێرشیان کردۆتە سەر سوپای عێراق، لەگوندی مەتیق لەناوچەی کاکەیی لەباشوری شارۆچکەی داقوق و سەربازێک کوژراوە و یەکێکی دیکەش بریندارە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی هۆشداری لەبارەی کۆرۆنا دەدات و رایدەگەیێنێت، هەفتەی داهاتوو هەفتەیەکی هەستیارە بۆ خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا لە شاری سلێمانی و دەوروبەی، بۆیە هاونیشتمانییان زیاتر پابەندی رێنماییە تەندروستییەکان بن.[4]
- بە دەستپێشخەریی گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر، رێپێوانی بەمەشخەڵ لە شاری سلێمانی بۆ زانینی دۆخی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەڕێوەچوو، خۆپیشاندەران ئاماژەیان بەوەکرد، کە تا ئاشکرابوونی سەلامەتی رێبەر ئاپۆ و زیندانیانی دیکە لەشەقامەکان دەمێننەوە.[6]
- لەشارەکانی کەرکوک و هەولێر و شارۆچکەکانی سەیدسادق، شنگال و کەلار، خۆپیشاندان بۆ ئاگاداربوون لەدۆخی عەبدوڵلا ئۆجەلان و زینداندیانی دیکەی ئیمرالی ئەنجامدارا، داواکرا، کە دەستبەجێ رێگا بە پارێزەران بدرێت، کە سەردانی ئیمرالی بکەن، بۆ ئەوەی گەلی کورد لەوە دڵنیا بێتەوە، کە ئاگرەکەی ئیمراڵی زیانی بە رێبەری گەلی کورد و زیندانیانی دیکە نەگەیاندووە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی ئوم ئەلهۆشیی شەهبایان بۆردوومان کرد.[2]
- ناوەندی راگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازی منبج رایگەیاند، داگیرکەران لە گوندی شێخ ناسر و سوێهای رۆژئاوای منبجەوە گوندەکانی هەمرا و شاروچکەی ئەریما تۆپباران دەکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتێکدا، داوای لە ئێران کرد کە کۆتایی بە 12 ساڵ زیندانیکردنی نادادپەروەرانەی زەینەب جەلالیان، زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی خۆی بهێنێت.[7]
- زۆرینەی سەرچاوەکان رایانگەیاند کە لە هێرشەکەی دوێنێ سوپای رووس بۆسەر هێزەکانی تورک لە ئیدلب، زۆرتر لە 30 سەرباز کوژراون و دەیانیش بریندار. هەندێک سەرچاوە باسی کوژرانی زۆرتر لە 50 سەرباز دەکەن. بەم هۆیەوە پەیوەندییەکانی رووس و تورک گەیشتووەتە ئەوپەڕی خراپی. تورکیاش بەهۆی ئەم هێرشەوە دەرگای پەنابەرانی بەرەو ئەوروپا کردەوە.[1]
- تادێت بەهای لیرەی تورکی بەرەو دابەزین دەڕوات و شارەزایەکی دراویش هۆکارەکەی بۆ گرژی نێوان رووسیا و تورکیا دەگێڕێتەوە.[3]
- وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاند هێرشەکانیان بۆ سەر ئیدلب ڕاناگرین و ئامادە نین لەسەر ئیدلب شازش بکەن و ناشکرێت دۆخی سوریا لەمە زیاتر ئاڵۆزتر بکرێت.[5]
- سوپای نیشتیمانی لیبیا، ڕایگەیاند، کە لە بۆردوومانێکدا، 15 سەربازی تورکیان کوشتووە و دوو ڕاداریشیان تێکشکاندوون، کە تایبەتبووە بە سەرپەرشتیکردنی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورک لە لیبیا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛️ پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-02-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-02-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-28

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 61
**2020-02-29**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376669




باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی پەریخان ئاغا ئۆغڵو هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری مێردین و ئاغا ئۆغڵویان دەستیگرکرد. پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ماڵەکەی ئاغا ئۆغڵویان پشکنی و بە پاساوی ئەوەی سکاڵای لەسەرە دەستگیریانکرد. ئاغا ئۆغڵو لەلایەن ئەو هێزەی دەوڵەتی تورکەوە برا بۆ لقی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی مێردین.[1]
- گولسوم ئاغائۆغلۆ بەرپرسی کۆمسیۆنی کۆچبەر و پەنابەرانی هەدەپە ڕایگەیاند، ئاکەپە پەنابەران وەک چەک بەکاردەهێنێت. ئاکەپە بەرپرسی مردنی پەنابەرانە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاووڵاتییەکی تەمەن 55 ساڵ خەڵکی شاری سەقز بە ناوی زەینەب حیجازی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە نەخۆشخانەی ئەو شارە گیانی لەدەست دا. بەرپرسی ناوەندی بێهداشتی و دەرمانیی شاری سەقز، گیان لە دەستدانی ئەو ژنە هاووڵاتییە کوردەی لە بەشی چاوەدێریی تایبەتی نەخۆشخانەی سەقز پشتڕاست کردووەتەوە.[7]

- لاوێکی کورد بە ناوی ئەمین کاسب خەڵکی کرماشان، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە 2 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا. ئەو لاوە کرماشانییە بە تێکدانی بیرورای گشتی و پڕوپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کراوە.[7]
- ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی رێکخراوی ئاگرکوژێنەوەی سەقز، بەهۆی دواکەوتنی پارەی 4 مانگیان، لە حەوشەی ئەو رێکخراوەیە کۆ بوونەوە و نارەزایەتییان دەربڕی.[7]
باشووری کوردستان
- لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا کە بەسەرپەرشتی هاوسەرۆکەکانی یەکێتی بەڕێوەچوو، هەر یەک لە فەرید ئەسەسەرد بەسکرتێری ئەنجومەن و مستەفا چاڵاوی بەجێگری سکرتێرو تابان عەبدوڵڵا بەبڕیاردەری ئەنجومەنەکە هەڵبژێران.[4]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری رابردوو 12 کەیسی گومانلێکراو هەبوونە، پشکنین بۆ 10 کەسیان تەواوبووە و دەرکەوتووە هیچ کەسێکیان کۆرۆنایان نییە.[3]
- لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بازاڕی تایبەت بەباڵندە فرۆشەکانی نزیک قەڵای کەرکوک داخرا.[2]
- بەهۆی تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکەرکوک، بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکە کاری بەشەکانی راگرت، جگە لە بەشی مۆڵەت.[2]
- پرۆفیسۆر د. محەمەد رەئوف سەعید، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و ئابووریناس و ئەندامی باڵای نەوەی نوێ بە رووداوی هاتووچۆ لە سلێمانی گیانی لەدەستدا.[4]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی رەتیدەکاتەوە تیمی گەڕۆکی تایبەت بە پشکنینی کۆرۆنایان هەبێت و رایدەگەیەنێت کە هێلی گەرم-یان بۆ ئە و بابەتە کردووەتەوە، بەڵام تیمی گەڕۆکیان نییە.[5]
- شەشەمین کۆنفرانسی شارەوانی بناری قەندیل بەڕێوەدەچێت، تێیدا بڕیارە کار و خەباتی دوو ساڵی رابردوو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و دەستەی بەڕێوەبەری و هاوسەرۆکانی تازە هەڵدەبژێردرێن.[6]
دەرەوەی کوردستان
- گوتەبێژی ناوەندی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران رایدەگەیێنێت، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە 43 کەس. ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە 593 کەس.[3]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، لە ماوەی 24 کاتژمێر و لە دوای کوشتنی 33 سەربازی تورکیا، سوپای تورکیا دەستی بە بۆردومانێکی چڕی سوپای سووریا کردووە. روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکردووە، لەماوەی 24 کاتژمێر، سوپای تورکیا 48 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی سووریای کوشتووە کە 11 لەوان ئەفسەرن، دەیان کەسی دیکەش بریندارببوون و 13 ئۆتۆمبێلی سەربازیی سووریاش تێکشکێندروان.مئاماژەی بەوەشکردووە، لە ناو کوژراوانی سوپای سووریا، چەند پلە باڵایەکی حزوڵڵای لوبنانی هەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏣 پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەقز

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ماردین

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-02-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-02-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-02-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-02-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-02-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-02-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-02-29

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-01 12:19:15 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 62

**2020-03-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200101001915376670



باکووری کوردستان
- ئایشە ئاجار باشاران وەکو وتەبێژی نوێی ئەنجومەنی ژنانی پارتیە گەلانی دیمۆکراتیک-هەدەپە هەڵبژێردرا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سیامەند رەحمان، پاڵەوانی کوردی پارائۆلیمپی لە تەمەنی 32 ساڵیدا بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.[4]
- سەر لە بەیانی ئەمرۆ، زیندانییەکی کورد بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست بە ناوی ئەمیر محەمەدپوور خەڵکی شاری بۆکان لە بەندی لاوانی زیندانی ورمێ لە سێدارە درا. ئەو زیندانییە کوردە، پێشتر بە تۆمەتی کوشتنی بە ئەنقەست دەسبەسەر و دواتر لەلایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، بە ئێعدام مەحکووم کرابوو.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی سەید مستەفا سەبری و کوڕەکەی بە ناوی سەید ئەحمەد سەبری لە شاری دێی پەسوێ سەر بە پیرانشار، بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەوانیان دەسبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان پشکنینی ماڵی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردەیان کردووە و هەندێک کەرەستەی کەسیی ئەوانیان لەگەڵ خۆیان بردووە.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندرووستی بڵاویکردەوە، 4 هاوڵاتی لە سلێمانی تووشبووی کۆرۆنان و تەندرووستیان جێگیرە.[2]
- ئەمڕۆ، لەناو بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە و تۆڕە کۆمەڵاتییەکاندا دەنگۆی توشبوونی هاوڵاتییەکی سنوری پارێزگای هەڵەبجە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبووەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە لە روونکردنەوەیەکدا ئەو دەنگۆیانەی

ڕەتکردەوە و هۆشداریش دەداتە هاوڵاتیان.[3]
- تەندروستیی چۆمان: 844 کەس لە دەروازەی حاجی ئۆمەرانەوە گەڕاونەتەوە و کەرەنتینە کراون.[4]
- نیاز عەبدوڵلا، ڕۆژنامەنوس و چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دادگای هەولێرەوە داوای لێکرا ئامادەی دادگاییکردنی بێت لەسەر سکاڵایەکی مەتین دلۆڤان ئیدریس بارزانی، برازای نێچیرڤان بارزانی، داداگای هەولێر بێتاوانیی نیازی سەلماند و دۆسیەکەش داخرا.[2]
- سەرۆکایەتی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی وەک هێمایەک بۆ ڕۆڵی مێژوویی میرنشینی بابان، پێشنیازێکیان کرد کە شەقامی (100)مەتری شاری سلێمانی، ناوبنرێت شارێی بابان.[5]
- پێشەوا هەورامانی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە راگەیێنراوێکدا ئەوەی خستەڕوو، دووگی ئاژەڵ، خورمای قاچاخ، جگەر و جگەرە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستانەوە و کەس ناتوانێت بیانپشکنێت. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەش کردووە، هەندێک بارهەڵگر بۆ بارێک 11 هەزار دۆلار دەدەنە قاچاخچی و ملیۆنان دۆلار دەچێتە گیرفانی یەک-دوو کەس و نە ژیان و نە تەندروستیی خەڵکیان بۆ گرنگە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا جارێکی دیکە بانگەوازییەکی بڵاو کردەوە و رایگەیاند، ئەوان دەتوانن پێشوازی لە هاوڵاتییە مەدەنییەکانی ئیدلب بکەن کە بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکانەوە کۆچبەر بوون.[1]
- لە بەردەوامی هێرشە داگیرکارییەکان، سوپای تورک و چەتەکانی، گوندی هربەل لە کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکەن.[6]
دەرەوەی کوردستان
- کورد ئاکاد بە هاوکاری ئینیستیتوی کوردی دۆسەڵدورف، یەکێتی مامۆستایانی کورد و زانکۆی دۆرتموند، لەسەر ناوی زمانی دایک، فرەزمانی و فرەڕەنگی کۆنفرانسێکی ئەنجامدا.[1]
- بڕیار بوو، کاتژمێر 6:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ متمانەدان بە کابینەی حکومەتەکەی محەمەد تۆفیق عەلاوی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبووی ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتاران کۆبوونەوەکە دواخرا. بەپێی زانیارییەکان، هیچ ئەندامێکی کورد و سونە ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەبوون، هەروەها فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا-ش رایانگەیاندبوو، کە ئەوان دەنگ بە کابینەی حکومەتەکەی عەلاوی نادەن.[6]
- میدیاکانی سوریا و رووسیا رایانگیاند، فڕۆکەیەکی تورک خرایە خوارەوە.[2]
- ئاژانسی سانای سوریا رایگەیاند، دوو فڕۆکە جەنگییەکەی سوپای سوریا لە لایەن دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانیەوە خراونەتە خوارەوە و ئاماژەی بەوەش کرد، فڕۆکەوانەکان بە پەڕەشووت خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە و باری تەندروستیان باشە. وەزارەتی بەرگری تورکیاش لەم بارەیەوە رایگەیاند، دوو فڕۆکەی جۆری SU-24-ی ڕژێمی سوریا لە ئیدلب خراونەتە خوارەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-01
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 2020-03-01
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2020-03-01
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-03-01
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2020-03-01
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-03-01

کاتی تۆمارکردن: AM 12:19:15 2020-01-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 63

**2020-03-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378296



باکووری کوردستان
- بڕیاری درێژکردنەوەی دەستگیرکردنی کەزیبان یلماز هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی پەیاسی هەدەپە، کە لە پۆستەکەی دوور خراوەتەوە، درێژ کرایەوە.[1]
- بە بیانۆی بڵاوکردنەدوەی هەندێک بابەت لە سەر میدیای کۆمەڵایەتی و بانگەشە بۆ رێکخستن لە ساڵی 2017دا سکاڵا لە دژی عەزیز ئۆروچ تۆمارکرابوو. ئەمڕۆ 10 مین دانیشتنی دادگای لە 9مین دادگای سزا قورسەکانی ئامەد بەڕێوەچوو. رۆژنامەنووس لە رێگای سیستمی دەنگ و رەنگ لە زیندانی پیتی (ئێل)ی پاتنۆس بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد. داوەر سزای 10 مانگ تا 5 ساڵی بەسەردا سەپاند. دواتر لیژنەی دادگا بە بیانۆی 'بانگەشە بۆ رێکخستن' 2 ساڵ و مانگێک سزایی زیندانی بەسەر عەزیز ئۆروچ دا سەپاند.[1]
- لە نزیک پارکی تیرا و لە دووریی 3 کیلۆمەتریی دەروازەی سنووریی گیوربولاکی ناوچەی بازید لە پارێزگای ئاگری بە مووشەک هێرشکراوەتە سەر ئۆتۆمبێلی بەڕێوەبەری گومرکی ئەو دەروازەیە و دەوترێت هێرشەکە برینداری لێکەوتووەتەوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- راگەیاندنەکانی حکوومەت باسیان لە کوژرانی مەئموورێکی هێزە ئینتزامییەکان لە شەڕی چەکدارانە لە سنووری شاری پاوە کرد. شوناسی ئەو مەئموورە کوژراوە بە ناوی مەهدی محەممەدی راگەیەندراوە کە ئێوارەی یەکشەممە، 11ی رەشەمە، لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا کوژراوە. ئەو شەڕە لە شوێنە قەدەغەکراوەکانی سنووری پاوە روویداوە و هەتا ئێستا هیچ گرووپ و لایەنێک ئەو شەڕەی وەئەستۆ نەگرتووە.[8]
- هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە لە سنە کەسێک بە نەخۆشیی کرۆنا گیانی لەدەستداوە.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤارۆسی کۆرۆنا و رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی، یەکێتی زانایانی ئاینی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا تاکو 21ی ئازار 2020 پرسە لە مزگەوتەکانی هەولێر

رابگیرێت.[3]
- پاش گەیشتنی پارەکە لە بەغداوە ئەمرۆ لیستی موچەی مانگی 11 ی ساڵی 2019 راگەیەندرا.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، پارێزگارەکانیان سەرپشککردووە بۆ راگرتنی پرسە و دەتوانن بڕیار لەو بارەیەوە بدەن و تاوەکو ئێستا بڕیاری راگرتنی نوێژی بەکۆمەڵ لە ئارادا نییە.[4]
- لە شاری رانیە یادی راپەڕین ناکرێتەوەو کۆی ئەو بڕەپارەیەشی بۆ یادەکە تەرخانکرابوو گەڕێنرایەوە خەزێنەی حکومەت.[5]
- وەزیری تەندرووستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی رایگەیاند، کەسێکی دیکە لە سلێمانی تووشی کۆرۆنا بووە و ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی گەیشتووەتە پێنج کەس. سامان بەرزنجی گوتیشی: باری تەندرووستی ئە و کەسانەی تووشی کۆرۆنا بوون جێگیرە.[6]
- لە راگەیەندراوێکدا وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی بڵاویکردوەتەوە، هاوشێوەی خوێندکاران مامۆستایانیش تاوەکو رۆژی 10ی 3ی 2020 پشوو وەردەگرن. خوێندنی باڵا دەشڵێت: دەوامی فەرمانبەران کەمکراوەتەوە لە سەعات 8ی بەیانییەوە تاوەکو 1ی پاشنیوەڕۆ و زانکۆکانیش سەرپشک دەکرێن لە کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی بەپێی پێویستی کارەکانیان.[5]
- ئاسایشی سلێمانی 15 قاچاخچی دەستگیرکرد کە هاوولاتیان لەئێرانەوە بەرامبەر بڕێک پارە بۆ ناو هەرێمی کوردستان هێناوەتەوەو خەڵکیشیان بۆ دەرەوەی هەرێم گواستوەتەوەو سەرجەمیشیان کوردن و دانیشتوی هەرێمن.[5]
- کارەکانی دروستکردنی نەخۆشخانە 50 قەرەویلەیەکەی سلێمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەنگاوی باشی بڕیوە و بڕیاردراوە زووتر لەو وادەیەی بۆ تەواوکردنی نەخۆشخانەکە دیاریکراوە، بەڕووی نەخۆشدا بکرێتەوە و تێیدا دەست بە چارەسەرکردنی نەخۆش بکرێت.[6]
- بە بڕیاری پارێزگاری سلێمانی، پرسە لە پارێزگاکە قەدەغەکراو نوێژی بەکۆمەڵیش تا ئەوکاتەی ئەوقافی هەرێم بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات، سنووردار دەکرێت.[7]
- بۆ جاری سێیەم گردبوونەوە لە هەولێر بۆ دۆخی عەبدوڵلا ئۆجەلان و زیندانیانی دیکەی ئیمرالی ئەنجامدرا، داواکرا، کە دەستبەجێ ڕێگا بدرێت پارێزەران سەردانی ئیمرالی بکەن.[7]
- وتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد عەبدولڕەحمان رایگەیاند، وەزیری دارایی واژووی لەسەر بە هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەستی پەروەردەی هەڵەبجە و خوێندنی کوردی کەرکوک کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سێ شەرڤانی یەپەگە، کەنداڵ برەیز، باران گالیسیا و باران ساسۆن، کە لە تێکۆشان لە دژی داعش شەهید بوو بوون لە شاری لۆریانی فەرەنسا مەراسمێک بۆ بەرز راگرتنی یادیان بەرێوەچوو.[1]
- دادگای تاوانەکانی کەرخ لە بەغدا سزای لە سێدارەدانی بەسەر دەستگیرکراوێکی داعشدا سەپاند، دوای ئەوەی تاوانبار کرا بە دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی ئێزدی. ئە و چەکدارە دەستگیرکراوەی داعش نازناوی ئەبو هومامی لە خۆی ناوە و لە سەروبەندی داگیرکردنی شنگالدا لە (03-08-2014) دەستدرێژی سێکسی کردووەتە سەر کچێکی ئێزدی.[6]
- ئیدریس سایلگان پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی میزۆپۆتامیا لە کاتی رووماڵی دۆخی کۆچبەران لە سنوری نێوان تورکیا و یونان لە ئەدیرنە دەستگیرکرابوو و دوای دەستگیرکردنەکەی دادگا بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپاند.[1]
- محەمەد تۆفیق عەلاوی داوای لێبوردنی کرد، کە بە هۆی فشاری سیاسی و حیزبی نەیتوانی حکومەتی نوێی عێراق دروست بکات و دەستی لە پۆستی سەرۆک وەزیران کێشایەوە.[2]
- لە شاری ئایدنی تورکیا هێرش کرایە سەر باڵەخانەی هەدەپە. دەرگای باڵەخانەکەیان شکاند و تابلۆی سەر باڵەخانەکە لێکرایەوە و شکێنرا.[1]

- وەزارەتی بەرگریی روسیا هۆشدارییەکی توندی دایە دەسەڵاتدارانی تورکیا کە هەندێک سەرچاوە بە زلڵەیەک بۆ رووی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ناوی دەبەن. وەزارەتەکەی روسیا، لە بەیاننامەیەکی (بەپەلەدا) دەڵێتگرەنتیی هیچ فڕۆکەیەکی تورکیا ناکەین کە بگاتە کایەی ئاسمانیی سوریا.[3]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا، 19 سەربازی سوپای سووریای لە ئیدلب کوشتووە.[6]
- گوتەبێژی راوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنگێلا مێرکڵ رایگەیاند، یەکێتی ئەوروپا چاوەڕوانی ئەوەی لە تورکیا هەیە، کە رێز لە و رێکەوتنە بگرێت لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا لە بارەی کۆچبەرانەوە واژووی کردووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سنە
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-02
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-03-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-02
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-02

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 64

**2020-03-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378297




باکووری کوردستان

- نوسینگەی مافەکانی سەدە کە لەسەر پەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوی کردەوە کە: خانەوادەی هەر یەک لە بریگرتەکانمان بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەڕێز هایری کۆنار و بەڕێز ڤەیسی ئاکتاش کە لە دورگەی ئیمرالی زیندانی کراون، لە چوارچێوەی سەردانکردنی گرتووخانەی ئیمرالیدا، چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدا. ئەم هەواڵە بە ڕێزەوە بۆ رای گشتی رادەگەیێنین.[1]

باشووری کوردستان

- گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی سلێمانی رایدەگەیێنێت دۆخی تەندروستیی پێنج تووشبووەکەی کۆرۆنا لە سلێمانی جێگیرە. وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانیش بۆ ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە بڕیاری راگرتنی سەرجەم چالاکییەکانی سەر بە وەزارەتەکەی دەرکرد.[2]

- بە بڕیاری پارێزگای هەولێر سەرجەم ئاهەنگە تایبەتەکان لە بووک گواستنەوە و ڕۆژی لەدایکبوون و ئەوانی دیکە هەتا رۆژی (25-3-2020) قەدەغەکران.[3]

- لە بانگەوازێکدا یەکێتیی هاوردە و ناردنکاران داوا لە بازرگانان، خاوەن کۆمپانیا، خاوەن کارگە و کارخانەکان و خێرخوازانی شاری سلێمانی و دەوروبەری دەکات کە هاوکاربن لە دابینکردنی ئامێر و پێداویستییەکانی ئەو نەخۆشخانە تایبەتەی ئێستا بۆ تووشبووانی کۆرۆنا دروستدەکرێت.[2]

- تیمێکی تەندروستی ئەمەریکی چاودێری کەرەنتینە کراوەکانی سۆران و رواندز دەکەن، بەهاوبەشی تیمی تەندروستی ناوچەکە رۆژانە پشکنین بۆ کەرەنتینەکراوەکان دەکەن.[3]

- ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی لەسەر ئەو کرێکارانەی رۆژهەڵاتی کوردستان داناوە کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، رێنماییەکانی حکومەت لەبارەی کۆرۆناوە تووندکراون و هاووڵاتییانی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ڤیزایان بۆ نوێ ناکرێتەوە و ناتوانن هاتووچۆ بکەن.[2]

- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بەهۆی مەترسییەکانی بڵابوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڕیاریدا دەوامی فەرمی رابگرێت.[3]

- جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە رایگەیاند، 40 هاونیشتمانیی سنووری پارێزگای هەڵەبجە دوو رۆژی دیکە کەرەنتینەکان جێدەهێڵن.[2]

- لەبەردەم قەیسەری ئاڵتون لەناو بازاڕی شاری هەڵەبجە، پیاوێک بەسەختی ژنێکی بریندار کرد، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ژنەکە لە بەشی فریاکەوتنی خێرا لەنەخۆشخانەی هەڵەبجە لەژێر چاودێریدایە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- بەپێی ئامارەکانی دەوڵەتی تورک، لە مانگی شوباتدا و بە بەراورد بە مانگی پێشوو هەڵاوسان بە رێژەی 0.35 زیادیکردووە و بەراوردیش بە مانگی شوباتی ساڵای رابردوو هەڵاوسان بە رێژەی 12.37 زیادیکردووە.[1]

- ئەردۆغان بۆ ئیدلب داوای ئاگربەست لە پوتین دەکات و پێش سەردانەکەی بۆ رووسیا هەڕەشەی سەربڕینی لە سوریا کرد، کە شێوازێکی داعشەکانە و هەزاران کەسیان بە بەرچاوی جیهانیانەوە سەر بڕی.[1]

- روانگەی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە، لە شەوی رابردووەوە هێزەکانی تورکیا تۆپبارانی دەوروبەری کەمپی عەین عیسا و رێگەی ئێم فۆر لە رۆژئاوای کوردستان دەکەن، بەڵام تائێستا زیانەکان نەزاندراون. هەروەها تورکیا گوندی سلێیی لە رۆژئاوای گرێسپی تۆپباران کردووە. لەلایەکی دیکەوە، تورکیا ئاشکرای کرد، سەربازێکی دیکەیان لە ئیدلب کوژراوە.[3]

- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، فڕۆکەیەکی جەنگی سووریا لە لایەن فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا لە ئیدلب خرایە خوارەوە. ئاشکراشیکردووە، فڕۆکەکانی تورکیا لە

جۆری ئێف-16ی ئەمەریکی بوون، بەڵام چارەنووسی فڕۆکەوانەکە نازانرێت.[3]
- ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران گیانیان لەدەستداوە بۆ 77 کەس بەرزبووەوە.[3]
- سیباستیان کۆرتز، راوێژکاری نەمسا ئەو هەنگاوەی تورکیا بە کردنەوەی رێگای کۆچبەران وەک کارتێکی فشار و ملکەچکردن وەسف دەکات بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز
شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-03
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-03
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-03
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-03
کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 65

**2020-03-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378298




باکووری کوردستان
- لە وان لەدژی توندوتیژی دژی ژنان و کوشتنی ژنان کە لەم ساڵانەی دواییدا زیادیکردووە، کۆمەڵەیەکی نوێ دامەزرا. مەراسیمی کردنەوەی کۆمەڵەی ستاری ژنان لە رۆژانی داهاتوودا بەڕێوەدەبرێت.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و گواستنەوەی چەند زیندانیی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ نەخۆشخانە، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی ورمێ دۆزی نائاساییان لەو زیندانەدا راگەیاند.[7]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن، کەسێک لە سلێمانی بە نەخۆشیی کرۆنا گیانی لەدەستداوە. ئەو کەسە ناوی مەلا رەشیدە و پێشنوێژی مزگەوتی مەحوی-یە.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی سلێمانی رایدەگەیەنێت: نوێژی بە کۆمەڵ رادەگیرێت.[4]

- بازگەی ئاسایشی شارەدێ وەرتێ بۆ ماوەیەک ڕێگای نێوان شارۆچکەی ڕانیە و سۆران و چۆمان و ڕواندزی داخست و ڕێگری لەهاتووچۆی هاوڵاتیان کرد، وەک دەڵێن بۆ ڕێگرتنە لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.[6]
- بە دەنگی 88 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە دووەم دانیشتنی ئاسایی خولی بەهارەی خۆیدا، پەرلەمانی کوردستان یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاخبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی پەسندکرد، سزای تۆمەتبارانی بەقاچاخبردنی نەوت چوار هێندەی پارەی خەمڵێندراوی نەوت و لێدەرهێندراوەکانیەتی.[3]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا لێپرسراوی مەڵبەندەکانی یەکێتی هەڵبژارد.[4]
- دژی بڕیاری سزای سێدارەی دوو هاوڵاتی لەلایەن هەردوو حکومەتی ئێران و عێراقەوە، لە شاری هەولێر گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، داوای هەڵوەشانەوەیان کرا.[6]
- لە ناو دادگای حاجیاوا، بکوژانی کوڕی فەرماندەیەکی پێشمەرگە تەقەیان لێکرا و سێ کوژرا و دوو بریندار هەن.[5]
- بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان ڕایگەیاند، بڕی 5 کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە جۆری هیرۆیین لە هەولێر دەستی بەسەردا گیرا و چەند تۆمەتبارێکیش دەستگیرکران.[5]
- ئیدارەی پارێزگای کەرکوک ڕاشیگەیاند، لە پێناو پاراستنی سەلامەتی ژیانی هاووڵاتیانی کەرکوک سبەی پێنجی ئازار دەکرێتە پشووی رەسمی. روونیشیکردەوە، فەرمانگەکانی کەرتی نەوت، کارەبا، ئاو، شارەوانی و بانکەکان نیو دەوام دەکەن و تەنیا فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک دەوامی وەک خۆی دەبێت.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- درەنگانی شەوی ڕابردوو ڕژێمی داگیرکەری تورک بە هاوەن و ئۆبۆس گوندەکانی سیپیبقڕان و کۆپرلیکی گرێ سپییان تۆپباران کرد.[2]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی ئەنجومەنی سەربازی منبج ڕایگەیاند، هێرشکراوەتە سەر گوندی عەرەب حەسەنی باکووری ڕۆژئاوات منبج. ئەنجومەنە سەربازیەکە ئاشکرا کرد کە 7 گولە تۆپ بەر گوندەکە کەوتوون.[2]
- سوپای دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە هاوکاری چەتەکانی لە دربێسی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕژێمی سوریا، لە عەفرینیش بە هەمان شێوە هێرشیان کردە سەر ناوچەی شێراوا.[6]

دەرەوەی کوردستان

- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی تورکیا گفتوگۆ لەبارەی دۆسیەی سوریا و بونی هێزەکانی تورکیا لەو وڵاتە دەکرێت. ئەم پرسە گرژە دەخاتە نێوان پەرلەمانتارانی پاردی داد و گەشەپێدان ئاکەپە و پارتی گەلی کۆماری جەهەپە و لەئەنجامدا شەڕە بۆکس لە نێوان پەرلەمانتاران دروست دەبێت.[4]
- لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بارەگاکانی سوپای تورک لە نەیراب ژمارەیەکی زۆر سەرباز کوژراون و برینداربوون. سوپای تورک کوژراو و برینداراەکانی بۆ نەخۆشخانەی دەوڵەت لە هاتای گواستەوە.[2]
- وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا هەڵوێستی لەدژی هەڕەشەکانی تورکیا لە ڕێگەی پەنابەرانەوە پیشاندا و وتی، هەڕەشەکانی تورکیا مایەی قبوڵکردن نین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: رواندز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: منبج
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-04

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 66

**2020-03-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378299



باکووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک لە گەرەکەکانی سەر بە ناوچەی لیجە و حەزرۆی ئامەد دەستی بە ئۆپراسیۆنێک کردووە. هاوکات لە شاری ئەدەنەش هەرچی چالاکی و گردبوونەوە هەیە، قەدەغەی کردووە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو لاوی کورد بە ناوەکانی حەمید ئەژدەری کوڕی مەحموود و ئوسامە بامداد کوڕی ئارام، خەڵکی گوندی نێی مەریوان، هەرکام بە دانانی بارمەتەی 100 ملیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی لە گرتنگە ئازاد کران. شەوی شەممە 19ی رێبەندان، ئەم دوو لاوە کوردە بەبێ پیشاندانی بەڵگەی یاسایی لە کلووپێکی وەرزشی، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کران و لێیان درا. ئەم دوو لاوە 16 ساڵەیە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان

- له رانیه، ڕێوڕەسمی یادی 29 ساڵەی ڕاپەڕینی باشوری کوردستان کرایەوە، بەڵام بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە یادەکە بە ساردی بەڕێوەچوو.[5]
- بۆرێگریکردن لە بڵاو بونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو کەسانەی بەگومانی هەبوونی ڤایرۆسەکە گیان لەدەستدەدەن لە گۆڕستانێکی تایبەت لە شاری سلێمانی دەنێژرێن.[3]
- بەڕێوبەری گشتی تەندروستیی سلێمانی بریاری دا بە: 1. قەدەغەکردنی یاری ئۆکەی و دۆمینە لە کافتریاکان. 2. داخستنی بازاری دۆلارە کۆنەکە. 3. چەند رێکارێک بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لە ناو بازاری سلێمانی.[3]
- لە راگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی شارەدێی وەرتێ لەسەر بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ داخستنی 2 رێگای لە سنووری راپەڕین و رواندز راگەیاند. داواش لە هاولاتیان کراوە، هەمولایەک هاوکارین و رێگای بالیسان وەک جێگرەوەیەک بۆ ئە و دوو رێگایە بەکاربهێنن.[4]
- بەڕێوبەرایەتی تەندروستی سلێمانی 116 هاوڵاتی لەکەرەنتینەکان ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە و ڕایگەیاند، لە ئەنجامی پشکنینەکان دەرکەوتووە کە تەندروستیان باشە.[5]
- نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی شارۆچکەی ناوەندی هەولێر رایگەیاند، تا رۆژی یەکی نیسان سەرجەم پیشانگەکانی ئۆتۆمبێل لە سنووری هەولێر تەنیا لە رۆژانی هەینی دادەخرێن.[4]
- لەبارەی بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لە رونکردنەوەیەکدا ئە و هەواڵە رەت دەکاتەوە و دووپاتیش دەکاتەوە، رێکاری یاسایی لە دژی ئە و کەسانە دەگیرێتە بەر، کە هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- بە بەشداریی پارتە سیاسیەکان و چەندین لایەن و کەسایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-رۆژئاوا لە مەراسیمێکی تایبەتدا یەکەم نوسینگەی خۆی لە شاری قامیشلۆ کردەوە.[1]
- بە سەدان هاوڵاتی عەفرین و ناوچەی شەهبا لە بەردەم نەخۆشخانەی ئەڤرین لە ناوچەی فافین بە مەبەستی وەرگرتنەوە تەرمی شەهید گرد بوونەوە. دوای وەرگرتنی تەرمی شەهید سەرهڵدان، بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهیدانی ئەحرەز بەرێکرا.[1]
- وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند، بەهۆی شەڕی ئیدلبەوە لە 1ی کانوونی یەکەمی 2019وە 184 هەزار و 547 کەس لە ئیدلب و دەوروبەریەوە چوونەتە هەرێمی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان.[2]
- فڕۆکەیەکی سیخوڕی سوپای داگیرکەری تورک لە عەین عیسا لەلایەن قەسەدەوە خرایە خوارەوە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیرانی ناوخۆی 27 وڵاتی یەکێتیی ئەوروپا لە کۆبوونەوەیەکی بە پەلەدا راگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە. لە راگەیاندراوەکەیاندا هاتووە، یەکێتیی ئەوروپا گوشاری کۆچبەران لە رێگەی تورکیاوە، کە مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیە بە توندی رەتدەکاتەوە.[1]
- گوتەبێژی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق بڕیاری دا بە راگرتنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و کوێت، بەڵام بڕیارەکە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران ناگرێتەوە.[2]
- سەرۆکی سووریا کێشەی کورد لە وڵاتەکەی بە خەیاڵ و درۆ ناودەبات و لەبارەی هێرشەکانی تورکیا لە ئیدلب دەڵێت: ئەوانەی بەیاننامەی توند دژی تورکیا دەردەکەن با چەکدارمان بۆ بنێرن و پێکەوە شەڕی تورکیا بکەین.[2]
- دوای نزیکەی سێ کاژێر لە کۆبوونەوەی نێوان سەرۆکی رووسیا و سەرۆکی تورکیا، ڤلادیمیر پووتین رایگەیاند، گەیشتوون بە رێککەوتن. بەپێی رێککەوتنەکەش ناوچەی ئارام دروستدەکرێت و لە ئەمشەوەوە ئاگربەست رادەگەیێندرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |

شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ رواندز
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 67

**2020-03-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378300



باکووری کوردستان
- بڕیاری گرتن بۆ پەریخان ئاغا ئۆغلۆ هاوسەرۆکی هەدەپەی مێردین و موسا ئالکان هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەی مێردین دەکرا کە لە مانگی شوباتدا لە مێردین دەستگیرکرابوون.[4]
- لە گەڕەکی دەریشی ناوچەی ستەوری مێردین، سەربازانی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵان. لە ئەنجامدا جەبار گوندوز، مستەفا کیلیچ، مەکی ئەرێۆغلۆ، داود ئوکومەش و مەتین ئەرتەک دەستگیرکران. هەر پێنج کەسەکە بۆ قەرەقۆڵی جەندرمەی ناوچەکە گڤاسترانەوە و ئاشکرابوو بە هۆی لێپرسینەوەکانی 2014 و 2015 دەستگیرکراون.[4]
- دوای شەش مانگ تەرمی کوبار حاجیزادە گەریلای یەژاستار کە لە لیجە شەهید بوو رادەستکرایەوە، بەڵام ڕێگری لە بەخاکسپاردنی تەرمەکەی کرا.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی زۆرتری ڤایرۆسی کرۆنا، بازاڕی پەلەوەرفرۆشانی هەولێر داخرا.[1]
وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەڕەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی

فەیسبووک بڵاویکردەوە، ئەنجامی پشکنینەکانی ئەو هاووڵاتییەی لە سلێمانی بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا لە بەغدا راگەیەندراوە و هەمان ئەنجامی پشکنینەکانی هەرێمی کوردستانی هەبووە. دەشڵێت، هاوشێوەی پشکنینەکانی هەرێمی کوردستان، بەغدا پشتڕاستیکردەوە کە ئەو هاووڵاتییە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.[5]
- بەمەبەستی خۆپاراست و رێگریکردن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خولی پانزەهەمینی پێشەنگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب بۆ کاتێکی نادیار دوادەخرێت.[3]
- سەباح نەسرەدین بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاندوە: ناوبازار و دوکانەکانی ناو شاری سلێمانی داناخرێن، تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کە گومانی ئەو تێدابکرێت کە کەسی توشبوو یا هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدابووە.[3]
- وەک خۆپارێزیی و بۆ بەرگەگرتن و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە رشاندنی دژە ڤایرۆس لە شوێنە گشتییەکانی سەنتەری شاری هەولێر کرد.[5]
- تەندروستی کەرکوک چاکبوونەوەی سێ حاڵەتی تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای راگەیاند، کە بەم زووانە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.[3]
- لە سنووری شارۆچکەی چەمچەماڵ'ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، دەسترێژی گوللە لە خێزانێک کراوە و لە ئەنجامدا خەیرولا کوێخا شەریف ئەندامی ئەنجومەنی چەمچەماڵ کوژراوە و دوو کوڕی و هاوسەرەکەشی بریندارن. تەقەکەرەکە برای کوژراوەکەیە، بەڵام هۆکاری رووداوەکە ڕوون نییە و لەلایەن پۆلیسی سنوورەکەوە پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ دۆسییەکە کراوەتەوە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- هاپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، رایگەیاند، هاوکارییەکانیان بۆ هەسەدە بەردەوام دەبێت و ناشیانەوێت ئاڵۆزییان لەگەڵ رووسیا بۆ دروست ببێت.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری یۆرکشایەری باشووری بەریتانیا، پێنج کورد بە تۆمەتی دەستدرێژیکردنەسەر کچێکی تەمەن 15 ساڵ دادگایی دەکرێن؛ دادگای بەریتانیا دەڵێ، ئەو پێنج تۆمەتبارە کچەکەیان وەکو پارچە گۆشتێک بەکارهێناوە. ناوی تاوانبارەکان لەلایەن میدیاکانی بەریتانیاوە بەم شێوەیە هاتوون جاسم محەممەد تەمەن 36 ساڵ، کاروان عومەر ئەحمەد تەمەن 29 ساڵ، نزار ئەنوەر تەمەن 40 ساڵ، شەنگەر ئیبراهیمی تەمەن 30 ساڵ و سەبا محەممەد کە تەمەنی دیارینەکراوە. هاوکات وێنەی سەرجەم تۆمەتبارەکانیش بڵاوکراونەتەوە.[2]
- لە پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی رێنوێنی و دەرفەتە رۆژانەییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت.[4]
- کیانوش جیهانپور، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران بڵاویکردەوە، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوو، 17 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران گیانیان لەدەستداوە. راشیگەیاند، لە 24 کاتژمێری رابردوو، هەزار و 234 حاڵەت تۆمار کراون و کۆی حاڵەتەکان بۆ چوار هەزار و 747 کەس بەرزبووەتەوە و 124 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-06
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-06
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-06
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-06
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-06
کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 68
**2020-03-07**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378301




باشووری کوردستان
- لە شاری هەولێر، یەکەم حاڵەتی نەخۆشیی کۆرۆنا دیاریکرا کە ئافرەتێکی 33 ساڵەیە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕایدەگەیەنێت، هیچ کەسێک لەکەسە نزیکەکانی ئە و ژنەی لە هەولێر توشی کۆرۆنا بووە هەڵگری ڤایرۆسەکە نین.[4]
- بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی بازاڕی هەولێر بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و خۆپارێزی و پاراستن و سەلامەتی گیانی هاونیشتمانیان، تیمەکانی شارەوانی بە هەماهەنگی یەکەی خۆپارێزی تەندروستی هەڵمەتی ڕشاندنی پاککەرەوەی دژە ڤایرۆسیان لە شوێنە گشتییەکانی بازاڕی هەولێر ئەنجامدا.[3]
- ئامێرێکی پشکنینی خێرای ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە سلێمانی و لە نەخۆشخانەی شۆرشی تایبەت بەپشکنینی ڤایرۆسەکە دانراوە و لە ڕۆژانی داهاتوودا دەکەوێتە کار.[4]
- فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بۆ پاراستنی هاووڵاتییان لە کۆرۆنا، بڕیاری داخستنی سەرجەم هۆڵەکانی سینەما و وەرزش و مەلەوانی و سەنتەرەکانی جوانکاری و هۆڵی یاری منداڵانیان دەرکردووە.[5]
- بەهۆی سەختی برینەکەیەوە کوڕی ئە و پیاوەی دوێنێ لە چەمچەماڵ کوژرا، گیانی لەدەستدا.[4]
- دوکانێکی زێڕنگەر لە سۆران، زیاتر لە 30 کیلۆ زێڕی لێ دزرا، قائیمقام دەڵێت دزەکان 500 مەتر تونێلیان لێداوە و دەیان فەردە خۆڵیان فڕێ داوە، تا ئێستا کەس دەستگیرنەکراوە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فۆزا یوسف ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتیی پەیەدە لەبارەی ئەوەی، کە ئەسەد وتبوی دۆزی کورد خەون و خەیاڵە ڕایگەیاند ئەو قسەیە، بۆ تەواوکردنی ئەو قسەی ئەردۆغانە، کە

دەڵێت 'تۆ بیری لێنەکەیتەوە نییە'. هەردووکیان لە خاڵی نکۆڵیکردندا گەیشتنەوە یەک.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە 3 پارێزگای ئێران، (قوم، گەیلان و مازندەران) بەهۆی کۆرۆناوە باری نائاسایی تا ئەوپەڕی ڕاگەیەندرا.[1]
- لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر بڵاودەبێتەوە. لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 21 کەسی تر گیانیان لەدەستدا. هاتوچۆی نێوان 17 پارێزگای ئێران قەدەغە کرا.[1]
- ژمارەی کوژراوانی میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە تورکیا گەیشتە 117 کوژراو، کە لە شەڕ و پێکدادانەکاندا لە تەرابلوسی پایتەختی لیبیادا کوژراون.[4]
- بەگوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بڕیاریدا چیدیکە ڕێگەنەدەن هیچ پەنابەرێک لەسەر سنوورەکانی تورکیاوە بچنە نێو یۆنانەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-07

کاتی تۆمارکردن: PM 3:05:16 2020-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 69

**2020-03-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378302




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی سلۆپی سەر بە شرنەخ بە سەدان ژن بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگی پیرۆزبایی 8ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنانی تێکۆشەر، بە جلو بەرگی ڕەسەنی کوردی و بەرزکردنەوەی پانکارت و وتنەوەی دروشم و داواکارییەکانیان بەرەو گۆڕەپانی پیرۆزباییەکە بەڕێکەوتن و لە گۆڕەپانەکە گرد بوونەوە. ئاهەنگی پیرۆزباییەکە لە لایەن بزوتنەوەی ژنانی ئازاد و ئەنجومەنی ژنانی پارتی گەلانی دیمۆکراتیکەوە ڕێک خرابوو و بە وەستانی خولەکێک بێدەنگی وەکو ڕێزگرتن، دەستی پێکرد.[1]
- پلاتفۆرمی ژنانی دەرسیم لە چوارچێوەی 8ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژناندا لە گەڕەکی هونەر ڕێپیوانێکی ئەنجامدا. ژنان پانکارتی 'بژی پشتەوانی ژنا'، ژن ژیان ئازادی'، گوڵستان داکو لەکوێیە' یان بەرزکردەوە. هەروەها پانکارتی ' لەدژی قەیران، کۆمەڵکوژی، توندوتیژی بەرخۆدان و تێکۆشان بۆ ئاشتی گەش بکەین' بەرزکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گوڵزار محەمەدی، هونەرمەندی شانۆ لە شاری سنە کۆچی دواییکرد.[3]
- پارێزگاری سنە داوا لە خەڵک دەکات کە خۆیان لە شوێنە گشتییەکان بپارێزن و لە ماڵەکانیان بمێننەوە. ئاشکرای کرد کە ڕێورەسمێکی پرسە لە شاری سەقز کێشەیەکی گەورەی بۆ دروستکردوون و هەموو توشبووانی ئەو شارە لە پرسەوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[5]
- چالاکێکی مەدەنی و ژینگەیی کورد بە ناوی سیروان ڕەحیمی، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی شاری دێولان، لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری سنەوە بە 13 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا. ئەو چالاکە کوردە بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کراوە.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، حاڵەتێکی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر تۆمار کرا.[2]
- بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەڵمەتەکانی ڕشاندن لە سلێمانی دەستپێدەکات و 65 تیم لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل و کۆڵەپشتەوە ئەو کارە ئەنجامدەدەن.[3]
- لەچوارچێوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، سەندیکای پزیشکانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە سەرجەم سەنتەر و نۆڕینگەکانی جوانکاری دادەخرێن.[5]
- شەش تیم بە ڕۆژ و شەو شەقام و شوێنە گشتییەکانی هەولێر بە دەرمان دەڕشێنن، هەڵمەتی ڕشاندنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی پێشگیرییە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان داوادەکات سەردان بۆ پەرستگەی لالش و مەزارەکان رابگیرێت، ئەوەش بەمەبەستی خۆپارێزی هاونیشتمانییان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.[3]
- فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر، لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕایگەیاند، بەداخەوە نیگەرانین لەو کەسانەی بە قاچاخ دێنەوە، ئەوانەشی ئەو کارە دەکەن، کەسوکارەکەشیان کەرەنتینە دەکرێن و ڕووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە.[5]
- وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕایدەگەیەنێت سبەینێ بۆ ڕوبەڕووبونەوەی کۆرۆنا بڕیاری نوێ دەدرێت و بۆچوونێکیش هەیە بۆ ڕاگرتنی دەوامی فەرمانبەران، دەشڵێت: ئەوانەی بەقاچاخ گەڕاونەتەوە هەرێم دۆزراونەتەوە، تائێستاش بەڵام ئەوانەی ناویان لەلیستەکاندا نەبووەو بەقاچاخ گەڕاونەتەوە ڕێوشوێنی پێویستیان بەرامبەر دەگیرێتەبەر. وەزیری تەندروستی هەرێمیش ڕایدەگەیەنێت تەندروستی توشبووانی کۆرۆنا جێگیرە.[4]
- لە کەرکوک ئەمرۆ 8ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان ڕێکخراوە مەدەنیەکانی بواری ژنان کونگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا کە لە کۆنگرەکە باسیان لە خراپی دۆخی ژنانی شارەکە کرد و هەروەها چەند داواکاریەکیان ڕاگەیاند بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا.[1]
- گروپی دەنگی ژنان، بۆ یادی 8ی ئازار، ڕۆژی جیهانی ژنانی، گوڵی نێرگزی پێشکەش بە ژنانی هەولێر کرد و داوایکرد، کە چیدی ڕێگە بە ئەنجامدانی توندوتیژی نەدرێت بەرامبەر بە ژنان.[6]

- ژنانی مەخموور بە دەستپێشخەری ئەنجومەنی عەشتار و ئەنجومەنی ژنانی گەنج، مەراسیمێکی گەروەیان بۆ پیرۆزکردنی 8ی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان لە مەخمور ئەنجامدرا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەندامی بزوتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (تەڤدەم) عیمادەدین عەبدوڵلا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا شەهید بوو. بە مەراسیمێک لە گۆڕستانی شەهید خەبات دێرک لە دێرک بەخاکسپێردرا.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی عەین عیسا و ریگای ئێم4. گوندەکانی خالیدیە و هۆشانی عەین عیسا، کەمپی کۆچبەرانی عەین عیسا و ریگای ئێم 4 تۆپبارانکران. لە گوندی خالیدیە هاوڵاتیەی مەدەنی بریندار بوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئێران ئاشکرای کرد، تائێستا 6 هەزار و 566 کەس لە ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و لەو ژمارەیەش 194 کەس گیانیان لەدەستداوە. ئەوەشخراوەتەڕوو، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 743 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوونە و لەو ماوەیەشدا 49 کەسی تر گیانیان لەدەستداوە.[5]
- سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، لە مانگی رابردوودا (59) سەربازی تورکیا لە سنووری ئیدلب کوژراون و لە بەرامبەریشدا (3) هەزار و (400) سەربازی سووریا کوژراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شڕناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور

Quick Respons Code:



سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-08
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوداو - 2020-03-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-08
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-08

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 70

**2020-03-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378303



باکووری کوردستان
- سزای 9 ساڵ و نیو سزای زیندانی بەسەر سەلچوک مزراکلی هاوسەرۆکی شارەوانی گەورەی ئامەد دا سەپێندرا.[1]
- دانیشتنی دادگایی هەر یەک لە گولتان کشاناک و سەباحەت تونجەل بەڕێوە چوو. لە دانیشتنی دادگاییەکەدا، بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی گرتنی هەر یەک لە گولتان کشانانک و سەباحەت تونجەل درا و دادگاییەکە دوا خرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 12 کەسی دیکە لە لوڕستان و کرماشان بەهۆی تووشبوون بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتە 377 کەس. دوایین ئامارەکانی کۆرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەمشێوەن: پارێزگای لوڕستان 151 کەس؛ پارێزگای ورمێ 69 کەس؛ پارێزگای سنە 66 کەس؛ ئیلام 47 کەس؛ پارێزگای کرماشان 44 کەس.[2]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی بازیانی سەر بە سلێمانی مەراسیمێک بۆ گەریلای یەژا-ستار شنیار کاوە ناسراو بە سارینا ساریا بەڕێوە چوو کە لە ئەنجامی هێرشێکی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکدا لە خواکورک شەهید بوو.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا چەند بەرزاییەکی دۆڵی باڵەیانیان لە سنووری شارۆچکەی قەسرێ بۆردوومانکرد و بەهۆیەوە خانووی هاونیشتمانییەک لە گوندی ماونان ڕووخاوە.[2]
- نەخۆشخانە تایبەتەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی تەواو بوو. ئەو نەخۆشخانەیە توانای چاودێرییکردن و چارەسەری 65 نەخۆشی هەیە و لە سەرەتای هەفتەی داهاتووشەوە هەر نەخۆشێک پێویستی بە چاودێریی وردبێت، لەوێ دەمێنێتەوە.[2]
- ئەنجوومەنی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیاریدا لە ڕۆژی چوارشەممە 2020-03-11 تاوەکو 2020-03-26 لە سەرجەم دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان، جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، ئاسایش، ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوەکانی تەندروستی، بکرێتە پشووی فەرمی.[2]
- بە سەرپەرشتی ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە و بە ئامادەبوونی قائیمقامی هەڵەبجە و تیمەکانی تەندروستی و بەرگری و شارستانی و شارەوانی و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە بەشداری تیمەکانی ژووری ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، هەڵمەتی پاکردنەوەی پارێزگای هەڵەبجە و ناحیەکانی بە مادەی تایبەت دەستی پێکرد.[3]
- تەندروستی هەڵەبجە هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەڵەبجە تۆمارکرابێت و ڕاشیدەگەیەنێت: جێگەی داخە هەواڵی ناڕاست و دوور لە سەرچاوەی ڕاست و دروست و بێ بنەما بەناوی حاڵەتی تۆمارکراوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاودەکەنەوە.[3]
- دوو سەربازی ئەمریکی لە شەڕی دژی داعش لە قەرەچووغی مەخموور کوژران و 5ی تریش برینداربوون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- عەلی باباجان، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاکەپە، پارتێکی بەناوی پارتی دیموکراسی و هەنگاو-

دەڤا، دامەزراندووە و بڕیار وایە ڕۆژی چوارشەمە مۆڵەتی کۆتای پێبدرێت و بەفەرمی دامەزراندنی پارتەکەی ڕابگەیەنێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | لوڕستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-09

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-02-01 3:05:16 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 71

**2020-03-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378304



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی نێوان لیجە و پاسوری ئامەد و ناوچەی دارا هێنی ناوچەی چەولیک، سوپای تورکی داگیرکەر لە دەوروبەری گوندەکانی پێچار، مزاگ، خەشەدەر، باراڤ، هامزا و ئاختیگان دەستی بە ئۆپراسیۆن کرد. بە پێی زانیارییەکان، هاوکات لە گەڵ ئۆپراسیۆنە زەمینییەکە، لە چەند ناوچەیەکیش سوپای داگیرکەر هێرشی ئاسمانی ئەنجام داوە. لە ناوچەکە هەلیکۆپتەری هێرشبەر بەکار دەهێندرێن. هاوکات بە هەلیکۆپتەری سکۆرسکی سەرباز لە ناوچەکە جێگیر کراون.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- پێنج هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی: سەید ئەحمەد سەبری خەڵکی پەسوێ، عەبدوڵلا حەسەنزادە خەڵکی پەسوێ، محەممەد ئیبراهیمزادە خەڵکی گوندی خورنج، محەممەد ئەلیاسی کوڕی محەممەد تاهیر خەڵکی نەغەدە و سەلام بارزگانی خەڵکی پەسوێ، پاش دەسبەسەرکرانیان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بۆ لێپرسینەوە رەوانەی گرتنگەی رێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ کراون. ئەو 5 هاووڵاتییە کوردە، رۆژی یەکشەممەی ڕابردوو، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون.[7]
- لقی دووی دادگای ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتیی دادوەر شێخلوو، هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی شەهرام کازمیان کوڕی فارس، تەمەن 42 ساڵ، بە 5 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.[7]
باشووری کوردستان
- رۆژی جلی کوردی لە باشووری کوردستان بەهۆی ترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پشووی خوێندنگاکان بەبێدەنگی بەسەربرا و هیچ چالاکییەکی ئەوتۆ بەهۆی ئەم بۆنەیەوە بەڕێوەنەچوو.[4]
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە هەولێر پێشوازی لە ستیڤ فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەرێم. هەردووکیان لە رۆژی جلی کوردیدا، جلی کوردییان پۆشیبوو.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک سنووری بناری قەندیل بۆردوومان دەکەن، هەروەها فڕۆکە بە ئاسمانی پشدەردا دەسوورێتەوە و دڵەڕاوکێی خستووەتە دڵی هاوڵاتیانەوە.[6]
- لە دەروازەی نێودەوڵەتیی پەروێزخان، هاتنی شۆفێری تانکەرەکانی سووتەمەنی سنووردار کراون، بەجۆرێک رۆژانە لەژێر چاودێریی پۆلیس تەنها رێگە بە 25 تانکەر دەدرێت سووتەمەنی بگوازنەوە باشووری کوردستان، باری کامیۆنی ترانزێتەکانیش ئاڵوگۆڕیان بۆ کامیۆنی عێراقی پێدەکرێت. هاوکات لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران رێگە بە هیچ شۆفێرێکی رۆژهەڵاتی / ئێرانی نادرێت کاڵا و کەلوپەل بگوازێتەوە بۆ باشووری کوردستان.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت کۆبووەوە و تێیدا دەرهاویشتە و لێکەوتە ئابوورییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان تاوتوێکرا و بڕیاردرا دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چڕبکرێنەوە بۆ تێپەڕاندنی ئە و دۆخە داراییە سەختەی رووبەڕووی عیراق و هەرێمی کوردستان بۆتەوە.[3]
- بە فەرمانی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قایمقامیەت و شارەوانیی سلێمانی سەرجەم ئۆتۆمبێلەکانی خۆڵوخاشاک رشتن پێش ئەوەی بچنە کۆڵانەکانەوە دەبێت پاکبکرێنەوە و رشاندنیان بە پاککەرەوەی تایبەت بۆ بکرێت، کارمەندەکانیش بە هەمان شێوە دەبێت جلوبەرگەکانیان پاکبکرێنەوە بە دەرمانی تایبەت، هەر جارێکیش چوونە ناو تانجەرۆکە شوێنی فڕێدانی خۆڵوخاشاکە، پێویستە بە دەرمانی تایبەت پاکبکرێنەوە لەکاتی گەڕانەوەیان.[2]
- دلۆڤان محەمەد، بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانی رایگەیاند، چوار حاڵەتی کۆرۆنا لە هەولێر تۆمارکراون و نەخۆشخانە و تیمە پزیشکییەکان لە ئامادەباشیدان.[5]
- لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا، هەریەک لە (رەفعەت عەبدوڵڵا، قادر عەزیز، رزگار عەلی، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، دەرباز کۆسرەت رەسوڵ) بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵبژێردران. هەرلە کۆبوونەوەکەدا

لێپرساوانی مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەڵبژێردران لەوانە: سەعدی ئەحمەد پیرە بە لێپرساوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و لە تیف شێخ عومەر بە لێپرساوی مەکتەبی ڕاگەیاندن و سۆران جەمال تاهیر بە لێپرساوی مەکتەبی پەیوەندییەکان و حامید حاجی غالی بە لێپرساوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و بورهان سەعید سۆفی بە لێپرساوی مەکتەبی شەهیدان و ئەمین بابە شێخ بە وتەبێژی یەکێتی و شاڵاو عەلی عەسکەری بە لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستن و ئاسۆ مامەند بە لێپرساوی دەزگای هەڵبژاردن و د. میران محەمەد بە لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و ڕزگار حاجی حەمە بە لێپرساوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری یەکێتی نیشیتمانیی کوردستان هەڵبژێردران.[3]

- لەشاری ڕانیە هەڵمەتێکی فراوانی ڕشاندنی دەرمان و پاکردنەوەی بازارو شوێنە گشتیەکان دەستپێکرد.[3]

- وەزارەتی تەندروستی هەرێم لە ڕاگەیەنراوێکدا دوو حاڵەتی دیکەی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.[3]

- بە مەبەستی هاندانی زیاتری هاوڵاتیان بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕێکخراوی لاوان و خوێندکارانی شیوعی هەڵمەتێکی دابەشکردنی دەمامک و دەستکێشیان لە شارۆچکەی کفری ئەنجامدا.[6]

- تەندروستیی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، ئەو کەسانەی لە کەرەنتینە دوای 14 ڕۆژەکە دەنێرێنەوە ماڵەوە تاوەکو 10 ڕۆژی دیکە پێویستە پابەندی ڕێنماییەکان بن، ئەگەر پێویست بێت ڕەنگە لەو ماوەیە بانگبکرێنەوە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی زیاتر.[2]

- شەوی ڕابردوو داعش دوو هێرشی کردە سەر سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە سنووری خانەقین، ئەفسەرێکی سوپا و چەکدارێکی حەشد کوژران و دوو چەکداری دیکەی حەشدیش بریندداربوون.[5]

- لەگوندی بەرچیخەی دەڤەری برادۆست 300 پارچە تەقەمەنی نەتەقاوەی سەردەمی ڕژێمی بەعس دۆزرانەوە، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دەزگای گشتی کاروباری مینی هەولێر کۆکرانەوە و بڕیارە لەهەفتەی داهاتوو لەگەڵ کۆمەڵێک تەقەمەنی دیکە بتەقێندرێنەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛️ پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛️ پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛️ پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛️ پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ نەغەدە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کفری |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامەد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-10
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-10

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 72

**2020-03-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378305



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکێکی ناوچەی ستەوری مێردین یەکەمین ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ هەڵکرا.[1]
باشووری کوردستان
- دکتۆر سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا دواین زانیاری و ئاماری لەبارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان خەستە ڕوو. وەزیری تەندروستی لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەدا وتی: لەکۆی 3 هەزار و 64 هاوڵاتی لە 29 شوێنی کەرەنتین کراو تەنها 953 هاوڵاتی لەکەرەنتین ماون، 2 هەزار و 111 هاوڵاتی گەڕاونەتەوە بۆ ناو خێزانەکانیان و 2 شوێنی کەرەنتینیش کەم کراوەتەوە، کە پێشتر 31 شوێنیان هەبووە، ئەوانەی لەکەرەنتین گەڕانەوتەوە چەند جارێک تێستیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی دڵنیا بن هەڵگری ڤایرۆسەکە نین پاشان ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێنەوە.[1]
- لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانی، جووتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، داوا لە کەناڵەکان دەکەین پابەند بن و خەڵک بۆ خۆپارێزیی هانبدەن و خەڵک نەترسێنن بە داتا و زانیاری نادروست. ڕاشیگەیاند، دەبێت میدیاکان بە ئاراستەی خزمەتی خەڵک و ئاسایشی تەندروستی و نەتەوەیی کاربکەن. هەروەها، حەمەی حەمە سەعید، وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەگەڵ هەموو میدیاکان کۆبووینەوە و دەبێت هەموو پێکەوە بەرەنگاری ئەو ڤایرۆسە ببینەوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند، دوو هەڵگری دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر تۆمارکرا، پیاوێک (34) ساڵ و ئافرەتێک (38) ساڵ کە دەکاتە برا و براژنێکی قوتابیە توشبووەکەی گەڕاوە لە وڵاتی ئێران کە پێشووتر کەرەنتین کرابوو.[3]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بڵاویکردەوە، وڵاتی چین لە ڕێگای سەرکۆنسوڵگەری چینەوە 100 هەزار دەمامکی بەخشییە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.[3]
- بەسەرپەرشتی لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان وئامادەبونی شاڵاو عەلی عەسکەری لێپرساوی مەکتەبی ڕێکخستن، یەکەمین کۆبونەوەی مەڵبەندەکانی

ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو.[2]
- لە شارۆچکەی پێنجوێن، چەند کەسێکی دەمامکدار هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی عەدنان ڕەشیدی، ئەندامی بەڕیوبەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، ئەشکەنجەیان داوە، هاوسەر و منداڵەکەیان بە بارمتە گرتووە، وتوویانە ئەگەر کۆمپوتەر و هارد و موبایلەکانیان نەداتێ هاوسەر و منداڵەکەی دەکوژن.[4]
- لە گوندی چەقەی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی سنوری پارێزگای دهۆک، فڕۆکەیەکی سیخوڕی دەوڵەتی تورک کەوتەخوارەوە و تێکشکا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جەهانپور، نوێترین ئاماری ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕاگەیاند. بەگوێرەی ئامارەکان، 63 کەسی دیکە لە ئێران بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 958 حاڵەتی نوێش تۆمار کراوە. بەمەش ژمارەی تووشبوان بۆ 9 هەزار کەس بەرزبووەوە و ژمارەی ئەو کەسانەشی گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 354 کەس.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ماردین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-11

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 73

**2020-03-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378306



باکووری کوردستان
- نوێنەرانی DDKD, PÎA, KKP, KDP، پارتی ئازادی , KCD, TJA, DBP, HDP-باکور لە بارەی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵەوە لە ناوەندی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک ڕاگەیێندراوێکیان بڵاو کردەوە. لە راگەیێندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز بە هۆی مەترسی بڵاوبوونەوە ڤایرۆسی کۆرۆناوە هەڵوەشاونەتەوە.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک سزای 6 ساڵ و 3 مانگ زیندانیی بەسەر راجی بیلیجی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندیی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهەدە)دا سەپاند.[1]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک ئەم بەیانییە لە رحا و ئامەد هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و نووسینگەی سیاسەتمەداران و پارێزەران. لە ئامەد پۆلیسی هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و نووسینگەی 4 پارێزەر و دوای پشکنینی و تێکوپێکدانی نووسینگەکان 2 پارێزەریان دەستگیرکرد. لە هەڵکوتانە سەر ماڵان لە رحا ئەندامی ئەنجوومەنی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) مەتین ئۆزبادەم، هاوسەرۆکی پێشووی شاری رحا پارێزەرە سەڤدا چەلیک ئۆزبینگۆل، بەڕێوەبەری پێشووی هەدەپە سەدات چەلیک، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی سیوەرەکی هەدەپە ئیبراهیم ئای یڵدز، کارمەندی رادیۆی کاراجادگا، ساڵح ئەرکبەکلەر، پارێزەر جەمۆ توبوسوز، ئەمین باران، حوسێن ئیزۆل، شێخموس ئینال و هیدایەت ئەنمەک دەستگیرکران.[1][4]
- سەرلەبەیانیی ئەمرۆ پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی جزیر لە پارێزگای شرنەخ هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و لەو هەڵکوتانەدا بێریڤان کوتلور هاوسەرۆک شارەوانیی جزیر-یان دەستگیرکرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەحەر کازمی، چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزی، پاش تەواوبوونی ماوەی زیندانییەکەی لە بەندی ژنانی زیندانی سنە ئازاد کرا.[5]
باشووری کوردستان
- ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیی هاوبەش لەگەڵ وەزیری تەندروستی و پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر کۆرۆنا بە جیددی نەگرین، ئەوا بە جیددی دەمانگرێت، بۆیە هاتووچۆ-مان لەنێوان شارەکان راگرتووە و پێویستە پێش 14ی مانگ هاونیشتمانییان بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، تاوەکو کەمترین زیانیان بەربکەوێت.[2]
- لە راگەیەندراوێکدا دەستەی گشتیی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان داخستنی زۆربەی ناوچە گەشتیارەییەکان و هاوینەهەوارەکانی لە هەرێمی کوردستان راگەیاند.[3]
- ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلێمانی پەیامێک ئاراستەی هاووڵاتیانی سلێمانی دەکات و داوایان لێ دەکات چەند دەکرێت لە ماڵەکانیان بمێننەوە و بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت نەیەنەدەر و خۆیان بەدووربگرن لە شوێنە گشتییەکان.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەرڤانی هێزەکانی رزگاری عەفرین- HRE شەهید زنار ئامەد کە لە 9ی ئازاردا لە دووەم قۆناغی خۆڕاگری عەفریندا شەهید ببوو، بە مەراسیمێکی شکۆدار لە گۆڕستانی شەهیدانی ئەحرەس بە خاکسپێردرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو، هێرشکرایە سەر بنکەی سەربازی تاجی لە باکووری بەغدا، دوو سەربازی ئەمەریکی و سەربازێکی بەریتانیا کوژران. ئەمەریکا ئێران و چەکدارەکانی تۆمەتبارکرد و لە دوای هێرشەکە، بۆردومانی چەند بنکەیەکی حەشدی شەعبی کرد. روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، 26 چەکداری حەشدی شەعبی لە هێرشی فڕۆکەکانی ئەمەریکا لە ئەبوکەماڵ، لەسەر سنووری عێراق و سووریا، کوژراون.[3]
- فەرماندەی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا، ئێران بە گەورەترین پاڵپشتیکاری تیرۆر ناودەبات و دەشڵێ، میلیشیا شیعەکان لە عێراق هێرشەکانیان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا زیادکردووە.[2]
- ئیبراهیم کالن، گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا رایگەیاند، ژمارەیەک بڕیاری نوێ بۆ

رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دەرکران. گوتیشی: سەرۆکی وڵات، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گەشتەکانی بۆ دەرەوەی تورکیا دواخستووە. هەروەها گوتی: دەوامی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە تورکیا بۆ ماوەی دوو هەفتە رادەگیرێت.[3]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران ئاشکرایکرد، کە تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەزارو 75 کەس لە سەرانسەر ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. کیانوش جەهانپوور رایگەیاند، بە گوێرەی ئەنجامی پشکنینەکانی تاقیگەکانی سەرانسەری وڵات لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 75 کەس بە ڤایرۆسەکە گیانیانلەدەستداوە، بەوەش ژمارەی مردن بەو پەتایە لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ گەیشتووەتە 429 کەس.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-12

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 74
**2020-03-13**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378307




باکووری کوردستان
- تەرمی زەهرا ئەریلماز گەریلای یەژاستار دوای 96 رۆژ لە شەهیدبوونی رادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە و لە گەمارۆی هێزەکانی پۆلیسدا بەخاکسپێردرا. رێگاش نەدرا خزمان و ناسراوان بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی بین.[2]
- لە ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە سەمسوور 3 ئەندامی هەدەپە دەستگیرکران.[2]
- دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی بۆ قڕکردنی سیاسی لە شارەکانی رحا، ئامەد، شرنەخ و وان هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان و دەیان پارێزەر، هاوسەرۆک شارەوانی، پاسەوان و سیاسەتمەداریان دەستگیرکرد.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان بڵاویکردەوە، فەریدە وەیسی و پەروین ئەدوایی لە رۆژی دووشەممەی رابردوو 9ی ئادار / 19ی رەشەممە لە زیندانی چاکسازی و پەروەردەی سنە دەستیان بە مانگرتن کردووە.[2]
- بەهۆی بڵاببوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە کرماشان، باری نائاسایی راگەیەندرا.[1]
باشووری کوردستان
- وەک رێگیری لە بڵاوبوونەوەی زۆرتری ڤایرۆسی کۆڕۆنا، قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر راگەیندرا. هاووڵاتیان بۆیان نییە لە 0.00ی ئەمشەوەوە تا 48 کاژێری داهاتوو هاتوچۆ بکەن.[1]
- بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: بارودۆخەکە بەرەو خراپی دەڕوات و گومانمان هەیە ڤایرۆسەکە لەناو خەڵکدا هەیە و دەیان و سەدان هەڵگر لەناو ماڵان و خەڵکدا هەبێت.[3]
- ئاوات محەمەد قائیمقامی سلێمانی پەیامێکی بەپەلە ئاڕاستەی هاووڵاتیانی سلێمانی دەکات و داوایان لێدەکات لەبەر هەستیاری دۆخەکەو مەترسی زیاتر بڵاوبوەنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەهەر شوێنێکن بگەڕێنەوە ماڵەکانتان و بەم هەنگاوە خۆتان و خێزانەکانتان لە مەترسی کۆرۆنا بپارێزن.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێم رایگەیاند: لەبەردەوامی پشکنینەکان، 7 گومانلێکراوی دیکە بە تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکرا.
رونیشیکردوەتەوە: 6 لەوان لە خانەوادەی ئەو حاڵەتەیە کە گیانی لەدەستدا و ئەوەی دیکە لە ئیتاڵیا گەڕاوەتەوە.[3]
- لەپاش سەردانی وەزیری دارایی و وەفدی یاوەری، بڕیاری داخستنی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ درا تا ئەو کاتەی سەرجەم رێنمایەکان وەک خۆی جێ بەجێ دەکریت. رێنمایەکانیش بریتیە لە رشاندنی دەرمان و بەکارهێنانی دەستەوانە و دەمامک بۆ سەرجم فەرمانبەرانی نێومەرزەکە و کۆمەڵێ بڕیاری گرنگی دیکە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی راگەیاندنەکانی دەوڵەتی ئێران، ناسر شەعبانی فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران ئەمڕۆ بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە مردووە. شەعبانی ماوەی 37 ساڵ ئەندامی سوپای پاسداران بو و چەندین پۆستی گەورەی وەک فەرماندەی سوپای کرماشان لە کاتی جەنگ لە دژی چەکدارەکانی موجاهیندنی خەلق لە ئەستۆدا بووە. ناوبراو لە پۆستی فەرماندەیی سوپای پاسداراندا بەشداریی لە هەموو سەرکەوتکارییەکانی دژ بە گەلانی ئێران کردووە و بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەنزەلی، گونبەد و سیستان و بەلوچستاندا زۆر بە توندی گەل و خەڵکی سەرکوتکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەمسوور

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-13

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 75

**2020-03-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378308




باکووری کوردستان
- ناوەندی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا Kovid-19 ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنەکانی لە شار و ناوچەکان نارد و داوای کرد ڕێوشوێنی توند بگرنەبەر. ڕێکخستنی هەدەپە کە ئاهەنگەکانی نەورۆزی هەڵوەشاندەوە، ڕێنمایی دەرکرد و داوای لە هەموو ڕێکخستنەکانی کرد چالاکی و خەباتی جەماوەری هەڵبوەشێننەوە.[7]
- ئومید دەدە یاریدەدەری هاوسەرۆکی گشتی هەدەپە ئاماژەی بە مەترسی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو زیندانەکاندا کرد و بانگی لە وەزارەتی داد کرد، بە هۆی کۆرۆناوە پێویستە زیندانیانی نەخۆش و بەتەمەنەکان ئازاد بکرێن و سزای سزادراوە نەخۆش و بەتەمەنەکان پیویستە دوابخرێت.[7]
- هاوکات لەگەڵ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئاهەنگی پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز بە هۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، لە چەند شار و ناوچەیەک ئاگری نەورۆز کرایەوە. دوای ناوچەی ستەوری شاری مێردین، لە گوندی سماقیی ناوچەی دێرکا چیای مازیش بە بۆنەی پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز، ئاگر کرایەوە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شۆرای ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان داوای لە تەواوی هاووڵاتییانی کوردستانی و بە تایبەتی

شاری مەریوان و هەروەها بەرپرسان دەکات، کە چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە لە راستای سڵامەتی و تەندروستیی گشتیی کۆمەڵگە، بڕیار لە سەر داخستنی دەسبەجێی سنووری باشماخ بدەن و لەمە زیاتر گیانی هاووڵاتییان نەکەنە قوربانیی کەمتەرخەمیی نابەرپرسانە.[6]
- مەحموود ڕەزا مواردی، سەرۆکی زانکۆی زانستی پزیشکیی کرماشان لە پەیامێکدا، دۆخی ئەو شارەی ئاوارتە ڕاگەیاند و بە ڕووودانی قەیرانێک لەو شارە هۆشداری دا.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر و سلێمانی 48 کاژێر قەدەخەی هاتووچۆ راگەیێندراوە، بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانیش چەند بڕیارێکی بۆ ئەوانە دەرکردووە کە سەرپێچیی ڕێنماییەکان دەکەن و دەڵێت، هەر کەسێک جوڵە بە ئۆتۆمبێلەکەی بکات و سەرپێچیی ڕێنماییەکان بکات، سزادەدرێت.[2]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێر ڕەتیدەکاتەوە ئەو پزیشکەی تووشی کۆرۆنا بووە گیانی لەدەستدابێت و دەڵێت، لەژێر چاودێری پزیشکیدایە.[2]
- وەزارەتی تەندروستی تووشبوونی کەسێکی بە کۆرۆنا لە شارۆچکەی تەوێڵەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە راگەیاند، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجەش دەڵێت، چوار خێزان کە مامەڵەیان لەگەڵ تووشبووەکە کردووە، قەردێڵەی سوور لە ماڵەکانیان درا وە.[2]
- ئەحمەد کەلاری، نوێنەری بازرگانانی کەلار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند ''هەوڵدەدەین نەخۆشخانەکەیەکی 70 قەرەوێڵەی لە ماوەی 15 رۆژدا تەواو بکەین و هاوشێوەی نەخۆشخانەی ئاسا دەبێت لە رووی پێداویستی و بیناوە''.[3]
- لیژنەی باڵای ئۆپراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، پاش کۆبوونەوەی قائیمقامی (دوکان، قەرەداغ، شارباژێڕ، دەربەندیخان) و بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری پارێزگای سلێمانی لەسەر راسپاردەی پارێزگاری سلێمانی، کۆنووسی لیژنەی تایبەت بە گەشتکردن و ڕێکخستنەوەی کەرتە گەشتیاریەکانی پارێزگای سلێمانی پەسەند کردو بڕیاریدابە: 1- قەدەغەکردنی تەواوی گەشت و سەیرانی هاووڵاتیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان. 2- داخستنی تەواوی (گوندی گەشتیاری و کابینە و کەپر و یاریگا گەشتیارییەکان) لەشوێنە گەشتیارییەکاندا لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان لە سنوری پارێزگای سلێمانی.[3]
- بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو رایگەیاند، دوای هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەی باڵای رووبەرووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و وەزیری ناوخۆ، لەپێناو بەرز نەبوونەوەی نرخی سەوزە و میوە بڕیاردرا کە عەلوەکان دانەخرێن.[4]
- بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرناوە، مەراسیمی ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە، بەشێوەیەکی فەرمی ناکرێتەوە، تەنها بەهەڵواسینی پۆستەر و دروشم لەکۆڵانەکاندا یادەکە بەڕێوەدەچێت.[5]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان هەموو چالاکییەکانی نەورۆزی راگرت و داوا دەکات، هەموو چالاکییەکانی تایبەت بە نەورۆز رادەگرێت و داوا لە هاوڵاتیان و دۆستانیان دەکات، کە پەبەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.[5]
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی دهۆک رایدەگەیێنێت، تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک تووشی کۆرۆنا نەبووە و ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی لێوەدەکرێت دوورە لە راستییەوە.[2]
- لە راگەیەندراوێکدا ڕاگەیاندنی کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان جەختی کردەوە، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی تایبەت بە جموجۆڵی بازرگانی لەم کاتەداو توندوتۆڵکردنەوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لەڤایرۆسی کۆرۆنا، مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان دادەخرێت.[4]
- لە راگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی رایگەیاند، ئەمرۆ زیاتر لە 250 موڵەت لەو شوفێرانە وەرگیراوەتەوە، کە سەرپێچیی ڕێنماییەکانی تەندروستیان کردوە و لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە.[4]
- بەیانی ئەمرۆ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵەتیف بامۆکی لە شاری هەڵەبجە زانای ئاینی و نوسەر و وەرگێڕ و پەرلەمانتاری پێشوی پەرلەمانی کوردستان و کەسایەتی شاری هەڵەبجە کۆچیی دوایی کرد.[3]

رۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ بە سەدان هاوڵاتی گەڕکی شێخ مەقسود و ئەشرەفییە تەرمی نوردین رەحموک ناسراو بە ئامەد گابار شەهیدی یەپەگەیان بەخاک سپارد کە لە 11ی تشرینی یەکەمی 2019 شەهید ببوو.[7]
- بەڕێوەبەری خاڵی سنووری سێماڵکا رایگەیاند، لە چوارچێوەی گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، جگە لە باری نائاسایی، هاتوچۆ لەو خاڵە سنوورییە بە هەموو شێوەیەک راگیراوە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- جارێکی تر بە کاتیۆشا هێرش کرایە سەر سەربازگەی تاجی لە نزیک بەغدا کە هێزەکانی ئەمریکای تێدایە. [1]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران ئاماری نوێی قوربانیانی کۆرۆنای لەو وڵاتە بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکە لە ماوەی 24 کاژێری رابردوو 1365 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 97 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی تەندروستی عێراق تۆمارکردنی 5 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند، بەمەش ژمارەی تووشبووان بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە گەیشتە 110 حاڵەت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-14

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 76

**2020-03-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378309




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کرێکارانی شارەداریی سەقز، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە دواکەوتنی پارەی ئێزافەکاری و مانگانەیان مانیان گرت. کرێکارانی یەکەی خاوێنکردنەوەی شارەداریی سەقز، سەرەڕای پێنەدانی پارەی 1 مانگ و دواکەوتنی پارەی ئێزفەکاریی حەوت مانگیان لە سەروبەندی هاتنی نەورۆز، نیگەرانن.[7]
- ڕێکخراوە مەدەنییەکانی مەریوان بە پێکهێنانی تیمگەلێک دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیراوەیەک بۆ گەنبرکردنی دەست و پل ئامادە دەکەن و لەنێو هاوڵاتییاندا بڵاوی دەکەنەوە.[7]
- فەریدە وەیسی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری دێولان کە لە بەندی ژنانی کانوونی ئیسلاح و تەربیەتی سنە، دەستی دابووە مانگرتن؛ بە دانانی بارمتەی 300 میلیۆن تمەنی ئازاد کرا. ئازادیی ئەو چالاکە مەدەنییە لە کاتێکدایە کە هاوژینەکەی سیرووس عەباسی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەدا، ڕاگیراوە.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاریدا، ماوەی 72 کاتژمێری دیکە قەدەغەی هاتووچۆ درێژ بکاتەوە.[2]
- قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە هەردوو شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەردەوامە، کەم و زۆر سەرپێچی هەیە و هاووڵاتیان هەر هاتوچۆدەکەن.[2]
- وەزارەتی تەندروستی، تووشبوویەکی تری ڤایرۆسی کۆرۆنای لە سلێمانی ڕاگەیاند کە پیاوێکی تەمەن 46 ساڵانە.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پێنج کەسی دیکە لە سلێمانی تووشی کۆرۆنا بوون. بەمەش ژمارەی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان بۆ 34 کەس بەرزبووەوە.[3]
- پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند هەر هاووڵاتییەک لە ئێرانەوە بگەڕێتەوە و پشکنین نەکات ڕادەستی دادگا دەکرێت.[4]
- بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی دەروازەی سنووریی نێودەوڵەتیی باشماخ ئاماژە بەوە دەکات، بڕیاری ڕاگرتنی جووڵەی بازرگانی لە دەروازەی باشماخ نەدراوە.[3]
- سەرۆکی کۆمەڵەی کۆمپانیا و نووسینگە گەشتیارییەکانی سلێمانی ڕایگەیاند، بەشێک لە کۆمپانیا و نووسینگەکانی گەشتیاری بۆ ئەوەی گەشتیارەکانیان کەرەنتێنە نەکرێن، هەوڵدەدەن بمانخەڵەتێنن و بە دوو پاسپۆرت و بە ترانزێت گەشتیارەکانیان دەهێننە هەرێمی کوردستان.[3]
- لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی سنورەکە و هەوڵێکی زۆری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، توانرا لەماوەی

5 رۆژدا ئامێری PCR کەتایبەتە بە دەستنیشانکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ سنورەکە دابینبکرێت.[4]
- هەر چەندە نرخی زێڕ بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بازاڕی زێڕ لە شاری دهۆک سستبووە و کاریگەری کردووەتە سەر کڕین و فرۆشتنی زێڕ. بەگوتەی بەشێک لە زێڕینگرانی پارێزگای دهۆک، ئەمساڵ خراپترین ساڵبووە بۆ بازاڕی زێڕ و خەڵک کڕین و فرۆشتنی راگرتووە.[5]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی بلێ دەنگۆی توشبوونی چوار هاونیشتمانیی شارۆچکەی مێرگەسۆر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا رەت دەکاتەوە و دەڵێت، لە دەڤەری بارزان هیچ تووشبوویەک بە ڤایرۆسەکە تۆمار نەکراوە.[3]
- دوای هەر یەک لە پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و هەلەبجە، لە شاری کەرکوکیش بە مەبەستی بەرنگاربوونەو ەی ڤایرۆسی کۆرۆنا قەدەغەی هاتوچۆی راگەیێندرا.[1]
- سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، سلێمانی هیچ کێشەیەکی خواردنی نییە و شارەکە ترانزێتی خواردنە بۆ شارەکانی دیکەی عێراقیش، ئەگەر پێویست بکات، خواردن بۆ باشووری عێراقیش نانێرین.[5]
- پارێزگاری هەولێر رایگەیاند، لە رۆژی دووشەممەوە دەستدەکرێت بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە کۆرۆنا لە هەولێر کە 70 قەرەوێڵە لەخۆی دەگرێت و بە هاوکاری کۆمەڵێک سەرمایەدار و رێکخراوی خێرخوازییە.[3]
- شەوی رابردوو، لە شارەدێی قادر کەرەمی سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی، مێرد منداڵێکی تەمەن 15 ساڵ بەناوی 'م، ە، م' بە فیشەک کوژرا، پۆلیس دەڵێت یاری بە چەک کردووە و خۆی خۆی کوشتووە.[6]
- زیاتر لە 10 چەکداری میلیشاکانی لیوای 16ی حەشدی شەعبی ئەمڕۆ چوونەتە سەر نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوک و بەبێ هیچ نووسراوێکی فەرمی دوو ژووری نەخۆشخانەکەیان جیا کردووەتەوەو وەک ژووی پزیشکی بەکاری دەهێنن. ئەو چەکدارانە لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکان بارەگاکانی خۆیان چۆڵکردووەو دەیانەوێ لەوێ بن و دووربن لە بۆردومانی فڕۆکەکان.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر گوندی شێخ عیسایان لە ناوچەی تەل رەفعەت لە هەرێمی شەهبا بۆردمانکرد. بەو هۆیەوە منداڵێکی تەمەن 6 ساڵ بە ناوی ئەحمەد عوسمان لە قاچەوە بریندار بوو.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە تۆپخانەکانیان گوندی ئوم کێف لە تل تەمر و گوندەکانی قزەلی، سارونچ و شۆربەنیسک-یان لە گرێ سپی بۆردومانکرد.[1]
- بەهۆی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەڕۆژئاوای کوردستان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەوام ڕاگیرا.[4]

دەرەوەی کوردستان

- بەگوێرەی راپۆرتێکی بانکی ناوەندی تورکیا، لە ماوەی هەفتەی رابردوودا یەدەگی نەختینەی بیانی لە وڵاتەکە، کە زێڕ و نەختینەی بیانی لەخۆدەگرێت، بە بڕی 2 ملیار دۆلار داکەوتووە و گەیشتووەتە نزیکەی 106 ملیار و 835 ملیۆن دۆلار، کە ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو داکەوتنە بەردەوامەی لە بەهای لیرەی تورکیدا تۆماردەکرێت. هەر لەگەڵ ئاشکراکردنی حاڵەتی تووشبووش بە کۆرۆنا، بەهاکەی زیاتر لە دەستدا و لە دوایین مامەڵەکاندا، هەر دۆلارێک یەکسان بوو بە 6 لیرە و 32 قوروش.[5]
- جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیێنێت، بەردەوامبوون لەسەر گوێنەدان بە رێوشوێنەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا باجی قورس دەبێت.[3]
- کیانووش جیهانپوور وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران ن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: تا ئێستا 13 هەزار و 938 کەس لە ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. وتیشی: تەنها لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 1209 کەس تووشی کۆرۆنا بوون. جیهانپوور ئاماژەی بەوەشکرد کە

4590 کەس چاک بوونەتەوە.[4]
- دەزگا کوردیەکان لە ئەرمینیا و بەڕێوەبەرانیان، بە هۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە هەموو جیهان بە خێرایی بڵاودەبێتەوە، لە ئۆفیسی کۆمیتەی کوردستان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا ڕاگەیەنرا، ئاهەنگەکانی نەورۆز کە بڕیار بوو سەرەتا لە شاری ئێریڤان ئەنجامبدرێت، بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هەڵوەشێنراوەتەوە.[1]
- مریەم قازی، حەوتەمین و بچووکترین کچی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان لە ئوردن کۆچی دوایی کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ پێنجوێن |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ مێرگەسوور |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| Quick Respons Code: | |



سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-15
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-15


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-02-01 3:05:16 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

بابەت: 77

**2020-03-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378310




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی کەیوان ئەعزەمی، تەمەن 37 ساڵ و خەڵکی گوندی کلێنەی شاری سەرپێڵ زەهاو، لە ئەنجامی تەقینەوەی گوللە خومپارەیەکی بەجێماو لە شەڕی 8 ساڵەی عێراق و ئێران، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. ئەو ڕووداوە، ڕۆژی یەکشەممە 25ی ڕەشەمە ڕوویداوە و ئەو هاووڵاتییە بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە.[7]

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی محەممەد قادری لە بەرزاییەکانی سنووری شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران بریندار کرا.[7]

باشووری کوردستان

- پارێزگاری هەڵەبجە لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندووە، ڕۆژی 16ی ئادار لەبەرئەوەی کەسوکاری شەهیدان و هاونیشتمانیان بەشێوەی گشتی سەردانی مەزاری ئازیزانیان دەکەن قەدەغەی هاتووچۆ بۆ هاونیشتمانیان لەنێو شاری هەڵەبجە بە کاتی و بۆ ماوەی 24 کاژێر کۆتایی دێت.[1]

- بەهۆی ڕێگیری لە ڤایرۆسی کرۆنا، یادی 32 ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە بەبێدەنگی بەڕێوەچوو.[2]

- لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێگری کردن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بازاڕی دهۆک داخرا.[4]

- بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی دکتۆر سەباح هەورامی ڕایگەیاند، 3 لە تووشبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبوونەتەوە.[4]

- ئەمڕۆ بڕیاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەدەغەکردنی هاتووچۆ، لەنێوان قەزاکانی سنووری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی چووە بواری جێبەجێکردنەوە.[4]

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ڕوونکردنەوە لەبارەی هەڵوێستی ئەو دکتۆرە دەدات کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە و ڕایدەگەیەنێت، دوای ئەوەی پزیشکێک هەستی پێکردووە باری تەندروستی جێگیر نییە، سەردانی سەنتەری چارەسەری ڤایرۆسی کۆرۆنای کرد، بۆ مەبەستی پشکنین، دوای دەرچوونی ئەنجامی پشکنین کە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە، ڕاستەوخۆ وەک ئەرکێکی مرۆڤانە و نیشتمانپەروەرانە، هەڵسا بە هێنانی لیستی ئەو نەخۆشانەی کە لە نۆرینگە سەردانیان کردبوو بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتییان و پاراستنی گیانی نەخۆشەکانی. لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: هەڵوێستی بەڕێز(د. ئەحمەد ئیسماعیل عەبدولغەنی) پزیشکی پسپۆڕی چاو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆڕۆنایە جێگای ڕێزە.[4]

- ژمارەیەک هاوڵاتی سلێمانی و شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم قائیمقامییەتی شارۆچکەی ناوەندی سلێمانی گردبوونەوە و داوای ڕێگەپێدانی هاتووچۆیان دەکرد، سەرپەرشتیاری لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانیش دەڵێت: تەنها بۆ حاڵەتی پێویست ڕێگەپێدان دەکەین.[5]

- ئەمڕۆ گرووپی پزیشکانی خۆبەخش لە پەتای کۆرۆنا، ڕایگەیاند، ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئێوارەی 14ی مانگ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەوە گەڕاوەتەوە کوردستان، دوای بەدواداچوون دەرکەوت تیمی پزیشکی فڕۆکەخانە هەوڵیان لەگەڵیداوە کەرەنتینە بکرێت، بەڵام ڕێواز خان ڕەتیکردەوە. ئە و گرووپە ڕاشیگەیاند، ڕێواز خان، بە و یاسا شکێنیە کارێکی خراپ دەکات و کاریگەری دەکاتە سەر کارەکانی پزیشکان و هیوادارین بەزووترین کات بێتە کەرەنتینە، بۆ سەلامەتی خۆی و خەڵکی کوردستان.[4]

- دوای ئەوەی ڕاگەیێندرا دوو هاونیشتمانیی گەڕاوەی ئێران لە خانەقین تووشی کۆرۆنا بوون، بەڕێوەبەری تەندروستیی خانەقین ڕەتیدەکاتەوە ئەو دوو هاونیشتمانییە هەڵگری ڤایرۆسەکە بن.[1]

- جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان
بڕی 6.2 ملیار دیناری بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆڤید-19 (کۆرۆنا)
تەرخانکردووە.[1]
- وەزارەتی پێشمەرگە بە راگەیەندراوێک وەڵامی ئەو لیوایەی پێشمەرگەی دایەوە کە داوای
موچەی پێشمەرگەی کرد و دەڵێت، کە موزایەدە لەکەس قبوڵ ناکەین و هەر کەس و
لایەنێکیش تەشهیر و ناوزڕاندن بکا و هانی پێشمەرگە بدات لەگرتنەبەری رێکاری پێچەوانەی
یاساو پرەنسیپەکانی سەربازی، رووبەڕووی دادگا و یاسایان دەکەینەوە، دەشڵێت: پابەند دەبین
بە بڕیارەکانی حکومەتەوە.[5]
- وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەگەڵ کۆتایی هاتنی
قەدەغەی هاتووچۆ دەست بە دابەشکردنی مووچە دەکرێت.[4]
- سەعات 10:14 دەقیقەی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.9 پلە بە پێوەری رێختەر و بە
قوڵایی 30 کم لە دووری 35 کم لە رۆژئاوایی شاری هەولێر روویدا.[3]
- ماتۆرسیکلێتێک لە نزیک بازاڕی شیعەکان لەناوەندی شارۆچکەی خورماتوو تەقییەوە و لە
ئەنجامدا شەش برینداری لێکەوتەوە کە برینی هەندێکیان زۆر سەختە. تا ئێستا روون نەبۆتەوە
کە تەقینەوەکە تیرۆرستییە بووە یان تانکی بەنزینی ماتۆڕەکە تەقیوە.[3]
- هێڤی تەها، یاریزان و راهێنەری پێشووی تۆپی سەرمێزی کوردستان و شاری سلێمانی بووە
ئەندامی لیژنەی هونەری یەکێتیی تۆپی سەرمێزی رۆژئاوای ئاسیا.[3]
- کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێم بەبۆنەی ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە رایگەیاند:
لەم یادەدا ئێمە رێزدەنوێنین، بۆ رێگری لە کاری درندانەی لەوشێوەیەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و
ئەمریکا کاردەکەن بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سزادانی ئەوانەی بەرپرسیارن لە تاوان دژی گەلی
خۆیان.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند، کە توانیویانە لە نزیک شاری سلێمانی چەند
کەسێک لەوانەی هێرشیان کردووەتە سەر عەدنان ڕەشیدی، لە کاتی هەڵهاتن دەستگیر بکەن.
هێزە ئەمنییەکان بە خانەوادەی ڕەشیدییان وتووە: هەموو ئەو بەڵگانەی کە هێرشبەران لە
عەدنان ڕەشیدی ئەندامی بەڕێوبەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانیان دزیبوو، دەستیان
بەسەردا گیراوە و ڕادەستی پۆلیسی پێنجوێن کراونەتەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە خاڵی پشکنینی هاتوچۆی شەدادی لە هەرێمی حەسەکە لە رۆژئاوای کوردستان ئۆتۆمبێلێکی
بۆمبرێژکراو تەقییەوە و بەو هۆیەوە 2 کەس بریندار بوون.[6]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندی بەلونا لە ناوچەی گرێ سپی
لەسەر رێگای ئێم 4 و شەڕڤانانی قەدەسە و یەپەژە لێیان هاتنەدەست و وەڵامی هێرشی ئەو
داگیرکەرانەیان دایەوە. لە ئەنجامی ئەو بەرەنگارییەدا سەرەک چەتەیەک بە ناوی عەلی ئیدلبی و
4 چەتەی تر کوژران.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەئامادەبونی سەرۆک شارەوانی شاری لیدز و هەردوو نوێنەری گرین پارتی و لەیبەر پارتی
بەریتانی و نوێنەری کۆمسیۆنی ک ج د ک - باشور لە ئەوروپا، ئەمڕۆ لە ساڵیادی کیمیابارانی
هەڵەبجەدا، بەفەرمی لەلایەن شارەوانی لیدزەوە لە پارکی سکوێری سەنتەری شارەدا بۆ شەهیدانی
هەڵەبجە دارێک چێنرا.[5]
- پێشمەرگەی دێرین و نوێنەری مەسعود بارزانی لە نەمسا، شێخ محەمەد رەزا، ناسراو بە
حەمەی کاکە رەزا سەرگەڵوی لە ڤیەننا کۆچی دواییکرد.[2]
- میدیای تورکیا بڵاویکردەوە کە ئاماری تووشبوان بە ڤایرۆسی کڕۆنا لەو وڵاتە گەیشتە 18
کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-15
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-16
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-17

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 78

**2020-03-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378311



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەیوان شەریفی کوڕی خالید، خەڵکی بانە، لە سنووری هەنگەژاڵ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە تەقەی لێ کرابوو.[4]
- عارف محەممەدی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی باوان سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، بە دانانی بارمتەی 200 ملیۆن تەمەنی ئێزنی مورەخەسیی پێ درا.[4]
- لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووری لە گوندی حەسەن نوورانی شاری شنۆ، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، هێرشیان کردە سەر ئەو گوندە و پێشیان لە بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەسمە، گرت. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: هێزە ئیتلاعاتییەکان سەر بە سپای پاسداران، هەڕەشەیان لە دانیشتووانی گوندی حەسەن نوورانی شنۆ کرد کە لە ئەگەری بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووری بانگهێشت و دەسبەسەر دەکرێن.[4]
- هاووڵاتییەکی بە ناوی محەممەد عوبیدی خەڵکی شاری مەریوان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە کاتی بەرروەبردنی ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووری، بەهۆی هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان دەسبەسەر کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- لە پارێزگای هەڵەبجە نەخۆشخانەیەکی 64 تەختی و بە پێداویستییەکانییەوە لەلایەن خێرخوازانەوە بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کرۆنا دروستدەکرێت. بڕیاروایە لە دوو بۆ سێ هەفتەدا تەواو بکرێت.[1]
- بەهۆی شکاندنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر ژمارەیەکی زۆر شۆفێر سزادەدات و دەست بەسەر ئۆتۆمبێل و مۆڵەتەکانیاندا دەگرێت.[2]
- لە بازاڕەکانی شارۆچکەی شارەزوور بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بۆ ڕێگریکردن لە هاتوچۆی هاووڵاتیان و دروستنەبوونی قەرەباڵغی، تیمەکانی پۆلیسی هاتووچۆی قەزاکە بەربەستی کۆنکرێتی دادەنێن.[2]
- لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، لە پارێزگای هەڵەبجە ژووری ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆبووەوە و بڕیاریدا قەدەخەی هاتووچۆ 72 کاژێر درێژ بکرێتەوە. بڕیارەکە لە 18-03-2020 لە کاژێر 12:00ی شەو جێبەجێدەکرێت. [5]
- شەوی ڕابردو لە نزیک هەولێر، گۆڕستانێکی تایبەت بە کاکەییەکان تێکدرا.[1]
- جێگری پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، بەهۆی پابەندنەبوونی بەشێک لە شۆفێران بە قەدەغەی هاتووچۆوە سزای 625 شۆفێر سزادراون.[5]
- لە یەکەم ڕۆژی قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە کەلار لە ماوەی 20 کاژێری یەکەمدا 300 سەرپێچی تۆمارکراون، گوتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان دەڵێ بەشێک لە هاونیشتمانیان پابەندی بڕیارەکە نەبوون.[5]
- کەمئەندامانی شاری سلێمانی، 40ڕۆژە مووچەی مانگانەیان دواکەوتووە و داوای چارەسەریی دەکەن، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایانگەیاند، گوزەرانیان خراپە و ئەگەر بەدەم داواکارییەکانیانەوە نەچن یاساکان دەشکێنن و دەچنە سەر شەقامەکان.[6]
- ئێوارەی ئەمرۆ بە 4 گولە هاوەن هێرشکرایە سەر گەرەکی ئیمام ئەحمەد لە ناوەندی شارۆچکەی خورماتوو، بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان، لە ئاکامی ئەو هێرشە دا چوار کەس بریندار بوون.[7]
- ئێوارەی ئەمرۆ بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتیەوە لە گوندی گولیجە سەربە ناحەیەی باشیک لە دەشتاییەکانی نەینەوا شەڕ لەنێوان دوو ئامۆزا دروست دەبێت و لەئەنجامدا کەسێک گیانی لەدەستدا و سێ کەسی دیکەش برینداربوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- لە کاتژمێر 6:00 ی ئێوارەی ئەمرۆ ئاسمانی عێراق بەڕووی گەشتە ئاسمانییەکاندا دادەخرێت، بەو پێیەش سەرجەم گەشتەکان لە فرۆکەخانەکانی عێراق بە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی

کوردستانیشەوە رادەگیرێن.[3]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق بە فەرمی عەدنان زورفی، سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسری لە پەرلەمانی عێراق بۆ پێکهێنانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق راسپارد.[5]
- غۆلام حوسەین ئیسماعیلی، وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری ئێران رایگەیاند، 85 هەزار زیندانی بە زیندانە سیاسییەکانیشەوە، بۆ ماوەیەکی کاتی ئازاد دەکرێن.[3]
- رێکخراوی تەندروستی جیهانی رایدەگەیەنێت، ئاماری ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران گیان لەدەست دەدەن پێنج هێندەی ئەو ئامارەیە کە رادەگەیەندرێت.[3]
- بەگوێرەی یەکێتی هەناردەکارانی جلوبەرگی ئامادەکراو لە تورکیا، کەرتی جلوبەرگ لە تورکیا بەرێژەی 15% زیان تۆمار دەکات و ئاستی هەناردەکان جلوبەرگ بۆ ئەورووپا دابەزینی بەرچاوی تۆمارکردووە، چونکە فرۆشی لە وڵاتانی ئەورووپا بەهۆی تەشەنەسەندی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، وەستاوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 17-03-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 17-03-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 17-03-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روواداو - 17-03-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 17-03-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 17-03-2020


کاتی تۆمارکردن: PM 3:05:16 2020-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 79

**2020-03-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378312



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەفشین حوسێن پەناهی، چالاکی مەدەنیی و ژینگەپارێزیی کورد، لە گرتنگەی ناوەندیی سنە، بە دانانی بارمتە ئازاد کرا.[5]
- سیرووس عەباسی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی دێولان، بە بارمتەی 100 ملیۆن تمەنی لە گرتنگە ئازاد کرا.[5]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی دادگای تاوانی هەولێر لە نامەیەکدا پێشنیازێک بۆ دادوەرانی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو و داواش لە حکومەت و پەرلەمان دەکات بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەزووترین کات یاسایەکی لێبووردنی گشتی دەربکەن.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری ڕاگرتنی قەدەخەکردنی هاتووچۆ لە پارێزگاکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا بە گرنگ دەزانێت و داواش دەکات ماوەکەی درێژ بکرێتەوە.[2]
- پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان، لەبەرامبەر سەرپێچیکردن لە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ دەست بەسەر 25 ئۆتۆمبێلدا دەگرێت.[3]
- ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێم لە سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: دامودەزگاکانی پارێزگای سلێمانی نمونەی کاری پێکەوەین و خەڵکیش هاوکارو پابەند بووە بەڕێنماییەکانەوە. وتیشی: قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرتاسەری هەرێم لە ئەمشەوەوە بۆ ماوەی 5 ڕۆژی تر درێژ دەکرێتەوە و تا 23ی مانگ بەردەوام دەبێت.[3]
- شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لێژنەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوک دووپاتی دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە ئەو شارە، کەرکوک لە مەترسیدایە و دەبێت فریای بکەون، چونکە زۆربەی گەڕاوەکان لە شاری قوم هاتوونەتەوە.[4]
- سەرەڕای ڕاگرتنی دەوام و قەدەغەکردنی هاتووچۆ، ئەمڕۆ و سبەی مووچەی وەزارەتەکانی پێشمەرگە و دارایی دابەشدەکرێت.[3]
- بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی باڵای ئۆپەراسیۆنەکان بۆبەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا وەزیری ناوخۆی هەرێم سەردانی پارێزگای سلێمانی دەکات.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، تائێستا زیاتر لە 4 هەزار کەس کەرەنتین کراون.[4]
- کارگەیەکی بچوک بۆ دروستکردنی دەمامک لە شارۆچکەی سەیدسادق دروستکراوە و پابەندە بە ڕێنمایەکانی خۆپارێزی کارەکانیان دەکەن، تاوەکو ئێستا توانیویانە بێ بەرامبەر دەمامک ببەخشنە تەندروستی سەیدسادق و سەرجەم فەرمانگە حکومییەکانی ناوچەکە، داواکارن هاوکاری بکرێن تا لەم کاتەدا ئەوانیش بتوانن کارەکانیان بەردەوامی پێبدەن و گرفتی کەمی دەمامک لە هەرێمی کوردستان دروست نەبێت.[4]
- شەوی ڕابردوو، لە گوندی کوریمەی سەر بە شارۆچکەی مانگێش لە سنووری پارێزگای دهۆک هەورەبرووسکە لە ڕانەمەڕی هاونیشتمانییەک دەدات، بەهۆیەوە 60 سەر مەڕ مردوون و 30ی سەر مەڕی دیکەش بریندداربوون.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە کاتی دروستبونی لافاو لە زاخۆ، گەنجێکی 20 ساڵان دەکەوێتە ناو ئاوی ڕوباری خابوور و دەخنکێ.[4]

- شەوی رابردوو بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لەشارەدێی جەلەولای سەربەشارۆچکەی خانەقین، خانوو بەسەر خێزانێکدا رووخاوەو گیانلەدەستدانی لێکەوتووەتەوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە ناوڕاستی شاری عەفرین تەقینەوەک روویدا. بەگوێرەی زانیاریە سەرەتاییەکان لەئەنجامی تەقینەوەکەدا پێنج کەس گیانیان لەدەستداوە و ژمارەیەکیش بریندارببوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی گەلی کورد لە بەریتانیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هەموو چالاکی، خۆپیشاندان، ئاهەنگ و پانێلێکیان لە بەریتانیا هەڵوەشاندەوە و بۆ ئەوە خزمەتی سەرەکی پێشکەشی کۆمەڵگا بکات، ناوەندی قەیرانی پێکهێنا. ناوەندەکە لە وتەبێژ و ئەندامانی کۆمسیۆنی تەندروستی، کلتوری، رێکخستنی، رۆژنامەنووسی و ژمارەیەک کۆمسیۆنی تر پێکدێت. ناوەندی قەیرانەکە لە ناوەندی کۆمەڵگای کورد لە لەندەن دەبێت.[1]
- فەخرەدین کۆجا وەزیری تەندروستی تورک رایگەیاند کەسێکی 89 ساڵ بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستداوە و ژمارەی تووشبوانیش گەیشتووەتە 98 کەس.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی ئێران گیانلەدەستدانی 147 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا راگەیاند، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی تاوەکو ئێستا گیانیان لەدەستداوە بۆ هەزار و 135 کەس بەرزبووەوە.[2]
- ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ رێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی بڕیاری لێبوردنی گشتیی بۆ نیوەی زیندانیانی سیاسی لە وڵاتەکەی دەرکردووە. لە و بارەیەوە گوتەبێژی دەسەڵاتی دادوەری لە ئێران رایگەیاندووە، نیوەی زیندانیانی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئە و لێبوردنە دەیانگرێتەوە و ئازاد دەکرێن. بە گوێرەی زانیاری دەسەڵاتی دادوەری بە بۆنەی سەری ساڵی هەتاوی ئێران، 10 هەزار زیندانی سیاسی ئازاد دەکرێن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-19

کاتی تۆمارکردن: PM 3:05:16 2020-02-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 80

**2020-03-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378313



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک زیندانی لە زیندانێکی شاری خورەمئاوای پارێزگای لوڕستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵاتن، یەکێکیان کوژراوە و یەکێکی دیکەش بریندارە، 20 لەوانە توانیویان رزگاریان ببێت.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند: ئەمرۆ یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری دهۆک تۆمارکرا، تووشبووەکە پیاوێکی 50 ساڵانە و لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە.[4]
- بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: تا ئێستا قۆناغێکی باشمان لە روبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڕیوە و تکاش لەهاووڵاتیان دەکەم لەماڵەکانیان بمێننەوە و پابەندی زیاتری رێنماییە تەندروستیەکان بن.[2]
- لە سلێمانی گروپێک کەمپینی کۆکردنەوەی خۆراک بۆ هاوکاری هەژاران راگەیەندرا و ئامانجیان دابینکردنی خۆراکە بۆ 7 هەزار ماڵ.[2]
- بڕیاردرا نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە کۆرۆنا لە سەیدسادق بکرێتەوە و سەرجەم ئامێر و پێداویستیەکانی لە رێگەی خەڵکانی خێرخواز دابین دەکرێت.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکرا، ئافرەتێکی تەمەن 63 ساڵانە کە دایکی تووشبوێکی پێشووە کە پێرێ راگەیاندرا.[4]
- پاش ئەوەی لە هەورامانی دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمپینی سەلامەتی واران دژی پەتای کۆرۆنا راگەیەندرا، لە هەورامانی دیوی باشوریش ژمارەیەک پزیشک پەیوەستی هەمان کەمپین بوون.[1]
- بەهۆی ئەو بارانبارینە بەخورەی دوێنێ سنووری پارێزگای دهۆکی گرتەوە، کە بەرێژەی 70 ملیم بارانباری، بارانی ئەو رێژەی زۆرەی بارانیش بووە هۆی دروستبوونی لافاو بەم هۆیەشەوە زیانێکی زۆری بە ماڵ و دووکان و ئۆتۆمبێلی هاونیشتمانییان کەوت.[5]
- نێچیرڤان بارزانی، بە تەلەفۆن پەیوەندی بە فەرهاد ئەترووشی پارێزگاری دهۆکەوە دەکات بۆ پرسینی بارودۆخی زیانلێکەوتووانی لافاوی پارێزگای دهۆک و یەک ملیار دینار بۆ پارێزگاکە

تەرخاندەکات.[5]
- مەسرور بارزانی بڕی دوو ملیار دینار بۆ زیانلێکەتووانی لافاوی دهۆک و زاخۆ تەرخاندەکات.[5]
- لە چەمچەماڵ بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی کەمپەینێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیەندرا، تێیدا داوا لە سەرمایەداران دەکەن کە هاوکاربن بۆ دابینکردنی ئامێر و پێداویستی تەندروستی بۆ نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا.[6]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەرێک بۆ رێنمایی تەندروستی هاونیشتمانیان دەکاتەوە و لەرێگەی ئەو سەنتەرەوە بەخێرایی رێنماییە تەندروستییەکان دەگەیێندرێتە هەموو کەسێک.[5]
- شەش گوللە هاوەن ئاراستەی شارۆچکەی خورماتوو کران و چەند کەسێک بریندارابوون.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر رایدەگەیەنێت، بەهۆی بارانبارینی زۆر و لێڵ بوونی ئاو، هەرسێ وێستگەکانی پاڵاوتنی ئاوی ئیفراز بەشێوەیەکی کاتی رادەگیرێت.[3]
- گوتەبێژی پۆلیسی شاری سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر رایگەیاند، پاش دروستبوونی دەمەقاڵێ لەنێوان چەند کەسێک، 12 کەس دەستگیرکران و سێ کەسیش بریندارابوون.[5]
- چەند ئەندامێکی هاوپەیمانی نیشتیمانی دەستیان لەکار کێشایەوە و رایانگەیاند کە بەهۆی ئەوەی هاوپەیمانی لە رێبازی خۆی لایداوە و پەیوەندیە سیاسی و دبلۆماسیەکانی شەفاف نییە و سەرچاوەی دارایی ڕوون نییە ئەوان دەست لەکار دەکێشنەوە.[6]
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەسەر رێگەی مەخموور - مامزاوە لە رۆژئاوای شاری هەولێر، کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر دوو پۆلیسی هاتوچۆ و بە سەختی برینداری کردن. ڕووداوەکە لە کاتێکدا بووە، کاتژمێر 1:00 دوا نیوەڕۆ ئەمڕۆ کەسێکی تەمەن 30 ساڵان ویستیوویەتی لە بازگەی ناوچەکە سەرپێچی رێنماییەکان بکات، بەڵام لەلایەن پۆلیسی هاتوچۆوە رێگری لێکراوە، ئەویش بە چەقۆ هێرشی سەر پۆلیسی هاتوچۆی کردووە و دوو پۆلیسی بە سەختی بریندار کردووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنفدراسیۆنی کۆمەڵگە کوردستانییەکان لە ئەڵمانیا (کۆن - مەد / KON-MED) رایگەیاند، کۆمیتەیەکیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covîd-19) دامەزراندووە.[1]
- بەپێی ئاماری فەرمیی دەوڵەتی تورک لە تورکیا 2 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا ئەو کەسانەی ڤایرۆسەکەیان تووشبووە بۆ 2 قات بەرزبووەتەوە و توشبوان گەیشتوونەتە 191 کەس.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی ئێران رایگەیاند، ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا گەیشتووەتە 18هەزار و 407 کەس و تاکو ئێستاش 1284 کەس گیانیان لەدەست داوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ئەمڕۆ 11 حاڵەتی دیکەی توشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند و داوا لە هاوڵاتیان دەکەن پابەندی ڕینماییەکانی تەندروستی بن.[1]
- ئەمڕۆ ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، لە سەر رێگای ئێم-4 لە گوندی محەبەل لە دەشتی ڕۆج لە ڕۆژئاوای ئیدلب دوو بۆمبی چێندراو بە کاروانێکی سوپای داگیرکەری تورک تەقیوەتەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوی ڕوانگەی سوری، لە ئەنجامی تەقینەوەی ئەو دوو بۆمبە چێندراوەدا، سەربازێکی سوپای داگیرکەری تورک کوژراوە و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون. هەر ئەمڕۆ ڕاوانگەی سوری ڕایگەیاند: نزیکەی 90 ئۆتۆمبێلی سەربازی دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە دەروازەی کەفەر لۆسین لە باکوری ئیدلبەوە چوونەتە ناو خاکی سوریا.[6]
- دوو سەربازی سوپای تورکیا لە باکووری سووریا کوژران و وەزارەتی بەرگری رووسیاش رایگەیاند، ئە و دوو سەربازە لە ئاکامی پێکدادانیان لەگەڵ گرووپێکی تیرۆریستی کوژراوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری

شار و شارۆچکەکان: لوڕستان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
وڵات: IR ئێران
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-19
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-19

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 81

**2020-03-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378314




باکووری کوردستان

- ئەبرو گونای وتەبێژی هەدەپە بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز داوای لە هەموو کەسێک کرد ئەمڕۆ ئێوارە کاتژمێر 20:00 بە چرای دەستی، تەلەفۆن و چەرخەکانیان لەسەر باڵەکۆن و پەنجەرەکانیان نەورۆز پیرۆز بکەن.[4]

- لە ناوچەکانی پیران، لیجە، فارقین و بیسمل لە ئامەد نەورۆز بە جۆش و خرۆشەوە پیرۆز کرا. هاووڵاتیان لە باڵەکۆنی خانوەکانیان و لەبەردەم پەنجەرەکانیان و لەسەر بانی خانەوەکانیان ئاگری نەورۆزیان بە بچووکی کردەوە و لە کۆڵان و شەقامەکانیش ئاگری لە تایە کۆنەی ئۆتۆمبێل بەردرا و ئاگر کرایەوە و نەورۆز پیرۆز کرا.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- چوار چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی ئیرج ڕەحیم زادە، فەردین کەریمی، ئارمین ئەسپرلووس و ئارمان وەفایی لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعیدی هەر کامەیان بە سێ مانگ و 1 ڕۆژ زیندان مەحکووم کراون و ئەفشین شێخ ئیسلامی، ئەو چالاکە مەدەنییەش بە مانگێک زیندانی مەحکووم کراوە.[4]

- ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی و مافی مرۆڤی سنە، بە ئامادەبوون لە نەخۆشخانەی تەوحیدی ئەو شارە، ساڵی نوێی کوردییان بە کۆمەڵگای پزیشکی، پەرستار و پێرسۆنیلی ئەو نەخۆشخانەیە کە لە ڕۆژە سەختەکاندا، لەخۆیان مایەیان داناوە، هەتا گیانی هاووڵاتییان بپارێزن، پیرۆزباییان کرد. چالاکانی مەدەنیی کورد بە پێشکەش کردنی گوڵ پیرۆزبایی ساڵی نوێی کوردییان لە تەواوی پێرسۆنێلی پزیشکیی ئەو نەخۆشخانەیە کرد و هیوای ساغی و سڵامەتییان بۆ بە ئاوات خواستن.[4]

باشووری کوردستان

- لەسەر شاخی گۆیژەی سلێمانی، لەو شوێنەی کە دەوڵەتی تورک لە 15-10-2019 دوو کادری کەجەکەی تێدا شەهیدکرد، ئاگری نەورۆز لەلایەن تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە کرایەوە.[4]

- ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر قەڵای هەولێر و بە ئامادەبوونی نوێنەری لایەنە سیاسییەکان و جێگری پارێزگاری هەولێر، ئاگری نەورۆز کرایەوە.[5]

- ئێوارەی ئەمڕۆ بەشی ئۆپەراسیۆنی ئاسایشی گەرمیان، بەمەبەستی پیرۆزکردنی جەژنی نەتەوەیی نەورۆز سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان بەسەرکردەوە و لەسەر چیای مرواری لەسنوری ئیدارە گەرمیان، ئاگری نەورۆزیان کردەوە.[5]

- قەدەغەی هاتوچۆ لە ڕۆژی 7ەمیدایە، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڕۆنا، ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکانی نەورۆز ناکرێن.[1]

- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لەپەیامێکدا پیرۆزبایی جەژنی نەورۆز لە هاووڵاتیان دەکات و داوادەکات، ئەمساڵ یادی نەورۆز لەماڵەکانیان بکەنەوە.[2]

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەخشین و هاوکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید- 19) لە هەرێمی کوردستان، کەمپینی بەیەکەوە بەهێزترین رادەگەیەنێت.[3]

- نەخۆشخانەی ئاسا لە سلێمانی کارەکانی دەستپێکرد و پێشوازی لە و کەسانە دەکات کە توشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنان، یان گومانی توشبوونیان لێدەکرێت و پێویستە جیابکرێنەوە پشکنیان بۆ بکرێت.[2]

- ئەنجومەنی گەلی دیموکراتی کامپی شەهید ڕۆستەم جودی مەخموور جەژنی نەورۆز لە گەلی کورد پیرۆز دەکات و رایدەگەیەنێت، ئەمساڵ بەهۆی مەترسی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە ئاهەنگی نەورۆز لە کەمپی مەخموور بەڕێوەناچێت.[5]

- ئەو دزانە دەستگیر کران کە ڕۆژی 05-03-2020 لە ڕێگای لێدانی تۆنێل، دوکانێکی زێڕنگەریان لە سۆران بڕیبوو.[1]

- لە گەڕەکی مامۆستایان نزیک مزگەوتی قازی محەممەد لە سلێمانی، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە تەقە لەماڵێک کراوە و چوار کەس کوژران.[6] پاشتر سەرچاوەکان زانیاریی

زۆرتریان بڵاوکردەوە، تەقەکەرەکە 3 برا و دایکی خۆیی کوشتووە و باوکیشی بریندارکردووە، پاشان تەقەشی لە هێزەکانی ئاسایش کردووە و بە برینداری گیراوە.[1]
- لە پەیامێکدا جێنین هانس پلاسخارت، نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، جەژنی نەورۆز لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان پیرۆز دەکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- جەستن ترەودۆ، سەرۆک وەزیرانی کەنەدا، بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆز، پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکات.[3]
- فەخرەدین کۆجا وەزیری تەندروستیی تورکیا رایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 4 کەس.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | کەنەدا |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-20
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-20
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-20
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-20
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-20

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 82

**2020-03-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378315




کوردستان لە دوای ساڵی 1988ەوە، بێدەنگترین نەورۆز بەڕێدەکات!
باکووری کوردستان
- سەربازانی دەوڵەتی تورک لە ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسییدا لە دژی گەلی کورد لە چەولیک 3 کەسیان دەستگیرکرد. یەکێک لە هاووڵاتییە دەستگیرکراوەکان تەمەنی 67 ساڵە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەنجومەنی سێنفی مامۆستایانی کوردستان/ سەقز و زیویە وێڕای پیرۆزبایی ئەم نەورۆزە کەونارایە بە هەموو خەڵکی ئێران بە تایبەتی هاوکارانی فەرهەنگی و قوتابییانی خۆشەویست داوای کردووە بە خۆ دوورخستنە لە شوێنی قەرەباڵغ، کۆبوونەوە و چوون بۆ سەفەر و چاوپێکەوتن خۆ لە تووشبوون بە کۆرۆنا بپارێزن. هەروەها خوازیاری پێیدانی مەرەخەسی بە هەموو هاوکارانی زیندانیکراون و داوایان لە دەزگایی دادوەری کردووە ئەو هۆشدارییە بە جیددی وەربگرێت.[6]
- سەید نەسرەدین حەیدەری، ڕێبەری ئایینی یارسانەکان لە جیهان لە ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێت: لەبەر ڕێنماییە پزیشکییەکان و بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا، داوا لە خوشک و برایانی یارسان دەکەم ڕێنماییە پزیشکییەکان ڕەچاوبکەن. لە پشووی ئەمساڵدا سەردانی مەزارگە، جەمخانە و شوێنە پیرۆزەکانی یارسان نەکەن.[2]
باشووری کوردستان
- ئەگەرچی بەهۆی ڕێگری لە ڤایرۆسی کرۆنا قەدەغەی هاتووچۆیە و تەواوی شوێنە گەشتیارییەکان داخراون، بەڵام لێرە و لەوێ هاووڵاتیان بەبۆنەی نەورۆزەوە چوونەتە دەرەوەی شار و هەندێکی پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون.[1]
- لە کۆیە بۆ ڕێگریکردن لە گەشت و سەیران، لە دوێنی هەینییەوە سەرجەم ئەو ڕێگەیانەی دەچنەوە سەر شوێنە گەشتیارییەکان بە گڵ گیراون و خەڵکیش تارادەیەکی باش پابەندبوون. [2]
- پارێزگاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت ئەو وێنانەی شەوی ڕابردوو بڵاوبونەوە، کە گوایە بەشەو هاوڵاتیان بەرەو سەیرانگاکان بەڕێدەکەون کۆنن و تەنها بوختانە کە دەکرێت و هاتووچۆ نەکراوەتەوە.[5]
- لە دوای 14 ڕۆژ کەرەنتینە کردن 52 هاوڵاتی کەرەنتینە کراوی شاری سلێمانی دەگەڕێندرێنەوە ماڵەوە.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەڵێت، کۆرۆنا گەیشتووەتە نێو گەڕەک و کۆڵانەکان، ئێستا گەیشتووینەتە قۆناخێکی مەترسیدار و ڤایرۆسەکە بەخێرایی بڵاودەبێتەوە. داواشدەکات باشتر خۆمان بپارێزین.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، گەنجێکی تەمەن 37 ساڵان لە ڕاپەڕین تووشی کۆرۆنا بوو کە کارمەندی بەنزینخانەیە.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: بۆ دڵنیایی زیاتر و ڕێگرتن لەبڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆرۆنا نمونەی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەکارمەندی دوکان و مارکێت و نانەواخانە و سەمونخانەکانی پارێزگای سلێمانی وەردەگیرێت.[5]
- قایمقامی شارۆچکەی دوکان ڕایگەیاند، هیچ کەسێک بۆ گەشت و سەیران ڕووی لە سنوورەکەیان نەکردووە و دەشڵێ کار بە ڕێنماییەکان کراوە و هەموو شوێنە گەشتیارییەکان داخراون.[2]
- لە دهۆک ڕێوشوێنی ئەمنیی توند بۆ قەدەخەی هاتووچۆ لە سەیرانگە و ناوچە گەشتیارییەکان گیراوەتەبەر، بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی دهۆکیش دەڵێ، سەیرانگەکان چۆڵن و هیچ

گەشتیارێکیان تێدا نییە.[2]
- لەبارەی چوونە دەرەوە بۆ گەشت و سەیران، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەداتە هاونیشتمانیان و رایگەیاند هەر هاونیشتمانییەک بەمەبەستی گەشت و سەیران لە ماڵ دەربچێت، دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەیدا دەگیرێت. جگە لە دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلی ئەو هاونیشتمانیانە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکانیش بە پێبژاردن سزا دەدرێن.[2]
- کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سەڵاحەدین، لە رێگای بەکارهێنانی سیستمەکانی موودڵ و بۆلۆنیا، یەکەم تاقیکردنەوەی لەسەر خوێندنی ئۆنڵاین بە سەرکەوتویی ئەنجام دا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی تورکیا ئاشکرای کرد، 311 کەسی دیکە لەو وڵاتە تووشی کۆرۆنا بوون و کۆی گشتی تووشبووان گەیشتە 670 کەس. هەروەها پێنج کەسی دیکە گیانیان لەدەستدا و تا ئێستا کۆی گشتی مردوان لە تورکیا بە ڤایرۆسی کۆرۆنا 9 کەسە.[4]
- 176 خوێندکاری هەرێمی کوردستان کە بەمەبەستی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا روویان لە تورکیا و قوبرسی تورکی کردووە، داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن هاوکارییان بکەن بۆ گەڕانەوەیان، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستی قسە دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەویلک
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆیە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: قوبرس
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 21-03-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-03-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 21-03-2020

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 21-03-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 21-03-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 83

**2020-03-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378316



باکووری کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر ئەم بەیانییە لە گوندی شیرمان و لادێکانی دەورووبەری لە ناوچەی ئاداکلی لە پارێزگای چەولیک لە باکووری کوردستان دەستی بە ئۆپراسیۆن کرد. سوپای تورک بە کۆپتەر سەربازی لە ناوچەکە پیادە کردووە و گوندەکانیان گەمارۆ داوە. ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورک بە گوندەکانی دەورووبەری ئەو ناوچەیەدا بڵاوبووەتەوە.[3]
- سەربازان و پۆلیسی دەوڵەتی تورک شەوی رابردوو لە شاری پرسوس لە پارێزگای رحا هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ و بە پاساوی ئەوەی ئاگری نەورۆزیان کردووەتەوە و نەورۆزیان پیرۆز کردووە، 9 گەنجیان دەستگیرکرد. یەکێک لە دەستگیرکراوەکان ناوی ئاشکرابووە و ناوی محەمەد بولبولە. گەنجە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەرێوەبەرایەتیی ئاسایشی ناوچەکە.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- پزیشک و پەرستارەکانی نەخۆشخانەی مەهاباد، سەرەڕای ئەوەی کە نزیک بە 2 هەفتەیە سەردانی بنەماڵەکانیان نەکردووە، لەگەڵ کەمیی کەرەستەی نەخۆشخانە و دەوا و دەرمانی پێشگیری لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرەوڕوون.[6]
- حوسێن رەحمانی فەرماندەی پایگای قادر خانزادەی حەوزەی ئیبراهیمیی سپای پاسدارانی شاری بانە، لە پێش ماڵەکەی خۆیدا، لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە و تەقەی لێکرا. ئەو ئەندامەی سپای پاسداران، لەو رووداوەدا، لاقی پێکراوە و رەوانە نەخۆشخانەی سەلاحەدین ئەیوویی شاری بانە، کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- قەدەغەی هاتوچۆ لە باشووری کوردستان تا 01-04-2020 درێژکرایەوە.[1]
- بە بڕیاری شانەی قەیرانەکانی کەرکوک و ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بڕیار درا قەدەغەی هاتووچۆ تا 28-03-2020 درێژ بکرێتەوە.[7]
- پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند بۆ لێپرسینەوە لە قەدەغەی هاتووچۆ دەچنە ناو کۆڵانەکان و لە قەزا و شارۆچکە و گوندەکانیش لێپێچینەوەکان توندتر دەکەن.[1]
- رێکارەکانی قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان توندتر دەکرێن، تەنها لە رۆژی هەینی رابردوو لە شاری هەولێر 794 شوفێر سزا دراون، هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان رۆڵی بەرچاویان هەیە لە جێبەجێکردنی قەدەغەکردنی هاتووچۆ. گوتەبێژی ژووری ئۆپەراسینەکان دەڵێت قەدەغەی هاتووچۆ سەرکەوتوو بووە بۆ رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.[2]
- داواکاری گشتیی سلێمانی راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و جەختی لەوە کردەوە، هەر هاونیشتمانییەک پابەندی رێنماییەکانی لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەرێوەبەرایەتیی تەندروستی نەبێت، دەیدەینە دادگا.[4]
- لە کۆمەڵگەی سێبیرانی سەر بە هەولێر تووشبوویەکی کۆرۆنا تۆمارکرا، تەواوی کۆمەڵگەکە کەرەنتین کراون و قایمقامی هەولێریش دەڵێت، ئەو کەسە بەرکەوتنی بە چەندین کەسی دیکە هەبووە لەنێو هەولێر و لەنێو کۆمەڵگەکەش.[4]
- لە سەرجەم دامودەزگاکانی پارێزگای سلێمانی بۆ خۆپارێزیی و دروستنەبوونی قەرەباڵغی، بە بڕیاری پارێزگاریی سلێمانی هەموو کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی قەدەغە کرا.[7]
- بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، کە

لیژنەیان بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخی کەلوپەل لە بازارەکان پێکهێناوە، هاونیشتمانیانیش دڵنیادەکاتەوە کێشەی هاوردەکردنی خۆراک نییە.[4]
- لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان، بازرگانی ترانزێتی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕاگرت.[2]
- ئەمڕۆ مەراسیمێک بۆ سێیەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕۆژنامەنووس نوژیان ئەرهان، لە گۆڕستانی شەهید بەرخۆدان و شەهید دڵگەش لە شەنگال ئەنجامدرا. لە مەراسیمەکەدا خانەوادەی شەهید و هاوڕێیان و هاوپیشەیانی شەهید نوژیان ئامادەبوون.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی سلیپ، سۆفیان و قزەلی سەر بە گرێ سپی تۆپباران دەکەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر جیهان دروست کردووە، ڕێکخستنی هەدەپەی ئەستەنبوڵ لە ناوچەکانی ئەو پاریزگایە پانکارتی هەڵواسی و داوای ئازادکردنی زیندانیانی کرد.[3]
- وەزارەتی تەندروستی تورکیا ئاشکرای کرد، ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لەو وڵاتە نزیکبووەتەوە لە هەزار کەس و 21 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- کیانووش جیهانپوور وتەبێژی تەندروستی ئێران ئەمڕۆ ڕایگەیاند: تا ئێستا 21638 کەس لە ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 7913 کەسیش چاکبوونەوە و 1685 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. وتیشی: لە دوێنێوە تا ئێستا 129 کەس گیانیان لەدەستداوە.[5]
- حەسەن سالم، پەرلەمانتاری کوتلەی سادیقونی عەسائیب ئەهلولحەق ڕایگەیاند، لە دادگای فیدراڵی سکاڵایان لەسەر بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆمار تۆمارکردووە، بەهۆی ئەوەی بە ڕاسپاردنی عەدنان زورفی بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێشێلی دەستووری کردووە.[2]
- سوپای تورکیا هێزی زیاتری ڕەوانەی سنووری پارێزگای ئیدلب لە باکووری خۆرئاوای سووریا کرد.[2]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لە چیای خواکورک، پێنج ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان لە چالاکی خراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: TR ئەستەمبوڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەویلک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
🗺 وڵات: IR ئێران

ولات: IQ ئێراق
ولات: ⬆ باکووری کوردستان
ولات: TR تورکیا
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
ولات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-22
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-23


کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 84

**2020-03-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378317




باکووری کوردستان
- دەوڵەتی فاشیستی ئاکەپە – مەهەپە دەستیگرت بەسەر شارەوانییەکانی هەدەپە لە ئێلح، فارقین، لیجە و ئەرخەنی دا و لە بەردەوامیی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی لە دژی گەلی کورد ناشیدە تۆپراک هاوسەرۆک شارەوانیی فارقین و ئەحمەد کایا هاوسەرۆک شارەوانیی ئەرخەنیی دەستگیرکرد. پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک بینای شارەوانییە دەستبەسەرردا گیراوەکانی هەدەپەیان گەمارۆداوە و ڕێگا بە هیچ کەس نادەن بچێتە ناو بینای شارەوانییەکانەوە.[1]
- لە ئێلح هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سەرهات بایک کە ڕۆژنامەی یەنی یاشامی بڵاودەکردەوە. لە ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا کۆمپیتەری بایک دەستیبەسەرداگیرا. سەرهات بایک بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئێلح گواسترایەوە.[1]
- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی هەدەپە لەبارەی دەستگیرکردنی هاوسەرۆکی شارەوانیەکان و ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسی ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەکرا، ئێمە ئەو هەوڵە نامەردانانە شەرمەزار دەکەین کە لە کاتێکدا هەموو جیهان لەدژی نەخۆشیەک تێدەکۆشێت، بەڵام دژایەتی گەلی کورد دەکرێت. هەدەپە داوای لە گەل کرد، بە هێزی خۆیان و بە شێوەیەکی دیموکراسیانە هەموو ڕۆژێک کاتژمێر 20:00 لە پەنجەرە و باڵەکۆنەکانیان چالاکی شەرمەزارکردن ئەنجام بدەن.[1]

- بە بیانۆی ئەندامێتی ڕێکخستنی پەکەکە پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەلگین دیکەن هاوسەرۆکی شارەوانی یەنیشەهیری ئامەد و دەستگیریان کرد و بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئامەد گواسترایەوە.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی تورک قەیومی لە پۆستی هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی نۆرشینی بەدلیس جێگیر کرد. هێزەکانی پۆلیسی ڕژێمەکەی ئاکەپە باڵەخانەی شارەوانیەکەیان گەمارۆدا و هەڵیانکوتایە سەری و دەستیان بە گەڕان پشکنین کرد. محمد فورکان سانجاکتار قائیمەقامی قەزاکە، لە پۆستی حیکمەت تاشدەمیر و دیلەک ئۆزان هەر دوو هاوسەرۆکی شارەوانی نۆرشین جێگیر کرا. هاوکات ڕژێمی ئاکەپە دەستی بەسەر شارەوانی شارۆچکەی گوکچەباخی سەر بە پارێزگای سێرتیشدا گرت. سەرحاد چیچەک هاوسەرۆکی شارۆچکەی گوکچەباخی هەدەپەش دەستگیر کرا و ئیحسان ئەمرە ئایدن قەیمەقامی ناوچەی مسرجە لە پۆستەکەی جێگیر کرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرۆکی زانکۆی پزیشکی پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند: 27 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە و پارێزگایە گیانیان لەدەستداوە.[3]
- سەرۆکی زانکۆی پزیشکی سنە ڕایگەیاند: تا ئێستا 28 کەس لە پارێزگای سنە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[3]
- مامۆستا حشمەت مەنسووری شاعیر، تەنزپەرداز، نەقاش و پەیکەرتاشی شاری ئیلام لە تەمەنی 84ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک 3 جار دەڤەری نێروە و ڕێکان'یان بۆردوومان کردووە، کە دەکەوێتە سنووری پارێزگای دهۆکەوە.[5]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان نوێترین ئاماری تووشبووانی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و 12 تووشبووی نوێی لە شاری هەولێر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دەرئەنجامێکی نوێی پشکنینی بۆ گومانلێکراوانی کۆرۆنا ڕاگەیاند، لە دەرئەنجامەکەی وەزارەتی تەندروستیدا ئاماژە بەوەکراوە، کە 10 توشبووی تریان لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشان کردوە. دوو کەسیان دانیشتوی شاری سلێمانین و 7 کەسی تریشیان دانیشتوی شارۆچکەی دەربەندیخانن و یەک کەسیشیان دانیشتوی شارۆچکەی چەمچەماڵە.[1]
- گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا شەش تووشبووی کۆرۆنا دەستگیرکراون کە ئامادەنەبوون بچنە کەرەنتینە. تەندروستیی سلێمانیش دەڵێت: ژمارەیەک تووشبووی کۆرۆنا لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە و ئێستا دەسوورێنەوە.[2]
- بەپێی دوایین ئامار، کە وەزارەتی تەندروستی بڵاویکردووەتەوە، ژمارەی توشبوانی ڤایرۆسی کۆرنا لە هەرێمی کوردستان بۆ 76 حاڵەت بەرز بووەتەوە.[1]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان داوا لە هاونیشتمانییانی شارۆچکەی دەربەندیخان و گوندی سێبیران لە سنووری پارێزگای هەولێر دەکات لە ماڵەکانیان نەیەنەدەرەوە و هەر کەسێکیش بەرکەوتنی لەگەڵ تووشبووەکان هەبووە خۆیان بدەنە دەست تیمەکانی تەندروستی بۆ پشکنینی تاقیگە.[2]
- بەگوێرەی ئامارێکی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم، لەماوەی هەشت ڕۆژی ڕابردوودا لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەشت هەزار بەڵگەنامەی شۆفێری دەستی بەسەردا گیراوە و پتر لە 2 هەزار سەرپێچی تۆمارکراوە و نزیکەی 400 ئۆتۆمبێلیش دەستی بەسەردا گیراوە.[4]
- وەزیری کشتوکاڵ داوا داوا لە خاوەنکاران و جوتیاران و خاوەن پرۆژە کشتوکاڵیەکان و کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی دەکات بۆ ئەوەی فۆڕمی ڕێگە پێدانیان بۆ پڕبکرێتەوە بەڕێوبەرایەتییەکانیان لەهەموو شارو شارۆچکەکان لە ئەرکدان بۆ کارئاسانی و هاوکاریان و دەتوانن پەیوەندیان پێوە بکەن تاکو کارەکانتان نەوەستێت.[3]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ چەکدارانی داعش لە نزیک کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە باشووری ئەو

شاره، هێرشیان کردووەتە سەر پۆلیسی فیدراڵی عێراق و شەڕ و پێکدادانێکی زۆر لە نێوانیاندا ڕوویداوە، بەڵام زیانەکان نەزانراون. هەروەها داعش بارەگایەکی سەربە پۆلیسی فیدراڵییان لە نزیک کێڵگە نەوتی خەبازە بۆردومان کردووە، لە ئەنجامدا پۆلیسێک بریندار بووە.[4]
- دۆخی ئەمنیی خورماتوو نائارامە و ناوبەناو بەشێوازی جیا جیا هێرشی دەکرێتە سەر، هەندێک لە بەرپرسانی تورکمان کورد بە تێکدانی دۆخەکە تۆمەتبار دەکەن، هەروەها حەشدی شەعبی'یش داعش تاوانبار دەکات، بەپرسێکی کوردیش دەڵێت: ئەوەی دۆخی خورماتووی تێکداوە ململانێی گروپە چەکدارە تورکمانەکانن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە مەبەستی پێشگرتن لە تەشەنەسەندن و بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڕێوبەرایەتی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا قەدەغەی هاتوچۆی لە کاتژمێر 6 ئەم بەیانیەوە تا کاتێکی نادیار ڕاگەیاند.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین کۆجا وەزیری تەندروستیی تورکیا ڕایگەیاند، لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 9 کەسی تر لە تورکیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لە تورکیا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 30 کەس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خورماتوو |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ئیلام |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ باتمان - ئێلح |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دهۆک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ورمێ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ فارقین - سلیڤان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چەمچەماڵ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دەربەندیخان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬆️ باکووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-23

کاتی تۆمارکردن: PM 3:05:16 2020-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 85

**2020-03-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378318




باکووری کوردستان
- ئۆپەراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیا لە چەند پارێزگا و ناوچەیەکی باکووری کوردستان دژ بە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) درێژەی هەیە.[3]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک ئەم بەیانییە لە سێرت هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و لە هەڵکوتانەکەیاندا ئەندامانی هەدەپە لەیلا ئۆزاڵپ، ئیبراهیم ئەکینجی، مەتین ئەکینجی، بەرخودان دایان، کەشتی دایان، فەرهاد دایان و قەدری دایان-یان دەستگیرکرد. پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک دەستیشیان بەسەر کەلوپەلە دیجیتاڵەکانی ئەو ماڵانەدا گرت. کەسە دەستگیرکراوەکانیش براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سێرت.[2]
- حەسەن سەفا هاوسەرۆکی شارەوانیی ناوچەی هالفەتی لە پارێزگای ئیدر بەهۆی ئەوەی داوایەکی پارێزگاری دەوڵەتی تورکی ڕەتکردبووە، لەسەر کارەکەی دوورخرایەوە و دەست بەسەر شارەوانییەکەیدا گیرا و قەیومی لە شوێن دانرا و دەستگیرکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر سەعیدی، حوکمی سێ ساڵ زیندانیی تەعزیریی بەسەر پەریسا سەیفی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی کامیاراندا سەپاند.[6]
- حەوت کەس لە ئەندامانی سپای پاسداران بەهۆی کەوتنەخوارەوە هێلیکۆپتێرێکی شەڕکەر لە کێلەشینی شنۆ بریندار بوون.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی شەش کەسی دیکەی لە هەولێر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند کە لە نێویاندا دوو منداڵی تەمەن یەک ساڵ و نۆ ساڵ هەن لەگەڵ سێ ئافرەت و پیاوێک.[1]
- لە بەردەم قایمقامیەتی هەولێر سەدان کەس سەرەیان گرتووە داوای مۆڵەتی چوونە دەرەوە دەکەن. سەریان بەناو یەکدا کردووە، هەناسەیان بە ڕووی یەکدا دەچێ، بەشێکیان دەسکێش و دەمامکیان نییە ئەگەر توشبوی کۆرۆنایان تیابێ ڕەنگە هەموو لە یەکەوە بیگرن، سەرەگرتنەکە درێژە و هیچ نیشانەی قەدەخەی هاتووچۆ و پابەندی بە ڕێنماییەکانەوە پێوە دیار نییە.[3]

- ڕێوشوێنەکانی قەدەخەی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان گەیشتە نێو کوچە و کۆڵانەکان و هێزی ئەمنی بەنێو گەڕەک و شەقامی شارەکاندا بڵاوکراونەتەوە. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ شەقامەکانی هەرێمی کوردستان بەرتەسکتر و چاودێریی هاتووچۆی هاونیشتمانییان پتەوتر دەکرێت.[3][4]
- پێنج هاووڵاتی توشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی چاکبوونەوە و گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان، بەمەش ژمارەی چاکبوونەوە گەیشتە 27 کەس.[4]
- دەزگای مرۆیی مام پێداویستی پزیشکی بۆ گەرمیان دابین دەکات بە مەبەستی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا.[4]
- بۆ ڕێگری لەهاتوچۆی هاووڵاتیان هێزەکانی 70ی وەزارەتی پێشمەرگە هاوکاری هێزە ئەمنییەکان دەکات.[4]
- کاروانێکی هاوکاری چین لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر گەیشتە هەرێمی کوردستان. وەزیری تەندروستیش ئاشکرای دەکات بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ژمارەیەک شارەزای چین سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.[5]
- ئەمڕۆ سێ تیمی تەندروستی ویستویانە بۆ پشکنین سەردانی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ بکەن، بەڵام لەلایەن بەرپرسانی مەرزەکە ڕێگریان لێکراوە.[5]
- چەند چەکدارێکی نەناسراو پێشمەرگەیەکیان لە خانەقین لە نزیک یاریگای خانەقین شەهید کرد و منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ کە کوڕی شەهیدەکەیە لە ڕووداوەکە برینداربووە. پێشمەرگەکە سەر فەوجی سێی لیوای سێی هاوبەشی پێشمەرگە بووە و ناوی (بەهزاد ڕەئوف)ە.[5]
- لە هەولێر ڕۆژنامەنووس هێمن مامەند بەهۆی پۆستێکییەوە کە نووسیبووی بچنە دەرەوە، لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکرا.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سندوقی هاوکاریی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسیف) ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورک، کە سەرێکانیی داگیرکردووە بە چەندین ڕۆژ جارێک ڕێگا نادات ئاو لە وێستگەکانی ئاوەوە بەسەر هاووڵاتییانی حەسەکە و هۆل دا دابەش بکرێت.[2]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک- قەسەدە، پشتگیریی خۆی بۆ بانگەوازییەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕی، کە داوای لە لایەنە جیاوازەکانی سوریا کردبوو، ئاگربەستی مرۆیی ڕابگەیێنن.[7]

دەرەوەی کوردستان

- ژمارەی ئەو کەسانەی لە تورکیا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون گەیشتوەتە 1549 کەس و ژمارەی ئەو کەسانەشی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لە دەستداوە گەیشتووەتە 37 کەس.[1]
- بەبۆنەی تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر دروستکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردووەتەوە و ڕایانگەیاندووە، داعش لە ڕووی فیزیکییەوە بەتەواوەتی تێکشکێندراوە، بەڵام هێشتا وەک هەڕەشەیەکی جیدیە بۆسەر ئاسایشی جیهان و ناوچەکە.[3]
- دەستەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی تاوەکو 28 ئەم مانگە درێژکردەوە.[5]
- لەڕاگەیەندراوێکدا وەزارەتی تەندروستی عیراق ئاشکرایکرد کە 316 هاووڵاتی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 27 کەس گیانیان لەدەستداوە و 75 کەسیش چاک بوونەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سێرت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کامیاران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ↑ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ↓ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: چین
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-03-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 24-03-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 24-03-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 24-03-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 24-03-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 24-03-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 86

**2020-03-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378319




باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی شارەوانی ئێلح دوای ئەوەی لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە و قەیوم لە پۆستەیان جێگیر کرا، دەستبەسەر کران، هاوکات سزای زیندانی بەسەر 2 چالاکی بزوتنەوەی ژنانی ئازادیشدا سەپێندرا.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زانکۆی پزیشکی پارێزگای سنە لە رایگەیاندووە تا ئێستا 90 تووشبووی کۆرۆنا چاک بوونەتەوە و گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەوە. زانکۆی پزیشکی سنە ئاماژەی بەوەشکردووە کە لەکۆی 713 پشکنین دەرکەوتووە کە 278 کەس لە و پارێزگایە تووشبوون و وەڵامی 382 کەسیش نێگەتیڤ بووە و 33 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە.[2]
- ژمارەیەک لە خێرخوازانی شاری مەهاباد، لە سەر تێچووی خۆیان کۆمەڵێک کەرەستەی بێهداشتی و هەروەها دەرمانی دژەگەندیان بۆ خاوێنکردنەوەی کۆڵان، شەقام و تەنانەت ماڵەکانیش کڕیوە. زۆربەی کۆڵان، گەڕەک و شەقامەکانی مەهاباد، لەلایەن خەڵکی ئەو شارە، بە شێوەی خۆبەخش و لە سەر تێچووی کۆمەڵێک خێرخوازی خەڵکی ئەو شارە، بۆ پێشگرتن لە ڤایروسی کۆرۆنا خاوێن کراوەتەوە.[4]
- وتەبێژی شانەی قەیرانەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زانکۆی پزیشکی پارێزگای کرماشان رایگەیاند لە و پارێزگایە تا ئێستا 20 کەس بەهۆی ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە.[2]
- بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەزار و 718 تووشبووی کۆرۆنا هەن و 140 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. ئامارەکەش سات بە سات دەگۆڕێت.[1]
- سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی سەڵمان ئەفرا، ئارمان غەفووری و عادڵ پیرووزی لە زیندانی مەریوان ئازاد کران. ئازادیی ئەو سێ زیندانییە سیاسییە لە ژێر ناوی لێخۆشبوون بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و قەیرانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە و ئەو زیندانییە سیاسیانە کە زیاتر لە 5 ساڵ حوکمی زیندانییان هەیە، ئەو لێخۆشبوونەوە نایانگرێتەوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو ئەنجامی پشکنینی ژنێکی تەمەن 75 ساڵان دەریخست کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بەڕێوەبەری بەشی تەندروستیی گشتی لە فەرمانگەی تەندروستیی کەرکوک دەڵێت، ژنەکە گیانی لەدەستداوە.[1]
- تەندروستی هەولێر لەڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە دوو تووشبووەکەی ئەمڕۆ رایگەیاند: کە ئە و دوو کەسە سەردانی دەرەوەی وڵاتیان نەکردووە و لەڕێگەی بەرکەوتنەوە تووشبوون. تەندروستی هەولێر ئاماژەی بەوەشکردووە کە یەکێک لە تووشبوان دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێسە و ئەویتریش دانیشتووی گوندی گاینجی خۆرئاوای هەولێرە.[2]
- ئەمڕۆ چوارەم ڕۆژە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کۆمەڵگەی سێبران لە سنووری پارێزگای هەولێر کەرەنتینە کراوە، جگە لە هێزە ئەمنییەکان کە دەوری کۆمەڵگەکەیان گرتووە، تیمەکانی تەندروستی بەردەوامن لە پشکنین و رشاندنی دەرمان. بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تائێستا 15 کەس لەو کۆمەڵگایە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی راگەیاند، لە شارۆچکەی دەربەندیخان بەشێوەیکی کاتی بەشە ناوخۆییەک بۆ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەنە نەخۆشخانە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند کە دوو حاڵەتی نوێی تووشبوون بە کۆرۆنا لە شاری هەولێر تۆمار کراوە.[2]
- دەزگای خێرخوازی بارزانی خواردن و پێداویستیەکانی 15 رۆژی بۆ دانیشتووانی کۆمەڵگەی سێبیران دابین کردووە، کە ماوەی 3 رۆژە بەهۆی تۆمارکردنی چەند حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرەنتینە دان.[3]
- خاوەنی ئەو کۆمپانیایانەی خۆراک و پێداویستی بەسەر مارکێت و دوکانەکاندا دابەش دەکەن، بەهۆی رێگری و دروستکردنی کێشە بۆیان لە بازگەکانی نێو شاری هەولێر، هەڕەشەی بایکۆتکردن دەکەن. قایمقامی هەولێریش دەڵێت، هیچ کێشەیەکیان نییە و دەتوانن خۆراک و پێداویستییەکانی هاونیشتمانیان دابەش بکەن.[1]

- بەمەبەستی خۆپارێزی و ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا شارەوانی دوکان چەند ڕێگایەک دادەخات و بەربەست دادەنێت.[2]
- بەهۆی پابەندنەبوون بە نرخەکانەوە، لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوونی سەر بە وەزارەتی تەندروستی بەشی سۆنەری سێ نەخۆشخانەی ئەهلی و تاقیگەیەکیان داخست.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گوندی غوڵامی سەر بە شارەدێی سیروان بەهۆی کێشەی زەوی و زار کەسێک بەناوی (ک.ع.ع) تەمەن 48 ساڵ کوژرا و براکەشی بەناوی (م.ع.ع) بریندار بوو.[3]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، لە هێرشێکی چەکداریدا دوو سەربازی تورکیا لە ناوچەی حەفتەنین لە سنووری زاخۆ کوژراون و دوو سەربازی دیکەش برینداربوون.[1]
- سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، لە سەرەتا تورکیا و کورد ئامادەنەبوون ڕێککەوتن بکەن، بەڵام لەدوای دەستپێکردنی شەڕ، لەسەر داوای من ڕازیبوون ڕێککەوتن بکەن.[1]
- وەزارەتی تەندروستی تورکیا هەواڵی گیانلەدەستدانی 7 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا ڕاگەیاند و ئاماری گیانلەدەستدان لە و وڵاتە بۆ 44 کەس بەرز بووەوە.[3]
- لە ئێران ژمارەی ئەو کەسانەی بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا 2 هەزار کەسی تێپەڕاند و ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی ڤایرۆسەکەش بوون 27 هەزار کەسی تێپەڕاند. لە ئێران هاتوچۆی نێوان هەموو شارەکان قەدەغەکرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ دوکان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-03-2020
[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 25-03-2020
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 25-03-2020
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 25-03-2020
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-03-2020


کاتی تۆمارکردن: PM 3:05:16 2020-02-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 87

**2020-03-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378320




باکووری کوردستان
- لە کاتێکدا هەموو دونیا کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات دەسەڵاتی ئاکەپە – مەهەپە لە کوردستان دەستیان بە ئۆپراسیۆنی سەربازی کردووە و دەست دەگرن بەسەر شارەوانییەکانی هەدەپەدا و چالاکی و خۆپیشاندانیش قەدەغە دەکەن.[1]
- سوپای تورکی داگیرکەر لە سنووری گوندی ئەسکار و ناوچەی شێنێ لە پاسووری ئامەد دەستی بە ئۆپراسیۆنکرد.[1]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر لە باشوروی ناوچەی لیجەی ئامەد و لە گەڕەکەکانی زەنگێ، کەروەس و لجۆکێ دەستیان بە ئۆپراسیۆن کرد. ئۆپراسیۆنەکە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە یەکەی تایبەت و هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی موشەکهاوێژ بەڕێوەدەچێت. لە ئۆپراسیۆنەکەدا گەڕەکان گەمارۆ دراون و دەستیان بە هەڵکوتانە سەر ماڵان و کایەنەکان کردووە.[1]
- لە شارۆچکەی ئەرخانی سەربە پارێزگای ئامەد، کەسێک کە بە گومانی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیێندرایە نەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا.[2]
- کۆمیسیۆنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەدەپە رایگەیاند، دەوڵەتی تورک بە گرتنەوەی ئاوی خواردنەوە بەسەر گەلانی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا، تاوانی شەڕ ئەنجام دەدات.[1]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، سێ تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکرا، کە ئافرەتێکی تەمەن 32 ساڵ و دوو پیاوی تەمەن (30) و (32) ساڵی کە هەموویان کەسوکاری تووشبێکی دوێنێی شاری هەولێرن.[3]
- لە کەرکوک دوای ئەنجامدانی پشکنین ئاشکرابوو کچێکی ئەو ژنەی رۆژانی رابردوو گیانی لەدەستدابوو، توشی کۆرۆنا بووەو شەش کەسی تریش کە نێگەتیف بوون.[4]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لە نوێترین راگەیەندراویدا رایگەیاند، لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکرا، کە ژنێکی تەمەن 56 ساڵانە و خێزانی توشبویەکی پێشووە.[4]
- زوبێر عوسمان لێپرسراوی مەڵبەندی رێکخستنی سۆرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند: درەنگانێکی شەو سێ هەڤاڵمان کە یەکێکیان (شەماڵ شەهید مەلا کوردستانی)ە کە ساڵی 1991 لەکاتی ئازادکردنی شاری هەولێر شەهید بووەو یەکێکی تریشیان (کاروخ بەکر سەرکانی) کە پێشمەرگەیە لەگەڵ هەڤاڵێکی ترمان لەلایەن ئاسایشی سۆران بەهاوکاری ئاسایشی قەسرێ کە سەر بەهەولێرن دەستگیرکراون. وتیشی: دەستگیرکردنی ئەو هەڤالانەمان بەبێ بڕیاری دادگا بووەو ئاسایشی پارتی بەتۆمەتی دروستکراو هەڵیکوتاوەتە سەریان و دەستگیرکردون، بۆیە وەک مەڵبەندی سۆران پەیوەندیمان بەئاسایشی سۆرانی پارتییەوە کردوە.[4]

- لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سۆران دەڵێت، کە سێ هاوڵاتی دۆڵی باڵەیانی سەر شارەدێی قەسرێ بەهۆی شکانی قەدەغەی هاتووچۆ و گواستنەوەی خەڵک بە قاچاغ دەستگیرکران، بەڵام لەلایەن هەندێک کەسەوە لێکدانەوەی دیکەی بۆ کراوە.[6]
- ئەنجومەنی گەلی دیمۆکراتیکی مەخموور لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا بە هۆی زیادبوونی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ سەر پەنابەرانی کەمپەکە، بانگەوازیەکی ئاڕاستەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کرد و داوای هاوکاری پزیشکی کرد.[1]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆمەڵێک پێداویستیی پزیشکی کە پیکهاتبوون لە دەرمانی پاککەرەوە و پاکژکەرەوە گەیاندە شارۆچکەی خورماتوو بۆ بنکەی تەندروستی ڕزگاری.[4]
- بەنزینخانەی شیمال کە بەنزینخانەیەکی گەورەیە لە هەولێر لەسەر ڕێگای پیرمام بەرامبەر زین سیتی گڕدەگرێت و بەهۆیەوە ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە.[4]
- نازم عەبدوڵڵا جاف، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی کێڵگە پەلەوەرییەکان ڕایگەیاند، بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆرنا لەماوەی ئەم مانگەدا لەت هواوی هەرێمی کوردستان ئەو زیانانەی بەر کەرتی پەلەوەر کەوتووە دەگاتە پێنج ملیار دینار.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، گەشت و هاتوچۆی نێوان شارەکانی ئێران قەدەغە کرا.[5]
- ژمارەی ئەو کەسانەی لە تورکیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covîd-19)ەوە گیانیان لە دەستداوە گەیشتە 59 کەس و هەروەها 2 هەزار و 433 کەسیشی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[1]
- - ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق قەدەغەی هاتووچۆی تاوەکو 11-04-2020 درێژکردەوە.[3]
- مەلا کرێکار بە تۆمەتی تیرۆر لەلایەن نەرویجەوە ڕەوانەی ئیتالیا کرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | IQ ئێڕاق |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئیتالیا |
| وڵات: | نەرویژ |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-03-2020](#)
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 26-03-2020](#)
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 26-03-2020](#)
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 26-03-2020](#)
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-03-2020](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 88

**2020-03-27**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378321](https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378321)



باکووری کوردستان
- لە گوندی کۆزان سەر بە شارۆچکەی سوور لە ئامەد، گوتاربێژی مزگەوتی گوندەکە لەڕێگەی بڵندگۆوە بە زمانی کوردی هۆشداری دەدات و ڕێنمایی هاونیشتمانیانی نیشتەجێی گوندەکە دەکات کە چۆن خۆیان بپارێزن لە کۆرۆنا.[1]
- گۆڕستانی حەسەن بەگی ئێزدی کە مێژووەکەی بۆ 300 ساڵ دەگەڕێتەوە و لە گەڕەکی مەزرە مهۆکی هەرێمی باگۆکی ناوچەی نسێبینی مێردینە و ناوچەیەکە کە ئێدیانی لێدەژین، وێرانکرا. بەردی گۆڕستانەکە و کێلی قەبری ئەو کەسانەی کە کۆچی دواییان کردووە شکێنران و هەندێک لە سمبوڵی ئێزدیانیان پارچە کرد. لەناو سمبوڵی ئێزدیاندا کە شکێنران و پارچە پارچە کران سمبوڵی پیرۆزی وەک خۆر و مەلەک تاووسیش هەبووە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاتووچۆ لە نێوان شار و پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەدەغەکرا و هێزە ئەمنییەکان کۆنترۆڵی ڕێگەی نێوان شارەکان دەکەن، هەرکەسیش پابەند نەبێت سزا دەدرێت.[1]
- یەکێک لە دەروێشەکانی تەریقەتی جەلیلییەی نێعمەتوڵلایی گۆنابادی بە ناوی مەجید مورادی کوڕی موراد، لە زیندانی ناوەندیی ئیلام بە بارمتەی 100 ملیۆن تمەنی ئازاد کرا.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئیسماعیل مەنسووری خەڵکی کرماشان، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە سێ مانگ زیندان مەحکووم کرا. دادگای ئینقلابی کرماشان، ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[4]
- گروپێک لە زیندانیانی زیندانی شاری سەقز دەستیان بە ڕاپەڕین کرد و لە زیندان هەڵهاتن.[5]
باشووری کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە تاوەکو سەرلەبەیانی ئەمڕۆ تۆپخانەکانی سوپای تورکیا چەند گوند و بەرزاییەکی دەڤەری برادۆست لە سنوری شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران تۆپباران دەکەن.[1]
- کۆمەڵێک خۆبەخش لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەگەڵ ڕێکخراوی کۆبیر، هاوکار لەگەڵ تیمە

تەندروستیەکانی سنوری شاری سلێمانی ئەرکی رشتن و پاککردنەوەی شەقام و شوێنە گشتیەکانی سلێمانی دەکەن لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی.[2]
- ئەنجامی 5 پشکنینی تری تایبەت بەڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنوری راپەڕین نێگەتیف دەرچوون.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دوو تووشبووی دیکە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، یەکێکیان لە هەولێر و ئەوی دیکەیان لە هەڵەبجەیە.[1]
- حاڵەتێکی دیکەی توشبوون بە کۆرۆنا لە کەرکوک تۆمارکرا کە ژنێکی تەمەن 47 ساڵە و هاوسەری توشبووەکەی دوێنێیە.[2]
- بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کارمەندەکانی لە باڵیۆزخانەکەی لە بەغدا و کۆنسوڵخانەکەی لە هەولێر دەکشێنێتەوە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و زانکۆی سلێمانی بە هاوکاری دەزگای مرۆیی مام هەوڵەکانیان بۆ روبەڕوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چڕکردوەتەوە و بۆ یەکەمجاریش لەسەر ئاستی هەرێم، زانکۆی سلێمانی ماددەی ڤیتی ئێم-ی بەرهەمهێنا.[2]
- قایمقامیەتی شارۆچکەی چەمچەماڵ بڵاویکردەوە، ئەو دوو منداڵەی لەشارەدێی تەکیە کە توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، لە ئێستادا چاک بوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بە جێهێشت.[3]
- دوانیوەڕۆی ئەمرۆ، لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، رۆژنامەنووس هەرێم جاف، پەیامنێری 24 k دەستگیرکرا. لەسەر هۆکاری دەستگیر کردنەکەی رۆژنامەنووس هەرێم جاف، بۆ رۆژنیوز وتی: هۆکاری دەستگیرکردنەکەم، تەنها ئەو پۆستەیە کە شەوی ڕابردوو لە فیسبوک بڵاومکردەوە، لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی هێزە ئەمنیەکان لەکاتی زانیاری وەرگرتن لەسەر بوونی حاڵەتێکی گوماناوی کۆرۆنا. هەروەها، باسی لەوەشکرد، بەپێی وتەی هێزە ئەمنیەکانی کفری کە پێییان ڕاگەیاندووم، دەستگیرکردنەکەم بەفەرمانی دادوەرە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاشکرای کرد، کە دوێنێ 16 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[3]
- لە ئێران 144 حاڵەتی نوێی گیان لەدەستدان و 2 هەزار و 929 حاڵەتی تووشبوو بە کۆرۆنا لە ماوەی تەنیا 24 کاتژمێری رابردوودا تۆمار کران.[3]
- کەیۆ کوری شاعیری بەناوبانگی کورد جگەرخوین لە تەمەنی 84 ساڵیدا لە سوید بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە کۆچی دوایی کرد.[2]
- رێکخراوی نێودەوڵەتی سی پی جەی، ڕاپۆرتێک لەبارەی ئازاردان و رفاندنی رۆژنامەنووس عەدنان رەشیدی بڵاو دەکاتەوە و داوادەکات بەرپرسانی هەرێم لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی کارەکە بکەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: IR ئێران
وڵات: SE سوید
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-03-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 27-03-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 27-03-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 27-03-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-03-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-03-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 89
**2020-03-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378322




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ئەنجامی شۆڕش لە زیندانی سەقز و هەڵهاتنی نزیکەی 80 زیندانی، فەزای ئەو شارە بە تووندی میلیتاریزە کراوە و هێزە ئینتزامی و گاردی تایبەت بۆ دەسبەسەرکردنی زیندانییانی هەڵاتوو لە ناو شاردا بڵاویان پێکراوە. هێزە ئینتزامییەکان لە ئاستی شاری سەقز ڕێگایکانی هاتوچۆی سەقز - بانە و سەقز - مەریوان، خاڵی پشکنینیان داوە.[3]
- جێگری فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای سنە دەڵێت، پێنج کەس لەو زیندانیانەیان دەستگیرکردوونەتەوە کە ڕۆژی رابردوو لە زیندانی سەقز هەڵاتبوون و کەسێکیش خۆی رادەستکردووەتەوە.[1]
- فەرماندەی سوپای پاسدارانی پارێزگای سنە رایگەیاند: هۆکاری هەڵهاتنی زیندانیان لە زیندانی شاری سەقز، ترس لە کۆرۆنا بووە.[5]
- بەڕێوەبەری تەندروستی مەهاباد رایگەیاند، لە 24 کاژێری رابردوو تووشبوویەکی کۆرۆنا لەو شارە گیانی لەدەستداوە و بەو پێیە ژمارەکە گەیشتووەتە سێ کەس.[1]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی شاکر بێهروزی خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لەلایەن لقی 2ی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ بە سەرۆکایەتی دادوەر شێخلوو، بە 5 ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. لقی 2ی دادگای ئینقلابی ورمێ، ئەو حوکمەی بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێران بە سەر ئەو هاووڵاتییە کوردەدا، سەپاندووە.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، ژمارەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 122 تووشبوو، لەو ژمارەیەش 51 کەس چاکبوونەتەوە و 2 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- لە دەربەندیخان 18 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و سێ کەسیان چاکبوونەتەوە. جیاواز لە شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە زۆر باش پابەندی قەدەغەی هاتووچۆن، بۆیە کەمترین هێز و بازگەی تێدا دانراوە.[1]
- لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەهۆی دابەشکردنی مووچەوە، تەندروستی سلێمانی ڕێکاری تایبەت دەگرێتەبەر و بانک و فەرمانگە حکومییەکان دەرمانڕێژ دەکات.[2]
- دوای ئەوەی 23ی مانگ قەدەغەی هاتوچۆ لە شاری کەرکوک درێژکرایەوە تا 28ی ئادار، ئەمرۆش ئەندامانی شانەی قەیرانەکان لە شاری کەرکوک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای شارەکە کۆبوونەوە، پاش کۆبوونەوەکە ئەم شەو بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە تیدا قەدەغەی هاتووچۆ لە شاری کەرکوک درێژکرایەوە بۆ 11ی نیسانی مانگی داهاتوو.[6]
- لە بەیاننامەیەکدا گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار درێژکردنەوەی ماوەی پشووی دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان تا 16ی مانگی داهاتوو راگەیاند.[4]
- حکومەتی هەرێم بە هاوکاریی عێراق، ئاسانکاریی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خوێندکارانەی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە دەرەوە دەخوێنن و بەهۆی کۆرۆناوە خوێندنیان ڕاگیراوە، داواشیان لێدەکات، لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم یان لە باڵیۆزخانەکانی عێراق، ناوی خۆیان تۆمار بکەن.[7]
- لە گوندی کەڵەکینی شارۆچکەی خەلیفان لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی برایەک، براکەی خۆیی کوشت. کێشەی دووبراکە ئەوەبووە کە کامیان دەبێتە جێگرەوەی باوکیان.[4]
- لەسەر کێشەی زەوی و زار شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵەی گوندی سوریا لە شارۆچکەی باتێلی شارۆچکەی سێمێل دروستدەبێت، بەڕێوەبەری شارۆچکەکەش دەڵێت، کەسێک کوژراوە و دوو کەسی دیکەش برینداربوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە نوێترین ئاماری بڵاوکراوە لەسەر بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا توشبوانی گەیشتە 597 هەزار و 458 کەس و ئەو کەسانەش کە گیانیان لەدەستداوە 27 هەزار و 370 کەسن.[2]

- کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق 458 تووشبووە و 40 کەس گیانیان لەدەستداوە، هەروەها 122 کەسیش چاکبوونەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-03-2020
[2] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-03-2020
[3] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 28-03-2020
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-03-2020
[6] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-03-2020
[7] مانپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-03-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 90

**2020-03-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378323




باکووری کوردستان
- لە گوندی ڕچکی مزگری دێرسم کە 64 کەسی تێدا دەژین، دوو حاڵەتی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکران و گوندەکە بە تەواوی کەرەنتینەکرا. هەردوو کەسەکە لە ئەستەنبوڵەوە گەڕاونەتەوە.[1]
- بە هۆی ئەو شەپۆلی بارانبارینەی ناوچەکەی گرتووەتەوە، بە تایبەت لە گرکی لەگ لافاوێکی بەهێز دروست بوو و بووە هۆی رووخانی پردی گوندی کێشکێی نێوان گرکێ لەگ و ناوچەی ئالیا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی دادوەریی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ئێران، باسی لە دەسبەسەرکردنی 4 کەس لە مەئمووریی زیندانی شاری سەقز، بەهۆی هەڵاتنی 74 زیندانی لە زیندانی ئەو شارە کرد. بەرپرسی ڕێکخراوی دادوەریی کوردستان، ڕایگەیاند: لەسەر بڕیاری سەرۆکی دەزگای دادوەری سەبارەت بە لێپرسینەوە لە تاوانبارانی زیندانی سەقز، دۆسیەیەک لە دادسەرای نیزامیی حەوزەی سەقز پێک هێنراوە و لەو پەیوەندییەدا، سەرەڕای بانگهێشتکردنی مەئمووڕانی زیندان، چوار مەئمووری زیندانی سەقز دەسبەسەر کراون.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندرووستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد، کە 3 حاڵەتی دیکەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر تۆمارکراوە.[2]
- ڕێکخراوی ڕێباز فاوندەیشن 1000 سەبەتە خۆراکی لە سنووری سۆران بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت و هەژاری ناوچەکە دابەش کرد.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، ئەو کەسانە ئاگادار دەکاتەوە کە لە سەرەتای ئەم مانگەوە لە وڵاتانی ئەورووپا گەڕاونەتەوە ناوچەکە، سەردانی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیە گوازراوەکانی رانیە بکەن.[5]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ڕایگەیاند، 2 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە شاری هەولێر بە تەواوەتی چاکبوونەوە.[5]
- هێزەکانی ئەمەریکا لە سەربازگەی (کەی 1)ی کەرکوک دەکشێنەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەولەوتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی بە تۆپ هەر یەک لە گوندەکانی شوارخا و ئیرشادیەی سەر بە ناوچەی شەرای عەفرین تۆپباران دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بێریڤان ئارال، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، ماوەی دوو هەفتەیە لە فەرەنسا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە و لە ماڵەوە کەرەنتین کراوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی ئێران ڕایگەیاند: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، دوو هەزار و 901 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنابوون، 123 کەسیش گیانیانلەدەستداوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دێرسیم
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سۆران
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ رانیە (ڕاپەڕین)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەقز
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: فرەنسا
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-29
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-03-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-03-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-03-29

کاتی تۆمارکردن: 2020-02-01 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 91

**2020-03-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200201150516378324



باکووری کوردستان
- لقی ئامەدی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەبارەی دۆخی زیندانەکانەوە سەردانی زیندانی ژنان و پیتی (D) ئامەد کرد و دواتر ئەنجامی سەردانەکەی بە راگەیەنراوێک بڵاوکردەوە. لە راگەیەنراوەکەدا باسی ئەوەکرا، لە زیندانەکاندا لەدژی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا رێوشوێنی پێویست نەگیراوەتەبەر.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای ورمێ دۆخی نائاسایی راگەیاندرا. بەگوێرەی دوایین ئاماری زانکۆی پزیشکی، لە پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتووەتە 2 هەزار و 186 کەس. لە پێنج پارێزگاکەی رۆژهەڵات تاکوو ئێستا 203 کەس بە هۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. زۆرترین ژمارەی توشبوونیش لە پارێزگای لورستانە، کە تاکوو ئێستا 680 کەس تۆمار کراوە.[5]
- رێژەی مردن بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە لە پارێزگای سنە لە 12.62٪ی تێپەڕاندووە، ئەوەش نزیکەی دوو هێندەی ئەو رێژەیەیە کە لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە تۆمار کراوە کە تەنها 6.8٪ رێژەکەیە.[6]
- بەرپرسانی زیندانی ورمێ لە ترسی نارەزایەتیی بەندکراوان، رێوشوێنی توندی ئەمنیینا بەرانبەر بە

بەندکراوان گرتووەتە پێش.[7]
باشووری کوردستان
- کرمانج عیزەت قایمقامی سۆران رایگەیاند: کە شارۆچکەی خەلیفان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کەرەنتین کرا. راشیگەیاندووە کە کەرەنتینەکە تەنها ناوەندی خەلیفان دەگرێتەوە. باس لەوەشدەکرێت کە لە و شارۆچکەیە 5 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[4]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە رێگای کەمپەینێکەوە هاوکاریی دەگەیەنێتە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و تا ئێستاش نزیکەی 50 ماڵ سوودمەندبوون لەو هاوکارییانە.[1]
- لە خانەقین نەخۆشخانەیەکی 30 تەختی لەسەر ئەرکی سەرمایەدارانی شارەکە بۆ تووشبووانی کۆرۆنا دروستدەکرێت. تاوەکو ئێستا 20٪ی کارەکانی تەواو بووە، بڕیارە لە ماوەی دوو مانگ تەواو بکرێت. [3]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێم بانگەوازێکی بڵاوکردەوەو رایگەیاند: دوابەدوای بانگەوازی پێشوومان، ئاگاداری ئەو هاووڵاتیانە دەکەینەوە کەوا پێشتر گەشتی دەرەوەی وڵاتیان کردوە لە 15-2 تاوەکو ئێستا جگە لەوانەی کەرەنتین کراون یان پشکنینیان بۆ کراوە بەزووترین کات و بەپەلە پەیوەندی بە هێڵی گەرم ژمارە 122 یان سەنتەرەکانی کۆرۆنا بکەن بۆ پشکنینی تاقیگەیی.[4]
- د. یاد نەقشبەندی وتەبێژی بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی راگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا دەڵێت: ئەگەر مەردیت و دڵنیایت لە قسەکانت (شاسوار عەبدولواحید) خۆت و خێزانەکەت بێ هیچ خۆپارێزیەک وەرە سەردانێکی نەخۆشخانەکەی سەرچنار بکە و تەوقەیەک لەگەڵ نەخۆشەکان بکەو یەکی گوڵێکیان بەرێ بۆ ئەوەی بزانین کۆرۆنا هەیە یان نا.[4]
- 300 قوتابی کورد لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە بەهۆی وەستانی گەشتی ئاسمانی و رێکارەکانی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە لە قوبرس گیریان خواردبوو، لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەڕێندرانەوە هەرێمی کوردستان.[5]
- پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیێنێت، مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی قەرەداغ تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە تەقەی لە باوکی کردبوو و هەڵاتبوو. ئەمە یەکەم رووداوە کە لە رۆژی قەدەغەی هاتووچۆوە تۆماردەکرێت.[3]
- لەم ساڵدا تا ئەمرۆ تەنها چوار مەتر و نیو ئاستی ئاوی دەریاچەی دوکان بەرزبۆتەوە و نۆ مەتر و چل سانتیم لە ساڵی پار کەمترە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو، چەتەکانی داعش هەوڵیاندا لە زیندانی سینای گەرەکی خوێرانی حەسەکە هەڵبێن. لەو زیندانەدا بە هەزاران داعشی راگیراون. هێزەکانی ئەنتی تیرۆر و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە هاوکاری فڕۆکەکان، شوێنی رووداوەکەیان گەمارۆدا و قەسەدەش رایگەیاند کە هیچ داعشێک هەڵنەهاتووە.[1] هەندێک سەرچاوەی تر باس لە هەڵهاتنی ژمارەیەک تیرۆریستی داعش دەکەن.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندی هۆشانێی سەر بە عەین عیسا. شەرڤانان بەرپەرچی هێرشەکانیان دایەوە و ئۆتۆمبێلێک کە دۆشکەی لەسەربوو تێکشکێنرا. لە ئەنجامی پێکدادانەکاندا 2 چەتەش کوژران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کیانوش جەهانپوور، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران ئاشکرای کرد، لە 24 کاتژمێری رابردوودا 117 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا لەئێران گیانیان لە دەستداوە و کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی تائێستا بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە بۆ 2 هەزار و 757 کەس بەرزبوویەوە.[1]
- بەو جۆرەش ژمارەی گیانلەدەستدان لە تورکیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە گەیشتە 168 کەس و ژمارەی تووشبووانی تۆمارکراویش بۆ 10 هەزار و 827 کەس بەرزبووەوە.[3]
- بەگوێرەی ئاژانسی بۆڵد میدیای تورکی، لە ئەگەری زیاتر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێشبینی دەکرێت بێکاری لە تورکیا بگاتە 11 ملیۆن کەس. سەبارەت بە بەهای دۆلاری بەرامبەر بە لیرەی تورکی بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. پێشبینی دەکرێت تا مانگی داهاتوو هەر دۆلارێکی

ئەمەریکی 8 قوروش زیاد ببێتە سەر ئەو ئاستەی کە ئێستا هەیەتی و هەروەها یەدەگی نەختینەی بیانی لە تورکیا 7 ملیار دۆلار لەدەستدەدات. هاوکات لە ئەگەری رووداني کەمترین کاریگەری لەسەر ئابووری تورکیا بەهۆی کۆرۆناوە، ئەوە کەرتی کشتوکاڵ بەتێکڕای خاڵێک، کەرتی پیشەسازی بە 5 خاڵ و بیناسازی 2.5 خاڵ، کەرتی خزمەتگوزاری بە 7 خاڵ، دابەزیون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەرەداغ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دوکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ لورستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | قوبروس |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-30
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-30
[4] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-30
[5] ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-30

[6] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-03-2020
[7] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 30-03-2020
کاتی تۆمارکردن: 01-02-2020 3:05:16 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 92

**2020-03-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200331182356381986




باکووری کوردستان
- نالان ئۆزئایدن هاوسەرۆکی شارەوانی شەمرەخ بە گومانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەرەنتینەکرا.[2]
- کاتژمێر 06:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، هێڵی گواستنەوەی نەوتی ئێران بۆ تورکیا لە سنووری گوربولاک لە بازیدی سەربە ئاگری، بە هۆکارێکی نادیار گڕی گرت. ڕاگەیاندنەکانی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گڕگرتنی هێڵە نەوتەکە لە ئەنجامی تەقینەوەیەک ڕوویداوە و تیمەکانی ئاگر کوژێنەوە ڕەوانەی ناوچەکە کراون. هێشتا ئێران و تورکیا بەفەرمی لەسەر هۆکاری گڕگرتنی بۆرییە نەوتییەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەداوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە 24 کاژێردا 10 کەس لە پارێزگای سنە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[3]
- ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 3 هەزاری کەسی تێپەڕاندووە، نزیکەی 250 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، قەدەغەی هاتوچۆی بۆ 10 ڕۆژی تر تا 10-04-2020 درێژکردەوە.[1]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک تۆپبارانی گوندی دەراوی کرد لە دەڤەری برادۆست، بەهۆیەوە زیان بەر ڕێگای گوندەکە کەوت.[6]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاگەیەندراوی ژمارە (33)ی تایبەت بە ئاماری تووشبووانی کۆرۆنا لە (24) کاتژمێری ڕابردوو بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، (12) حاڵەتی نوێی تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراوون.[1]
- تەندروستی کەرکوک ڕایگەیاند کە حاڵەتێکی نوێی تووشبوون بە کۆرۆنا لە و شارە تۆمار کرا کە کچێکی تەمەن 20 ساڵە و گەشتی دەرەوەی نەکردووە.[4]
- لە شارەدێی خەلیفانی سەر بە شارۆچکەی سۆران، پشکنین بۆ 80 کەس کراوە، هیچ کام لەو کەسانە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا نین.[5]
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، هاوکاریکردنی گەڕاندنەوەی هاونیشتمانییانی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆی دەزانێت و پێشینەی گەڕاندنەوە لە دەرەوە دەداتە ئەو کەسانەی ڕەوشیان لەڕووی یاسایی و داراییەوە ناڵەبارە.[3]
- سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەبارەی وەرگرتنی 250 ملیۆن دۆلار وەک شیرینی نەوت لە کۆمپانیای ڕۆسنەفت و هەروەها دەنگۆی دەستبەسەرداگرتنی ملیارێک دۆلاری هەرێم لە وڵاتی لوبنان دەڵێت، پێویستە داواکاری گشتی بەدواداچوون بۆ ئەم دەنگۆیانە بکات.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورک گوندەکانی منبجیان تۆپباران کرد و بە پێی زانیاریەکان ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی برینداربوون.[2]
دەرەوەی کوردستان

- دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا لە نزیک تەرابلوسی پایتەخت، لەلایەن سوپای نیشتمانی لیبیاوە خرانە خوارەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🌋 ئاگری
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: لیبیا
🗺 وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ↑ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-03-31
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-03-31
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-03-31
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-03-31
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-03-31


کاتی تۆمارکردن: 2020-03-31 6:23:56 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 93

**2020-04-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380802



باکووری کوردستان
- هەپەگە رایگەیاند: گەریلایەکیان بە ناوی سەما کۆچەر لەدژی سوپای داگیرکەری تورک لە وێستگەیەکی بۆڕی گازی سروشتی لە نزیک دەروازەی گوربولاکی ئاگری چالاکی فیدایی ئەنجامداوە و 5 ئۆتۆمبێلی سەربازی تێکشکێنراون و زیاتر لە 30 سەربازی داگیرکەری تورکیش کوژراون.[1]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، شەش تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران.[2]
- بۆ یەکەمجار لەمێژوویدا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ئەنجامدا و لەکۆبوونەوەکەدا باسی دوایین پێشهاتە ئابووری و تەندروستییەکان لە هەرێمی کوردستان کراوە.[3]
- لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی و هێزە ئەمنییەکان مەراسیمێکی ڕێزلێنانیان بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا چەپکە گوڵی ڕێزو وەفا پێشکەش بەپزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە سلێمانی کرا بەرامبەر بە هەوڵ و ماندووبوونە بەردەوامەکانیان بۆ پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان.[4]
- پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، کە لە دۆخێکی هەستیار و سەخت و مەترسیدارداین و تەنیا چارە مانەوەیە لە ماڵەکاندا.[2]
- تەرمی مریەم قازی محەمەد کچی پێشەوا قازی لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بەخاک سپێردرا.[2]
- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان فۆڕمی گەڕاندنەوەی خێزانی بۆ ئەو کەسانە بڵاوکردەوە کە لە خێزانەکانیان دابڕاون و لە 72 کاژێردا دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان.[2]
- قایمقامی ناوەندی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت، کۆمەڵێک کەس لە سنوورەکەیان پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا نابن، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ دادگای شارەکە قسەیان کردووە کە هەرکەسێک پابەند نەبێت بدرێتە دادگا.[5]
- سەرکۆ ئازاد گەلاڵی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان زانیاری و بەڵگە لەسەر یەک ملیارەکەی لوبنان و 250 ملیۆن دۆلاری دەلالەکەی کۆمپانیای رۆز نەوت رادەستی داواکاری گشتی دەکات.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، لە 24 کاتژمێردا، 65 حاڵەتی نوێ تۆمارکراوە، هەروەها چوار کەس گیانیانلەدەستداوە و 18 نەخۆشیش چاکبوونەتەوە. بەوەش 694 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق تۆمارکراون و 50 کەس گیانیان لەدەستداوە و 170 کەسیش چاکبوونەتەوە.[1]
- کەناڵی فەرمی ئێران لەسەر زاری مەهدی جەمشیدی، بەرپرسی کۆمپانیای نەوتی ئێران بڵاوکردووەتەوە، بەهۆی هێرشێکی چەکداری بۆسەر هێڵی بۆڕی گواستنەوەی گاز لە ناوچەکە، هەناردەی گازیان بۆ تورکیا راگرتووە.[5]
- وەزارەتی تەندروستیی ئێران، ڕایگەیاند، تا ئێستا لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە 47 هەزار و 593 کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنابوون و سێ هەزار و 36 کەسیش گیانیانلەدەستداوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-01
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-01
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-01
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-01
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-01

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 94

**2020-04-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380803



باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوک تەندروستی کەرکووک ڕایگەیاند، دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆ 16 گومانلێکراو لەلایەن تاقیگەی ناوەندی عێراقەوە، دەرکەتووە پێنج کەسیان هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان و ئێستا لە ژێر چاودێری پزیشیکدان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 21:15 سوپای دەوڵەتی داگیرکەری تورک هەر یەک لە گوندەکانی خربت بەکر و ساڤانی سەر بە ناوچەی عەین عیسای تۆپباران کرد.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک دوای ئەوەی لە چەندین هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ئاوەکانی گرتەوە، ئەم جارەش هێڵی دابەشکردنی ئاوی ئوم ئەلکێفی تەقاندەوە.[1]
- سوپای تورکی داگیرکەر گوندی عەبۆشی لە تەلتەمر بۆردومانکرد. لەو هێرشەدا 2 سەربازی ڕژێم کوژران، کە یەکێکیان پلەدار بوو و 5 سەربازی تریش بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە پێی ئامارێکی حکومەتی تورکیا لە بارە قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 2 هەزار و 456 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 79 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-02
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-05
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 95

**2020-04-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380804



باکووری کوردستان
- بەهۆی بارینی بارانێکی زۆر لە ناوچەی جزیری شرنەخ هەموو کۆڵان و جادەیان ژێرئاوکەوتن. لە کۆڵانی نسێبین لافاو دروست بوو و ڕێگای هاتوچۆ گیرا. هەروەها هاتوچۆ لە ناوچەکانی تریش ڕاگیرا. هەروەها لەسەر ڕێگای دەرە و کرمزی مەندەرەسەش ئاوی چووە دوکانەکانەوە. هەروەها باران بارینەکە کاریگەری لەسەر زۆر گوندیش دروست کرد. هەروەها لە هەندێک گوند زیان بەر بەروبومی کشتوکاڵی کەوت.[1]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێم، 4 تووشبووی تری ڤایرۆسی کۆرۆنای لە هەولێر ڕاگەیاند.[2]
- گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر بۆ پیرۆزبایکردنی ڕۆژی 4ی نیسان، لەدایکبوونی سەرۆکی پەکەکە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە سەرتارسەری شاری سلێمانی هەڵمەتێکی وێنە هەڵواسینی عەبدوڵلا ئۆجەلاننیان بەڕێوەبرد و لە زۆربەی شوێنە گشتی و سەرەکییەکانی شاری سلێمانیدا وێنەکانی ئۆجالانیان هەڵواسی.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆک بڵاویکردەوە، شەش تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دهۆک بە تەواوی چاکبوونەوە و ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین کۆجا وەزیری تەندروستی تورک ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 69 کەسی تر لە سەرتاسەری تورکیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[3]
- دەزگای ئاماری تورکیا بڵاویکردەوە، لە ماوەی 3 مانگدا هەڵاوسان بە ڕێژەی 2.29 بەرزبووتەوە و هێڵی مامناوەندی هەڵاوسانیش لە 12 مانگدا بۆ 13.33 بەرزبووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: TR تورکیا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-04-03


کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 96

**2020-04-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380805


هەموو بازگە و خاڵەکانی پشکنین ئاگادار دەکەینەوە، ڕێگە لەمانەی خوارەوە نەگرن:
1-کارمەندانی بانکی حکومی و گەنجینە بۆ دابەشکردنی مووچە.
2-فەرمانبەر و مووچە خۆرانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت.
3-وەزارەتی خوێندنی باڵا، کەسەی 2020.4.5 مووچە وەردەگرن، ئەوانەی ناسنامەی خوێندنی باڵا، یان پشتگیریان پێیە، ڕێگەیان پێدەدرێت.
4-تیمەکانی تەندروستی و پزیشکان و ئەمبولانس(اسعاف).
5-تیمەکانی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتووچۆ و زێرەڤانی و هێزەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئەوانەی لە ئەرک دان.
6-تیمەکانی کارەبا و چاککردنەوەی تۆڕی کارەبا.
7-تیمەکانی ئاو و ئاوی ئێفراز و چاککردنەوە تۆڕی ئاو.
8-تیمەکانی شارەوانی و پاککردنەوەی زبڵ و خاشاک.
9-ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە خواردن بۆ کەرتی دەبەن.
10-تیمەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەی پشتگیری دەزگاکانی خۆیان پێیە.
11-تیمەکانی پارێزگا و قایمقامیەتی ناوەند کە ڕێگە پێدانیان هەیە.
نووسینگەی پارێزگاری هەولێر
مكتب محافظ أربيل
Erbil governor's office
2020.4.4

باکووری کوردستان
- لە زیندانی ئێلح پشێووی دروستبوو و زیندانییەکان بەشێکی زیندانەکەیان سووتاند، پاشان تورکەکان هەندێک لە زیندانییەکانیان گواستەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- باقی شەفیعی ڕۆناکبیر، شاعیر و نووسەری هەورامی خەڵکی شاری پاوە لە تەمەنی 74 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[2]
باشووری کوردستان
- لە هەرێمی کوردستان قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتیی پیادە و ئوتومبیل بۆ ماوەی 48 کاژێر ڕاگەیەندرا و لە 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆوە دەستپێدەکات، تەنانەت نانەواخانەکان و فرۆشیاری خواردەمەنیش دەگرێتەوە.[1]
- تووشبوویەکی تری کۆرۆنا لە سلێمانی گیانی لەدەستدا، نەخۆشەکە پیاوێکی تەمەن 61 ساڵە بوو و نەخۆشیی درێژخایەنی هەبووە.[1]
- لەلایەن دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیاوە گوندەکانی نزیک چیای برادۆست بۆردومان کرا.[4]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕایدەگەیێنێت 80% ئەوانەی لە کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییەکەیان تێدا دەرنەکەوتووە، دوای پشکنین و بەدواداچوون دەرکەوتووە کە تووشبوون ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی قەدەخەی هاتووچۆی تەواوەتی بۆ 48 کاژێر ڕاگەیێندراوە.[3]
- ئەگەر زۆرە گەرەکی کارێزانی هەولێر کەرەنتین بکرێت. پشکنینی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی گەڕەکەکە وەرگیراوە و وەزیری تەندروستی دەڵێت، ئەگەر دەرکەوت ڕێژەیەکیان کۆرۆنایان

گرتووە، دەبێت هەموو گەڕەکەکە کەرەنتین بکرێت. تەنیا لە پرسەیەکی گەڕەکی کارێزاندا تووشبوویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنا 14 کەسی تووش کردووە.[3]
- لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی رایدەگەیێنێت، لە سنووری پارێزگای سلێمانی و لەماوەی قەدەغەکردنی هاتووچۆ سەرپێچی خاوەنکارەکان زیاتر لە هەشت بەرامبەر زیادیان کردووە و زۆرترین سەرپێچیش کافتریا و خواردنگەکانەوە کردوویانە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەی هەولێر لە راگەیەندراوێکدا رەتیدەکاتەوە، هیچ کارمەندێکی ئاسایش لە فڕۆکەخانەکە تووشی کۆرۆنا بووبێت. داواش دەکات رێکاری یاسایی دژی ئەو کەسانە بگیرێتەبەر کە ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە.[5]
- کۆمپانیای ئاوا مێدیکا بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان لە هەرێمی کوردستان بڕی 39 هەزار پاکەت لە دەرمانیان پێشکەشی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کرد کە بەشێک لە دەرمانەکان بۆ چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنا بەکاردەهێدرێت.[3]
- لە تۆڕە کۆمە ڵایە تییە کان گرتە یە کی ڤیدیۆیی بڵاوبووەتە وە، کە ئە ندامی خێزانی کەسێک لە تیمی نوسینگە ی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ناو بازگە کانی شاری سلێمانی تێدە پە ڕێت لە کاتی بوونی قە دە غە ی هاتووچۆدا، لەبەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتەداشدا، قوباد تاڵەبانی داوادەکات بەتوندترین شێوە ئەو کەسە سزابدرێت.[6]
- لە شاخی شرامی سەربە شارەدێی بیارە بەهۆی دەستکاریکردنی تەقەمەنیەوە مینلابەرێک بەناوی سەروەت عەبدوڵلا مەحمود گیانی لەدەستدا کە کارمەندی رێکخراوی MAG و دانیشتووی گەڕەکی سەرای هەڵەبجەیە. لەهەمان تەقینەوەدا کەسێکی تریش کە ناوی (هـ. س. ع.) تەمەن 23 ساڵان و دانیشتووی هەڵەبجەیە، بریندار بووە و لەبەر سەختی برینەکەی رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراوە.[4][5]
- ژمارەیەکی زۆری باڵندەی کێوی لە باڵەکایەتی مردار بوونەتەوە و بەهۆیەوە دڵەڕاوکێ لەناو هاوڵاتیانی باڵەکایەتی دروستبووە، پزیشکانی ڤێتەنەریش دەڵێن، کە هیچ نیشانەیەکی ڤایرۆس لەلەشی باڵندەکاندا نییە، ئەگەر هەیە بەهۆی هەورە بروسکەوە مرداربووبنەوە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- لە شاری قامیشلۆ، هێزەکانی رژێمی سوریا دەسترێژی گوللەیان لە مەفرەزەیەکی هێزەکانی ئاسایشی رۆژئاواکرد، بەپێی زانیارییەکان ئەندامێکی ئاسایشی رۆژئاوا شەهید بووە و یەکێکی دیکەش بریندارببووە.[6]
- رژێمی تورکی داگیرکەر شەوی رابردوو بە تۆپخانەکانی هێرشی کردە سەر گوندی ئوم کێف و ئەمجارە لە بۆردومانەکەیدا وێستگەی کارەبا و تۆڕی کارەبای ناوچەکەی کردە ئامانج و بەو هۆیەوە کارەبای تلتەمر برا.[2]
- لە چوارچێوەی بەردەوامی هێرشە داگیرکەریەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکدا، لە ئێستادا هێرش دەکرێتە سەر هەر یەک لە گوندی کوپرلک و ئەڤدۆکۆی سەر بە ناوچەی گرێ سپی. لەم هێرشەدا 3 هاووڵاتی کوژران.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق تووشبوونی 58 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند، بەمەش ژمارەی تووشبووان گەیشتە 878 کەس.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: ◯ بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-04
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 97

**2020-04-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380806




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 1ی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتیی دادوەر سەعیدی، حوکمی سێ مانگ و ڕۆژێک زیندانیی بەسەر فەردین مەولوودیدا سەپاند. لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە، ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[7]
- بەڕێوەبەری کاناڵی تێلگرامیی شارەکەم پاوە بە ناوی سەعید ئەحمەدی کوری نەجیم خەڵکی شاری پاوە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو چالاکە میدیاییەیان بەهۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵی پەیوەندییدار بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە ناوچەی هەورامان دەسبەسەر کردووە.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند: لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، 18 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، کە 8 پیاو و 6 ئافرەت و 4 منداڵن. بەمەش کۆی گشتی تووشبووانی پرسەی ماتەمینیەکەی گەڕەکی کاریزان

بووە 32 تووشبوو. هەروەها کۆی گشتی توشبووان لەهەرێمی کوردستان گەیشتە 232 کەس.[2]
- بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: 11 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لەشاری سلێمانی چاک بوونەتەوە.[4]
- سێ تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکران، کە 3 ژنن تەمەنەکانی (20) و (24) و (28) ساڵن، هەموویان بەرکەوتەی تووشبووی پێشوون و دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵن.[4]
- سەنتەری هەماهەنگی فریاکەوتنی هەولێر رایگەیاند: لەئەنجامی پابەندنەبوونی هاووڵاتیان پلانی (C)یان جێبەجێکردوە و نەخۆشخانەی رزگاری بۆ توشبووانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا ئامادەکراوە.[4]
- ئەمڕۆ ئەنجامی پشکنینی 100 کەسی دانیشتووی کۆمەڵگەی سێبیران ئاشکرا کرا کە پشکنینی هەموویان نێگەتیف بووە و دوای 15 رۆژ ئەمڕۆ کەرەنتین لەسەر سێبیران هەڵدەگیرێت.[5]
- پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند، دوای تەواوبوونی قەدەغەی توندی هاتووچۆ هەر هاونیشتمانییەک بەبێ دەستکێش و دەمامک بچێتەدەرەوە رێکاریی یاسایی بەرامبەر دەگیرێتەبەر.[1]
- دوای ئەوەی کەسێک لە گوندی بێسەڵمێنی شارەزوور تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێت، دوێنێ بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی چاکبوونەوەی ئەو کەسەی راگەیاندووە و بە ئەمبوڵانسی تەندروستییەوە دەینێرێتەوە بۆ گوندەکەی، بەڵام چەند گەنجێکی دانیشتووی گوندەکە تەقەیان کردووە. کەمال ئەحمەد، وتەبێژی نەخۆشخانەی شەهید رەئوف بەگ رایگەیاند: دانیشتوانی گوندەکە وەک کاردانەوەیەک قبوڵیان نییە کارمەندانی تەندروستی بچنە گوندەکەیان، بۆیە ئەو تەقانەیان کردووە، بەڵام ئێمە هاووڵاتییەکەمان گەیاندووەتەوە گوندەکەی و 15 پشکنینی دیکە وەرگیراوە تا دڵنیاببینەوە لەوەی دانیشتوانی گوندی بێسەڵمێن چەندی دیکەیان توشی ڤایرۆسەکە بوون.[5]
- رۆژنامەنووس هێمن مامەند لە هەولێر بە کەفالەتی 10 ملیۆن دیناری ئێراقی ئازادکرا.[2]
- لە راگەیەندراوێکدا ژووری راگەیاندنی پارێزگای هەولێر دووپاتی کردەوە، گەورەترین کارگەی درووستکردن و بەرهەمهێنانی دەمامک لە شاری هەولێر دەکرێتەوە.[5]
- بەرنامەی نیشتەجێکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە یارمەتییەکی دارایی نوێی حکومەتی ژاپۆن کرد کە بە بڕی 3.6 ملیۆن دۆلار لەلایەن حکومەتی ژاپۆنەوە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە بۆ بنیاتنانەوەی شارۆچکەی شنگال کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیانی زۆری بەرکەوتووە.[1]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هیچ کەمپەینێک بۆ کۆکردنەوەی پارە بەناوی هاوکاری رێگەپێدراونییە و بۆ هیچ کەسێک یان لایەنێک نییە کەمپەین رابگەیێنێت.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە کەمپی نەورۆز لە شاری دێرک، رۆژی هەینی بە هۆی ئاگری سۆپاوە، 4 منداڵ گیانیان لەدەست دابوو و 7 کەسی دیکەش بریندار ببوون، ئەمڕۆ 3 کەسی دیکە لەو سووتاوانە گیانیان لەدەستدا.[3]
- دەوڵەتی داگیرکەر ئێوارە ئەمڕی کاتژمێر 19:30 گوندی شێخ خەلیلی سەر بە تل رەفعەتی ناوچەی شەهبای تۆپباران کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی عێراق، رایگەیاند، لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم و عێراق لە 24 کاتژمێری رابردوودا 5 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە و 83 تووشبووی دیکەی نوێش تۆمارکراون، 20 کەسیش چاکبوونەتەوە.[6]
- وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی عێراق، ئاشکرایکرد کە ئەنجامی نیوەی ساڵی قۆناغی سەرەتایی خوێندن، بە ئەنجامی کۆتایی ساڵی خوێندنی ئەمساڵی پۆلەکانی یەک تا پێنجی سەرەتایی هەژمار دەکرێت. ئەم بڕیارەی ئێراق، ناوچە جێناکۆکەکانی وەک کەرکوک و خانەقین و ئەوانی تریش دەگرێتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرک |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | سەیدسادق (شارەزوور) |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ژاپۆن |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-05
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-05
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-05

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 98

**2020-04-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380807


هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة
Ministry of Interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )
NO:
DATE: ٢٠٢٠/٤/٦
بەیانی ژمارە (٢٥) ساڵی ٢٠٢٠
وەزیری ناوخۆ

باکووری کوردستان
- بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا سەما تەکین ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەدەپەی شاری مەلەزگرت لە پۆستەکەی دوور خرایەوە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەد یار ئەحمەدی، پەرەستارێکی لاو لە نەخۆشخانەی خومەینیی شاری سەقز، بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆڤید 19 گیانی لەدەست دا.[3]
- جێگری بەڕێوەبەری بەشدارییە مرۆییەکانی کۆمیتەی فریاکەوتنی پارێزگای سنە رایدەگەیەنێت دانیشتوانی پارێزگاکە بڕی 18 ملیار و 500 ملیۆن تمەن بۆ کاری خێرخوازی دابین دەکەن.[2]
- تاکو ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی 200 پەرستار و پزیشک و کارمەندی تەندروستی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و دوو کەسیش بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە.[5]
- سابیر نادری، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری قوروە، پاش 18 مانگ ڕاگرتن لە زیندانی ناوەندیی سنە، لە ئەنجامی لێخۆشبوونی نەورۆزیی دەزگای دادوەری، لە زیندان ئازاد کرا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بورهان جنکانلو تەمەن 28 ساڵ، خەڵکی شاری بازرگان سەر بە ماکۆ، لە بەرزاییەکانی سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بریندار بوون.[3]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، چل و یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، کە 17 ئافرەت و 15 پیاو و 9 منداڵن کە بە هەموو تەمەنە جیاوازەکان، دوو لەوان لە شارۆچکەی سۆران و سێ لە شارەدێی سیدەکان و یەک لە گوندی هەڵەجەی بچووک وە ئەوانی تر لە ناو شاری هەولێرن لە گەڕەکەکانی (کانی گەلی، ئاڵتون سیتی، شێخ ئەحمەد، کارێزان، زانکۆ، چنار، مامۆستایان، 121ی گوڵان، ژیان، زیلان سیتی) کە زۆربەی زۆریان بەرکەوتەی تووشبووەکانی هەردوو پرسەی ماتەمینی گەرەکی کارێزانی شاری هەولێرن وە دووی دیکە پێشینەی گەشتیان هەبووە.[4]
- وەزیری تەندروستی هەرێم هۆشداری دەدات و رایدەگەیەنێت: هەرێم لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدایە.[2]
- گوندی سنخەیلان سەر بە شارۆچکەی سیدەکان لە شارۆچکەی سۆران بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەرەنیتن کرا.[2]
- بەڕێوەبەری تەندروستیی دەربەندیخان ڕایگەیاند، لە کۆی 30 تووشبووی کۆرۆنا لە دەربەندیخان 11 کەسیان چاکبوونەتەوە.[1]
- لە گوندی ساڵح ئاغای سەر بەشارەدێی قۆرەتووی سەر بەشارچکەی خانەقینی سەربە پارێزگای دیالە، ژنێک بەناوی (ن- ب - ا) لەدایکبووی ساڵی 1986، بەهۆی بەرکەوتنی فیشەکەوە گیانیلەدەستدا.[6]
- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هۆشداری لەبارەی ڕەوشی زیندانیان لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان دەدات و دەڵێت، ئەگەر بە زووترین کات دۆخی زیندانیان چارەسەر نەکرێت بەهۆی کۆڕۆناوە تووشی کارەسات دەبین.[1]
- چوار کەس لە گوندی بێسەڵمێنی سەر بە شارۆچکەی شارەزوور دەستگیرکران کە تەقەیان بەسەر ئەمبووڵانسێکی نەخۆشخانەی شەهید ڕەئوف بەگدا کردبوو لەکاتی گەیاندنەوەی کەسێک کە لە کۆرۆنا چاکبووەوە بۆ گوندەکە.[1]
- بەهۆی توشبوونی کەسێک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و چەند گومانلێکراوێکی دیکە، گوندی کەشکۆڵ، لە سنووری شارۆچکەی خانەقین کەرەنتینەکرا، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی هەزار و 200 کەس دەبێت.[6]
- ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان لە نووسراوێکدا لیستی ئاماری ئەو ڕاگیراوانەی کە ئازاد دەکرێن بە دەستەبەری و ئە و زیندانییانەی کە سزادراون و بە ئازادکردنی بەمەرج، ئازاد دەکرێن ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکات.[1]
- وەزیری ناوخۆی هەرێم ڕایگەیاند بەغدا بۆ ڕووبەڕوونەوەی کۆرۆنا پارەی ڕەوانەی هەرێم کردوە

و گەیشتوەتە وەزارەتی دارایی، بەڵام ئاماژە بەبڕەکەی نەکرد.[2]
- هۆبەی کەشناسی گەرمیان، لە راگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد، کاتژمێر 10:56ی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.1 پلە بەپێوەری ڕێختەر، بە قوڵایی 9 کیلۆمەتر ژێر زەوی و بە دووری 17 km لە سەنتەری کەلار روویدا. ئاماژەی بەوەشکردووە، بوومەلەرزەکە لەنێوان کەلار - کوڵەجۆ روویداوە و چەقی ئەو بوومەلەرزەیە گوندی شێخ لەنگەر بووە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری دیموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 23ی ئازارەوە بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغەی ژاتوچۆی ڕاگەیاندبوو. بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر ئەمڕۆ لە ڕاگەیەنراوێکدا ماوەی قەدەغەی هاتوچۆی بۆ 15 ڕۆژی تر درێژ کردەوە.[7]
- لە گوندی ئەلئەرسی (10 کم لە ڕۆژئاوای ناوچەی عەین عیسا) منداڵێک بە ناوی محەمەد ئیسماعیل کە خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیدا، پێ بە مینێکی بەرماوەی داعش دەنێت و لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدەدات. هەروەها ئامۆزاکەشی بە ناوی ئەحمەد ئەلفەهد (12 ساڵ) بریندار بوو و لە نەخۆشخانەی شەهید عومەر عەلوشی عەین عیسا لە ژێر چاودێری پزیشکەکاندایە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەندامێکی لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتی نیشتمانیی عێراق دەڵێت، ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەرەو هەڵکشان دەچێت و عێراق لە دۆخێکی مەترسیداردایە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران ئەمڕۆ بڵاویکردەوە، کە تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەی تووشبوانی کۆرۆنا لە ئێران بۆ گەیشتووەتە 60 هەزار و 500 کەس، لەو ڕێژەیەش تا ئێستا 3739 کەس گیانیان لەدەستداوە و 24 هەزار و 236 کەس چاکبوونەتەوە، 4080 کەسیش باری تەندروستیان ناجێگیرە و بە توندی تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون. کیانووش جەهانپوور وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بەوە کرد، بە تەنها دوێنێ 2274 کەس دووچاری ڤایرۆسەکە بووە و 136 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان

🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 06-04-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 06-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 06-04-2020
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 06-04-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 06-04-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 06-04-2020

کاتی تۆمارکردن: 01-03-2020 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 99

**2020-04-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380808



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە گەڕەکەکانی خربێ شابکێ، باسکل کەڤیل و دێرقوبی کەربۆرانی مێردین هەموو جۆرە هاتوچۆکردنێکی لە هاووڵاتییان قەدەغە کرد. پارێزگاری دەوڵەتی تورک ڕایگەیاند، لە 6ی نیسان و لە دوای کاتژمێر 23:00ەوە بۆ ئەوەی هێزە ئەمنییەکان و سوپا ئۆپراسیۆن لەو 3 گەڕەکەدا ئەنجام بدەن، هاتووچۆکردنیان تیایاندا قەدەغە کراوە.[1]
- لە یەکەیەکی 200 سەربازیی سوپای تورک لە جۆلەمێرگ دا 11 سەرباز تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. سەربازە تووشبووەکانیان گواستووەتەوە بۆ ئۆتێلەکان و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون و ئەوەش نارەزایەتی لێکەوتووەتەوە.[1]
- گەڕەکی دۆشلوجەی ناوچەی ئازار پێرتی شاری چەولیک بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا خرایە کەرەنتینەوە و هاتوچۆی لێ قەدەغەکرا.[1]
- دوای ئەوەی دانیشتوویەکی گەڕەکی خرابەی ناوچەی ئەلباک لە ئەستەنبولەوە گەڕایەوە و ئاشکرا بوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنایە، هەموو گەڕەکەکە خرایە ژێر چاودێرییەوە و هاتوچۆی لێ قەدەغەکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تاوەکو ئێستا لە چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی 17 هەزار و 500 کرێکار کە بەهۆی کۆرۆناوە بێکار بوون، داوای بیمەی بێکارییان کردووە.[2]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، سێ تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری دهۆک دەستنیشانکران، کە خێزانێکی دایک و باوک تەمەن 31 ساڵن لەگەڵ منداڵێکی تەمەن 10 مانگ لە وڵاتی بەریتانیا گەڕاینەوە و لەکەرەنتین دابوون.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، پێنج تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای

نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، کە پیاوێک و چوار ئافرەتن. یەکێکیان دانیشتووی کانی گەلی چوار تووشبووی دیکە دانیشتووی گەڕەکی 94ی باداوەن، هەموویان بەرکەوتەی تووشبووەکانی هەردوو پرسەی ماتەمینی گەڕەکی کارێزانی شاری هەولێرن. بەوەش ژمارەی توشبوان لەهەرێمی کوردستان گەیشتە 285 توشبوو.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکرا، کە کچێکی تەمەن 13 ساڵ دانیشتووی شارەدێی بازیان بەرکەوتەی تووشبووی پێشووە.[3]
- ئەمشەو لە سنووری شارۆچکەی کوڵەجۆ لە گەرمیان داعش هێرشی کردووەتە سەر پێشمەرگە و دوو پێشمەرگە شەهید بوون. ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە شەهید بوون ناویان سورکێو رەشید و ئیسماعیل فارس ە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بڕیاری کەرەنتینەکردنی دانیشتووانی گەڕەکی کارێزانی لە هەولێر دەرکرد و لە پلاندایە 10 گەڕەکی دیکەش لە هەولێر کەرەنتین بکرێن.[2]
- بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: 16 توشبووی تری کۆرۆنا چاکبوونەوەو گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان و کۆی ئەوانەی چاکبونەتەوە گەیشتە 78 کەس.[4]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر لەراگەیەنراوێکدا چاکبوونەوەی دوو تووشبووی کۆرۆنا راگەیاند.[4]
- بەڕێوەبەری تەندروستی هەولێر رایدەگەیەنێت، هۆکاری هەڵکشانی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەولێر دانانی دوو پرسە بووە، ئێستا ژمارەی تووشبووان لە هەولێر گەیشتووەتە 138 کەس و لەنێویاندا 20 کەس چاکبوونەتەوە.[5]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی و سەرۆکی لیژنەی باڵای ئۆپراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە روونکردنەوەیەکدا داوای لێبوردنی لە و پزیشکە کرد، کە دوێنێ لە خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی ناوخۆ رووبەڕووی کێشە بوویەوە.[5]
- بەهۆی چۆڵیی شەقامەکانەوە، لەلایەن بەشی ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانییەوە سەرجەم هێڵەکانی پەڕینەوەی پیادە نوێدەکرێنەوە.[4]
- بەڕێوەبەری تەندروستیی سلێمانی رایگەیاند، حەوت تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبوونەتەوە و رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.[2]
- دوای دوو رۆژ لە سەربەستکردنی درەنگانێکی شەوی رابردوو جارێکی دیکە رۆژنامەنووس هێمن مامەند لە شاری هەولێر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرایەوە.[3]
- وێڕای بەردەوامی قەدەغەی هاتوچۆ، کە لە چوارچێوەی رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنادا راگەیەندراوە، لەسەر رێگەیەکی لاوەکی لە شارەدێی سەرقەڵا، بە هۆی پێکدادانی ماتۆڕسکیلێک و ئۆتۆمبیلێکەوە شەوی رابردوو کەسێک گیانی لەدەستدا.[5]
- سێ رۆژ لەمەوبەر، پۆلیسی ئیدارەی راپەڕین سووتانی ژنێکی بە ئاگر ڕاگەیاند، کە بەهۆی ڕێژەی سووتاوییەکەیەوە کە 90٪ بوو، ڕەوانەی سلێمانی کرا، دواجار بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانیلەدەستدا.[6]
- لەپاڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا، کۆبوونەوەی برێکی زۆر لە زبڵ و پاشماوەی جۆراوجۆر لە شەقام و شوێنە گشتیەکانی کەرکوک، بووەتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر تەندروستی هاوڵاتیانی شارەکە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی جۆراوجۆری دیکە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانیان لە نیوەشەوەوە دەستیان بە تۆپبارانکردنی گوندی دلدارا و دەورووبەری و گوندی ئوم ئەل کێف لە تلتەمر کردووە.[1]
- تەرمی ئەحمەد مەحمود موسلیم (خالۆ کۆبانێ) شەرڤانی قەسەدە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا بەهۆی جەلتەی دڵەوە شەهید بوو، بەخاکسپێردرا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین کۆجا وەزیری تەندروستی تورکیا لە لێدوانێکدا رایگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە سەرتاسەری تورکیا 76 کەس گیانیان لەدەستداوە و وتی:ژمارەی ئەوانەی گیانیان

لەدەستداوە تا ئێستا گەیشتووەتە 725 کەس. کۆجا هاوکات رایگەیاند، بە گشتی ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە 34 هەزار 109 کەس.[1]
- لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتیی نیشتمانیی عێراق بڕیاریدا قەدەغەی هاتووچۆ لە پارێزگاکانی عێراق تاوەکو 18ی مانگ درێژبکرێتەوە و پشتیوانی داراییش پێشکەش بەو خێزانانە بکرێت، کە بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆ زیانیان بەرکەوتووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەویلک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماردین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جولەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ تەلتەمر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان



[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-07
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-04-07
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-07
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-07
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-04-07

کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 100

**2020-04-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380809



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی پاسووری ئامەد لەکاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێدا تەقینەوەیەک روویدا و بە پێی زانیاریەکان 5 کەس گیانیان لەدەستداوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی دوو رۆژی رابردوودا، 19 زیندانی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ، بۆ ئەنجامی تاقیکاریی کۆرۆنا رەوانەی نەخۆشخانەی دەرەوەی زیندان کراون.[7]
- تەرمی کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەسکەر محەممەدی خەڵکی گوندی نەبی کەندیی بەخشی ناوەندیی چاڵدێران لە بەرزاییەکانی ئەو شارەدا دۆزرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کۆڵبەرە کوردە چوار رۆژ لە بەرزاییەکانی کێوەکانی چاڵدێراندا ون بووە. هەتا ئێستا زانیارییەکی ورد لە هۆکاری گیانلەدەستدانی ئەو کۆڵبەرە کوردە لەبەر دەستدا نییە.[7]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، 14 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران. بەمەش ژمارەی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 303 کەس و لەو ژمارەیەش 114 کەس چاکبوونەتەوە و 3 کەسیش گیانیانلەدەستداوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، 6 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە هەولێر دەستنیشان کران.[3]
- بەڕێوەبەری شارەدێی بازیان ڕایگەیاند بەهۆی ئەو دووحاڵەتەی کۆرۆنا، کە لە بازیان تۆمارکرا، شارۆچکەی بازیان کەرەنتینەکرا، تا ئێستاش 25 نمونەی خوێن لە کەسانی بەرکەوتووی ئەو دوو کەسە وەرگیراوە بۆ پشکنین، گەڕەکەکانی بازیانیش دەرمانڕێژکراون.[6]
- دوای ئەوەی دوو کەس لەناو سۆران و سێ کەس لە شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، تیمەکانی تەندروستی دەستیان بە پشکنین کرد، ئەمڕۆش بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران ئەنجامی پشکنینی نزیکەی 200 کەسی ئاشکرا کرد، کە سەرجەمیان نێگەتیڤ دەرچووە.[5]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە رایگەیاند: لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانی بەشی پاراستنی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە، بۆ وەرگرتنی سامپڵ تایبەت بەپشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژمارەیەک سامپڵ بەشێوەی هەڕەمەکی لە سنووری شارۆچکەی کۆیە وەرگیران، خۆشبەختانە هەر 60 سامپڵەکە ئەنجامەکەیان پاک دەرچوون.[5]
- پۆڵا شەهید سیروان تاڵەبانی بەرپرسی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند: بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەمیانەی وەفدێکی مەڵبەندی گەرمیانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان سەردانی شارەدێی کوڵەجۆمان کرد، کەبەداخەوە شەوی رابردوو لەلایەن تیرۆرستانەوە پەلاماری رەبیەکانی پێشمەرگەیان دابوو، کە چەند رەبیەو شوێنێکی تایبەت بەهێزەکانی پێشمەرگەمان بەسەر دەکردەوە، بۆمبێکی چێنراو بە کاروانی بەئۆتۆمبێلەکاندا تەقیەوە. وتیشی: بۆمبەکە بەئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ئاسایش تەقیەوە کە لەگەڵ ئێمەدابوون و خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی بەدواوەوە نەبوو.[4]
- قائیمقامی شارۆچکەی بەردەرەش راگەیاند، 134 پێشمەرگە و سەربازی سوپای عیراق لە شارۆچکەی بەردەرەش کەرەنتینە کراون کە خەڵکی سنوری پارێزگای دهۆکن، ماوەی سێ رۆژە پێشمەرگەو سەربازانی سوپای عیراق لە بازگەی کەلەک گیریان خواربوو و رێگیران لێ دەکرا

بگەڕێنەوە بۆماڵەوە.[1]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایدەگەیێنێت، بەهۆی کاریگەریەکانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، ئاماژەکان پێمان دەڵێن ناتوانین دەست بە پرۆسەی خوێندن بکەین. دەشڵێت، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی خوێندنی ئەمساڵ نەفەوتێت.[2]
- ئەو خزمانەی چوونەتە پرسەکانی کارێزان، زۆریان بەنێو کۆڵانەکان و دەرەوەی بازگەکاندا خۆیان گەیاندووەتە پرسەکان. قایمقامی هەولێر دەڵێت، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی رۆیشتنی خەڵک بۆ پرسەکانی کارێزان دەکرێت و کەمتەرخەمەکان سزادەدرێن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و گروپە چەتەکانی شەوی رابردوو گوندەکانی سەمۆقا و عەین دەقنەی هەرێمی شەهبایان تۆپباران کرد.[1]
- کرداره قێزەوەن و نەگریسەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتە چەپەڵەکانی، لە هەرێمی عەفرینی داگیرکراو، بەردەوامن. لەم چوارچێوەیەدا چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەر لە ژێر ناوی 'فیرقەی 112ی دەوڵەتی تورک لە گوندی بادینای سەر بەناوچەی رەجۆ هەر یەک لە مستەفا محمد ئیبیش، محمد خەلیل شەعبان و ئەحمەد عارف ئیبیشیان رفاند. چەتەکان هاوکات لە ژێر ناوی گروپی 'محمد فاتیح'ی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەر لە گوندی بریمەجەی سەر بە ناوچەی مەعبەداش هەر یەک لە کامەران سبحی قاسمۆ و محمد عبدویان فراند.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی تەندروستی عێراق رایگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە سەرانسەری عێراق بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە، پشکنینی پزیشکی بۆ 2 هەزار و 83 کەسی دیکە کراوە، لەو ژمارەیەش 83 حاڵەت پۆزەتیف دەرچوون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-08](#)
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-08](#)
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-08](#)
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-08](#)
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-08](#)
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-04-08](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 101

**2020-04-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380810



باکووری کوردستان
- لە نەخۆشخانەی فێرکاری ئامەد تووشبوویەکی دیکەی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە بۆ 12 کەس بەرزبووەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شارام سەفەری، ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلێگرامیی راوێژ پرس، بانگهێشتی دادگای سەرپێڵ زەهاو کرا.[6]
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، "پەروین ئەدوایی"، چالاکی مەدەنی دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی کەوتنە بەر لێبوردنی گشتی لە زیندان ئازاد کرا.[7]
- نووسەر و چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی ئیسمائیل حەمیدیان خەڵکی سراولەی کارزانی شاری ئیلام، بەهۆی بەربوونەوەی لە بەرزاییەکانی شاخی مانشتی ئیلام گیانی لەدەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکرا، کە ئافرەتێکی تەمەن 38 ساڵ دانیشتووی گوندی کانی گەنیە و بەرکەوتەی تووشبووانی پرسەی ماتەمینی گەرەکی کارێزانە.[3]
- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، چوار تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 دەستنیشانکران، کە سێ پیاو و ئافرەتێکن لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون.[3]
- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، نۆ تووشبووی نوێ ی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، کە شەش ئافرەت و سێ پیاون دانیشتووی گەڕەکەکانی (شێخ احمد، مامۆستایان، گوندی کۆری) هەموویان بەرکەوتەی تووشبووانی پێشوون، حەوت لەوان بەرکەوتەی تووشبووانی پرسەکانی ماتەمینی گەڕەکی کارێزانی شاری هەولێرن.[3]
- بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: بۆ دڵنیابونەوە لەدۆخی تەندروستی چەمچەماڵ تیمەکانیان هەزار پشکینی کۆرۆنا دەکەن و دواتر ئەنجامەکان بڕیار دەدەن لەبارەی شارەکەوە، دەشڵێت: وەزارەتی ناوخۆ بڕیار لەقەدەغەی هاتووچۆ دەدات، بەڵام پێمانباش نیە لەمکاتەدا قەدەغەی تەواوی هاتووچۆ هەڵبگیرێت.[4]
- پشکنینی سەرجەم کەسوکاری تووشبوەکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شارەدێی حاجیاوا نێگەتیف

دەرچوون.[4]
- بەڕێوەبەری تەندروستیی سلێمانی ڕایگەیاند، کەسێکی دیکەی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبووەتەوە و کۆی گشتیی ئەوانەی چاکبوونەتەوە گەیشتووەتە 95 کەس.[2]
- بەپێی ئەو ئامارانەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردووەتەوە، لە کۆی 33 شارۆچکە و سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان، ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 14 شارۆچکە و ناوەندی شارەکاندا بڵاوبووەتەوە.[2]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، هەواڵی خۆش لەبارەی تووشبووانی کۆرۆنا هەیە بەوەی ڕێژەیەکی یەکجار کەم لە تووشبووانی نوێ دەدۆزنەوە و ئەوانەیشی دەدۆززرێنەوە سەرچاوەی تووشبوونەکەیان دیارە، ئەوەش نیشاندەرێکی باشە.[2]
- کەشناسی هەرێم ڕایگەیاند لە شارۆچکەی چەمچەماڵ سێ بومەلەرزە بەگوڕی جیاواز ڕوویانداوە و هاووڵاتیان لە کەرکوک و قەرەهەنجیریش هەستیان پێکردووە.[4]
- لە سنوری شارەدێی گوڵاڵە، بۆمبێکی چێنراوی چەتەکانی داعش تەقیەوە و بەهۆیەوە دوو هاوڵاتی گیانیانلەدەستدا و کەسێکی دیکەش بریندار‌بوو.[5]
- لە بازگەی زینەتیری سەر بە شارۆچکەی شەقڵاوە کە بەدەست پارتی'وەیە، ڕێگری لە بەڕێوەبەری شارەدێی بالیسان کرا، بەڕێوەبەرەکەش کە سەر بەدەسەڵاتی یەکێتییە، ڕێگای سەرەکی بالیسان – شەقڵاوەی داخست.[5]
- لە ئەنجامی هێرشێکی چەتەکانی داعش بۆ سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو، دوو چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی باب-ی داگیرکراو لەلایەن دەوڵەتی تورک و چەتەکانیەوە، بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلی چەتەیەکدا بە ناوی 'ئەبو فەیسەڵ' لە گروپی چەتەکانی سوڵتان موراد لە سنووری فاتSیمەی زەهرادا تەقییەوە و لەو تەقینەوەیەدا ئەبو فەیسەڵی چەتە بە قورسی بریندار بووە.[1]
- د. جوان مستەفا هاوسەرۆکی کۆمیتەی تەندروستیی باکوور ور ۆژهەڵاتی سوریا ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورک توشبوانی کۆرۆنا دەگوێزێتەوە بۆ نەخۆشخانەی سەرێکانی لە ڕۆژئاوا و بەو شێوەیە سەرقاڵی ئەنجامدانی تاوانە.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی، ئێوارەی ئەمڕۆ لە کاتژمێر 17:30 گوندی شێخ هالیل و کەفەر نایای سەر بە ناوچەی شەهبایان تۆپباران کرد. لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا لە گوندی کەفەر نایا هاوڵاتیەک بە ناوی خالد ئۆسۆی 42 ساڵان بریندار بوو. هاوکات زیانێکی زۆری مادی بەر خانووەکانی گوندەکە کەوتووە.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشیان کردووەتە سەر گوندەکانی کۆرحەسەن و سیفیانی سەر بە ناوچەی گرێ سپی و تۆپبارانی دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سیراجەدین کایران کە ماوەیەکی زۆر لەناو تەڤگەری سیاسی کورددا کاری کرد لە شاری بیلبۆرنی ئەڵمانیا بەهۆی نەخۆشیەوە گیانی لەدەستدا.[1]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری ئێراق، مستەفا کازمیی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئێراق ڕاسپارد.[3]
- کامەرانی سەید مەجید برای دلێری سەید مەجید لە تەمەنی 61 ساڵیدا بەهۆی کۆرۆناوە لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن کۆچی دوایی کرد.[3]
- ئەمڕۆ هێزی ئاسمانی سوپای نیشتمانی لیبیا ڕایگەیاند: دوو فڕۆکەی سیخوڕیی دەوڵەتی تورکی لە دوو شوێنی جیاواز خستووەتە خوارەوە.[5]
- وەزارەتی تەندروستیی ئێران، ڕایگەیاند، تا ئێستا لە سەرتاسەری ئەو وڵاتە 66 هەزار و 220 کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنابوون و چوار هەزار و 110 کەسیش گیانیانلەدەستداوە.[5]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، بە هۆی قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ژمارەیەک زیندانی لە بەندیخانەکانی ئێران بۆ داوا ڕەواکانیان چالاکی ئیدانەکردنیان ئەنجامداوە و زیاتر لە 35 زیندانی لە لایەن پاسەوان و هێزە ئەمنیەکانەوە کوژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | خورماتوو |
| شار و شارۆچکەکان: | ئیلام |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | شەقڵاوا (خۆشناوەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | رانیە (راپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | زەهاو |
| شار و شارۆچکەکان: | مەریوان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | لیبیا |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-04-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 09-04-2020
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 09-04-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 09-04-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 09-04-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 09-04-2020

کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 102

**2020-04-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380811



باکووری کوردستان
- تەرمی عەگید ئیپەک گەریلای هەپەگە کە لە ساڵی 2017 لە دەرسیم شەهید ببوو دوای 3 ساڵ لە ڕێی پۆستەخانەوە ڕادەستی خانەوادەکەی کرا و خانەوادەکەی تەرمەکەیان بۆ مێردین برد. جەندرمەکان بە تەنها ڕێگەیان بە 3 کەسدا کە تەرمی شەهید عەگید بەخاکبسپێرن، ڕێگا بە دایکی شەهیدیش نەدرا بەشداری لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی کوڕەکەیدا بکات.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران هەڵمەتێکیان دژ بە خراپیی دۆخی ئابووریيان لەکاتی کەرەنتینەدا ڕاگەیاند و دروشمی کەرەنتینە بە بێ دابین کردنی ژیانی خەڵکی یەکسانە بە برسێتییان بەرزکردەوە.[3]
- لە ژمارەیەک گوندی شاری مەریوان 10 کەس بەهۆی بڕینەوەی دارستانەکانی ئەو شارە دەستگیرکران.[2]
- دیوانی باڵای وڵات لەژێر گوشاری سپای پاسداران حوکمی لەسێدارەدانی ئەرسەلان خودکام، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ پشتڕاست کردەوە.[6]
باشووری کوردستان
- وەزیری تەندروستی ڕایگەیاند، تووشبوویەکی دیکەی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانی لەدەستداوە کە خۆی هەڵگری چەند نەخۆشیەکی کوشندە بووە.[4]
- لەبەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکرا، کە ئافرەتێکی تەمەن 38 ساڵ دانیشتووی گوندی کانی گەنیە بەرکەوتەی تووشبووانی پرسەی ماتەمینی گەڕەکی کارێزانە.[5]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی نوێ ی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری سلێمانی دەستنیشانکرا، کە ئافرەتێکی تەمەن 65 ساڵە و دانیشتووی شاری سلێمانی یە.[4]
- پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیێنێت، زۆرترین پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە و دەڵێت: لە کۆی 16 هەزار و 350 پشکنین کە لەهەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە 11 هەزار و 400 پشکنیان لە پارێزگای هەولێر بووە.[3]
- وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند، لەپێناو پاراستنی تەندروستیی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان قەدەغەی هاتووچۆ لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو 16-04-2020 درێژکراوەتەوە.[4]
- سەرەڕای قەدەغەی هاتوچۆ، شەوی ڕابردوو بەهۆی ڕووداوێکی هاتووچۆ لەسەر ڕێگەی مەخموور - هەولێر، چوار کەس گیانیان لەدەستداوە کە سێ پیاو و منداڵێک بوون، هۆکاری ڕووداوەکەش تیژڕەوی بووە.[2]
- زانکۆی سلێمانی و بەهاوکاری دەزگای مرۆیی مام و لە پێناو سەرخستنی هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا- کۆڤید19، توانرا لە تاقیگەکانی زانکۆ ماددەی پاکژکەرەوە (تعقیم)، بۆ دەزگا تەندروستییەکان ئامادەبکات.[5]
- بەهۆی قەدەخەی هاتووچۆ، هەزاران ئاژەڵدار لە هەرێمی کوردستان زیانیان بەرکەوتووە، لە پارێزگای دهۆک هاونیشتمانیان ناتوانن شیر بۆ بازاڕ و کۆمپانیاکان بگوازنەوە بۆیە بەشێکیان بە ناچاری شیرەکانیان دەڕێژن.[2]
- لە شارۆچکەی کەلەکچی شەڕێک لەنێوان دوو بنەماڵە ڕووی دا و دوو کەس کوژران و

کەسێکیش برینداربوو.[2]
- بەهۆی پاک ڕانەگرتن و گوێ نەدان بە ڕێنماییە تەندروستیی و ڤێترنەرییەکان، کوشتارگەی گەرمیان، بە بڕیاری سەر پەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژداخرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی ناوچەکانی شێراوا و شەرا لە عەفرین بۆردومان دەکەن. بەو هۆیەوە سەربازێکی ڕژێمی سوریا کوژرا و هاووڵاتییەکیش بریندار بووە.[1]
- دکتور جوان مستەفا هاوسەرۆکی کۆمیتەی تەندروستی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕایگەیاند، بەگۆمانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لەسەر سەربازێکی هێزەکانی سوریا ئاشکرا بووە، گوندی ئوم ئەلهۆشی شەهبایان خستووەتە کەرەنتینەوە. حکومەتی سوریاش بە بەرپرسیاری ئەوە دەبینرێت.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی ئامارەکانی بەرپرسانی تورکیا بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئەمڕۆ 98 کەس گیانیان لەدەستداوە و 47 هەزار و 29 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا قەدەغەی هاتووچۆی لە 31 پارێزگا بۆ ماوەی 48 کاژێر ڕاگەیاند و بەوەش 64 ملیۆن کەس ناتوانن لە ماڵەکانیان بچنەدەرەوە.[2]
- زیاتر لە 50 خوێندکار لەگەڵ چەند خێزانێک کە بۆ چارەسەری پزیشکی لە ئوردنن و هاونیشتمانیی هەرێمی کوردستانن، بەهۆی ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە و ڕاگیرانی گەشتە ئاسمانییەکانەوە گیریان خواردووە و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بیانگەڕێننەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دێرسیم |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | JO ئوردون |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-10]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری ڕووداو - 2020-04-10]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-10]
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری یوک میدیا - 2020-04-10]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [مالپەری کوردیا - 2020-04-10]

کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 103

**2020-04-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380812




ڕۆژهەلاتی کوردستان
- حوکمی ئێعدامی مستەفا سەلیمی، زیندانیی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی سەقز جێبەجێ کرا. ئەو زیندانییە بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا، بۆ ژووری تاکەکەسیی گوازرابووە. ئەو زیندانییە پاش ناڕەزایەتیی زیندانییان لە زیندانی سەقز، توانی لە زیندان هەڵبێت؛ بە وتەی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مافی مرۆڤی کورد، ناوبراو پاش هەلاتن لە زیندانی سەقز لە هەرێمی کوردستان دەسبەسەر دەکرێت و دواتر ڕادەستی حکوومەتی ئێران دەکرێتەوە.[4]
- لقی 101ی دادگای کەیفەریی 2ی شاری مەریوان وریا دلئەنگیز، چالاکی مەدەنیی کورد، بە 4 مانگ زیندان و لێدانی 24 زەربە قامچی مەحکووم کرد. ئەو چالاکە مەدەنییە کوردە بە تۆمەتی تێکدانی نەزمی گشتیی تاوانبار کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە سەبارەت بەگیانلەدەستدانی ژنێکی تەمەن 65 ساڵان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، تەندروستی سلێمانی ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێ هۆکارەکەی جەڵتەی دڵ بووە نەک ڤایرۆسی کۆڕۆنا.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، 5 تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 دەستنیشانکران، 3 ئافرەت و پیاوێک لە پارێزگای سلێمانی کە دانیشتووی ناو شاری سلێمانی و چەمچەماڵ و بازیانن و تووشبووی پێنجەم لە پارێزگای هەولێر پیاوە و دانیشتووی ناو شاری هەولێرە. هەموو تووشبووەکان بەرکەوتەی تووشبووەکانی پێشوون.[6]
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ڕایدەگەیێنێت، تووشبوویەکی کۆرۆنا کە خۆی شێرپەنجەی هەبوو، بەتەواوی لە ڤایرۆسەکە چاکبووەتەوە.[2]
- سەنتەرەکانی پشکنینی کۆرۆنا لە سۆران و ڕانیە کەوتنەکار و بەڕێوەبەری تەندروستی سۆرانیش ڕایگەیاند، لە توانایاندایە ڕۆژانە 150 پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامبدەن.[5]
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی ڕاگەیێندراوێک لەبارەی مستەفا سەلیمی بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت هیچ داتایەک بەناوی مستەفا سەلیمی لەناو تۆماری بەردەست ئاسایشی سلێمانی

و نشینگە و دەروازە سنوورییەکان بەردەست نییە و ئێمە هیچ کەسێک بەو ناوە ناناسین.[2]
- پشکنینی کەسوکار و کەسانی نزیک لە تووشبوەکانی بازیان نێگەتیڤ بون و هەتا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تر لە بازیان تۆمار نەکراوە.[3]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە نزیک پردی چوار لە باشووری کەرکوک، بۆمبێکی لکێنراو بە ئۆتۆمبێلی ئەفسەرێکی پۆلیسدا تەقییەوە و ئەفسەرەکە و دوو لە پاسەوانەکانی برینداربوون.[2]
- دەزگای روانگە هەڵمەتێکی سەرانسەری لە هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاریکردنی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان دەستپێدەکات، کە دابەشکردنی سەبەتەی خۆراکی و پێداویستی رۆژانەن بۆ پێنج هەزار خێزان و بەشی زیاتر لە دوو مانگی خێزانێکی چوار کەسی دەکات.[2]
- تەندروستی کەرکوک پێنج حاڵەتی نوێی توشبون بەکۆرۆنای لەشارەکە راگەیاند.[3]
- بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆوە زۆربەی دووکانەکانی نێو بازاڕی شاری دهۆک داخراون. بەشێکیان تەنانەت هێشتا کەلوپەلەکانیان تەنیا لە رێگەی پەردەیەکەوە داپۆشیووە. هێزی ئەمنی 24 کاژێر ئەرکی پاراستنی بازاڕەکەی لە ئەستۆدایە و پۆلیسی پارێزگاکە دەڵێت، مانگێکە هیچ رووداوێکی دزیکردن لە تۆمار نەکراوە، لە کاتیکدا ساڵی رابردوو مانگانە نزیکەی 50 رووداوی دزیکردن هەبووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە قوڵایی یەک کیلۆمەتر بۆ ناو خاکی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا لە ناوچەی بلبلی عەفرین دەستی بە دروستکردنی دیواری کۆنکریتی و تەلی درکاوی کردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری ناوخۆی عێراق لەبارەی دەستدرێژیکردنە سەر ژنەکەی پردێ هاتە دەنگ و فەرمانیداوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەبارەی رووداوەکە پێکبهێندرێت و لەماوەی 72 کاژێردا کارەکانی تەواو بکات.[2]
- لیژنەی ژنان و کاروباری خێزانی و منداڵان لە پەرلەمانی عێراق بەتوندی ئیدانەی دەستدریژی کردنە سەر ئەو ژنە خاوەن پێداویستیە تایبەتەی کرد کە پۆلیسێک و چەند چەکدارێکی سەر بە حەشدی تورکمانی لە شارۆچکەی پردێ لە پارێزگای کەرکوک ئەنجامیاندابوو و ڤیدیۆی دەستدرێژیەکەیان بڵاوکردبووەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق رایگەیاند، لە ئەنجامی پشکنینی تیمە پزیشکیەکانیان بۆ چاودێریکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق دەرکەوتوە 47 حاڵەتی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە، ئەمەش وا دەکات کۆی گشتیی ژمارەی توشبوانی کۆرۆنا لە عێراق بگاتە 1279 کەس.[1]
- تارا رەسوڵ خانمە هونەرمەندی کورد، لە وڵاتی سوید، هاوکاری بەساڵاچوان دەکات، بەم هۆیەوە وەزیری دەرەوەی سوید بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەدەکات و سوپاسی ئەو هەڵوێستە مرۆڤانەیەی دەکات.[2]
- نزیکەی 300 خوێندکاری هەرێمی کوردستان لە تورکیا گیریان خواردووە و بەهۆی گرتنەبەری رێکارەکان دژی کۆرۆنا ناتوانن بگەڕێنەوە. هاوکات بەشە ناوخۆییەکانیشیان داخراون و بەشێکیان کێشەی شوێنی مانەوەیان هەیە، خێزانەکانیشیان ناتوانن پارەیان بۆ بنێرن و هاوکارییان بکەن. خوێندکارەکان داوا لە حکومەت دەکەن هاوکاریان بن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە.[2]
- بە پێی ئاماری بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا، لەو وڵاتە لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 95 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. بەم پێیەش ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە لە تورکیا گەیشتووەتە 1101 کەس. هاوکات بە پێی ئامارە فەرمیەکان ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە 52 هەزار و 167 کەس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: SE سوید
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-11
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 104

**2020-04-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380813




باکووری کوردستان
- ناوەندی گشتیی کۆمەڵەی یاساناسان بۆ ئازادی سەرنجی خستە سەر ناردنەوەی تەرمی گریلای هەپەگە عەگید ئیپەک بە رێگای پۆستەوە و رایگەیاند: ئێمە لە دژی ئەو کردارە لە ناوەندی نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان سکاڵا تۆمار دەکەین.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- خەبات دێهدار، چالاکی کرێکاری و زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی سنە ئازاد کرا.[5]
- لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان رۆژهەڵات و باکوری کوردستان لە ناوچەی سنووری چاڵدێران، هێزە ئەمنییەکانی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر گروپیک لە کۆڵبەران. بەپێی هەواڵێکی کۆڵبەرنیوز، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کۆڵبەرێک بەناوی مەجید بەرایی خەڵکی گوندی شێخ سلۆ بریندار بووە و گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی شاری ماکۆ لە پارێزگای ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوک بەیانی ئەمڕۆ رایگەیاند، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کەسێکی بەتەمەن گیانی لەدەستدا.[2]
- بەڕێوەبەری گشتیی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی رایگەیاند، پێشنیازێکیان داوەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەم دۆخەدا مافی کرێکارەکان لەلایەن خاوەن کارەکانەوە پێشێل نەکرێت و لەبەرامبەردا رەچاوی دۆخی خاوەنکارەکانیش بکات و دەشڵێت، هەر خاوەن کارێک کرێی کرێکارەکانی نەدات سزادەدرێت.[1]
- تەندروستی هەولێر رایگەیاند: 11 توشبووی تری کۆرۆنا لە هەولێر چاکبونەتەوەو کۆی گشتی چاکبوەکانیش گەیشتوەتە 52 کەس.[2]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد لە رووداوەکەی شارۆچکەی پردێ لە رۆژئاوای کەرکوک. لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان دەرکەوتووە جگە لەو دوو کەسەی دەستدرێژی سێکسیان کردووەتە سەر ئافرەتێکی کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت دەرکەوتووە کە چەند کەسێکی دیکەش لە پشت رووداوەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکان لیژنەکان دەسەڵاتی تەواویان پێدراوەو چەند ئەفسەرێکی پۆلیسی کەرکوک بەکەمتەرخی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە لەسەر ئەو رووداوە.[3]
- کۆمپانیای پایۆنێر دەرمانە نوێیەکەی بۆ چارەسەری کۆرۆنا پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی دەکات.[2]
- لە پارێزگای هەولێر قەدەغەی هاتووچۆ تا چوار رۆژی دیکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و وادەی داخستنی 13 گەڕەکی نێو شارەکەش کۆتاییهات.[3]
- شەوی رابردوو لە گوندی قنگربان لە رۆژئاوای شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، دوو شوانی گەنج بەناوەکانی 'قەحتان عەدنان و قەندیل ئیبراهیم' کوژران.[4]
- جەعفەر شێخ مستەفا، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە رابردوودا داعش گورزێکی کوشندەی بەرکەوتووە بۆیە هیچ جموجۆڵیان نەبووە، بەڵام ئیستا بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و کێشە نێوخۆییەکانی عێراق و بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە گوشاریان لەسەر نەماوە و زۆر بەهێزبوونەتەوە، بەجۆرێک بەس شارەکانیان کۆنترۆڵنەکردووە، ئەگینا لە حەمرینەوە تاوەکو سنووری سووریا ناوچەیان لە بەردەستە و بنکە و بارەگایان هەیە و تەنانەت مەشقیش دەکەن.[1]
- گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی رایگەیاند، دوای رەمەزان مەشق و راهێنان بە پێشمەرگە دەست پێدەکەینەوە کە ناتۆ سەرپەرشتیی دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش ناتۆ، هاوپەیمانان و پێشمەرگە لە گفتوگۆدان.[1]
- دوای چەندین هێرش و پەلاماری چەتەکان بۆسەر پێشمەرگە لە سنووری گەرمیان، وەزیری پێشمەرگە بڕیاریدا سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کوڵەجۆ زیاد بکرێن.[4]
- بەهۆی خەرج نەکردنی موچەکانیان بۆ ماوەی 72 رۆژ لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێمەوە، کۆمپانیای سەگرمە کە ئەرکی هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاکی ماڵانی سنووری گەرمیانی لە

ئەستۆیە، کارەکانی هەڵپەساردووە و کرێکارەکانی مانگرتنیان ڕاگەیاندووە.[4]
- ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر، گەورەترین کارگەی درووستکردنی ماسک و کەلوپەلی پزیشکی لە شاری هەولێر کرایەوە.[3]
- نزیکەی 180 سەربازی کورد لە ریزی هێزەکانی عێراق ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە و بەهیوای هاتنەوە بۆماڵ، هاتوونەتە خاڵی پشکنینی بازارگەی مەخموور، بەڵام لەبەر قەدەغەی هاتووچۆ، رێگەی هاتنە ناو هەرێمی کوردستانیان لێ گیراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دادی عێراق لە ڕاگەیێندراوێکدا ئەو هەواڵەی رەتکردەوە کە باس لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە یەکێک لە بەندیخانەکانی پارێزگای سلێمانی دەکات.[1]
- بەرپرسانی تورکیا دەڵێن، تەنها لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 4 هەزار و 789 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 97 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. بەم پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی بە هۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە، گەیشتووەتە 1198 کەس. هاوکات بەرپرسانی تورک دەڵێن، لە تورکیا ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 56 هەزار و 956 کەس.[6]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی حکومەتی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا توشبوونی 34 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق ڕاگەیاند و دەشڵێت، کە ژمارەی توشبووانی کۆرۆنا لە عێراق گەیشتوەتە هەزارو 352 توشبوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-12
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-12
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-12
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-12
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-12
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-12

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 105

**2020-04-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380814



باکووری کوردستان
- دادگای دەوڵەتی تورک بڕیاریدا سیاسەتمەدارانی کورد گوڵتان کشاناک و سەباحەت تونجەل بە دیلکراوی لە زینداندا بمێننەوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی ڕاپۆرتەکان، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا چوار بەندکراوی زیندانی ورمێ دوای گواستنەوەیان بۆ یەکێک لە ناوەندە پزیشکییەکانی ئەو شارە، گیانیان لە دەست دا و بەم پێیە ڕێژەی ئەو بەندکراوانەی کە لەو زیندانە بە هۆی تووشبوون بە کرۆناوە گیانیان لەدەست داوە، گەیشتووەتە 7 کەس.[5]
- نەخۆشخانەی فارابی لە پارێزگای کرماشان، گیانلەدەستدانی یەکەمین پزیشکی بەهۆی نەخۆشی کۆرۆناوە ڕاگەیاند. نەخۆشخانەی فارابی لەوبارەیەوە بڵاویکردوەتەوە: پزیشکی گشتی مهردادی نەورۆزی، کە چەندین ساڵە پارێزگاکە خزمەت دەکات، ئەمڕۆ دوو شەممە بەهۆی تووشبوون بەنەخۆشی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا.[2]
- محەممەد جەباری، داواکاری گشتیی پارێزگای سنە بە ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی ڕاگەیاند، مستەفا سەلیمی کە سەردەستەی هەڵاتنی بەندکراوان بووە لە گرتووخانەی سەقز و بەیانی ڕۆژی شەممە لەسێدارەدراوە، لە گوندی سەبەدلووی سەر بە بانە دەستبەسەرکراوەتەوە. ئەو گوندە دەکەوێتە نێوان سەقز و بانە. هەروەها حوسێن خۆش ئیقباڵ، جێگری پارێزگاری سنە بۆ کاروباری ئەمنی بە فارس نیوزی ڕاگەیاندووە دەستبەسەرکردنەوەی ئەو بەندکراوە لە هەرێمی کوردستان ڕاست نییە و بە هاوکاری خەڵک لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان لە گوندی سەبەدلوو دەستبەسەرکراوە.[1]
- مەئموورانی شارەداریی لە شاری سنە لە دەورووبەری دۆخانیات هێرشیان کردە سەر دەستفرۆشان و ئەوانیان دایە بەر لێدان و سووکایەتی پێکردن. بە پێی ڕاپۆرتەکان، مەئموورانی شارەداریی سنە بە بیانووی "گرتنی ڕێگاکان" هێرشیان کردووەتە سەر دەستفرۆشان و لە ئەنجامی ئەم هێرشە دەستفرۆشان لەگەڵ مەئموورانی شارەداریی تێکهەڵچوون. شایانی باسە، خەڵک و لاوان بەهانای دەستفرۆشانەوە چوون و لەگەڵ مەئموورانی شارەداریی تێکهەڵچوون.[5]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەڵەبجە ڕایگەیاند، حەوت تووشبووی دیکەی کۆرۆنا ئەمڕۆ نەخۆشخانە بەجێدەهێڵن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان، بەوەش تەنیا 12 تووشبووی کۆرۆنا لە پارێزگای هەڵەبجەدا دەمێنێت.[1]
- وەزیری تەندروستی ئاشکرای کرد، لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا هیچ حاڵەتێکی تووشبوو بە

کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، کە پیاوێکی تەمەن 65 ساڵە دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخانە و بەرکەوتەی تووشبووی پێشووە.[8]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی کەسێکی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی ڕاگەیاند، کە پیاوێکی تەمەن 65 ساڵانە.[8]
- دلۆڤان محەمەد فاتح جەلال، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هەولێر ڕایگەیاند، 22 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە هەولێر چاکبوونەوە.[3]
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی ڕایگەیاند، پێنج تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و ڕەوانەی ماڵەوە کراون، بەوەش تاوەکو ئێستا 100 تووشبووی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبوونەتەوە.[1]
- تاقیگەیەکی تایبەت بە کۆرۆنا لە شاری هەڵەبجە کرایەوە و چیتر نمونەی پشکنیبنەکان ڕەوانەی سلێمانی ناکەن.[7]
- یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان زیانی کەرتی تایبەتی لەم دۆخەی هەرێمی کوردستاندا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئاشکراکرد کە ملیارێک دۆلارە و هۆشداریی دا ئەگەر دۆخەکە درێژە بکێشێت، ناتوانن کرێی مانگی چوار بدەنە کرێکارەکان.[1]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.5 پلە بە پێوەری ریختەر و لە دووری 29 کم لە شارۆچکەی کۆیە و 41 کم لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ڕوویدا.[2]
- سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ، بەهۆی ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆوە، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشنیازێکی داوەتە حکومەت بۆئەوەی کاربکات بۆ دەرکردنی لێخۆشبوون لە کرێی کەرتی تایبەت و حکومی.[1]
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەئەنجامی تەقینەوەیەکدا لە ناو خانوویەک لە گوندی (عوزێری کۆن)ی سەر بە شارەدێی گرعوزیر لە باشووری شنگاڵ، دوو کەس بە ناوەکانی (خالد حەسون خدر مچو، و حەیدر نایف خدر مچو) گیانیان لە دەستدا و 4 کەسی دیکەش بە ناوەکانی (وەلید خودێدا حسێن، سەعەد خەیری حاجی، جندو عیدو سلێمان و فەرمان صەبری بندو) بریندارببوون.[3]
- دوای ئەوەی کاتژمێر 1ی دوای نێوەڕۆی ئەمڕۆ داعش 4 سەربازی هەواڵگری عێراقی ڕفاند لە نزیک غێدە لە سنوری شارۆچکەی داقوق لە باشوری پارێزگای کەرکوک، پاش ڕفاندنی ئەو سەربازانەی هەواڵگری عێراق هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد لەو ناوچەیە بۆ دۆزینەوە سەربازە ڕفێندراوەکان. کاتێک گەڕان و پشکنین بەدوای چارەنووسی ئەو سەربازانە گەیشتە گوندی سماقە سوفلا ڕووبەڕوبوونەوە لە نێوان هێزە عێراقیەکان و چەکدارانی داعش ڕوویدا.[6]-
- ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی شارۆچکەی ناوەندی هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا و بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، 40 شوێنی کار لە شارەکە داخراون.[1]
- لە ڤیدیۆییەکدا کە لە سۆشیاڵمیدیا بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێت کەسێک لە فولکەی ئیسکان لە هەولێر دەکەوێت و ئەوەش لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا و بە تووشبووی کۆرۆنا ناویان دەبرد، بەڵام بەڕێوەبەری کردە پزیشکییەکان لە تەندروستیی هەولێر ڕایگەیاند، ئەو کەسە نەخۆش نەبووە و سەرخۆش بووە.[1]
- بەهۆی شەڕە تەقە لەنێوان دوو بنەماڵە لە سنوری پارێزگای دهۆک، ژنێکی بەتەمەن دڵی لە لێدان کەوت و گیانیلەدەستدا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار (ئانها) چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک هاوڵاتیەکیان بە ناوی ساڵح شبلی خەڵکی گوندی هوێجای باشووری ڕۆژهەڵاتی گرێ سپییان بە بیانۆی پەیوەندی لەگەڵ قەسەدە شەهید کرد. ڕاگەیەنرا کە چەتەکان ساڵح شبلیان بەرلە چەند ڕۆژ ڕفاندووە و دوای ئەشکەنجەیەکی قورس دوو ڕۆژ لەمەوبەر شەهیدیان کردووە. چەتەکان زوڵمێکی زۆریان لە خانەوادەی شبلی کردووە و ژمارەیەک ئەندامی خێزانەکەیان دەستگیرکردووە و

ناچاریان کردوون لە گوندەکەیان کۆچ بکەن و ماڵەکانیان رووخاندووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەڕێوەبەری کاروباری رەوەندی کوردی لە نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا ڕایگەیاند؛ لەنێو ئەو کەسانەی لە ئەمریکا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون حەوت کورد هەن، ژمارەکەش لە گۆڕاندایە.[1]
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان - لە ژنێڤ، لە نامەیەکدا بۆ کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێپۆرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران و یونامی لە عێراق، سەرەڕای مەحکوومکردنی رادەستکردنەوە و لە سێدارەدانی مستەفا سەلیمی، خوازیاری لێکۆڵینەوەی جیددی تەسلیمکردنی ناوبراو لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران، بوو.[4]
- دوای کۆتایی هاتنی وادەی قەدەغەی هاتووچۆ کە دوو رۆژ بوو، تورکیا قەدەغەی هاتووچۆی درێژ نەکردەوە.[3]
- سوپای نیشتمانی لیبیا ڕایگەیاند: لە ئەنجامی شەڕ لە ناوچەکانی سدادا و ئەبو قەرین، 83 چەتەی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کوژراون.[7]
- وەزیری دادی تورکیا ڕایگەیاند، لە پێنج گرتووخانەی کراوەدا پشکنینیان بۆ زیندانییەکان کردووە و دەرکەوتووە پشکنینی کۆرۆنای 17 زیندانی پۆزەتیڤن، لەو ژمارەیەش سێ زیندانی گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە 24 کاتژمێری رابردوودا، لە تورکیا 4 هەزار و 93 تووشبووی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکران و 98 کەسیش گیانیانلەدەستداوە، کۆی گشتی ژمارەی توشبووانیش لە وڵاتە 61 هەزار کەسی تێپەڕاند.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | دەربەندیخان |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: سویسرا
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: لیبیا
🗺 وڵات: ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 13-04-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 13-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 13-04-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-04-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 13-04-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 13-04-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 13-04-2020
[8] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 106

**2020-04-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380815




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەعید سەنگەر، لە کۆتایی دووهەمین دەیەی زیندانی بوونی دا، لە پەروەندەیەکی دیکەدا بە 15 ساڵ زیندان مەحکووم کرا. سەعید سەنگەر بەندکراوی سیاسی لە زیندانی ورمێ، بەهۆی کرانەوەی پەروەندەیەکی دیکەی بە تۆمەتی "ئەندام بوون لە جەمعیەتی دوژمنانی وڵات"، لە لایەن دادگای ڕژیمەوە لە ورمێ بە 15 ساڵ زیندانی دیکە مەحکووم کرا.[5]
- هێمن مام قادر"، بەندکراوی سیاسی خەڵکی شاری بۆکان پاش تێپەڕاندنی ماوەی سێ ساڵ لە حوکمی 5 ساڵ بەندکرانەکەی، بەر لێبوردنی نەورۆزی کەوتووە و لە زیندانی بۆکان ئازاد کرا.[5]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پایگای 106ی سنووری شاری سەردەشت، دەستیان بە سەر 50 سەر مەڕ و ماڵاتی هاووڵاتییەکی کورددا گرت.[7]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو دوو فڕۆکەی جەنگیی تورکیا دوای نزیکەی 20 خولەک سووڕانەوە بە ئاسمانی بناری

قەندیل، زینی وەرتێ و باڵەکایەتی، ئەو ناوچانەیان بۆردوومانکرد.[6]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یەک تووشبووی نوێ ی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 22 ساڵە و دانیشتووی شاری سلێمانیە.[3]
- بەهۆی ڕێگیرییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ساڵیادی 32مینی ئەنفال بەئاسایی بەڕێوەنەچوو، لایەنەکان تەنها بە چەند راگەیەندراوێکی دووبارەی وەک ساڵانی پێشوو یادی ئەم بۆنەیەیان کردەوە.[3]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی لە شارۆچکەی چەمچەماڵ رایگەیاند، پێویستە حکومەتی هەرێم کاری زیاتر بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئە و تاوانە بکات و حکومەتی عێراقیش بودجەیەکی تایبەت بە و ناوچانە دابین بکات کە کارەساتی هاوشێوەی ئەنفالی تێدا ئەنجامدراوە.[4]
- دوو شەرڤانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال-یەبەشە، کە لەئەنجامی تەقینەوەی مینێکدا گیانایانلەدەستدابوو ئەمرۆ بەخاک سپێردران.[2]
- فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی لەشکری رۆژ رەتیدەکاتەوە ئەو کەسەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی لیبیا دەستگیرکراوە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەبێت و رایدەگەیەنێت، هەندێک ماڵپەڕی سەر بە پەکەکە ئەو هەواڵەیان بۆ لێدان لە پێشمەرگەی رۆژ دروستکردووە.[1]
سەرکۆ ئازاد گەلالی، پەرلەمانتاری یەکێتی داوا لە پەرلەمان دەکرێت 'پێشمەرگەی رۆژ' هەڵبووەشێنێتەوە و حکومەتیش روونکردنەوە بدات لەسەر دەستگیرکردنی پێشمەرگەی رۆژ لە لیبیا.[2]
- رێکخراوی مرۆیی مام هاوکاری گەیاندە دووسەد ماڵی شارەدێی پیرەمەگرون.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کاتژمێر 8:20 خولەکی ئەمشەو بە کاتی هەولێر، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.3 پلەی رێکختەر و بە قوڵایی 10 کم و لە دووری 14 کم لە شاری کۆیە رویداوە. بەپێی زانیاریەکان دانیشتوانی شارەکە هەستیان پێکردوە بەڵام هیچ زیانێکی نەبووە.[4]
- بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان، ماوەی سێ رۆژە کرێکارانی پاککەرەوە لە گەرمیان نەچوونەتەوە سەر کارەکانیان و دەستیان لە هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاک هەڵگرتووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وتەبێژی هێزەکانی ژەنراڵ خەلیفە حەفتەر لە لیبیا رایگەیاند، ئە و پێشمەرگەیەی وەک بەشێک لە سوپای تورکیا لە لیبیا دەستگیرکرا، پێشمەرگەی هێزی رۆژە و چەندین جار دژی هێزە کوردییەکانی وەک پارتی کرێکارانی کوردستان و یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژن شەڕی کردوە. بەگوێرەی میدیاکانی لیبیا ئە و پێشمەرگەیە ناوی شاکیر فەرمان بونجق-ە و لە دایکبووی ساڵی 1985ی شاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستانە.[4]
- دەسەڵاتدارانی تەندروستی ئێران رایانگەیاند، ئاماری گیان لەدەستدان بەهۆی کۆرۆنا لە وڵاتەکەیان بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە و ئەمڕۆ لە دوایین ئاماردا بۆ یەکەم جار لە ماوەی مانگێکدا کەمتر لە 100 کەس بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە 24 کاتژمێری رابردوودا 4 هەزار و 62 کەس لەتورکیا توشی کۆرۆنا بوون، 107 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیانلەدەستداوە، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی توشی کۆرۆنا بوون بەرزبووەتەوە بۆ 65 هەزار و 111 کەس و هەزار و 403 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیانلەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: لیبیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-14
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-04-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-16


کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 107

**2020-04-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380816



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەردین ڕەزاعی سەرۆکی زانکۆی پزیشکی پارێزگای سنە ڕایگەیاند: تا ئێستا هەزار و 769 پشکنین بۆ هاووڵاتیانی ئە و پارێزگایە کراوە کە 856 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 840 کەسیش وەڵامی پشکنینەکانیان بە نێگەتیف دەرچووە. ڕاشیگەیاندووە کە زۆرترین تووشبوان لە شارۆچکەی سەقز بووە کە 241 کەسە. ڕەزاعی ئاماژەی بەوەشکردووە کە لەپارێزگای سنە تا ئێستا 96 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[4]
- کرێکارانی شارەداریی مەریوان بۆ جارێکی دیکە لە ناڕەزایەتیی بە پەرداخت نەکرانی بڕی 3 مانگ لەحەقدەستەکانیان، جێژنانە و هەروەها مەزایاکانیان، دەستیاندایە کۆبوونەوە. ئەم کرێکارانە کە لەڕۆژی دووشەممەوە دەستیانداوەتە کۆبوونەوە دەڵێن: لە مانگی بەفرانباری پارەکەوە هەتا ئێستا حەقدەستەکانیان پەرداخت نەکراوە و لەم پێوەندەدا، جێژنانە و مەزایاکانیشیان دواخراوە. کرێکارانی شارەداریی مەریوان کە لەم بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا هەروا درێژەی بە کارەکانیان دەدەن دەڵێن: هەتا ئێستا حەقی بیمەکانیان بە سازمانی تەئیمنی ئیجتماعی پەرداخت نەکراوە و ئەمەش کێشەوگرفتێکی زۆری بۆیان پێکهێناوە.[6]
- جێگری کاروباری تەندروستیی زانکۆی پزیشکیی پارێزگای سنە، باسی لە تووشبوونی 7 منداڵی ژێر تەمەن 5 ساڵان کرد کە تووشی نەخۆشیی کۆرۆنا بوون. بە وتەی ئەم بەرپرسەی ڕژیم، تاقیکاری کۆرۆنا بۆ ئەو 7 منداڵە کە تووشی وێرووسی کۆرۆنا بوون ئەرێنی بووە و ئەو منداڵانە لە ناوەندی دەرمانیی شاری سنە لە ژێر چاوەدێریی پزیشکی دان. بە وتەی ناوبراو، 3 کەس لەو 7 کەسە، تەمەنیان لە ژێر 1 مانگ دایە. شایانی باسە سەرەڕای تووشبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان لە شارەکانی کوردستان و ئێران، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەت هەتا ئێستا ئامارێکی وردیان سەبارەت بە ڕێژەی تووشبووان و گیان لەدەستداوان بڵاو نەکردووەتەوە.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی هیوا قوربانی ئەقدەم کوڕی ڕەحیم خەڵکی گوندی قەرەگۆل بە دانانی بارمتەی قورس هەتا کاتی تەواوبوونی قۆناغی دادگاییەکەی بە شێوەی کاتی لە زیندان ئازاد کرا.[5]
- بەپێی ئەو دیمەنانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەتەوە، بەیانی ئەمڕۆ سوپای پاسدارانی ئێران بە پشتیوانیی هێلیکۆپتەر خانووی خەڵکی لە گەڕەکی فەلەکەدینی شاری خوڕمئاوای ناوەندی پارێزگای لوڕستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووخاندووە. هەر بەپێی ئەو دیمەنانە، هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بە شوفڵ خەریکی ڕووخاندنی ماڵێکن کە خەڵکی تێدایە و ئەندامانی ئەو خانەوادەیە بۆ پاراستنی ماڵەکەیان چوونەتە سەر ماڵەکە و شوفڵەکە بەبێ گوێدان لە هاواری خەڵک خانووەکە دەڕووخێنێت. سەرچاوە هەرێمییەکان باس لەوە دەکەن کە خەڵکی ئەو گەڕەکە ڕووبەڕووی هێزەکانی سوپای پاسداران بوونەتەوە، بەڵام سوپای پاسداران بە هێنانی هێلیکۆپتەر هەوڵدەدات خەڵک لەو شوێنە دوور بخاتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- دیسانەوە فڕۆکەکانی داگیرکەری تورک زنجی وەرتێیان بۆردوومانکردەوە. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بۆردوومانەکان زۆر نزیکی خاڵەکانی هێزەکانی پارتی و یەکێتی بوون لە ناوچەکە. هەندێک سەرچاوەی تریش باس لە شەهیدبوونی 5 گەریلای پەکەکە دەکەن و چوار پێشمەرگەی لیوای 7یش کە نزیکی بارەگاکەی پەکەکە بوون بە سووکی برینداربوون. هەروەها چیای هەڵەمووندیش لە سنووری شارۆچکەی ڕواندز کەوتە بەر بۆردوومانەکە.[1]
- تورکیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە مەخموور و نزیک زنجیرە چیای قەرەچووخ بۆردومان دەکات.[1]
- لە هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە جەنگییەکانی دوڵەتی تورکدا بۆ سەر کامپی مەخمور، سێ ژن شەهیدبوون و ناسنامەیان ئاشکرا کرا. ناسنامەی شەهیدەکان بەمشێوەیە: هاڤا ئاکدۆگان لە دایکبووی 1988، عەزیمە ئاکدۆگان لەدایکبووی 1987 و عائیشە ئەحمەد فەرحان لە دایکبووی 2003. وێڕای مەترسییەکانی کۆرۆنا، هاوڵاتیانی کامپەکە بۆناشتنی تەرمی شەهیدەکان لەبەردەم نەخۆشخانە گردبوونەوە، دوای وەرگرتنەوەی تەرمەکان بە مەراسیمی جەماوەری هەرسێ شەهیدەکە بەخاکسپێردارن.[7]

- بەهۆی بۆردوومانەکانی سوپای تورک و کۆکردنەوەی هێزەکانی پەکەکە، یەکێتی و پارتی لە زینی وەرتێ، بارودۆخی باشووری کوردستان تێکچووە و لایەنەکان یەکتری تاوانبارده‌کەن.[1]
- زویێر عوسمان لێپرسراوی مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی رایدەگەیەنێت: بەهۆی بۆردومانەکەی شەوی رابردووی تورکیاوە بۆ زینی وەرتێ چوار پێشمەرگە بریندار بوون، دەشڵێت: ئەوەی پێشتر لەبارەی هاتنی هێز بۆ ناوچەکە هۆشداریمان دەدات رویداوە و ئەگەر دۆخەکەش چارەسەر نەکرێت ئەوا چاوەڕوانی خراپتریشی لێدەکرێت.[4]
- بزووتنەوەی گۆڕان داوادەکات بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی بەپەلەی سێقۆڵی لەنێوان هەرسێ لایەنی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.[2]
- وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، ناردنی فەوجێکی لیوای 7ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ (زینوێی وەرتێ) رێککارێکی کاتی بووە، لەسەر داوای لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا، پاڵپشت بە بریار و رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بووە.[3]
- بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان، تائێستا 332 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیە 198 کەسیان چاکبوونەتەوە، چوار کەسیش گیانی لەدەستداوە، لەماوەی 24 کاژێری رابردووشدا تەنیا یەک کەس تووشی کۆرۆنا بووە.[2]
- شەش تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چەمچەماڵ دوای چاکبوونەوەیان گەڕانەوە ماڵەوە، ئێستا تەنها چوار کەس تووشبووی چەمچەماڵ لە نەخۆشخانە ماونەتەوە.[3]
- لەدرێژەی چالاکییەکانی تیمە پزیشکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە، شارەدێی دێگەڵە سەر بە شارۆچکەی کۆیە پشکنینی کۆرۆنایان بۆ کراوە و سەرجەم پشکنینەکانیش نێگەتیف دەرچوون.[4]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، دوو تووشبووی نوێ ی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لەلایەن تاقیگەی تەندروستی گشتی هەڵەبجە لە پارێزگای هەڵەبجە دەستنیشانکران، دوو کچی تەمەن (14) و (18) ساڵ، بەرکەوتەی تووشبووی پێشوون کە دایکیانە و دانیشتووی شاری هەڵەبجەن. ژمارەی تووشبووان لە پارێزگا هەڵەبجە گەیشتە 22 تووشبوو کە 8 تووشبوو چاکبووینەوە و گەڕاینەوە ماڵەوە.[1]
- کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند هەر ئێرانییەک کە لە هەرێمی کوردستانە و ئارەزووی گەڕانەوەی هەیە دەتوانێت لەرێگەی فەرمانگەی پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.[2]
- گوتەبێژی حکومەتی هەریمی کوردستان رایگەیاند، لەسەر راسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان 157 هاونیشتمانی لە ئوردنەوە گەڕێندرانەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ چوارشەممە سۆر رۆژی جەژنی ئێزدییەکان، کە رۆژی ئاهەنگ و جەژنە، ژنێکی تەمەن 27 ساڵی ئێزدی بە ناوی بەسمە ئەکینجی لەلایەن هاوسەرە تەمەن 55 ساڵەکەیەوە لە شاری هیلدسهیمی ئەڵمانیا کوژرا.[7]
- ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهاندا، 2 ملیۆن کەسی تێپەڕاند.[1]
- لیوا ئەحمەد مسماری، گوتەبێژی سوپای نیشتمانی لیبیا راگەیاندراوێک لەبارەی دەستگیرکردنی چەکدارێک لە لیبیا رەتدەکاتەوە کە سەر بە لەشکری رۆژ بێت. مسماری لە پێگەی فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وێنەی ئەو نووسراوەی بڵاوکردەوە و لەسەری نووسیوە کە ئەو نووسراوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوان نییە، نووسراوەکە دروستکراوە و بە هیچ شێوەیەک بەیانی لە و جۆرە لەلایەن فەرماندەیی گشتییەوە دەرنەچووە.[3]
- سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق سەرکۆنەی هێرشە ئاسمانییەکانی فڕۆکەکانی تورکیا لە هەندێک ناوچەی باشووری کوردستان دەکات و دەڵێ بۆردوومانەکان بوونەتە هۆی دروستبوونی ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دانیشتووان.[2]
- پەرلەمانتار کاوە محەمەد، داوا لە سەرۆک کۆمار و حکومەتی عێراق دەکات، کە هەنگاوی

بەپەلە بۆ ڕاگرتنی پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورک بنێن و تەواوی هێزەکانی ئەو وڵاتە لەسەر خاکی عێراق دەربکەن.[7]
- جێگیر یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، هێرشەکەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کامپی مەخمور شەرمەزار دەکات، کە بووە هۆی شەهیدبوونی سێ ژنی گەنج. حەسەن کەعبی هێرشەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکی شەرمەزار کرد و داوای لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق کرد، لەبەرامبەر ئەو هێرشە ناڕەوایەی تورکیا ڕێوشوێنی جدی بگرنە بەر بۆ پاراستنی سەروەی خاکی عێراق.[7]
- لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق رایگەیاند، حکومەتی عێراق قەدەغەی هاتووچۆی تاوەکو دەستپێکی مانگی رەمەزان درێژکردەوە.[1]
- عەبدولکەریم خەلەف، گوتەبێژی سەربازیی عادل عەبدولمەهدی، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق گوتی، پێشێلکردنی ئاسمانی عێراق لەلایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیاوە بە کارێکی دووژمنکارانە و تاکڕەوانە هەژمار دەکرێت و بەرپرسیاریەتی ئەنجامەکانیشی لەئەستۆی ئەنقەرەیە. عەبدولکەریم خەلەف داوا لە تورکا دەکات ئەگەر کێشەی ئەمنی هەیە ئەوە دەوڵەتی عێراق هەیە و پێویستە رێککەوتن لە نێوان هەردوو وڵات بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانی سنوور هەبێت.[2]
- لە 24 کاتژمێری ڕابردوو لە ئەنجامی ئەو پشکنینانەی ئەنجامدراون، تووشبوونی هەزار و 512 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کراوەتەوە و تا ئێستا ئاماری تووشبووان لە سەرتاسەری ئێران گەیشتووەتە 76 هەزار و 389 کەس، ئاماژەشی بەوەداوە کە سێ هەزار و 643 تووشبووش لەژێر چاودێری چڕدان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رواندز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ لوڕستان |
| 🗺 وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |

🗺 وڵات: TR تورکیا

🗺 وڵات: IR ئێران

🗺 وڵات: IQ ئێراق

🗺 وڵات: JO ئوردون

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-04-2020

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 15-04-2020

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 15-04-2020

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 15-04-2020

[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 15-04-2020

[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-04-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 108

**2020-04-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380817




باکووری کوردستان

- دەوڵەتی تورک بە پاساوی قەدەغەی هاتوچۆی کۆرۆنا لە سزادانی هاووڵاتیاندا جیاکاری دەکات و بەرزترین ڕێژەی سزای پارەی بۆ هاووڵاتیان وان داناوە و لە 2 ڕۆژدا 726 هاوڵاتیی لە وان بە بڕی 2 ملیۆن و 229 هەزار لیرە سزا داوە.[3]

- ئێران ئەندامێکی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە ڕادەستی تورکیا دەکات، کە لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ئەو وڵاتە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئازادکرابوو، لە تورکیاش ڕەوانەی بەندیخانە کرا. بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی وان لە باکووری کوردستان ڕایگەیاند، ئەو ئەندامەی پەکەکە ناوی ف. دە و ناسراوە بە دڵگەش. دوای ئەوەی بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە ئێران، لە بەندیخانە ئازادکرا، لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە لە سنووری پارێزگای جۆلەمێرگ ڕادەستی هێزەکانی تورکیا کراوەتەوە. بە گوتەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی وان ئەو گەریلایەی پەکەکە پێشتر لە شەڕ و پێکدادانێکدا لە سنوورەکانی ئێران دەستگیرکرابوو.[5]

- ئایشە ئاجار باشاران وتەبێژی ئەنجومەنی ژنانی هەدەپە لە ناوەندی گشتی بارەگای هەدەپە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد و تیشکی خستە سەر بەردەوامی سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورک لە بەرامبەر گەلی کورد. باشاران لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی، لەم کاتەدا کە هەموو جیهان خەریکی ڕووبەڕووبوونەوە و تێکۆشانە لە بەرامبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام دەسەڵاتەکەی ئاکەپە و مەهەپە بەردەوامە لە سیاسەتە دوژمنکارانەی لە دژی گەلی کورد.[3]

- هێزەکانی سپای پاسداران بە چەکی قورس و نیوەسووک لە گوندی ریکاوێ سەر بە شاری شنۆ جێگیر کران. ئەو هێزانەی سپای پاسداران لەوەرگەکانی حەسەن نووران و چەشمەگۆلیان کردووەتە مەیدانی مانۆڕ. سپای پاسداران هۆشدارایان بە دانیشتوانی گوندەکانی ڕیکاوێ، حەسەن نووران و چەشمەگۆل داوە کە لە هێزەکانی سپا نزیک نەبنەوە. ئەو هێزانەی سپای پاسداران لەوەرگەکانی ئەو دوو گوندەیان کردووەتە مەیدانی مانۆڕ.[7]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی کاوە مورادی دوای ڕاگەیاندنی لێبووردنی نوێی دەزگای دادوەری و تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پاش دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانی لە زیندانی کرماشان، ئازاد کرا.[7]

باشووری کوردستان

- لە بەردەوامی پشکنینەکان یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، کە پیاوێکی تەمەن 28 ساڵە و دانیشتووی شارۆچکەی دەربەندیخانە بەرکەوتووی تووشبووی پێشووە. دوو کەسی دیکە لە هەڵەبجە تووشی کۆرۆنا بوون، کە دوو کچی تەمەن (14) و (18) ساڵن لە هەڵەبجە و ئەوانیش بەرکەوتەی تووشبووی پێشوون کە دایکیانە و دانیشتووی شاری هەڵەبجەن.[4]

- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، دوو تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران.[4]

- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان داوا دەکات قەدەخەی هاتووچۆ تاوەکو یەکی ئایار درێژ بکرێتەوە و دەڵێت، نابێت کارێک بکەین هەموو هەوڵەکانمان بە فیڕۆبچێت، بۆ لەمەودواش کارەکانی بنکە تەندروستیەکان و پێکوتەی منداڵان دەستپێدەکاتەوە.[5]

- لە هەڵەبجە توشبویەکی تری کۆرۆنا چاکبویەوە و لە ئێستاشدا تەنها 13 توشبوو لەنەخۆشخانەن و تەندروستی سەرجەمیان جێگیرە و ئەنجامی پشکنینی بەشێکیان نێگەتیڤ بووە و بەرەو چاکبونەتەوە دەچن.[1]

- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ماوەی یەک هەفتەی دیکە دەرێژبکرێتەوە و تاوەکو 23-04-2020 هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و پیادە قەدەغە دەبێت.[4]

- هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی داوای هەماهەنگی و هاتنەسەرخەت لەحکومەتی هەرێم دەکات و دەڵێت، نە ئەو پارەیەی حکومەت لە دەوڵەمەندەکانی کۆکردۆتەوە گەیشتووە بە ئێمە، نە ئەو پارەیەی لە عێراقەوە هاتووە دراوە بە ئێمە، نە ئەو پارەیەی لە (WHO)ەوە هاتووە بۆ هەرێم دراوە بە ئێمە، نە ئەو پارەیەشی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە هاتووە دراوە بە ئێمە، نە ئەو بڕیارەش جێبەجێکراوە کە ماڵە کەمدەرامەتەکان هاوکاری بکرێن.[1]

- بەشێک لە کاسبکارانی پارێزگای سلێمانی لەبەردەم قائیمقامیەتی سلێمانی گردبوونەوە و داوایان لەحکومەت کرد بەدەم داواکارییەکانیانەوە بێت. کاسبکاران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پلانێکی بۆ کاسبکاران لەم کاتی قەیرانەدا نەبووە و بەشێکی زۆری کاسبکاران قەرزێکی زۆریان لایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ هەڵوێستە.[1]

- بەڕێوەبەری تەندروستی چەمچەماڵ ڕایدەگەیەنێت 900 پشکنینی تر کەلەلایەن تیمەکانی وەڵامدانەوەی خێرای بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی سلێمانی و مەڵبەندی خۆپاراستنی تەندروستی چەمچەماڵ ئەنجامدراون نێگەتیڤ بون و هیچ توشبویەک تۆمار نەکراوە.[1]

- لە ڕاگەیەندراوێکدا، 15 پەرلەمانتاری هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ بڵاویان کردەوە، داوا لە سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتیی دەکەکەن (کە بەرپرسیارن لە حکومڕانیی ئەم هەرێمە)، گرژیی و ئاڵۆزییە میدیایی و سیاسییەکانی نێوانیان هێوربکەنەوە و دەڵێن:ترسمان هەیە لەم دۆخە هەستیارەدا، کە گەلەکەمانی پێدا تێپەڕدەبێت و هێشتا هەڕەشەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوامن، ئەم گرژییانە ببنە هۆی دروستکردنی هەڕەشەی گەورەتر و مەترسیی زیاتر بۆ سەر ئارامیی هەرێمەکەمان.[2]

- نوێنەرایەتیی هەدەپە لە باشور داوا دەکات، کە گەلی کورد لەبەرامبەر بە هێرش و گەمەکانی

دەوڵەتی تورک دژ بە کوردان هەڵوێست نیشان بدەن و ئەو هێزانەشی چوونەتە زینی وەرتێ، بگەڕێنەوە شوێنی جارانیان و نەهێڵن مەرامەکانی داگیرکەر سەربگرێت.[2]
- خاوەن دووکانەکانی کەلار بۆ کردنەوەی دووکانەکانیان ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا، بەڵام هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەریان لەلایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەرنەگرت، بەوپێیەی بڕیاری ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و ڕێگەدان بە کردنەوەی بازاڕ لە دەستی ئەواندا نییە.[2]
- ڕێکخراوی سروشتی کوردستان ئاماژە بە کاریگەریی سیستمی سەرمایەداریی لە دروستکردنی کارەساتی ژینگەیی دەدات و هۆشدارییش دەدات، لە مەترسییداریی بۆردوومانەکانی تورکیا و ئێران بۆسەر ژینگەی باشوری کوردستان.[2]
- سەرەڕای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ وەک ڕۆژی ژینگە دیاریکراوە، بە گوێرەی ستانداردە جیهانییەکانیش پێویستە لە هەموو وڵاتێک ڕێژەی سەوزایی لە 20% بۆ30% کەمتر نەبێت، بەڵام بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە هەرێمی کوردستان، هێشتا گرفتی کەمی سەوزایی هەیە و ڕێژەی سەوزایی 12.4%ە.[2]
- شەوی ڕابردوو لیوایەکی هێزی زێرەڤانی بەچەکی قورس و جبەخانەوە ڕەوانەی ناوچەی زینی وەرتێ کراون.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک، دەستی بە ناردنی هێزی زیاتر بۆ باشوری کوردستان کردووە و ژمارەی سەربازەکانی لە هەموو بارەگاکانی زیاد دەکات.[2]
- گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، تەرمی دوو کەسیان دۆزیوەتەوە و ناسنامەیان دیار نییە. داوا لە هاونیشتمانیانیش دەکات ئەگەر کەسێکیان لێ ون بووە، سەردانیان بکەن بۆ ناسینەوەی تەرمەکان. [5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندێکی سەرێکانی، کە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی چەتەکان لە کاتی ئامادەکردنی بۆ تەقینەوە، بە چەتەکاندا تەقییەوە.[3]
- چەتەکانی دیفاع مەدەنی کە سەر بە هێزەکانی ڕژێمی سوریان، لە شەقامی سەلام لە ناوەندی شاری قامشلۆ بە بومبی دەستی هێرشیان کردە سەر خاڵێکی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. هێرشەکە هیچ قوربانیەکی لێنەکەوتووەتەوە، بەڵام زیانێکی زۆری مادی لێکەوتەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەحمەد مسماری، گوتەبێژی سوپای نیشتمانی لیبیا ڕەتیکردەوە کە ئە و کەسەی لەلایەن تورکیاوە ڕەوانەی لیبیا کراوە، نوێنەرایەتی کورد بکات. ئاشکراشی کرد کە ئە و کەسە تەنیا نوێنەرایەتی خۆی دەکات هەروەکو هەموو تیرۆرستێکی دیکە.[6]
- محەمەد عەلی حەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق بانگێشتی باڵیۆزی تورکیای کرد بۆ بەغداد، دەربارەی ئەو هێرشەی کە کرایە سەر کەمپی مەخموور و زیانی گیانی لێکەوتەوە.[3]
- عەمار حەکیم سەرۆکی تەیار حیکمە ئیدانەی هێرشەکانی سەر کەمپی مەخمووری کرد و داوای لە حکومەت کرد بەرپرسیارێتیی ئەو سنووربەزاندنە بگرێتە ئەستۆ.[3]
- عەبدولکەریم خەلەف وتەبێژی سوپای عێراق لەبارەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر مەخمور ڕایگەیاند، دەبێت ئەنقەرە ئامادە بێت باجی ئەو هێرشانە بێت.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنی فەتح لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند بڕیاری کۆکردنەوەی چەک لە دەستی دەوڵەت هێزەکانی پێشمەرگەش دەگرێتەوە. بەڵام ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت پێشمەرگە هێزێکی فەرمییە و وەک سوپای عێراق ئاسایشی هەرێمی کوردستان و عێراق دەپارێزێ.[5]
- بە پێی لێدوانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورک، لە تورکیا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 125 کەس گیانیان لەدەستداوە و 4 هەزار و 801 حاڵەتی نوێش تۆمارکراون.[3]
- باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا بە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی عێراقی ڕاگەیاندووە، کە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای وڵاتەکەی لە دژی ئامانجەکانی پەکەکە، لە پەراوێزی بڕیارنامەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەگەڵ مادده 51ی جاری

ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، مافی بەرگریکردن و پاراستنی ڕەوا بەکاردەهێنێت و لەم سۆنگەیەوە درێژە بە ئۆپەراسیۆنەکانیان دەدەن.[5]

- دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕایانگەیاند، لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تا ئێستا، ئەمڕۆ زۆرترین کەس بەهۆی ئە و ڤایرۆسەوە لە وڵاتەکەیان گیانیان لەدەستداوە. لەم بارەیەوە فەخرەدین قۆجە، وەزیری تەندروستی تورکیا ئاشکرای کرد، تەنیا لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 125 کەس بەهۆی کۆرۆنا لە وڵاتەکەیان گیانیان لەدەستداوە، بەمەش لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتاکەوە یەکەم جارە ئە و ژمارەیەی مردن بە ڤایرۆسەکە تۆمار بکرێت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: لیبیا

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: SY سووریا

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

وڵات: IR ئێران

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 16-04-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 16-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-04-2020
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 16-04-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 16-04-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 16-04-2020

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-03-01 7:49:43 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 109

**2020-04-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380818



باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بەچڕی دەوروبەری گوندەکانی شارەدێی چەمانکێ لە سنوری ئامێدی-یان بۆردوومان کرد.[4]
- کەجەکە، ڕایگەیاند: جێگربوونی پارتی لە وەرتێ بەواتای هێرشکردنە سەر قەندیل دێت، هیچ واتەیەکی دیکەی نییە، پارتی بەمشێوەیە خزمەت بە ئەجێنداکانی دەوڵەتی تورک دەکات و دەیەوێت پارتی و پەکەکە ڕووبەڕووی یەکبکاتەوە.[4]
- ژمارەیەک لایەنی سیاسیی و ڕێکخراوی مەدەنیی و پێشمەرگە دێرینەکان لە شاری سلێمانی بۆ دۆخی زینی وەرتێ گردبوونەوە و داوایانکرد، ئەو لایەنانەی هێزیان لەو سنوورە کۆکردووەتەوە بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەن و نەبنە بەشێک لە پیلانی داگیرکەران.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لەو ماوەیەدا دوو تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون کە هەردووکیان لە پارێزگای سلێمانین.[6]
- تەندروستی هەولێر چاکبوونەوەی شەش تووشبووی کۆرۆنای لە سنوری پارێزگاکە ڕاگەیاند.[5]
- بەڕێوەبەری تەندروستیی سلێمانی ڕایگەیاند، تووشبوویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی دوای وەرگرتنی چارەسەری پلازما، چاکبووەوە و گەڕێنرایەوە ماڵەوە.[2]
- دەربارەی زیادبوونی جموجوڵەکانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگە گوتی بۆشایی ئەمنی لە سنووری نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی حکومەتی عێراقدا هەیە، عێراق ڕازی نییە بۆشاییەکە لەلایەن پێشمەرگەوە پڕبکرێتەوە. داعش لە دوورەوە هاوەن دەتەقێنێت و نیشانەشکێن بۆ هێرشەکان بەکاردەهێنن.[2]
- شاندێکی شانەی قەیرانەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا گەیشتنە هەولێری پایتەخت.[3]
- ئەنجومەنی گەلی مەخمور و ئەنجومەنی عەشتار هێرشی سەر کامپی مەخموریان شەرمەزار کرد و ڕایانگەیاند: بێدەنگی بەرامبەر ئەو هێرشانە هاوکاری لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکە.[4]
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ هەینی چەند جارێک بە ماتۆڕسکیل تەقە کراوە لەناو شاری کەرکوک، یەکێک لەو ماتۆڕسکیلانە تەقە لە مەفرەزەیەکی هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک دەکات و هەڵدێت، هێزە ئەمنیەکانی شارەکە بازگە دادەنێن لەناو شار بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە.[1]
- ڕێکخراوی کوردستان سپۆرتس دەی کە سەرپەرشتی چالاکییەکان و پرۆژەی دەستنیشانکردنی ڕۆژی وەرزشی کوردستان دەکات لە بەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاندووە 'هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو وابڕیاربوو لەم مانگە بەبۆنەی ڕۆژی وەرزشی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستان چەندان

چالاکی وەرزشی بەڕێوە بچن، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هاوشێوەی سەرجەم چالاکی و پاڵەوانێتییە وەرزشییەکان و بۆنەکانی دیکە ڕۆژی وەرزشی کوردستانیش بۆ کاتێکی دیکە دوادەخرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە زاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە بڵاویکردەوە، کەسێک لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستداوە.
بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، کەسەکە تەمەنی 53 ساڵ بووە، لە شاری حەسەکە تووشی ڤایرۆسەکە بووە و دواتر گیانی لەدەستداوە.[3]
- لە عەین عیسا بە بۆمب هێرشیان کردە سەر ماڵی هاوڵاتییەک. هەروەها دوو ئۆتۆمبێلی حکومەتی سوریا سووتێنران. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیی دەستیان بە ئۆپەڕاسیۆن کرد.[1]
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، گرووپە میلیشیاکانی لایەنگری تورکیا، بەردەوامن لە پرۆسەی هەڵکۆڵین و گەڕان بە دوای شوێنەوارەکانی شاری عەفرین و دەوروبەریدا. ڕوانگەکە روونیکردەوە، ژمارەیەک چەکداری سەر بە میلیشیای سوڵتان سلێمان شا لە گردی ئەرندەی شوێنەواری هەڵکەوتوو لە شارەدێی شێخ حەدیدی خۆرئاوای عەفرین، دەستیان بە کنە و هەڵکۆڵین کردووە. ئاماژەی بەوەشداوە، ئە و گردە بە شێوەیەکی نیمچە ڕۆژانە بە شۆفڵ و حەفارە کاری تێدا دەکرێت بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری مێژوویی ناوچەکە و تاڵانکردنیان.[3]
- عایشە حسۆ، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی- پەیەدە، ڕایگەیاند: هەردوو حکومەتی عێراق و باشوری کوردستان بەرپرسن لەسەر هێرشی دەوڵەتی تورک بۆسەر کامپی مەخموور.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پارتی یەکێتی سەوز و سوور و پارتی گەلی سۆسیالیستی دانیمارک ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە و بووردۆمانی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامدرا.[1]
- لە 24 کاتژمێری ڕابردوو لە ئەنجامی ئەو پشکنینانەی ئەنجامدراون، تووشبوونی هەزار و 499 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کراوەتەوە و تا ئێستا ئاماری تووشبووان لە سەرتاسەری ئێران گەیشتووەتە 79 هەزار و 494 کەس، ئاماژەشی بەوەداوە کە سێ هەزار و 563 تووشبووش لەژێر چاودێری چڕدان.[4]
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاماری نوێی مردووان و تووشبووانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. وەزیری تەندروستیی تورکیا گوتی، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 40270 پشکنین ئەنجامدراون؛ 4353 تووشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون و 126 کەسیش مردوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ئامێدی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🕊️ عەفرین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ مەخموور |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ حەسەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |

🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: SY سووریا
🗺 وڵات: دانیمارک
🗺 وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-17
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-17
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-17
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-17
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-17
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 110

## 2020-04-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380819




باکووری کوردستان
- سەربازان و پۆلیسی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ماوەی 2 ڕۆژە لە وان و ناوچەکانی دەورووبەریدا چوونەتە چەندین گۆڕستان و وێنەی گۆڕ و کێلی ئەو کەسانەیان شکاندووە، کە لە شەڕی ئازادیدا شەهیدبوون و دواتر چوون بۆ بنەماڵەکانیان و زانیارییان لەسەر ڕۆڵە شەهیدەکانیان لێوەرگرتوون.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە کوژرانی سێ سەربازی سوپای تورکیای لە خواکورکی باشووری کوردستان ڕاگەیاند، هاوکات تورکیاش ڕایگەیاند، سێ گەریلای پەکەکەیان کوشتووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی فەردین مەولوودی خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە بە بێ بەڵگەی یاسایی بووە و لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا، نییە.[5]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی باشماخەوە هاوکارییە پزیشکییەکانی وەک دیاری دەگەیەنێتە پارێزگاکانی کرماشان و سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[3]
باشووری کوردستان
- فرۆکە سیخوڕییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە دەستیان بە سوڕانەوە

بەسەر ئاسمانی زینی وەرتێ دا کردووەتەوە.[1]
- ئەو هاوڵاتیانەی لە دەڤەری برادۆست دەچنە شاخەکان بۆ کۆکردنەوەی گیا بەهارییەکان، لەلایەن فڕۆکە سیخوڕییەکانی دەوڵەتی تورکەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت و فڕۆکەکە لە خەڵکەکە نزیک دەبێتەو و داوایان لێدەکات هەموو جلەکانیان دابکەنن.[4]
- وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند: لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا 11 هەزار و 72 پشکنین ئەنجامدراوە (114 لە هەولێر، 390 لە سلێمانی، 400 لە دهۆک، 56 لە راپەڕین و 212 لە سۆران). بەپێی ئەنجامەکان هیچ تووشبوویەکی نوێ تۆمارنەکراوە. تاوەکو ئێستا 337 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون لەو ژمارەیە 250 کەس چاکبوونەتەوە و چوار کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[7]
- زیاتر لە هەزار دوکاندار و کاسبکارانی ناوچەی پیشەسازی باکوور لە هەولێر و دوکاندارانی بازاڕی نیشتمان و داو تاون و قەیسەری و شێخەڵا گردبونەوە ئەنجام دەدەن و داوای کردنەوەی دوکانەکانیان دەکەن.[3]
- دوران کالکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە رایگەیاند، جێگیرکردنی هێزی پارتی لە وەرتێ قبوڵناکرێت. کالکان وتی، ئەوە دەبێتە پارچەیەک لە هێرشی پلانی لەناوبردن و تێکشکاندنی پەکەکە. پەکەکە ئەمە قبوڵ ناکات، لەدژی ئەو هەنگاوە شەڕ دەکات و هەموو شتێک لەبەرچاو دەگرێت.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت، تائێستا 110 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبوونەتەوە و 16 تووشبوو لە نەخۆشخانە ماون.[6]
- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئاگادارییەکی بۆ هاونیشتمانیان بڵاوکردووەتەوە لەبارەی سیستەمی رێگەپێدانی ئەلکترۆنی بۆ هاتووچۆی نێوان شارەکان و ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا سیستەمەکە بەردەستە.[2]
- بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوکاری پێشکەشی تەندروستی سلێمانی کرد و دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی سوپاسی بافڵ تاڵەبانی کرد.[3]
- لە ژێر رێنمای و پابەندبوون بە رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی تیمەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە بەشی پرۆژەکان و خزمەتگوزاری و ئامێرەکان کاری کۆنکرێت کردنی چەند کۆڵانێکی شاری کۆیە یان کۆتای پێهێنا.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش رایگەیاند، هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش جێگەی نیگەرانین، دەشڵێ پاڵەوانە راستەقینەکانی دژی داعش هەسەدەیە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی خۆڕسەری باکور و رۆژهەڵاتی سوریا رایگەیاند، ئەو زیندانیانەی نەخۆشن و ئەوانەی سزایەکی کەمیان ماوە و ئەوانەشی کە هەڵوێستەکی ئەخڵاقیان نواندووە، ئازاد دەکرین.[1]
- تەرمی هەر یەک لە شەهیدانی قۆناغی خۆراگری شکۆ، مەجد نەزال مەحمود و زیێر حەمدین حەمۆ لە گۆڕستانی شەهید دژوار لە حەسەکە بەخاک سپێردران.[1]
- دەستەی تەندروستیی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر دەڵێت، رێکخراوی تەندروستیی جیهانی پشتڕاستیکردووەتەوە کە رۆژی 02-04-2020 هاونیشتمانییەک لە نەخۆشخانەی قامشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان بە کۆرۆنا گیانی لەدەستداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عیراق بڕیاری ماوەی راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عیراق تا 24-04-2020 درێژکردەوە.[3]
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک رایدەگەیێنن لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا 121 کەس گیانیان لەدەستداوە. بە پێی ئامارە فەرمیەکان، بە کۆی گشتی ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە 1890 کەس و بە گشتی 83329 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[1]

- مایک پۆمپەیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە هەژماری خۆی لە توویتەر نوسیویەتی، ئابلۆوقەی چەک بەسەر ئێراندا کە سپۆنسەری سەرەکیی تیرۆرە لە جیهاندا، شەش مانگی دیکە بەسەر دەچێت.
پۆمپەیۆ داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە ئابلۆوقەی چەک درێژبکاتەوە بەر لەوەی ئێران دۆخەکە ئاڵۆز بکات و ململانێیەکی نوێی چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درووستبکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏣 پارت / لایەن: هێزەکانی سووریای دیموکرات - هـ. س. د
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سۆران
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ کۆیە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ حەسەکە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ کرماشان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ وان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
Quick Respons Code:


🗄️ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-04-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 18-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 18-04-2020

[4] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 18-04-2020
[5] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 18-04-2020
[6] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 18-04-2020
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 111

**2020-04-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380820



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی هەدەپە لە نامەیەکدا داوایان لە نێچیرڤان بارزانی کرد کە گەمارۆی سەر کەمپی پەنابەرانی مەخمور هەڵگرێت و مافی ژیانی پەنابەرانی کەمپەکە مسۆگەر بکرێت.[1]
- سێ هاونیشتمانیی تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای شرناخ چاکبوونەوە و نەخۆشخانەیان جێهێشت.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی حوسێن مەحموودی پاش لێخۆشبوونی نوێی دەزگای دادوەری، لە زیندانی بۆکان ئازاد کرا.[4]
- بەندکراوێکی سیاسی خەڵکی سەلاسی باوەجانی بە ناوی "ئیسماعیل مۆریدی"، ماوەی 7 ڕۆژە کە لە ناو زیندانی دیزڵئاوای کرماشان مانی لە خواردن گرتووە و باری تەندروستی ناڵەبار ڕاگەیەندراوە.[5]
- ڕەحیم ڕەحمانی وڵاتپارێزی ناوچەکانی کامیاران، هەورامان و سنە و باوکی شەهید ئارگەش کارزان (جەمال ڕەحمانی) شەوی ڕابردوو لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کامیاراندا گیانی لەدەستدا.[1]
- کامەران عەبدی پوور، زیندانیی پێشووی زیندانی سەقز، لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە لەو شارەدا دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[4]
- کۆمەڵێک لە دووکاندارانی پاساژەکانی قوروە دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، بۆ چەندەمین ڕۆژی بەردەوام، دەستیاندایە کۆبوونەوە. ناڕازیبان لەم کۆبوونەوەیەدا ڕایانگەیاندووە، دەوڵەت هیچ ڕێکارێکی بۆ پشتیوانی لە بازاڕییان دیاری نەکردووە و سەرجەم ئە و حاڵەتانەی کە باس دەکرێن بۆ بازاڕییان نەناسراوە، چونکە هەتا ئێستا هیچ یارمەتییەکی مادی و مەعنەوەی کە بۆ توێژی زیان بەرکەوتوو لەبەر چاو گیراوە، بەدەستیان نەگەیشتووە.[5]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەکی ئەمنی لە پۆلیسی ئامادە لە کەرکوک ڕایگەیاند: کاتژمێر 10ی بەیانی ئەمڕۆ کچێکی تەمەن 18 ساڵان لە گەڕەکی دەروازە بە چەکی تاپڕ خۆی کوشتووە، کچەکە ناوی نەسرین محەمەدە، تائێستا هۆکاری خۆکوشتنەکەی ڕوون نیە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستپێکردووە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی 24 کاژێری ڕابردووی لەبارەی پشکنین و تووشبوان و چاکبووەوانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردووە کە هیچ تووشبوویەکی ڤایرۆسەکە تۆمارنەکراوە. بەوەش دەبێتە 48 کاژێر کە لە هەرێمی کوردستان تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارنەکراوە.[6]
- ڕووداوە ئەمنییەکان لە ناو شاری کەرکوک لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا بەراورد بە پێشتر زیادیان کردووە، بە جۆرێک لەو ماوەیەدا چەندین ڕووداو ڕوویانداوە، لەوانە هێرشی چەتەکانی داعش و دانانی بازگە لە لایەن ئەو چەتانەوە و تەقەکردن لە هێزە ئەمنیەکان و چەندین ڕووداوی دیکە، کە بەشێک لەو ڕووداوانە بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆوە زیادیان کردووە.[3]

- دوای زیاتر لە مانگێک لە داخستنی بازاڕ، ژمارەیەک لە دوکان و فرۆشگاکان لە سەنتەری سلێمانی کرانەوە و بەمشێوەیە وردە وردە ژیان دووبارە بۆناو سەنتەری شار دەگەڕێتەوە. هاوکات ژمارەیەک لە دوکانەکانی ناوچەی پیشەسازی سلێمانیش کرانەوە.[2]
- لە بەردەوامی هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ژیان لە سنووری پارێزگای دهۆک و لە هەنگاوێکی نوێدا بەشێکی زۆر لە بازگاکانی نێو سەنتەری پارێزگای دهۆک و شارۆچکەکانی ئاکرێ و ئامێدی هەڵگیران و هاتووچۆ ئاسایی بووەوە.[6]
- ژمارەیەک لە دوکاندارەکانی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر گردبوونەوەیەکیان ساز کرد و داوایان لە پارێزگاری هەولێر کرد کە ڕێگەیان پێبدات کە دوکانەکانیان بکەنەوە.[2]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان، بە بیانووی ئەوەی کە کامپی مەخموور لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستان نییە، لە سەر بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر ئەو کامپە هەڵوێست نیشان نادات و دەستەیەکی لێکۆڵینەوە پیکناهێنن.[3]
- لە کەمپی زانکۆی گەرمیان لە ڕێورەسمێکدا تاقیگەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرایەوە.[2]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک گوندێکی سنووری برادۆستیان بۆردوومان کرد، لە ئەنجامیدا چەندین سەر ئەسپ کوژران و زیانێکی زۆریشی بە دەوارێی هاوڵاتیانی سنوورەکە گەیاند.[3]
- ماڵپەڕی فەرمیی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلیکترونی بۆ ماوەی 24 کاژێر ڕاگیرا.[6]
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی چەند هاوکارییەکی پێشکەش بە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە پێکهاتبوون لە چەندین ئامێر و کەرەستەی پزیشکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. کەلوپەلەکان پێکهاتبوون لە 7 بارهەڵگر کە مەزەندە دەکرێت بە بڕی 462732 دۆلار پێکهاتوون لە 151 پالێت لە کەرەستەی پزیشکی و ئامێر بۆ نەخۆشخانەکان، هەروەها 46 پالێت لە پێداویستی دیکەی فریاکەوتن و تەندروستی کە بەلای کەم بەشی 20000 کەس دەکات بۆ ماوەی سێ مانگ. هەروەها، سێ ئامێری هەناسەدانی دەستکرد و مۆنیتەر و کەرەستەی خۆپارێزی تاکەکەسی و پێداویستی تایبەت بە گواستنەوەی ڤایرۆسیشی لە خۆگرتبوو. هەموو ئەمانە وەکو پاڵپشتییەک بۆ وەزارەتی تەندروستی لە کوردستانی عیراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.[2]
- ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم، لە دوای کۆبوونەوەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، شاندی هەرێم و بەغدا ڕێککەوتن و هەرێم بەشێوەی پێشووی بەردەوام دەبێت لە ناردنی نەوت. راشیگەیاند، حکومەتی هەرێم لە ڕێگای کۆمپانیای دیلۆیت بەردەوام زانیارییەکانی بڵاودەکاتەوە و پابەندیش دەبێت بە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت.[7]
- بەهۆی پەلامارێکی چەتەکانی داعش لەسنوری شارۆچکەی مەخموور، دوو سەربازی عێراقی کوژران، ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی عێراقیش لەوسنورە بەردەوامە بۆ دۆزینەوەی چەتەکانی داعش.[1]
- موسڵح زرار بەڕێوەبەری شارۆچکەی وەرتێ لە شارۆچکەی سۆرانی پارێزگای هەولێر رایگەیاند، ئەو کەسانەی بەناوی خەڵکی وەرتێ لەگەڵ چەند کەسی دیکە سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەیان کردووە و پەیامیان بڵاوکردووەتەوە نوێنەرایەتی خەڵکی وەرتێ ناکات و ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت.[6]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا رایگەیاند، لە خواکورک دەستیان بەسەر ئەشکەوتێکی هەشت ژووریی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)دا گرت، کە چەک و تەقەمەنی تێدابووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- موحسین حاجی میرزایی وەزیری پەروەردەی ئێران ڕایگەیاند: بەمنزیکانە پرۆسەی خوێندن دەست پێناکاتەوە و قوتابخانەکان ناکرێنەوە، ئەمەش لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستییە.[2]
- لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 87 کەس بەهۆی تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە و ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا لە سەرتاسەری ئێران بە کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە گەیشتووەتە پێنج هەزار و 118 کەس.[3]

- سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری تاران گومان دەخاتە سەر ئەو ئامارانەی لەبارەی کۆرۆناوە رۆژانە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی وڵاتەکەی بڵاودەکرێنەوە و دەڵێت: ئاماری تووشبووانی کۆرۆنا لە ئێران زۆر زیاترە کە راگەیاندنە فەرمییەکانی حکومەت بڵاوی دەکەنەوە.[6]
- ژنانی کورد لە وڵاتانی سکاندیناڤیا هێرشی دەوڵەتی تورکیان بۆ سەر کەمپی مەخموور شەرمەزار کرد و داوایان کرد گەمرۆی سەر مەخموور هەڵبگیرێت.[1]
- سوپای نیشتمانیی لیبیا لە 24 کاتژمێری رابردوودا لە ناوچەکانی تیرهون و بەنی وەلید لە رۆژهەڵاتی ترابلوس دا 4 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تری دەوڵەتی تورکی خستووەتە خوارەوە.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای زانایانی سعودییە داوا لە موسڵمانانی جیهان دەکات کە لە مانگی رەمەزاندا بۆ نوێژی بەکۆمەڵ کۆنەبنەوە، ئەمەش بەمەبەستی رێگری لە بڵاوبوونەوەی زیاتری ڤایرۆسی کۆرۆنا.[6]
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک ئاماژەیان بەوەکرد، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 127 کەس گیانیان لەدەستداوە و تا ئێستا لە تەواوی تورکیا 2017 کەس گیانیان لەدەستداوە. هەروەها 86306 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسەکەش تۆمار کراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئاکرێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کامیاران |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | سعودیە، عەرەبستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |
| 🗺 وڵات: | ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان |


وڵات: IR ئێران
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-04-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 19-04-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 19-04-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 19-04-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 19-04-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روداو - 19-04-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 19-04-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 112
**2020-04-20**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380821



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی مستەفا شەنتۆپ، سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا رایگەیاند، هەموارکردنەوەی یاسای سزا و گرتووخانەکان بە ویستی پەرلەمان پشتڕاستکراوەتەوە، هەدەپە وەڵامی دایەوە و پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەڵێت، پرۆژەیاساکە تەنیا بڕیاری ئاکەپە و مەهەپە بووە. ئەوان یاساکەیان دەرکرد، ئەوەبوو دەستدرێژیکاران، بکوژان و چەتەکان ئازادکران.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، شەش بەندکراوی خەڵکی شارەکانی بانە، کرماشان و دێهگولان کە پێشتر لە لایەن دادگای رژیمەوە بە ئێعدام مەحکووم کرابوون، رۆژی رابردوو، گوازترانەوە بۆ ژووری تاکەکەسی زیندانی سنە.[4]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 4:30 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر چیای ئەحمەدە-یان بۆردوومان کرد، کە نزیک شوێنی نیشتەجێبونوی هاوڵاتیانە و دەکەوێتە نێوان گوندی زارگەلی بناری قەندیل و زینی وەرتێ-ەوە. بۆردوومانەکە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە، بەڵام زیانی گیانیی نەبووە.[2]
- نیوەشەوی رابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بۆردوومانی خواکورک، چیادێڵ و گوندی کەوەرتێ-ی ناوچەی برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێریان کرد. هاوکات لەگەڵ بۆردوومانەکەدا، فڕۆکەی سیخوڕیی-یش بە نزمی بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە.[2]
- نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ جێگر و راوێژکارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە،

دوایین گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق تاوتوێدەکرێت.[5]
- سەرجەم تووشبووانی کۆرۆنا لە چەمچەماڵ و دەربەندیخان چاکبوونەوە، هەروەها لە هەولێریش 9 تووشبوو چاکبوونەوە.[5]
- لە ئاگادارییەکی تەندروستی گەرمیاندا داوا لە پێشنوێژ و مجێوەر و کارمەندی مزگەوتەکانی سنورەکە دەکات سەردانی نەخۆشخانەی کەلار بکەن بۆ وەرگرتنی نمونەی وەرگرتنی پشکنینی کۆرۆنا.[1]
- د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ کونسوڵی کۆماری چین لە هەولێر رایگەیاند: ئەمرۆ چوارەم کاروانی هاوکاری چین گەیشتە هەرێمی کوردستان، کە بریتییە لە چەند پێداویستییەکی خۆپارێزی و تەندروستی.[3]
- نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا تیشکی خستە سەر ناکۆکییەکانی زینی وەرتێ. نێجیرڤان، رایگەیاند، هیچ کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نییە کە چارەسەر نەکرێت و بەرەو چارەسەریش دەڕۆین. هەرچەندە، ئەو هێزانەی لەوێ جێگیرکراون هێزی یەکەی هەشتا و حەفتای پارتی و یەکێتیین، بەڵام سەرۆکی هەرێم هاوشێوەی سەرۆکی حکومەت و مەکتەبی سیاسیی پارتی وتی:ئەو هێزانە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن و بۆ حاڵەتێکی کاتیی بووە، راشیگەیاند ئەگەر پێویست نەبێت بێگومان لەوێ نابن.[2]
- دایکانی لەچک سپی لە شاری سلێمانی بە دروشمی'نا بۆ داگیرکاریی و بەڵێ بۆ ئاشتی و برایەتی'، گردبوونەوە و بە بەرزکردنەوەی دروشم و وێنەی شەهیدان، نارەزایەتییان لە دژی لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا دەربڕی و داوای بەرقەراربوونی ئاشتیان کرد لە نێوان هێزەکوردییەکاندا.[2]
- هاوڵاتیانی بناری قەندیل بە رێپێوانێک دژایەتیی خۆیان لەبەرامبەر بردنی هێز بۆ زینی وەرتێ نیشاندا و داوای کشانەوەیان کرد، راشیانگەیاند: بردنی پێشمەرگە بۆ ناوچەکە پیلانی تورکیایە و بەواتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیە.[2]
- وتەبێژی پارتی رایگەیاند: لەگەڵ یەکێتی رێککەوتنی سیاسی و ئیداریمان هەیەو پێویستە بۆیان بگەرێینەوە و لەکوێ کێشەیەک هەیە بەدیالۆگ چارەی بکەین، دەشڵێت: لەگەڵ ئەوەین کۆبوونەوەی سێ قۆڵی یەکێتی و پارتی و گۆڕان بەزوویی بکرێ.[1]
- تا ئێستا لەسنووری پارێزگای سلێمانی 130 حاڵەتی توشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکراوە و لەو ژمارەیەش 118 کەس چاکبوونەتەوە و تەنها هەشت توشبوو ماونەتەوە و چارەسەر وەردەگرن.[1]
- هەردوو بەرێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران و راپەڕین ئاشکرایان کرد، هیچ تووشبووێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو دوو دەڤەرە نەماوە.[3]
- سەربارى هەوڵەکان بۆ پاککردنەوەی شاخەکانی کوردستان لە مین و پاشماوەی تەقەمەنییەکانی سەردەمی رژێمی بەعس، بەڵام سوپای تورکیا دەستیکردووە بە بڵاوکردنەوەی تەقەمەنی و مین لە دەڤەری برادۆست.[2]
- شەوی رابردوو لە نزیک چیای غەرە و مریەم بەگ و شاردەنێی عەباسیە لە سنوری پارێزگای کەرکوک چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر هێزە عێراقییەکان.[2]
- بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک رێکارییەکی توند لە ترسی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە، نزیکەی دوو مانگ دەبێت تەواوی هۆڵە وەرزشییەکان و مەلەوانگەکان لە شاری سلێمانی داخراون و خاوەنی هۆڵەکانیش داوا دەکەن کە ئەوانیش وەک شوێنەکانی تر بکرێتەوە.[1]
- نووسینگەی پارێزگای هەولێر رایدەگەیێنێت، داواکارین کەس خۆی لەرێگا نەدات بۆ ئەوەی بێتە هەولێر، چونکە بەبێ رێگەپێدانی فەرمی وەزارەتی ناوخۆ کەس ناتوانێ بێتە سنووری پارێزگای هەولێر.[5]
رۆژئاوای کوردستان

- تەرمی شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک دڵخواز شێخۆ ناسراو بە چاورەش کۆبانێ، کە لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا لە هەرێمی فورات شەهید ببوو، لە گۆڕستانی شەهید دیجلە لە کۆبانێ بەخاک سپێردرا.[6]
- مانگی سووری کوردی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەکۆڤید-19 لەشاری حەسەکە کردەوە، کە تەرخانکراوە بۆ چارەسەرکردنی توشبووان بەڤایرۆسی کۆرۆنا. جێی ئاماژەیە نەخۆشخانەکە بەپێی راسپاردەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و رەزامەندی دەستەی تەندروستی لە رۆژئاوای کوردستان دروستکراوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بە پێی راگەیەنراوی مەرسەدی سوری 199 چەتەی گروپەکانی موعتەسەم، سوڵتان موراد، سکور شەمال، ئەلهەمزە و سولەیمان شای سەر بە دەوڵەتی تورک لە لیبیا کوژراون.[6]
- وەزارەتی تەندروستی عیراق ئاماری 24 سەعاتی رابردووی تووشبوون بەکۆرۆنای راگەیاند، کە 35 کەس تووشبوون و 34 تووشبووی تریش چاکبوونەتەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران رایگەیاند، 91 حاڵەتی نوێی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە تۆمارکراون، بە و شێوەیە کۆی ژمارەی گیانلەدەستدان گەیشتۆتە 5209 کەس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێڕاق |

ولات: ← رۆژئاوای کوردستان
ولات: SY سووریا
ولات: لیبیا
ولات: IR ئێران
ولات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
ولات: چین
ولات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-04-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-04-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-04-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-20

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 113

**2020-04-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380822



باکووری کوردستان
- گەورەشارەوانیی ئامەد رایگەیاند بۆ رێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بۆ ماوەیەکی کاتی چوون و هاتنی پاسەکانی شارەوانی بۆ 13 شارۆچکەی پارێزگای ئامەد راگیراوە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمرۆ، لە زیندانی سەقزی پارێزگای سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان، زیندانییەک کە 27ی مانگی رابردوو لەگەڵ زیاتر لە 70 زیندانی دیکەی زیندانی سەقز هەڵهاتبوو، دوای دەستگیرکردنەوەی، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە لە زیندانی سەقز لەسێدارەدرا. بەپێی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ئەو زیندانییە کە ناوی شایان سەعید پورە، لەکاتێکدا لەسەر تاوانێک دەستگیر و زیندانی کراوە کە تەمەنی ژێر 18 ساڵ بووە و پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و پرۆتۆکۆڵەکانی مافی مرۆڤ حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپاوە.[4]
باشووری کوردستان
- بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی هەتا ئەمرۆ 337 کەس توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون لە و ژمارەیەش 4 کەس گیانیان لەدەستداوە و چەند کەسێکی کەمیش لە نەخۆشخانەکان ماونەتەوە و لەژێر چاودێری پزیشکدان.[3]
- ئەو نەخۆشخانەیەی کە لەلایەن سەرمایەداران و خێرخوازانەوە لە شاری هەڵەبجە دەست بە

دروستکردنی کرا، ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری تەندروستی کرایەوە. نەخۆشخانەکە 64 قەرەوێڵەییە و لەسەر رووبەری 2 دۆنم زەوی دروستکراوە و لەماوەی 20 رۆژدا تەواو کرا.[4]
- جێگری پارێزگاری هەولێر و گوتەبێژی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی پارێزگاکە رایدەگەیێنێت؛ قەدەخەی هاتووچۆ درێژدەکرێتەوە، میکانیزم و بەرنامەی جیاوازیشیان لەوبارەوە ئامادە کردووە. بۆ مانگی رەمەزانیش قەدەخەی هاتووچۆی شەوان لە رەمەزاندا بەردەوامدەبێت.[2]
- ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە و هەورامان لە چاوەڕوانی گەشتیاراندان کە بەهۆی قەدەغەی هاتووچۆوە بە تەواوی چۆڵکراون، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری ناوچەکەش دەڵێت: زیانی زۆریان بەرکەوتووە و ساڵی رابردوو تا ئەم کاتە زیاتر لە 60 هەزار گەشیار روویان لە ناوچە کە کردوە، بەڵام ئەمساڵ تا ئێستا هیچ گەشتیارێک رووی لەناوچەکە نەکردووە.[4]
- کەمئەندامانی سلێمانی لە شەقامی سالم خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوایان کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە زیاتر کەمئەندامان برسی نەکات.[3]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لە هونەرمەندان لە گەلەری ئورفا لە شاری سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، بە نوێنەرایەتی هونەرمەندانی باشوری کوردستان نارەزاییەتیان لە دژی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی باشوری کوردستان دەربڕی و داوای پێکەوەبوون و رێگرتن لە شەڕی ناوخۆیان کرد.[1]
- ژمارەیەک لە دووکاندارانی ژێر قەڵای هەولێر گردبوونەوە و داوایان لە پارێزگاری هەولێر کرد بڕیار بدات بۆ کردنەوەی دووکانەکانیان.[4]
- لە پارێزگای دهۆک لە ماوەی 50 رۆژدا لیژنەکانی چاودێریی بازرگانی لە بازاڕ سەردانی پێنج هەزار شوێنیان کردووە و بەهۆی پێشێلکردنی رێنماییەکانەوە 215 شوێن سزادراون و 74 دووکان داخراون و بە بڕی 40 ملیۆن و 75 هەزار دینار سزای سەرپێچیکارانیان داوە.[2]
- فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند، لە سبەینێوە، نۆرینگە پزیشکییەکان لە هەولێر بە رێکاری پێویست دەکرێنەوە. راشیگەیاند، لە دوای 24 مانگ بازاڕەکان دەکرێنەوە و بڕیاریش لەسەر دەستبەکاربوونەوەی تاکسییەکان دەدەین. دڵنیایی دا کە لە دوای 24 مانگ، زۆربەی شوێنە داخراوەکانی هەولێر دەکرێنەوە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجومەنی سەربازی منبج لە راگەیەنراوێکدا ئاشکرای کرد کە شانەیەکی شاراوەی میتی تورکیان دەستگیرکردووە کە لە هەرێمە داگیرکراوەکان چەکیان بۆ تیرۆریستان لە باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا دەبرد.[1]
- شەوی رابردوو، لە سەرێکانی و عەفرین کە لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراون، لە نێوان گروپە چەتەکاندا کە ناوی 'سوپای نیشتیمانیان' لەخۆیان ناوە، شەڕ دەستپێکرد. لە شەڕەکەدا چەکی قورس بەکارهاتووە و کوژراو و بریندار لە ریزی چەتەکان کەوتۆتەوە.[1]
- لە شاری قامیشلۆ بە هۆی هێرشی هێزەکانی رژێمی سوریا بۆ سەر هێزە ئەمنیەکانی شارەکە، لە نێوان هەر دوولا دا شەڕ روویدا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامەد
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بیارە (هەورامان)
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ
وڵات: TR تورکیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 21-04-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 21-04-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 21-04-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-04-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 21-04-2020
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 01-03-2020 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 114

**2020-04-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380823




باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە پارێزگای مەڕەش کەسێک بەهۆی دەمەقاڵێ لەسەر سەگەکەی، خاڵ و خاڵۆزاکەی خۆی بە دەمانچە دەکوژێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- وتەبێژی شانەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زانکۆی پزیشکی کرماشان ڕایگەیاند: تا ئێستا 107 پرستار و کارمەندی تەندروستی و یاریدەدەری پزیشکی لە و پارێزگایە تووشی کۆرۆنا بوون. دکتۆر ئیبراهیم شەکیبا ڕایگەیاندووە لەکۆی ئە و ئامارە 23 یاریدەدەری پزیشک، 40 پەرستار و 44 کارمەندی تەندروستی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[3]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران، هونەرمەند و چالاکوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندراوێکیان لەبارەی ئاڵۆزییەکانی زینی وەرتێ-وە بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە حزبە کوردییەکان کراوە، کە جارێکی تر ڕێگا بۆ شەڕێکی تری ناوخۆیی خۆش نەکەن.[5]

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، حوکمی لەسێدارەدانی لوقمان ئەحمەدپوور خەڵکی بانە، زیندانیی تاوانبار بە کوشتنی بەئەنقەست، لە زیندانی ناوەندیی سنە جێبەجێ کرا.[6]
- ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و کەمبوونەوەی کاری بیناسازی، 25 هەزار کرێکار لە کرماشان بیکار بوون.[7]
- بەشێک لە شاعیران، نووسەران و چالاکانی مەدەنی شاری بانە وەک شارەکانی دیکەی کوردستان بە مەبەستی ڕێز گرتن لە خزمەتگوزاریی پەرەستاران و سەرجەم کادری دەرمانی و پزیشکانی نەخۆشخانەی "ڕازی" بانە لە بەرامبەر نەخۆشخانەکە ئامادە بوون و ڕیزیان لە سەرجەم کارمەندانی بنکەی تەندروستی و دەرمانی ئەم شارە گرت.[7]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک پاسی گەورە لە دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل، هاتە ناو خاکی باشوری کوردستان، خەڵک بەرامبەر ئەو کارە نارەزایەتییان دەربڕی و ویستیان ڕێگا لە هاتنە ناوەوەی کاروانەکە بگرن، بەڵام هێزەکانی ئاسایش بە هەڕەشە خەڵکەکەیان دوورخستەوە. بەپێی ئەو دیمەنانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووەتەوە، خەڵکی لە بەردەم دەروازەی ئیبراهیم خەلیل وەستاون، ئەو کەس یان سەربازانەی باپاسەکە هاتوونەتە ناو خاکی باشوری کوردستان، بێ ئەوەی پشکنینیان بۆ بکرێت یان کەرەنتینە بکرێن لە سنوورەکە تێدەپەڕن، ئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی نارەزایەتی خەڵک.[5]
- کۆگای ناوەندی وەزارەتی تەندروستی ڕەتیدەکاتەوە، کە پێداویستییە تەندروستییەکانی وڵاتی چین، کە وەک هاوکاری بۆ هەرێمی کوردستان هاتوون لە بازاڕەکان فرۆشرابێتەوە،
ڕاشیدەگەیەنێت، ڕێکاری یاسایی دژی ئەو دەزگا ڕاگەیاندن و پەیجانە دەگرنەبەر کە هەواڵەکەیان بڵاوکردووەتەوە.[4]
- لە پارێزگای دهۆک بەبۆنەی کۆتایهاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری پارێزگاکە لە سەعات 10ی شەودا چالاکییەکی ئەنجامد، بەڵام چالاکییەکە تەقەیەکی زۆری تێدا کرا و خەڵک قەدەغەی هاتووچۆیان شکاندو چونە سەر شەقامەکان و ڕووداوی هاتووچۆی لێکەوتەوە.
تەندروستی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند: لە سنووری پارێزگاکە بەهۆی تەقەی خۆشییەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆرۆنا 13 کەس بریندار بوون و لەو ژمارەیەش چەند کەسێکیان نەشتەرگەریان بۆ کراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە لەسنوری پارێزگاکە تەنها 15 توشبووی کۆرۆنا هەبوون و چاکبونەتەوە.[3]
- کۆبوونەوەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کە بڕیار بوو ئەمڕۆ بەڕێوەبچێت بۆ کاتێکی کورتی نادیار دواخرا.[3]
- لەنێوان گوندی نارێن و تاتران لە سنووری شارۆچکەی قەرەتەپە پۆلیسی نەهێشتنی تاوان کەوتوونەتە بۆسەی چەکدارانی داعشەوە و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوانیان ڕوویداوە، بەهۆیەوە سێ ئەفسەر و دوو پۆلیس بریندار بوون.[2]
- لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا (22ی نیسان) و بە مەبەستی ڕێزلێنان لە ڕۆژنامەوان و ماندووەکانی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئارامگای پیرەمێردی شاعیر و نوسەر و ڕۆژنامەوانی ناوداری کورد لە گردی مامە یارەی سلێمانی بەسەرکردەوە. [3]
- ئەمڕۆ ئەنجومەنی فشار گردبوونەوەیەکی جەماوەری لە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە شاری سلێمانی ئەنجامدا. گردبوونەوەکە بە بەشداری فەرمانبەر و مامۆستا و مووچەخۆران بەگشتی بەڕێوەچوو، تێیدا دروشمەکانی ئێوەن دژی چاکسازی کەی تێردەخۆن لە دزی – هەڵی کار دامەزراندن و چەندین دروشمی دیکەیان بەرز کردبووەوە.[5]
- بەهۆی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەمساڵ هیچ چالاکی و یادکردنەوەیەک بۆ کارەساتی 24-04-1974ی قەڵادزێ ناکرێتەوە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەدیب لەتیف بەڕێوەبەری گشتی شەهیدانی سلێمانی و هیوا قەرەنی سەرپەرشتی ئیدارەی ڕاپەڕین ڕایانگەیاند: بە هۆی ڕێکارەکانی تایبەت بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاراستنی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان، بۆ ئەم یادە پیرۆزە ئەم ساڵ هیچ چالاکییەک ئەنجام نادرێت.[3]

- له کەرکوک، له ماوەی قەدەغەی هاتووچۆدا، چەندین پێشێلکاری تۆمارکراون، 350 ئۆتۆمبێل و 45 ماتۆڕسکیل دەستیان بەسەردا گیراوە، چوار هەزار و 585 ساڵانە لەو ئۆتۆمبێلانە وەرگیراون کە سەرپێچییان کردووە، کە سێ هەزار و 962یان سزای 100 هەزار دیناریان بۆ کراوە و 842یان راستەوخۆ سزادراون؛ هەروەها بەهۆی سەرپێچیی پیادەوە 848 کەس بە بڕیاری دادوەر سزادراون.[2]
- نزیکەی هەزار کەس پێنج رۆژە لە بازگەی دهۆک وەستێنراون، لە موسڵ و شارەکانی عێراقەوە گەڕاونەتەوە و لەبەر مەترسیی کۆرۆنا بازگەکە رێگە نادات بچنە نێو ماڵی خۆیان لە دهۆک. زۆربەیان سەربازی عێراقن، بەشێکیان کرێکار و ژن و منداڵن و بەشێکیان لەنێو ئۆتۆمبێلدا و بەشێکی دیکەیان لەسەر رێگەکە دەخەون.[2]
- بە بڕیاری دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، جارێکیتر ماوەی ڕاگرتنی ڕۆژنامەنووس هێمن مامەند درێژکرایەوە، کە لە هەولێر دەستگیرکراوە و ئەمڕۆ کۆتاییی ماوەی ڕاگرتنەکەی بوو.[5]
- بەبۆنەی 122مین ساڵیادی ڕۆژنامەنووسی کوردی، بەشێک لە پارێزەران و چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی هەولێر ویستیان سەردانی ماڵی هێمن مامەند بکەن بۆ ئەوەی دڵنەوایی خانەوادەی بکەنەوە لەبارەی درێژکردنەوەی ماوەی ڕاگرتنی هێمن مامەند لە زینداندا، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕێگرییان لێکرا.[5]
- بەڕێوەبەرایەتی نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران لە راگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد: دوای گەیاندنی داواکاری بە نەخۆشخانەی ئاشتی کە تەندروستی (عەلی ئاشق) نالەبار و باش نییە، بۆئەم مەبەستە لەسەر راسپاردەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئاشتی، تیمی گەڕۆکی نەخۆشخانە راسپێردار سەردانی ماڵی عەلی ئاشق بکات و بەزووترین کات هەرچی پێداویستی و دەرمانی پێویست بوو بۆمان برد و چارەسەری تەندروستی پێویستی بۆکرا.[4]
- لیژنەی بینینی مانگ لە هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسێکی میدیاییدا رایگەیاند، بە هۆی نەبینینی مانگ، سبەی تەواوکاری مانگی شەعبانە و رۆژی هەینی یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی تورکیا، کوردێکی 74 ساڵی بەناوی عەلی ئەحمەد لە شارۆچکەی شارانی سەر بە عەفرین کوشت، ئەمەش دوای ئەوەی ویستوویانە ستەمی لێبکەن و دەستبەسەر رانەمەڕەکەیدا بگرن.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا نزیکەی 600 بنەماڵەی چەتەکانیان لە جەرابلوسەوە بە کاروانێکی 150 ئۆتۆمبێلی گواستەوە بۆ گرێ سپی. ئەو 600 بنەماڵە چەتەیە، لە بنەماڵە چەتەکانی ناوچەکانی غوتەی رۆژهەڵات، حومس و ئیدلبن، کە براونەتە گرێ سپی.[1]
- تەرمی شەهید حەسەن ئەحمەد عەبد ئەل موستەفا (ئارگەش حەسەکە) کە لە ناوچەی زرگان شەهید بوو، لە ئەنجومەنی خانەوادەی شەهیدان وەرگیرایەوە و لە گۆڕستانی شەهید دژوار بەخاکسپێردرا. مەراسیمەکە بە پێی بڕیاری قەدەغەی هاتوچۆ بە ئامادەبوونی خانەوادەی شەهیدان و ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەنی خانەوادەی شەهیدانی حەسەکە بەڕێوەچوو.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بەیانی ئەمڕۆ راگەیاندنەکانی سوپای پاسدارانی ئێران، ڕایانگەیاند کە ئەو هێزە، مانگێکی دەستکردی ناردووتە ئاسمان و لە خولگەی زەوی جێگیر بووە. بەپێی ئەو هەواڵە، ئەو مانگە دەستکردە کە ناوی نوری لێنراوە، بەیانی ئەمڕۆ لە بیابانی ناوەندیی ئێرانەوە نێردراوەتە ئاسمان و لە خولگەی 425ی زەوی جێگیربووە.[5]
- سەرۆک کۆماری ئەمریکا، فەرمانی لێدانی ئەو بەلەمە خێرایانەی سوپای پاسدارانی دەرکرد کە لە دەریادا کێشە بۆ کەشتییەکانی ئەمریکا دروست دەکەن.[5]
- بەپێی هەواڵێکی ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەمڕۆ کاروانێکی سەربازیی دەوڵەتی تورک کە پێکهاتبوون لە 25 ئۆتۆمبێل، لە دەروازەی سنووری کەفەر لۆسین، ڕوو لە خاڵەکانی سوپای تورک چووەنە ناو خاکی سوریاوە.[5]

- به پێی ئەو ئامارانەی بەرپرسە پەیوەندیدارەکانی دەوڵەتی تورک بڵاو دەکەنەوە، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لەو وڵاتە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا 117 هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە. بەم پییە بیت لە تورکیا ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە، گەیشتووەتە 2 هەزار و 376 کەس.[1]
- کەنەدا قەدەغەی هەناردەکردنی چەکی نوێی بۆ تورکیا بۆ کاتێکی نادیار درێژکردەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛️ پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛️ پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛️ پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ بانە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🕊️ عەفرین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ قەڵادزێ (پشدەر) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ گرێ سپی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دهۆک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کرماشان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سۆران |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ زاخۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ حەسەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🗺️ وڵات: | چین |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺️ وڵات: | ⬆️ باکووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | SY سووریا |
| 🗺️ وڵات: | کەنەدا |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-22
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-04-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 115

**2020-04-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380824



باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکان بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covîd-19) لە 30ی شاری تورکیا و باکووری کوردستان قەدەغەی چوونە دەرەوە لە هاووڵاتییان دەستپێکرد.[1]
- باشاک دەمیرتاش بە ماڵپەڕی دیکەنی تورکی ڕایگەیاندوە، وەزیری تەندروستی تورکیا وتویەتی هەرکەسێک نەخۆشیەکانی دڵ و فشاری خوێن و کۆئەندامی هەناسەی هەبێت کۆرۆنا بگرێت سەدا 70 گیان لەدەست دەدات، سەڵاحەدینیش هەرسێ نەخۆشیەکەی هەیە. هاوسەرەکەی دەمیرتاش ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەگەر ڕێکاری پێویست بۆ توش نەبونی دەمیرتاش بە کۆرۆنا نەگیرێتەبەر ئەوا ژیانی لە مەترسیدایە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کرێکارانی کانی زێری ساریگونی قوروە بۆ جارێکی دیکە لە نارەزایەتیی بە دەستبەسەرکرانی دوو کەس لە هاوکارەکانیان کۆبوونەوە.[6]
- دکتۆر فەرزین رەزاعی سەرۆکی زانکۆی پزیشکی کوردستان لە شاری سنە، لەبەرامبەر پێشکەشکردنی هاوکاریە تەندروستییەکانی سوپاسنامەیەکی پێزانینی ئاراستەی یەکێتی دەکات و تێدا روونکراوەتەوە: لەگەڵ ڕێزلێنان بۆ هەستی مرۆڤ دۆستانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی بۆ پێشکەش کردنی ئەو هاوکاریە تەندروستییە کە ئەرکێکی مرۆڤانەی و بەبێ هیچ چاوەڕوانییەکمان لەم دۆخە سەختەدا ئەم هاوکارییانەیان پێشکەشکردین.[3]
- چالاکێکی مەدەنی و ئەندامی پێشووی کۆمەڵەی سەوزی کوردستان، بە ناوی ئەکبەر گەوێلی، لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنەوە بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[8]
باشووری کوردستان
- لە هەرێمی کوردستان لە کۆی 337 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا تەنیا 25 تووشبوو لە نەخۆشخانەکانی هەولێر، سلێمانی و هەڵەبجەدا ماون.[2]
- وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا، قەدەغەی هاتووچۆی لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی

کوردستان، هەتا 1ی ئایار درێژ کردەوە.[7]
- گوتەبێژی تەندروستیی پارێزگای دهۆک رایگەیاند، هیچ کەسێک بە تەقەی خۆشی گیانی لەدەستنەداوە، بەڵام شەوی رابردوو 13 کەس برینداربوون و تاوەکو ئێستاش نۆ کەسیان نەخۆشخانەیان جێهێشتووە و تەندروستیی هەموو بریندارەکانیش جێگرە.[2]
- ئەمرۆ هەریەک لە سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنوسان METRO، روانگەی ئازادی رۆژنامەنوسی JFO، سەندیکای نیشتمانی رۆژنامەنوسان لە عێراق NUJI، کۆمەڵەی بەرگری لە ئازادی رۆژنامەنوسی لە عێراق PFDA، روانگەی عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ IOHR، خانەی راگەیاندنی عێراقی IMH، راگەیەندراویکیان دژی لەزیندان هێشتنەوەی رۆژنامەنووس هێمن مامەند بڵاوکردەوە.[4]
- بەشێک لە مەلاکان لە سلێمانی لە دژی بڕیارەکەی حکومەت بۆ نەکردنەوەی مزگەوتەکان بەهۆی خۆپارێزی لەڤایرۆسی کۆرۆنا گردبوونەوە.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبوویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 39 ساڵی دانیشتووی شاری سلێمانییە و لە کەرەنتینەدایە کە پێشتر گەشتی وڵاتی بەریتانیای کردووە. هەر ئەمڕۆ لە دهۆک تووشبوویەکی دیکەی کۆرۆنا تۆمارکرا، بەمەش کۆی گشتیی تووشبووانی کۆرۆنا ئێستا لە هەرێمی کوردستان 339 تووشبوون.[2]
- فەلاح سالح عەبدوڵلا بەرپرسی رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی مام رایگەیاند، دڵخۆشن بەوەی توانیویانە ئەو ئەرکەی خۆیان جێبەجێ بکەن. راشیگەیاند ئێمە هاوکاریی دەزگای مرۆیی مام-مان گەیاندە کامپی مەخموور، کە خەڵکی باکووری کوردستانی تیادا دەژی. کامپەکە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە و ئابلۆقەی خراوەتەسەر.[1]
- تەندروستی دەربەندیخان رایدەگەیەنێت سەرجەمی توشبوانی کۆرۆنا لەشارەکەیان چاکبونەتەوەو هیچ کەسێک لەنەخۆشخانە نەماوەو دۆخی شارەکە لەڕووی تەندروستیەوە ئاسایی بوەتەوەو ژیان دەستپێدەکاتەوە.[3]
- وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، مامۆستایانی گرێبەست کە بەهۆی کەموکورتی لە بەڵگەنامەکانیان هێشتا نەکرابوون بە هەمیشەیی، بڕیاریانداوە بیانکەن بە هەمیشەیی.[2]
- ئاژانسی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هاوکاری تەکنیکی، هاوکارییە تەندروستیەکانی گەیاندە وەزارەتی تەندروستی.[3]
- شوفێرانی هێڵی گواستنەوەی کەرکوک-هەولێر دژی بڕیارێکی شانەی قەیرانەکانی کەرکوک گردبوونەوە و داوای کردنەوەی رێگای کەرکوک -هەولێر دەکەن.[4]
- وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەوانەیە خەڵک وا لە راگەیێندراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران تێگەیشتبن لە مانگی رەمەزان مزگەوتەکان ناکرێنەوە. بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە هەرکاتێک بگەینە ئەوەی مەترسییەکان نەماون، دەرگای مزگەوتەکان پێش قوتابخانە و زانکۆ و فەرمانگەکانی حکومەت دەکرێنەوە.[2]
- گروپێک لە مامۆستایانی بەشی کیمیا و جیۆلۆجی لە کۆلێجی زانستی زانکۆی سلێمانی جۆرێک لە دەمامکیان ئامادەکردوە، کە پشت دەبەستێت بە تەکنەلۆجیای نانۆ (Nanomaterials-based Masks). ئەم دەمامکە پێک دێت لە چەند ماددەیەکی نانۆیی لەگەڵ کانزای سروشتی زۆر ورد. ئەم دەمامکە دژەی بەکتریا و ڤایرۆسە هەروەها توانای هەڵمژینی چەندین گازی ژەهراوی هەیە وەک گازە گۆگردییە ژەهراوییەکان.[3]
- بەپێی راگەیەندراوێکی قایمیقامیەتی سلێمانی، کە ئەمرۆ بڵاوکراوەتەوە، بەهۆی پێگەیشتنی بەشێک لە بەرهەمە ناوخۆییەکان بە تایبەت ئەو بەرهەمانەی کە لە پرۆژە پلاستیکیەکان بەرهەم دەهێندرێت، لەمانگی ئایارەوە باج دەخرێتە سەر هەموو ئەو بەرهەمانەی سەوزە و میوە، کە لە دەرەوەی هەرێم هاوردە دەکرێن و لە عەلوەکانیش رێگە لە بەرزبوونەوەی نرخ دەگرن.[4]
- کارکردنی پاسەکان لەشاری سلێمانی دەستپێدەکاتەوە و چەند مەرج و رێنماییەک پەیوەست بە شێوازی کارکردنیان بۆ خۆپاراستن لەڤایرۆسی کۆرۆنا رادەگەیەنرێت.[5]

- لە ماوەی یەک هەفتەدا چەکدارانی داعش، شەش جار هێرشیان کردووەتە سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی لە سنووری خورماتوو، حەوت چەکداریان کوشتووە و نۆی دیکەشیان بریندارکردووە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە بڕیاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ دوو تاقیگەی دیکەی پێشکەوتووی پشکنینی کۆرۆنا لە باشووری کوردستانەوە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێت و ڕادەستی نوێنەری هەسەدە دەکرێت.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ یەکەم دادگایی دوو فەرماندەی پێشووی هەواڵگری ڕژێمی سوریا کە تۆمەتبارن بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی، لە ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێت.[4]

- حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران ئەمڕۆ ڕایگەیاند، فەرمانیان بە یەکە سەربازییەکانیان لە دەریا کردووە کە ئەگەر بەلەم یان کەشتیی جەنگی ئەمریکا ویستی ببێتە هەڕەشە لەسەر کەشتیی ئاسایی یان کەشتی جەنگی ئێرانی، کەشتییە ئەمریکییەکە بکەنە ئامانج.[2]

- لە تورکیا 115 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە تائێستا گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەوە بۆ دوو هەزار و 491 کەس.[4]

- 20 ناوەندی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی و ئیرانی لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا، داوایان لە بەرپرسانی ئێرانی کرد کە بە زووترین کات زیندانییانی سیاسیی ژن ئازاد بکرێن. لەو نامە سەرئاوەڵایەدا، ئاماژە بە ناوی 50 زیندانیی سیاسیی ژن کە هەنووکە لە زیندانەکانی ئێرانن، وەک: زەینەب جەلالیان، نەسرین ستوودە، نێرگز محەممەدی، گوڵرۆخ ئیرایی و ئاتێنا دائیمی و... کراوە.[8]

- 25 پەرلەمانتاری عێراق دژ بە فوئاد حسێن، وەزیری دارایی عێراق، سکاڵایەک پێشکەشی دەستەی نەزاهە دەکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺️ وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| 🗺️ وڵات: | SY سووریا |

🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-23
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روداو - 2020-04-23
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-23
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-04-23
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-04-23
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-04-23
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-23
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 116

**2020-04-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380825




باکووری کوردستان
- نووسینگەی مافەکانی گەل بڵاویکردەوە، مستەفا کۆچاک دوای 297 رۆژ لە مانگرتن گیانی لەدەستدا. راشیگەیاند، موەکیلەکەیان موستەفا کۆچاک بۆ دادگایکردنێکی دادپەروەرانە دەستی بە چالاکیی مانگرتن (رۆژی مردن) کرد، لە ژوورێکی تاکە کەسیدا بۆ ئەو مافەی جەستەی توایەوە.[4]
- لە دێرسم، دوایین هەشت تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا چاکبوونەوە و نەخۆشخانەیان جێهێشت. ئەم شارەی باکووری کوردستان، یەکەم شارە لە سەرانسەری باکوور و تورکیادا پاک ببێتەوە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و هیچ تووشبوویەکی نەبێت.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سنە، ژنێکی لاو بە ناوی سارینا غەفووری تەمەن 24 ساڵ، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو ژنە لاوە لە ماڵی باوکی و لە رێگای خۆهەڵواسینەوە خۆی کوشت. سارینا غەفووری دایکی کچێکی تەمەن 6 ساڵەیە.[7]
باشووری کوردستان
- لە یادی 46 ساڵەی بۆردوومانی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی، یادکردنەوەی ئە و کارەساتە بەهۆی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا هیچ مەراسیمێک بۆ ئە و یادە ناکرێتەوە و تەنها تاجەگوڵینە

لەسەر مەزاری شەهیدان دادەنرێت.[2]
- هاوڵاتیان و بنەماڵەی شەهیدان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پاش تێپەڕینی 46 ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، یادی شەهیدانیان کردەوە و بانگەوازیان بۆ گەلی کورد ئەوە بوو، کە یەک ریز بن لەبرامبەر دوژمنەکانیان.[5]
- تەندروستی هەڵەبجە رایگەیاند: دوو توشبوی دیکەی کۆرۆنا چاکبونەتەوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دوو حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە کۆرۆنا لە دهۆک تۆمار کراون.[4]
- بزووتنەوەی گۆڕان، لەپەیامێکدا بە بۆنەی تێپەڕینی 46 ساڵ بەسەر بۆردومانی شاری قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانیدا، رایگەیاند: ئەمڕۆ رۆژی ئەوەیە، حکومەتی هەرێم شەڕی ناوخۆ حەرام بکات و راستگۆیانە روبەروی گەندەڵی ببێتەوە.[3]
- بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و راگەیاندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی رایگەیاندووە، دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی شارستانی عێراقی ماوەی راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق تاوەکو 22ی ئایار درێژکردەوە.[1]
- ئەمڕۆ بەشێکی دیکەی هاوکارییەکانی کەسایەتی دیاری سلێمانی جەمالی حاجی عەلی گەیەنرایە 1000 ماڵە هەژار. بەشێک لەهاوکارییەکان دران بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە نزیک شارۆچکەی قەرەهەنجیر لە سنووری کەرکوک گەنجێکی کورد دەکوژرێت و لە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەیدا جێدەهێڵدرێت. جێگەی گوللە و شوێنەواری خنکاندن بە جەستەیەوە دیارە. گەنجەکە ناوی هاورێ بەختیار مەحموودە، تەمەنی 27 ساڵانە و دانیشتووی گەڕەکی ئازادیی شاری کەرکوکە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دادی تورکیا 30 دۆسیەی تاوانی لە دژی 21 پەرلەمانتاری فراکسیۆنی هەدەپە پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی ئەم وڵاتە کرد.[1]
- بە تۆمەتی برسیکردن و ئەشکەنجەدانی کچێکی تەمەن پێنج ساڵانی کوردی ئێزدی و بەکوێلەکردنی دایکی ئە و منداڵە، چەکدارێکی پێشووی داعش بە ناوی تەها لە شاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا دادگایی دەکرێت.[1]
- عەلی حاجی زادە، فەرماندەی هێزی ئاسمانی لە سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، رایگەیاند، گریان و نرکە وناڵەی ئەمەریکایی و خۆرئاواییەکان بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەڵدانی مانگی دەستکردی سەربازی بۆ خولگەی دەرەوەی گۆی زەوی.[4]
- لە ماوەی 24 کەتژمێری رابردوو، هەزار و 168 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 93 کەسیش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە، بەوپێیەش ژمارەی ئەوکەسانەی لە ئێران تووشبوونیان بە کۆرۆنا تۆمارکراوە گەیشتە 88 هەزار و 194 کەس و ژمارەی ئەوکەسانەش بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە پێنج هەزار و 574 کەس، هەروەها تا ئێستا 66 هەزار و 596 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛️ پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛️ پارت / لایەن: 🕯️ بزووتنەوەی گۆڕان
🏛️ پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دێرسیم
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-04-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-04-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-24
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-26


کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 117

**2020-04-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380826



باکووری کوردستان
- لە شاری وان بە بیانۆی ئەوەی هێرشەکانی سەر زێنی وەرتێی باشووری کوردستانیان ئیدانەکردووە 5 کەس دەستگیرکران کە دووانیان منداڵن.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کرێکارانی کانی زێری ساریگونی قوروە، بۆ جارێکی دیکە لە نارەزایەتیی بە تاڵان بردنی ئەم کانزایە و سەرنج نەدانی بەرپرسان بە خواستەکانیان دەستیان لەکار کێشایەوە مانیان گرت.[7]
- بەپێی راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، هێزە ئەمنییەکانی رژیم لە شاری بانە چوار ئەندامی بنەماڵەیەکیان بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە نەیارکانی رژیم" دەستبەسەر کرد. بەپێی ئەم راپۆرتە، بەرەبەیانی ئەمرۆ، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لە گەڕەکی غەفوورئاوای شاری بانە هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی کەسێک بە ناوی "ساڵح کەریمی" و چوار ئەندامی ئەو بنەماڵەیان بە ناوەکانی "خەلیل کەریمی، کەریم کەریمی و بارزان کەریمی دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە. شایانی باسە، بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ ساڵح کەریمی بە هۆی ئەوەی کە تەمەنی زۆر بووە ئازاد کراوە و چارەنووسی سێ کوڕەکەی نادیارە.[7]
- هاووڵاتییەک بە ناوی جەمیل خادم تەمەن 42 ساڵ، لە سێرێیانی سێرووی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئەمنیەتییەکان هۆکاری دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان، هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران ڕاگەیاندووە.[9]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی تووشبوویەکی کۆرۆنا لە گوندی وڵیاوای شارباژێڕ تۆمارکرا، ئەمرۆ ئەو گوندەکە کەرەنتین کرا.[3]
- وەزارەتی تەندروستی داوا لە دایکان و باوکان دەکات منداڵەکانیان بکوتن، بەمەبەستی خۆپارێزی لە ڤایرۆس.[2]
- ئەمرۆ ژمارەیەک شەربەتخانە کە دیارترینیان شەربەتخانەی سەرگەڵووە لە شاری سلێمانی بەهۆی دروستبوونی قەرەباڵغییەوە داخرا، داوایان لێکرا بەدیلیڤەری یان لە مارکێتەکان شەربەتەکەیان بفرۆشن.[3]
- 133 خوێندکاری خەڵکی هەرێمی کوردستان کە لە ئەرمینیا گیریان خواردبوو، لە رێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەیشتنەوە هەرێمی کوردستان.[1]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی تایبەت بەهەڵبژاردنی لێپرسراوانی بۆردی مەکتەبەکانی یەکێتی کۆبوەوە و لێپرسراوی بۆردو مەکتەبەکانی بەدەنگدانی ئەندامانی سەرکردایەتیی هەڵبژارد.[2]
- شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ راگەیاند: ئەگەر حکومەت گوزەرانی خەڵک باش نەکات و موچە نەدات، ئەوە خەڵک لێیان قبوڵ ناکەن و چاوەڕێی کاردانەوەی توندبن، دەشڵێت: ئەوەی لەسەر ئێمەشە وەک جوڵانەوەی نەوەی نوێ، شان بە شانی جەماوەر لە هەمو شارو شارۆچکەکان دێینە سەر شەقام.[3]
- بەپێی بڕیارێک کە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە، لە سەنتەری سلێمانیدا ئۆتۆمبێلی تایبەت و تاکسی لەمەودوا بە سیستمی تاک و جوت دەبێتە بچنە سەر شەقامەکان، بۆ ئەمڕۆش تەنها ژمارە تاکەکان رێگە پێدراون.[4]
- بەشێک لە دەستگێرەکان و کاسبکارانی سلێمانی لەسەر مۆڵەتی رێپێدان، گردبونەوە و داوای دەستپێکردنەوە بە ئیشوکاریان دەکەن.[3]
- مەلا رەسوڵ محەمەد نادر سیوەیلی، کەسایەتیی ئایینی و بەرپرسی پێشووی لقی زانایانی ئایینی ئیسلام لە سلێمانی، کۆچی دوایی کرد.[6]
- بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقافی سلێمانی رایدەگەیێنێت، لە شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی 20%ی مزگەوتەکان کراونەتەوە، دەشڵێت، 02-05-2020 دەرگەی مزگەوتەکان دەکەنەوە.[1]
- قایمقامیەتی شارۆچکەی دوکان لە راگەیەندراوێک هاووڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە، بەهۆی ئەوەی

ئۆتۆمبێلێک کەوتووەتە ئاوی زێی بچووک، ئاوی زێی دوکان دەگرنەوە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- میدیای فەرمی عێراق، بەپشت بەستن بەنوسراوێکی فەرمی ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، لەبەرامبەر پابەند نەبونی هەرێم بەرادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت بەبەغداد، بڕیاردراوە رەوانەکردنی موچەی فەرمانبەران رابگیرێت.[8]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، لە ئەنجامی هێرشێکی گەریلاکانی پەکەکە بۆسەر بنکەیەکی هێزەکانی وڵاتەکەی، لە ناوچەی (هەفتەنین) لە هەرێمی کوردستان، سەربازێکیان کوژراوە و سێ سەربازی دیکەش بریندار بوون. هەروەها راشیگەیاند کە 12 گەریللایان کوشتووە. [3]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەربارەی راگەیێندراوەکەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا، سەبارەت بە رووداوەکانی ساڵی 1915 کە بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکان ناسراوە، رایگەیاند ئەو راگەیێندراوە بە لەبەرچاوگرتنی تێبینییە سیاسییە ناوخۆییەکان بڵاوکراوەتەوە، لەلای ئێمە هیچ بەهایەکی نییە. هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکەینەوە کە لە راگەیێندراوەکەدا هاتووە.[1]
- سەرۆکی فراکسیۆنی فەتح لە پەرلەمانی عێراق رایدەگەیێنێت، هێزە شیعەکان پەسندکردنی بەربژێرەکانی کورد لەلایەن مستەفا کازمی راسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق رەتدەکەنەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی تووشبوون، مردن و چاکبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای لە سەرانسەری وڵات بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە راگەیاند. بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستی عێراق، پشکنینی پزیشکی بۆ هەزار و 104 گومانلێکراو کراوە و لە ئەنجامەکاندا 55 حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکران.[6]
- سوپای نیشتمانی لیبیا، ڤیدیۆی خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی دەوڵەتی تورکی بڵاوکردەوە، کە ناوچەی وادی دینار خستوویانەتە خوارەوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی تورکیا رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردودا دو هەزارو 861 کەسی دیکە لەسەرتاسەری وڵات توشی کۆرۆنا بون و 106 کەسی دیکەش بە ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دوکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

ولات: AM ئەرمەنستان
ولات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-04-25
[2] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-04-25
[3] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-04-25
[4] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-04-25
[5] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-04-25
[6] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-04-25
[7] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-04-25
[8] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2020-04-25
[9] مالپەر | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-04-27
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 118
**2020-04-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380827




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی گەڤەری سەر بە جۆلەمێرگ بەهۆی بارینی باران و بەرفێکی زۆر ڕێگای 11 گوند داخر. هاوکات بەو هۆیەوە لە چەندین شوێن شاخەکان داڕمان و ڕێگای هاتوچۆیان وەستاندووە. بۆ کردنەوەی ڕێگاکان، هەوڵەکان دەستی پێکردووە، بە هۆی گیرانی ڕێگاکان، چەندین ئۆتۆمبیلیش گیریان خواردووە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەفشین حوسێن پەناهی، چالاکی مەدەنی و ژینگەیی لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری سنە، پاش تێپەڕکردنی نزیک بە 3 ساڵ لە ماوەی زیندانییەکەی، بە لێخۆشبوونی مەرجدار لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق لە ناوچەی مێهران سەر بە شاری ئیلام، ئەفسەرێک و سەربازێک بریندار بوون. فەرماندار دێهلوران لەو بارەیەوە ڕایگەیاند: ئەو ڕووداوە لە ناوچەی فەکەی سەر بە شاری مێهران ڕوویداوە و 2 کەس لە هێزەکانی ئەرتەشی حکوومەتی ئێران، بریندار بوون.[3]
- بەرپرسانی تەندروستیی پارێزگای سنە دەڵێن لە هەفتەی داهاتووەوە شەپۆلی دووەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای سنە دەستپێدەکات و لە شەپۆلی یەکەم زۆر مەترسیدارتر دەبێت. بەپێی ئامارەکان تا ئێستا 1093 کەس لە سنووری پارێزگای سنە تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیە 623 کەس چاکبوونەتەوە و 114 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 138 پزیشک، پەرستار و فەرمانبەری تەندروستی تووشی کۆرۆنا

بوون، زۆرترین تووشبووەکانیش لە پارێزگای کرماشانن.[4]
باشووری کوردستان
- سێ فڕۆکەی دەوڵەتی تورک ناوچەکانی (چیادێل، گەروی زراران، ڕۆبی و ڕواڵا، چیای کەوەت) یان لە برادۆست بۆردوومان دەکەن.[2]
- بەپێی ئەو زانیارییانەی هاوڵاتیانی ناوچەی برادۆست، بە ڕۆژنیوزیان داوە، سوپای داگیرکەری تورک لە بارەگای سەربازیی بەرمیزەی سەربە سیدەکان لە دەڤەری برادۆست سەرباز و جبەخانە دەگوازێتەوە بۆ بارەگای چیادێل. سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی گەورەی بارهەڵگری سەربازیی لە بارەگای سەربازیی بەرمیزەوە بەرەو دەشتی هێرتێ و چیادێل چوون.[2]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبوونێکی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 75 ساڵە دانیشتووی شاری دهۆکە بەرکەوتەی تووشبوونێکی پێشووە کە سەردانی کردووە.[8]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، پیاوێکی تەمەن 46 ساڵ دانیشتووی شارەدێی کەسنەزان و ئەوەی دیکەیان پیاوێکی تەمەن 32 ساڵ دانیشتووی کەمپی دارەشەکرانە لە پارێزگای هەولێر.[8]
- ڕۆژنامەنووس هێمن مامەند بە کەفالەتی شەش ملیۆن دینار ئازادکرا.[8]
- ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی لەبەردەم بینای ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی گردبوونەوە و داوا دەکەن کە مینحەکانیان هاوشێوەی زیندانیانی بەغدا بکرێت و ماوەکەی بۆ 25 ساڵ درێژ بکرێتەوە.[1]
- سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەوەی بەرپرسە لەدابینکردنی مووچەی فەرمانبەران حکومەتی هەرێمە، ئەو کێشانەشی رووەدەن لەنێوان هەرێم و بەغداد تاوانی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە.[5]
- کارمەندانی تەندروستی پێنجوێن و بەشێک لە کارمەندانی نەخۆشخانەی شەهید هەژار لە کەلار و نەخۆشخانەی گوڵاڵە کەسەر بە شارۆچکەی خانەقینە، بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە بایکۆتی دەوامیان دەستپێکرد. ئە و کارمەندانە داوا لەحکومەت دەکەن لەوە زیاتر بەرامبەر مافە داراییەکانیان خەم سادنەبێت و ڕێگەچارەیەک بۆ ئە و کێشەیە بدۆزێتەوە.[1]
- پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کۆیە بەناوی کامەران لوقمان لەکاتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک، لەلایەن تۆمەتبارەکەوە تەقەی لێ دەکرێت و دەکوژرێت.[4]
- دیندار زێباری، ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە کە مستەفا سەلیمی هاتبێتە هەرێمی کوردستان و پاشان ڕادەستی ئێران کرابێتەوە.[1]
- دیندار زێباری، بەرپرسی لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوامیدا گوتی: تائێستا هەرێمی کوردستان زیاتر لە 17 ملیار دیناری لە بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا خەرجکردووە. گوتیشی: زیاتر لە 600 هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری حکومەتی هەرێم گەڕێندراونەتەوە کوردستان، کە 100 هاووڵاتی لە هیندستان، 118 هاووڵاتی لە سعوودیە، 157 هاووڵاتی لە ئوردن، 107 کەسی ئەڵمانیا، 163 کەسی لە بەریتانیا، .
راشیگەیاند: لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا حکومەتی هەرێمی کوردستان 159 راگیراوی لە هەولێر ئازاد کردووە، هەروەها 248 گیراو لە سلێمانی و 319 لە دهۆک ئازاد کراون.[6]
- جەلال ئەمین بەگ بەرێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند لەماوەی بڵاو بونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و کەرەنتینە کردنی هاووڵاتیان 31 تۆمەتبار دەستگیر کراون کە ماددەی هۆشبەریان کێشاوە و بازرگانیان پێوە کردووە.[5]
- بەڕێوەبەری گشتیی گومرگی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، داوایان لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە هاوشێوەی دەروازەی سنووریی سەیرانبەن، دەروازەکانی کێلێ، پشتە و تەوێڵە بکرێنەوە.[4]

- گەنجێکی سلێمانی بەناوی برزو جەبار عەبدوڵڵا تەمەنی 19 ساڵ و لە رۆژی 19-04-2020 لەگەڵ دوو هاورێی سەردانی شارۆچکەی ماوەت لە شارباژێر دەکەن و لەوێ دەکەوێتە ئاوەوە و دەخنکێت. دوای هەفتەیەک ئەمرۆ تەرمەکەی دۆزرایەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- مەیادە نەجار پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عیراق دەربارەی بڕیاری بڕینی مووچەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ''ئەم بڕیارە سیاسییە و هەندێک حزبی سیاسی لەسەر دروستکردنی قەیران دەژین و ئەمڕۆش دەیانەوێت مووچەی هەرێمی کوردستان وەک کارتێکی فشار بەکاربهێنن''.[5]
- جەنەراڵ هالید ئەلمحجوب سەرۆکی بەشی بەڕێوەبەرایەتی ئەخلاقی لە سوپای نشتیمانی لیبیا ئاشکرای کرد، لە بەرەکانی ئەلوشکا، ئەلوەتیە و بەنی ئەلید 5 فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی دەوڵەتی تورکیان خستووەتە خوارەوە.[7]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق، ئەمڕۆ، توشبونی 57 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا ڕاگەیاند و دەشڵێت: کەسێکی دیکە بە ڤایرۆسەکە گیانی لەدەستداوە و 39 توشبوش چاکبونەتەوە.[5]
- لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 2 هەزار و 257 کەس لە تورکیا توشی کۆرۆنا بوون و 99 کەس گیانیان لەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کۆیە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سیدەکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ پێنجوێن
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: JO ئوردون
🗺 وڵات: DE ئەڵمانیا
🗺 وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
🗺 وڵات: هندستان
🗺 وڵات: سعودیە، عەرەبستان

🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: لیبیا
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 26-04-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 26-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 26-04-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 26-04-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 26-04-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 26-04-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-04-2020
[8] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 119

**2020-04-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380828



باکووری کوردستان
- عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پەکەکە بە تەلەفون لەگەڵ بنەماڵەکەیدا قسەی کرد.[7]
- محەمەد ئۆجالان، لەبارەی ناوەڕۆکی گفتوگۆکردنی لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رایگەیاند، کە ئۆجالان پێی وتووە، کە باری تەندروستی ئەو باشە، هەروەها دەڵێت، کە زۆربەی قسەکانی ئۆجالان لەبارەی دۆخی باشوری کوردستانەوە بووە و داوای یەکێتی نەتەوەیی کوردی کردووە.[4]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوکات لەگەڵ سێهەمین رۆژی مانگی رەمەزان لە ئێران کە لەو مانگەدا سزای سێدارە بەڕێوە ناچێت، بەڵام سزای سێدارەی هاووڵاتییەکی کورد لە بەندیخانەی ناوەندیی سنە جێبەجێ کرا. بە پێی راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، بەرەبەیانی ئەمڕۆ، سزای لەسێدارەی هاوڵاتییەکی خەڵکی بوڵوانئاوای-ی دێولان بە ناوی کەیوان ئەڵڵامورادی، تەمەن 28 ساڵ، لە بەندیخانەی ناوەندیی سنە جێبەجێ کرا.[6]
باشووری کوردستان
- رۆژنامەنووس هێمن مامەند لە دوای 2 جار دەستگیرکردنی لەسەر یەک، شەوی رابردوو لە هەولێر دادوەر بڕیاری ئازادکردنی بۆ دەرکردبوو، بەڵام بۆ ئەوەی رێگری لە ئازادکردنی بکرێت، لە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سکاڵایەکی تری لەسەر تۆمار کرا و زیندانی کرایەوە.[1]

- کەسێک لە کەمپی دارەشەکران لە هەولێر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، تووشبووەکە ئاوارەیەکی رۆژئاوای کوردستانە و بەهۆیەوە لەمرۆوە کەمپەکە کەرەنتین کراوە و هاتن و چوونیش بۆ نێو کەمپەکە قەدەغەیە.[2]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، سێ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، کە ئافرەتێکی تەمەن 26 ساڵ و کچێکی تەمەن 14 ساڵ و منداڵێکی تەمەن 8 ساڵانە دانیشتووی شارباژێڕن لە پارێزگای سلێمانی و بەرکەوتەی تووشبووی پێشوون.[7]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، 5 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، ئافرەتێک تەمەن 36 ساڵ و سێ منداڵ تەمەنیان 11، 15، 16 ساڵە و خانەوادەی تووشبووەکەی دوێنێ تەلار سیتی و پیاوێکی تەمەن 33 ساڵ، دانیشتووی شوقەکانی زانیاریە و بەرکەوتەی تووشبووەکەی دوێنێ یە.[7]
- پۆلیسی سلێمانی راگەیاند، شەوی رابردوو لە گەڕەکی چوارچرای شاری سلێمانی کچێک لە ماڵێکدا فیشەکی بەرکەوتووە و تا گەیاندنی کچەکە بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. ناوبراو روونیکردەوە، ئێستا پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە رووداوەکەیە تا بزانرێت چۆن روویداوە، کەس لەسەر روداوەکە دەستگیر نەکراوە.[6]
- جەنین هانس پلاسخارت، نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و نوێنەری لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لە نزیکەوە سەیری کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم کردووە و کارێکی زۆر باشیان لە بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا کردووە.[5]
- بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیانەوە، کارمەند، پزیشک و کارمەندانی، تەندروستی لە زۆرینەی نەخۆشخانە و مەڵبەندەکانی تەندروستی شاری سلێمانی، دەڤەرەکانی گەرمیان و راپەڕین و شارۆچکەکانی پێنجوێن و سەیدسادق بایکۆتی دەوامیان راگەیاند. لە زۆرینەی ئەو شوێنانەی بایکۆت راگەیەندراوە، تەنها نەخۆشە کتوپڕەکان لە بەشەکانی فریاکەوتندا دەبینێرن. دەستپێکردنەوەی بایکۆت لە کاتێکدایە، تا ئێستا زیاتر لە 50 رۆژە مووچە دابەش نەکراوە.[4]
- پۆلیسی کۆیە رایگەیاند، دوای ئەوەی تۆمەتبارێک پۆلیسێکی نەهێشتنی تاوان دەکوژێت و هەڵدێت، ئەمڕۆ توانرا ئە و تۆمەتبارە دەستگیربکرێت.[3]
- دەزگای روانگە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC) هاوکاری بەسەر ئاوارەکانی کەمپەکانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکات. بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەزگای روانگەش دەڵێت هاوکارییەکان بە سێ قۆناخ دابەش دەکرێن.[2]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کەمپینی هەموو رۆژێک خواردنی 100 ماڵی هەژار راگەیەنرا و توانا ئەمینی سەرپەرشتیاری کەمپینەکەش رایگەیاند: کەمپینەکە کراوەیە و هەر کۆمپانیا و سەرمایەدارێکیش بیەوێت دەتوانێت بەشداری بکات، لە ئێستاشدا خواردنی 15 بۆ 16 رۆژیان ئامادە کردووە.[3]
- شێرزاد حەمید، بەرێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی پارێزگای دهۆک، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا ڕیگەیاند: هاوڵاتیەک بەناوی کاوە عەبدوڵڵا، بڕی 122 ملیۆن دیناری بۆ کەسانی کەمدەرامەت دابینکردووە، ئێمەش لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە کەلوپەل و خوراک و پێداویستی تایبەتمان پێکریوە و بە سەر خێزانەکانی هەژار و کەم دەرامەتەکاندا دابەشمان کردووە.[4]
- بەشێک لە رێکخراوەکانی ژنان لە شاری کەرکوک، دژی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان گردبوونەوە و داوایانکرد لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵوێستی کرداریيان هەبێت بۆ بەرگرتن بە توندوتیژییەکان.[4]
- یاسین گەڵاڵی تێکۆشەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و باوکی بەهرۆز گەڵاڵی کادیری پێشکەوتووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دواییکردوە و بەهۆی رێنماییەکانی بەرەنگاری ڤایرۆسی کۆرۆنا پرسەی بۆ دانانرێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- شاری نۆتینگهامی بەریتانیا کە ئێستا سەرۆکی شارە ئەدەبیە داهێنەرەکانی یونسکۆیە فیچەرێک

لەسەر ئۆفیسی سلێمانی شاری دا هێنەری ئەدەبی یونسکۆ بڵاودەکاتەوە وەک یەکەم شار لەزنجیرەی نمونەی ئەو شارانەدا کە داهێنەرانە روبەڕووی ڤایرۆسی کۆرۆنا بونەتەوە.[3]
- شەوی رابردوو، هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل چەندین شوێنی سوریای موشەکباران کرد. سیستمی بەرگریی ئاسمانیی سوریا وەڵامی هەندێک لە هێرشەکانی دایەوە.[1]
- لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوو، 991 کەس تووشی کۆرۆنابوون و 96 کەسیش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە، بەوپێیەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران تووشبوونیان بە کۆرۆنا تۆمارکراوە گەیشتە 91 هەزار و 472 کەس و ژمارەی ئەو کەسانەش بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە پێنج هەزار و 806 کەس، هەروەها تا ئێستا 70 هەزار و 933 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IL ئیسرائیل
وڵات: SY سووریا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 27-04-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 27-04-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 27-04-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 27-04-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 27-04-2020

[6] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 27-04-2020
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 120

**2020-04-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380829




رۆژهەڵاتی کوردستان
- زیندانییەک بە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست بە ناوی فایەق شەریفی خەڵکی شاری دیواندەرە لە زیندانی ناوەندی شاری سنە، لە سێدارە درا.[6]
- سزای لەسێدارەدانی دوو هاووڵاتی کورد بە ناوەکانی "زرار پەیغامی و یاسر رەسووڵی" لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کرا.[7]
- بەیانی ئەمڕۆ فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بەرزاییەکانی خواکورکیان بۆردوومان کردووە، لەئەنجامدا دوو گەنجی شاری شنۆ بەناوەکانی فاخر تازەوارد، تەمەن 35 ساڵ و رەشید میرۆیی، تەمەن 36 ساڵ شەهید بوون. ئەو دوو گەنجە بۆ کۆکردنەوەی گیا بەهارییەکان چووبوونە ناوچەی خواکورک.[5]
باشووری کوردستان
- رۆژنامەنووس هێمن مامەند دیسانەوە شەوی رابردوو لە هەولێر بۆ جاری سێیەم بە کەفالەت ئازادکرا.[1]
- فرۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی تورک گەلی گوهانە لە سنووری شارەدێی دینارتە لە شارۆچکەی ئاکرێ بوردومان کرد.[2]
- لقی سلێمانی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بایکۆتی دەوامی راگەیاند و تەنها یەکەکانی فریاکەوتن و روبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا دەوامیان تێدا دەکرێت.[8]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، یازدە تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، چوار پیاو و چوار ئافرەت و سێ منداڵ لە نێویاندا پیاوێکی تەمەن 75 ساڵ دانیشتووی گروپی ئەندازیارانی شاری هەولێرە دوای گیانسپاردنی پشکنینەکەی پۆزەتیف دەرچوو وە ئەوانی تر هەموویان دانیستووی شارۆچکەی سۆرانن و بەرکەوتە و خانەوادەی تووشبووێکی پێشوون.[1]
- سێ چەکدار هێرشیانکردە سەر دەزگای هەواڵگریی کەرکوک، دوو کەسیان خۆیان تەقاندووەتەوە، لەم هێرشەدا ژمارەیەک لە کارمەندانی دەزگاکە برینداربوون.[3]
- لەدوای کەمکردنەوەی رێکارەکانی قەدەخەی هاتووچۆ، بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی هۆشداری لە سەرهەڵدانی شەپۆلێکی دیکەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەدات و دەڵێت، ئەو قەرەباڵخییەی لە بازاڕەکاندا دروست بووە جێگەی نیگەرانییە، چونکە تاوەکو ئیستا ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسیەکی جیددییە.[3]
- بەگوێرەی راگەیەندراوێکی پۆلیسی سلێمانی، پاش ئەوەی چەند شەوێک لەمەوبەر کچێک لەماڵەکەی خۆیدا لەگەرەکی چوارچرا بەفیشەک کوژرا، توانرا لەماوەیەکی کەمدا و کەمتر لە 24 کاتژمێر تۆمەتباران و ئەنجامدەرانی رووداوەکە دەستگیر بکرێن.[4]
- دوای تۆمار کردنی چەند حاڵەتێکی دیکەی کۆرۆنا لە هەولێر، پشکنین بۆ 400 کەسی دانیشتووی کەمپەکانی قوشتەپە و دارەشەکران کراوە، ئەمرۆ ئەنجامەکەی راگەیەندرا و سەرجەم پشکنینەکان نێگەتیف دەرچوون.[4]
- دوای ئەوەی بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی رایگەیاند، لە 2ی ئایارەوە دەرگای مزگەوتەکان دەکرێنەوە، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بڕیاری کردنەوەی دەرگای مزگەوتەکان لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەیدات.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە بێفڕۆکەوانە هێرشبەرەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 03:40 لە خاڵێکی ئاسایشی کۆبانێیان دا. بەهۆی هێرشەکەوە زیانێکی زۆر روویداوە.[1]
- لە نزیک باڵەخانەی شارەوانی کۆنی عەفرین کە دوای داگیرکردنی عەفرین وەک ناوەندی جەتەکانی دەوڵەتی تورک بەکاردەهێنرا، تەنکەرێکی پڕ لە تەقەمەنی تەقیەوە. بە پێی زانیاریەکان لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا زیاتر لە 60 چەتە کوژراون و ژمارەیەکی زۆر چەتەش بریندارببوون.[2]
- کاتژمێر 23:35 بۆمبێک لەسەر ڕێگای ئۆتۆمبێلێکی گروپی چەتەی جێش ئەلشەرقیە تەقیەوە و سەرۆک چەتەیەک و کەسێکی تر کوژران. بە پێی زانیاریەکان کەسێک بە ناوی جاسم ئەلباسات فەرماندەی گروپی چەتەی جێش ئەلشەرقیە کوژراوە. بەڵام ناسنامەی کەسەکەی تر نەزانراوە.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی حەربەل-یان لە شەهبا بۆردومانکرد. لە تۆپبارانەکەدا ماڵ و حاڵ و زەوی و باخی هاووڵاتییان کرابووە و ئامانج.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سە رۆکایە تی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان گەیشتە بەغدا، بە مە بە ستی دۆزینە وە ی ڕێگە چارە بۆ کێشە هە ڵپە سێردراوە کانی نێوان هە رێم و بە غدا.[1]
- فراکسیۆنە شیعەکان لە ماڵی هادی عامری، سەرۆکی هاوپەیمانیی فەتح کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بە ڕێککەوتن لە پەرلەمانەوە مستەفا کازمی وەک سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق تێپەڕێنن.[3]
- فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە لیبیا ئۆتۆمبێلێکی مەدەنییان کردووەتە ئامانج و تێدا پێنج هاوڵاتی کوژراون.[5]
- لە تورکیا، لە ماوەی 24 کاتژمیری رابردوودا 92 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[1]
- سەرۆک کۆماری عێراق بانگهێشتی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق کرد و پێیراگەیاندن، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مافێکی دەستوورییە و نابێت ببێتە بابەتێکی سیاسی.[3]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی تووشبوون، مردن و چاکبوونەوەی کۆرۆنای لە سەرانسەری وڵات بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە راگەیاند و بە بەراورد بە رۆژانی رابردوو ژمارەی تووشبوون بە پەتاکە بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەگوێرەی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستی عێراق، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا پشکنینی پزیشکی بۆ 4 هەزار و 648 گومانلێکراو ئەنجامدراوە و تووشبوونی 81 کەسی دیکە بە پەتاکە پشتڕاست کرایەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: لیبیا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-04-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 28-04-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-04-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-04-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 28-04-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 28-04-2020
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-04-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 121

**2020-04-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380830



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە بەرەبەری ڕۆژی جیهانیی کرێکارانی، ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری سنە دوو چالاکی کرێکاری و دوو کەسی دیکە بە ناوەکانی موزەفەر ساڵح نیا وێڕای هاوژینەکەی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کرد و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرد. ئەو دوو چالاکە کرێکارییە، پاش چوار کاتژمێر لێپرسینەوە، لە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی سنە، ئازاد کران. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەمڕۆ دوو چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی ڕامین کەریمی و یووسف گرامیپەروەر لە ڕێگای تەلەفوونەوە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کران.[6]
- بورهان کەمانگەر، ئەندامی گرووپی مۆسیقای کۆڕاڵی کامیاران، لەهەمبەر دژایەتیکردنی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بە پێنەدانی مورەخەسی، بە تەقەڵدانی لێوەکانی، مانی لە خواردن گرتووە.[6]
- بەرپرسی مۆزخانەی گوندی نێ مەریوان بە ناوی فاتیح ئەرژەنگی کوڕی محەممەد شەریف لەلایەن پاسگای زرێبارەوە بانگهێشت و دواتر دەسبەسەر کرا.[6]
- ژنێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی (س. م) خەڵکی شارۆچکەی ماژین-ی دەرەشار سەر بە پارێزگای ئیلام لە لایەن براکانیەوە درایە بەر دەسترێژی گوڵلە و گیانی لە دەست دا.[3]
باشووری کوردستان

- بومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوری 4.6 پلەی ریختەر شاری سلێمانی و دەوروبەری هەژاند.[7]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 32 ساڵە، دانیشتووی شاری سلێمانیە، نەوە و بەرکەوتەی تووشبووێکی پێشووە.[7]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی کەرکوک، هەڕەشەی لەکاردەرکردنی 150 کارمەند و پزیشکی کورد دەکات، لەبەر ئەوەی ماوەی مانگێکە دەوامیان نەکردووە، بەهۆی ئەوەی لەهەولێرەوە ڕێگایان نادرێت بگەڕێنەوە کەرکوک.[5]
- یەکێتی هەناردەو ناردنکارانی کورستان بڵاویکردەوە، لە چارەگی یەکەمی ئەمساڵدا، هەناردەکانی تورکیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە، ملیارێک و 400 ملیۆن دۆلار.[2]
- ئەو کەسانەی بەنیازبوون بچنە زینی وەرتێ، ڕەخنە لە ڕێگریلێکردنیان دەگرن لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە و دەڵێنئەمڕۆ ڕێگریی لە دایکی شەهیدان و کەسوکاری شەهیدان کرا، جەختیش لە داواکارییان بۆ گەڕانەوەی ئەو هێزەنە دەکەنەوە، کە لە زینی وەرتێ جێگیر کراون.[5]
- لە شاری کەرکوک ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵوێستیان دەربڕی و ئاماژەیان بەوەکرد، کە بەهۆی هەوڵە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکەوە ئاڵۆزیی لە هەرێمی کورستان و عێراق دروستبووە، داوایان لەهەموو لایەنکان کرد ڕێگا بە شەڕی براکوژیی و داگیرکاریی دەوڵەتی تورک نەدەن.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- نوری مەحمود وتەبێژی یەپەگە دەڵێت، لە 28ی نیسانی 2020 تەقینەوەیەک لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی سوتەمەنی کە بۆمبڕێژکرابوو لە عەفرین تەقیەوە. هەندێک لایەن بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە تەقینەوە بکەن، بە شێوەیەکی خێرا یەپەگەیان وەک بەرپرسی تەقینەوەکەدا لەقەڵەمدا. ئەو تۆمەت و تاوانانە دوورە لە راستیەوە و ئێمە هیچ پەیوەندیەکانمان بەم ڕووداوەوە نییە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدایە و بڕیارە ئەمڕۆ ڕێککەوتنێک بکەن بۆ ئەوەی هەرێم نەوت ڕادەست بکات و ئەوانیش موچە ڕەوانە بکەن، بۆیە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێت و کێشەکە چارەسەر دەبێت.[3]
- مایک پۆمپەیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە تووێتێکیدا نووسیوویەتی، هێرشەکەی عەفرین بۆ سەر خەڵکی بێتاوان، هێرشێکی تیرۆرستییە و لە هیچ لایەنێکی بەشدار لە ململانێکانی سووریا قبوڵناکرێت.[1]
- ئیمپراتۆری ژاپۆن وەک ڕێزلێنانێک لە هەوڵەکانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی دۆستایەتی و پەرەدان بە تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان ژاپۆن و عێراق لەسەر ئاستی شارەوانییەکاندا، مەدالیای زێڕین بە سەرۆکی پێشووی شارەوانی هەڵەبجە دەبەخشێت.[1]
- لە تورکیا، بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 89 کەس گیانیان لەدەستداوە. بە پێی لێدوانی بەرپرسانی تورکیا بێت، تا ئێستا 3 هەزار و 81 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئیلام
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ⚪ کامیاران
شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ژاپۆن
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 29-04-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 29-04-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 29-04-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-04-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 29-04-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 29-04-2020
[7] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 122
**2020-04-30**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380831



باکووری کوردستان
- پارێزەران و خانەوادەی ئۆجالان و گیراوانی دیکەی زیندانی دوورگەی ئیمرالی، بۆ ئەوەی بچنە ئیمرالی داواکاریی دیداریان پێشکەش کرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- قایمقامی سەوڵاوا رایگەیاند، بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا ئەمساڵ رێوڕەسمی کۆمسای لە هەورامانی تەخت سازناکرێت.[1]
- لە چەند رۆژی رابردوودا، کچێکی لاو بە ناوی سومەیە بەهمەنی تەمەن 23 ساڵ کچی عومەر، بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی لە مەریوان (خۆی سووتاند). کێشەی بنەماڵەیی هۆکاری سەرەکیی خۆسووتانی ئەو کچە لاوە بووە. سومەیە بەهمەنی دەزگیراندار بووە.[6]
- لەم رۆژانەدا 7 کەس بە ناوەکانی: هادی ئەحمەدپوور کوڕی مەحموود، ئیدریس کەریم زادە، خەلیل کەریمی کوڕی ساڵح، کەریم کەریمی کوڕی ساڵح و بارزان کەریمی کوڕی ساڵح خەڵکی شاری بانە، فەرهاد ئەحمەدیپوور کوری عەبدوڵلا و بێستوون ئەحمەدیپوور کوڕی عەبدوڵلا لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون. هێزە ئەمنییەتییەکان، بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییانە و ئەوانیان دەسبەسەر کردووە. هەتا ئەمرۆ بەدواچوونی بنەماڵەی ئەو 7 هاووڵاتییە کوردە دەسبەسەر کراونە، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی کوڕەکانیان بێ ئاکام ماوەتەوە و ناوەندە ئیتلاعاتییەکان لە دانی هەر جۆرە زانیارییەک بە بنەماڵەی دەسبەسەرکراوەکان خۆیان دەبوێرن.[6]
- زەینەب جەلالیان ژنە گیراوی سیاسی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە لە زیندانی شاری 'خۆی' گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[3]
- چەند رۆژ پێش، هێزە ئەمنییەتییەکان هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی فەرشاد رەحمانی تەمەن 33 ساڵ خەڵکی شاری کامیاران دەسبەسەر کرد.[6]
- ئارەزوو فەلاحی بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانی زانکۆی زانستی پزیشکیی سنە، باسی لە تووشبوونی 44 منداڵ و مێرمنداڵ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە پارێزگای سنە کرد کە 2 مێرمنداڵی تەمەن 12 ساڵ و مێرمنداڵێکی تەمەن 2 ساڵە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەست داوە.[6]
- ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە، چوار چالاکی کرێکاریی بانگهێشت کرد و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن. شەیس ئەمانی، شەریف ساعدپەنا و هاوژینەکەی شەهلا دڵبینا لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە لە رێگای تەلەفۆنەوە بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کران. ئیتلاعاتی سنە، لە کاتژمێر 11 هەتا 3ی دوانیوەڕۆ، لێپرسینەوەیان لەگەڵ کردبوون و هوشداریی بەو چالاکە کرێکارییانە دابوو کە لە هەر چەشنە چالاکییەک لە رۆژی جیهانیی کرێکاران خۆیان ببوێرن.[6]
باشووری کوردستان
- تەندروستیی کەرکوک تووشبوونی پێنج کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگاکە راگەیاند.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، پێنج تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران. وەزارەتی تەندروستی بڵاویکردەوە، پیاوێک تەمەن 49 ساڵ و ئافرەتێکی تەمەن 23 ساڵ و کچێکی 14 ساڵ لە شارۆچکەی سۆران لە گەرەکی 26 گوڵان تووشی ڤایرۆسەکە بوون. ئاماژەی بەوەشکردووە، تووشبووی چوارەم پیاوێکی تەمەن 67 ساڵییە لە شارەدێی سمیلان. تووشبووی پێنجەم کوڕێکی تەمەن 18 ساڵییە لە تەلار سیتی لە شارەدێی کەسنەزان، لە هەمان خێزانی تووشبووی پێشووە. هەموو توشبووەکان بەرکەوتەی تووشبووەکانی پێشوون.[7]
-لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، هەشت توشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، کە حەوت توشبوو دانیشتوی گەرەکی سێتاقانە هەموویان بەرکەوتەی توشبوێکی پێشووی تەلار سیتیە لە شارەدێی کەسنەزان، کە لەنێویاندا سێ ئافرەت تەمەنەکانیان (85)، (43)، (36) ساڵن و چوار منداڵ تەمەنەکانیان (12)، (10)، (6)، (5) ساڵن.[7]

- تەندروستی کۆیە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەنجامی پشکنینی 100 کەسی ڕاگەیاند کە نێگەتیڤ بون و بەشداری پرسەی توشبویەکی کۆرۆنایان کردوە.[2]
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: لە دوای 2ی ئایارەوە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەستپێدەکاتەوە و ئەولەویەتی کارەکانییان پرسی موچە دەبێت.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کرێکارانی پاککەرەوەی ناو شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەبەردەم کۆمپانیاکەیان گردبوونەوە و نەچوونە سەر کار و بۆ مافەکانیان هەڵوێستیان دەربڕی. ئەوکرێکارانەی مانگرتنیان ڕاگەیاندووە، ژمارەیان زیاتر لە 20 کرێکار دەبێت و بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیانەوە نەچوونەتە سەرکار، کە سێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە.[3]
- شەش سەندیکای پزیشکی لەسلێمانی ڕاگەیەنراوێکیان بۆ ڕایگشتی کە ئاڕاستەی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەیان کردوە بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، کە، بەهۆی پێنەدانی مووچە کارکردن رادەگرین.[2]
- هونەرمەند سەعید گاباری، بەهۆی شێرپەنجەی سییەکانیەوە لە هەولێر لەژێر چاودێری چڕی پزیشکیدایە. خانەوادەی سەعید گاباری دەڵێن، ماوەی چوار ڕۆژە لە نەخۆشخانە لەژێر چاودێری چڕی پزیشکیدایە و باری تەندروستیی ناجێگیرە.[1]
- لەشارۆچکەی خورماتوو بەبۆنەی رۆژی جیهانی کرێکارانەوە، حزبی شیوعی کوردستان هاوکری بەسەر 110 کرێکاردا دابەشکرد.[3]
- سەرکەوت شەمسەدین، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- فراکسیۆنی ئاینده و غالب محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران- فراکسیۆنی گۆڕان، ئەمڕۆ لە نوسینگەی ئەنجومەنی نوێنەرامی عێراق لە شاری سلێمانی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیيان بەڕێوەبرد. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا غالب محەمەد و سەرکەوت شەمسەدین، ئەوەیان خستەڕوو، کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت و داهاتی ساڵانەشی هەشت ملیار و 500 ملیۆن دۆلارە و لە بڕەش تەنیا سێ ملیار دۆلار بۆ هەرێم دەمێنێتەوە، ئەوانی دیکەی بۆ تورکیا و حەقدەستی کۆمپانیاکانی دیکە دەڕوات، ئەمەش واتە هەرێمی کوردستان زەرە دەکات لە جیاتی قەزانج، چونکە ئەگەر هەرێمی کوردستان ئەوە 250 هەزار بەرمیل نەوتەی ڕۆژانەی بناردایە بۆ بەغدا ئەوا شەش ترلیۆن و نیو دۆلاریان دەست دەکەت.[3]
- کۆچی دوایی نیعمەت خانی حەمەی ئاورەحماناغا، پووری نێچیرڤان بارزانی.[7]
- لە سلێمانی جارێکی تر نرخی بەنزین دادەبەزێت و بڕیارەوە لە ئەمڕۆوە نرخە نوێیەکەی بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. نرخی لیترێک بەنزینی نۆرماڵ بۆ 500 دینار و موحەسەن بۆ 600 دینار و سۆپەر بۆ 675 دینار بەپاراستنی تەواوی کوالێتییەکەیانەوە دادەبەزێنرێت.[5]
- لە هەولێر، پیاوێک نارنجۆکێک هەڵدەداتە ماڵی زاواکەیەوە و بەهۆیەوە کچەکەی گیان لەدەستدەدا و زاواکەشی بریندار دەبێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمەڵەی بێرتێلسمانی ئەڵمانی BTI بۆ توێژینەوە، نوێترین ڕیزبەندی وڵاتانی دیموکراسی بۆ ساڵی 2020 بڵاوکردەوە و بەگوێرەی ڕیزبەندییەکە، چیدی تورکیا بە وڵاتێکی دیموکراسی ناوزەد ناکرێ.[1]
- بەڕێوەرایەتی گومرگەکانی ئێران ڕایدەگەیەنێت، لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا، حەوت هەزار و 264 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری پڕ لەکەلوپەل بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق هەناردەکراوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاماری 24 کاژێری تووشبوون و مردن بە کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند 71 کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و هەروەها 983 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[1]
- ئەمڕۆ شاندەکەی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی بۆ جاری دووەم لەگەڵ سامر غەزبان، جێگری سەرۆکوەزیران بۆ کاروباری وزە و وەزیری نەوتی عێراق کۆبوونەوە و پرسی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان تاوتوێکردووە.[1]
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستی تورکیا ڕایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 2 هەزار و 615 کەس توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، 93 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | ☭ حزبی شیوعی کوردستان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ پاوە (هەورامان) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کامیاران |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆیە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🗺️ وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄️ سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-04-2020

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 30-04-2020

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-04-2020

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 30-04-2020

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 30-04-2020

[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 30-04-2020

[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-03-01 7:49:43 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 123

**2020-05-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200301194943380832




باکووری کوردستان
- لە شاری چەولیک سەربازە داگیرکەرەکانی تورک کێلی گۆڕی گەریلا شەهیدەکانیان شکاند و دواتر بە خانەوادەکانیان وت، کێلی گۆڕەکان پاکبکەنەوە.[1]
- لە چوارچێوەی رێوشوێنەکان لە دژی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covîd-19) لە 31 شاری گەورەی باکووری کوردستان و تورکیا چوونەدەرەوەی هاووڵاتیان لە ماڵەکانیان قەدەغە کرا.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک لە ناوچەی رێیا ئارمووش لە وان هەڵیکوتایە سەر گەڕەکی خاچۆرت. پۆلیسەکان کە هەموو دەرگاکانیان شکاند و هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵ و باڵەخانە، 14 کەسیان دەستگیر کرد.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی یەکی دادسەرای نیزامیی ورمێ، هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی سەید سامان حوسێنی خەڵکی شاری رەبەت، بە دوو ساڵ زیندانیی تەعزیری و دوورخرانەوە بۆ زیندانی ئەردەبێل مەحکووم کرد.
لقی یەکی دادسەرای نیزامیی ورمێ، ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە سیخوڕی بۆ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[2]
- تەرمی دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شنۆ بە ناوەکانی فاخر تازە وارد و رەشید پیرۆتی کە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیەوە لە بەرزاییەکانی خواکورک لە بەرزاییەکانی هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستدا بوو، پاش چەند رۆژ گەڕان و پشکنین تەرمەکانیان دۆزرایەوە.[2]
باشووری کوردستان
- لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران داوا لە وەزارەتی کار دەکات قەرەبووی ئەو کرێکارانە بکاتەوە کە بەهۆی کەرەنتینەوە بێکار بوون و داواش دەکەن هێنانی کرێکاری بیانی لەلایەن خاوەنکار و کۆمپانیاکانەوە سنوردار بکرێت.[4]
- 28 رێکخراو چەند داواکارییەکیان لە سەر دۆخی کرێکاران ئاراستەی حکومەت کرد و داوای دابین کردن بیمە و قەرەبووکردنەوەی مووچەی فەوتاوی کرێکارانیان کرد.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکرا.[6]
- تەندروستی کەرکوک ئاشکرایکردوە، کە حەوت حاڵەتی نوێی کۆرۆنا لەسنوری پارێزگاکەیان تۆمارکراوە.[4]
- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان درێژکردنەوەی قەدەغەی هاتووچۆی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تاوەکو 10-05-2020 راگەیاند.[6]
- رێکخراوێکی خێرخوازیی کوردانی ئێزدی لە ئەڵمانیا هاوکاریی دارایی بەسەر هەزار و 900 خێزانی هەژاری پارێزگای دهۆکدا دابەشکرد. بە گوێرەی ئاماری بەرێوەبەرایەتیی چاودێریی کۆمەڵایەتیی دهۆک، زیاتر لە 35 هەزار خێزان پێویستیان بە هاوکارییە و ناویان تۆمارکراوە.[8]
- ئەنجومەنی فشار لە شاری سلێمانی رایدەگەیەنێت سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و نارەزایەتی سەرتاسەریی لە هەرێمی کوردستان دژ بەو دۆخە ئابورییە سەختەی هاوڵاتیان تێیکەوتون و داواش لە هاوڵاتیان دەکات لەو ساتەی بۆیان دیاری دەکرێت برژێنە سەر شەقامەکان.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ماکسیم ماکسیمۆڤ، باڵیۆزی روسیا لە عێراق رایگەیاند، وڵاتەکەی ئامادەیە سیستمی بەرگریی ئێس 400 بە عێراق بفرۆشێت و لەو چوارچێوەیەشدا چاوەڕێی بڕیاری بەغدان لەوبارەیەوە.[3]
- دوای ئەوەی زنجیرە درامای کۆمیدی بنج عام، کە لە کەناڵی UTVی عێراقی پەخشدەکرێت، لە ئەڵقەیەکدا باسی کەنیزەک و رفاندنی ئافرەتانی ئێزدی کردبوو، بەرنامەکە رووبەڕووی رەخنە بویەوە و چالاکوانانی ئێزدی ئە و بەرنامەیان بە سوکایەتیکردن بە پیرۆزیی ئاینەکەیان و پەیڕەوانی ئێزدیی لە قەڵەمدا. وەزارەتی رۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەواری عێراق لە بەیاننامەکەیدا، داوایکردووە، لە کاری هونەریدا تا ئە و پەڕی رادە رەچاوی پێکهاتە و سرووشتی کۆمەڵگەی عێراق بکرێت و نابێت بە هیچ شێوەیەک سوکایەتی بە ئاین و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بکرێت.[5]

- شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتیی هەیسەم جبوری، بۆ تاوتوێکردنی کێشە داراییە کەڵەکەبووەکانی نێوان بەغدا و هەولێر کۆبوونەوە.[5]
- جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، دەبوایە سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان بکردایە، چونکە بەشە بودجەی هەرێم بەبڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بڕدراوەو بەپێی ئەتیکێتی دیپلوماسی دەبوایە شاندەکە لەسەر ئاستێکی بەرزتر بوایە بەتایبەتیش بۆ بابەتێکی لەو جۆرە کە پەیوەستە بەژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، دەبوایە حکومەتی هەرێم جدیتر رەفتار بکات.[7]
- بەرپرسانی تورکیا ئاماژەیان بەوەدا لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 2 هەزار و 188 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 84 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق لە راگەیێندراوێکدا رایگەیاند، 68 کەس لە سەرتاسەری وڵاتدا تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 39 تووشبووی ڤایرۆسەکەیش چاکبوونەتەوە.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🗺 وڵات: DE ئەڵمانیا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا

Quick Respons Code:


📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-01
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-01
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-01
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-01
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-01

[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-01
[8] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-01

کاتی تۆمارکردن: PM 7:49:43 2020-03-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 124

**2020-05-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382119




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- باوکی زەینەب جەلالیان ژنە گیراوی سیاسی کورد، ڕایگەیاند: چەند ڕۆژە کچەکەم بە ئۆتۆمبێلێکەوە بە چاوبەستراوی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە شاربەشاری پێدەکرێت.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا ئەدوایی خەڵکی گوندی سلێن لە ناوچەی هەورامان سەر بە شاری سەوڵاوا، بە هۆکاری نادیار دەسبەسەر کرا و هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، شەش تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران. کۆی گشتی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە هەرێمی کوردستان (387) تووشبوو، لەنێویاندا (5) مردن هەیە و (327) نەخۆش چاکبووەتەوە، وە ئێستا تەنها (55) نەخۆش لەژێر چاودێری پزیشکی دان.[1]
- بە مەبەستی خۆپاراستن لە ڤایروسی کۆرۆنا و ڕێگرتن لە بەریەککەوتنی هاووڵاتیان کە هوکارە بۆ گواستنەوەی ڤایروسی کۆرۆنا، وەزارەتی ناوخۆ سیستەمی ڕێگەپێدانی ئەلکترونی دامەزراند کە تا بەردەوامی قەدەغەی هاتووچۆ کارا دەبێت.[2]
- جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا داعش لە ناوچە کێشەلەسەرەکان 85 هێرشی ئەنجامداوە و بەو هۆیەشەوە 70 کەس کوژراون و 41 کەسیشی ڕفاندوون.[6]
- سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: لەم ڕۆژانەدا پارەیەکی زۆر چۆتە بانکی ناوەندی هەرێم لە هەولێر و دەشڵێت: پارە هەیە بۆ موچە دابەش ناکەن.[8]
- گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد، پشووی دامودەزگا فەرمییەکان بەردەوامدەبێت تاوەکو بڕیاری نوێ دەردەچێت.[6]
- لە شارەدێی زومار لە نزیک تەواڵێتی مزگەوتێک تەرمی منداڵێک دەدۆزرێتەوە کە بە بلۆک کوژراوە. ئەو منداڵە ناوی شاهین وسام سەلوانە و تەمەنی 8 ساڵانە و شەوی ڕابردوو سەعات 11 بۆ شت کڕین لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە، دوای گەڕان بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- داگیرکەرانی دەولەتی تورک هێرشیان کردە سەر دانیشتووە مەدەنیەکانی گوندی خربتبەقری سەر بە ناوچەی گرێ سپی.[7]
دەرەوەی کوردستان
- بەرە بەیانی ئەمڕۆ چەتەکانی داعش هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر ناوچەکانی پارێزگای سەلاحەدین ئەنجامدا و بەهۆیەوە 10 چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[3]
- بەگوێرەی بەیاننامەیەکی دەستەی ئاماری تورکیا، بەهۆی داخستنی گشتی و ئەو ڕێوشوێنانە

لەلایەن حکومەتەوە گیراوەتەبەر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە مانگی نیسان پێنوێنی متمانە بە ئابووری تورکیا داکەوتنی بەرچاوی تۆمارکردووە، بەجۆرێک بەرێژەی 44.1% داکەوتووە لەسەر بنەمای مانگانە.[4]
- ئەتڵەسی زیندانەکانی ئێران (اطلس زندان های ایران) لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا، ئامارێکی نوێی لە دۆسیەی زیندانییانی سیاسی لە ئێران بڵاو کردووەتەوە کە بەرپرسانی دادوەریی ئێران لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی 2020ی زایینی، بە هۆکاری سیاسی، 526 ساڵ زیندانیی بەسەر هاووڵاتییاندا سەپاندووە. راپۆرتی ئەو ناوەندە باس لە سەپاندنی حوکمی 10 ئێعدام بە هۆکاری سیاسی بەسەر هاووڵاتییان لە ئێراندا دەکات.[5]
- لە تورکیا لە ماوەی ئەو 24 کاتژمێرەدا 1984 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 78 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. بەم پێیە لەو وڵاتە ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە 124 هەزار و 375 کەس و 3 هەزار و 336 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[7]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران ئاشکرایکرد، 802 حاڵەتی نوێی تووشبوون و 65 حاڵەتی نوێی گیان لە دەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏣 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: ⬅️ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-02
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-02
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-02
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-02
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-05-02
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-02
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-02

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار:                    هاوڕێ باخەوان

بابەت: 125

**2020-05-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382120




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەحموود مورادی کوڕی حاجی جەلال، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری هەنگەژاڵی بانە گیانی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە کوردە ماوەی 18 ڕۆژە ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە. هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، ئەم کۆڵبەرە کوردەیان داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە و تەرمی مەحموود مورادی ڕەوانەی نەخۆشخانەی بانە کراوە.[5]

- کاتژمێر 09:00ی شەوی ڕابردوو، لە خاڵی سنووری نۆکان- کانی زەرد لە سەردەشتی سەربە پارێزگای ورمێ، لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران تەقەیان لە گروپێک کۆڵبەر کردووە. بەپێی هەواڵێکی کۆڵبەرنیوز، لەو هێرشەدا، کۆڵبەرێک بەناوی محەمەد ئیبراهیم زادە کە خەڵکی گوندی نەبی ئابادی سەر بە شارۆچکەی ڕەبەتە، کە باوکی سێ منداڵە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران کوژراوە.[4]

- فەرزین ڕەزاعی سەرۆکی زانکۆی پزیشکی پارێزگای سنە بە ئاژانسی میهر-ی ئێرانی ڕاگەیاندووە: تا ئێستا سێ هەزار و 652 پشکنین بۆ هاووڵاتیانی ئە و پارێزگایە کراوە کە دەرکەوت هەزار و 379 کەس تووشی کۆرۆنا بوون. ڕاشیگەیاندووە کە زۆرترین تووشبوو لە شاری سنە تۆمارکراوە کە 360 کەسە و لە شارۆچکەی سەقزیش 330 حاڵەتی تووشبوون تۆمارکراوە و دواتریش شارۆچکەی بانە دێت کە 156 کەس تووشی کۆرۆنا بوون. ڕەزاعی باسی لەوەشکردووە تا ئێستا 124 کەس بەهۆی کۆرۆنا لە پارێزگای سنە گیانیان لەدەستداوە.[3]

- حەسەن عەزیزی بەڕێوەبەری گشتی کار و هەرەوەزی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: 593 هەزار و 811 کەس لە و پارێزگایە خاوەنی کارن و 111 هەزار و 849 کەسیش بێکار و بارن. عەزیزی وتیشی: 7100 کەس بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە و پارێزگایە کارەکانی خۆیان لەدەستداوە و لەئێستادا بێکارن.[3]

- سەربازانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لەسەر سنووری شاری ماکۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی هەڕەمەکی تەقە لە ئاژەڵی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەکەن و دەیانکوژن.[1]

- دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی سنە، بە ناوەکانی تارق ڕەحیم پوور کوڕی مووسا و بێنیامین ڕەحیم پوور کوڕی مووسا، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، بەبێ بەڵگەی یاسایی دەسبەسەر کراون و لە چارەنووسیان هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.[5]

باشووری کوردستان

- دوا 5 تووشبووی کۆرۆنا لە سلێمانی چاکبوونەوە و لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی هیچ نەخۆشێکی کۆرۆنای تێدا نەما.[8]

- دوێنێ شەو لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چەکدارانی داعش شەش جار هێرشیان کردە سەر هێزە عێراقییەکان و تەنیا لە سنووری خورماتوو لە پارێزگای سەلاحەدین 11 چەکداری حەشدی شەعبی کوژراون.[2]

- لە نزیک بەنزینخانەی شۆرجە لە کەرکوک، لەلایەن دوو چەکدارەوە تەقە لە هاوڵاتیەکی کورد کرا و گیانی لەدەستدا. کوژراوەکە بە ناوی هاودەنگ عەزیز، لەگەڵ خێزانەکەیدا بووە لە کاتی ڕووداوەکە و دانیشتوی گەڕەکی حورییەیە و پێشمەرگەیە.[7]

- پارێزگاری کەرکوک قەدەغەی هاتووچۆی بەتەواوی لە ئەمڕۆوە تاوەکو ڕۆژی پێنجشەممە ڕاگەیاند. وادەی 48 کاژێریشی بە دانیشتووانی کەرکوک داوە بگەڕێنەوە شارەکەیان.[2]

- بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند سەرباری کردنەوەی سەرجەم دەروازەکان بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەڵام داهاتی گومرگەکان 50% بۆ 60% کەمی کردووە.[2]
- لە شارۆچکەی کفری، بەدروشمی 'بەڵێ بۆ بایکۆتکردنی دەوام و خوێندنی ئەلکترۆنی' بەشێک لە مامۆستایان و فەرمانبەران، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان ئەنجامداو داوایانکرد حکومەت لەکاتی خۆیدا موچە دابەشبکات.[4]
- لە گەڕەکی گوڵانی ناوەندی شارۆچکەی ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆک گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ کە کارمەندی ئاسایشە بەناوی نەشوان عارف، لە بەردەرگای ماڵی خۆیدا دەکوژرێت.[2]
- دابان محەمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان ڕایگەیاند ژمارەی ئە و مووچەخۆرانەی زاراوەی بندیواریان بۆ بەکار دەهێنرێت، 350 هەزار کەس بەرە و ژوورە.[6]
- ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی دەستگیرکردنی چەتەیەکی داعشی لە شارەدێی سەنگاو ڕاگەیاند.[4]
- بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی دەستگیرکردنی 97 تۆمەتباری لەسەر چەندین دۆسیە و تاوانی جیا لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوو ڕاگەیاند. بە گوتەی لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی، ڕێژەی دەستگیرکراوەکان بەراورد بە چوار مانگی یەکەمی ساڵی 2019 کەمیکردووە.[2]
- دوای ماوەیەک لە دەرنەچوونی چاپی کاغەزیی کوردستانی نوێ بەهۆی قەدەغەی هاتوچۆ وە، ئەمڕۆ چاپی کاغەزیی کوردستانی نوێ هاتەوە خزمەتی خوێنەرانی.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چەکی قورس دەستیانکردووە بۆ بۆرمانکردنی گوندەکانی مالکییە، شوارخا و مەرەناز لە ناوچەی شەرای عەفرین.[1]
- کینۆ گابریێل، گوتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە لە ڕاگەیێندراوێکدا ڕایگەیاند، دوێنێ لە یەکێک لە گەورەترین بەندیخانەکان لە پارێزگای حەسەکە دەستگیرکراوانی داعش مانگرتنێکی فراوانیان ئەنجامدا، کۆنترۆڵی تەواوی ناو بەندیخانەکەیان کردبوو، بۆیە هێزی تایبەت و دژە تیرۆر دەستوەردانیان کرد. گوتەبێژی هەسەدە ڕوونیکردووەتەوە توانراوە تەواوی دۆخی بەندیخانەکە کۆنترۆڵ بکرێتەوە دوای ئەو یاخیبوونەی کە ڕۆژێکی تەواوی خایاند، ئەمەش دوای ئەنجامدانی دانوستاندن لەنێوان نوێنەرانی هێزەکانمان و هێزەکانی هاوپەیمانان و داعشە زیندانیکراوەکان.[2]
دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستی تورکیا ڕایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا هەزار و 670 کەس توشی کۆڕۆنا بوون و 61 کەس بەهۆی کۆڕۆناوە گیانیان لەدەستداوە. هەروەها وتوویەتی، کە کۆی گشتی ئەو کەسانەی لە تورکیا توشی کۆڕۆنا بوون گەیشتووەتە 126 هەزار و 45 کەس، دەشڵێت، کە تائێستا 3 هەزار و 397 کەس بەهۆی کۆڕۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ورمێ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ چەمچەماڵ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەقز
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ کرماشان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ بانە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ماکۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئاکرێ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ خورماتوو
🗺️ وڵات: ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 03-05-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 03-05-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 03-05-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 03-05-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 03-05-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 03-05-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 03-05-2020
[8] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن


کاتی تۆمارکردن: 05-04-2020 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 126

**2020-05-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382121


UNIVERSITY OF TORONTO

**An Introduction to Kurdish language and literature**
Near and Middle Eastern Civilizations, University of Toronto
**Summer 2020** (May 04-June 15)

For the first time in the history of Canada, a course will be offered entitled, An Introduction to Kurdish language and Literature at the Department of Near and Middle Eastern Civilizations, University of Toronto. It will be taught by Visiting Professor Dr. Jaffer Sheyholislami.

Although students enrolled in the course may have some general knowledge of the major Middle Eastern cultures, it is assumed that they do not have a background in Kurdish studies. Taught in English, the course will be about the Kurdish language and literature; it will not teach you Kurdish.

In addition to providing students with a general introduction to Kurds and Kurdistan, most sessions will be devoted to a variety of sub-topics in language and literature. Language: History of the Kurdish language; Diversity and standardization in Kurdish; alphabets; Arabic, Persian, Turkish and Western influences; the current status and vitality of Kurdish in Kurdistan and diasporas. Literature: Kurdish oral literature; the emergence of a Kurdish scribal culture; an overview and samples of Kurdish poetry (in English translation); the emergence of Kurdish prose and fiction.

Throughout the course, some basic Kurdish vocabulary and expressions will be taught.

For further information please contact Carley Gubasta, Undergraduate Assistant, at nmc@utoronto.ca or (416) 978-3306

| | |
|---|---|
| Course number: | NMC 227 H1 |
| Duration: | May 04-June 15 |
| Time: | Monday and Wednesday (3:00-5:00 p.m.) |
| Location: | Online |



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئارەزوو فەلاحی بەڕێوەبەری گشتی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی پارێزگای سنە بە ئاژانسی میهر-ی ئێرانی ڕاگەیاندووە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە و پارێزگایە تا ئێستا 27 ژنی دووگیان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. فەلاحی ڕاشیگەیاندووە: 8 ژن چاکبوونەتەوە و 19 کەسیان تا ئێستاش لەژێر چاودێری دان. ئارەزوو فەلاحی ئاماژەی بەوەشکردووە لە و 19 ژنە دووگیان چواریان منداڵیان بووە.[3]

- دادگای ئینقلابی مەهاباد لاوێکی خەڵکی ئەو شارەی بە ناوی بێهنام ئەلیاسی کوڕی فەتاحی بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم کرد. دادگای ئینقلابی مەهاباد، ئەو لاوە کوردەی بە لایەنگەری لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[6]

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو، لاوێکی کورد بە ناوی ئالان بەنگین تەمەن 21 ساڵ و خەڵکی گوندی کانی ڕەشی شنۆ، لە کاتی سەربازیدا لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. پاش دەسبەسەرکردنی ئەو لاوە کوردە، لاوێکی دیکەی خەڵکی ئەو گوندە بە ناوی یەحیا ئیبراهیمی تەمەن 20 ساڵ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و ئەویش بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[6]

- سەرەڕای نارەزایەتیی و خۆپێشاندانی بەردەوامی خەڵکی ناوچەی "شامات"ی مەهاباد بۆ پێشگرتن لە هێنانی زبڵی شاری میاندواو بۆ ناوچەی شامات، کاربەدەستان و بەرپرسان لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان هەروا بەردەوامن.[8]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی ڕایگەیاند دوای نەمانی هیچ نەخۆشێکی کۆرۆنا لە سەنتەری شارەکەدا، لە سێ نەخۆشخانەی تایبەت بەو نەخۆشییەکە یەکێکیان دادەخرێت، بەڵام پشکنینی کۆرۆنا بەردەوام دەبێت.[7]

- ژمارەیەک لە کاسبکارانی شاری سلێمانی کە شەوان کاردەکەن لە بەردەم بینای قائیمقامیەتی سلێمانی گردبونەوەو داوا دەکەن ڕێگەیاند پێ بدرێت کە دەست بە ئیش و کارەکانیان بکەن. ئەو خۆپیشاندەرانە ئەوەشیان خستەڕوو: ماوەی 70 ڕۆژە ئیش و کاریان وەستاوەو بەو هۆیەوە بارودۆخیان نەگونجاوەو ماڵ و منداڵیان لە دۆخێکی نەخوازراودا دەژین.[5]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هونەرمەندی نێوداری کوردستان سەعید گاباری لە هەولێر بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد.[1]

- لە سێ هێرشی دیکەی داعش لە سنووری شارەدێی گوڵاڵە جەلەولای سەر بە پارێزگای دیالە، دوو سەربازی عێراق کوژراون و یەکێکیش برینداربووە. هەروەها لە شارەدێی قەرەتەپەش سەربازێکی عێراق لە ئەنجامی هێرشی چەتەکاندا کوژراوە.[2]

- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق، دەستگیرکردنی نۆ چەکداری داعشی لە سنووری پارێزگای کەرکوک ڕاگەیاند.[5]

- فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لەگەڵ ئەوەن لامەرکەزیەتی ئیداریی جێبەجێ بکرێت. ڕاشیگەیاند، هەولێر لە هەموو شوێنێک زیاتر پێویستی بە لامەرکەزییە، بەڵام دەبێت دوور بێت لە ململانێی سیاسی و بەرێکاری یاسایی خۆی بکرێت.[4]

- لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی پارێزگا و کەسایەتییەکان، خانووی جەمال حەکیم ئاغا لەسەر وەسیەتی خۆی پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی کرا، بڕیاریشە لە داهاتوودا بکرێتە بنکەیەکی تەندروستی.[2]

- بەهۆی ڕەشەبایەکی بەهێزەوە چەندین دار و درەخت لەسەر شەقامی نزیک پردی کۆبانێ لە سلێمانی شکانەوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەوی ڕابردوو چەندین گوندی ڕۆژئاوای گرێ سپی، لەلایەن سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانییەوە تۆپباران و مووشەکباران کران. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، گوندەکانی؛ ئەڤدکۆ، کۆبەرلک، سیلێپ و قورفل، لەگەڵ سوورانەوەی فڕۆکە سیخوڕییەکان بە سەریانەوە، کراونەتە ئامانج.[2]

دەرەوەی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سیاسەتمەدار و پەروەردەکاری کورد ڕەزا باران لە بەرلینی ئەڵمانیا کۆچی دوای کرد.[9]
- مایڵز کاگینز، گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، بە ئاژانسی ئەسۆشیەتد پرێسی ڕاگەیاندووە، زۆربوونی ژمارەی هێرشەکان چەکدارانی داعش لە ناوەڕاست و باکووری عێراق لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، دەرئەنجامی ئە و ئۆپراسیۆنانەیە کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە دژی چەکدارانی داعش لە باکوور و ناوەڕاستی عێراق و بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان ئەنجامیانداون و زیانێکی زۆریان پێگەیاندوون.[4]
- لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، هەزار و 223 کەس tووشی کۆرۆنابوون و 74 کەسیش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە، بەوپێیەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران تووشبوونیان بە کۆرۆنا تۆمارکراوە گەیشتە 98 هەزار و 647 کەس و ژمارەی ئەو کەسانەش بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە شەش هەزار و 277 کەس، هەروەها تا ئێستا 79 هەزار و 397 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[2]
- هەیسەم جبوری، سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا دەڵێت: لە کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندەکەی هەرێم بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی، داوایکردووە هەرێم سەرجەم داهاتەکانی خۆی بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕادەستی بەغدا بکات بۆئەوەی سەرلەنوێ بەسەر گەلی عێراقدا دابەش بکرێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 04-05-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 04-05-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 04-05-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 04-05-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 04-05-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 04-05-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 04-05-2020
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 04-05-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 127

**2020-05-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382122




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شۆفێر تاکسییەکانی شاری سنە بە کۆبوونەوە و پارک کردنی تاکسییەکانی لە مەیدانی "ئیقباڵ"ی ئەمشارە، لەئاست بەستنی شەقامی فێردەوسی دەستیاندایە کۆبوونەوە. بەوتەی شۆفێر تاکسییەکان، ئەم کۆبوونەوەیە لە ناڕەزایەتیی بە بەڕێوەچوونی تەرحی بەستنی شەقامی فێردەوسی ڕێکخراوە. ناڕازییان ڕایانگەیاندووە کە زۆربەی موسافیرەکایان لە شەقامی فێردەوسی هەڵدەگرن کە ئەویشیان بەستووە. ناڕازییان هەروەها وتوویانە، داواکاری ئەوان لە کاربەدەستان ئەوەیە کە بیر لە ژیانی شۆفێر تاکسییەکان لەم بارودۆخەی ئێستادا بکەنەوە.[9]
- هێزەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ گرووپێکی چەکداری نەناسراو، لە چلچەمەی دیواندەرە دەرگیر بوون. پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای حەمزەی سپای پاسداران لەمبارەوە ڕایگەیاندووە، شەکیبا سەلیمی، لە فەرماندەکانی سپای پاسداران، لەگەڵ جەعفەر نیزامپوور و محەممەد شوکری، دوو ئەندامی تری سپا، لەم تێکەڵچوونەدا کوژراون. قەرارگای حەمزەی سپا ڕایگەیاندووە کە ئەم تێکەڵچوونە لەگەڵ حیزبێکی کوردیی دژبەری حکوومەت بووە، بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتیی ئەم دەرگیرییەی وەئەستۆ نەگرتووە.[8] پاشتر زانرا کە ئەم هێرشە پژاک کردوویەتی و یەک لە کوژراوەکان پلەی سەرهەنگ یان عەقید بووە بەناوی شەکیبا سەلیمی.[3]
- لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە پیرانشار، 5 هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی عەلی قادری کوڕی ڕەسووڵ، محەممەد قادری کوڕی عەزیز، حیسامەدین پیرانی کوڕی زاهیر، ئەمیر قادری کوڕی خدر و سەلام خڕی ئاغە لان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[8]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دەوروبەری گوندی سنین-یان لە هەرێمی برادۆست بۆردومانکرد. بەهۆی ئەو بۆردومانەوە زیان بە ڕێگای هاتووچۆی ئەو گوندە گەیشت.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 32 ساڵ،

دانیشتووی شارۆچکەی سێبیرانی سەر بە شارۆچکەی دەشتی هەولێرە، بەرکەوتەی تووشبووانی پێشووە.[3]
- بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەدەیان هەزار کۆد دراوە بەخوێندکاران و بەهەزاران خوێندکارو مامۆستاش بەشداری خوێندنی ئەلکترۆنیان کردوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێم تووشبوونی سێ کەسی دیکەی لە سێبیرانی هەولێر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند. [3]
- تەندروستی کەرکوک 12 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە شاری کەرکوک ڕایگەیاند.[1]
- لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی لامەرکەزی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت، پرۆژەکە بەدووره لە دوو ئیدارەیی.[2]
- سەندیکاکانی تەندروستی سلێمانی لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە و کۆمەڵێک داواکاریان خستەڕوو، هەروەها لەسەر داوای پارێزگا و ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بایکۆتیان شکاند.[5]
- سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ، شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی بۆ درێژەپێدانی گفتوگۆکان دەچێتەوە بەغدا.[6]
- لە سنووری کەرکوک، دوێنێ شەو چەکدارانی داعش لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و بەو هۆیەوە 14 چەکداری ئەو هێزانە کوژراون.[2]
- جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیێنێت، حکومەتی عێراق ئەمنیەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی پێناپارێزرێت و ڕێگەش نادات پێشمەرگە بیانپارێزێت.[2]
- چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لە مەخموور هێرشیان کردووەتە سەر یەکەیەکی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی باشووریش ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.[1]
- چلەی هونەرمەند ئەسغەر ڕەشید، لە سەر مەزارەکەی، بە ئامادە بوونی بەشێک لە کەسایەتی و هونەرمەندانی شاری سلێمانی و هەڵەبجە بەڕێوەچوو.[5]
- لە گەرمیان، بە داگیرساندنی مۆم یادی دەیەمین ساڵەی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم سەردەشت عوسمان کرایەوە و بەشداربووان ڕایانگەیاند، کە هەرگیز شەهیدانی قەڵەم لەیاد ناکەن و بەردەوام دەبن لە هەوڵی بەسزا گەیاندنی بکوژانیان.[5]
- سۆران عومەر ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کە لەسەر سکاڵایەکی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای هەڵگرتنی پارێزبەندیی کراوە لەسەری، کۆمەڵێک بەڵگەی لەسەر مەسرور بارزانی ئاشکراکرد، ڕایگەیاند: ئەمڕۆ بەڵگەکانم ناردووە بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ داواکاری گشتیی، بەڵام جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەڵگەکانی لێ وەرنەگرتووم.[7]
- دوو کەس بە تۆمەتی کوشتنی منداڵەکەی زوممار دەستگیر کران و هەردوو تاوانبارەکە دانیان بە تاوانەکەدا ناوە، کە پێش کوشتنی دەستدرێژییان کردووتە سەر.[6]
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا ڕایگەیاند، سەربازێکیان لە هەولێر گیانی لەدەستدا. بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هۆکاری مردنەکەی کردەی سەربازی نەبووە و دووپاتیش لەوە کراوەتەوە، کە گومانی تووشبوونی کۆرۆنای لێ ناکرێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە تۆپ گوندەکانی زەنوبیا و زنار عەرەبیان لە ڕۆژئاوای گرێ سپی بۆردومانکرد. لەو بۆردومانەدا ماڵی هاوولاتییانی گوندەکان کرانە ئامانج و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان ژمارەیەک لە خانووی هاوولاتییان لەو گوندانەدا ئاگریان تێبەربووە. تاوەکو درەنگانێکی شەو و ئەم بەرەبەیانە تۆپبارانەکەی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانیان بەردەوامیی هەبووە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر دووپاتی کردەوە، جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ لایەنەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا هاوکاری ئێمەیان نەکردووە.[6]

دەرەوەی کوردستان
- شەوی رابردوو، هێرشێکی ئاسمانی دژی ناوەندی لێکۆڵینەوە و گەشەپێدانی مووشەکی ئێران و سوریا لە حەلەب، لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیلەوە ئەنجامدرا. سەرچاوە عەرەبییەکان باس لەوە دەکەن، کە ئەو ناوەندە بە 12 مووشەک کراوەتە ئامانج کە پێنجیان ئامانجەکانیان پێکاوە، ئاژانسی سانای سوریش رایگەیاند سیستمی بەرگری ئاسمانی توانیویەتی چەند مووشەکێک لە ئاسمان بێکاریگەر بکات.[5] هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی 14 پاسداری ئێرانی دەکەن.[3]
- لە 24 سەعاتی ڕابردوو لە ئێران 1323 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 63 کەسیش بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[7]
- بە پێی دوایین لێدوانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 59 کەس گیانیان لەدەستداوە و 3 هەزار و 520 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. بەم پێیە بە گشتی لەو وڵاتە ژمارەی تووشبووان گەیشتووە 129 هەزار و 491 کەس و 3 هەزار و 461 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق بڵاویکردەوە، لە 24 کاژێری رابردوو پێنج هەزار و 898 پشکنینیان ئەنجامداوە و دەرکەوتووە 85 کەس تووشی کۆرۆنا بوون کە زۆرترینیان لە بەغدان و 34 تووشبوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دیواندەرە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-05
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2020-05-05
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-05-05
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-05
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2020-05-05
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 2020-05-05
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-05-05
[9] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پەیام - 2020-05-05

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 128

**2020-05-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382123




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاش شەڕ و تێکەڵچوونی هێزەکانی سپای پاسداران لەگەڵ گرووپێکی چەکدار لە دیواندەرە، فەرماندەی سپای بەیتولموقەدەس و فەرماندەی سنووربارێزەکانی حکوومەتی ئێران لە کوردستان، هەڕەشەیان لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران کرد. سەید سادق حوسێنی، فەرماندەی سپای بەیتولموقەدەسی سنە، وێڕای هەڕەشەکردن لە حیزبە کوردییەکان ڕایگەیاندووە: حیزبەکانی دژە ئینقلاب چاوەڕوانی وڵامی توندی هێزەکانی سپای پاسداران بن.[6]
باشووری کوردستان
- ئاسایشی گشتی سلێمانی، دەستگیرکردنی گەنجێکی لە سنووری شاری سلێمانی ڕاگەیاند، کە وەک تۆمەتباری سەرەکی کوشتنی ژنێک بە شێوەیەکی دڕندانە لە 3ی ئەم مانگەدا، دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. ئەم تاوانبارە ژنەکەی خنکاندووە و پاشان بۆ شاردنەوەی تاوانەکەی تەزووی کارەبای لێداوە.[1]
- سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان پێشنیاز بۆ هەردوو وەزیرانی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەن لە 16ی ئەم مانگە دەوامی قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگەکان دەستپێبکاتەوە و دەشڵێت ئەگەر خوێندنی ئەلیکترۆنی بەردەوام بوو مەرجێکمان دەبێت.[5]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگیەکان کە نازانرێت فڕۆکەی سوپای عێراق یان هاوپەیمانانە، ڕۆژهەڵاتی شاخی قەرەچوخی مەخموریان بۆردومان کرد. لە هەمانکاتدا فڕۆکەکان بە نزمی بەسەر ئاسمانی کەمپی مەخموور بینران. لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکاندا ئاگر بەر زەویەکانی ناوچەکە کەوت، لەبارەی ئەنجامی بۆردومانەکە زانیاری زۆرتر بلاونەکراوەتەوە.[4]
- فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی لەپەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ

لاوازکردنی شکۆی پەرلەمان و لابردنی پارێزبەندی پەرلەمانتاراندا نین لەژێر هەر پاساوێکدا بێت و ئەوەش بە هەوڵدان بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایی خەڵک دەزانن.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک ژنێک کە گومانی توشبوونی کۆرۆنای لێدەکرا بە هاوکاریی هاوسەرەکەی لەدەستی تیمەکانی تەندروستی هەڵهات، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا.[4]
- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر پێشوازیی کرد لە گەشتێکی هێڵی ئاسمانی میسڕی کە راستەوخۆ لە واشنتنی ئەمەریکاوە هاتبوو. بەگوێرەی راگەیەندراوێکی فڕۆکەخانەی هەولێر، فڕۆکەکە دیبلۆماتی و لە جۆری بۆینگ 9-787 بووە. ئاماژە بەوەشکراوە، ئەو گەشتە راستەوخۆیە، ماوەی 10 کاتژمێر و 33 خولەکی خایاندووە و یەکەمجارە لە مێژووی فڕۆکەخانەی هەولێر، گەشتێکی راستەوخۆ لە ئەمەریکاوە رێک دەخات.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە راگەیەندراوێکدا یونیسێف لە ماڵپەڕەکەی ئاماژەی بەوەکردووە، نزیکەی یەک ملیۆن و 500 منداڵ لە پۆلەکانی یەک تا 12، مەنهەجی خوێندنیان لە رێگای کەناڵێکی ئاسمانی لەبەردەستە، بەوانەشەوە کە ئاوارە و پەنابەرن. یونیسێف بە گرنگییەوە باس لە کەناڵی پەروەردەیی دەکات و نووسیویەتی، کەناڵەکە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و سریانی کارەکانی پێشکەش دەکات و سوودی بۆ ئەو قوتابیانە هەیە کە دەستیان بە ئینتەرنێت ناگات. هۆشیارکردنەوەی قوتابیان لەبارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتی خۆپاراستنیشیان، بە کارێکی پێویست و گرنگ دەزانێت.[2]
- کیانوش جیهانپوور وەتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران وتی، لە ئێران لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 1689 کەسی تر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و ژمارەیە تووشبووانی ڤایرۆسی گەیشتە 101هەزار و 650 کەس. هەروەها ڕاشیگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 78 نەخۆش گیانیان لەدەستداوە و تا ئێستاش 6 هەزار و 418 کەس گیانیان لەدەستداوە.[4]
- بەپرسانی دەوڵەتی تورک رایدەگەیێنن، لە ماوی 24 کاتژمێری رابردوودا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە 64 کەس گیانیان لەدەستداوە، بەم پێیە بێت لەو وڵاتانە ژمارەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە، گەیشتووەتە 3 هەزار و 584 کەس. هاوکات ژمارەی تووشبووانیش لەو وڵاتە گەیشتووەتە 131 هەزا ر 744 کەس.[4]
- لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق متمانە بە کابینەکەی مستەفا کازمی بەخشرا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دیواندەرە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: میسر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-06](#)
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-06](#)
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-06](#)
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-06](#)
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-06](#)
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-05-06](#)
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 129

**2020-05-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382124


پەرلەمانی کوردستان - عێراق
نووسینگەی سەرۆک
برلمان كوردستان - العراق
مكتب الرئيس
Kurdistan Parliament - Iraq
ڕوونکردنەوە
لە ڕوانگەی باوەڕبوونمان بە پرەنسیپی سازان و پاراستنی یەکریزی فراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمانی کوردستان، و لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان، و باوەڕبوونمان بە ئازادی ناخاوتن و ڕادەربڕینی پەرلەمانتار، کە پاڵپشت بەو بەو بنەمایانە بەرنامەی کارمان واژۆ نەکردووە بۆیە بڕیارماندا کە سەرۆکایەتی دانیشتنی (٤)ی ئاسایی خول بەماوەی ساڵی دووەم لە خول پێنجەم ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/٧ نەکەین، کە تایبەتە بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێز.
لەگەڵ ڕێزدا...
د. ڕێواز فایەق حسێن
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
٢٠٢٠/٥/٧

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پەیوەندییە گشتییەکان و زانیاری گەیاندنی وەزارەتی ئیتلاعات، باسیان لە دەسبەسەرکردنی 16 هاووڵاتیی کورد لە کوردستان کرد. وەزارەتی ئیتلاعات ڕایگەیاندووە، ئەو 16 هاووڵاتییە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەکانی ورمێ و سنە دەسبەسەر کراون. وەزارەتی ئیتلاعات ئەو هاووڵاتییانەی بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[4]
- زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماری تووشبوون و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بڵاودەکەنەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکان، نۆ هەزار و 36 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 569 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بۆ پارێزبەندی لەسەر سۆران عومەر کۆبووەوە، فراکسیۆنەکانی یەکێتی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، نەوەی نوێ، بزووتنەوەی گۆڕان و شیوعی بەشدارییان نەکرد. سەرۆکی پەرلەمانیش ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو. سەرئەنجام فراکسیۆنی پارتی و کەمینەکان پارێزبەندییان لەسەر سۆران عومەر هەڵگرت.[5]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: بەهۆی کەمبونەوەی حاڵەتەکانی توشبون بەڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێوشوێنەکانی قەدەغەی هاتوچۆ ئاسانکاریان تێدا کراوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا هیچ توشبویەکی نوێی کۆرۆنا تۆمارنەکراوەو 11 توشبوش لە هەولێر چاکبونەتەوەو ئێستا تەنیا 25 توشبو لە ژێر چاودێری پزیشکدا ماون.[3]
- ئەمرۆ لە شاری کەرکوک 5 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکرا و لە هەمان ڕۆژدا 3

توشبوو چاکبوونەتەوە.[6]
- لە شاری کەرکوک ژنێکی تەمەن 40 ساڵ لە ماڵی باوکیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و بەهۆیەوە گیانیلەدەستدا.[7]
- مامۆستایانی نارازای و بەشێک لەچین و توێژە جیاوازەکانی سلێمانی لەبەردەم دادگای سلێمانی گردبونەوەی نارەزایەتیان دەستپێکرد.[3]
- بە دەستپێشخەریی ئەنجومەنی نارەزایەتییەکانی گەرمیان، مامۆستایان و فەرمانبەرانی گەرمیان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوایانکرد، کە حکومەت موچە لەکاتی خۆیدا دابەشبکات و مافە زەوتکراوەکانی موچە خۆران بگێڕێتەوە.[7]
- بازرگانان و خاوەن پیشانگاکانی فرۆشتنی پایسکل دەڵێن، ڤایرۆسی کۆرۆنا تێڕوانینی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بۆ لێخورینی پایسکل گۆڕی. لە ماوەی 40 رۆژی قەدەخەی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و دوای هەڵگرتنی قەدەخەکەش خواست لەسەر بەکارهێنانی پایسکل بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، بە جۆرێک بازاری هەندێک جۆری پاسکیل بە رێژەی 200% زیادبووە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- دانیشتووانی هەرێمی عەفرین تەرمی هەردوو شەهیدی هێزەکانی ناوخۆی کانتۆی شەهبا عەلی محمد ئیبیش و گەنجۆ محمد شەبابۆیان بە خاک سپارد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پێشمەرگەی دێرین و چالاک و رۆژنامەنووس، مستەفا حەسەنە گەورە لە وڵاتی دانیمارک بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە کۆچی دوایی کرد.[5]
- محەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران پیرۆزبایی لە مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی نوێی عیراق دەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت.[2]
- بە پێی لێدوانی بەرپرسە تورکەکان، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لەو وڵاتە 57 کەس بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، هاوکات هەزار و 641 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. لە تورکیا بە گشتی 133 هەزار و 721 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و هاوکات 3 هەزار و 641 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: دانیمارک
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رووداو - 2020-05-07](#)
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-07](#)
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-07](#)
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-05-07](#)
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-07](#)
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-07](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM


ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 130

**2020-05-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382125




ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کەیوان کەوسەری خەڵکی بانە، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.[6]

- ژمارەیەک لە کۆڵبەران لە سنووری بلە سووری خوارێ سەر بە شاری خۆی، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێ کراوە و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی لوقمان چوارگوشە گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی مەنسوور چوارگوشە و مەیسەم محەممەدی، بەتوندی بریندار بوون. هێزە نیزامییەکان بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو و بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ، لە مەودایەکی نزیک تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کردووە.[6]

باشووری کوردستان

- لە پارێزگای هەڵەبجە پشکنینی کۆرۆنا بەشێوەی هەڕەمەکی بۆ هاوڵاتیان دەکرێت و تیمەکانی تەندروستی دەستیان بە وەرگرتنی نمونە بۆ پشکنینەکان کردووە ئەو پرۆسەیەش بەردەوام دەبێت.[2]

- لە شەقامی 60 مەتری بەرامبەر مزگەوتی حاجی موراد لە هەولێر، کەسێک برایەکی خۆی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بریندارەدەکات و دواتر خۆی دەکوژێت.[3]

- گرووپێکی هونەرمەندانی باشوری کوردستان بە مەبەستی چارەسەریی ئاڵۆزییەکانی زینی وەرتێ و داوای کشانەوەی هێزەکانی پارتی و یەکیتی لەو ناوچەیە، ڕوویان لە زینی وەرتێ کرد، بەڵام لەلایەن ئاسایشی سەرکەپکانەوە ڕێگریيان لێکرا. هەروەها گروپێکی دیکەی هونەرمەندان کە لە سلێمانییەوە بەنیازبوون بگەنە لای ئەو گروپە لە ناوچەکە، لە دوکان ڕێگریيان لێکرا و گەڕانەوە بۆ سلێمانی.[4]

- لەرۆژی جیهانی نەخۆشی تالاسیمیادا کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: باروگوزەرانی نەخۆشانی تالاسیمیا زۆرخراپە و داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەن هاوکارییان بکات.[5]

- وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا رۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیل کراوەبێت بۆ ئەو هاوولاتیانەی عێراق کە لە تورکیا گیریان خواردووە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی دیردارا و ئوم کافیە لە تەلتەمر.[1]
- شەوی رابردوو لە ناوەندی شاری عەفرین لە نێوان گروپە چەتەکەی ئەحرار شام کە سەر بە 'سوپای نیشتمانی'یە و ئەویش سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەرە لەگەڵ پۆلیسی سەربازی بوو بە شەڕیان و بەربوونە یەکتر. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەو شەڕەدا پۆلیسێکی سەربازی کوژراوە و 5 چەتەش لە هەر دولا بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئێران رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردودا یەک هەزارو 556 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا لە ئێران تۆمارکراون و 55 توشبوی ڤایرۆسەکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- سوپای نیشتمانیی لیبیا، رایگەیاند، لە چەندین خاڵی حکومەتی هاوپەیمانیی نیشتمانییان داوە و چەکەکانی دەوڵەتی تورکیان لەناو بردووە و دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری دەوڵەتی تورکیشیان لە ئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە، وتەبێژی سوپاکەش ڕایگەیاند، شۆک و گورزی گەورەیان بۆ ئەردۆغان و چەتەکانی دەبێت.[4]
- بەپێی لێدوانی بەرپرسانی دەوڵەتی تورک بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بەهۆی کۆرۆناوە 48 کەس گیانیان لەدەستدا. بەم پێیەش ژمارەی ئەو کەسانەی گیانلەدەستداوە گەیشتە 3 هەزار و 648 کەس. لە سەرتاسەری تورکیا و باکووری کوردستان 135 هەزار و 529 کەس تووشی کۆرۆنا بوون.[1]
- دەستەی رێکخستنی کاروبارەکان و چاودێریکردنی بانکەکانی تورکیا بڕیاری قەدەخەی مامەڵەکردن لەگەڵ بانکەکانی پی ئێن پی باریبا و سیتی بانک و کۆمپانیای یو بی ئێس ئی جی بیانیی راگەیاند و هەر سێ دامەزراوە بیانییەکەی بەوە تۆمەتبار کرد کە لەنێو بازاڕە داراییەکاندا بۆ دروستکردنی کاریگەری بەمەبەستی شکاندنی بەهای لیرەی تورکی کاردەکەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: لیبیا
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-09

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 131

**2020-05-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382126



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک ڕێگەیان نەدا تەرمی موسا یڵماز کە لە دەرسیم شەهید بوو، لە مزگەوت بشووردرێت. لەگەڵ ڕێگریکردنی پۆلیسیش لە شاری ئامەد موسا یڵماز لە لایەن سەدان کەسەوە بەخاکسپێردرا.[4]
- لە ناوچەی کەمالیەی سەر بە شاری ئەرزینجان بە گوڕی 4.0 پلەی ریختەر بومەلەرزەیەک ڕوویدا. بومەلەرزەکە لە خارپێتیش هەستی پێکراوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە دوو هەفتەی ڕابردوو، 23 هاووڵاتیی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. زۆربەی دەسبەسەرکراوەکان بە شێوەی گرووپ و بەکۆمەڵ بووە، بەتایبەتی هاووڵاتییانی بانەیی و پیرانشاری.[6]
- لە سەقز هێزەکانی سەدی مەعبەر لەگەڵ هێزە ئینتیزامییەکان، لە پێش گاراژی سەقز هێرشیان کردە سەر دەستفرۆشەکان و لە نێوان دەستفرۆشەکان و هێزە نیزامییەکان شەڕ و دەمەقاڵێ هاتووەتەوە ئاراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەهۆی دەستکورتی و هەژارییەوە خەڵکێکی زۆر ڕوویان لە دەستفرۆشی کردووە و هێزەکانی حکوومەت بە بیانووی ئەوەی کە دەتسفرۆشەکان ڕێگەی خەڵکیان گرتووە، بەردەوام هێرش دەکەنە سەریان و کەرەستەی دەستفرۆشەکان لەگەڵ خۆیان دەبەن.[6]
- بە پێی هەواڵێکی تۆڕی کوردستانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە سنووری پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕ لەنێوان هێزێکی کوردی و فەرماندەیی حەمزە سەید شەهیدی سوپای پاسدارانی ئێران ڕوویداوە و سوپای پاسداران هاتووچۆی لە ناوچەکە داخستووە.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕایگەیاند، هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەینەوە کە دەگوترێ گەشتەکان ئاسایی کراونەتەوە و لەو بارەیەشەوە هیچ ڕێنماییەکمان پێنەگەیشتووە.[1]
- گرووپی ئاشتیی لە بارەی دۆخی زینی ئەستێرۆکان زینی وەرتێ-وە لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە، د.فایەق گوڵپی ئەندامی گروپەکە دەڵێت، وەزیری پێشمەرگە

دڵنیایی داونەتێ، کە جێگیرکردنی ئەو هێزە کاتییە و نابێتە هۆی دروستبوونی شەڕ، ناشبێتە گۆچانێک بەدەست دوژمنان و داگیرکەرانەوە.[5]
- سەرۆکی ئەنجوومەنی خانەسۆر رایدەگەیێنێت، هەر خێزانێکی ئاوارەبووی شنگال و دەوروبەری بگەڕێتەوە زێدی خۆی، بڕی 1000 دۆلار وەردەگرێت.[3]
- کاسبکارانی بازاڕی ئیسکان لە شاری هەولێر گردبوونەوە و داوای کردنەوەی دووکانەکانیان کرد و ڕایانگەیاند، چی دیکە ناتوانن لە ماڵەوە بمێنەوە و کرێی دووکانیش بدەن.[5]
- یونادم یوسف کەنا، سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوری – کلدانی رایدەگەیەنێت: لەکۆی 5 پەرلەمانتاری کلدانەکانی پەرلەمانی کوردستان 4 پەرلەمانتاریان نوێنەری پارتین و تەنیا یەک دانەیان بە دەنگی خۆمانە و وتیشی: دەبێت کورسی کۆتاکان لەلایەن دەنگدەری پێکهاتەکانی هەرێمەوە بۆ کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێن، نەک بەدەنگی ئاسایش و پۆلیس بچێتە پەرلەمان، بۆیە کاتێک بەدەنگی ئاشایش و پۆلیس کاندیدەکە دەچێتە پەرلەمان، ئەوکاتە بەقسەی ئە و حزبە دەکات کە گەیاندویەتیە ئە و شوێنە.[1]
- هاتووچۆی هەولێر رایگەیاند: بەربەستەکانی ناو سەنتەری شاری هەولێر هەڵدەگیرێن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- گوتەبێژی گومرگی ئێران رایگەیاند، لە 10 مانگی رابردوودا کۆی هەناردەی کاڵای وڵاتەکەی گەیشتووەتە 8.1 ملیۆن تۆن بە قەبارەی 3 ملیار و 768 ملیۆن دۆلار. ئەو گوتەبێژە رایگەیاندووە، 31% کۆی هەناردەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بووە، لە تێکڕای عێراق، کە دەکاتە 42% کۆی بەهاکە لە 10 مانگی رابردوودا.[2]
- بە پێی ئەو ئامارانەی بەرپرسانی دەوڵەتی تورک بڵاویان کردووەتەوە، لە ماوەی 25 کاتژمێری رابردوودا هەزار و 546 کەس لەو وڵاتە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و هاوکات 50 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. بەو پێیە بێت بە گشتی لە تورکیا 137 هەزار 115 حاڵەتی تووشبوون بەو ڤایرۆسە تۆمار کراون و 3 هەزار و 739 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ڕایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا هەزار و 979 پشکنین ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا 76 توشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون 41 کەسیش چاکبوونەتەوە و سێ کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دێرسیم
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەرزینجان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران

وڵات: IQ ئێراق

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 09-05-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 09-05-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 09-05-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-05-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-05-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 09-05-2020

کاتی تۆمارکردن: 05-04-2020 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 132

**10-05-2020**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382127



باکووری کوردستان
- دادگای ئیستەنبووڵ داوا دەکات مەحمود ئاڵتاک نووسەر و سیاسەتڤانی باکووری کوردستان بۆ هەتاهەتایی زیندانی بکرێت، لەبەر ئەوەی داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لە تورکیا زمانی کوردی بکرێتە فەرمی.[2]
- سەربازانی دەڵەتی تورکی داگیرکەر لە گوندی هەسپیستێ لە ناوچەی هەزەخی شرنەخ گۆڕستانێکی تری گەریلاکانی پەکەکەیان تێکدا.[1]
- لەمیانی سەردانێکیدا بۆ بنکەی فەرماندەیی جەندرمە لە بەدلیس، سولەیمان سۆیلو، وەزیری ناوخۆی تورکیا باسی لەوە کرد کە پەکەکە لاواز بووە و رایگەیاند، ژمارەی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوەوەی وڵات بۆ 486 دابەزیوە و گوتیشی: باوەڕم بە ئێوە هەیە ئەو شوێنانەیان لێ تەنگ و تار بکەنەوە کە شەهیدمان لێداوە. هەروەها ئۆپەراسیۆنەکان بەپێی پلانی داڕێژراوی نوێ بەڕێوەدەبرێن.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهمەن قوبادی لە ڕێگای مافی فرۆشتنی دوو فیلمی سینەمایی خۆی بە هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی ویداد چێلیک یارمەتییان پێشکەش بە 50 گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.[4]
- دوو کەس لە ئەندامانی مەکتەب قورئان لە مەهاباد بە ناوەکانی سەعید ڕەشیدی و محەممەدعەلی لەشکری، بە شێوەی نایاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کران.[5]
باشووری کوردستان
- مانگێک پێش ئێستا دوو کچی کوردی ئێزدی بە ناوەکانی ڕونیا فەیسەڵ مسکین و لەیلا موراد عیدۆ لە کەمپی هۆلی ڕۆژئاوای کوردستان ڕزگارکرابوون، ئەمڕۆ 10ی ئایاری 2020 لە ڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتیی پێشخاپوورەوە دەگەڕێنەوە ناو کەسوکاریان.[2]

- وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند: مووچەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی و کەسوکاری شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان دابەشدەکرێت.[5]
- شانەی قەیرانەکانی کەرکوک ژمارەیەک بڕیاری نوێی بۆ قەدەغەی هاتوچۆ دەرکرد و رایگەیاند کار بە سیستەمی تاک وجوتی ئۆتۆمبیل دەکرێت و هاتوچۆش لە نێوان کەرکوک و شارەکانی دیکەدا هە بە قەدەغەیەی دەمێنێتەوە. هەروەها یڕیاردراوە کە هاوڵاتیان دەتوانن لە کاتژمێر شەشی بەیانی هەتا شەشی ئێوارە لەناو شار هاتوچۆ بکەن جگە لە رۆژانی هەینی و شەممە کە قەدەغەی تەواوەتی هاتوچۆیە.[4]
- نوێنەری گوندەکانی بناری قەندیل سەردانی هێزەکانی یەکێتی و هێزە هاوبەشەکەی یەکێتی و پارتیان کرد لە زینی وەرتێ، داوایان لێکردن، لەو ناوچەیە بکشێنەوە و دۆخی ناوچەکە ئارام بکەنەوە، هێزەکانی پێشمەرگەش بەڵێنیاندا داواکارییەکەیان بە بەرپرسانی سەرو خۆیان بگەیەنن.[1]
- بەشێک لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی خانەقین، کە میلاکیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، دژی دواکەوتنی موچەکانیان گردبوونەوەیان ئەنجامدا و داوایانکرد، کە حکومەتی عێراق موچەکانیان بنێرێت و پرسی موچە تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان نەکات.[3]
- وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری کارکردنی تەکسی بە سیستەمی تاک و جووت هەڵدەوەشێنێتەوە، هاوکات بڕیاریش لە دەستبەکاربوون و ئاساییکردنەوەی کارەکانی مینی پاس و پاسەکان لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەدات.[2]
- وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی قەدەغەی هاتوچۆ لەنێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا تاوەکو 18ی ئایار.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندەکانی داودییە و ئەریشێ لە تلتەمر، کە لەلایەن دەوڵەتی تورک و گروپە چەتەکانەوە داگیرکراوە، گروپە چەتەکان بەر بوونەیەکتر و لە ناوخۆیاندا بوو بە شەڕیان. بەپێی زانیارییەکان گروپی چەتەکانی سوڵتان موراد و فیرقەتی حەمزەی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەربوونەتە یەکتر و بووە بە شەڕیان. لە ناو چەتەکاندا شەڕێکی قورس لە ئارادایە و چەندین جۆر چەک لە دژی یەکتر بەکار دەهێنن.[1]
- ساڵح موسلیم هاوسەرۆکی پێشووی پەیەدە و بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئێستای ئەو حزبە بە میدیاکانی رایگەیاند، چەند کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وڵاتانی رۆژئاوا لەنێوان پەیەدە و ئەنەکەسە کراوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووینەتە رێککەوتنی کۆتایی.[4]
- لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا، راپۆرتێکی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بڵاوبووەوە، کە بەپێی راپۆرتەکە سەرقاڵی بنیاتنانی هێزێکی سەربازیی نوێیە لە سووریا، هێزە نوێیەکەش لەژێر سەرپەرشتیی مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە دەبێت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە چەند پارێزگایەکی خوارووی عێراق خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکردەوە و خۆپیشاندەران چەند بارەگایەکیان سوتاند و داوایانکرد سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق، بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات.[3]
- بە پێی راگەیێندراوێکی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 88 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون، لەگەڵ یەک حاڵەتی گیانلەدەستدان، لە بەرامبەریشدا 32 کەس چاکبوونەتەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی تورکیا رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردودا، یەک هەزار و 542 حاڵەتی نوێی توشبون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون و 47 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مائپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-10
[2] مائپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-10
[3] مائپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-10
[4] مائپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-10
[5] مائپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-11
کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 133
**2020-05-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382128



باکووری کوردستان
- ئەندامانی هەدەپە و دەبەپە سەردانی گۆڕستانە هەڵوەشێندراوەکانی ناوچەی گەڤەری وانیانیان کرد، سالیحا ئایدەنیز هاوسەرۆکی گشتی دەبەپە رایگەیاند: دەوڵەتی تورک لە ترسا هێرش دەکەنە سەر گۆڕستانەکان و ئەمەش زیهنیەتی داعشە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرزین رەزاعی سەرۆکی زانکۆی پزیشکی پارێزگای سنە رایگەیاند: تا ئێستا 1823 کەس لە و پارێزگایە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 133 کەسیش بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و 994 تووشبووش چاکبوونەتەوە. ئاماژەی بەوەشکردووە کە لەشاری سەقز 35 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و ئە و شارە لە پلەی یەکەم دێت و پاشانیش شاری سنە بە 28 کەس لە پلەی دووەمدا دێت.[1]
باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو ژمارەیەک چەکداری چەتەی داعش، چوونە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندی مێخاس لە سنوری شارۆچکەی خانەقین و دوو جوتیاری کوردیان رفاند، کە یەکێکیان ئەنجومەنی گوندەکەشە. سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی گشتی خانەقین رایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە نزیک گوندی مێخاس تەرمی ئەو دوو جوتیارە دۆزراونەتەوە.[2]
- ئەمڕۆ فەرمانبەرانی زانکۆی راپەڕین لە بەرامبەر پێنەدان و دواکەوتنی موچەکەنایان لە بەردەم دەرگای سەرەکی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕانییە گردبوونەوە.[2]
- ئەمرۆ لە بارەگای کۆمیتەی رێکخستنی مەخموری حزبی شیوعی کوردستان، هەریەک لە حزبی شیوعی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیارياندا، کە چەند کارێکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مەخموور بکەن.[2]
- لە سلێمانی لە دیدارێکدا د.بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەلومەرجی سیاسی و هەنگاوەکانی دوای پێکهێنانی حکومەتی عیراق و پێویستیی چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان تاووتوێ کرد.[1]
- سەرلە ئێوارەی ئەمڕۆ ئاگر لە چیای قەرەچوغی شارۆچکەی مەخمور کەوتەوە و ئاگرەکەش تا بێت زیاد دەکات و باس لەوە دەکرێت کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ئاگر لە پوش و پاوانی چیاکە بەردرابێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەڕیوەبەرایەتی خۆسەری باکور و رۆژهەڵاتی سوریا بە بڕیاری ژمارە (42) قەدەغەی چوونەدەرەوە و هاتوچۆی تا دوای پشووەی جەژنی رەمەزان درێژ کردەوە.[4]
- جێگری هاوسەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا رایگەیاند، حکومەتی سووریا ئامادەنییە لەگەڵ هیچ لایەنێک دیالۆگ بکات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی و ماڵپەڕەکانی سەر بە ئۆپۆسزیۆنی ئەو وڵاتە بڵاویانکردەوە، کەشتییەکی جەنگی ئێران بەناوی جەماران بە هەڵە تۆپبارانی کەشتییەکی دیکەی سەربازیی خۆیانی بەناوی کەنارەک کردووە و کوژرانی نزیک بە 40 کەس و برینداربوونی دەیانی دیکەی لێکەوتووەتەوە.[3]
- بە پێی ئامارێکی ڕۆژنامەی Oûest-France کە لە دەرەوەی ئێرانە، ئەو ئامارانەی کە دەوڵەتی ئێران بڵاویدەکاتەوە بە تەنها ئاماری نەخۆشخانەکانە و ئاماری راستەقینەی کۆرۆنا لە ئێران 80% لە ئاماری فەرمی دەوڵەت زۆرترە. بە پێی ئامارەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تا 10ی ئایار لە 315 پارێزگای ئێران 40 هەزار و 200 کەس گیانیان لەدەستداوە. بەو پێیەش لە تاران 6 هەزار و 750 کەس، لە قوم 3 هەزار و 330 کەس، لە خوزستان 2 هەزار و 702 کەس، لە گوڵستان 1250 کەس، لە هەمەدان 1050 کەس، لە لۆڕستان (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) 1045 کەس و لە پارێزگای کوردستانیش 650 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[4]
- تەندروستی عیراق رایگەیاند 51 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە و 56 توشبووش چاکبونەتەوە

لە ئێستادا 918 توشبوو لە نەخۆشخانەکان ماون.[1]
- لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا لە تورکیا 55 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، بەوەش کۆی گشتی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 3 هەزار و 841 کەس.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانییدا، قەدەغەی هاتووچۆی لە تەواوی پارێزگاکانی تورکیا لە 16 بۆ 19 ئەم مانگە ڕاگەیاند.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | گەڤەر |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | SY سووریا |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 11-05-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 11-05-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 11-05-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-05-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 11-05-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 11-05-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 134

**2020-05-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382129



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شارۆچکەی پەسوێی شاری پیرانشار، مێرمنداڵێکی تەمەن 17 ساڵەیان بە ناوی سەمیع شەریفیان کوڕی حەسەن دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست.[4]
- بەپێی هەواڵێکی کۆڵبەرنیوز، ئەمڕۆ لە گوندی سنووری بەردەپان سەربە شاری سەردەشتی پارێزگای ئورمیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی ئێران هێرشیان کردووەتەسەر گروپێک لە کۆڵبەران. بەپێی هەواڵەکە، ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە، ناوی کامەران مەولانیایە و تەمەن 32 ساڵ، خەڵکی گوندی گردمرشکی سەربە سەردەشت و باوکی منداڵێک بووە.[2]
- شەوی ڕابردوو، زیندانییانی بەندی ئەمن، حیمایەت و تەلاشی (امن، حمایت و تلاش) زیندانی ورمێ، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی و لەبەرچاونەگرتنی مەودای دیاریکراو بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ناڕەزایەتییان دەربڕی. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ، زیندانییانی نارازی تەواوی پەتوو، پەردە و کەرەستەی زیندانیان ئاگر تێبەرداوە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: بەندی ئەمن تەنیا 50 کەسی تێدا جێ دەبێتەوە کە هەنووکە زیاتر لە 150 کەسی تێدایە و بە کەمترین خزمەتگوزاری لەو بەندەدا ڕاگیراون.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو، لە ناوچەی شێخ باوە لە سنووری شارەدێی گوڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقینی سەر بەپارێزگای دیالە، چەتەکانی داعش دەغڵودانی جوتیاران سوتاند.[2]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەلایەن بەرەی خەڵک، مەراسیمێکی ماتەمینی بۆ کۆچی دوایی چالاکوان و پێشمەرگەی دێرین 'مستەفا حەسەنە گەورە' لە بەردەم باخی گشتیی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. لە مەراسیمەکەدا زۆرێک لە کەسایەتی و ڕۆشنبیران و چالاکوانان بە پۆشینی بەرگی ڕەش و دانانی وێنەی مستەفای حەسەنە گەورە لە سەر سینگیان ئامادەبوون. لە مەراسیمەکە لەبەردەم وێنەی مستەفای حەسەنە گەروە گوڵ دانراو مۆم داگیرسێندرا، پاشان لەپەڕاوێکدا هەریەکە لە ئامادەبووان چەند دێڕێکیان نووسی وەک وەفا و پێزانین بۆ کار و تێکۆشانی مستەفای حەسەنە گەورە لە مەیدانی سیاسی و تێکۆشانی دژ بە گەندەڵیدا.[2]
- هێرشەکانی چەتەکانی داعش لە سنووری شارۆچکەی خانەقین زیادیان کردووە، بەشێوەیەک لە 24 کاتژمێردا چوار هاوڵاتی شەهید کراون، بەرپرسانی ئەمنی و کەسوکاری قوربانییەکان باس لەوە دەکەن، کە قوربانییەکان دەستبەسەرکراون پاشان شەهیدکراون، لە پێنج دەستبەسەرکراو تەنها کچێکی سێ ساڵ ڕزگاریی بووە.[2]
- شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش لە گوندی تەفرەقە لە خانەقین هێرشیان کردووەتە سەر تاکسییەک کە چەند مەدەنییەکی تێدابووە، چەکدارانی حەشدی شەعبی بە هانای ئەو کەسانەوە چوون و بۆمبیان پێدا تەقیوەتەوە. کوژراو و بریندار لە چەکدارانی حەشدی شەعبی هەن.[1]
- دوای کوشتنی دایک و باوکی، ژمارەیەک چەکداری داعش، لە گوندی تەفرقە سەربە خانەقین منداڵێکی کچی تەمەن دوو ساڵییان ڕفاندووە، دواتر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ڕزگارکراوە.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گەرەکی تین لە شارۆچکەی خورماتوو پاسەوان و بانگخوازێک بەناوی فاروق مەجید بە دەستڕێژی گوللە دەکوژرێت، قایمقامی شارۆچکەکە دەڵێت، پێدەچێت کوشتنەکە بەهۆی کێشەی مەزهەبییەوە بووبێت.[1]
دەرەوەی کوردستان
- شانەی جەنگی عێراق بڵاویکردەوە، بەیانی ئەمڕۆ داعش دوو سەربازی عێراق و دوو چەکداری حەشدی شەعبی لە دوو هێرشی جیادا کوشتووە و دوو کەسی دیکەی بریندار کردووە.[2]
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک ڕایانگەیاند، لەو وڵاتە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 53 کەس گیانیان لەدەستداوە. بەم پێیە ژمارەی ئەو کەسانەی لە تورکیا بە

هۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، بە گشتی گەیشتووەتە 3 هەزار و 894 کەس. هاوکات 141 هەزار و 475 حاڵەتی تووشبوونیش تۆمار کراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-12

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-12

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-12

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-12

[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-12

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 135

**2020-05-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382130



باکووری کوردستان
- بە پێی لێدوانی بەرپرسانی تورک لە شاری وان بە گشتی 380 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 8 کەس گیانیان لەدەستداوە و 44 کەسیش لە کەرەنتینەدان.[1]
- سیاسەتمەداری کورد مەحمود ئالیناک لە 17ی شوباتدا لە شاری قەرس بە بیانوی 'یەکپارچەیی دەوڵەت دەخاتە مەترسیەوە، سەربەخۆیی دەوڵەت لاواز دەکات' دەستگیرکرا و داواکرا سزای هەتا هەتایی بەسەردا بسەپێنرێت. لە دانیشتنی دادگادا کە لە 2مین دادگای سزا قورسەکانی قەرس بەڕێوەچوو، مەحمود ئالیناک ئازادکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هوشەنگ بازوەند، پارێزگاری کرماشان رایگەیاند دۆخی تەندروستیی پارێزگای کرماشان باش نییە و شەپۆلی سێهەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتە هۆی هەڵکشانی ئاماری تووشبووان لە پارێزگاکە.[2]
- دیوانی باڵای وڵات حوکمی 11 ساڵ زیندانیی تەعزیریی مامۆستایەکی کوردی خەڵکی شاری بۆکان، بە ناوی سەید ئارام ئەمین زادەی پشتڕست کردەوە.[8]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک دوو گوندی مادلوو و وەکیل سەر بە شاری چاڵدێران، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و سێ کۆڵبەر بەتوندی بریندار بوون. لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، رەزا سەرشیری، مەناف حەسەنزادە لە لای ئەژنۆ و بێهزاد ڕەمەزانی لە لای ناوقەدیەوە پێکراون. ئەو سێ کۆڵبەرە کوردە، خەڵکی گوندی وەکیلن و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراون.[8]
باشووری کوردستان
- تورکیا چەند گوندێکی ناوچەکانی دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارۆچکەی کانی ماسێ لە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکەن و زیانی بە چەند خێزانێک گەیاندووە، بەڕێوەبەری شارۆچکەکەش دەڵێت، سێ شەوە لەسەریەک ناوچەکەیان بۆردوومان دەکرێت.[2]
- ئەمرۆ 33 ساڵ تێپەردەبێت بەسەر راپەڕینی خەڵکی ناوچەکانی هەڵەبجە، هەورامان، شارەزوور، دژ بەدامو دەزگاکانی رژێمی بەعس لەناوچەکەدا، بەو بۆنەیەوە لە گۆڕەپانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە یادەکە بەرز راگیرا.[5]
- یەک تووشبووی نوێ بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 50 ساڵ بە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی کۆڕۆنا پشکنینی تاقیگەیی بۆ ئەنجامدراوە و پۆزەتیف دەرچوو، دانیشتووی ناو شاری سلێمانیە.[7]
- کاروان گەزنەیی، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، ئەمرۆ، لە لاپەڕەی خۆی لە فەیسبوک رایگەیاند: کۆمپانیایەک لە هەولێر بەناوی (ئابور گروپ) نزیکەی (6) ملیار یۆرۆ دەنێرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەی کەناری وارف لە لەندەن بۆ بانکیHSBC کە یەکێکە لە گەورەترین بانکەکانی جیهان.[6]
- جەمیل بایک، هاوسەرۆکی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کەجەکە، رایگەیاند: سیاسەت و گەمارۆی پارتی لەسەر کەمپی پەنابەرانی مەخموور شەمەزارییەکی گەورەیەو دەشڵێت: ئەم سیاسەتە هیچکات خزمەت بە پارتی و بە کورد ناکات و لە خزمەتی دەوڵەتی تورکیادایە، پێویستە پارتی دەستوبرد کۆتایی بەو گەمارۆیە بێنێت.[6]
- لە گەرەکی برایەتی خورماتوو تەقە لە هاووڵاتییەکی کورد دەکرێت و بەهۆیەوە بەسەختی بریندار دەکرێت.[3]
- بەیانی ئەمرۆ، دەستەی مامۆستایانی نارازیی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی گردبوونەوە. لە گردبونەوەکەدا، مامۆستایان و فەرمانبەران نارەزایەتیان دەربڕی دژی دواکەوتنی مووچەکانیان و نەدانی لە کاتی خۆیدا بە ستەمێکی گەورە دژ بە خەڵکە وەسفکرد.[5]
- جووتیار عادل، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفراسێکی رۆژنامەوانییدا رایگەیاند، حکومەتی هەرێم هەر داهاتێک بێتە دەستی، بۆ مووچەی فەرمانبەرانی خەرج دەکات. راشیگەیاند، بە گوێرەی ئە و داهاتەی لە بەردەستمانە هەوڵ دەدەین پێش جەژن مووچەی

هەموو وەزارەتەکان دابەش بکەین.[4]
- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، ئەمساڵ زیاتر لە یەک ملیۆن تۆن گەنم لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام بەغدا 360 هەزار تۆن وەردەگرێت و ئەوەش غەدرێکە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە.[2]
- سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان رایگەیاند، 11 پەرلەمانتار بە یاداشتێک داوای دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی سووتاندنی دەخڵی جووتیاران دەکەن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی فاشیست و داگیرکەر تورک، زەویە کشتوکاڵیەکانی دانیشتوانی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی شاری بابیان سووتاند. شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی باب بە هاوکاری جوتیارانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی ئاگرەکە زیاتر تەشەنە نەسەنێت، هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ و ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کرد. باران ئاریمە شەڕڤانی ئەنجومەنی سەربازی باب رایگەیاند، ئاگرەکە کە لە گوندی شێخ ناسر کە لە لایەن چەتەکانی قەلغانی فورتەوە داگیر کراوە، دەستی پێکردووە و هەموو زەوی و زاری کشتوکاڵی ناوچەکەی سووتاوە.[1]
- ئەمشەو لە ناوەندی شاری عەفرین لەرۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک روویداوە و بریندار هەیە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای نیشتمانی لیبیا رایگەیاند، لە دۆڵی رەتم لە ناوچەی شوێرف لە باشووری لیبیا، فڕۆکەیەکی دیکەی بێفڕۆکەوانی تورکیایان خستووەتە خوارەوە.[4]
- روانگەی سوری بۆ مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکات، دەوڵەتی تورک لەژێر ناوی کارکردندا 150 منداڵی راهێنراوی سوریای رەوانەی لیبیا کردووە بۆ شەڕ و لەو چوارچێوەیەشدا 16یان کوژراون.[5]
- کیانوش جهانپور، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، ڕایگەیاند: بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان لە 24 کاتژمێری ڕابردوو هەزار و 958 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران تۆمارکراوە و بەوپێیە ژمارەی گشتی تووشبووان گەیشتووەتە 112 هەزار و 725 کەس، هەر لەو ماوەیەدا، 50 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی گشتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئێران گەیشتووەتە شەش هەزار و 783 کەس، تا ئێستاش 89 هەزار و 428 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: لیبیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات: IR ئێران
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-13
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-13
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-13
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-13
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-13
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-13
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-13

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 136

**2020-05-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382131




رۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ هاووڵاتیی دیکەی پیرانشار بە ناوەکانی ئەسعەد سوور لاچینی کوڕی سەلاح، ڕێبوار سەید محەمەدی و خالید سەید محەمەدی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[5]
- بەگوێرەی دوایین ئاماری زانکۆ پزیشکییەکانی هەر پێنج پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تائێستا 10 هەزار و 889 کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوونە و لەو ژمارەیەش 607 کەسیان گیانیان لەدەستداوە.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد ساڵحی تەمەن 46 ساڵ خەڵکی گوندی خوریئاوای شاری بانە، بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار و لاقی ڕاستی لە قولاپەی پێی لە دەس دا. ئەو هاووڵاتییە کوردە، لە بەرزاییەکانی هەرمێ دوڵ نزیک لە سنووری بەستام لە کاتی کۆکردنەوەی گیای بەهاری تووشی ئەو ڕووداوە، ببوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی کانی ماسێ گەریلاکانی پەکەکە هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی تورکیا و شەڕ و پێکدادان لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلاکان ڕوویدا و بەهۆیەوە هێڵی 33 کەیڤیی کارەبای نیشتمانیی نێوان ئامێدی و کانی ماسێ پچڕا.[2] هێشتا زیانەکانی داگیرکەری تورک نازانرێت چەندە.
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: پەرلەمان کۆنابێتەوە تا ئەوکاتەی نەبێتە شوێنی خواستنی هەموو لایەنەکان و باس لەکێشەکانی خەڵکی کوردستان بکات، ئەوکاتە کۆدەبێتەوە کە بەشکۆیەکی تایبەت و متمانەیەکی تایبەت بچێتەوە ناو پەرلەمان. سەرۆکی پەرلەمان ڕاشیگەیاند: بانگهێشت بۆ کۆبوونەوە ناکەم تا نەگەمە ئەو بڕوایەی کە کۆبوونەوە سودی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان.[6]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: کێشە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان هەیە و هەتا ڕێکنەکەون و میکانیزمی کارکردن نەگۆڕن بەشداری کۆبونەوەکان ناکەین.[6]
- ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دووپاتیدەکاتەوە، کە هیچ لایەنێک ناتوانێت کارەکانی پەرلەمان پەکبخات و هیچ هۆکارێکیش بۆ پەکخستنی کارەکانی پەرلەمان نییە. گوتیشی، فراکسیۆنی پارتی پاڵپشتی هەموو دەستپێشخشەریەک بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان دەکات.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، پێنج تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، کوڕێکی تەمەن 17 ساڵ و سێ ئافرەت تەمەنیان 43، 21 و 19 ساڵ و منداڵێکی تەمەن 6 ساڵ، دانیشتووی شاری سلێمانین، وە خانەوادەی تووشبووەکەی دوێنێی شاری سلێمانیە.[8]
- عەمید کەمال مەحموود، فەرماندەی لیوای 5ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند: شەوی ڕابردوو ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش لە سنووری کوڵەجۆ ڕووینەداوە، بەڵام ئەوەی هەبووە لە باخەکانی کوڵەجۆ لە کامێرای چاودێری تێبینی هەندێک جموجۆڵکراوە، پێشمەرگەکانیش تەقەیان لێکردوون.[2]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ کەمئەندامانی سنوری شاری سلێمانی دژی دواکەوتن و پێنەدانی موچەکانیان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، لەبەردەم بینای یەکێتی کەمئەندامانی کورستان، لە سلێمانی بە دروشمی کوا مووچەی کەمئەندامان گردبوونەوە.[7]
- ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق لە بازنەی کەرکوک دەڵێت: لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کەرکوک کراون، 119 پۆست کە پێشتر بە دەست کوردەوە بوون دراونەتە پێکهاتەی دیکە.[2]
- جارێکی دیکە دادگای کەتن(2) ی هەولێر داوا لە ڕۆژنامەنووس هێمن مامەند دەکاتەوە کە ڕۆژی یەکشەممە 17-05-2020 لەبەر دەم دادگا ئامادەبێت، ڕۆژنامەنوسەکەش دەڵێت، دەیانەوێت لەجەژندا لە زیندان بم.[6]
- گەنجێک لە نزیک یانەی ئەندازیاران لە شاری سلێمانی خۆی بە تاوەرێکی کارەدا هەڵواسی و

خۆی خنکاند. بەگوێرەی زانیارییەکان ئەو گەنجە کە هێشتا ناسنامەی دیار نییە، بە قایشی پانتۆڵەکەی خۆی بە تاوەرێکی کارەبادا هەڵواسیوەو خۆی خنکاندوە.[4]
- پێشانگەکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کراونەتەوە، بەڵام بازاڕیان هێشتا سارد و سڕە و نەگەڕاوەتەوە بۆ دۆخی پێش کۆرۆنا. بە گوتەی خاوەن پێشانگەکان، بە نزیکەیی لە 80% مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کەمبووەتەوە و بەراورد بە پێش کۆرۆنا ژمارەی گرێبەستەکانیش زۆر کەمبوونەتەوە.[2]
- ڕاگەیاندنی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی فیدراڵ 142 قوتابی و خوێندکار لە وڵاتی قوبرس گەڕێندرانەوە هەرێمی کوردستان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە نزیک نەخۆشخانەی جیهان لەسەر ڕێگای ڕاجۆ لە عەفرین، کە لە ژێر داگیرکەریی تورکیا و گروپە چەکدارەکانیدایە، تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان تەقینەوەکە کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە، بەڵام زانیارییەکی ڕوون لە بارەی زیانە مرۆیی و مادییەکانی تەقینەوەکە لەبەردەستدا نییە.[4]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە بەردەوامیی تاوانەکانیاندا گوندی سەموقا و بەنداوی شەهبا لە هەرێمی شەهبا بە چڕی بۆردومان دەکات. هاوکات ئەو دەوڵەتە داگیرکەرە و چەتەکانی گوندەکانی مەرەناز، مالیکییە و شوراخا و قەڵای شوراخا لە ناوچەی شەرای عەفرین بۆردومان دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی - ئەمنستی ئینتەرناشناڵ داوای سۆراخی هیدایەت عەبدوڵڵا پوور، بەندکراوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە بەتۆمەتی ئەندامبوون لە حیزبی دیموکرات سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە و سێ ڕۆژە بێ سەروشوێنە.[2]
- حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە، بۆ ڕێگریکردن لە سووتاندنی بەرووبوومی جووتیاران ژووری ئۆپەراسیۆنیان پێکهێناوە.[2]
- فەلاح ئەلخەفاجی، لە لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، ڕێژەی هەژاری لە عێراق بەجۆرێک بەرزبووەتەوە 70%ی تێپەڕاندووە.[3]
- دابەزینی هەناردەی نەوتی ئێران ژمارەی پێوانەیی تۆمارکرد و هۆکاری سەرەکی ئەو دابەزینەش بۆ گوشارەکانی ئەمریکا وبڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا دەگەڕێتەوە. بە گوێرەی ئامارێکی کۆمپانیای وزەی کپلەر، لە مانگی ئاداردا ئێران 287 هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێکدا هەناردەکردووە، لە نیساندا ئەو ژمارەیە بۆ 70 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا دابەزیوە و ئەوەش نزمترین ئاستی بەرهەمهێنانە لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوو.[2]
- جهانپور ڕایگەیاند: بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان لە 24 کاتژمێری ڕابردوو هەزار و 808 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران تۆمارکراوە و بەوپێیەش ژمارەی گشتی تووشبووان گەیشتووەتە 114 هەزار و 533 کەس، هەر لەو ماوەیەدا، 71 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی گشتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئێران گەیشتووەتە شەش هەزار و 854 کەس، تا ئیستاش 90 هەزار و 539 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.[7]
- لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 55 کەسی دیکە لە تورکیا بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-14
[8] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 137
**2020-05-15**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382132



باکووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک هەڵیانکوتایە سەر شارەوانییەکانی هەدەپە لە شارەکانی ئیدر، سێرت و خانا هەولێلی سەر بە سێرت و داگیریان کردن. پۆلیس گەمارۆی بینای شارەوانییەکانیان داوە و هاوسەرۆکانی ئەو شارەوانییانە لەسەر کارەکانیان دەرکران و دەستگیر کران، لە شوێنی ئەوان خۆسەپێنەر دانران.[3]
- پۆلیس و جەندرمە و سوپای تورکی داگیرکەر لە ناوەندی قەلقەلیی وان و ناوچەکانی دەورووبەری لە بەردەوامیی ئۆپراسیۆنەکانیان بۆ پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و 43 کەسیان دەستگیرکرد. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان یەکێک لە دەستگیرکراوەکان بورهان ئاتماجا هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەکەیە و ژمارەیەک سیاسەتمەداری کوردیش لە ناو دەستگیرکراوەکاندان.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پەروەردەی کرماشان بڕیاری دەرکرد کە خوێندکاران سەربەستن لەوەی کە دەوام بکەن یان نەکەن، بەڵام مامۆستایان دەبێت دەوام بکەن. ئەم بڕیارە لە سبەینێوە دەستپێدەکات.[2]
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ملەی تەتەی هەورامان تەقەیان لە کۆڵبەران کردوە و لە ئاکامدا دو کۆڵبەر بە سەختی برینداربون.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەباس سدیقی خەڵکی گوندی شێلم جاران سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بەبێ بەڵگەیی یاسایی بووە و هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان ئازار و ئەشکەنجە داوە.[8]
باشووری کوردستان
- دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی ئەحمەد عەدنان و ئەحمەد عەباس کە کاسبکاران و کوردن، لە گوندی یوسف بەگی سەر بە خانەقین ڕفێندراون و لەبەرامبەر ئازادکردنیان داوای 20 دەفتەر دۆلار لە کەسوکارەکەی دەکرێت.[7]
- ڕێکخراوی داعش بەرپرسیارێتی خۆی لە سووتاندنی گەنمی جووتیارانی سنووری خانەقین ڕاگەیاند و چەند وێنەیەکیان لە پێگە تایبەتەکانی لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، لە دیمەنەکانیاندا ساتی ئاگرخستنەوە لە گەنمی جووتیاران لەلایەن چەکدارەکانییەوە نیشان دەدات.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریدا کە ئەمڕۆ بۆ نوێژی هەینی دەرگای مزگەوتەکانی باشووری کوردستان بکاتەوە.[1]
- شەوی ڕابردوو گروپێک چەکداری نەناسراو هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی موبارەک لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە و کەسێکیان بەسەختیی بریندار کرد، دواتر لەکاتی گواستنەوەی لە نەخۆشخانەی خانەقینەوە بۆ سلێمانی، لەڕێگا گیانی لەدەستدا. هەر لەکاتی هێرشەکەدا ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان خەڵکی گوندەکە و چەکدارەکان هاتووەتە ئاراوە و لە ئەنجامدا گوندنشینێکی دیکە بریندار بووە. بۆ بەهاناوەچوونی خەڵکی گوندی موبارەک، هێزێکی سەر بە لیوای 23ی حەشدی شەعبی بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن، بەڵام لەڕێگادا بۆمبی چێندراو بە ئۆتۆمبێلەکەیاندا تەقییەوە و بەهۆیەوە چەکدارێک کوژرا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[3]
- لە گووندی زەنقەڕی کاکەیی لەسنووری داقووق 200 دۆنم دەغڵوودانی جووتیارێکی کورد سووتێنرا.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- حەفارەیەکی سوپای تورکی داگیرکەر لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ لێلیکانی خواکورک لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا تەقێنرایەوە و بەو هۆیەوە حەفارەکە بە تەواوەتی تێکشکێنرا و شۆفێرەکەی و سەربازێکی پاسەوانی حەفارەکەش کوژران.[6]
- محەمەد خۆشناو، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئەگەر مەترسی کۆرۆنا بەرزبێتەوە و ژمارەی حاڵەتەکان چەندهێندە بێتەوە، بێگومان هەمو ئە و ڕێکارانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر، دەیانگرینەبەر وەکوداخستنی دەوام بەشێوەیەکی یەکجاری و

داخستنی بازاڕ. دەشڵێت: بەڵام تا ئەم ساتە هیچ بڕیارێک نییە بۆ دوبارە سەپاندنەوەی قەدەغەی هاتوچۆ.[5]
- پرۆژەی باخچەی ئاژەڵان لە شاری هەولێر کرایەوە و بەڕێوەبەری هونەری باخچەکە رایگەیاند، کردنەوەی باخچەکە سەرەتاییەو بۆ رۆژانی جەژن، بەشێوەیەکی رەسمی، بەڕوی هاوڵاتیاندا دەکرێتەوە.[5] (بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە رێگەی دوو فڕۆکەوە 139 هاونیشتمانی لە سوێد و 84ی دیکە لە ئیماراتەوە کە بەهۆی وەستانی گەشتە ئاسمانییەکان لە ئەوروپا و ئیمارات گیریان خواردبوو، گەڕێنرانەوە هەرێمی کوردستان.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک نیوەڕۆی ئەمڕۆ زەوی کشتوکاڵیەکانی گوندەکانی فەیسەلیە و ریحانیەی تل تەمری سووتاند.[6]
- چالاکڤانانی شارۆچکەی شەرا لە عەفرین رایانگەیاند، چەکدارە هاوردەکراوەکان، چەندینجار هەوڵیانداوە گۆڕستانی قەرەجەرنەی شارۆچکەکە بکەنە شوێنی مانەوەی ئاژەڵەکانیان. لەکاتێکدا گۆڕستانەکە لەلایەن خەڵکی عەفرین پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە و وەک سیمبووڵی ئایینی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و بایەخی پێدەدەن.[4]
- لیرەی سووری بەردەوامە لە لەدەستدانی بەهاکەی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی ناسەقامگیری لە بازاڕەکانی رۆژئاوای کوردستان و سووریا. ئێستا یەک دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە 1700 لیرەی سووری مامەڵەی پێوەدەکرێت و، بەراورد بە ساڵێک لەمەوبەر نرخی دۆلار بەرامبەر بە لیرەی سووری دوو هێندە بووەتەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران ئەمڕۆ نوێترین ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی وڵاتەکەی بڵاوکردەوە کە تیایدا 48 کەس گیانیان لەدەستداوە، بەوەش ژمارەی گیان لەدەستدان بە کۆرۆنا لەو وڵاتە گەیشتووەتە شەش هەزار و 902 کەس.[3]
- بەرپرسانی تورک رایانگەیاند، بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە تورکیا لەماوەی 24 کاتژمێردا 48 کەس گیانیان لەدەستدا. بەو پێیەش لە تورکیا 4 هەزار و 55 کەس گیانیان لەدەستداوە و 164 هەزار و 457 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی عێراق بڵاویکردەوە، 50 تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق تۆمار کراون.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: SY سووریا
وڵات: ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی
وڵات: SE سوید
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-15
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-17


کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 138

**2020-05-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382133



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە سەمسور ڕێگای نەدا تەرمی گەریلا زەینەل گۆزوبویوک بە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی تەرم بگوێزرێتەوە و ڕێگاشی نەدا تەرمی ئەو گەریلا شەهیدە بشۆردرێت و پرسەشی بۆ دابنرێت.[6]
- لە ناوچەی نسێبینی شاری مێردینی باکوردی کوردستان لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنێکی پۆلیسی دەوڵەتی فاشیستی ئاکەپەدا بۆ سەر ماڵی هاوڵاتیان، 3 کەس دەستگیر کران.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بڵاویکردوەتەوە، بەرەبەیانی ئەمرۆ شەممە کۆڵبەرێکی لاوی خەڵکی شنۆ لەکاتی چون بۆ کۆڵبەری کەوتوتە ناو ڕوباری گادەر و گیانی لە دەستداوە. ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو کۆڵبەرە تەمەن 25 ساڵە ناوی ئارام مەولودی-یە، کە خێزاندار بوە و تەرمەکەی لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە دۆزراوەتەوە.[3]

- هەفتەیەک بەسەر نارِوونیی چارەنووسی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە سێدارە لە گرتووخانەی ورمێ، تێدەپەرێت. هەتا ئێستا بەدواداچوونەکانی بنەماڵەی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووس و شوێنی راگیرانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بێئاکام ماوەتەوە.[5]
- ئەمڕۆ قوتابخانەکان لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە داخرابوون، بەشێکیان بە رووی قوتابییاندا کرانەوە، بەڵام بەپێی راگەیاندنە ناوخۆییەکانی ئێران کەمتر لە 10٪ی قوتابییان چوونەتە پۆلەکانی خوێندن.[1]
باشووری کوردستان
- رێپێوانی درێژمەودوای گەنجانی باشووری کوردستان بە پشتیوانیی 105 رێکخراو بەرەو زینی وەرتێ بۆ دژایەتیی داگیرکەری تورک دەستیپێکرد. بەڵام بە گەیشتنیان بە بازگەی سەرکەپکان لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە رێگرییان لێکرا.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بۆ رێگرتن لە خۆپیشاندان لە دهۆک، شەوی رابردوو مامۆستا بەدەل بەرواری لەلایەن ئاساییشەوە دەستگیرکرا و بۆ شوێنێکی نەزانراو راگوێزرا.[4]
- ژمارەیەک لە فەرمانبەران و مامۆستایانی دهۆک بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی موچەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد، خۆپیشاندانەکە لەلایەن هێزەکانی ئاساییش بڵاوەی پێکرا و چەندین کەس و تیمی رۆژنامەنووسی دەستگیرکران.[4]
- دوای خۆپیشاندانی دهۆک، بەشێک لە مامۆستایانی شێلادزێ ویستیان دژی دواکەوتنی موچە گردبوونەوە ئەنجامبدەن، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە رێگرییان لێکرا.[8]
- لە کاژێر 08:30 خولەکی بەیانیی ئەمڕۆ ئاگر لە کۆگایەکی سووتەمەنی لەسەر رێگەی مەخموور - هەولێر کەوتووەتەوە کە بەنزینخانەیەکیشی لە تەنیشتدایە، بەو هۆیەشەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، حەفت تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، چوار ئافرەتی تەمەنەکانی 55 و 41 و 22 و 17 ساڵ و پیاوێکی تەمەن 45 و کوڕێکی گەنجی تەمەن 18 ساڵ و کوڕێکی منداڵ تەمەن 10 ساڵان، چوار تووشبوو دانیشتووی شاری سلێمانین و سێ توشبووەکەی تر دانیشتووی شارەدێی بازیانن.[4]
- لیژنەی ئەمنیی پارێزگای دهۆک لە راگەیێندراوێکدا رایگەیاند، چەند رۆژێکە بانگەشە و پڕوپاگەندە بۆ خۆپێشاندان دەکرێت لە ئەمڕۆدا، بەڵام ئێمە وەک لیژنەی ئەمنی هیچ مۆڵەتێکی فەرمیمان بۆ ئەو خۆپێشاندانە نەداوە.[1]
- هاوڵاتیانی کامپی پەنابەرانی مەخموور بۆ شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژیی ساڵی 1997ی هەولێر رێپێوانێکیان ئەنجامدا، کەسوکاری بێسەروشێنکراوانی ئەو کۆمەڵکوژییە رایانگەیاند، کە هیچ کەس و لایەنێک بە داگیرکاریی و کۆمەڵکوژیی ناتوانێت سەربکەوێت.[8](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هۆشداری دەداتە هاووڵاتیان، کە وەک پێویست پابەندی رێنماییەکان نابن و داواش دەکات بۆ ئەوەی پارێزراوبن و دووربن لە نەخۆشی کۆرۆنا، پابەندی رێنماییەکان بن، چونکە هێشتا مەترسی ماوە.[3]
- لە ناوەندی شارۆچکەی دوکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ کاسبکاران ئەنجامدرا.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند، پرسە، چونە سەر قەبران، کۆبونەوە و بەر یەککەوتن و تێکەڵاوبون لە هەر شوێنێک بێت لە ئێستا و جەژنیشدا قەدەغەیە، ئەو شوێنانەشی کراوەنەتەوە پێویستە پابەندبن بە مەرجەکانەوە، دەشڵێت، لە رۆژانی جەژندا دەبێت تێکەڵاوبون و ئەو کلتورە جوانەی هەمانە رایانبگرین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی تورکیا نارەزایی خۆی لەبارەی دانوستاندنەکانی نێوان ئەنەکەسە و یەپەگە دەربڕی و رایگەیاند، تورکیا رێگە نادات بە دروستکردنی رێڕەوێکی تیرۆر لە باکووری سووریا و

ڕەواییدان بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی.[1]
- نوێترین داتاکانی وەزارەتی دارایی لە تورکیا ئاشکرای دەکات، کورتهێنانی بودجە لە تورکیا بەرێژەی 135.8% بەرزبوونەوەی تۆمارکردووە لەسەر بنەمای ساڵانە، کە یەکسانە بە 43 ملیار و 200 ملیۆن لیرە.[2]
- جهانپور رایگەیاند: بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان لە 24 کاتژمێری رابردوو هەزار و 757 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران تۆمارکراوە و بەوپێیەش ژمارەی گشتی تووشبووان گەیشتووەتە 118 هەزار و 392 کەس، هەر لەو ماوەیەدا، 35 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی گشتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئێران گەیشتووەتە شەش هەزار و 937 کەس، تا ئیستاش 93 هەزار و 147 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | دوکان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ماردین |
| شار و شارۆچکەکان: | نوسەیبین |
| شار و شارۆچکەکان: | شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | مەخموور |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 16-05-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 16-05-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 16-05-2020
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 16-05-2020

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-16
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2020-05-16
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-05-16

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 139

**2020-05-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382134



باکووری کوردستان

- لە گەڕەکی شەهیدلیک لە شارۆچکەی یەنیشەهیری ئامەد ئەنجامی پشکنینی کۆرۆنای کەسێک پۆزەتیف دەرچوو کە لە مەولوودێکدا بەشداری کردبوو. دوای پشکنین دەرکەوت 36 کەسی دیکە کە بەرکەوتەی ئەو تووشبووەن و بەشدارییان لە مەولوودەکەدا کردووە هەڵگری ڤایرۆسەکەن.[2]

- جاسم بوداک هاوسەرۆک شارەوانی ڤارتینیس دوای ئەوەی دەست بەسەر شارەوانیەکەیداگیرا، خۆشی دەستگیرکرا.[1]

- لە گوندی یامانیوردی سەر بە ناوچەی سەریای وان بەهرام یوسفی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن سەربازانی تورکەوە شەهیدکرا. بە پێی زانیاریەکان یوسفی لەسەر سنوری کاری بازرگانی دەکرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزسیونی حکوومەتی ئێرانی بانگهێشت کردووە و لێپرسینەوەی لێکردوون. هێزە ئیتلاعاتییەکان، داوای زانیاریی تاکەکەسی و ژمارە تەلەفوونی بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێرانیان، کردووە. هێزە ئیتلاعاتییەکان داوایان لە بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکان کردووە کوڕ و کچەکانیان کە ئەندامی حیزبە کوردییەکانن بگەڕێننەوە ئێران. هەروەها، هێزە ئەمنییەتییەکان بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکان ناچار کردووە کە فۆرمی ئیتلاعات و زانیارییەکی تاکەکەسی پڕ بکەنەوە.[6]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو، بەهۆی بۆردومانی هاوەنەکانی گرووپی تیرۆرستی داعشەوە ئاگر لە دەخڵودانی جوتیارانی سنوری گوندی قەرەمیایی لەشارۆچکەی خانەقین بەردەبێت و زیانێکی ماددیی گەورەی لێدەکەوێتەوە.[3]

- ئاگرێکی تری گەورە لە چیای قەرەچوغ کەوتەوە، هاوڵاتیانی کامپی مەخموور و هێزێکی پێشمەرگە توانیان لە ماوەی 3 کاتژمێردا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- شەوی ڕابردوو، جارێکی دیکە ئاگر لە دەغڵ و دانی هاووڵاتیان لە گوندی ئازیکەند لە مەخموور کە گوندێکی کوردنشینە بەردرا. گوندەکە 9 کیلۆمەتر لە مەخموور دوورە و دەکەوێت بناری چیای قەرەچووخ، بەهۆی ئەوەی مەترسی هێرشی چەکدارانی داعش لەوێ زۆرە، هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ئامادەنەبوون پاسەوانی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوەکان بکەن و ئاگرەکە بکوژێننەوە. لەبەر ئەمەش، لە مزگەوتی گەورەی مەخموور، داوا لە هاووڵاتیان کراوە، هاوکاری کوژاندنەوەی ئاگرەکە بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش، نزیکەی 100 کەس بە بەتانی و ئاو، چوون بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە.[5]

- سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە خۆپیشاندانەکەی دوێنێی دهۆکدا زیاتر لە 100 مامۆستا، ڕۆژنامەنووس، فەرمانبەر و چالاکوان، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکران و تائێستا 15 لە خۆپیشاندەرەکان لە زینداندا ماون و ئازاد نەکراون.[4]

- لە سنووری شارۆچکەی سۆران ڕایگەیاند، لە چیاکانی دۆڵی ڕوستی باڵەکایەتی و لەنێو کۆمەڵەی

زەحمەتکێشانی کوردستان بووتە شەڕ و بەهۆیەوە پێشمەرگەیەک گیانی لەدەستداوە و یەکێکی دیکەش بریندارە.[2][7](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- بەشێک لە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی هەڵەبجە بایکۆتی دەوامیان کردو داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێوەبەری تەندروستی شارەکەیان کرد.[4]
- مامۆستایانی ناڕازیی و دەستەی داکۆکیکار لە مامۆستایان لە کەرکوک گردبوونەوە و پێدانی مووچەکانیان و گواستنەوەی ڕاژەکانیان بۆ سەر عێراق لە داواکارییە سەرەکییەکانیان بوون.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی ڕانیەی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین، مۆستایان و ڕۆشنبیران، چالاکوانان و هاوڵاتیانی ڕاپەڕین، دژی دواکەوتنی موچە و خراپی دۆخی ئابووری و گەندەڵیی لە بەڕێوبردنی حکومەتدا خۆپیشاندانێکی فراوانیان ئەنجامدا.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- مامۆستایانی ناڕازی هەولێر، داوای دەستبەجێ ئازادکردنی مامۆستایانی شاری دهۆک دەکەن، هەروەها دەڵێن، کە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین مافی هەموو کەسێکە، ئەگەر داواکارییەکانمان جێبەجێ نەکەن هەموو ئەگەرێک لە بەردەمماندا کراوەیە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی مەدەنیانە.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی سلێمانی بڵاویکردەوە، بەرە بەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر سێ و پێنج خولەک، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.7 پلە بە پێوەری ڕێختەر لە دووری 24 کیلۆمەتر لە چەمچەماڵ و 32 کیلۆمەتر لە سلێمانی روویداوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای داگیرکەری تورک لە سەر هێڵی سنووری هاوڵاتیەکی مەدەنی بە ناوی محێدین عەبدوڵلا (50) ساڵانیان کوشت. بە پێی زانیاریەکان ئەو هاوڵاتیە لەسەر زەویە کشتوکالیەکانی، خەریکی کاری کشتوکاڵی بووە و بە گوللەی سەربازانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کوژراوە.[1][2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە تۆپی جۆری ئۆبیس و هاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکانی نێوان تل وەرد و مەردودیە لە 20 کیلۆمەتریی باکووری عەین عیسا بۆردومانکرد و لەو ڕێگەیەوە ئاگریان بەردایە دەخڵ و دانی هاووڵاتییانی ئەو ناوچەیە.[1]
- هاووڵاتییەک بە ناوی محەمەد حەسەن جابر هەوڵیدابوو لە ڕەقاوە بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی بە ناوی میرگین لە ڕۆژئاوای تەل خەلەف لە ناوچەی سەرێکانی، بەڵام ئەو هاووڵاتییە لەلایەن چەتەکانی دەوڵەتی تورکەوە کوژراوە.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی دەستیانکرد بە تۆپباران کردنی گوندەکانی ناوچەی شێراوا، دوای ئەوەش گوندەکانی شەرایان بە چەکی قورس کردە ئامانج.[4]
- کاتژمێر 02:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە زیندانی ناوچەی هۆل لە ڕۆژهەڵاتی حەسەکە، حەوت چەتەی داعش لە زیندانەکە هەڵهاتن. بە گوێرەی ئاژانسی هاوار، چوار لەو چەتە هەڵهاتووانە لەلایەن هێزەکانی قەسەدەوە دەستگیرکراونەتەوە و گەڕان بۆ دۆزینەوەی سێ چەتەی دیکە بەردەوامە.[4]
- تەندوستیی کەرکوک ڕایگەیاند، پێنج تووشبووی دیکەی کۆرۆنای چاکبوونەوەتەوە و گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان. ڕاشیگەیاند، لە ئێستادا تەنها 10 تووشبووی دیکە ماون و ئەوانیش لە ژێر چاودێریدان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دوو کورتە فیلمی ڕۆئیا و لەبەر کچەکەم کە محەمەد فەرەجزادە کاری دەرهێنانی بۆ کردووە گەیشتنە قۆناغی کۆتایی فێستیڤاڵی ئیتاڵیا و پێشوازی لێکراوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی تورکیا دەڵێت، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 368 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 44 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- لە شاری مارکهام لە کەندا ئاگر لە ماڵی کوردێک دەکەوێتەوە و بەهۆیەوە منداڵێکی تەمەن 12 ساڵ گیان لەدەستدەدات، دایک و برایەکی دیکەی دەسووتێن و کوڕێکی دیکەشیان لە خانووەکە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە و قاچێکی دەشکێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | ☭ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات |
| 🏢 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🗺 وڵات: | کەنەدا |
| 🗺 وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ئیتالیا |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-17

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-17

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-17

[4] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-05-2020](#)
[5] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 17-05-2020](#)
[6] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 17-05-2020](#)
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 140

**2020-05-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382135



باکووری کوردستان
- پارێزگای وان لە ڕاگەیێنراوێکدا ئاماژەی بەوەدا، لە گەڕەکی ئەمین پاشا سەر بە شارۆچکەی ئارتەمێتان، بەهۆی دانانی پرسەیەک ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوبووەتەوە و لەنێو ئەو کەسانەی بەشداری پرسەکەیان کردووە ئەنجامی پشکنینی 12 کەس پۆزەتیف بووە.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی تورک چەند ناوچیەیەکیان لە سنووری شارەدێی سیدەکانی سنوری دەڤەری برادۆستی سەر بە پارێزگای هەولێربە چڕی بۆردومان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان فڕۆکەکان بۆردومانی ناوچەکانی بێرکەمە، چیادێل، سنین، و لۆلان و گوندی ڕۆبییان یان کردووە، کە ئەم ناوچانە ناوچەی ئاوەدانن، بەتایبەت لەم وەرزەدا کە خەڵکێکی زۆری سنورەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی گیایی بەهارییەکان سەردانی ئەم ناوچانە دەکەن.[3]
- فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی دەڤەری بەرواری باڵایان و شارەدێ کانی ماسی و گوندی دەرگەلێ-یان کرد. بۆردوومانەکە زیانی ماددی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.[5]
- ئاگر لەدەغڵودانی جوتیارانی گوندێکی سنووری شارۆچکەی خانەقین بەردرا و بەهۆیەوە نزیکەی 200 دۆنم لە بەرهەمی جوتیاران سوتا.[3]
- سەرپەرشتیاری چارەسەری تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی ڕایگەیاند تۆمارکردنی 22 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا لە چەند ڕۆژێکدا، مانای هاتنی شەپۆلی دووەمی نەخۆشییەکەیە.[1]
- لە سنووری خورماتوو بۆمبێکی چێنراو بەچەکدارانی لیوایەکی حەشدی تورکمانیدا تەقییەوە و بەهۆیەوە چەکدارێک کوژرا و سێ چەکداری دیکە بریندار بوون.[2]
- فراکسیۆنی پارتی لەبارەی بردنەدەرەوەی شەش ملیار یۆرۆ بۆ دەرەوەی هەرێم ڕایگەیاند، "داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی دەکەین بۆ ساغکردنەوەی ئەم بابەتە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر".[4]
- دوای سێ ڕۆژ لە دەستگیرکردنیان، 12 کەس لە دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکەی دهۆک بە کەفالەت ئازادکران.[5]
- لە کۆبوونەوەی وەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵی عێراق لەگەڵ شاندی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستاندا بڕیار درا وەرگرتنی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە 340 هەزار تۆنەوە بکرێتە 389 هەزار تۆن گەنم. ئەوەیش مانای وایە 10%ی لە ساڵی پار زیاترە.[1]
- ڕاگەیاندنی دەروازەی سنووری نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل، ڕایگەیاند، کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی 16 هەزار تۆن کەرەستە و خواردەمەنی جۆراوجۆر لە تاقیگەی ئیبراهیم خەلیل دەرنەچووە، یان گەڕێندراونەتەوە یان لەناو براون.[3]
- فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە بارەی خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی شەممەی ڕابردووی شاری دهۆک ڕایگەیاند، دهۆک خاوەنی خۆی هەیە و ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانە. سەبارەت بە ئەندامی ئە و لایەنە سیاسیانەی بەشداریان لە و خۆپیشاندانانە کردووە، فەرهاد ئەتروشی ڕایگەیاند، ئەندامانی یەکگرتوو، یەکێتی و گۆڕان

بەشێوەیەکی فراوان بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردووە، بەڵکو ئامادەکاری و کۆبوونەوەیان بۆ کردووە و لەلایەن خودی لاهور شێخ جەنگی کۆبوونەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە بەشداربووەکان کرا وە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەر و چەتەکانی کە لە ناوچەی جەرابلوس جێگیر کراون، زەوی و زاری کشتوکاڵی گوندی بوراز کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆبانێ، بوردومان کرد. بە پێی زانیاریەکان لە ئەنجامی تۆپبارانەکەدا کشت و کاڵ و دەخل و دانی ناوچەکە ئاگری گرت و دوای ماوەیەکی کورت توانراوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە کە بنکەی ئاسمانی 'مەعیزیلە' لە 'بوکەمال' کە هێزەکانی ئێران و چەکدارە گرێدراوەکانی تێدان، لە هێرشێکی ئاسمانی فڕۆکە نەناسراوەکاندا کراوەتە ئامانج. ڕوانگەکە ڕایگەیاند: لەم هێرشەدا حەوت چەکداری سەربە ئێران کوژراون و بەشێکی بنکە ئاسمانییەکە ڕووخێندراوە، کە لە ڕۆژانی ڕابردوو چەک و کەرەستەی سەربازیی تێدا جێگیرکراوە.[3]
- جهانپور ڕایگەیاند: بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان لە 24 کاتژمێری ڕابردوو هەزار و 294 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران تۆمارکراوە و بەوپێیەش ژمارەی گشتی تووشبووان گەیشتووەتە 122 هەزار و 492 کەس، هەر لەو ماوەیەدا، 69 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی گشتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئێران گەیشتووەتە حەوت هەزار و 57 کەس، تا ئیستاش 95 هەزار و 661 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و دوو هەزار و 712 تووشبووش لەژێر چاودێری چڕدان.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانیی عێراق ڕایدەگەیێنێت بۆ ئەمساڵ عێراق لە پلانیاندایە سەرجەم گەنمی بەرهەمهاتووی جووتیاران لە هەموو شارەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە وەربگرن.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق تووشبوونی 150 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا ڕاگەیاند کە ئەوەش زۆرترین ژمارەی تووشبوونە لە ڕۆژێکدا لەو وڵاتە تۆمارکرابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سیدەکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆبانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

ولات: SY سووریا

ولات: ← ڕۆژئاوای کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2020-05-18
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-05-18
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-18
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 2020-05-18
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-18
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2020-05-18

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 141

**2020-05-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382136




باکووری کوردستان
- لە قەرس، فەرماندەیەکی پلە باڵای کۆماندۆکان (هێزە تایبەتەکان)ی سوپای داگیرکەری تورک، لە وەڵامدانەوەی گەریلاکاندا کوژرا و دەوڵەتی تورکیش ئەمرۆ کوژرانی پشتڕاستدەکاتەوە. بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سوپای تورک، ئەو فەرماندەیە ناوی فەرهاد چیفچیە و پلەی نەقیب بووە و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکەی لە ئەستۆ بووە و دوێنێ لەلایەن گەریلاکانی پەکەکەوە کوژراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئیرشاد و فەرهەنگی پارێزگای ورمێ، ئیزنی بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە عوسمانە سوور، هونەرمەندی نەرمەنەی (نایە) لە شاری بۆکان نەدا. بڕیار بووە ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی بۆکان، بۆ ڕێزگرتن لە کار و چالاکیی ئەو ئەو هونەرمەندە کوردە کە بۆ ماوەی 60 ساڵە خەریکی ژەنینی نەرمەنەیە، لە هۆڵی سیمورغی بۆکان ڕێورەسمێک بەڕێوە بابات، بەڵام لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی پارێزگای ورمێوە ئیزنیان پێ نەدراوە.[6]
- مۆژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کورد کە بە 76 مانگ و 15 ڕۆژ زیندانی مەحکووم کراوە، بەپێی حوکمی تەجمیع، 36 مانگی ئەو حوکمە جێبەجێ دەکرێت و بۆ تێپەڕاندنی حوکمەکەی دەسبەسەر کرا.[6]
- دوانیوەڕۆ، لە بەرزاییەکانی کانی گوێز لە نێوان گوندەکانی ڕەشەدێ و دووەیسە، سەربە شارۆچکەی مەریوان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکدادانێک ڕوویدا. پێکدادانەکە لە نێوان هێزێکی کوردی و سوپای پاسدارانی ئێران ڕوویداوە و دوابەدوای پێکدادانەکە سوپای پاسداران بە چڕی دەستیکردووە بە تۆپبارانکردنی ناوچەکە.[1]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، 10 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە هەرێمی کوردستان دەستنیشانکران، یەکێکیان پیاوێکی تەمەن

(44) ساڵ تووشبووی نوێیە و نیشانەکانی نەخۆشی هەیە و دانیشتووی گەڕەکی قەتەوی شاری هەولێرە. 9 تووشبووەکەی تر لە پارێزگای سلێمانی کە چواریان ئافرەتن تەمەن (53)، (52)، (29)، (24) ساڵ و چواریان پیاون تەمەن (53)، (36)، (34)، (30) ساڵ و کچێکی گەنجی تەمەن (15) ساڵ هەموویان دانیشتووی ناو شاری سلێمانین، (8) لەوان بەرکەوتەی تووشبووانی پێشوون و یەکێکیان تووشبووی نوێیە و نیشانەکانی نەخۆشی هەیە.[7]
- ئەنجومەنی مامۆستایانی گەرمیان رایگەیاند گەر تا 01-06-2020 بڕی دوو موچەمان پێنەدرێت، ئەوا بایکۆتی تاقیکردنەوەکان دەکەین، دەبێت حکومەت بەڵێنیشمان پێبدات کە موچەکانمان 30 رۆژ جارێک دابەشبکات.[2]
- بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر رایدەگەیێنێت، ئەگەری ئەوە هەیە شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا روو لە هەرێمی کوردستان بکات و دەشڵێت، بەهۆی ئەو ئاسانکاریەی ئێستا بۆ هاونیشتمانیان کراوە ئەگەر حاڵەتی نوێ تۆماربکرێت کۆنترۆڵکردنی سەخت دەبێت و ئەوکاتە ئەو شوێنانەی کە پێشتر بۆ چارەسەرکردنی تووشبووان دابینکرابوون، نەتوانێت ئەو ژمارە زۆرە لەخۆی بگرێت.[3]
- وتەبێژی فەرمی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان رەتیدەکاتەوە یەکگرتوو دەستی هەبوبێت لەخۆپیشاندانەکانی شاری دهۆک و دەڵێت خۆپیشاندانەکەی دهۆک تاوان نیە تا تۆمەت بدەنە پاڵ یەکگرتوو خەڵکی ئێمە وەک فەرمانبەر بەشداربوون نەک حیزب.[2]
- بەهۆی پێنەدانی بار بە ئۆتۆمبیلی شۆفێرەکانی هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی بە ئۆتۆمبیلی شۆفێرانی ئێرانی بۆ شارەکانی هەرێم، شۆفێرانی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر لە پەروێزخان گردبوونەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە بەردەوامیی ئاگربەردانیان لە زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەمجارە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەی شێخلەری کۆبانێیان ئاگر تێبەردا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی رۆژنامەنوسان -CPJ- ئیدانەی دەستگیرکردنی هەشت رۆژنامەنوسی شاری دهۆک دەکات کە رومانی خۆپیشاندانەکەی ئە و شارەیان کردووە.[2]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورک چوونەدەرەوە و سەردانکردنی هاووڵاتییان بۆ لای یەکتری لە هەموو رۆژەکانی جەژنی رەمەزاندا قەدەغە کرد. ئەردۆغان رایگەیاند، لە جەژندا بەشێک لە مزگەوتەکان کراوە دەبن و ساڵی نوێی خوێندنیش لە مانگی ئەیلولەوە دەستپێدەکات.[1]
- کۆتایی هاتنی خوێندنی ئەمساڵ لە عیراق راگەیەنراو وەزارەتی پەروەردەش رایدەگەیەنێت، بڕیارەکەیان بەهۆی کۆرۆناوە بووە.[4]
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک رایانگەیاند لە تورکیا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 28 کەس گیانیان لەدەستداوە. بەم پێیە لەو وڵاتە بە گشتی 4 هەزار و 199 کەس گیانیان لەدەستداوە. هەروەها ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووتەوە 151 هەزار و 615 کەس.[1]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 4 هەزار و 441 پشکنین ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا 57 توشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون، لەگەڵ چوار حاڵەتی گیانلەدەستدان، لە بەرامبەریشدا 56 کەس چاکبوونەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: ☪️ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ بۆکان

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-05-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-19
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 142

**2020-05-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382137



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سوپای پاسداران لە کوێستانە سنووریەکانی شنۆ تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک گیانی لەدەست داوە. ناسنامەی ئەو کۆڵبەرە کوژراوە "سەفەر پیلئەفکەن" تەمەن 37 ساڵ و خەڵکی پووشاوێ ڕاگەیاندراوە.[9]
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان رایگەیاند روداوەکەی رۆژی 17ی ئەم مانگەی چیای هەڵگورد کە تێیدا پێشمەرگەیەکی حزبەکەیان کوژرا، بەهۆی دەستی سیخوڕی و بە پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوە.[3]
- سوپای پاسدارانی ئێران لە راگەیێندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە، رۆژی 19-05-2020 لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی نێوان هێزە زەمینییەکانی سوپا و ئیتلاعات دوو کەسیان لە گرووپێکی دژە شۆڕش لە سنووری مەریوان کوشتووە.[2]
- چالاکێکی کۆمەڵایەتیی خەڵکی سنە بە ناوی سامان قادرنژاد، لەلایەن ستادی خەبەری ئیتلاعاتی شاری سنە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لێکرا. ئەو ناوەندە ئەمنیەتییە بۆ ماوەی 2 کاتژمێر سەبارەت بە چالاکییەکانی سامان قادرنژاد لە رێوڕەسمی رۆژی جیهانیی کرێکاران لە ساڵی ڕابردوو و چالاکییەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لێپرسینەوەیان لەو چالاکە کۆمەڵایەتییە کردووە.[8]
- لاوێکی کورد بە ناوی شەهاب ئاجی کوڕی حوسێن، تەمەن 23 ساڵ و خەڵکی گوندی گەرگول و دانیشتووی نەغەدە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعات ورمێ، دەسبەسەر کراوە. ئەو لاوە کوردە بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگە کراوە و هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی لەبەر دەستدا نییە.[8]
- هێزەکانی تورک لە بەرزاییەکانی خەجێ خاتوون دەستڕێژییان لە ژمارەیەک کاسبکاری کورد کرد و لە ئاکامدا، کاسبکارێکی کورد بە ناوی قادر یادسار تەمەن 22 ساڵ خەڵکی گوندی دێم قشڵاق شاری ماکۆ، گیانی لەدەست دا و سێ کاسبکاری دیکە لەو ڕووداوەدا پێکران.[8]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراواندا، 7 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران. تووشبووەکان پێکهاتوون لە ژنێکی تەمەن 35 ساڵ و دوو کچی تەمەن (15) و (9) ساڵان کە هەرسێکیان خانەوادەی تووشبووەکەی دوێنێن و دانیشتووی گەرەکی قەتەوی شاری هەولێرن، چوار پیاوی دیکە تەمەنیان (53) و (42) و (42) و (29) ساڵن هاوپیشە و بەرکەوتەی تووشبووەکەی دوێنێی شاری هەولێرن. کۆی گشتی توشبووانی کۆرۆنا لە باشووری کوردستان گەیشتووەتە (431) توشبوو، لەنێویاندا (5) مردن هەیە و (375) نەخۆش چاکبووەتەوە، ئێستا (52) نەخۆش لەژێر چاودێریدان.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوای ئەوەی سێ کارمەندی نەخۆشخانەی شۆڕش لەشاری سلێمانی توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، بۆ رێگریکردن لەبڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە، نەخۆشخانەکە بۆماوەی 48 سەعات پاکژدەکرێتەوە و سەرجەم کارمەند و پزیشکەکانیشی پشکنینی کۆرۆنایان بۆ دەکرێت.[5]
- بەڕێوەبەری مەڵبەندە تەندروستیەکانی خورماتوو، دوو حاڵەتی توشبووی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند، ئەوەش جاری یەکەمە توشبووی کۆرۆنا لە خورماتوو تۆماربکرێت.[6]
- جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی رایگەیاند لە 32 حاڵەتە نوێیەکەی کۆرۆنا لە سلێمانی چواریان سەرچاوەی تووشبوونیان نادیارە، ئەوەش کێشەیەکی زۆر گەورەیە.[2]
- دژ بە لێدوانەکەی پارێزگاری دهۆک، ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر، گردبوونەوە، بەرپرسی حزبەکەش لەو شارە دەڵێت: پێویستە پارێزگاری دهۆک داوای لێبوردن بکات و وەزارەتی ناوخۆش دژ بەو قسەیە رێکاری پێویست بگرێتە بەر.[6]
- بەرپرسێکی وەزارەتی کارەبا رایدەگەیێنێت بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە، خواست لەسەر بەکارهێنانی کارەبا بۆ 4300 مێگاوات زیادی کردووە، بەڵام ئەوان تەنیا 2500 مێگاوات کارەبایان هەیە، بەمەش ئێستا 1800 مێگاوات کارەبا کورتهێنانیان هەیە.[2]
- سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند کە دوای هەوڵێکی زۆری سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئەمرۆ حکومەتی عێراق

ڕەزامەندی دا لەسەر ناردنی بەشێکی ئەو بڕە بودجەیەی کە پێشتر بۆ مووچە دەینارد.[7]
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆی گەرمیان گردبوونەوە و رایانگەیاند، ئەگەر تا کاتی تاقیکردنەوەکان، موچەیەکی دیکە وەرنەگرن، ئەوە بایکۆتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەکەن.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی کارەبا خەریکی ئامادەکارییە بۆ پێدانی کارەبای نیشتمانی بە کەرتی تایبەت، بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتەکەش دەڵێت، ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکەیان داوە.[2]
- لە ئەنجامی هێرشێکی ڕێکخراوی داعش لە نزیک شارۆچکەی داقوق لە پارێزگای کەرکوک سەربازێکی عێراقی کوژرا.[3]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا، 18 ئەندام پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکەن پێش ئەوەی بەغدا ڕەزامەندی بدات بۆ ناردنی 400 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێم پارەی موچەی مانگی یەکی هەبووە، بۆیە داوادەکەن حکومەت ڕاستەوخۆ دوای جەژن موچەی مانگی شوبات دابەشبکات.[6]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ بەهەماهەنگی نێوان پێشمەرگە و هێزی هاوپەیمانان تونێلێکی تێرۆریستانی داعش لە بەشی ڕۆژئاوای چیای قەرەچوغ لە نزیک ئەو گوندانەی کە هەفتەی ڕابردوو تیرۆریستان دەغڵ و دانی هاووڵاتیانیان سوتاند بوو، لەلایەن فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان بۆردومانکرا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی قاسمیە و درداری سەر بە تەل تەمر. بەهۆی هیرشەکە زەویە کشتوکاڵیەکانی ئەو گوندانە ئاگریان گرت.[1]
- چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک، دوای ئەوەی لە عەفرین هاوڵاتیەکی مەدەنی بە ناوی موسلم ئەحمەدیان فراندبوو، دوای هەفتەیەک ئەمڕۆ تەرمی ناوبراو دۆزرایەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڤەژین جۆشکون، هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لەلایەن پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا.[6]
- وەزارەتی گەنجینە و بانکە ناوەندییەکانی تورکیا و قەتەر لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، ڕێککەوتنی ئاڵوگۆڕی دراو لەنێوانیاندا لە پێنج ملیار دۆلار بۆ 15 ملیار دۆلار بەرزبکەنەوە بەمەش یەدەگی دراوی بانکی ناوەندی تورکیا لە خاڵی بوون ڕزگاردەکات.[2]
- بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا هەزار و 346 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران تۆمارکراوە و بەوپێیەش ژمارەی گشتی تووشبووان گەیشتووەتە 126 هەزار و 949 کەس، هەر لەو ماوەیەدا، 64 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی گشتی گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە ئێران گەیشتووەتە حەوت هەزار و 183 کەس، تا ئێستاش 98 هەزار و 808 تووشبووی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و دوو هەزار و 673 تووشبووش لەژێر چاودێری چڕدان.[6]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا پێنج هەزار و 947 پشکنینی کۆرۆنا کراون، ئەنجامی پشکنینی 113 کەسیان پۆزەتیف بوون؛ هەروەها سێ تووشبووی دیکەی کۆرۆناش گیانیان لەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☭ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: ☭ حزبی شیوعی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: قەتەر
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-20
[4] دیارنەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-20
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-20
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-21
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-05-21

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 143

**2020-05-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382138



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، لە 24 کاژێری ڕابردوودا لە پارێزگای کرماشان سێ تووشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 127 کەسیش تووشبوون؛ لە پارێزگای لوڕستانیش دوو کەسی دیکە گیانیان لەدەستدا و 88 کەسی دیکەش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. لە پارێزگای سنە گیانلەدەستدانی کەسێک و تووشبوونی 69ی دیکە تۆمارکران، لە پارێزگای ورمێ تووشبوویەکی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا و 85 تووشبووی نوێش ڕاگەیێندران، هاوکات لە ئیلام لە 24 کاژێری ڕابردوودا 15 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و چوار ڕۆژە لەو پارێزگایە کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەستنەداوە.[2]

- لقی 5ی دادوەریی لێکۆڵینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی سەقز، هەڵگرتنی بڕیاری داواکردنی (منع تعقیب)ی بۆ مەحموود ساڵحی و عوسمان ئیسماعیلی لە چالاکانی کرێکاری ئەو شارە دەر کرد.[5]

- لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم لە پایەگای "بێتووش" بەرە و پۆلێک لە کۆڵبەران لە سنووری شاری سەردەشت، دوو کۆڵبەر برینداربوون. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی "مەنسوور" تەمەن 30 ساڵ و دانیشتووی ئاوایی "باغی" و "بەختیار" تەمەن 32 ساڵ و دانیشتووی ئاوایی "شەڵماش" بە سەختی برینداربوون. شایانی باسە، ئەم دوو کۆڵبەرە بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی شاری سەردەشت کراون.[9]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئیسلام ئەنباخوون خەڵکی گوندی کوڕانەی ناوچەی تەرگەوڕی ورمێ، لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە لیباس شەخسییەکان لە گوندی ماوانە ناوەندی دێهستانی تەرگەوەڕ، بە بێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماشینی ئەو هاووڵاتییە کوردە و پاش چەند تەقەیەکی هەوایی ناوبراویان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە.[5]

باشووری کوردستان

- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، پێنج تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، سێ ئافرەتی تەمەن 69 و 46 و 38 ساڵ و پیاوێکی تەمەن 44 ساڵ و کوڕێکی گەنجی 18.[6]

- نزیکەی هەفتەیەکە کەم ئاویی تەنگی بە بەشێک لە گەڕەکەکانی هەولێر هەڵچنیوە، دانیشتووانی بەشێک لە گەڕەکەکانی دەرەوەی شەقامی 120 مەتری هەولێر ڕۆژانە بەتەنکەر ئاو دەکڕن.[2]

- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیدارەی کەرکوک بڕیاریدا سەرجەم دەستگیرکراوانی سنووری پارێزگاکە کە لە زیندانەکانی پارێزگای سلێمانی دان، ڕادەستی ئیدارەی کەرکوک بکاتەوە، ئەمڕۆ ئەو زیندانییانە گەیشتوونەتە کەرکوک.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)[3]

- وەزارەتی ناوخۆ ڕەتیدەکاتەوە ڕادەستکردنەوەی 176 تۆمەتباری تیرۆریست لە سلێمانییەوە بۆ کەرکوک بە هەماهەنگی و ئاگاداری حکومەت کرابێت و ڕایدەگەیێنێت، بابەتی ڕادەستکردنەوەیان بەدەر لە میکانیزمەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کراوە.[2]

- لە کۆی هەشت دەستگیرکراو جگە لە بەدەل بەرواری، دادوەری دادگای دهۆک ئەمڕۆ بڕیاری ئازادکردنی حەوت لە دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکەی دهۆکیدا.[1]

- دوێنێ هەپەگە شەهیدبوونی پێنج شەهیدی ڕاگەیاند، لە نێویاندا دانیار کامیل، ناسراو بە سەربەست جاف خەڵکی شارۆچکەی شارەزوور بوو، ئەمڕۆ پرسەی ئەو شەهیدە لە شارەزوور

بەرێوەچوو، تێیدا تەڤگەری ئازادیی و کۆمیتەی شەهیدان بە ڕێپێوان بەشدارییان کرد، هەروەها بنەماڵەکەی دەڵێن: شانازیی بە کوڕەکەمانەوە دەکەین و هیوادارین ببێتە هەوێنی ئازادیی.[8]
- ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ وەزیری تەندروستی ڕاگەیاند، قەدەغەی هاتوچۆی تەواوەتی لە ڕۆژانی جەژندا بۆ بەرگرتنە لە بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و پێویستە هاوڵاتیان پابەندی بن تائێستا بەشێوەیەکی باش روبەڕوی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوینەتەوە، بەڵام ترسی کۆرۆنا لە ئارادایە ئەو حاڵەتانەی لە چەند ڕۆژی رابردودا تۆمارکراون، جێی نیگەرانییە و هەڵوەستەی جدی لەسەر دەکرێت.[4]
- دلێر سەمەد، ئەندامی شانەی قەیرانەکان لە پارێزگای کەرکوک ڕایگەیاند، ڕۆژانی قەدەغەی هاتووچۆی بۆ جەژنی رەمەزان دیاریکراون و لە رۆژی یەکشەممە 24-05-2020 تاوەکو رۆژی پێنجشەممە 28-05-2020 دەبێت.[2]
- دوای ئەوەی شەوی رابردوو تیرۆرستانی داعش بەهاوەن گوندی ئوم حنتەیان لەجەلەولا بۆردومان کردبوو، ئەمشەویش جارێکی تر پەلاماری سوپای عیراقیان دا.[7]
- 22 کەسایەتی سیاسی لە چوار حیزبی تورکمانی، مانەوەی راکان سەعید لە پۆستەی بە مەترسی دەزانن و داوایان لە مستەفا کازمی، سەرۆکوەزایرنی عێراق کردووە، کەرکوکیش بخاتە نێو لیستی ئە و 12 پارێزگایەی، کە دە یەوێ پارێزگارەکانیان بگۆڕێت.[2]
- بەشی پەیوەندییەگشتیەکان و ڕاگەیاندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، لە ڕاگەیەندراوێکدا بە ئاماژەدان بە بڕیاری دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق، درێژکردنەوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی عێراقی ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە ئاگاداری نامەیەکدا دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی بڕیاری ماوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق تا 31-05-2020 درێژکردەوە.[8]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی گوندەکانی هۆشان و خالدیە لە ڕۆژئاوایی عەین عیسا و سەر ڕێگای نێونەتەوەیی ئێم 4 تۆپبارانکرد. بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە زەوییە کشتوکاڵییەکانی هاووڵاتییانی ئەو گوندانە ئاگریان تێبەربوو. بەهۆی زۆریی ئاگرەکەوە ڕێگای ئێم 4 داخرا و هاوکات فڕۆکەی جەنگی بە ئاسمانی عەین عیسادا دەسوڕێنەوە.[1]
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئاگریان بەردایە گوند و زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندەکانی گرێ سپی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.[1]
- سوپای فاشیست داگیرکەری دەوڵەتی تورک و چەتە چەپەڵەکانی، زەوییە کشتوکاڵیەکانی گوندی هەربەلی شەهبایان تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا ئاگریان لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە بەردا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- ناسر بەندەر، وەزیری نوێی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاند، داهاتی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان دەچن بۆ چەند لایەنێکی نادیار و دەڵێت، تائێستا یەک دینارمان لە داهاتی فڕۆکەخانەکان بەدەست نەگەیشتووە.[4]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئابلۆقە دەخاتە سەر وەزیری ناوخۆی ئێران بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئەم هەنگاوەش لەکاتێکدایە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ گەورەترین کەمپەینی لەدژی تاران دەستپێکردووە.[3]
- وەزیری تەندروستیی تورکیا ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 27 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە؛ ژمارەکەش بەراورد بە ڕۆژی ڕابردوو کە 23 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدابوو، زیادیکردووە.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند، شەش تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، بەمەش کۆی گشتیی ئەو تووشبووانەی کۆرۆنا کە تاوەکو ئێستا گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە 140 کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ لورستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-21
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-21
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-21
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-21
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-21
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-21

[8] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 21-05-2020
[9] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یەیام - 22-05-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 144

**2020-05-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382139




باکووری کوردستان
- بە پێی زانیاریەکان گوڕستانی گوندی سیسێی سەر بە ناوچەی لیجەی ئامەد جارێکیتر شێوێنراوە. ئەوەش بەبۆبەی جەژنی ڕەمەزانەوە بووە کە خانەوادەکان سەردانی گۆڕی کەسوکاریان کردبوو. خانەوادەکان کاتێک سەردانی گۆڕستانیان کرد، دیمەنی رووخاندنی کێلی گۆڕ و شێواندنی گۆڕەکانیان بینی. خانەوادەکان رایانگەیاند کە هەموو گۆڕەکان شێوێنراون، کێلی گۆڕەکان کە بە کوردی لەسەریان نووسراوە، شکێنراون و جارێکیتر خانەوادەکان کێلەکان چاک کردووەتەوە.[1]
- دژی دەستگیرکردنی سیاسەتمەدارانی کورد و ئەندامان و لایەنگرانی هەدەپە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە لە چەندین شاری باکوری کوردستان و تورکیا گردبوونەوە و نارەزایەتی ئەنجامدرا، چالاکوانانی کورد بە دەوڵەتی تورکیان وت، کە 'فشارەکان نایانترسێنێت و تێکۆشانیان فراوان دەکەن'.[4]
- لە ناوچەی پیلەمور لە پارێزگای دێرسیم بومەلەرزەیەک بە پێوەری 4.3 پلە بە پێوەری رێختەر روویدا. بومەلەرزەکە کاتژمێر 06:12ی ئەم بەیانییە و لە قوڵایی 5 کیلۆمەتریی ژێر زەوییدا روویداوە. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان بومەلەرزەکە هیچ زیانێکی مرۆیی نەبووە.[1]
- سەبری کایا، زیندانی سیاسی کورد کە لە ساڵی 2010ەوە لەزینداندابوو، دوای ئەوەی بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە لە زیندانی شاری عوسمانییەوە گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی بالجالی لە شاری ئەدەنە، هەر ئەو رۆژەی بریاری ئازادکردنی درا، گیانی لەدەستدا.[4]
- لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەوڵەتی تورک بۆ پاکتاوی سیاسیی گەلی کورد بەڕێوەی دەکات، پۆلیسەکانی تورک لە کاتژمێر 04:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆدا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا) و کۆمەڵەی ژنانی ڕۆسا لە باکووری کوردستان بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە ماڵەکاندا مانەوە و هەموو کەلوپەلی ناو ماڵەکانیان تێکوپێکدا و چەندین کەسیان دەستگیرکرد. لە ناوچەی کاراکۆپرو لە رحا لە ئۆپراسیۆنی هەڵکوتانە سەر ماڵاندا چەندین کەس دەستگیرکران، کە ناوی بەشێکیان بریتییە لە نارین گەزگۆر ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژنانی رۆسا، ئایلا ئاکات ئاتا ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژنانی رۆسا لە ئامەد، عەدالەت کایا سەرۆکی کۆمەڵەی ژنانی رۆسا و گولجیهان شیشمەک چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد دەستگیرکراون.[1]
- میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، تاهیر ساکلی سەرۆکی لقی رێکخستنەکانی ئاکپارتی کە هاوکات سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی شەمزینانی سەر بە پارێزگای جۆڵەمێرگە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە بەرزاییەکانی گوندی زەرین چووبی شاری سەرپێڵی زەهاو، زیاتر لە هێکتارێک گەنم و جۆی دانیشتووانی گوندی ئەلیاس مەحموود، سووتان. فەرمانداریی شاری سەرپێڵ زەهاو لە وتووژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی ئیلنا رایگەیاند: بەهۆی ئاگرکەوتنەوە زیاتر لە هێکتارێک گەنم و جۆی دانیشتووانی گوندی ئەلیاس مەحموود سووتان. موحیبەت جەماڵی نیا، هەروەها ڕایگەیاند: هاووڵاتییانی دانیشتووی ئەو گوندانە بۆ خۆیان هەوڵی کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەیان بە ئیمکاناتی کەمەوە دابوو، بەڵام لە کۆتاییدا هێکتارێک گەنم و جۆ لەو ئاگرکەوتنەوەدا سووتان.[8]

باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکران، دوو پیاو یەکێکیان تەمەن 28 ساڵ پیشەی پاسەوان دانیشتووی شارۆچکەی ئاکرێ و دووەمیان تەمەن 58 ساڵ پیشەی شوفێرە و دانیشتووی شاری هەولێرە. هەردووکیان لە شاری بەغداد گەڕاینەوە.[5]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، حەفت تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، سێ ئافرەتی تەمەن 57 و 30 و 25 ساڵ و چوار منداڵی تەمەن 12 و 4 و 3 و 2 ساڵان، بەرکەوتەی تووشبووانی پێشوون و هەموویان دانیشتووی شاری سلێمانین.[5]
- درەنگانی شەوی رابردوو لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە پەلاماری پاڵاوگەی نەوتی گورگە چاڵ لە رێگەی نێوان کەرکوک – هەولێر دەدرێت و شەهید و برینداری لێدەکەوێتەوە. بەو هۆیەوە پاسەوانێکی پاڵاوگەگە کەناوی تیشکۆ عەلیە شەهید بووەو دووانی تریش برینداربوون. دوو بریندارەکەش کوردن و رەوانەی نەخۆشخانەی کەرکوک کراون بۆ وەرگرتنی چارەسەر.[3]
- لە سنووری پارێزگای هەولێر ئاڵوگۆڕ لە ژمارەیەک پۆستی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەکرێت. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێریش دەڵێت: باشتربوو ئەو ئاڵوگۆڕانە لە رێگای ئەنجوومەنی پارێزگاوە بکرێن نەک وەزارەتەکان.[2]
- لە دوێنێ ئێوارەوە لەنێوان گوندی کەلەرەشی و گوندی دلکە لە سنووری سەنگاو لەسەر پارچە زەوییەک دەبێتە شەڕ و کەسێک برینداردەبێت. لە شەڕەکەدا جگە لە کڵاشینکۆف، ئارپیجیش بەکارهێنراوە و هەردوو گوندەکە تاوەکە نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەقەیان لەیەک کردووە.[2]
- خەسرەو گۆران رەخنە لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان دەگرێت لەبەرامبەر رادەستکردنی ژمارەیەک دیلی داعش بەئیدارەی کەرکوک و دەڵێت، وەزارەتی ناوخۆ دیلەکانی قاعیدەی بەیاسا رادەستی موسڵ کردووە، نەک وەکو یەکێتی بەبڕیاری حیزب.[7]
- دیندار زێباری، رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی راپۆرتێکی رێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی لەبارەی خۆپیشاندانەکەی دهۆک دەداتەوە و دووپاتی کردەوە، هیومان رایتس ووچ لە دوایین راپۆرتییدا پشتی بە لێدوان و وتەی چەند سەرچاوەی باوەڕ پێنەکراو بەستووە.[6]
- وەزارەتی ئەوقافی هەرێم رایگەیاند؛ سبەینێ تەواوکەری مانگی رەمەزانە و یەکشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک لەگەڵ چەتەکانی، گوندی هۆشانی سەر بە ناوچەی عەین عیسایان تۆپباران کرد. بە هۆی تۆپبارانەکەوە زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەکە سووتان.[1]
- ئەنجومەنی خانەوادەی شەهیدانی شاری کۆبانێ، تەرمی وەلید ئیسماعیل (فورات کوردستان) شەرڤانی قەسەدەیان لە گۆڕستانی شەهید دیجلە بە رێورەسمێک بەخاکسپارد کە لە ئەنجامی هێرشێکی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانیدا شەهید ببوو. لە گۆڕستانەکە مەراسیم بە خولەکێک بۆ رێزگرتن دەستپێکرد. دواتر تەرمی شەهید بەخاکسپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر توانیان هێرشێکی رێکخراوی داعش بۆسەر زیندانی تەبقە تێکبشکێنن و ژمارەیەک چەکداریشیان بکوژن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئێران لەراگەیەنراوێکیدا ئاشکرایکردوە: لەماوەی 24 سەعاتی رابردوودا دوو هەزارو 311 حاڵەتی تووشبوون بەکۆرۆنا لەسەرانسەری ئێران تۆمارکراون. رونیشکردوەتەوە: هەروەها 51 هاووڵاتی تووشبوو بەکۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە. جەختیشکراوەتەوە: کۆی توشبووانی کۆرۆنا بۆ 131 هەارزو 652 کەس بەرزبووەتەوەو حەوت هەزارو 300 تووشبوو گیانی لەدەستداوە.[3]
- دوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سوپای داگیرکەری تورک، لە لیبیا لەلایەن سوپای نیشتمانی لیبیاوە خرانە خوارەوە.[4]

- رێکخراوی (ACLED)ی ئەمەریکی رایگەیاند، لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا 77%ی شەڕوپێکدادانی نێوان سوپای تورکیا و چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە هەرێمی کوردستان بووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: لیبیا
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-22

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-05-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 22-05-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 22-05-2020
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 22-05-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 22-05-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 23-05-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 145

**2020-05-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382140



باکووری کوردستان
- لە گوندی قەرەخاڵتای خوارووی ناوچەی دووتاخی ئاگری، ژنێک بەناوی پاکیزە ئوزتاشی (23) ساڵ کە دایکی دوو منداڵ بوو دوای دەموبوڵەیەکی نێوان ئەو و هاوسەرەکەی گیانی لەدەستدا. باوکی پاکیزە ئوزتاش رایگەیاند کە کچەکەی چەندین مانگە رووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە و هاوسەرەکەی فشارێکی زۆری لەسەر دروست کردبوو و وتی، گۆمانی لە مردنی کچەکەی هەیە و بڕوا ناکات کچەکەی خۆی کوشتبێت.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- زیاتر لە 10 کەس لە زیندانییانی خۆی لە زیندانی ئەو شارە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و بەرپرسانی حکوومەتیش بەنیسبەت چارەسەرکردنی پزیشکیی زیندانییە تووشبووەکان کەمتەرخەمن.[6]
- بەرپرسی پۆلیسی ئاگایی هێزە ئینتزامییەکانی پارێزگای ئیلام باسی لە دەسبەسەریی دوو کەس کە بەڕێوەبەرانی پەیجی "ئینیستاگرام لە شاری ئیلام کرد.[6]
- بە پێی راپۆرتە بڵاوکراوەکان، پاش دوو حەفتە لە گواستنەوەی هیدایەت عەبدوڵلاپوور بەندکراوی سیاسی مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی ورمێوە بۆ شوێنێکی نادیار و سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکەی هێشتا چارەنووسی نادیارە.[9]
- کچێکی تەمەن 17 ساڵ بە ناوی موفیدە حەسەن نژاد کچی حەسەن، خەڵکی گوندی قەبەغلووی شاری سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[6]
باشووری کوردستان
- درەنگانێکی شەوی رابردوو، هەلیکۆپتەرەکانی سوپای داگیرکەری تورک، گوندەکانی دایلان و رێگای کەورەت-یان لە دەڤەری برادۆست بۆردومان کرد، بەهۆیەوە پردی رێگای نێوان گوندی دایلان و رێگای کەورەت روخا کە پردەکە دەشتی هێرت بە خواکورک و شارۆچکەی سۆران دەبەستێتەوە کە هاتووچۆی زیاتر لە 200 گوندی لەسەرە. بە گوێرەی زانیارییەکان بۆردومانەکە جگە لە زیانی ماددی و تێکدانی ژینگەی ناوچەکە هیچ زیانێکی دیکەی لێنەکەوتووەتەوە.[4]
- فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندێکی مەسیحی-یان لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی و چیای کۆرەژا-یان لە شارەدێی شیلادزێ بۆردومان کرد.[4]
- کۆمپانیای گووگڵ ماپس ڤیو بۆ یەکەمجار ئۆتۆمبێلەکانی خۆی هێناوەتە هەلێر و ماوەی چەند رۆژێکە سەرقاڵی رووماڵکردنی گەڕەکەکانی هەولێرن بۆ ئەوەی بیانخاتە نێو نەخشەی جیهانی.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، پێنج کەسی دیکە لە دهۆک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون کە هەموویان دانیشتووی شارۆچکەی ئاکرێن.[7]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەشت تووشبووی دیکەی

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکراون کە پێنج ئافرەت و سێ پیاون.[7]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کە ئەو توشبووانەی ئێستا تۆمار دەکرێن، هەر توشبووی شەپۆلی یەکەمی کۆرۆنایە، بەڵام ژمارەکەی هەڵکشاوە، دەشڵێت: مەترسی توشبووانی نوێ لەوەدایە، کە 8٪ی توشبووان سەرچاوەی توشبوونیان دیار نییە، ئاماژە بەوەشدەکات، کە بەهاوکاری وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام دەبن لە رێکارەکانی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.[4]
- ژنێک بەناوی (د. ئێ. ح) لەدایک بووی ساڵی 1987 پیشەی ژنی ماڵ، دانیشتوی قەڵادزێ، گەرەکی راپەڕین بە سوتاوی گەیەندرایە نەخۆشخانە، بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرەتایی نەخۆشخانە، رێژەی سوتاوەیەکەی 100% بووە، پاش گەیشتنی بەنەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە بەرێکرا بۆ سلێمانی، دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.[4]
- لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تەواوی ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە، کە لەسەر رێکەوتنی رادەستکردنی نزیکەی 200 زیندانی داعش بە حکومەتی عێراق لە یەکێتی گیراون و هەروەها جەختدەکاتەوە، پێشتر هەولێر هەزار و 500 زیندانی داعشی رادەستی بەغدا کردبوو.[3]
- شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، رایگەیاند: سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتەکەی دوێنێیدا دانی بە شکستی خۆی و حکومەتەکانی پێشوی هەرێمدا ناو ئاماژە بەوەشدەدات کە لەدوای جەژن خۆپیشاندانی سەرتاسەری ئەنجام دەدەن و دەشڵێت: هیوادارم دوای جەژن ببێتە جەژنی روخانی ئەم دەسەڵاتە کوردییەی کە 29 ساڵە هەرێم و خەڵکەکەی بە ئەمرۆ گەیاندوە.[8]
- لە بەیانی ئەمڕۆ جموجۆڵێکی زۆری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، لەسەر ئاسمانی کامپی پەنابەرانی شەهید رۆستەم جودی لە مەخموور دەبینرێت. فڕۆکەکان کە دوێنێش بەسەر ئاسمانی کامپەکەوە دەسووڕانەوە، ئەمڕۆش بێ وەستان بەسەر ئاسمانی کامپەکە دەسووڕێنەوە، بەڵام نازاندرێت ئەو فڕۆکانە سەربە چ وڵاتێکن و لە ئێستادا جموجۆڵەکانیان بەردەوامە.[4]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ لە رۆژئاوای کەرکوک چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر حەشدی شەعبی و بەوهۆیەوە کەسێکی سڤیل کوژراوە کە جووتیارە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- شەوی رابردوو، دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی مەخالەق-یان لە عەین عیسا تۆپبارانکرد و بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە زەوییە کشتوکاڵییەکان و دەخڵ و دانی هاووڵاتییان ئاگریان تێبەربوو.[1]
- ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەیەدە ئاشکرای دەکات، لەگەڵ ئەنەکەسە لەسەر چەند خاڵێک هاوڕان، بەڵام هیچ رێککەوتنێک لەنێوانیان واژۆ نەکراوە.[5]
- دەوڵەتی داگیرکەر لەگەڵ چەتەکانی، لە باکوری رۆژئاوای تل تەمر زەوی و زارە کشتوکاڵیەکانی گوندی ریحانیە و قاسمیە و ئوم ئەلکێفیان سووتاند. لەگەڵ هەوڵی کۆنترۆلکردنی ئاگرەکە لە لایەن خەڵک و تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە، بەڵام هێزی داگیرکەران هێرشیان کردە سەریان و نەیانهێشت ئاگرەکە کۆنترۆل بکرێت.[1]
دەرەوەی کوردستان
- 6 کەس لە نوێنەرانی پارلمانی ئەوروپا و دیپلۆماتەکانی بێلژیک، لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانەی حکوومەتی ئێران لە بروکسێل، خوازیاری ڕوونبوونەوەی بارودۆخی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بوون. دیپلۆماتە ئورووپاییەکان لەو نامەیەدا، وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، ئاماژەیان کردووە بە کوژرانی کۆڵبەران و درێژەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران.[6]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 6 هەزار و 352 پشکنین ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا 308 توشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون، لەگەڵ پێنج حاڵەتی

گیانلەدەستدان، لە بەرامبەریشدا 53 کەس چاکبوونەتەوە.[1]
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاماژەی بەوە کرد، لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا 40 هەزار و 178 پشکنین بۆ دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە کراون، لەو ژمارەیەش هەزار و 186 تووشبوو تۆمارکراون و 32 کەسیش مردوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە |
| 🏛 پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ تەلتەمر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🌋 ئاگری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئاکرێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەڵادزێ (پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | بەلژیک |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-23]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-23]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-23]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-23]
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-23]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-05-23]
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-23]
[9] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری پەیام - 2020-05-23]

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 146

**2020-05-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382141



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە هەڵکوتانە سەر چالاکوانان لە ئامەد 18 کەسی دەستگیرکردبوو و ئەمڕۆ بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخستن دا بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ 12 کەسیان دەرکرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سۆهەیلا حیجاب، چالاکی مەدەنیی کرماشانی، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی قەرچەکی وەرامین کرا.[7]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران ژمارەیەک لە کۆڵبەرانیان لە سنووری سۆما و برادۆستی ورمێ کردە ئامانج و بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەرسەلان ئەحمەدی کوڕی حاکم گیانی لەدەست دا و هەروەها دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی توران و ڕەدوان ئەحمەدی کوڕی عەبدولخالق، بەسەختی لەو ڕووداوەدا پێکران. ئەو سێ کۆڵبەرە کوردە خەڵکی گوندی کورانی ناوچەی سۆما و برادۆستن و هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو ئەو ژمارە لە کۆڵبەرانیان داوەتە بەر دەستڕێژی و لە ئاکامدا ئەرسەلان ئەحمەدی بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە.[7]
باشووری کوردستان
- لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە و لە تەواوی جیهان ئاگربەست و ڕاگرتنی شەڕ ڕاگەیەنراوە، بەڵام دەوڵەتی تورک پەلامارو بۆردومانەکانی بۆسەر خاکی باشووری کوردستان ڕانەگرتووە و بەردەوامە. نیوەڕۆی ئەمڕۆ تۆپخانەکانی سوپای داگیرکەری تورک لە سنووری برادۆست تۆپبارانی گوندی گوڕەشە و گوندی خەلیفان و کەندەگەرییان دەستپێکرد.[5]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، حەفت تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، سێ ئافرەت تەمەن 69 و 59 و 57 ساڵ، دوو پیاو تەمەن 69 و 29 ساڵ، دوو منداڵ تەمەن 9 و 5 ساڵان، سێ تووشبوو بەرکەوتە و خانەوادەی تووشبووەکەی دوێنێ شاری هەولێرە، چوار تووشبووەکەی تر نیشانەی نەخۆشیان هەیە، دانیشتووی شارەدێی عەنکاوە و گەڕەکەکانی سەفین و گوڵانن لە شاری هەولێر.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- لە گەڕەکی عەسکەری کەرکوک، تەرمی پۆلیسێک بە سەربڕدراوی لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی دەدۆزرێتەوە.[2]
- سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رەخنەی لە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان گرت بەرامبەر بە سەرۆکایەتی نوێی حزبەکەی. سەعدی پیرە ڕایگەیاند پارتی هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی باش نەبووە بەرامبەر بە کۆنگرە و سەرۆکەکانی، ئەو هاوسەرۆکانەش بڕیاری کۆنگرەیە و یەکێتی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەوەشی خستەڕوو کە دەبێت پارتی لەگەڵ ئەو سەرۆکانە مامەڵە بکات کە بژاردەی یەکێتییە.[4]
- شانەی قەیرانەکان لە شاری کەرکوک بڕیاریدا ئەمڕۆ یەک شەممە کە دەکاتە یەکەم رۆژی جەژن قەدەغەی هاتووچۆ ڕابگەینێت بۆ ماوەی یەک هەفتە، لە بەیاننامەی شانەی قەیرانەکان شارەکە هاتووە: دەمانەوێت بە هاووڵاتییانی شارەکە ڕابگەینین کە بۆ پاراستنی سەلامەتییان قەدەغەی هاتووچۆ لە یەکەم رۆژی جەژنەوە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە بۆ ماوەی یەک هەفتە و دەروازەی شارەکە دادەخریت تەنها ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری خوراک و پێداویستی تەندروستی ڕێگەپێدراوە بێنە ناوشارەوە.[1]
- درەنگانی شەوی رابردوو، لە شارۆچکەی کەڵەکی سەر بەشارۆچکەی بەردەڕەش لە سنووری پارێزگای دهۆک بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان دوو بنەماڵە دەبێتە شەڕ، لە یەکێک لە بنەماڵەکانەوە کەسێک تەقەی کردووە، لە بنەماڵەی بەرامبەر هاونیشتمانییەک دەکوژرێت و سێ کەسی دیکەش بریندارده‌بن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەم بەیانییە بە بۆنەی جەژنی رەمەزانەوە هاووڵاتییان لە کۆبانێ، شەهبا، حەلەب، قامیشلۆ، حەسەکە، دربەسی، عامودێ، شەدادێ و دێرک سەردانی گۆڕستانی شەهیدانیان کرد و بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن فەرماندەکان و بەڕێوەبەرانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (هەسەدە)ەوە پێشوازییان لێکرا.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک خەڵکی مەدەنی دەکاتە ئامانج. لە گوندی کۆرحەسەنی گرێ سپی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی کەسێکی مەدەنیان بەناوی خەلیل حسێنیان بریندار کرد. داگیرکەران دەستڕێژیان لە خەلیل حسێن کرد و لە ئەنجامدا بریندار بوو. خەلیل حسێن لە کۆبانی لەژێر چاودێری پزیشکدایە و ڕاگەیەنرا دۆخی تەندروستی باشە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی وەزرشی ئێران لە تارانی پایتەختی ئێران پەردە لەسەر پەیکەری محەمەد ئەوراز وەزرشکاری ناسراوی کورد لادەرا.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کیانووش جیهانپوور وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران ڕایگەیاند لە 24 سەعاتی ڕابردوو 2180 کەس لە ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 58 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لە دەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قامیشلۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: IR تاران

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🗺️ وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺️ وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: IR ئێران
🗺️ وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-24
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-24
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-24
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-24
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-24
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-25

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 147

**2020-05-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382142



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی گەلی کورددا هێرشی کردە سەر ماڵی حەوا کران دایکی ئاشتیی تەمەن 65 ساڵ و ماڵەکەیان تێکوپێکدا.[1]
- دەوڵەتی تورک کە بە شێوەیەکی سیستماتیک هێرش دەکاتە سەر گۆڕستانەکان ئەم جارە لە گوندی شەمسەی حەسکیف هێرشی کردە سەر گۆڕ و گۆڕستانەکان. ئاڵای تورک بە دار و درەختی دووروبەری گۆڕستانەکەوە هەڵواسران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 2ی دادگای ئینقلابی شاری کرماشان، چوار چالاکی فەرهەنگیی کوردی بە ناوەکانی شەهریار تەهماسبی و ئەردەشیر مووسەوی خەڵکی کرماشان، مستەفا باقری ئاشنا خەڵکی کەنگاوەر و ئەرسەلان هیدایەتی خەڵکی قوروە، هەرکامەیانی بە 9 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.[4]
- هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە شاری سنە 10 چالاکڤانی ئاییینی سوننە مەزهەبیان لە ماوەی مانگی ڕەمەزاندا دەستبەسەر کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان، ئەو 10 چالاکڤانە ئاییینیە لە قوتابخانەی دارولعلومی مزگەوتی ئیبراهیم خەلیلوڵڵا لە گەڕەکی کانی کوزەڵەی شاری سنە و لەکاتی خوێندنی وانەی ئاییینیدا دەستبەسەر کراون.[2]
- بە گوتەی سەرۆکی ناوەندی ئەنجوومەنی کرێکارانی بیناسازیی پارێزگای سنە، بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دۆخی بێکاریی کرێکارانی بیناسازی لە پارێزگای سنە زۆر مەترسیدار بووە و زیاتر 70%ی کرێکارانی بیناسازیی سنە لە ساڵی نوێوە بێکاربوون.[2]
- سوپای پاسداران، لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت تەقەیان لە پۆلێک لە کۆڵبەران کردووە و بەهۆیەوە کۆڵبەرێک لە ناوی "کامران گولانی" گیانی لەدەست داوە. جێگەی ئاماژەیە، دیاردەی کۆڵبەری بەرهەمی سیاسەتی هەڵەی کۆماری ئیسلامییە کە بارودۆخێکی نالەباری ئابووری بۆ خەڵکی ناوچە سنوورییەکان هێناوەتە ئاراوە کە ناچار بن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان پەنا بۆ دیاردەی مەترسیداری کۆڵبەری بەرن و بە شێوەی جۆراوجۆر ببنە قوربانی.[6]
باشووری کوردستان
- شانەی قەیرانەکان لە پارێزگای سەلاحەدین ڕایگەیاند، بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، شارۆچکەی خورماتوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەرەنتین دەکرێت و هەموو جۆرە هاتووچۆیەکی پیادە، ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل بۆ قەزاکە و دەرەوەش قەدەغەیە.[2]
- ئەمڕۆ جارێکی دیکە ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی مەخموور کەوتەوە و زیاتر لە 110 دۆنم سوتاوە.[3]
- لە هەڵمەتێکی هێزە ئەمنییەکانی پارێزگای هەڵەبجە دوو کەس بە ناوەکانی (ت.ح.ح) و (هـ.ص.ا) بە تۆمەتی هێنانی 7 پارچە شوێنەوار و چوار هەزار و 786 سکە دەستگیر کراون، لە لێکۆڵینەوەکاندا هەردوو تۆمەتبارەکە دانیان بەوەداناوە کە ئەو پارچە شوێنەوار و سکانەیان لە سلێمانییەوە هێناوەتە هەڵەبجە بۆ ئەوەی لەوێ ساغی بکەنەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی ڕووسیا لە تلتەمر لە پارێزگای حەسەکە لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا ڕێگەی ئێم4 یان کردەوە، کە تلتەمر بە کۆبانێ دەبەستێتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لقی 26ی دادگای ئینقلابی تاران، حوکمی 5 ساڵ زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ قەدەغەکردن لە ئەندامیەتی لە گرووپە سیاسییەکانی بۆ سەکینە پەروانە هاووڵاتیی کوردی خەڵکی خوراسان بڕییەوە.[4]
- عادل عەبدولرەحمان، یەکێک لە ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمی بارێ گران لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لە شاری بارسێلۆنای ئیسپانیا خەڵاتی باشترین ئەکتەری وەرگرت.[2]
- وەزیری نەوتی ئێران ڕایگەیاند، تورکیا پێشنیازی وڵاتەکەی بۆ چاککردنەوەی بۆریی گواستنەوەی گازی سرووشتیی ئێرانی ڕەتکردووتەوە و خۆیشی چاککردنەوەی بۆرییەکەی دواخستووە.[2]
- ئەمڕۆ وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی عێراق، ئامارێکی نوێی توشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا

راگەیاند. بەپێی ئامارەکە، سەرجەم تاقیگەکانی تایبەت بە کۆرۆنا لە عێراق، پشکنین بۆ5762 پشکنین ئەنجامدراوە، تێیدا 163 حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکراوە، هەروەها 73 هاوڵاتی چاکبوونەتەوەو سێ کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئیسپانیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-05-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-05-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-05-25


کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 148

**2020-05-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382143



باکووری کوردستان
- ژمارەی تووشبووان لە دیلۆک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەڵکشاندایە. لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانەوە پشکنینی کۆرۆنای 49 هاونیشتمانی پۆزەتیف دەرچووە و یەکێکیشیان گیانی لەدەستداوە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسی ئیدارەی راخەر (فرش)، رێکخراوی سەنعەت و مەعدەنی پارێزگای ورمێ رایگەیاند: بەهۆی هاتنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە نزیکەی 300 ملیۆن تمەن خەسارەت لە بەشی رستن و چنینی راخەر کەوتووە.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی فیاد ئەحمەدی کوڕی سادق خەڵکی گوندی کورانی ناوچەی سۆما و برادۆست، بە تەقەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە لە سنووری ورمێ پێکرا.[5]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمرۆ سوپای تورکیا تۆپبارانی گوندی بێدوهێ-ی لە ناوچەی بەرواری باڵا کرد و بەهۆیەوە کچێکی 13 ساڵان برینداربوو.[2]
- درەنگانی شەوی رابردوو لە گوندێکی سەر بە داقوق زیاتر لە 110 دۆنم زەوی جووتیارانی کورد سووتێنرا، ئەنجوومەنی گوندەکەش پێیوایە داعش ئەم دەغڵ و دانەکانیان دەسووتێنێت و ئەمە دووەم رووداوی ئاگرکەوتنەوەیە لە سێ رۆژی رابردوودا.[2]
- سەرلەئێوارەی ئەمرۆ، ئاگر لە کێڵگەیەکی گەنمی جووتیارێکی گوندی تەرکەشکان لە سنووری شارۆچکەی لەیلان لە پارێزگای کەرکوک بەردرا و تاکو تیمەکانی بەرێوەبەرایەتیی بەرگریی شارستانیی گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و کۆنترۆڵیان کرد، رووبەرێکی بەرفراوانی گەنمەکە سووتا.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 34 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی پێنجوینە و نیشانەی نەخۆشی هەبووە پشکنینی تاقیگەی بۆ کراوە و پۆزەتیف دەرچووە.[6]
- وەزارەتی تەندروستی بڵاویکردەوە، لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، تووشبووێکی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 34 ساڵ، دانیشتووی شارۆچکەی پێنجوێنە و نیشانەی نەخۆشی هەبووە پشکنینی تاقیگەی بۆ کراوە و پۆزەتیف دەرچووە.[6]
- شەوی رابردوو دوو گەنجی کورد لە گوندی یەنگیجەی سەر بە شارۆچکەی داقووق رفێنراون و بێسەروشوێنن. کەسێکی نزیکی گەنجە رفێنراوەکان رایگەیاند نەبەز مۆفەق رەشید و عیسا تەها ئیسماعیل کە پاسەوانی بیرە نەوتەکانی سنووری گوندەکەیانن، دوای چوونیان بۆ ئەرک ون دەبن و هیچ سۆراغێکیان نییە.[4]
- لە ئاکرێ گەڕەکی بیۆکێ کەرەنتینکرا کە لە چوار رۆژی پێشوودا شەش تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای لێ تۆمارکراوە و رێگە بە کەس نادرێت بچێتە نێویەوە یان لێی دەربچێت. لەو گەڕەکەی ئاکرێ زیاتر لە 100 خێزان دەژین.[2]
- ئەمرۆ تەرمی گەنجێکی پەنابەری کورد کە لە دورگەی خیۆسی یۆنان خنکابوو، گەڕێنرایەوە هەرێمی کوردستان و لە گۆڕستانی سەیوان لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا. گەنجە ناوی راڤیار عوسمان'ە و تەمەنی 20 ساڵە، رۆژی 20-03-2020 ئەمساڵ لە دورگەی خیوسی یۆنان لەکاتی مەلەکردندا خنکاوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەمرۆ قەدەغەی تەواوەتیی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان کۆتاییدێت. وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رایدەگەیێنێت ئەگەر رەوشەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت و

ڕێژەی تووشبووان بەرز ببێتەوە: ناچارین پلانی نوێ دابنێین و ڕێکاری نوێ بگرینەبەر.[2]
- حکومەتی عێراق بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و سنووردارکردنی جوڵەی چەتەکانی داعش لە کەرکوک، هێزی زیاتر ڕەوانەی شارەکە دەکات.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین دوو تەقینەوە ڕوویاندا. یەکێک لە تەقینەوەکان لەسەر ڕێگای ڕاجۆ لە نزیک خاڵی پشکنینی 'پۆلیسی سەربازیی' سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ڕوویدا. تەقینەوەکەی تریش لەسەر ڕێگای عەفرین – عەزاز لە ڕێگەی ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبڕێژکراوەوە ڕوویدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا قەدەغەی هاتوچۆی تا 5ی حوزەیران درێژ کردەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسانی تورک لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 29 کەس لە تورکیادا بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە تورکیا بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لە دەستداوە گەیشتە 4 هەزار و 369 کەس.[1]
- ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق زیاد دەبێت و لە هەفتەی ڕابردوو هیچ ڕۆژێک نەبووە لە عێراق 100 کەس تووشی کۆرۆنا نەبوبێت، ژمارەی تووشبووان لە عێراق لە پێنج هەزار کەس نزیکدەبێتەوە، بەشێک لە خەڵکیش لەو بڕوایەدان ڤایرۆسی کۆرۆنا جگە لە درۆیەک هیچی دیکە نییە و شتێکی دروستکراوە و هیچ بنەمایەکی نییە.[2]
- جیهانپور، ڕایگەیاند: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، لە ئەنجامی پشکنینەکان، تووشبوونی هەزار و 787 کەسی دیکە بەڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کراوەتەوە، بەمەش ئاماری گشتیی تووشبووان لە ئێران گەیشتە 139 هەزار و 511 کەس. جیهانپور، ڕاشیگەیاند: لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 57 تووشبووی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران گیانیان لەدەستداوە و بەمەش ژمارەی گشتیی ئەو کەسانەی بەڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران گیانیان لەدەستداوە، گەیشتە حەوت هەزار و 508 کەس.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئاکرێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئەنتاب - دیلۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پێنجوێن |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-26
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: AM 8:48:56 2020-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 149

**2020-05-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382144



باکووری کوردستان
- بەپێی ئامارەکانی داگیرکەری تورکیا، تا ئەمڕۆ 128 کەس لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[3](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ئێستادا 17 بەندکراوی سیاسی بەناوەکانی "عەلی عارفی، فەخرەدین دەروێش پوور، مەنسوور مامەند ڕەش، ڕەسووڵ باروت، ڕەشید ناسرزادە، حامید سۆفی ئەمیرئاباد، نادر زیایی فەر، شەفیع فەق زادە، ئەبووبەکر میناپاک، محەممەد ئەمین قازی، کامیل ئەحمەدی، کوروش عەزیزی، تەیب بامروەت، مەغدید محەممەدزادە، یوسف ئەحمەدی، سەید نەجمەدین حسێنی و یوسف سمسان" لە زیندانی ناوەندیی شاری شنۆ ڕاگیراون کە سەرجەم حوکمی 81 ساڵ و 6 مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە. شایانی باسە، لە کۆی ئەو 17 بەندکراوە سیاسییە، 16 کەسیان بە تۆمەتی پەیوەندی "لەگەڵ یەکێک لە حیزبە نەیارەکانی ڕژیم" و یەکێکیان بە تۆمەتی چالاکی کرێکاری حوکمی بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کەژوان ئازادیان خوێندکاری زانکۆی پەیام نووری مەریوان و چالاکی ژینگەیی خەڵکی گوندی یەنگیجەی مەریوان بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکی ڕەوانی زیندانی ئەو شارە کرا.[4]
- بارودۆخی تەندروستیی محەممەد قادری هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری پیرانشار بەهۆی ئازار و ئەشکەنجە لە یەکێک لە گرتنگەکانی ئەمنییەتی لە ورمێ نالەبارە و بەهۆی ئازار و ئەشکجەی تووندی جیسمانی لە هۆشی خۆی چووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار وێڕای پشتڕاست کردنەوەی ئەم هەواڵە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە کوردە، بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەیان بانگهێشتی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی شاری ورمێ کراون و بۆ ماوەی چەند خولەکێک کوڕەکەیان بە بێهۆشی بینیووە.[4]
- مەحموود ڕەزا مورادی، سەرۆکی زانکۆی پزیشکیی کرماشان بە میدیاکانی ئێرانی ڕاگەیاند، تاوەکو 10 ڕۆژ پێش ئێستا تووشبوون و گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە پارێزگای کرماشان لە کەمبوونەوەدا بوو، بەڵام کتوپڕ دۆخەکە گۆڕا و ژمارەی مردووان بەرزبووەوە. مەحموود ڕەزا دەڵێت، خەڵک لەو پارێزگایە زۆر بە کەمی پابەندی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی دەبن و ئەوە هۆکاری زیاتر

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەیە.[3]
- سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی خوسرەو فەرەهمەند، محەممەد پەروازە کوڕی ڕەشید و محەممەد ئەفرا کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی نێی مەریوان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان کران. هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو سێ هاووڵاتییە کوردەیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران بانگهێشت کردووە. ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە، پاش چەند کاتژمێر لێپرسینەوە بە دانی بەڵێننامەی نووسراوە ئازاد کراون.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکەکانی داگیرکەری تورک گوندی سەفرەی دۆڵی شینکایەتیی سەربە ماوەت بۆردوومانکرد، لە ئەنجامدا زیانی گیانی بەر گەریلاکانی پەکەکە کەوت و نەخۆشخانەی گوندەکەش رووخا.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، شازدە تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، هەشت پیاو و شەش ئافرەت و یەک کچ و یەک کوڕی گەنج، چواردە تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون، دوو تووشبووەکەی تر نیشانەی نەخۆشیان هەیە، هەموویان دانیشتووی ناو شاری سلێمانین.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- حکومەتی هەرێمی کوردستان قەدەغەی هاتوچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی تا ڕۆژی 15-06-2020 درێژ کردەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەپێی راگەیێنراوێکی وەزارەتی بەرگریی تورکیا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانییدا لە چیای ئاسۆسی سەر بە شارۆچکەی ماوەتی پارێزگای سلێمانی، پێنج گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان -پەکەکە کوژراون.[3]
- 11 پەرلەمانتار لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەن بەدەل بەرواری ئەو مامۆستا و چالاکوانەی کە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی سەرەتای هەفتەی رابردو لە دهۆک دەستگیرکرا، بەزوترین کات ئازاد بکرێت.[1]
- لیزا فەلەکەدین کاکەیی، پەرلەمانتاری پارتی لەپەرلەمانی کوردستان لەگەڵ رەخنەگرتن لە وتارەکەی دوێنێی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئامادەنەبونی ناوبراویش بۆ بانگهێشتکردنی پەرلەمانتاران بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی پەرلەمان بە پێشێلکاری پەیرەوی ناودەبات و دەشڵێت: ئەم دۆخە نەخوازراوە چیدیکە لە سەرۆکی پەرلەمان قبوڵ ناکرێ.[1]
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی گەرمیان، گردبوونەوەیەکیان بۆ ئازادکردنی مامۆستا بەدەل بەرواری ئەنجامدا، کە لە خۆپیشاندانەکەی شاری دهۆک دەستگیرکرا و هەتا ئێستا ئازادنەکراوە.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- گوتەبێژی پۆلیسی کەرکوک بە تۆڕی میدیایی رووداوی راگەیاند، ژن و پیاوێک بە تۆمەتی کوشتن و دواتر سەربڕینی پۆلیسێکی کورد لە کەرکوک دەستگیرکراون کە هاوژینی یەکدین.[3]
- درەنگانی شەوی رابردوو لە گەڕەکی دەباشانی سلێمانی بەهۆی شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل گەنجێک لەگەڵ شوفێرێک دەبێتە دەمەقاڵێیان و بە دەمانچە دەکوژرێت، بکوژەکەش هەڵدێت.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- گوتەبێژی بەرگریی شارستانیی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، لەنێو کارگەی شیشی ماس لە ناوچەی بازیان بەهۆی تواندنەوەی ئاسنەوە تەقینەوەیەک روویداوە و کەسێک بەناوی عەبدولکەریم عەبدولسەمە، خەڵکی شاری کەرکووکە و گیانی لەدەستداوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- حکومەتی کاتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا زمانی کوردی لە خشتەی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لە هەرێمی عەفرین دەرهێنا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق رایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا 7 هەزار و 14 پشکنین ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا 287 توشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون، لەگەڵ شەش حاڵەتی

گیانلەدەستدان، لە بەرامبەریشدا 52 کەس چاکبوونەتەوە.[6]
- ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، بە مانشێتی لە ئیدلبەوە بۆ تەرابلوس: تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەستی داوەتە قومارێکی مەترسیدار، باسی لە لەشکەرکێشی و ناردنی چەتەکان لەلایەن ئەردۆغانەوە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی دەکات.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

Quick Respons Code:



🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-27
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-05-27
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-27
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-27
[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-27
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-27

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 150

**2020-05-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382145



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ئێوارەی ئەمڕۆ، هێزەکانی ڕژێم لە ناوچەی سنووری "ئەلەند" لە شاری خۆی ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی ئەو ناوچەیەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا دوو کۆڵبەر گیانیان لە دەستدا. بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، لەئەنجامی ئەم ڕووداوە دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی "مۆحسین دەروێش زادە" و "ئیبراهیم جوردیزج" خەڵکی گوندی "کەرکووش"ی سەر بە شاری خۆی کرانە ئامانج و بەهۆیەوە گیانیان لەدەستدا. هەر لەم پێوەندەدا، ڕۆژی پێنجشەممە هێزەکانی ئینتزامیی ئۆستانی لوڕستان لە جادەی شاری برووجێرد، ماشینی کاسبکارێکی خەڵکی سەقزیان بە ناوی " هادی گولابی" تەمەن 41 ساڵیان بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ دایە بەر دەستڕێژی گوللە و بە هۆیەوە ناوبراو گیانی لە دەستدا. جێگەی ئاماژەیە، لە ماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا لانیکەم 11 کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئێران و تورکیە بریندابوون یاخود گیانیان لەدەستداوە.[7]
- سێ کاسبکاری کورد لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە بەرزاییەکانی سنووری پیرانشار، بەسەختی بریندار بوون. شوناسی ئەو سێ کاسبکارە، کامیل، کەماڵ گوهری تەمەن 23 ساڵ و ڕەسووڵ چەپلەک و خەڵکی پیرانشار ڕاگەیەندراوە. هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، ئەو سێ کاسبکارە کوردەیان بە گومانی هەڵگرتنی شتومەکی قاچاخ داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە. ئەو سێ کاسبکارە بۆ چارەسەری پزیشکی ڕوانەی ناوەندی دەرمانیی چۆمان لە هەرێمی کوردستان کراون.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی شارام مستەفاپوور خەڵکی گوندی ماوانەی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ کرایە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکان پاش برینداکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی ئالان بەنگین تەمەن 21 ساڵ و خەڵکی گوندی کانی ڕەشی شاری شنۆ، لەلایەن دادسەرای نیزامیی شاری تەورێزەوە بە 5 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردومانی گوندەکانی سنیان و بندێوانیان لە ناوچەی برادۆست و ناوچەی خواکورک لە سنوری پارێزگای هەولێر کرد.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، سوپای تورک تۆپبارانی گوندەکانی بێرکم و بیرکە و باسەکان و گوڕ مەمک و کرچین-یان کرد لە دەڤەری برادۆست.[2]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان، دوازدە تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، پێنج پیاو و پێنج ئافرەت و دوو کچی گەنج، حەفت لە تووشبووان بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون، پێنج لە تووشبووان بەهۆی بوونی نیشانەکانی نەخۆشی سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، 22 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، 12 پیاو، 9 ئافرەت و کوڕێکی گەنج.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزیری تەندروستی دۆخی ئێستای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان مەترسیدارتر لە مانگەکانی سێ و چوار ناودەبات و دەڵێت، ئەگەر هاونیشتمانیان هاوکارنەبن دۆخەکە لە

کۆنترۆڵ دەردەچێت. هەروەها گوتی سەرچاوەی تووشبووان لە 10 ڕۆژی ڕابردوو نادیارە و ئەوە مەترسییەکەی زیاتر کردووە.[5]

- ئەمڕۆ، بە بڕیاری شانەی قەیرانەکانی پارێزگای سەڵاحەدین و لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، ڕێگاکانی هاتووچۆکردن داخران.[2]

- ئەمڕۆ ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی گوندەکانی عەبدولاغانم و تۆپزاوا لە سنووری شارۆچکەی داقوق لە شاری کەرکوک بەردرا، کە دوو گوندی کاکەیی نشینن.[2]

- پارتی تورکمان ئیلی کە لە ژێر چەتری بەرەی تورکمانی عێراقدایە، داوای لە مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد، ڕاکان جبووری، پارێزگاری بەوەکالەت لە پۆستەکەی لاببات و لە شوێنی ئەو کەسێکی تورکمان بۆ پارێزگاری کەرکوک دابنێت.[2]

- پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: ئێوارەی ڕۆژی 23-05-2020 کاتژمێر 5:30 خولەک ژنێک بەناوی (د. ئ. ح) لەدایکبووی ساڵی 1987 پیشەی ژنی ماڵ، دانیشتووی قەڵادزێ گەڕەکی ڕاپەڕین بە سوتای گەیەندرایە سلێمانی، پاش 5 ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەوە ئەمڕۆ لە سلێمانی گیانی لەدەستدا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئیدارەی دەروازەی سێملکان لەسنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان لەنوسراوێکدا چەند ڕۆژێک مۆڵەت بەهاووڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان دەدات هەرێمی کوردستان جێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەکانیان ڕۆژئاوای کوردستان.[1]

دەرەوەی کوردستان

- یازدەیەمن خولی پەرلەمانی ئێران لەدووەمین دانیشتیدا دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژاردو محەمەد باقر قالیباف کەسایەتی سیاسی موحافیزکارەکان و نەیاری سەرەکی حکومەتەکەی حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران بەدەنگی 230 پەرلەمانتار بەسەرۆکی پەرلەمانی ئێران هەڵبژێردرا، لەخولی داهاتوودا جێگەی عەلی لاریجانی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی ئە و وڵاتە دەگرێتەوە.[1]

- کیانووش جیهانپوور وتەبێژی وەزارەتی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاشکرایکرد کە 2258 کەسی دیکە لەئێران تووشی کۆرۆنابوون و ژمارەی تووشبوان گەیشتە 143 هەزار و 849 کەس. وتیشی: تا ئێستا 7627 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 112 هەزار و 988 کەسیش چاکبوونەتەوە.[1]

- بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا ڕایانگەیاند لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا لەو وڵاتە هەزار و 182 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 30 کەسیش بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە. بە گشتی لە تورکیا 160 هەزار و 979 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کراون و 4 هەزار و 461 کەسیش تا ئێستا گیانیان لەدەستداوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | بەرەی تورکومانی ئێراق |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەڵادزێ (پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ◯ لورستان
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-28
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-05-29

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 151

**2020-05-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382146



باکووری کوردستان
- دوای دوو مانگ و نیو لە داخستنیان، بڕیارە ئەمڕۆ مزگەوتەکانی باکووری کوردستان بکرێنەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری کۆمەڵایەتیی فەرماندەیی پاسەوانی سنوور لە پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند، سێ کەس لە پاسەوانانی سنوور لە پێکداداان لەگەڵ چەکدارانی نەناسراو لە سنووری سەردەشت کوژراون.[2]
فەرمانداری سەردەشت لە وتووێژێک لەگەڵ هەواڵدەریی ئیرنا، شوناسی کوژراوەکانی ئەو شەڕەی بە تەقی بەهەروەر فەرماندەی پایگا و خەڵکی مەراغە، هادی عەبدی کادری هەنگی سنووری و خەڵکیمیاندوئاو و عەلیڕەزا ئیسلام دۆست سەربازی هەنگی سنووری و خەڵکی تەورێز، ڕاگەیاندووە.[5]
- جەواد ئاغازادە، بەرپرسی زانکۆی پزیشکیی پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند، تووشبووانی ڤایرۆسی

کۆرۆنا لە پارێزگای ورمێ گەیشتووەتە پێنج هەزار و 94 کەس و تاوەکو رۆژی 28-05-2020، 217 کەس لەو پارێزگایە بە ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 14:30 گوندی کەڤەرکێی سەر بە شارۆچکەی چەمانکێ بۆردومانکراوە و زیان بەر باخ و ناخچەی هاوڵاتیان کەوتووە.[7]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، یەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 36 ساڵ پیشەی پاسەوان لە فرۆکەخانەی بغداد، دانیشتووی شارۆچکەی سێمێل لە پارێزگای دهۆک. تووشبوەکە دوای گەڕانەوەی لە بەغداد پشکنینی تاقیگەیی بۆ کراوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندی لەک لە سنووری شارەدێی زنانەی سەر بە شارۆچکەی کفری، بەهۆکارێکی نادیار دەغڵودانی جووتیارێکی دانیشتووی شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین سووتا. عەلی نەوزاد خاوەنی ئە و دەغڵودانەیە بۆ رۆژنیوز قسەیکرد و وتی، بەرهەمی ئەمساڵیان کە نزیکەی 34 دۆنم زەوی دەغڵودانی گەنم بووە، بە تەواوەتی سووتا و هەمووی بوو بە خوڵەمێش.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، هەردووکیان پیاون تەمەن 58 و 35 ساڵ، لە شاری بەغداد گەڕاینەوە، تووشبووەکان دانیشتووی شارەدێی عەنکاوە و ئیمپایەر سیتین لە شاری هەولێر.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، شەش تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، پێنج پیاو تەمەن 51 و 45 و 44 و 39 و 38 ساڵ و ئافرەتێکی تەمەن 63 ساڵ، تەنها یەک لە تووشبووان بەرکەوتووی تووشبووانی پێشووە، پێنج تووشبووەکەی تر نیشانەی نەخۆشیان هەیە و پشکنینیان پۆزەتیف دەرچووە، هەموویان دانیشتووی ناو شاری سلێمانین.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەبەردەم سایلۆی کەرکوک لەناوچەی پیشەسازی، ژمارەیەک جوتیار دژی وەرنەگرتنی بەرهەمی دانەوێڵە لەلایەن حکومەتەوە نارەزاییان نیشاندا. بەوتەی چەند جوتیارێکی بەشداربوی خۆپیشاندانەکە بۆ (کەرکوک ناو)، بەپاساوی تێکەڵی نیسک لەگەڵ گەنمەکەدا، حکومەت ئامادەنییە بەرهەمی دانەوێڵەی ئەمساڵیان وەربگرێت. چەند خولەکێک دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە، هێزێکی لیوای تایبەتی 61 گەیشتونەتە بەردەم سایلۆ و دەستبەجێ پەلاماری کامێرای رۆژنامەنوسانیان داوە، دەستیان بەسەر ژمارەیەک کامێرادا گرتوە و ئەوانی تر وێنە و ڤیدیۆی خۆپیشاندانەکەیان بەزۆر پێ سڕیونەتەوە. بەوتەی پەیامنێری (کەرکوک ناو)، ئە و هێزە لەگەڵ هەوڵی رێگری لە روماڵی میدیاکان، بەتەقاندنی نزیکەی 10 فیشەک بەئاسماندا، بڵاوەی بە جوتیاران کردوە و خۆپیشاندانەکە کۆتاییهاتوە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وتەبێژی ئاسایشی هەولێر دەڵێت، بڵاوەپێکردنی هێز لە سەنتەری هەولێر بە سەرپەرشتیی وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگاری هەولێرە و لە چوارچێوەی رێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنادایە.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین رایگەیاند: پاش ئەوەی 27ی ئەم مانگە ژنێکی بەساڵاچوو بەناوی (ئ. م. ر) لەدایک بووی ساڵی 1943 دانیشتووی قەڵادزێ گەڕەکی راپەڕین لەماڵەوە دەچێتە دەرەوە و ناگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و بۆ ئەم مەبەستەش کەسوکارەکەی لە بنکەی پۆلیسی راپەڕین سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن، دواتر هێزەکانمان بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایشی قەڵادزێ و پۆلیسی دارستان و ژینگەی پشدەر هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن، بەڵام دوای دووڕۆژ گەڕان بەدوایدا پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سەعات 2:30 دەقیقە تەرمەکەی لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی دارستان دۆزرایەوە و دواتر هێزەکانمان لە پۆلیسی فریاکەوتن و بنکەی پۆلیسی ژاراوە ئاگادار کرانەوە و تەرمەکە گەیەندرایە نەخۆشخانە.[6]

- مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەڵەبجە دژی دەستگیرکردنی مامۆستا بەدەل بەرواری لە دهۆک، گردبوونەوە و داوای ئازادکردنیان کرد، هەروەها رەخنەی توندیان لە دەسەڵاتی هەرێم گرت، کە لەجیاتی بەهاناوەچوونی خەڵکی ناوچە دابڕێندراوەکان، هەرێم هێز ڕەوانەی باڵەکایەتی و زینی وەرتێ و بناری قەندیل دەکات.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- فڕۆکەی سیخوڕیی بە ئاسمانی سلێمانیدا دەسووڕێتەوە و ڕوون نییە سەر بە چی وڵاتێکە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- عەلی تەتەر، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بەمیدیاکانی حزبەکەی راگەیاندووە، پارتی بڕیاریداوە لەکۆتایی ئەمساڵ چواردەمین کۆنگرەی خۆی لەشاری دهۆک ببەستێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەستی بەئامادەکاریەکانی کردووە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئاگریان بەردایە خانووی هاووڵاتییانی گوندی مێناخ لە تلتەمر. هاوکات لە گوندەکانی رابیات و زرگان بەهۆی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانەوە ئاگربەربوویە زەوییەکانی ئەو دوو گوندە و دانیشتوانی ئەو دوو گوندە لەگەڵ ئاگرکوژێنەوە توانییان ئاگرەکە لە دوای ماوەیەک بکوژێننەوە.[3]
- دوای ئەوەی شەڕ لە نێوان گرووپێکی سووری و عەرەبە هاوردەکانی غوتەی ڕۆژهەڵات لە گەڕەکی مەحموودیەی شاری عەفرین دروستبوو، لە نێو زیندانی گرووپەکەدا پێنج ئافرەتی کورد دۆزرانەوە.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی، زەویە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی شێراوای عەفرینیشیان سووتاند. هەروەها داگیرکەران ئاگریان بەردایە زەویە کشتوکاڵیکەانی گوندی باسلا و بێنێ شێراوا. ئاگرەلە لە هەرێمەکە بڵاوبووەوە، تیمەکانی ئاگرککوژێنەوە و گەل هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە دەدەن. لە تەل بەراک 440 دۆنم زەوی کشتوکاڵی بوو بە خۆڵەمێش. لە لایەکی ترەوە زەویە کشتوکاڵیەکانی گوندەکانی ئەتشانی و خازۆکێی سەر بە ناوچەی تەل بەراکی قامشلۆ سووتێنرا و تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکەیان کۆنترۆڵ کرد. لە ئەنجامی ئاگرەکەی گوندی خازۆکدا 220 دۆنم، لە گوندی ئەتشانێ 200 دۆنم زەوی کشتوکاڵی گەنج و جۆ بوون بە خۆڵەمیش.[7]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا بڕیارێکی نوێی لەبارەی قەدەخەی هاتووچۆ بۆ 15 پارێزگای تورکیا و باکووری کوردستان دەرکرد. بەگوێرەی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، قەدەخەی هاتووچۆ لە هەریەک لە پارێزگاکانی ئەنقەرە، ئیستەنبوڵ، ئیزمیر، باڵکئەسیر، بورسا، ئەسکیشەهیر، دیلۆک، قەیسەری، قۆنیا، کۆجائێلی، مانیسا، ساکاریا، سامسوون، وان و زۆنگوڵداک لە شەوی 29ی ئایار لە کاژێر 00:00 دەستپێدەکات و تاوەکو کاژێر 00:00ی شەوی 31ی ئایار بەردەوام دەبێت.[2]
- ئەمرۆ تەندروستی ئێران بڵاویکردەوە، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا، دوو هەزار و 819 کەس دووچاری کۆرۆنا بوون، هەروەها 50 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق تووشبوونی 416 کەس و گیانلەدەستدانی شەش کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەلتەمر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەنتاب - دیلۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: IR ئێران
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: SY سووریا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-29
کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 152
**2020-05-30**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382147



باکووری کوردستان
- لە ئەشکەوتی لادێی گولبیش لە گوندی ئاکیۆڵ لە ناوچەی کەربۆرانی مێردین ژمارەیەکی زۆر ئێسک و پروسکی مرۆڤ دۆزرایەوە. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان مەزەندە دەکرێت ئێسک و پروسکەکان هی ئەو کەسانە بن، کە لە ساڵانی 1990کاندا لەلایەن دەزگای هەواڵگریی جەندرمە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (ژیتەم - JÎTEM) رفێنراون و دواتر کۆمەڵکوژکراون.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- شەوی رابردوو، هێزەکانی پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتایە سەر بارەگای هەدەپە لە ئێلح و عومەر کوتلو و فاتمە ئالبای هاوسەرۆکانی هەدەپەی ئێلحیان دەستگیرکرد.[1]
- شەوی رابردوو، لە گەڕەکی مورادییەی سەربە شارۆچکەی رەزانی ئامەد، کەسانێک کە هێشتا ناسنامەیان دەستنیشان نەکراوە، هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک و ژنێکیان کوشت.[2]
- قەیومەکەی ئاکەپە لە سێرت کتێبخانەی جەلادەت عەلی بەدرخانی رووخاند.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە رۆژهەڵاتی کوردستان حەوت هاونیشتمانیی دیکە کە تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، گیانیان لەدەستدا و لە ماوەی 24 کاژێردا تووشبوونی 548 کەس بە ڤایرۆسەکە راگەیێندرا.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکیا چیای لینکیان لە سنووری شارۆچکەی دێرەلووک بۆردوومان کرد و دوو کەس کوژراون. ئەو دوو کەسەی کوژراون، ناویان سەید جەلال نورەدین، تەمەن 60 ساڵ و ئەحمەد جەلال تەمەن 30 ساڵە، کوڕ و باوکن و خەڵکی دەڤەری نێروەیین.[2]
- لە شاری سلێمانی کەسێکی تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە لە ژێر چاودێری پزیشکدابوو و تەمەنی 37 ساڵە، گیانی لەدەستدا.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، چوار تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکران، دوو پیاو تەمەن 42 و 22 ساڵ و دوو ئافرەت تەمەن 60 و 31 ساڵ.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، سێ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکران، هەرسێکیان پیاون تەمەن 23 و 22 و 21 ساڵ، پێشینەی گەشتیان هەبووە لە وڵاتی هەنگاریا گەڕاینەوە و لە کەرەنتین بوون.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، تووشبووێکی ڤایرۆسی کۆڤۆنای نوێ COVID-19 لە ئیدارەی گەرمیان سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکرا، ئافرەتێکی تەمەن 63 ساڵە، نیشانەی نەخۆشیەکەی هەیە و پشکنینی پۆزەتیڤ دەرچووە، دانیشتووی گەڕەکی ئازادیە لە شارۆچکەی کفری.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، بیست و سێ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، چواردە پیاو و هەشت ئافرەت و کچێکی گەنج.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تووشبوویێکی کۆرۆنا لە کەرکوک گیانی لەدەستدا، کە لە نەخۆشخانە لە کەرەنتین بوو.[6]
- شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ رایگەیاند: هەفتەی داهاتو خۆپیشاندانی سەرتاسەریی دەست پێدەکات و دەیکەینە هەفتەی روخانی ئەم دەسەڵاتە.[5](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- یاسین قادر، سەرۆکی یەکێتی گشتی جووتیارانی کوردستان ئاشکرای کرد، تا ئێستا زیاتر لە 2 هەزار دۆنم دانەوێڵەی جووتیارانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان سووتێندراون و داواش دەکات، سوپای عێراق بە هاوبەشی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی ئە و ناوچانە لە ئەستۆ بگرن.[6]
- 400 ملیار دینارەکەی بەغدا بۆ مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان گەیشتە هەرێمی کوردستان.[3]

- بەشی پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاگەیاندنی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانیڕایگەیاند، دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانیی عێراق ماوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق تاوەکو 06-06-2020 درێژکردەوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دەروازەی سنووری سێمێلکا، بەڕووی ڕۆژئاوادا کرایەوە پاش ئەوەی بەهۆی مەترسی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بۆ ماوەی 75 ڕۆژ داخرابوو.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتیی نیشتمانی لە عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا قەدەخەی هاتووچۆی لە هەموو پارێزگاکانی عێراق بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕاگەیاند.[2]

- بەبڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێران، تاوەکو کۆتایی ساڵی کۆچی هەتاوی لە ئێران، ترانزێتی بەنزین و بەرهەمە نەوتییەکان لەخاکی ئەو وڵاتەوە بۆ وڵاتانی دراوسێی بەتایبەتی هەرێمی کوردستان قەدەغەکرا.[2]

- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 306 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا تۆمارکراون و 10 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ سێرت

شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری

شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

شار و شارۆچکەکان: ◯ ماردین

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح

شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

وڵات: ↓ باشووری کوردستان

وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان

وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: IQ ئێراق

وڵات: IR ئێران

وڵات: ↑ باکووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-05-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 30-05-2020
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 30-05-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 30-05-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 30-05-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 153

**2020-05-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200405084856382148




باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ڕەزانی ئامەد، دوای ئەوەی دوێنێ لە کۆڵانی 718ی گەڕەکی 5ی نیسان پۆلیسێک بەناوی ئاتاکان ئارسلان کوژرا، لە هەرێمەکە دەست بە ئۆپەڕاسیۆن کرا. بە پێی زانیاریەکان 2 کەس بە تۆمەتی ئەوەی دەستیان لە کوشتنی پۆلیسەکەدا هەیە دەستگیرکران.[1]
- هاوسەرۆکانی ڕێخستنەکانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپەی لە شاری ئێلح بەمەرجی گەشت نەکردن بۆ دەرەوەی تورکیا ئازادکران. دوای ئازادکردنیان لەبەردەم بارەگای هەدەپە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لە هاوسەرۆکە ئازادکراوەکان کرا.[2]
- لە 19 گوندی بەدلیس 'قەدەغەی' هاتووچۆ ڕاگەیێندرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمیر هومایون دەوڵەتشاهی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی شارەوانی کرماشان، سەبارەت بە گیانلەدەستدانی ئاسیە پەناهی، ژنە بێسەرپەنا کرماشانییەکە، دەڵێ: تووندوتیژی زۆر و گازی فرمێسکڕێژ بەکارهاتووە. ئاسیە پەناهی، تەمەن 61 ساڵ، بەهۆی دەسکورتی ژوورێکی تەجاوزی لە یەکێک لە شوێنە گشتییەکانی گەڕەکی فەدەکی شاری کرماشان دروستکردبوو، بەڵام شارەوانی کرماشان ڕووخاندی و لەو پەیوەندییەدا ئاسیە پەناهی گیانی لەدەستدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- نزیکەی 10 ڕۆژە دارستانەکانی زاگرۆس لە ئاگردا دەسوتێن و لەو ماوەیەدا هیچ کارێکی گرنگ بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان نەکراوە و تەنات پێداویستی بۆ خەڵکە خۆبەخشەکەش دابین نەکراوە تاوەکو بتوانن ئاگرەکە بکوژێننەوە.[1]
- چالاکێکی کورد بە ناوی سەعید ئیقباڵی خەڵکی کرماشان، پاش سەردانی لە لقی 1ی جێبەجێ کردنی تاوانەکانی کەیفەریی دادسەرای ئەمنییەتی تاران، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی 5 ساڵ زیندانییەکەی ڕەوانەی بەندی دابڕگەی زیندانی ئێڤین کرا. ئەو چالاکە مەدەنییە کوردە، بە تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانی بە مەبەستی هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی ئێران و چالاکی پرۆپاگەندە دژی نیزام، بە 6 ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو.[8]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عومەر خاکزاد کوڕی حاسڵ، خەڵکی گوندی شێلم جاڕانی شاری پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[8]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، گوندی خەلیفانیان لە برادۆست بۆردومانکرد و بەهۆیەوە ئاگر لە پوش و پاوانی ناوچەکە کەوتەوە، سەربازانی تورکیش بەشێوەی هەڕەمەکی تەقە لە خەڵک

دەکەن و ناهێڵن ئاگرەکە بکوژێننەوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تووشبووێکی دیکەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوی COVID19 لە شاری سلێمانی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کە تەمەنی 70 ساڵ بوو و دانیشتووی شارۆچکەی چەمچەماڵە و هەڵگری نەخۆشی دیکەی کوشندە بوو، دوای وەرگرتنی نمونەی پشکنینی تاقیگەیی دەرچوو توشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVD-19 بوو پاش خەواندنی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند، قەدەغەی هاتووچۆ لە کاژێر 12:00ی 31-05-2020 تاوەکو 06-06-2020 دەبێت و هەرکەسێک سەرپێچی بکات سزادەرێت.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە نزیکترین پلانماندا، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا، هوتێلەکان لەجیاتی نەخۆشخانە بەکاردەهێنن.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، سەد و یەک تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، کە پیاو و ئافرەت و کچ و کوڕی گەنجن بە هەموو تەمەنەکانەوە، شەش تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون و دوو تووشبوو پێشینەی گەشتیان هەیە و 93 تووشبوو نیشانەی نەخۆشیەکەیان هەبووە و پشکنینیان بۆکراوە و پۆزەتیڤ دەرچووە.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە گوندی تازەدێ سەر بە شارۆچکەی کەلار ئاگرێک کەوتەوە و زیانێکی زۆر بە دەغلودان و هەنگی هاووڵاتیان کەوت.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوای 16 رۆژ لە دەستگیرکردنی، بڕیاری سەربەستکردنی بەدەل بەرواری درا.[7]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکرا، پیاوێکی تەمەن 53 ساڵ دانیشتووی ناو شاری دهۆکە و نیشانەی نەخۆشیەکەی هەبووە و پشکنینی بۆ کراوە و پۆزەتیڤ دەرچووە و منالێکی تەمەن 11 ساڵ، کچی نەخۆشێکی پێشووە و دانێشتووی شارۆچکەی سێمێلە سەر بە پارێزگای دهۆک.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر داوا لە وەزیر و وەزارەتی تەندروستی دەکات پلانەکانیان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا بگۆڕن و بنکە تەندروستییەکان بۆ وەرگرتنی تووشبووانی کۆرۆنا ئامادە بکەن، چونکە پەتاکە زۆر بە خێرایی بڵاودەبێتەوە.[2]
- وەزارەتی پەروەردە بڕیاریدا، ئەو قوتابی و خوێندکارانەی تا سێ وانە دەرنەچوون، پێویست بە تاقیکردنەوە ناکات تاوەکو تاقیکردنەوەی گشتی ئەنجام بدەن، بەڵام ئەگەر لە چوار وانە یان چوار وانە بەسەرەوە بێت، دەبێت قوتابییەکە تاقیکردنەوە ئەنجام بدات تاوەکو بەشداریی تاقیکردنەوە گشتییەکان بکات.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوبەری گشتی نەخۆشخانەی گشتی کەلار داوا لە هاوڵاتیان دەکات ئەوانەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو توشبوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەبووە کە دوێنێ توشبووە، پشکنین ئەنجام بدەن.[5]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند خەریکە دۆخی کۆرۆنا لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە خەڵک پابەند نییە بە رێنماییە تەندروستییەکان بە تایبەت لە سەنتەری بازاڕەکاندا.[2]
- لێپرسراوی مەڵبەندی 3ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر رایدەگەیێنێت، یەکێتی گلەیی لە پارتی هەیە بەهۆی ئەوەی لە دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی چوارەم پیرۆزبایی لێنەکردووە و هیوای خواست لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتییدا پارتی ئەو نیگەرانییەوە بڕەوێنێتەوە.[2]
- وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە رۆژی 01-06-2020ەوە نرخی هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆ 25% کەمدەکرێتەوە و خێراییەکەشیان زیاددەبێت.[7]
- سەرپەرشتیارانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلم لە دهۆک، بڕیاریاندا ئەمساڵ فێستیڤاڵەکە سازنەکرێت. هۆکاری سازنەکردنی ئەو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییە، بۆ بارۆدۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و ناوچەکە دەگەڕێتەوە بەهۆی مەترسییەکانی کۆرۆنا.[4]

رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی لە هەردوو گوندی ئەریشا و تل تەولی سەر بە ناوچەی تل تەمر زەوی کشتوکاڵیەکانیان سووتاند.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەردەوامن لەسەر هێرشەکانیان بۆسەر خەڵکی مەدەنی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا و ئەم جارەش هێرشیان کردە سەر ماڵی هاوڵاتیان. داگیرکەران لە گوندی داودیەی تەل تەمر ماڵی هاوڵاتیانیان تاڵان کرد و دواتر خانووی ژمارەیەک کەسیان سووتاند.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی هێرشان کردە سەر هەر دوو گوندی هوریا و کاپرلیکی سەر بە ناوچەی گرێ سپی. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا زەوی و زاری کشتوکاڵی ناوچەکە ئاگریان گرت.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- سوپای تورکیا کوژران و برینداربونی سێ سەربازی هێزەکانی لە پارێزگای جۆلەمێرگی باکوری کوردستان راگەیاند.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزیری ناوخۆی ئێران بۆ یەکەمجار دانی بە کوشتنی زیاتر لە 200 خۆپیشاندەر لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی پار لە سەرتاسەری ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دانا.[3]
- جیهانپور راگەیاند: لە 24 کاتژمێری رابردوودا، لە ئەنجامی پشکنینەکان، توشبوونی دوو هەزار و 516 کەسی دیکە بەڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کراوەتەوە، بەمەش ئاماری گشتیی توشبووان لە ئێران گەیشتە 151 هەزار و 466 کەس، هەر لەو ماوەیەشدا، 63 توشبووی کۆرۆنا لە سەرتاسەری ئێران گیانیان لەدەستداوە و بەمەش ژمارەی گشتیی ئەو کەسانەی بەڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران گیانیان لەدەستداوە، گەیشتە حەوت هەزار و 797 کەس.[3]
- وەزارەتی دارایی عێراق رونکردنەوەیەکی سەبارەت بە ناردنی 400 ملیار دینارەکە بۆ هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و دەڵێت: چیتر هیچ برە پارەیەکی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان نانێرن تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم دەگەنە رێککەوتنێکی گشتگیر و کۆتایی.[5]
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستیی تورکیا راگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا 35 هەزار و 600 پشکنین کراون، 839 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون و 25 کەسیش مردوون. بەم جۆرە ژمارەی مردووان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە تورکیا گەیشتە چوار هەزار 540 کەس و ژمارەی تووشبووانی تۆمارکراویش بۆ 163 هەزار و 942 کەس بەرزبووەوە. 648 لەو تووشبووانە لە چاودێریی چڕدا خەوێنراون.[2]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق رایگەیاند، کە لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 5 هەزار و 381 پشکنین ئەنجامدراوە، لە ئەنجامدا 260 توشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون، لەگەڵ 10 حاڵەتی گیانلەدەستدان، لە بەرامبەریشدا 46 کەس چاکبوونەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-05-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-05-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-05-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-05-31
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-05-31

کاتی تۆمارکردن: 2020-04-05 8:48:56 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 154

**2020-06-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383581



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکێکی شارۆچکەی کاپینار سەر بە پارێزگای ئامەدی باکووری کوردستان 55 تووشبووی کۆرۆنا تۆمارکران. لە روها و مێردینیش 8 باڵەخانە و ئاواییەک کەرەنتینکران.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی یەکی دادگای ئینقلابی کرماشان، حوکمی 5 ساڵ زیندانیی تەعزیری بۆ رەسووڵ کەریمی، یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی 2019، بڕییەوە. لقی یەکی دادگای ئینقلابی کرماشان ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی تۆمەتبار کردبوو.[7]
- بەپێی ئەو ئامارانەی کە زانکۆ پزیشکییەکانی پارێزگاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە، لە رۆژی یەکشەممەوە 18 کەسی دیکە لە پارێزگاکانی کرماشان، لوڕستان، سنە و ورمێ گیانیان لەدەستداوە کە ئەوەیش بەرزترین ئاستی مردنە لە رۆژێکدا.[3]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە سنووری شاری سەردەشت تەقەیان لە ژمارەیەک کاسبکاری کورد کرد و لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، دوو سەر ئەسپی کاسبکارێک بە ناوی بەختیار چوالوی لەنێو چوو و چەند سەر ئەسپی دیکە لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو رووداوە خەساری گیانیی نەبووە و هێزە نیزامییەکان پاش تەقەکردن لە کاسبکاران، دەستیان بەسەر شتومەکی کاسبکاراندا گرت و لەگەڵ خۆیان بردیان.[7]
باشووری کوردستان
- قەدەغەی هاتوچۆی پیادە و ئوتومبیل لە هەموو شارەکانی هەرێم لەمڕۆوە بۆ ماوەی 6 رۆژ درێژەی دەبێت.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر رایدەگەیێنێت، لە کۆی ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو پارێزگایە دۆخی تەندروستی شەش تووشبوو خراپە و لەنێو ئەوانەشدا دووانیان دۆخیان زۆر زۆر خراپە.[3]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، چوار تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکران، ئافرەتێکی تەمەن 44 ساڵ و سێ کچی تەمەن 15 و 13 و 9 ساڵان، دانیشتووی ناو شاری دهۆکن و بەرکەوتەی تووشبووەکەی دوێنێ یە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکران، پیاوێکی تەمەن 52 ساڵ، نیشانەی نەخۆشیەکەی هەبووە و پشکنینی بۆ کراوە و پۆزەتیف دەرچووە، تووشبووێکی کچ تەمەن 20 ساڵ بەرکەوتووی تووشبووانی پێشووە، هەردووکیان دانیشتووی ناو شاری دهۆکن.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، شازدە تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، دوازدە پیاو و چوار ئافرەت، هەموویان نیشانەی نەخۆشیەکەیان هەیە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی تووشبوونی 12 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا لە گەرمیان راگەیاند کە حەوت ئافرەت، چوار پیاو و کچێکی گەنجن.[1]
- هەندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە هۆکاری زۆربووانی تووشبووانی کرۆنا لە پارێزگای سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوو هەفتەیە تیمی تەندروستی پێنجوێن لە باشماخ نەماون و هیچ پشکنینێک لە مەرزەکە ئەنجام نەدراوە.[4]
- پارێزگاری هەڵەبجە لەبارەی هۆکارەکانی زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پێنجوێن رایگەیاند، بوونی دوو مەرزی سنووری لە ناوچەکە و تێکەڵاوبوون و بەرەیەککەوتنی بەردەوام بەهۆی جووڵەی بازرگانی لە و دەروازانە، هۆکاری زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنایە لە پێنجوێن.[4]
- راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف رایگەیاند، لە سەرجەم مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان هەموو

مەراسیمە ئایینیەکان و نوێژی بە کۆمەڵ بە وتاری هەینیشەوە بەشێوەیەکی کاتی ڕاگیرا.[4]
- ئیدریس سەلیم، ئەندامی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، پاش ساڵێک لە مانەوەی لە زیندانەکانی ئاسایشی سەربە پارتی، ئازادکرا.[1]
- بەرەی یەکگرتووی عەرەبی لە کەرکوک داوا لە مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات ڕاکان جبووری لە پۆستەکەی دووربخاتەوە و پارێزگارێکی دیکە بۆ کەرکوک دابنێت.[3]
- وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان داوا لە هاووڵاتیانی سڤیل و فەرمانبەران و کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان دەکات کە لە پارێزگاکانی عێراق دەوام دەکەن، تاوەکو ڕۆژی 06-06-2020 لە شوێنەکانی خۆیان بمێننەوە و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە دژی دووبارە ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ کاسبکارانی دەربەندیخان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، داوایانکرد، کە بەردەوامبن لە کارکردن لەژێر ڕێنماییە تەندروستییەکاندا، یاخود قەرەبوو بکرێنەوە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەهۆی سەپاندنی کەرەنتین بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، ڕاکردنەکەی هەفتە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە بنکەی وەرزشی سیروان دواخرا.[8]
- ئێوارەی ئەمڕۆ چوار هاووڵاتی دانیشتووی شارەدێی تەقتەق، لەناو حەوزێکی ئاودا کە بۆ بەخێوکردنی ماسی دروست کراوە خنکان.[8]
- شانەی ئەمنیی عێراقی ڕایگەیاندووە، نیوەڕۆی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێندراو بەکاروانێکی فەوجی مەغاویری فیرقەی 14ی سوپای عێراقی لە گوندی گڕاو لە مەخموور تەقیوەتەوە و بووەتە هۆی کوژرانی دوو سەربازی عێراقی و برینداربوونی دوو سەربازی دیکە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی ناوچەی جندرێسی عەفرین تەقینێکی بەهێز ڕوویدا. بە پێی زانیاریەکان تەقینەوەکە کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، گەنجێکی 20 ساڵ بە ناوی بارش چاکان کە خەڵکی ناوچەی پاتنۆسی ئاگری بوو گوێی لە گۆرانی کوردی گرتووە، بەڵام کاتژمێر 22:30 لە گەڕەکی ئالسانجاکی ناوچەی ئەتیمەسگوتی ئەنقەرە، تورکەکان هێرشیان کردە سەری و چەقۆیەکیان لەدڵیدا و کوشتیان.[2]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران، ڕایگەیاند: لە 24 کاتژمێری ڕابردوو نزیکەی سێ هەزار کەسی دیکە لە ئێران تووشی کۆرۆنا بوون و 81 کەسیس بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە.[6]
- لە شاری شیبویا وارد لە ژاپۆن پۆلیس هێرشی کردە سەر کوردێک و توندوتیژی بەرامبەر بەکارهێنا، ئەم ڕووداوە خۆپیشاندان و نارەزایی گەورەی ژاپۆنییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. لە گرتەیەکی ڤیدیۆیدا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنیوە، دەردەکەوێت دوو پۆلیس لە شاری شیبویا کوردێک دەخەنە سەر زەوی و لێیدەدەن. لەدوێنێوە سەدان کەس ڕژاونەتە سەر شەقامەکان، دژی دەمارگیری و بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی کەمینەکان خۆپیشاندان دەکەن. خۆپیشاندەران هاواردەکەن: بیانییەکان مەچەوسێننەوە، پۆلیسە دەمارگیرەکان سزابدەن.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک ڕایدەگەیێنن لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەو وڵاتە 23 کەس گیانیان لەدەستداوە و بە پێیەش بێت بە گشتی 4 هەزار و 563 کەس تا ئێستا بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە. هاوکات ژمارەی تووشبووان لەو وڵاتە گەشتووەتە 161 هەزار و 769 کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: لوڕستان

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ ورمێ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🕊️ عەفرین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ کەلار (گەرمیان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ کۆیە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ دەربەندیخان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ سەردەشت
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔘 ئامەد
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ روحا
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ ماردین
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ پێنجوێن
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ مەخموور
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🌋 ئاگری
🏙️ شار و شارۆچکەکان: TR ئەنکەرە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⭕ کرماشان
🗺️ وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: IR ئێران
🗺️ وڵات: ⬅️ رۆژئاوای کوردستان
🗺️ وڵات: ژاپۆن
Quick Respons Code:

🗄️ سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-01

[3] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-01
[4] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-01
[5] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-01
[6] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-01
[7] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-01
[8] 🔔 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-01

کاتی تۆمارکردن: PM 2:55:51 2020-05-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 155

**2020-06-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383582



باکووری کوردستان
- کوژرانی بارش چاکان لەلایەن تورکە رەگەزپەرستەکانەوە، لە ناوخۆ و دەرەوە نارەزایی زۆری بەدواداهات و دەسەڵاتدارانی تورک فشاریان خستووەتەسەر بنەماڵەی بارش تاوەکو راستییەکان ئاشکرانەکەن. لەوبارەیەوە پەرلەمانتارانی هەدەپەش دەڵێن، فشارێکی زۆر لە خانەوادەی بارش کراوە تاوەکو راستییەکان نەڵێن و رووداوەکە بشارنەوە چونکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێناوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پژاک کۆنگرەی شەشەمی خۆی بەست و راپۆرتێکی لەوبارەیەوە بڵاوکردەوە، هەریەک لە سلێمان موعینی و زیلان ڤەژین-یش بە هاوسەرۆک هەڵبژێردراونەتەوە.[1](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- چەندین ماشینی هێزە نیزامییەکان بە چەکی سووک و نیوەقورسەوە هێرشیان کردە سەر گوندی چەکۆی شاری سەردەشت و لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندەدا تووشی شەڕ و تێکهەڵچوون بوون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لەو هێرشەدا بۆ سەر گوندی چەکۆی سەردەشت، هەوڵی دەسبەسەرداگرتنی شتومەکی کاسبکارانی خەڵکی ئەو گوندەیان دا. ئەو سەرچاوەیە هەورەها ئەوەشی خستەڕوو، هێزە نیزامییەکان بە بیانووی شتومەکی قاچاخ، بە چەندین ماشین نیزامییەوە رژانە نێو ئەو گوندەوە و هەوڵی دەسبەسەرداگرتنی شتومەک و ئەسپی کاسبکارانیان داوە.[8](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
باشووری کوردستان
- 4 تووشبووی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە باشووری کوردستان گیانیان لەدەستدا.[1]
- تووشبووێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوی COVID19 پیاو تەمەن 51 ساڵ بەناوی سالار حەمید، دانیشتووی شارۆچکەی دەشتی هەولێر/ بنەسڵاوە، هەڵگری نەخۆشی دیکەی کوشندە، بەهۆی بوونی نیشانەکانی نەخۆشی بەتوندی و توشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVD-19 لە 27/5 لە نەخۆشخانە خەوێندرا، دوای مانەوەی پێنج رۆژ لە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1]
- تووشبووێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوی COVID19 ئافرەت تەمەن 63 ساڵ، دانیشتووی دەڤەری گەرمیان شارۆچکەی کفری گەرەکی ئازادی، بەهۆی بوونی نیشانەکانی نەخۆشی بەتوندی و توشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVD-19 لە 30/5 لە نەخۆشخانە خەوێندرا، دوای مانەوەی چوار رۆژ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کەسێکی دیکە بە کۆرۆنا لە سلێمانی گیانی لەدەستدا کە ئافرەتێکی تەمەن 73 ساڵانە.[1]
- نارەزایی بەرانبەر قەدەغەی هاتوچۆ سات بە سات زیاتر دەبێت. کۆمەڵێک لە هاوڵاتی و

دوکاندارەکانی سلێمانی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەدژی داخستنی بازار و دوکانەکان رژانە ناو شەقامەکان و نارەزاییان دەربڕی. پاشان دوای نیوەڕۆ نارەزاییەکان زۆرتر بوون و لە هەندێک شەقامیش ئاگر کرانەوە. هێزەکانی ئاساییش بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد.[1]

- شانەی قەیرانەکانی کەرکوک راگەیێندراوێکی لەبارەی قەدەغەی هاتووچۆ بڵاوکردەوە و رایگەیاند، بڕیاری سەپاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لەسەرتاسەری پارێزگاکە دەرکراوە و هەر کەسێک پابەندنەبێت سزادەدرێت. بەپێی راگەیێندراوەکەی شانەی قەیرانەکانی کەرکوک، قەدەغەی هاتووچۆ تاوەکو کاژێر 06:00ی بەیانی رۆژی یەکشەممە بەردەوام دەبێت و دەشڵێت لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکان دەوام راگیراوە، جگە لەو دامەزراوانەی بەگوێرەی بڕیاری لیژنەی باڵای تەندروستی و سەلامەتی جیاکراونەتەوە.[2]

- سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی هەموو ئەو کەس و لایەنانە سزادەدرێن کە دەڵێن ڤایرۆسی کۆرۆنا نییە یان هاونیشتمانییان لە پابەندبوون بە رێکارەکانی خۆپارێزی سارد دەکەنەوە.[2]

- دوای ئەوەی 51 هاووڵاتی دانیشتووی شارۆچکەی پێنجوێن وەک هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکران، بڕیاردرا دەروازەی سنووری باشماخ کەرەنتین بکرێت و پێشکنین بۆ کارمەندانی مەرزەکە بکرێت.[6]

- پارێزگاری هەولێر رایگەیاند، بۆ بەرژەوەندیی هاونیشتمانییان، بە جێبەجێکردنی رێنمانییە تەندروستییەکان لە سبەی کاژێر 06:00ی ئێوارەوە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان دەکرێنەوە و قەدەخەی هاتووچۆ هەڵدەگیرێت.[2]

- ئاگر لەدەغڵودانی جوتیارانی هەردوو گوندی سەرکەوری زراریان و هەرکیان لەسنوری دەشتی بەرانەتی لە پارێزگای هەولێر، کەوتەوە بەشێکی زۆری سووتان سوتاون.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- بەیانی ئەمڕۆ مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عیراق بەسەردانێکی چاوەڕواننەکراو گەیشتە شاری کەرکوک و ئەگەری زۆری سەردانەکەی سەرۆک وەزیران بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون بێت لە و ئۆپراسیۆنەی هێزەعیراقییەکان لەبەیانی ئەمڕۆوە لەناوچەکانی دبزو داقوق دژی تیرۆرستانی داعش دەستیان پێکردوە.[3]

- هاوڵاتیان و کاسبکارانی ناوبازاڕی شاری سلێمانی، لە دژی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتووچۆ و داخستنی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان گردبوونەوە و داوا دەکەن رێگا بە کردنەوەی بازاڕەکان بدرێت. شاسوار عەبدولواحید چووە ناو خۆپیشاندەرانەوە بەڵام بە هوها و جنێو راونرا[5]

- پارێزگاری سلێمانی ڕایگەیاند لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی سبەینێیەوە سەرجەم سێکتەرەکان دەکرێتەوە و ژیان ئاسایی دەکەنەوە قەدەغەی هاتوچۆ هەڵدەگیرێت.[7]

- فڕۆکەیەکی سیخوڕی کە پێدەچێت هی دەوڵەتی تورک بێت، بە نزمی بەسەر ئاسمانی سلێمانیدا دەسووڕێتەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

رۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندێکی تەل تەمریان تۆپباران کرد و بەو هۆیەوە ماڵی هاوڵاتیان ئاگری گرت و سووتان.[4]

- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی لە گردی ئامیریەی سەر رێگای ئێم 4 کو دەکەوێت باشووری رۆژئاوای تەل تەمر، تەقەیان کرد و زەوی کشتوکاڵیەکانی گوندەکانی، عامیریە، ئەرگیهان و لێلانیان سووتاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ تەلتەمر

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-02
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-03

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 156

**2020-06-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383583



باکووری کوردستان
- لە ماوەی هەفتەیەکەدا ژمارەی تووشبووان لە پارێزگای ئامەد لە 50 کەسەوە بۆ 213 کەس بەرزبووەوە. دۆخی تەندروستیی 18 لە تووشبووەکان جێگیر نییە. بەگوتەی بەرپرسانی تەندروستیی ئامەد تەنیا لە سێ گوندی ئەو پارێزگایە زیاتر لە 100 تووشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵێکی کۆڵبەرنیوز، شەوی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکانی شاری چاڵدێران-ی سەر بە پارێزگای ورمێ، هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ تەقەیان لە کۆڵبەران کردووە. بە گوێرەی هەواڵەکە، لەو هێرشەدا، کۆڵبەرێک بەناوی سەجاد دالایی میلان خەڵکی گوندی'مەسجد لوی' بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ئێران کوژراوە.[4]
- بومەلەرزەیەک بە پێوەری پێنج پلەی ریختەر سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستانی هەژاند و زیانەکانی نادیارن.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حوسێن عەبدوڵلازادە تەمەن 26 ساڵ و خەڵکی شاری شنۆ، پاش تەواوبوونی قۆناغی لێپرسینەوەکەی، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو هاووڵاتییە کوردەیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[5]
- لە درێژەی سووتاندنی دارستانەکان لە شارەکانی کوردستان، چەند کەسێکی نەناسراو داوێنی کێوی ئاویەریان ئاگر تێبەردا.[7]
باشووری کوردستان
- لە هەرێمی کوردستان ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە 14 کەس، تەنیا لە 24 کاتژمێری ڕابردوو 7 کەس لە کوردستان بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، نۆزدە تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای دهۆک دەستنیشانکران، هەشت پیاو و هەشت ئافرەت و سێ منداڵ. هەموویان بەرکەوتووی تووشبوێکی پێشوون لە بەشداربوونیان لە داوەتێکی نان خواردن و دانیشتووی ناو شاری دهۆکن.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، دوو تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای هەولێر دەستنیشانکرا، دوو ئافرەت تەمەن 75 و 32 ساڵ، تووشبوێکیان نیشانەی نەخۆشیەکەی هەیە و تووشبووەکەی دیکە بەرکەوتووی هەمان نەخۆشە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، 50 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، 24 پیاو، 24 ئافرەت و دوو منداڵن.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، دوو تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە دەڤەری ڕاپەڕین دەستنیشانکران، خێزانێکی ژن و مێردن لە پیاوێکی تەمەن 43 ساڵ و ئافرەتێکی تەمەن 32 ساڵ پێکهاتوون، نیشانەی نەخۆشیان هەیە، دانیشتووی گەڕەکی نەورۆزن لە شارۆچکەی ڕانیە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەبەر ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتووچۆ، جووتیارانی هەرێمی کوردستان 570 ملیۆن دینار زیانیان بەرکەوتووە و ناتوانن بەرهەمەکانیان ساخبکەنەوە.[2]
- سەرۆکی بۆردی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند، سێ تووشبووی کۆرۆنا لە سلێمانی تەندروستیان ناجێگیرە و سەروو 50 تووشبووی دیکەش نیشانەکانی ڤایرۆسەکەیان بە توندی تێدا دەرکەوتووە.[2]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری نوێی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆڕۆنای ڕاگەیاند، لە ڕاگەیاندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە، ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک 35 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە.[6]

- هێزە عێراقییەکان ئۆپراسیۆنێکیان لەسنووری خورماتوو خانەقین ئەنجامدا، بەهۆی بۆردوومانی فرۆکە جەنگییەکانەوە نزیکەی 500 دۆنم دەغڵودانی جوتیارانی سنووری شارەدێی زنانە سوتا.[4]
- لە دووەم ڕۆژی ئۆپراسیۆنی هێزە عێراقییەکان لەسنووری شاری کەرکوک دژی چەتەکانی داعش، 15 تونێلی چەتەکان تەقێندرانەوە و 60 بۆمبی چێندراویش پوچەڵکرانەوە.[4]
- زۆربەی بەربەستەکانی شەقامی 60 مەتری و شەقامەکانی دیکەی سلێمانی لابران کە بە مەبەستی قەدەغەی هاتوچۆ لە سەر شەقامەکان دانرابوون. هاتوچۆش لە شارەکە بەرەو ئاسایی بوونەوە دەچێت.[3]
- بەرپرسی میحوەری گوێر - مەخمووری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند، هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە 24 کاژێری ڕابردوودا سێجار داعشیان لە چیای قەرەچووخ بۆردوومانکردووە، لە دوو بۆردوومانی یەکەمدا 12 چەکداری داعش کوژراون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- جیهانپور، ڕایگەیاند: لە 24 کەتژمێری ڕابردوودا، تووشبوونی سێ هەزار و 134 کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کراوەتەوە و 70 کەسیش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە، بەوپێیەش ژمارەی گشتی تووشبووان لە ئێران گەیشتە 160 هەزار و 696 کەس و ژمارەی گیانلەدەستدانیش، گەیشتە هەشت هەزار و 12 کەس. ڕاشیگەیاند: تا ئێستا 125 هەزار و 206 کەس لە تووشبووان چاکبوونەتەوە و دوو هەزار و 557 تووشبووش لەژێر چاودێری چڕی پزیشکیدان.[4]
- بەرپرسانی تورک ڕایانگەیاند، لە تورکیا لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە 24 کەس گیانیان لەدەستدا. لە تورکیا بە گشتی 4609 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و 166 هەزار و 422 کەس تووشی نەخۆشیەکە بوون.[6]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا هەشت هەزار و 585 پشکنینی کۆرۆنا تۆمارکراون، ئەنجامی پشکنینی 781 کەسیان پۆزەتیڤ بووە؛ کۆی گشتیی پشکنینەکانیش گەیشتووەتە 260 هەزار و 299 پشکنین. بەپێی ئامارەکانی 24 کاژێری ڕابردووی وەزارەتی تەندروستیی عێراق، 21 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، کە 10 کەسیان لە بەغدا بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ مەخموور |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خورماتوو |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ رانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دهۆک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ شنۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ورمێ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺️ وڵات: | IR ئێران |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |

ولات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
ولات: ↑ باکووری کوردستان
ولات: IQ ئێراق
ولات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-03
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-06-04
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 157

**2020-06-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383584



باکووری کوردستان
- لەیلا گوڤەن، پەرلەمانتاری جۆلەمێرگ و موسا فارسئۆغوڵاری، پەرلەمانتاری ئامەدی هەدەپە بە تۆمەتی یەکلاییبوونەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵیان لەلایەن دادگای سزا قورسەکانەوە، پرسی لێسەندنەوەی ئەندام پەرلەمانتاربوونیان لەلایەن تورکەکانەوە خرایە دەنگدانەوە و بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە سنووری بانە تەقەیان لە کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامیدا کۆڵبەرێک بریندارابووە. قوربانییەکە ناوی عەلی مەعارفی'یە و خەڵکی گوندی نەنوور'ی سەر بە شاری بانەیە، فیشەکەکە بەر قاچی کەوتووە و بریندارابووە، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی بانە کراوە.[3]
- لە ماوەی 15 ڕۆژی ڕابردوودا، 16 کۆڵبەر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، باکوور و باشووری کوردستان کوژراو و بریندار بوون. لە کۆی ئەو ئامارە 4 کۆڵبەر کوژراو و 12 کۆڵبەری دیکە بریندار بوون. لە کۆی ئەو 16 کۆڵبەرە کوژراوە و بریندارە، 11 کۆڵبەریان بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و 5 کۆڵبەری دیکەیان بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی تورکیە کوژراوە و بریندارابوون.[6]
- خوێندکاران و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کرماشان بە مەبەستی مەحکووم کردنی دەستوپێوەندەکانی دارمانی ماڵی خەڵک و ناڕەزایەتیی بە کوشتنی "ئاسییە پەناهی"، لە بەرامبەر

دادسەرای کرماشان کۆبوونەوە.[8]
باشووری کوردستان
- لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دەیان تووشبووی نەخۆشیی کۆرۆنا ڕاگەیەندرا.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گەلیی دێرا و بێشێلییان کرد، کە دەکەوێتە ناوچەی بەرواریی باڵای سەربە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک. زیانە گیانییەکانی ئەم بۆردومانانە نەزانراون، بەڵام زیانێکی زۆری بە ڕەزو باخی هاوڵاتیان و ژینگە و سروشتی ناوچەکە گەیاندوە.[5]
- دوو پیاوی تووشبووی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوی COVID19 تەمەن51 و 85 ساڵ دانیشتووی شاری سلێمانی لە نەخۆشخانە گیانیان لەدەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، پێنج تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە دەڤەری ڕاپەڕین دەستنیشانکران، دوو ئافرەت تەمەن 70 و 47 ساڵ و دوو منداڵ تەمەن 11 و 4 ساڵ و پیاوێکی تەمەن 37 ساڵ، دوو منداڵەکە منداڵی تووشبووەکەی دوێنێ یە، دوو تووشبوو بەرکەوتووی تووشبووی پێشوون و کارمەندی تەندروستین.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، شەش تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری دهۆک دەستنیشانکران، کە دوو ئافرەتی تەمەن 35 و 34 ساڵ و چوار منداڵی تەمەن 13 و 9 و 8 و 3.5 ساڵن.[1]
- لە ڕاگەیێندراوی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە لە بەردەوامیی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، حەفت تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، سێ پیاو تەمەن 60 و 26 و 20 ساڵ و سێ ئافرەت تەمەن 57 و 27 و 23 ساڵ و کچێکی تەمەن 16 ساڵن، هەموویان بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون.[1]
- لە کەرکوک بەهۆی داوەتێکی نانخواردن زیاتر لە 30 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، شانەی قەیرانەکانی کەرکوکیش سکاڵای یاسایی لەسەر ڕێکخەری ئەو خوانە و ڕێکخەری شەکراوخواردنێکی دیکە تۆماردەکات.[5]
- پارێزگاری هەولێر هۆشداری دەداتە خەڵکی پارێزگاکە و داوایان لێدەکات پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و دەشڵێت، ئێستا لە هەولێر تووشبووی کۆرۆنای زۆر مەترسیدارمان هەیە و مەترسی ئەوە هەیە گیان لەدەستبدەن.[2]
- پارێزگاری سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شارۆچکەی پێنجوێنەوە ڕایگەیاند: لەئێستا ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەئاستێکی مەترسیدایە و پێویستە ڕەچاوی زیاتری خۆپارێزی بکرێت.[5]
- بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی نەخۆشخانەیەکی دیکەی شارەکە بۆ تووشبووان کۆرۆنا تەرخانکرا. ئێستا تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی لە چوار نەخۆشخانە و دوو هوتێل چارەسەر وەردەگرن.[2]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند پرۆسەی کەرەنتینکردن لەسەر خەرجی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە دەستپێکردوە گوتی ئەوانەی لە شارەکانی عێراقە دەگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان 48 کاژێر و ئەوانەش لە دەرەوەی عێراق دەگەڕێنەوە 14ڕۆژ کەرەنتین دەکرێن.[2]
- بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە دهۆک ڕایدەگەیەنێت، 2600 منداڵی ئێزدی لە شنگال کەوتنە بندەستی ئەو ڕێکخراوە و وەک چەکدار بەکاردەهێندران، تائێستاش چارەنووسی 700 منداڵ یەکلایی نەکراوەتەوە.[4]
- سیروان بارزانی بەرپرسی میحوەری گوێر - مەخموری هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند: داعش ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز دەبێتەوە و وەکو سەرەتای 2013ی لێهاتوەتەوە.[5]
- دانیشتوانی کەلەک بۆ داواکردنی مافەکانیان و ڕێگریلێکردنیان بۆ کار و گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن.[7]
- بەهۆی دواکەوتنی مووچە و بژێوی ژیانیان بەشێک لە هاووڵاتیانی شارەزوور هاتنە سەر

شەقام.[3]
- ئاگرێک لە وێستگەی نەوتی سارەلووی سنووری شارۆچکەی سەرگەڕان کەوتەوە و ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارۆچکەکە دەڵێت ئاگرەکە زۆرە و کۆنترۆڵکردنی ئەستەمە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکرات لە گوندەکانی باشووری حەسەکەوە تا دەوروبەری دێرەزۆر، دژی شانە نهێنییەکانی چەتەکانی داعش دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری بازرگانیی تورکیا رایگەیاند، دەروازەی سنووریی گومرگی خابوور - ئیبراهیم خەلیل بۆ عێراق و دەروازەی سنووری گوربولاک بە ڕووی ئێراندا کرانەوە.[2]
- دادگای سویسرا ڕەتیدەکاتەوە کەسێک بە تۆمەتی ئەوەی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە بووە ڕادەستی ئەڵمانیا بکاتەوە و دەڵێت، لەوانەیە دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا بەهەمانشێوەی سویسرا مامەڵەی لەگەڵ نەکەن.[2]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق، توشبونی 672 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا راگەیاندو دەشڵێت: 15 توشبوی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوەو 243 توشبوش چاکبونەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ جوڵەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سەیدسادق (شارەزوور) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ پێنجوێن |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: SY سووریا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: DE ئەڵمانیا
🗺 وڵات: سویسرا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-04
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-04
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-04
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-04
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-04
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-04
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 158
**2020-06-05**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383585



باکووری کوردستان
- پاش لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتارانی هەدەپە، لەیلا گیوڤەن و فاریس ئۆگیولاری، شەوی ڕابردوو هەردووکیان لەلایەن تورکەوە دەستگیرکران.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ بۆ ئەوەی ڕێگری لە نارەزایەتییەکانی گەل لەو شارەدا لە دژی ئەو هێرشەی ڕژێم بگرێت ڕایگەیاند، لە ئەمڕۆوە 5ی حوزەیران بۆ ماوەی 15 ڕۆژ هەموو جۆرە چالاکییەک لە شارەکەدا قەدەغەیە.[3]
- پۆلیسی تورک سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە سەمسوور و جزیر لە چوارچێوەی ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا هەڵیکوتایە سەر ماڵان و 5 کەسیان دەستگیرکرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگە، گرووپی شاخەوانیی ئەنجومەنی "سەوزی چیا" لەگەڵ ئەنجومەنی "پاژینی بانە" و گرووپی "شاخەوانیی کۆیار"، بە سەرکەوتن بەسەر کێوی میراج، چالاکییەکیان بەڕێوەبرد و یادی ڕۆژی جیهانیی ژینگەیان بەرز ڕاگرت.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو جارێکی دیکە هەلیکۆپتەرەکانی دەوڵەتی تورک بۆردومانی سنوری برادۆستیان لە پارێزگای هەولێر کرد. تورک، بە ئەنقەست ڕەز و باخی گوندنشینانی سنورەکە دەکەنە ئامانج و

لەرێگەی بۆردومانەوە دەیانسوتێنن و زیان بە کشتوکاڵ و ژینگەی ناوچەکە دەگەیەنن.
بۆردومانەکان تا رۆژی ئەمرۆ بەردەوامە و لە دوای نیوەڕۆوە زۆر چڕبووەتەوە.[4]
- 2 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا؛ بەمەش کۆی گشتیی ئەو تووشبووانەی کۆرۆنا کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە، گەیشتە 18 کەس.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوو توشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرکوک گیانیان لەدەستدا.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، بیست و نۆ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە شاری هەولێر دەستنیشانکران، پێنج پیاو و نۆ ئافرەت و سێ کچێکی گەنج، دوازدە منداڵ، دوو نیشانەی نەخۆشیەکەیان هەیە و ئەوانی تر هەموویان بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای گومانلێکراوان و تووشبووان، چل و سێ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە پارێزگای سلێمانی دەستنیشانکران، بیست و هەشت پیاو و سێزدە ئافرەت و کچێک و کوڕێکی گەنج، چوار تووشبوو بەرکەتووی تووشبووانی پێشوون و تووشبووانی دیکە هەموویان نیشانەی نەخۆشیان هەیە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری نوێی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای راگەیاند، لە راگەیاندراوەکەی وەزارەتی تەندروستیدا هاتووە، ئەمرۆ 5ی حوزەیران لە شاری کەرکوک 28 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون، هەروەها دوێنێش 11 کەس و پێرێ33 کەسی دیکە لە کەرکوک تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[3]
- هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی دەڵێت، ئەگەر خەڵک وەکو ئێستا بێباک بێت و پابەندی رێنماییەکان نەبێت، لە سلێمانی کارەسات روودەدات، وەکو ئیتاڵیای لێدێت و دەگەنە قۆناخێک نەتوانن لە نەخۆشخانەکان نەخۆش وەربگرن.[5]
- ئەمشە و بەشێک لە دانیشتوانی شارۆچکەی کۆیە و تەقتەق خۆپیشاندانی نارەزاییان ئەنجامداو داوای موچە و خزمەتگوزارییان کرد. هێزە ئەمنییەکان بەهێز بڵاوەیان بەخۆپیشاندانەکەکردو تەقەیان بەسەر خۆپیساندەراندا کرد.[2]
- هاوشێوەی شەوەکانی رابردوو، خۆپیشان لە شارۆچکەی کفری بەردەوامە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سەرلە بەیانی ئەمرۆ، لە ناوچەی شێخ باوەی سەر بە شارەدێی جەلەولا لە شارۆچکەی خانەقین، دانیشتوانی گوندی ئیسلاح و گوندەکانی دیکەی ناوچەکە دەستیان بە خۆپیشاندان دژبە کردەوەکانی ئەم دواییەی چەکدارانی داعش لەسنورەکە، دەستیپێکرد. خۆپیشاندەران، بە بەرزکردنەوەی دەیان دروشمی جۆراوجۆر، کە هەمویان داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن گیانیان بپارێزێت لە مەترسی هێرشە بەردەوامەکانی چەکدارانی داعش، رژانە سەر شەقامەکانی شێخ باوە. خۆپیشاندەران رێگای سەرەکی کەلارجەلەولایان بە دانانی بەرد و بلۆک و تایەسوتاندن داخست.[2]
- مامۆستایانی ئایینی پێنجوێن بڕیاریاندا دەرگای مزگەوتەکان دابخەن و قائیمقامی پێنجوێن-یش دەڵێت، بڕیارەکە لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیاندایە.[2]
- ئاگر لە دارستانی دەستکردی دڵۆپە لە کەسنەزان بەربوو، بەوهۆیەوە بە هەزاران داری دارستانەکە سووتان.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) راگەیاند، لەمیانی ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و پشکنین بەهاوکاری هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزی هاوپەیمانان توانیویانە 21 چەکداری سەربە هێزەکانی داعش دەستگیربکەن.[2]
- لە کاتژمێر 06:00ی سەرلەبەیانی لە زیندانێکی ژێر کۆنترۆڵی گروپێکی چەتە بەناوی جەبهە شامیەی سەر بە دەوڵەتی تورک لە ناوەندی گرێ سپی، ژمارەیەک زیندانی هەڵهاتوون. گروپە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک بەناوی دەستگیرکردنەوەی هەڵاتووەکانەوە دەستیان بە گەڕان

کردووه، له ئەنجامدا لەنێوان چەتەکان و گوندنشینان ئاڵۆزی دروست بوو. گوندنشینان لەدژی گەڕان و دەستگیرکردنی هاوڵاتیان لەلایەن گروپە چەتەکانەوە ناڕەزایەتییان دەربڕی و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[4]

دەرەوەی کوردستان

- پەرلەمانتارانی هەدەپە لە دژی کودەتاکەی ئاکەپە – مەهەپە لە دژی 2 پەرلەمانتاری هەدەپە و پەرلەمانتارێکی جەهەپە، کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسییان رێکخست و بەرەو گیوڤەن پارکی ئەنقەرە رۆیشتن، بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان. پۆلیسەکان لە کاتی هێرشکردنە سەر پەرلەمانتارانی هەدەپەدا توندوتیژییان ئەنجامدا و چاکەتەکەی ردڤان توران پەرلەمانتاری هەدەپەیان دڕاند.[3]
- روانگەی سوری بڵاویکردەوە کە نۆ سەربازی سوریا لە بۆردومانێکی ئاسمانی ئیسرائیلدا کوژراون کە تیایدا کۆگایەکی چەکی کردووەتە ئامانج.[4]
- کیانوش جەهانپور، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران، ئەمڕۆ هەینی رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردودا، دو هەزارو 886 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا لە ئێران تۆمارکراون و بەوەش کۆی گشتی ژمارەی توشبوان بە کۆرۆنا گەیشتۆتە 167 هەزارو 156 کەس. ئەوەشی خستۆتەڕو کە لەو ماوەیەدا 63 توشبوی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوەو بەوەش لەسەرەتای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە لە ئێران تا ئێستا هەشت هەزارو 134 توشبو گیانیان لەدەستداوە.[2]
- بەپێی ئاماری بەرپرسانی دەوڵەتی تورک لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە تورکیا 18 کەس بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (Covîd-19)ەوە گیانیان لە دەستداوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کۆمپانیای فەیسبوک ژمارەیەک پەیج و ئەکاونتی کوردی دادەخات کە بەبڕی 27 دەفتەر دۆلار ریکلامیان بۆ پۆستەکانیان کردووە. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئە و پەیج و ئەکاونتانە سەر بەدەزگای زانیاریی یەکێتی بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کۆیە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ گرێ سپی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کفری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | TR ئەنکەرە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ جوڵەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ پێنجوێن |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |

ولات: SY سووریا
ولات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولات: ↓ باشووری کوردستان
ولات: ↑ باکووری کوردستان
ولات: TR تورکیا
ولات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-06-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-06-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-06-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پەیام - 2020-06-06
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 159

**2020-06-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383586



باکووری کوردستان
- لێهات بۆتی وڵاتپارێزی کورد کە لە 2ی حوزەیران لە شاری ڤوبەرتاڵ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردبوو، تەرمەکەی برایەوە بۆ شاری جزیری زێدی خۆی لە باکووری کوردستان و لەوێ بە خاکسپێردرا.[1]
- دەوڵەتی تورک لە بەردەوامیی ئۆپرسیۆنەکانی بۆ پاکتاوی سیاسیی گەلی کورد لە ئەدەنە ئۆپراسیۆنێکی ئەنجامدا و 10 کەسی دەستگیرکرد.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە ڕحا ڕایگەیاند، ئەنجامدانی هەموو چالاکییەک بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە ناوەندی ڕحا و هەموو ناوچەکانیدا قەدەغە دەکەن. ئەو قەدەغەکارییە لە 8ی حوزەیرانەوە دەستپێدەکات و تاوەکو 7ی تەمموز بەردەوامیی دەبێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حەبیبوڵڵا لەتیفی" کە پێشتر لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی داگیرکەری ئێرانەوە دەستبەسەر و لە لایەن دادگاوە بە تاوانی "مەحارەبە" بە سێدارە مەحکووم کرابوو، حوکمەکەی هەڵوەشایەوە و بۆ زیندانی هەتاهەتای گۆڕدرا.[7]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سەردەشت، تەقەیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەران کرد و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێک بە ناوی عومەر مەسلەحەتی بیلوکە خەڵکی ئەو شارە گیانی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی عەبدولڕەحمان شایقی خەڵکی گوندی مێرئاوای سەردەشت بریندار

بووە. ئەو ڕووداوە، لە ناوچەی سنووری شاری سەرەشت ڕوویداوە.[9]
- شارام مستەفاپوور کوڕی ڕەشید و خەڵکی گوندی ماوانەی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە لە نەخۆشخانەی عارفیان گیانی لەدەست دا.[9]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی فەرهاد کچانلوو تەمەن 26 ساڵ و خەڵکی گوندی شێخ عەسکەر سەر بە چاڵدێران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت کوژرا. ئەو کاسبکارە کوردە لە سنووری چاڵدێران بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لەلایەن هێزەکانی جێگر لە پایگای سنووریی شێخ عەسکەر، تەقەی لێکراوە.[9]
- بابەک دەبیریان، چالاکی مەدەنیی کورد، پاش بانگهێشتکردنی بۆ دادگای ئینقلابی شاری کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. ئەو چالاکە مەدەنییە بۆ حوکمە داسەپاوەکەی بانگهێشتی دادگای ئینقلابی کرماشان کرابوو.[9]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک 13 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراوە، هەروەها 2 کەسیش لە شارەکە بەهۆی ڤیرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە و 2 حاڵەتی چاکبوونەوەش هەبووە لە کەرکوک.[1]
- تووشبووێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوی COVID19 پیاو تەمەن 50 ساڵ دانیشتووی کامەرانی سیتی لە شاری هەولێر، دوای خەواندن لە نەخۆشخانە و مانەوەی لەسەر ئامێری هەناسەدانی دەستکرد لە بەشی چاودێری چڕ گیانی لەدەستدا.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کۆی گشتی تووشبووان بەڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە هەرێمی کوردستان گەیشتە (1089) تووشبوو، لەنێویاندا (19) مردن هەیە و (448) نەخۆش چاکبووەتەوە و ئەمڕۆ (622) نەخۆش لەژێر چاودێری پزیشکی دان.[3](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- بەشێک لە پزیشکانی نیشتەجێ لە سنووری پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین نەخۆشخانەکانیان بەجێهشت و ڕایدەگەیێنن، هەتاوەکو مووچە وەرنەگرن، ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.[2]
- لە هەولێریش نزیکەی 200 پزیشک نەخۆشخانەکانیان جێهێشتووە و داوای مووچەی مانگی شوبات دەکەن.[2]
- کۆی گشتی ئە و قەرەوێڵانەی لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی بۆ تووشبووانی کۆرۆنا تەرخان کراون، 355 قەرەوێڵەیە، لەکاتێکدا بە گوێرەی داتای فەرمی حکومەت، ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا کە ئێستا لە سلێمانی تۆمارکراوە، 452 تووشبوو هەن، بە و جۆرەش بێت، ئێستا ژمارەی تووشبووان 97 زیاترە لە ژمارەی قەرەوێڵە تەرخانکراوەکانی سلێمانی.[8]
- مامۆستا و ئەندازیار شێخ نوری شێخ ڕەزای کۆیک سەرۆکی یانەی وەرزشی ڕۆژ پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشیدا کۆچی دوایکرد.[5]
- پارێزگاری دهۆک لەکاتی کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا گوتی، بەهۆی سێ میوانداریی و دروستبوونی قەرەباڵخی، تاوەکو ئێستا نزیکەی 60 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. داواش لە خەڵک دەکات زیاتر هاوکاریان بێت و خۆیان لە شوێنی قەرەباڵخ دووربخەنەوە.[2]
- سەعات 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ تەرمی ژنێک بەناوی (ب. م. و) لەدایک بووی ساڵی 2003 پیشەی ژنی ماڵ، دانیشتوی گوندی (دوبێ) سەر بە شارەدێی هەڵشۆی شارۆچکەی پشدەر گەیەندرایە نەخۆشخانەی گشتی کە بە چەکی جۆری کلاشینکۆف (خۆی کوشتووە).[5]
- کاروان گەزنەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەپەیجی خۆیدا نوسیویەتی حکومەتی هەرێم لە هەر سەبەتەیەکی خۆراکی کە مانگی ڕابردوو دەستیکرد بەدابەشکردنی بەسەر کەمدەرامەتان و هەژاراندا 20 دۆلاری دیار نییە، بەوپێیەی بەهای هەر سەبەتەیەک 51 دۆلارە.[4]
- کۆمپانیای خاوێ فیلم بۆ دۆبلاژ و بەرهەمهێنانی فیلم، بەهۆی بۆردوومان و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کوردستان، بایکۆتی زنجیرە و فیلمی تورکییان کرد.[6]
- گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ئەمساڵ بەرهەمی گەنمی

کوردستان زیاتر لە 100% زیاد دەکات و دەڵێت، بڕیارە بەشێکی ئەو گەنمە لەلایەن کارگەکانی ئالیکەوە بکڕدرێتەوە.[2]
- هاووڵاتییەک لە گوندی حەسەن پرشنگی سەر بە شارۆچکەی ئاوەسپی لە سنووری شارۆچکەی کفری، بەناوی (شوانە عەبدولکەریم برزۆ) بە گوللە ئامۆزایەکی خۆی بەناوی (محەممەد ئەحمەد برزۆ) تەمەن 24 ساڵ دەکوژێت و خوشکێکیشی بریندار دەکات و پاشان بە گوللە خۆیشی دەکوژێت.[2]
- گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی دەڵێت، ئەمڕۆ لە دوو رووداوی جیادا چوار کەس لە سنووری شارباژێڕی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە ئاودا خنکاون.[2]
- بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، ئەمڕۆ شەممە، لە ئاگادارینامەیەکدا دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراق بڕیاری ماوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق تا کاتێکی نادیارو ئاگادارکردنەوەیەکی تر ڕاگەیاند. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، بڕیارەکە گەشتی فڕۆکەکانی مانگی سورو سەربازی و یارمەتییە تەندروستییەکان و فریاگوزارییەکان و بارهەڵگر (کارگۆ) ناگرێتەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاویانکردەوە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە سەرێکانی سەر بە حەسەکە تەقیووەتەوە و بە هۆیەوە سێ کەس گیانیان لە دەستداوە کە یەکێکیان منداڵە. بە پێی زانیارییەکان تەقینەوەکە لە نزیک بارەگایەکی سەربازیی بووە لەسەر ڕێگەی سەرەکی نێوان سەرێکانی و حەسەکە.[5]
- هەڵمەتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لە دژی شانە نوستوەکانی داعش لە حەسەکە و دێرەزۆر لە ڕۆژی سێیەمدایە. لەو هەڵمەتەدا ناوچە دەشتاییەکانی باشووری حەسەکە پاککرایەوە. ئەو هەڵمەتە بەرەو باکور و ڕۆژهەڵاتی دێرەزۆر بەردەوامە. قەسەدە ڕایگەیاند، تا ئێستا نزیکەی 70 کیلۆمەتریان پاککردووەتەوە و 30ی چەتەی داعشیش دەستگیرکراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرکەوت شەمسەدین پەرلەمانتاری کوتلەی ئایندە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: فوئاد حوسێن پێشتر عێراقی بە دوژمنی هەرێمی کوردستان وەسف کردووە و دەنگدان پێی بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوە کارەساتە و پارتەکانی ناوەراست و باشووری عێراق لێی بەرپرسن.[4]
- فوئاد حوسێن بووە وەزیری دەرەوەی داگیرکەری ئێراق.[3]
- - سالار عەبدولستار محەمەد حوسێن بووە وەزیری دادی داگیرکەری ئێراق.[3]
- هەوڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەوروپا و دۆستانی کورد، لە چەندین وڵاتی ئەوروپا خۆپیشاندانیان دژی داگیرکاریەکانی ڕژێمی ئاکپە و مەهەپە و لێسەندنەوەی مافی پەرلەمانتاریی لە دوو پەرلەمانتاری هەدەپە ئەنجامدا.[6]
- کۆی گشتیی تووشبووانی کۆرۆنا لە ئێران 169 هەزار و 425 کەس بووە و لە 24 کاژێری رابردوو 75 کەس گیانیان لەدەستداوە و تاوەکو ئێستا بەگشتی 8 هەزار و 209 کەسیش گیانیانلەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جزیرا بۆتان |

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: روحا
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: SY سووریا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: DE ئەڵمانیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-06
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-06-06
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-06
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-07

کاتی تۆمارکردن: PM 2:55:51 2020-05-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 160

**2020-06-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383587




باکووری کوردستان
- بە فەرمانی داواکاری گشتیی کۆماری لە ئامەد ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسی بەڕێوەچوو و هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان. لەو هەڵکوتانە سەر ماڵاندا ئەشرەف مامەد ئۆغڵو ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە، رەمەزان دەنگیز ئەندامی ئەنجوومەنی دەبەپە، سوزان ئیشبیلەن ئەندامی کۆمەڵەی ژنانی رۆسا، حەسەن کالە بەڕێوەبەری پێشووی هەدەپە و حەسەن خەیری ئەرۆگلو سەرۆکی لقی ژمارە یەکی کۆنفیدراسیۆنی سەندیکای کرێکارانی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ (دیسک - DÎSK) دەستگیرکران. هەروەها هەڵیشیانکوتایە سەر ماڵی گوڵستان نازلەر ئەندامی کۆمەڵەی ژنانی رۆسا و سەرباری ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە ماڵ نەبوو دەستگیر نەکرا.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵێکی کۆڵبەرنیوز، ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی ئێران، لە سنووری 'دیناران' لە ناوچەی 'ئالان'ی سەردەشت لە پارێزگای ئورمیەی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێوەیەکی راستەو خۆ تەقەیان لە گروپێک کۆڵبەر کردووە. بەپێی هەواڵەکە، لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا، چوار کۆڵبەری خەڵکی گوندی 'بێژوی'، بە ناوەکانی؛ هاوبیر ئیبراهیمی، عوسمان سالّحی، ئەرسەلان عەبدوڵاهی و ئیبراهیم رەسوڵی بەسەختی برینداربوون.[6]
- زەینەب جەلالیان زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی قەرچەکی وەرامین لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا بە بنەماڵەکەی راگەیاندووە، تووشی نەخۆشیی کۆرۆنا بووە و وەزارەتی ئیتڵاعاتیش رێگرە لەوەی رەوانەی نەخۆشخانە بکرێت.[5]
- ژنە چالاکێکی بواری ژنان بە ناوی هاجەر سەعیدی خەڵکی شاری سنە، لەلایەن مەئموورانی وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا. مەئمووراني وەزارەتی ئیتلاعاتی سنە، بە هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو ژنە چالاکە، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیاریان راگواستووە.[7]
- سەرۆکی زانکۆی زانستی پزیشکی سنە ئاماژەی بەوەکرد، لە 166 گیانلەدەستدان بەهۆی کۆرۆناوە 122 کەسیان کە دەکاتە 73% تەمەنیان سەروو 60 ساڵ بووە، 19 کەس ژێر پێنج ساڵ، 12 کەس لەنێوان 5 بۆ دەساڵ و 20 کەسیش تەمەنی لەنێوان 11 بۆ 20 ساڵ بووە.[2]
- زانکۆی پزیشکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرای کردووە، لە ماوەی شەو و رۆژێکدا 10 کەس بە کۆرۆنا لە رۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و، 664 کەسیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون، بەمشێوەیەش ژمارەی گیانلەدەستان بە کۆرۆنا لە رۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە 798 کەس.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حەیدەر عەلیاری تەمەن 30 ساڵ، لە بەرزاییەکانی پشت گوندی سارداو سەر بە شاری بانە، بەهۆی تەقینەوەی مین کەمئەندام بوو.[7]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیلاعاتی شاری بۆکان هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی "جەعفەر ئەوسافی" تەمەن 30 ساڵ و بە تاوانی "ئەنجام دانی پرسیاری عەقیدەتی" ناوبراویان دەستبەسەر کردووە. شایانی باسە، "جەعفەر ئەوسافی" دوای دەستبەسەر کرانی بۆ شوێنێکی نادیار گوازراوەتەوە و هەوڵەکانی بنەماڵەکەی بۆ ئاگادار بوون لە دۆخی ناوبراو بێ ئاکام ماوەتەوە.[8]
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە بەرزاییەکانی سنووری شاری شنۆ، کرانە ئامانجی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، 20سەر ئەسپی کاسبکاران لە ناوچوون. ئەو 20 سەر ئەسپە، هی کاسبکارانی ناوچەی سەڵماس بوون.[7]
باشووری کوردستان

- 5 کەسی دیکەی هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار) (بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- مەڵبەندی 12ی چەمچەماڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایگەیاند، فوئاد حەمەخان، کارگێڕی مەڵبەندەکە ئەمڕۆ بە نەخۆشی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تۆپخانەکانی تورکیا بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لە سنووری شارەدێی سیدەکان تۆپباران کرد و بەوهۆیەوە ئاگر لە پوش و پاوانی ناوچەکە کەوتەوە.[4]
- بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستیی پێنجوێن پێشنیاز دەکات دووبارە دروازەی سنووریی باشماخ بۆ ماوەی هەفتەیەک دابخرێتەوە، چونکە لەو بڕوایەدایە 50% هۆکاری بڵاوبوونەوەی گەڕی دووەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتایبەت لە پێنجوێن و سلێمانی پەیوەندیی بە دەروازەی باشماخەوە هەیە.[2]
- تەندروستی جیهانی ڕەتیدەکاتەوە بەهۆی ژمارەی توشبوانی کۆرۆناوە شارۆچکەی پێنجوێنیان خستبێتە بازنەی سورەوە و راشیدەگەیەنێت: ئەوە کاری وەزارەتی تەندروستی و تەندروستی سلێمانییەوە بڕیار بدەن و تەنها لە پێنجوێنیش نیە، بەڵکو لەهەموو شار و شارۆچکەکان بڵاوبوەتەوە و خەڵکێکی زۆر توشبووە.[3]
- بەشێک لەکێڵی گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە، کە بە رەمزی شەیدانی کیمیاباران دەناسرێن، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دەشکێنرێن، ئەوەش کەسوکاریی شەهیدانی نیگەرانکردووە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە نەتوانراوە وەک پێویست مامەڵە لەگەڵ ئەو رەمزانەدا بکرێت و ڕێزیان لێبگیرێت، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی شارەکەش دەڵێت: ڕێوشوێن دژی ئەو کەسانە دەگرنەبەر کە ئەو کارەدەکەن.[5]
- نزیکەی 25 هەزار خوێندکاری پۆلی 12ی ئامادەیی بەشداری تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی تاقیکردنەوەکان دەکەن و تاقیکردنەوەش تەنیا لە و وانانە دەبێت کە لە وەرزی یەکەم لێی کەوتوون.[3]
- ئەمڕۆ هاووڵاتیانی گوندی ئیسڵاح لە جەلەولا خۆپیاندانیان ئەنجامداوە و داوادەکەن کە پێشمەرگە بەگەڕێتەوە ناوچەکانیان تا زیاتر پارێزراوبن. هەروەها داواش دەکەن کە هێزێکی بەرگری لە گەنجەکانیان دروستبکرێت تا ڕێگە نەدەن تیرۆرستان بەمشێوەیەی ئێستا زیانیان پێ بگەیەنێت.[3]
- لە ڕووداوێکی تەقەکردن، لە شارەدێی دارەتووی سەر بە پارێزگای هەولێر، کارمەندێکی فەرمانگەی یاسایی پۆلیسی هەرێم بەناوی سەرهەنگ عوسمان، کوژرا. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئە و کارمەندەی پۆلیس، ناوی سەرهەنگ عوسمان بووە، شەوی ڕابردوو لە ڕووداوێکی تەقەکردن کوژراوە، بەڵام ناوبراو هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوەکە نەبووە.[4]
- شۆفێرانی بارهەڵگری دەروازەی سنووریی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران بەهۆی درێژیی نۆرە و بەرزیی نرخەکان مانیان لە کارەکانیان گرت و نەچوونە سەر کار و بەو هۆیەشەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران لە دەروازەکەدا پەکی کەوت.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی گرووپی سوڵتان موڕادی سەربە تورکیا رۆژی 23ی مانگی ئایاری رابردوو کچێکی کوردیان بەناوی مەلەک نەبی خەلیل جومعە تەمەن 16 ساڵان لە گوندی دەروێشی سەربە ناوچەی شەرای عەفرین ڕفاندبوو، ئەمڕۆ تەرمی مەلەک بەمردووی لەسەر ڕێگەی عەزاز دۆزرایەوە.[1]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لەدژی شانەکانی داعش لە دێرەزۆر و حەسەکە دەستی بە ئۆپەڕاسیۆن کردبوو و 4 ڕۆژە بەردەوامە. سەرچاوەکانی ناو قەسەدە ڕایانگەیاند، لە سەرەتای ئۆپەڕاسیۆنەکەدا و تا ئێستا زیاتر لە 50 چەتەی داعش دەستگیرکراون.[5]
- دەوڵەتی داگیرکەر و چەتەکانی لە باشوری رۆژئاوای ناوچەی تل تەمر لە سەر ڕێگای نێودەوڵەتی M4 ماڵی هاوڵاتیانیان لە گوندی لەیلان سووتاند.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە گەڕەکی هێلکۆ لە شاری قامیشلۆ، کەسێک هێرشێکی خۆکوژی ئەنجامدا و خۆی تەقاندەوە، بەڵام لە ئەنجامدا تەنها خۆکوژەکە خۆی تێیا چوو و زیانێکی مادی گەیشتە شوێنی

ڕووداوەکە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا وەزارەتی تەندروستی 33 حاڵەتی گیان لەدەستدانی ڕاگەیاند کە لە شوێنە جیاجیاکانی عێراق تۆمارکرابون بەمەش ژمارەی گیان لەدەسدان بە هۆی ڤایرۆسەکەوە لە عیراق گەیشتە 318 کەس.[5]
- حکومەتی عێراق بڕیاریدا بۆ ماوەی هەفتەیەکی دیکە قەدەغەی هاتوچۆ لە سەرانسەری عێراق بەردەوام بێت.[5]
- کۆمسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بڕیاریدا پاکێچێکی تری هاوکاری ڕەوانە بکات. سەرچاوەکان لە بروکسلەوە ڕایانگەیاند، یەکێتی ئەوروپا ئەمجارە 485 ملیۆن یۆرۆ بۆ تەندروستی سوریەکانی تورکیا دەنێرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🕊️ عەفرین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ حەسەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سەردەشت |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ تەلتەمر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ قامیشلۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ بۆکان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سەڵماس |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ شنۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ پێنجوێن |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چەمچەماڵ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سیدەکان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ هەڵەبجە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |

وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: بەلژیک
وڵات: SY سووریا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 07-06-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 07-06-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 07-06-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-06-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 07-06-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 07-06-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 09-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 161
**2020-06-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383588



باکووری کوردستان
- کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە رایگەیاند، قاسم ئەنگین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەکەکە لە هێرشی ئاسمانیی 27-05-2020 شەهید بووە.[1]
- لە ئامەد، چنار و چەولیک لە ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا ئەشرەف مەمەدئۆغلۆ ئەندامی ئەنجومەنی پارتی هەدەپە، رەمەزان دەنگیز ئەندامی ئەنجومەنی پارتی هەدەپە، سوزان ئیشبیلەن ئەندامی کۆمەڵەی ژنانی رۆسا، حەسەن کالە بەڕێوەبەری پێشووی هەدەپە و عەسەن خەیری ئەرئۆغلۆ سەرۆکی لقی یەکی دیسک- گەنەل ئیشی ئامەد دەستگیرکران.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئێران هۆشداری لە بەرزبوونەوەی ژمارەی توشبوون و گیان لەدەستدان بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 8 پارێزگا دەدات، کە سنە و کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوو لەو پارێزگایانەن.[7]
- لە شاری کرماشان، کەمئەندامێک بەهۆی هەژارییەوە ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداو گیانی لەدەستدا.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی بەرزان محەمەدی خەڵکی شاری سەوڵاوا سەر بە پارێزگای

سنه، پاش تێپەڕاندنی دوو لە سەر سێ ماوەی زیندانییەکی، لە زیندانی ئێڤین ئازاد کرا.[7]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی گوندەکانی سینین و بێرکم و ناوچەی خواکورکیان کرد لە دەڤەری برادۆست. بەهۆی بۆردوومانەکەوە زیان بەر ڕێگای نێوان سیدەکان و سۆران گەشت، کە ڕێگای سەرەکی هاتووچۆی کۆچەرەکانی ئەو ناوچەیەیە.[4]
- 2 توشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی، گیانیان لەدەستدا.[1]
- لە بەردەوامی پشکنینەکان و گەڕان بەدوای تووشبووان، دوازدە تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆڕۆنای نوێ COVID-19 لە دەڤەری گەرمیان دەستنیشانکران، نۆ پیاو و دوو ئافرەت و کچێکی گەنج، هەموو تووشبووەکان بەرکەوتووی تووشبووانی پێشوون.[1]
- ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، خەڵکانێک بەقاچاخ لە سنورەکانەوە ئاسانکارییان بۆکراوە و هێنراونەتەوە ناو شارەکانی هەرێم و خەڵکی تریش، جگە لە ئێران و شارەکانی تری عیراق لە وڵاتانی تری دەرەوە هێنراونەتەوە، تەنها بۆ ئەوەی ژمارەی توشبووانی کۆرۆنا زیاد ببێت لە هەرێم، دەشڵێت: بەوهۆیەوە چاوەڕوانی کارەساتی گەورە دەکەین لەکوردستان، ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ئەزموون و حکومەتی هەرێم ناشرین بکەن.[3]
- هاوڵاتیانی شاری سلێمانی لە دژی داگیرکاریەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورک و شەهیدکردنی قاسم ئەنگین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە، لە کۆبوونەوەیەکدا رژێمی داگیرکاری تورکیان رسوا و شەرمەزار کرد.[2]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سەرچنار لە سلێمانی، کە یەکێکە لەو نەخۆشخانانەی تەرخانکراوە بۆ تووشبووانی کۆرۆنا، رایگەیاند، شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا بە نیشانەی جیاواز و توندتر هاتووەتەوە و زۆربەی تووشبووانیش لە گەنجانن.[5]
- لە سنووری شارۆچکەی شارباژێڕ کۆپتەرێکی نەناسراو بە نزمی بەسەر گوندەکانی ناوچەکەدا فڕیوە؛ قایمقامی قەزاکەش دەڵێت، سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن بۆ ئاشکراکردنی هێلیکۆپتەرەکە. هێلیکۆپتەرەکە لە جۆری هێلیکۆپتەری چینۆکی ئەمریکییە کە بۆ گواستنەوەی سەرباز و کەلوپەل بەکاردەهێنرێت. هێلیکۆپتەرەکە لە نزیک شارەدێی گاپیلۆن سووڕاوەتەوە و هەندێک دەخڵودانی ناوچەکەی سووتاندووە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لیژنەی تەندروستی پەرلەمان رایدەگەیەنێت پێویستە وەزارەتی تەندروستی رۆژانە لەکاتێکی دیاریکراودا ئاماری توشبوان و مردوان و ئەوانەی چاکبونەوەتەوە رابگەیەنێت بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ نەکاتە سەر دەروونی هاووڵاتییان و ترس و دڵەڕاوکێ بڵاونەبێتەوە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی قەسەدە لە 5هەمین رۆژی هەڵمەتەکەیاندا چوونە سەر هەندێک ناوچەی گوندەکانی هرجێ و ناوچەی سوار لە دێرەزۆر. لەو هەڵمەتی ئەمڕۆیاندا 20 کەس دەستگیرکران، کە پەیوەندییان بە شانەکانی داعشەوە هەبوو. لە ماوەی ئەم 5 رۆژەدا و تاوەکو ئێستا لەو هەڵمەتەی هێزەکانی قەسەدەدا 87 چەتە و گومانلێکراو دەستگیرکراون.[2]
- لە ناوچەی گرکێ لەگێی سەر بە شاری قامشلۆ، لەسەر بانگی کۆنگرەی ستار هاوڵاتیانی ناوچەکە لە گۆڕەپانی شەهید خەبات دێرک گرد بوونەوە و هێرشە نەگریسەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکیان بۆ سەر گەلانی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا و هاوکات بەدیلگرتنی ئەندام پەرلەمانەکانی هەدەپەیان، بە توندی ئیدانە کرد.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە کامپی بەردەڕەشی باشوری کوردستانەوە 500 پەنابەری رۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا لە دەروازەی سێمالکاوە گەڕانەوە رۆژئاوای کوردستان.[4]
دەرەوەی کوردستان
- جیهانپوور رایگەیاند: لە 24 کاتژمێری رابردوودا، دوو هەزار و 43 کەس لە سەرتاسەری ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 70 تووشبووی دیکەش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی تووشبووان بە پەتای کۆرۆنا لە عێراق هۆشداری دەدات کە رۆژانی داهاتوو رۆژانی مەترسیدار دەبن لە عێراق بۆ رووبەربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دوای تێپەراندنی بەربەستی هەزار تووشبوو رۆژانە، وە پێشبینی دەکرێت لە

ڕۆژانی داهاتوو 15 هەزار حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمار بکرێت.[2]
- بە پێی ڕاگەییندراوی بەرپرسانی دەوڵەوتی تورک، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 19 کەس بەهۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و بەو پێیەش ژمارەی گیانلەدەستدان بەو هۆیەوە لەو وڵاتە گەیشتووەتە 4 هەزار 711 کەس. ژمارەی تووشبووانیش لەو وڵاتە گەیشتووەتە، 171 هەزار و 121 کەس.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| شار و شارۆچکەکان: | سۆران |
| شار و شارۆچکەکان: | سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | SY سووریا |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | IR ئێران |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-06-2020

[3] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 08-06-2020
[4] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 08-06-2020
[5] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-06-2020
[6] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 08-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 162

**2020-06-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383589



باکووری کوردستان
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر سەرلە بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر کۆمەڵەی هاوکاریی بنەماڵەی زیندانیان (توای دەر - TUAY-DER) و بەڕێوەبەری کۆمەڵەکە محەمەد ئەمین گیوزەل-یان لە ئامەد دەستگیرکرد. پۆلیس لەو هەڵکوتانەیاندا بۆ سەر ماڵەکان و کۆمەڵەکە دەرگای ماڵەکان و کۆمەڵەکەیان بە زۆر کردەوە و 6 ئەندام و بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەیان دەستگیرکرد.[1]
- لە شارۆچکەی شاخ سەر بە پارێزگای وان بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقییەوە کە ژمارەیەک کرێکاری دەگواستەوە و بەو هۆیەوە دوو کرێکار گیانیان لەدەستدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 945 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 13 تووشبووی دیکەش گیانیان لەدەستدا، بەوەش ژمارەی گشتیی تووشبووان تێیدا گەیشتە 25 هەزار و 331 کەس و گیانلەدەستدانیش گەیشتە 834 کەس.[2]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ستار ئەسغەری کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی لک بن سەر بە بەخشی لاجانشاری پیرانشار، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو و چەند قامکی لاقی لەدەست دا.[8]
باشووری کوردستان
- ژنێکی تەمەن 67 ساڵ لە سلێمانی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[5]
- بەڕێوەبەری تەندروستی کەرکوک ڕایگەیاند، 13 حاڵەتی دیکەی توشبوون بەکۆرۆنا لە کەرکوک ڕاگەیەنرا و کەسێکیش گیانی لەدەستداوە.[3]
- سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ 33 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراون و بەمەش کۆی گشتیی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە هەزار و 467 توشبوو.[3]
- کارمەندێکی پەرلەمانی کوردستان توشی کۆرۆنا بوو، بە و هۆیەشەوە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان دواخرا.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بۆ پاڵپشتیکردنی جووتیاران و بەرهەمی نێوخۆیی، باجی زیاتر دەخرێتەسەر چەند بەرهەمێک، کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هاوردەدەکرێن.[2]
- دوای تۆمارکردنی 20 تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، یەکەی کارگێڕیی شارۆچکەی چۆمان دەوامی فەرمانگەکانی ڕاگرت و هاتووچۆیش لە شارۆچکەی چۆمان ڕاگیراو بازاڕ و شوێنە گشتییەکانیش داخران، بەڵام ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی نێودەوڵەتیی حاجی ئۆمەران بەردەوام دەبێت.[2]
- بەڕێوەبەری بەشی ڕاگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان ڕایدەگەیەنێت کە هێرشکراوەتە سەر کارمەندێکی هاتوچۆی گەرمیان و بریندارکراوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان

- شەوی رابردوو لە گوندی غەربیی سەر رێگای شەدادی باشووری حەسەکە ماتۆرسکیلێکی بۆمبرێژکراو تەقیەوە و لە ئەنجامدا 2 کەس گیانیان لەدەستدا.[1]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، چەتەکانی گروپی ئەحرار شام سەربە دەوڵەتی داگیرکەری تورک، لە ناوچەی ماباتی عەفرین هەشت کەسیان لە گوندی رەجا رفاندووە و بۆ سەربەست کردنیشیان داوای پارەیان 'فدیە' لە خانەوادەکانیان کردووە. بە گوێرەی هەواڵەکە، دوای وەرگرتنی پارە لە خانەوادەکانیان دوو کەس لەوانەی لەلایەن چەتەکانەوە رفێندرابوون سەربەست کراون، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە روون نەبووەتەوە.[4]
- سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک و چەتە بەکرێگیراوەکانی ئاگریان لە زەویەکانی هەر دوو گوندی قاسمیە و رێحانیەی سەر بە ناوچەی تل تەمر بەردا و سووتاندیان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کوردانی کەنەدا بەمەبەستی یارمەتیی هەژاران و بەهاناوەچوونی توشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، تۆڕی هاوکاری کۆمەڵایەتی دادەمەزرێنن.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیێندراوێکیدا دەڵێت، ئەمڕۆ سزاکانی سەر دوو کۆمپانیای ئێرانی، کە تایبەتن بە گواستنەوەی کەلوپەل بۆ ئێران جێبەجێدەکرێت و سزاکان کارادەبن و هەردوو کۆمپانیای E-Sail و IRISLی ئێرانی دەگرێتەوە.[2]
- لە 24 کاتژمێری رابردوودا، دوو هەزار و 59 کەس لە سەرتاسەری ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 74 تووشبووی دیکەش بەو ڤایرۆسە گیانیان لەدەستداوە. بەو پێیە، ژمارەی گشتی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتە 175 هەزار و 927 کەس و ژمارەی گیانلەدەستدان بەو ڤایرۆسەش گەیشتە هەشت هەزار و 425 کەس، هەروەها 138 هەزار 457 کەشیش چاکبوونەتەوە.[4]
- سەبارەت بە نارەزایەتی یۆنان لە بارەی پلانی گۆڕینی مۆزەخانەی ئەیاسۆفیا بۆ مزگەوت، سەرۆکی تورکیا گوتی: ئە و نارەزایەتییەی یۆنان دەستتێوەردانە لە کاروباری تورکیا، پرسیاریشیکرد، یۆنان کێیە تا دەستوەربداتە رێکاری ناوخۆیی تورکیا؟.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ تەلتەمر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔘 ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ پیرانشار - خانە
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا

وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: یۆنان - گریک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-06-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 09-06-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 09-06-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 09-06-2020
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 09-06-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 09-06-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 11-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 163

**2020-06-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383590



باکووری کوردستان
- سەربازی تورکیا لە ناوچەی لیجەی ئامەد دەستیان بە ئۆپراسیۆن کرد، لە کۆلانێک 6 گۆڕی شەهیدیان تێکدا. گۆڕی عیزەت توگال کە لەساڵی 1995-1996 لە لایەن ئەندامی میتی تورک شەهیدکرابوو، بەهادین تۆفان کە لە 10 تەموزی ساڵی 1991 لە مەراسیمی تەرمی ڤەدات ئایدن شەهیدکرا، گەریلای پەکەکە ئایدن بەدران و ئینایەت تانرڤەردی لە ساڵی 1990 لە لیجە و موش لە شەردا شەهیدببوون، هەروەها خەیاڵ زەنگین و کورەکەی موستەفا زەنگین لە ساڵی 1993 لە لایەن جاشەکان شەهیدکران، بوونە ئامانجی هێرشی درندانە و نامرۆڤانەی سەربازەکانی تورک.[2]
- پۆلیسی تورک لە ئامەد و مێردین هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵ و ئەمروڵلا کاڵکان ئەنجامی ئەنجومەنی پارتی هەدەپە و 4 کەسی تریان دەستگیرکرد.[2]
- بە بڕیاری ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە درەنگانی شەوی ڕابردوودا پارێزگاری 41 پارێزگای باکووری کوردستان و تورکیا گۆڕدران. پارێزگارەکانی هەریەک ؛ سەمسور، ئامەد، مێردین، دێرسیم، سێرت، گمگم، ئەرزینجان، خارپێت، ئاگری و ئیدر لە باکووری کوردستان کەوتوونەتە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکان.[3]
- دوای چەند ڕۆژ دەستبەسەرکردن لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، لەیلا گوڤەن پەرلەمانتاری هەدەپە ئازا دەکرد.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- داگیرکەری ئێران ڕایگەیاند، هیدایەت عەبدوڵلاپوور زیندانی سیاسی لە سێدارەدراوە.[1]

- لە پارێزگای ئیلام ژمارەی تووشبووان جارێکی دیکە بە خێرایی بەرزدەبێتەوە، بەڵام بەشێک لە هاونیشتمانییان پابەندی ڕێنماییەکان نین. لە باشووری ئیلام ژیان بە تەواوی ئاسایی بووەتەوە و قەرەباڵخییەکی زۆریش بە بازاڕەکانەوە دیارە بۆیە مەترسیی ئەوە دەکرێت ژمارەی تووشبووان لەوەی ئێستاش بەرزتر ببێتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- تووشبوویەکی دیکەی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی گیانی لەدەستدا. تووشبووەکە پیاوێکی تەمەن 65 ساڵەیە و دانیشتووی سلێمانییە.[1]
- تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند تا ئێستا لە سلێمانی 909 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 26 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- جووتیارانی دەشتی هەولێر و دەوروبەری لە شێوازی وەرگرتنی گەنمەکانیان نارازین. چەند ڕۆژە گەنمیان لە بارهەڵگردایە و پارەیان لەسەر دەکەوێت، بەڵام بەشێکیشیان بە بیانوی ئەوەی گەنمەکەیان پاک نییە و نیسکی تێدایە لێیان وەرناگیرێت، بۆیە لەبەردەم سایلۆی مەخموور گردبوونەوە و داوایان کرد چارەسەرێکیان بدۆزرێتەوە.[3]
- نوێنەر و بەڕێوەبەری 155 پەیمانگا فێرکارییەکانی کوردستان لە دژی بڕیاری وەزیری پەروەردە سەبارەت بە داخستنی پەیمانگا فێرکارییەکان کە نزیکەی سێ مانگ زیاترە داخراون لەبەردەم پارێزگای سلێمانی گردبوونەوە. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیشدا داوای کردنەوەی پەیمانگاکانیان کرد بەڕێکاری تەندروستی وەک شوێنەکانی دیکە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایکرد: لەسەدا 75ی کارگەی بەرهەمهێنانی ئۆکسجینی سلێمانی لەکارکەوتەوەو بۆ چاککردنەوەی پێویستی بە 26 ملیۆن دینار هەیە بەڵام لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە پەراوێزخراوەو وەڵامی داواکارییەکانیان نادرێتەوە.[5]
- لە ئاگادارینامەیەکدا، بانکی خوێنی سلێمانی ڕایگەیاند، هیچ پلازمایەکی خوێن لە بانکی خوێنی سلێمانیدا نەماوە و پێویستیان بە پلازمای خوێنی چاکبووەکانی کۆرۆنا هەیە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بۆ دووەم ڕۆژ لەسەر یەک، دانیشتوانی شارەدێی ئاغجەلەری سەر بە شارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی، دژ بە جێبەجێنەکردنەکانی بەڵێنەکانی حکومەت، دەستیان بە خۆپیشاندان کردووە و تا ئێستا بەردەوامە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- خاوەن پشکەکانی پرۆژەی گەشتیاری چاڤیلاند لە شاری سلێمانی گردبوونەوەیەکی نارەزاییان لە دژی شاسوار عەبدولواحید ئەنجامدا و داوای گەڕاندنەوەی مافەکانیان کرد، کە ماوەی زیاتر لە 7 ساڵە لەلایەن شواسوارەوە خوراوە و تا ئێستا نەک تەنیا قازانج، بەڵکو پارەی کڕینی پشکەکانیشیان بۆ نەگەڕاندووەتەوە.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، لە سەید سادق تەقە لە مامۆستای ئایینی کامەران عەلی، بەڕێوەبەری حەج و عومرەی سلێمانی کراوە، فیشەکێک بەر قاچی کەوتووە و بریندارە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ شەرڤان دەروێش، وتەبێژی ئەنجومەنی سەربازی منبج لە هەوڵێکی تیرۆرکردن ڕزگاری بوو. ڕووداوەکە لە کاتێکدا بووە کە شەرڤان دەروێش لەڕێگادا بووە لە منبجەوە بەرە و ئەبو قەلقەل بڕوات لەوکاتەشدا بۆمبێکی چێنراوی پێدا تەقیوەتەوە.[6]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە گوندی قەرقینی سەر بە ناوچەی شەرای عەفرین 300 دارە زەیتونیان بڕیوەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 146 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 34 تووشبووی دیکەش گیانیان لەدەستداوە، ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی گیانلەدەستدانە بە کۆرۆنا کە لە 24 کاژێردا تۆمارکرابێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-10


کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 164

**2020-06-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383591



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی فاروق عیبادی خەڵکی گوندی دەوسینەی شاری بانە، پاش بانگهێشت کردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، لەلایەن مەئموورانی ئەمنییەتییەوە، ئازار و ئەشکەنجە دراوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە شاری سنە، بە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی ئەمشارەی بانگ کردووە و داوای هاوکاریی لێ کردوون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە ماوەی یەک حەفتەی ڕابردوودا، بە دەیان چالاکی سیاسی و بەندکراوی پێشووی سیاسی لە شاری سنە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بانگ کراون. شایانی باسە، ئیدارەی ئیتلاعات دوای بانگ کردنی ئەو چالاکانە داوای هاوکاری لێیان کردووە. جێگەی ئاماژەیە، چالاکانی سیاسی و بەندکراوانی پێشووی سیاسی بەردوام دەکەونە ژێر چاوەدێریی چڕی هێزە ئەمنییەکان و هەروەها بە شێوەی جۆراوجۆر کێشە و گرفتیان بۆ دروست دەکرێت.[4]
- بە بڕیاری قایمقامیەتی مەریوان، سەرجەم پارک و سەیرانگەکانی ئەم شارە تاوەکو کاتێکی نادیار دادەخرێن. بە گوتەی ئارتیکاس ئیقباڵ، قایمقامی مەریوان، ئەم شارە لە دۆخی زۆر مەترسیدار و سووری تەشەنەسەندنی کۆرۆنادایە.[1]
- ژنێکی لاو بە ناوی ڕۆژین فەلاحی کچی جەعفەر، تەمەن 22 ساڵ و خەڵکی مەریوان، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[7]
باشووری کوردستان
- 5 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا. ژمارەی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 35 کەس، کە 31 یان لە سلێمانین و 4 کەسەکەی دیکەش لە هەولێرن. [5]
- ئەمڕۆ زۆرترین ژمارەی تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە کە ژمارەیان 180 تووشبووە.[5]
- بە پێی زانیاریەکان فڕۆکە جەنگیەکان دەوڵەتی داگیرکەری تورک بۆردوومانی سنووری برادۆستیان کردووە و بەهۆی بۆردوومانەکەوە ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی گوندی خەلیفان بەربووە، بەهۆی بوونی فڕۆکەی سیخوڕیی دەوڵەتی تورک لە ناوچەکە هاوڵاتیان ناتوانن ئاگرەکە بکوژێننەوە، بۆیە ئاگرەکە بەرەو تەشنەکردن دەڕوات.[6]
- خانووەکەی عومەری خاوەر لە هەڵەبجە لە مەزادێکی ئاشکرادا دەفرۆشرێت.[3]
- بەهۆی تووشبوونی دوو دادوەر بە کۆرۆنا لە دادگای هەولێر، دادگاکە داخرا و بۆ ماوەی 14 ڕۆژ کەرەنتین دەکرێت.[1]
- دوای تووشبوونی پەرلەمانتارێک و ژمارەیەک فەرمانبەری پەرلەمان بە کۆرۆنا، پەرلەمانی کورستان کارەکانی بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاگرت. ئەندامێکی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کەرەنتین دەکرێن، پێویستە 14 ڕۆژ تێکەڵاوی خەڵک نەبن.[1]
- جێگری پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، کۆرۆنا لە هەموو گەڕەکەکاندا بڵاوبووەتەوە و پارێزگاش توانای پشکنینی هەڕەمەکی نەماوە و دەبێ هاونیشتمانییان خۆپارێزی بکەن.[1]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە باڵەخانەیەکی نیشتەجێبوون لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر، کەسێک گیانی لەدەستداو زیانی ماددی زۆریش بەر دووکانەکانی ژێر باڵەخانەکە کەوت.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە بەردەڕەش بەهۆی ڕووداوێکی ئاگر کەوتنەوەوە، زیاتر لە 30 دۆنم گەنم و پوشوپاوانی جوتیاران سوتا، لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەدا دوو پۆلیسی بەرگریی شارستانی بەردەڕەش بە سوکی بریندارببوون.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە پێی زانیاریەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عەفرین، هاوڵاتیەک بە ناوی عارف عەبدۆ خەلیلی 80 سالان لە لایەن گرووپی چەتەکانی سوڵتان مورادەوە لە 9ی حوزەیراندا لە گوندی قزلپاشای ناوچەی بلبلی عەفرین، دوای ئەوەی ڕفاندوویانە، بە ئەشکەنجەیەکی زۆر کوشتویانە.[6]

دەرەوەی کوردستان
-دوای 34 ساڵ بکوژی سەرۆک وەزیرانی سوید ئاشکرابوو کە ئەوکاتە بە ڕێککەوتنی دەوڵەتی تورک و سوید، پەکەکەی پێ تۆمەتبارکرابوو، ناوەندی جڤاکی دیموکراتی لە سویدیش داوایکردووە دەوڵەتی سوید لەسەر ئەو بابەتە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.[3]
- دکتۆر ئیحسان موستەفەوی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند تاوەکو ئێستا 15 ملیۆن کەس لە ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[2]
- نرخی تمەن بەرامبەر دۆلار لە بازاڕەکانی ئێران زیاتر دابەزیی و هەر دۆلارێکی ئەمریکی بەرامبەر زیاتر لە 18 هەزار تمەن مامڵەی پێوەکرا.[3]
- پەیمانگەی ئابووری و ئاشتی - ئای ئی پی کە بنکەی سەرەکی لە شاری سیدنیی ئوسترالیایە، ڕاپۆرتێکی لە بارەی تێکچوونی ئارامی جیهان لە ساڵی 2020 بڵاوکردووەتەوە و دەریدەخات، عێراق سێیەم ناسەقامگیرترین وڵاتە لە جیهاندا.[1]
- بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، عیماد خەمیسی سەرۆک وەزیرانی سووریای بە بڕیارێکی فەرمی لە کارەکەی دوورخستەوە. عیماد خەمیس ناوی لە ناو ئەو لیستەدایە کە یەکێتی ئەوروپا سزای بەسەردا سەپاندبوون و لە بری ئەو، حوسێن عرنوسی، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو دەست بەکار دەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🕊️ عەفرین |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ئۆستralia |
| 🗺️ وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺️ وڵات: | SY سووریا |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | SE سوید |
| 🗺️ وڵات: | IR ئێران |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄️ سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 11-06-2020
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 11-06-2020
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 11-06-2020
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 11-06-2020
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-06-2020
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 12-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 165

**2020-06-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383592



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورک ئەو شتەی کە درندەکانیش نەیانکردووە، دەیکات. بە شێوەیەکی درندانە هێرش دەکاتە سەر گۆڕستانەکان. دەوڵەتی تورک ئەم جارەش هێرشی کردە سەر گۆڕستانەکانی گۆچخاری ناوچەی لیجەی ئامەد و دوو گۆڕی گەریلاکانی تێکشکان. لە گۆڕستانی گۆچخاری گوندی بالیجەی ناوچەی لیجەی ئامەد، دوو گۆڕی تر تێکشکێنرا.کێلی گۆڕی ئەندامانی هەپەگە ریدڤان موتلو و محەمەد موتلو لە گۆرستانەکە شکێنران و گۆڕی یوسف موتلوش شێوێنرا.[7]
- لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی داواکاری کۆماری ئامەددا لەبەرانبەر کۆمەڵەی پشتگیری و هاوکاری خانەوادەی زیندانیان و سزادراواندا (TÛHAY-DER) پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ژمارەیەکی زۆر ماڵ و ناونیشان. لەو چوارچێوەیەدا وەحید دۆغرو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی رەزان، محەمەد ئەمین گوزەل هاوسەرۆکی TÛHAY-DER، شافیعی هایما، خانم ئاکای، موشەهەر ئولکەر بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەکە، لەیلا ئایاز، عوبدولمەناف کور، حوسامەدین کلچ، ئایتەن کرتای، زەینەب کرای، رێزان ئەریمفیک، جەکدار چوبوک، کازم پایک، سەلاحەدین چاپ، هاشم تەمیز، ئیبراهیم تەمیز، محەمەد تەمیز. حسێن تەمیز، مەدەنی کرتای، فاتما گول، بەڕێوەبەرانی پێشووی کۆمەڵە و بە گشتی 22 کەس دەستگیرکران.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سوپای پاسداران چەکوچۆڵی قورسی لە جۆری کاتیوشا و تۆپ بۆ سنووری شارەکانی شنۆ و بانە راگواست. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، سپای پاسداران ئەو چەکانەی لە پایگا سنوورییەکان جێگیر کردووە.[8]
باشووری کوردستان
- تووشبوویەکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوی COVID19 پیاو تەمەن 73 ساڵ لە شاری سلێمانی دوای خەواندن و مانەوە لە بەشی چاودێری چڕ لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.
بەوەش ژمارەی گیان لەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەهەرێمی کوردستان گەیشتە 36 کەس.[5]
- تووشبوویەکی تری ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانی لەدەستدا.[5]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەراگەیەنراوێکیدا ئاماری 24 سەعاتی تووشبوون بەکۆرۆنای بڵاوکردەوە، کە 112 هاووڵاتی تووشی کۆرۆنابوون.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی سلێمانی رایگەیاند، پێویستیان بە پلازمای خوێنی ئەو کەسانەیە کە تووشی کۆرۆنا بوون و چاکبوونەتەوە، ئەوەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو تووشبووانەی کۆرۆنا کە باری تەندروستییان ناجێگیرە.[1]

- بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی ڕایگەیاند: جگە لە مزگەوتەکانی ناوبازاڕی سلێمانی، نۆ مزگەوتی دیکە لە گەڕەک و کۆڵانەکان، لەسەر داواکاریی پێشنوێژ و وتارخوێنان و هاوڵاتیان داخراون.[4]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان بۆ نەخۆشخانە و کەرەنتینکردنی تووشبووانی کۆرۆنا ئامادە ئامادە کراون.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- یەکێک لە خاوەن پشکەکانی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی ئۆکسجین لە سلێمانی ڕەتیدەکاتەوە کێشەی کەمی ئۆکسجین لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی هەبێت و بەوهۆیەوە کەس گیانی لەدەستدابێت. هەروەها دەڵێت، تەنیا بەرهەمی یەک هەفتەمان بەشی هەموو پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات نەک سلێمانی.[1]
- گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر لە شاری سلێمانی، لە دژی شەهیدکردنی قاسم ئەنگین و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشوری کوردستان، ڕێپێوانێکی بە مەشخەڵیان ئەنجامدا و تیایدا خیانەتی ناوخۆییان شەرمەزار کرد.[3]
- درەنگانێکی شەوی ڕابردوو پێشمەرگەیەک لە شارۆچکەی چەمچەماڵ بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کوژرا. لە و بارەیەوە پەیامنێرمان لەچەمچەماڵ ڕایگەیاند: گەنجەکە تەمەنی 31 ساڵانە و درەنگانێکی شەوی ڕابردوو لەگەڕەکی بێکەس لەشارۆچکەی چەمچەماڵ بەدەستڕێژی گوللە کوژراوە.[2]
- هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە تایبەتییەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییان لە سنووری مەخموور ئەنجامدا و تێیدا ژمارەیەک چەکداری داعش کوژران.[1]
- بەرەی تورکمانی داوای پۆستی پارێزگاری کەرکوک دەکات و دەڵێت، کاتی ئەوەیە ئەو پۆستە بدرێت بەپێکهاتەی تورکمان.[4]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانتارانی سوید، ڕایدەگەیەنن، کە دەبێت سوید داوای لێبورن لە کورد بکات و سوید و یەکێتیی ئەوروپا پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربهێنن، دەشڵێن:دەبێت کوردان لە ئەوروپاش دەبێت ئەو داوایەیان لە وڵاتانی ئەوروپی هەبێت.[3]
- کۆمپانیای تویتەر ڕایگەیاند، لە هەڵمەتێکدا حەوت هەزار و 340 هەژماری تۆڕەکەی لە تورکیا داخستوە کە بەشێکی زۆریان لایەنگر بون بۆ سەرۆکی ئەو وڵاتە.[4]
- عەلی هادی ڕاهێنەری پێشووی یانەی زاخۆ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا. عەلی هادی ماوەی 8 ڕۆژە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، ئەمڕۆ لە شاری بەغدا و لە تەمەنی 53 ساڵی گیانی لەدەسدا.[1]
- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستیی تورکیا ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 41 هەزار و 13 پشکنین کراون، لەو ژمارەیە هەزار و 195 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون و 15 تووشبوویش مردوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏢 پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
🏢 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: IQ بەغداد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: SE سوید
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 12-06-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 12-06-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-06-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 12-06-2020
[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-06-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-06-2020
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 13-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 166

**2020-06-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383593



باکووری کوردستان
- تەیفیک ئاتەش وڵاتپارێزی دێرین و کەسایەتیی دیاری تێکۆشانی ئازادی لە ئامەد و باوکی 2 گەریلا و 2 زیندانیی سیاسیی کۆچی دوایی کرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵێکی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، ئەمڕۆ کەمال حەسەن ڕەمەزان، گیراوی سیاسیی کورد خەڵکی سەرێکانی ڕۆژئاوای کوردستان، کە سزای لە سێدارەدانی لەسەرە، لە زیندانی ناوەندیی دەسەڵاتی ئێران، لە شاری ورمێ، گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[4]
- دوو بەندکراوی ڕاگیراو لە زیندانی شاری سەقز تووشی پەتای کۆڕۆنا بوون و بەرپرسانی زیندان نەک هەر مافی مەرەخەسییان پێ نادەن، بەڵکوو ڕێگری دەکەن لە گواستنەوەیان بۆ ناوەندە دەرمانییەکان و هەر ئەمەش بووەتە هۆی نارەزایەتی بەندکراوانی ئەو زیندانە.[6]
باشووری کوردستان
- 4 تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[3]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک دوو گوللە تۆپیان ئاڕاستەی ناو گوندی خەلیفان کرد لە دەڤەری برادۆست، چەند سەر مەڕێکی گوندنشینان بەهۆی بۆردوومانەکەوە برینداربوون.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەشێک لە کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی فێرکاری لە سلێمانی گردبونەوە و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: بەهۆی پێنەدانی موچە لەکاتی خۆیدا بەکۆی دەنگ بڕیارياندا مانگرتنی دەوام ڕابگەیەنن.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە کەرکوک قەدەغەی هاتووچۆ لە کاژێر 05:00ی بەیانی تاوەکو 08:00ی ئێوارە ڕاگەیێنرا و هەر کەسێکیش پابەند نەبێت سزادەدرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک تەقەیان لە سایلۆی گەنمی گوندی قزەلی گرێ سپی کرد. لە ئەنجامی هێرشەکەدا سەربازێکی حکومەتی سوریا کوژرا و سەربازێکیش بریندار بوو.[1]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی دبێسی ڕۆژئاوای عەین عیسایان تۆپباران کرد.[1]
- بە بەشداری سەدان کەس تەرمی خەلیل مستەفا حەمۆ شەرڤانی ئەنجومەنی سەربازی منبج بەخاکسپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- دوای داخستنی دۆسیەی کوشتنی ئۆلۆف پاڵمێ، سەرۆک وەزیرانی پێشووی سوید، حکومەتی سوید و بەرپرسانی کورد لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوە، بەرپرسانی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایانگەیاند، پەکەکە و کورد بە ناهەق بە کوشتنی پاڵمێ تاوانبار کراون.[4]
- ڕەمزی کارتاڵ هاوسەرۆکی کۆنگرەی گەل لە بارەی دۆسیەی کوشتنی ئۆلۆف پالمێ، سەرۆک وەزیرانی پێشووی سوید، کە کوردی لەسەر تۆمەتبار کرابوو وتی: دەبێت حکومەتی سوید داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات.[4]
- دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق لەبارەی دەنگۆی دەستپێکردنی جموجۆڵی سەربازی ڕایگەیاند، "ئەو دەنگۆییەی کە سەبارەت بە دەستپێکردنی جموجۆڵی سەربازیی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، بڵاوکراوەتەوە، دوورە لە ڕاستییەوە و ڕەتی دەکەینەوە".[2]
- بە گوێرەی ئاژانسی ئەلعەرەبیە، فڕۆکەیەکی دەوڵەتی داگیرکەری تورک، ئەمڕۆ 126 چەتەی سوریی لە تورکیاوە ناردووەتەوە لیبیا بۆ ئەوەی بەشداری شەڕەکان بن.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆڕۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، هەزار و 180 کەس تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 53 تووشبوویش گیانیان لەدەستداوە و ئەوەیش لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەوە زۆرترین ژمارەیە لە ڕۆژێکدا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: لیبیا
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: SE سوید
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-13
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-13
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 167

**2020-06-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383594



باکووری کوردستان
- لە گوندی داشقۆلی ئەلباکی وان لە ئەنجامی دەستڕێژی سەربازانی تورکدا گەنجێک شەهید بوو و کەسێکیش بریندار بوو. گەنجە شەهیدە ناوی ئەمرا گورورە و تەمەنی 20 ساڵە و سائیم یلمازیش بریندار بووە. سائیم یلماز بۆ نەخۆشخانەی هەرێمی وان گواستراوەتەوە. تەرمی گوروریش بۆ پزیشکی دادی دەوڵەت لە ئەلباک گواستراوەتەوە.[5]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە شرنەخ بۆ ڕێگریکردن لە ڕیپێوانەکەی هەدەپە بەرەوە ئەنقەرە، کە لە جۆلەمێرگ و ئەدەنەوە دەستپێدەکات، بۆ ماوەی 15 ڕۆژە ئەنجامدانی هەموو چالاکییەکی لە شرنەخ قەدەغە کرد. ئەو قەدەغەکارییە بە پاساوی ڕێگریکردن لە بڵابوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن لیژنەی تەندروستییەوە ڕاگەیەندرا!.[5]
- لە کاتێکدا بڕیارە ئەمڕۆ هەدەپە لە ئەدیرنە و جولەمێرگ ڕێپێوان ئەنجامبدات، ناوەندەکەیان لە ئیستەنبوڵ لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی تورکەوە بە ئۆتۆمبێلی سەربازی جۆری 'تۆما' گەمارۆ درا.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەنیستوتوی بومەلەرزە و کارەساتە سروشتیەکانی کاندیلیە ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 17:12 خولەک لە ناوچەی کانی ڕەشی سەر بە چەولیگ بە گوڕی 5.9 پلەی ریختەر بومەلەرزەیەک ڕوویداوە. بە پێی زانیاریەکانی ئومیستوتوەکە، بومەلەرزەکە بە قوڵایی 5 کیلومەتر لە ژێر زەویدا ڕوویداوە. هاوکات ڕاگەیێندراوە کە بومەلەرزەکە لە ئامەدەوە تا دەگاتە ئەرزرۆم هەستی پێکراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسانی سیاسی و پزیشکیی پارێزگای سنە هەفتەی داهاتوو بۆ ئەو پارێزگایە بە هەفتەی مەرگ ناودەبەن. جێگری تەندروستی زانکۆی زانستیی پزیشکی سنە دۆخی پارێزگاکە بە ناسەقامگیر دادەنێت و دەڵێت، دوای بەرزبوونەوەی ئاماری تووشبووان، هەفتەی داهاتوو بە ئەگەرێکی زۆرەوە دەبێتە هەفتەی مەرگ بۆ پارێزگای سنە.[2]
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، سەرەڕای تێپەڕبوونی یەک حەفتە بەسەر دەستبەسەرکرانی، "هاجەر سەعیدی" چالاکی بواری مافی ژنان لە شاری سنە، هیچ زانیارییەک لە چارەنووسی ناوبراو لە بەر دەست دا نییە.[6]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندی دارای سەر بە شارۆچکەی خانەقین عەرەبەکانی ناوچەکە و داعش هەڵدەکوتنە سەر گوندەکە و حەوت کەس دەکوژن و چواری دیکەش برینداردەکەن. ناوی شەش لە شەهیدەکان: سەید سەفا عەبدوڵلا کاکەیی، سەید شەهاب بەشە کاکەیی غەسان عەزیز کاکەیی، تاریق عەزیز کاکەیی، یەزان جەمال کاکەیی و حسێن عاسم کاکەیی. ناوی سێ بریندارەکان: سەید محەممەد شەهاب کاکەیی، سەید عەلی شەهاب کاکەیی و موئەیەد خەلیل[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوو تووشبووی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوی COVID19 لە پارێزگای هەولێر، پیاوێک تەمەن 71 ساڵ دانیشتووی کەسنەزان و ئافرەتێک تەمەن 70 ساڵ دانیشتووی شارۆچکەی چۆمان گیانیان لەدەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تووشبوویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانی لەدەستدا.[1]
- تووشبوویەکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەرکوک کە پیاوێکی تەمەن 70 ساڵانە گیانی لەدەستدا.[1]
- بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیانەوە، پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی گشتی شەهید ڕەئوف بەگ لە شارۆچکەی شارەزوور'ی سەربە پارێزگای سلێمانی، بایکۆتی تەواوی بەشەکانی نەخۆشخانەکەیان کرد. نەخۆشخانەکە تاکە نەخۆشخانەی سنوورەکەیە، دەوام تێیدا 24 کاتژمێرییە، کارمەندەکان دەڵێن 40 ڕۆژە مووچەیان وەرنەگرتووە و تا پێدانی مافەکانیان بەردەوام دەبن لە بایکۆت.[7]
- بە تاوانی ناوزڕاندن، باوکی ئەو کچە 7ساڵانەیەی کە دەستدرێژیی کرابووەسەر، دەستگیرکرا.[1]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، لێکۆڵینەوە و وردبینی لە کەیسی هەموو مووچەخۆرێکی هەرێمی کوردستان دەکرێت و ئاشکرای کرد، 464 کەس بە

نایاسایی بە پلەی وەزیر، راوێژکار، بریکاری وەزیر و پەرلەمانتار خانەنشینکراون و بەشێکی زۆریان ئەندامانی باڵای حیزبەکانن.[2]
- عومەر قەڵادزەیی جێگری پارێزگاری سلێمانی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: ئەمساڵ 165 هەزار تۆن گەنم لە جوتیاران لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان وەردەگیرێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- فەهرەتین ئالتون، بەرپوەبەری پەیوەندییەکانی حکومەتی تورکیا لە راگەیەندراوێک ئاماژەی بەوە کردووە، کۆمپانیای تویتەر بە بیناوی ئەوەی هەژمارەکان ساختەن و پشتگیری لە سەرۆک ئەردۆغان دەکەن و لە لایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەهێنرێن ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئەمە راست نییە. دەشڵێت، ئەو بەڵگانەی تویتەر بەکاری هێناون، نالۆژیکین و لەسەر بنەمای سیاسیی دروست کراون و دەستی سیاسی لە پشتەوەیە. ئەو بەرپرسەی تورکیا دەڵێت، مەبەست لەو کارەی تویتەر لێدانە لە حکومەتی تورکیا و خزمەتکردنە بە پەکەکە و بزووتنەوەی فەتحوڵا گیولەن.[3]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا کوژرانی سێ گەریلای لە شرناخ و ئامەدی باکووری کوردستان راگەیاند و دەڵێت، یەکێکیان بەرپرسێکی داواکراوی پەکەکە بووە. لە راگەیێندراوەکەدا ئاماژە بەوە دارەوە، لە گوندێکی نزیک شارۆچکەی لجێ لە ئامەد بەرپرسێکی داواکراوی پەکەکە بە ناوی ئەکرەم ئیپتاش کوژراوە کە نازناوی سەید باتمان بووە و بەرپرسی دارایی و جبەخانەکانی هەرێمی ئامەدی پەکەکە بووە. ئەکرەم ئیپتاش ناوی لەنێو لیستی پرتەقاڵیی داواکراواندا بووە و خەڵاتی ملیۆنێک لیرەی تورکی (143 هەزار دۆلار)ی لەسەر بووە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی عێراق، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا پشکنینی پزیشکی بۆ 9 هەزار و 920 گومانلێکراو ئەنجامدراوە و تووشبوونی 1259 کەسی دیکە بە پەتاکە پشتڕاست کرایەوە. لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 58 کەسیش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔘 ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەیدسادق (شارەزوور)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ هەڵەبجە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

| | |
|---|---|
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-14
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-14
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-14
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-14
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-06-14
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-14

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-05-01 2:55:51 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 168

**2020-06-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383595




باکووری کوردستان
- کاتژمێر 09:51ی ئەمڕۆ، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 5، 6 پلەی ڕێختەر ناوچەیەکی باکووری کوردستانی هەژاند. بوومەلەرزەکەی ئەمڕۆ ناوچەکانی ڕەشی لە شاری چەولیک هەژاندووە، ئەمەش دووەم بوومەلەرزەیە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا ناوچەکە دەهەژێنێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێک بە ناوی "ڕەسووڵ حەسەنزادە" بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیم لە سنووری "دۆڵەتوو"ی سەردەشت بە سەختی بریندارببوو و بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری سەردەشت کرا. هەروەها لە هەمان ڕۆژ، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "هادی ڕاستی" خەڵکی بانە، لە سنووری "کانی سێو"، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی ئەم هێزانە بریندار کرا و بۆ ناوەندی دەرمانیی بانە ڕاگوێزراوە. شایانی باسە، پزیشکەکان بارودۆخی تەندروستیی ناوبراویان نالەبار ڕاگەیاندووە.[6]
- ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لەماوەی یەک دوو ڕۆژی ڕابردووا، بەندکراوێکی خەڵکی گوندی "زامن ئاوا"ی شاری سەقز بە ناوی "کەماڵ حسێنی" لە زیندانی ناوەندی ئەمشارە، بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستداوە.[6]
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە چالاکانی میدیایی کورد، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراون و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. ئەو چالاکانە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ کاناڵەکانی دژی نیزام بانگهێشت کراون و لێپرسینەوەکەیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێر درێژەی کێشاوە.[9]
- بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوونی مەئموورانی سنوورپارێزیی حکوومەت لەگەڵ کاسبکاران لە

سنووری بانە، یەکێک لە مەئموورانی حکوومەت کوژرا. هەواڵدەرییەکانی حکوومەت، شوناسی ئەو مەئمووره سنووڕپارێزەیان بە ناوی ئیستواری یەکەم عەلی خەلیلی ڕاگەیاندووە.[9]
- بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی سنورییەکانی بانە و ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جووتیارێک گیانی لە دەست دا و کۆڵبەرێکیش بریندار بووە.[8]
باشووری کوردستان
- درەنگای شەوی ڕابردوو، تا ئەم بەیانییە، تورک بە دەیان فڕۆکەی ئێف 16ی ئەمریکی، دەیان ئامانجی بنکەکانی پەکەکەی لە مەخموور، شنگال، قەندیل و ناوچەی پاراستنی میدیا بۆردوومانکرد. بۆردوومانەکان زۆر چڕبوون و بریندار و زیانی ماڵی زۆری بەدواوە بوو.[1]
- هەندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە پێش دەستپێکردنی بۆردومانەکەی تورکیا پاسەوانەکانی کەمپەکە زانیارییان پێگەیشتوە کە تورکیا بۆردومان دەکات، بۆیە ئامادەکاری پێشوەختەی خۆیان کردوەو لە بۆردومانەکەشدا هیچ کەسێک شەهیدو بریندار نەبووە.[3]
- هاوکات لەگەڵ بۆردوومان و داگیرکارییەکان، دەوڵەتی تورک هێزێکی زۆری هێناوەتە سنووری برادۆست، هەروەها شۆفڵ و حەفارە و ئامێرەکانی دیکەی تایبەت بە دروستکردنی ڕێگا و بارەگای لەگەڵ هێزەکەدا جێگیرکردووە.[5]
- دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی شاری هەولێر ڕێگریان لە ئەنجامدانی گردبوونەوەی هاوڵاتیانی شاری هەولێر کرد، کە بڕیاربوو دژی هێرشەکانی شەوی ڕابردووی فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت، چەندین چالاکوانیان دەستگیرکردووە، لەنێو گیراوەکان دوو ئەندامی باڵای حزبی شیوعیی تێدایە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەبەردەم باخی گشتی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێکی فراوان بە بەشداریی سەدان کەس بەرەو شەقامی سەهۆڵەک ئەنجامدرا، لە دژی ئەو هێرشانەی شەوی ڕابردووی دەوڵەتی داگیرکەری تورک، بۆسەر چەندین ناوچەی باشوری کوردستان ئەنجامیدا.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- هاوڵاتیانی ڕانیە، دژی هێرشی شەوی ڕابردووی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر باشوری کوردستان، خۆپیشاندانیان ئەنجاداو سەرەڕای شەرمەزارکردنی دەوڵەتی تورک، داوایانکرد، کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر بەو هێرشانە.[5]
- 2 تووشبووی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[1]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا دادگای بەرایی دوکان ئاشکرای کرد: بەهۆی تووشبوونی یەکێک لە فەرمانبەرانی دادگای بەرایی دوکان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی دادوەران و فەرمانبەران و هاووڵاتییان سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی بڕیاریدا بە کەرەنتینکردنی دادگای بەرایی دوکان بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ.[4]
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵگرتنی پارێزبەندی سەر پەرلەمانتار سۆران عومەر کە بەدەنگی 57 پەرلەمانتار پەسەندکرا هەڵدەوەشێنێتەوە.[3]
- میر کامیران خەیری بەگ یاریدەدەری میری کوردانی ئێزدی بۆ کاروباری ئایینی کۆچی دوایی کرد.[3]
- د. ئومێد عەلی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی تووشی کۆرۆنا بووە و لە ماڵەکەی خۆیدا خۆی کەرەنتین کردووە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەگوندی پەڵکانەی سەربە خورماتوو بۆمبێک بەهێزەکانی سوپای عیراقدا تەقیوەتەوەو سێ کوژراو دوو بریندارى لێکەوتووەتەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سێ ژنە چەکداری داعش دوای ئەوەی لە کەمپی هۆل لە حەسەکە رایانکرد، لەلایەن هێزەکانی سەر بە ئاسایش لە ڕۆژئاوای کوردستان دەستگیرکرانەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی ڕاگەیێندراوێک کە لەلایەن وەزارەتی بەرگری تورکیا بڵاوکراوەتەوە، کاژێر 00:00 فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بنکە و بارەگاکانی پەکەکەیان لە ناوچەکانی شنگال، قەرچووغ،

قەندیل، زاپ، ئاڤاشین، باسیان و خواکورک بۆردوومانکردووە و لە بۆردوومانەکاندا 81 ئامانجی پەکەکەیان پێکاوە.[2]
- کەریم عەلەوی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە، تورکیا بەردەوامە لە پێشێلکردنی خاک و سەروەری عێراق و پێویستە باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە بەغدا بانگهێشت بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێشێلکاریانە.[5]
- فەرماندەی چالاکیە هاوبەشەکانی عێراق لەبارەی هێرش و داگیرکاریەکانی دەوڵەتی تورکیا بەیاننامەیەکی بڵاوکردوە و داوا دەکات تورکیا هێرشەکانی ڕابگرێت و ڕێز لەسەروەری خاکی عێراق بگرێت.[7]
- کۆمکاری عەرەبی، لە دژی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی نیشاندا و دەڵێت، کە هێرشەکانی تورکیا بۆسەر خاکی وڵاتانی عەرەبی لە عێراق و سوریا و لیبیا مایەی قبوڵ نییە و لەلایەن دەوڵەتانی عەرەبییەوە ڕەتدەکرێتەوە.[5]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق، ڕایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا 1106 کەسی دیکە توشی کۆرۆنا بون و 45 توشبوی ڤایرۆسەکەش گیانیان لەدەستداوەو ژمارەی ئەو توشبوانەشی چاکبونەتەوە ڕو لە هەڵکشانە بەشێوەیەک لەماوەی ئەو 24 سەعاتەی ڕابردودا 1150 توشبو چاکبونەتەوە.[8]
- ژنانی کورد لە ستوکهۆلمی پایتەخی سوید بۆ ڕسواکردنی هێرشە ئاسمانیەکانی دەوڵەتی داگیرکەر تورک بۆ سەر هەریمەکانی پاراستنی میدیا و شەنگال و مەخمور و هاوکات بۆ ئیدانەکردنی بێدەنگی هێزە نێودەوڵەتیەکان، دەستیان بە چالاکی ئێشکگری کرد.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: ☭ حزبی شیوعی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەویلک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق

🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: SE سوید
🗺 وڵات: ↓ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ↑ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-06-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 15-06-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 15-06-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-06-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 15-06-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-06-2020
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 15-06-2020
[9] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 15-06-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 169

**2020-06-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383596



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هۆتێل، بازاڕ و سەرجەم شوێنە گشتییەکانی بانە لە ڕۆژی چوارشەممەوە 2020-06-17 دادەخرێن، ئەوەش وەک قایمقامی شارەکە دەڵێت، بەهۆی شەپۆلی دووەمی کۆرۆنایە کە چاوەڕوانی هەفتەیەکی مەترسیدار دەکەن.[1]
- هێزەکانی تورک لە سنورەکانی گوندی "قشقوڵ"ی سەڵماس تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و بەهۆیەوە کۆڵبەریک بە ناوی "ئورهان گوروەر" کوژراوە و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "سەعید گوروەر" بریندار بووە. جێگەی ئاماژەیە، لە ماوەی مانگی ڕابردوودا لانیکەم 8 کۆڵبەر بە تەقەی هێزەکانی تورکییە بوونەتە قوربانی کە 3 کەسیان گیانیان لە دەست داوە.[8](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سوهەیلا حیجاب، زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری کرماشان، لە بەندی دابڕگەی زیندانی قەرچەکی وەرامین، لەهەمبەر دۆخی نالەباری خۆی و گوشار بۆ سەر بنەماڵەکەی، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین، مانی لە خواردن گرت.[9]
باشووری کوردستان

- وەزارەتی تەندروستی هەرێم رایگەیاند لە 24 سەعاتی رابردوودا 5 کەس لە هەرێمی کوردستان بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و 68 کەس چاک بوونەتەوە و تا ئێستا 2655 کەس لەهەرێم تووشی کۆرۆنا بوون.[6](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران گوندی ئالانەیان لە حاجی ئۆمەران بۆردوومانکرد. هەروەها تورکیاش بۆ یەکەمجار بە فڕۆکە هەمان ناوچەی بۆردوومان کرد.[1]
- شەوی رابردوو جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکی سنووری شارۆچکەی کانی ماسێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدیان بۆردوومانکرد، بەڕێوەبەری ناحیەکەش دەڵێت، ترس و دڵەڕاوکێ بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دروستکردووە.[1]
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و گیان لەدەستدان لە هەڵکشاندایە ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، لە رۆژە ناخۆشەکان نزیک دەبینەوە، داواش لە هاووڵاتییان دەکات پێویستە تاکپارێزی بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن.[2]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی لیوای 61ی سەر بە هێزەکانی پێشمەرگە، لەسنوری شارۆچکەی رانیە خۆپیشاندانیان کرد و بۆ ماوەیەک رێگای سەرەکی نێوان رانیە – سلێمانییان داخست. ئەو پێشمەرگانە ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە بەبێ ئاگاداریی خۆیان فەرمانی گواستنەوەیان بۆ سەر لیوای شەشی هێزی پیادە بۆ دەرچووە کە دەوامیان لە کەرکوکە، ئەوەش بۆ ئەوان بارگرانی دروست دەکات، داواشیانکرد فەرمانی گواستنەوەکەیان هەڵوەشێنرێتەوە.[4]
- لە ئاکامی هێرشێکی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش لە باشووری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی دوخورماتوو سەربە پارێزگای سەڵاحەددین باکووری عێراق، سێ کەس کوژران و دووانی دیکەیش بریندار بوون.[3]
- لە کەمپی گەویلان لە سنووری پارێزگای دهۆک ئاگر لە خێوەتێکی پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان کەوتەوە و بەهۆیەوە ژن و مێردێکی گەنج گیانیان لەدەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەبەرامبەر نەبونی موچەو دواکەوتنی موچەکانیان پۆلیسی هاوتوچۆی رێکخستنی شەقامەکانی سلێمانی مانگرتنیان ڕاگەیاند.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

رۆژئاوای کوردستان

- هێزی داگیرکەرانی تورک و چەتەکانی هەر دوو گوندی ئاریدا و خربەت بەگەری سەر بە گرێ سپیان تۆپباران کرد.[7]

دەرەوەی کوردستان

- ناتۆ داواکاریی تورکیا بۆ بە تیرۆرست ناساندنی پەیەدە و یەپەگە رەتدەکاتەوە.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا کوژرانی حەوت گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستانی لە پارێزگای شرنەخ و سێرتی باکووری کوردستان راگەیاند و دەڵێت چوار لە گەریلاکان بەرپرسن و پێشتر داواکراو بوون. ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە هەواڵەکەی پشتڕاست نەکردووەتەوە و لەمبارەیەوە هیچ روونکردنەوەیەکی بڵاونەکردووەتەوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- هۆشیار عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری کورد لەپەرلەمانی عێراق نامەیەکی بۆ عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی وەزیری داراییی عێراق ناردووەو تێدا داوای کردووە، بە پرۆژەیەکی نیشتمانی کۆکەرەوە سیستمی موچە لە عێراقدا یەکبخرێت و لەکاتی چوونی شاندی دانوستانی هەرێم بۆ بەغدا وەزارەتی داراییی عێراق گەڵاڵەی پرۆژەی یەکخستنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ عێراق بگرێتە ئەستۆ.[3]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران ڕایگەیاند لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 2563 کەس لە و وڵاتە تووشی کۆرۆنا بوون و 115 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- بەهۆی بۆردومانەکان و هێرشەکانی تورکیا بۆسەر ناوچەکانی باکوری عیراق، وەزارەتی دەرەوەی عیراق باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا بانگهێشت دەکات.[5]
- نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتێکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان تۆمەتبار دەکات بە پێشێلکردنی مافی منداڵان و چەکدارکردنیان.[2]

- بە گوێرەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی، تەرمی مردووان بە کۆرۆنا لە بەردەم نەخۆشخانەی کندی بەغدا کەوتوون و لەناو ساردکەرەوەکان شوێن نەماوە هەڵیگرن.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: TR تورکیا
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-16
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[7] 📣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-06-2020
[8] 📣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 17-06-2020
[9] 📣 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 17-06-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 170

**2020-06-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383597



باکووری کوردستان
- بۆ ڕێگریکردن لە گردبوونەوەی گەل لە بەردەم ناوەندی هەدەپە لە شاری ئامەد بە مەبەستی پێشوازیکردن لە ڕێپێوانەکەی گەلی جۆلەمێرگ، ناوەندی هەدەپە گەمارۆ درا و هێزەکانی پۆلیس بە بەربەست دەوری ناوەندەکەیان گرت.[9]
- هاونیشتمانییەکی شاری خارپێت بەناوی میکائیل، کچەکەی خۆی کە ناوی مەروە بوو کوشت و بە هەمان ئەو چەکەش کە کچەکەی پێ کوشتبوو هەوڵی دا خۆیشی بکوژێت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عەلی مستەفەوی جێگری پارێزگای ورمێ بۆ کاروباری سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند: بەهۆی بۆردومانی کیمیایی شاری سەردەشت لە شەڕی هەشت ساڵەی عیراق دژی ئێران، زیاتر لە 2000 هەزار بەرکەوتەی کیمیایی لە و شارە دەژین کە دۆخی 400 کەسیان خراپە.[2]
- ماوەیەکە چالاکێکی مەدەنی خەڵکی "گیلانی غەرب" بە ناوی "سەلمان ئولفەتی" لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی کرماشانەوە دەستبەسەر کراوە. هیچ زانیارییەک سەبارەت بە هۆکاری دەستبەسەرکرانی ناوبراو بڵاونەکراوەتەوە و سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکەی، شوێنی ڕاگیرانی هەروا نادیارە.[7]
- سیروان وەیسی، شارەداری مەریوان، بەهۆی دەستێوەردانە سەروویاساییەکانی شورای شاری مەریوان لە کاروباری ئەو شارەدارییە، دەستی لە کار کێشایەوە.[8]
باشووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک لە هەرێمی حەفتانینی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا دەستی بە ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازی زەمینی کرد و هێزی کۆماندۆی تورک هاتنە ناو خاکی باشووری کوردستانەوە. تورک ئەم ئۆپەراسیۆنەی ناوناوە چرنووکی هەڵۆ.[1]
- داگیرکەری ئێران بۆ دووەم ڕۆژ لەسەریەک گوندی ئالانەی حاجی ئۆمەران تۆپباران دەکات.[1]
- یەکەم تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕانیە گیانی لەدەستدا.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 166 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 16 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەمڕۆ 43 کەسی دیکە لە کەرکوک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و یەک حاڵەتی مردنیش تۆمارکراوە.[1]
- پارێزگاری هەولێر هۆشداریدەدات و دەڵێ هەولێر لە قۆناخێکی مەترسیداری بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادایە. بەگوتەی پارێزگار، ڤایرۆسەکە لە هەموو گەڕەک و قەزا و ناحیەکانی سنووری پارێزگاکە بڵاوبووەتەوە.[3]
- وەزیری تەندروستی ڕایگەیاند لەسەر بڕیاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی 150 ملیۆن دینار تەرخانکرا بۆ دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ شارۆچکەی پێنجوێن بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19.[5]
- کەسوکاری ئەو منداڵەی دو ڕۆژ لەمەوبەر لە کفری گیانی لەدەستدا، ئەمڕۆ، لەکاتی تێکچونی تەندروستی دایکی منداڵەکەدا، بەهۆی دەوامنەکردنی کارمەندان و پزیشکان لە نەخۆشخانەی خالید گەرمیانی، هێرشیان کردە سەر نەخۆشخانەکەو بەشێک لە کەلوپەلەکانیان

شکاندا.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تەواوی کارو رایکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان لەناو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی راگیرا، ئەوەش وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بە دواکەوتنی موچە.[4]
- جوان حەسەن عارف، سەرۆکی لیژنەی کاروباری ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند، دوای ئەوەی هەستی بە کۆکە و کەمێک تەنگە نەفەسی کردووە، لەگەڵ هاوژینەکەی سەردانی بنکەی تەندروستیانکردووە بۆ پشکنین و ئەنجامەکەشیان پۆزەتیڤ دەرچووە.[3]
- بەهۆی ئەوەی لەلایەن شارەوانی هەولێرەوە رێگرییان لێکراوە لەسەر شەقامەکان کار بکەن، بەشێک لە کاسبکارانی شاری هەولێر گردبوونەوە و بۆ ماوەی کاتژمێرێک شەقامی نێوان هەولێر و بنەسڵاوە-یان داخست.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بورهان عەبدولڕەحمان، کارگێڕی مەڵبەندی رێکخستنی یەکێتی لە سلێمانی رایدەگەیێنێت، خۆی و چوار کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، داواش دەکات ئەو کەسانەی لە 14 رۆژی رابردوو بەرکەوتنیان لەگەڵیان هەبووە بچن پشکنین بکەن.[3]
- گەنجێکی 20 ساڵان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ کوژرا، قایمقامی قەزاکەش دەڵێت، رووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بووە و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سێ تۆمەتبار دەرچووە. گەنجەکە ناوی (س. م. ح)ە، دانیشتووی شارۆچکەی باینجانە، لەلایەن چەند کەسێکەوە دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا، بکوژەکانیش خزمی خۆی بوون و دانیشتووی هەمان شارۆچکەن.[3]
- رێکخستنی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، بە مەبەستی پشتیوانی بۆ هونەری وێنەکێشانی ژنان و ناساندنیان، لە هۆڵی ماجدی مۆڵ لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی وێنەکێشانی کردەوە. پێشانگاکە لە ژێر ناوی 'ژن و کوردستان لە چاوی ژناندا' بەڕێوە چوو، لە کۆتایشدا سپاسنامە بەسەر بەشداربووانی پێشانگاکەدا دابەش کرا.[9](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
رۆژئاوای کوردستان
- شاندی پارتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کورد و ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد ئەنەکەسە کۆتاییهاتنی قۆناغی یەکەمی گفتوگۆکانیان بۆ یەکڕیزی کورد لە رۆژئاوا راگەیاند.[6](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
دەرەوەی کوردستان
- هەرچەندە بڕیاربو ئەمڕۆ، وەفدی هەرێم سەردانی بەغدا بکات، بەڵام سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا رایگەیاند، لەسەر داوای بەغدا سەردانی وەفدەکەی هەرێم بۆ بەغدا دواخراوە.[4]
- لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، خۆپیشاندانێک دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر خاکی باشوری کوردستان ئەنجامدرا، لەکاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبێلی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بەلای خۆپیشاندانەکەدا هاوڵاتییەکی کورد دەچێتە بەردەم ئۆتۆبێلەکەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و بەهۆیەوە توشی ڕووداوی هاتووچۆ بوو.[6]
- ناکۆکییەکانی تورکیا و فەرەنسا لەسەر لیبیا قوڵتردەبن و هەریەکەیان پشتیوانی لە لایەنێکی ئەو وڵاتە دەکات و لایەنەکەی دیکە بە تێکدانی دۆخەکەی تۆمەتباردەکات. وەزارەتی بەرگریی فەرەنسا لە راگەیێندراوێکیدا بڵاویکردەوە، داوای لە هاوپەیمانیی ناتۆ کردووە لەسەر پرسی دەستوەردانەکانی تورکیا لە کاروباری لیبیا و هەروەها ئۆپەراسیۆنەکانی لە دەریای ناوەڕاست بێتە دەنگ.[3]
- لە شاری مۆسکۆ، نیگارکێشی ناوداری کوردی رووسیا قولیخان مەمێدەڤیچ ژابۆیێف، لە تەمەنی 72 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە |

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: فرەنسا
وڵات: لیبیا
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-17

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-17]
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-17]
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری پەیام - 2020-06-17]
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-06-17]
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-17]

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 171

**2020-06-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383598



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە گوێرەی تۆری مافی مرۆڤی کوردستان زەینەب جەلالیان زیندانی سیاسی کورد، کە لە 21ی مانگی ئایاری ئەمساڵ لە گرتوخانەی خۆی گواسترابۆیەوە بۆ گرتوخانەی قەرچەک، وتویەتی: ئەگەر لە ڕۆژانی داهاتودا نە گەڕێندرێمەوە بۆ گرتوخانەی (خۆی) دەست بە مانگرتن لە خواردن دەکەم. زینەب هەروەها داوای کرد چارەسەری تەندروستی لە دەرەوەی گرتوخانەی بۆ بکرێت.[1]
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، چارەنووسی دوو هاووڵاتیی خەڵکی پیرانشار کە سەرەتای مانگی ڕەشەممەی ساڵی ڕابردوو دەستبەسەر کرابوون ناڕوونە و بنەماڵەکانیان تا ئێستا نەیانتوانیوە کە چاویان پێیان بکەوێت. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، چارەنووسی دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی "سەلام بازرگانی" خەڵکی پەسوێ و "محەممەد ئیبراهیم زادە" خەڵکی گوندی خورینج سەر بە شاری پیرانشار پاش نزیک بە چوار مانگ لە دەستبەسەر کرانیان، هەروا نادیارە. شایانی باسە، سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەی ئەو دوو هاووڵاتییە دەستبەسەر کراوە، هیچ زانیارییەک لە چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانیان لەبەر دەستدا نییە و ئەمەش ترس و دڵەڕاوکێی بنەماڵەکەیانی لێکەوتووەتەوە.[8]
- کۆرۆنا لە پارێزگاکانی سنە و کرماشان زۆر بە خەستی تەشەنەیسەندووە، بەجۆرێک کە لە ئاستی ئێراندا پلەکانی دووەم و سێیەمیان هەیە. بە گوتەی بەرپرسانی تەندروستی لەو پارێزگایانەدا کۆرۆنا تازە دەگاتە لووتکە.[2]
- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە هۆشداری دەدات و دەڵێت، جگە لە تۆپبارانی هەندێک لە ناوچە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران، ئێران هێزێکی زۆریشی هێناوەتە نزیک سنوور و ئەگەری بەزاندنی سنوور لەلایەن ئەو هێزانەوە هەیە.[2]
- بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ژمارەیەک لە بەندکراوانی زیندانی ناوەندیی سنە تووشی ویرووسی کۆرۆنا بوون و بەرپرسانی بەندیخانەش بەندکراوانیان لە مافی مەرەخەسی بێبەش کردووە.[8]
- بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، خەلیل مۆرادی خوێندکاری بواری دەرمانسازی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کرماشان کە 18 مانگ لەمەوبەر لە لایەن ناوەندە ئەمنییەکانی کرماشانەوە دەستبەسەر کرابوو، لە ژێر ئەشکەنجە گیانی لە دەست داوە و ئەمڕۆ تەرمەکەی ڕادەستی بنەماڵەکەی کرایەوە.[8]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، لە دەڤەری سیدەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر، بۆردوومانی کۆچەرییەکانیان کرد. بۆردوومانەکە کۆچەرییەکانی کوێستانەکانی بەردە سپییان کردووەتە ئامانج و لە ئەنجامیدا هاوڵاتییەک لە عەشیرەتی سورچی کە پێشمەرگەی

پارتییە شەهید کردووە.[1] شەهیدەکە ناوی عەباس مەغدیدە و تەمەنی 30 ساڵە و خەڵکی شارۆچکەی هەریرە. ئەوکاتەی بۆردوومانەکە بووە سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکەی بووە.[2]
- هەزاران کەس لە شاری سلێمانی، لەدژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستان ڕێپێوانیان ئەنجامدا و دروشمی بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە، سوپای تورکیا بۆ دەرەوەیان بەرزکردەوە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک، لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک بۆردومانی ناوچەی نێروە و ڕێکانیان کرد و هاوکات فڕۆکە جەنگییەکان پشت چیایی زێباریان لە شارەدێی شێلادزێ بۆردومانکرد. هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەر، بۆردومانی سنوری گوندی بێشێلێی سنوری شارەدێی کانیماسیان لە ناوچەی بەرواری باڵای سنوری ئامێدی کرد.[1]
- پێنج تووشبووی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[6]
- د. دۆستی نەجات، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی رایگەیاندووە: سێ پزیشک و نۆ کارمەندی تەندروستییان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و ئێستا لە ژێر چاودێریدان.[5]
- کاکەییەکان داواکارن، چیتر نەبنە قوربانیی هێرشی چەتەکان و لە ناوخۆ و دەرەوەدا ڕێکخراوەکان ڕۆڵی خۆیان بگرێن، هەروەها ڕەخنەیان لە حکومەتی ناوەند و هەرێم گرت، کە نەیانتوانیوە کاکەییەکانی باشوری کوردستان بپارێزن. کاکەییەکانی هەڵەبجە لەبەردەم هۆڵی بۆنەکان لە شارەکە گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا، تێیدا بەیاننامەیەکیان خوێندەوە و نارەزایی و داواکارییەکانیان تێدا خستەڕوو.[4](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- مەکتەبی سیاسی یەکێتی داوای کۆبونەوەی بەپەلەی لایەنە سیاسییەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی تێپەڕاندنی ئەو دۆخە سەختە دەکات کە هەرێمی کوردستانی پیا تێپەڕدەبێت.[5]
- تەندروستی هەرێم هۆشداری دەدات و رایدەگەیەنێت:خابوونەوەی ڕێکارەکانی خۆپارێزی، هەڕەشەیەکی ترسناکە و پێشبینی تەشەنەکردنی تووشبوان بۆ سەدان هاووڵاتی و زۆربوونی ڕێژەی مردن بۆ دەیان کەس لەڕۆژێکدا دەکات.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- عەبدوڵڵا سەنگاوی، سەرۆکی لیژنەی بەخاکسپاردنی مردووانی کۆرۆنا رایگەیاند، دەستدەکەین بە بەخاکسپاردنی تەرمی شەش قوربانی کۆرۆنا و دوو تەرمیش ڕەوانەی کەلار و هەڵەبجە کراونەتەوە.[7]
- سەرۆکی شارەوانی هەولێر و جێگرەکەی تووشی کۆرۆنا بوون و لە نەخۆشخانەی ناوەندی هەولێر چارەسەری پێویست وەردەگرن و خراونەتە ژێر چاودێرییەوە.[7]
- ژووری ئۆپراسیۆنەکانی پارێزگای دهۆک رایگەیاند، بە مەبەستی پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و تەندروستی گشتیی، لە کاتژمێر (12)ی ئەمشەوەوە تا ڕۆژی 1ی تەممووز دەرگای سەرجەم مزگەوتەکان دادەخرێت.[7]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەنێو قوتابخانەی دەروازەی کەرکوک بەشی ژمێریاری خوێندنی کوردی کە شوێنی دابەشکردنی مووچەی مامۆستایانە گڕی گرت و بەشێک لە کەلووپەلەکانی سووتان.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئیمارات راگەیێندراوێکی لەبارەی هێرشە ئاسمانی و زەمینییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان بڵاوکردەوە و ئیدانەی دەکات و دەڵێ دەبێ هەموو لایەک پابەندبن بە بنەماکانی دراوسێیەتی باش.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆ دووەمجار لەم هەفتەیەدا باڵیۆزی تورکیا لە عێراق بانگهێشت دەکات و داوای راگرتنی هێرشەکانیان لە سنووری عێراق لێدەکات.[2]
- لە دوو بەیاننامەی جیادا وەزارەتی دەرەوەی عیراق داوا بانگهێشتی وەزیرانی درەوەی ئێران و تورکیا دەکات و داواش لە هەردوو وڵات کردووە، پێویستە بۆردومان و هێرشەکانیان بۆسەر خاکی عیراق رابگرن و بەزووترین کاتیش هێزەکانی تورکیا لەسەر خاکی عیراق بڕۆنە دەرەوە.[3]
- سعودیە و بەحرەین بەتوندی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر خاکی عیراق

شەرمەزار دەکەن و داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن هاوکاری عیراق بکەن.[6]
- بەرپرسێکی باڵای تورک بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاند: تورکیا بە نیازە لەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان کە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەو وڵاتەی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە تێدا بەردەوامە، بنکەی سەربازیی تازە جێگیر بکات. هەروەها دەشڵێت: ئۆپەراسیۆنەکە بە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی عێراق ئەنجام دراوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | بەحرەین |
| وڵات: | سعودیە، عەرەبستان |
| وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-18

[4] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 18-06-2020
[5] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 18-06-2020
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 18-06-2020
[8] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 18-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 172

**2020-06-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383599



باکووری کوردستان
- رێپێوانی دیموکراسیی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) بەردەوامە. قۆڵی جۆڵەمێرگی رێپێوانەکە دوای ئەوەی گەیشتە ئامەد و کۆتایی بە کار و چالاکییەکانی لە ئامەد هێنا دەستیان بە رێپێوانەکەیان کردەوە. ئەندامانی هەدەپە کە پەرلەمانتاریشیان لە ناودایە بۆ درێژەدان بە رێپێوانەکەیان و چوونە دەرەوە لە شاری ئامەد کۆبوونەوە.[5]
- سەربازانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بە پاساوی ئەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدەن، قەدەغەی هاتوچۆکردنی هاووڵاتییانیان بەسەر 15 گوندی ناوچەی تاتوانی بەدلیس دا سەپاند.[5]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان لە ئامەد و لەو هەڵکوتانەیاندا جەیلان ئاسلان ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی گەورە شاری ئامەد و ژیان تاش چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد دەستگیرکران.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو زیندانی بە ناوەکانی یووسف زەمانی و سینا مەردانی لە زیندانی ناوەندیی سنە، تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[8]
باشووری کوردستان
- داگیرکەری تورک، کۆمەڵکوژیی ئەنجامدا و لە سنووری شیلادزێ 5 هاوزمان شەهید بوون و چەند کەسێکیش برینداربوون.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندێکی ناوچەی دەرکارێ زاخۆیان بۆردومان کرد.[5]
- سەرچاوەیەک لە تەندروستی سلێمانی رایگەیاند، دوو تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێم رایگەیاند: لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 228 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 6 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- رێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی یەکێتی رایگەیاند: دەبێت هەرێمی سلێمانی بەتەنیشت هەرێمی هەولێرەوە دروست بکرێت و ئەوەش داوایەکی دەستورییە هەروەک ئەوەی کە حکومەتی هەرێم داوای جێبەجێکردنی دەستور لەبەغدا دەکات.[6](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- شەوی رابردوو، لە هەولێر لەسەر یاری کۆنکان شەڕ رویداوە و لە ئەنجامی تەقەکردنیشدا سێ کەس گیانیان لەدەستداوە و کەسێکی تریش بریندار بووە.[2]
- تەندروستی کەرکوک رایگەیاند، لە ماوەی 24سەعاتی رابردودا 52 حاڵەتی نوێی توشبون بە کۆرۆنا و چاکبونەوەی 1 حاڵەت و حاڵەتێکی گیان لەدەستدانیش تۆمار کراوە.[2]
- د. یاد نەقشبەندی، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانی بە تۆڕی میدیایی رووداوی

ڕاگەیاند: لە سلێمانی 75 تووشبووی کۆرۆنا باری تەندروستیان ناجێگیرە و نزیکەی 20 کەسیان لە دۆخێکی خراپدان، نەخۆشخانەکانیشمان لە لێواری پڕبووندان.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە پێی زانیارییەکان، دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە پێی کاتی هەرێمەکە لە کاتژمێر 12:20 دا گوندەکانی زیارەت، ئاقیب و بێنێ تۆپباران کرد و بەهۆی ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی تۆپباران کرا، زەویە کشتوکاڵیەکان سووتان.[5]

- داگیرکەران دوێنێ لە گرێ سپی منداڵێکیان بە ناوی عودەی عەبدولحەسەن بەهۆی فیدیەوە ڕفاند. بەهۆی ئەوەی خانەوادەکەی نەیتوانی فیدیە بە چەتەکان بدات، منداڵەکەیان لەلایەن چەتەکانەوە شەهیدکرا. تەرمی منداڵەکە لە پارکی سەداقای ناوەندی گرێ سپی دۆزرایەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

دەرەوەی کوردستان

- دادگای دەستووری بنەڕەتیی تورکیا لەبارەی زیندانیکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەوە بڕیاریدا، مافەکانی دەمیرتاش پێشێلکراون و وەزارەتی دادیشی بە بژاردنی 50 هەزار لیرە بە دەمیرتاش سزا دا، بەڵام سەرباری ئەوانەش دەمیرتاش ئازاد نەکرا.[5]

- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەمدواییەی لەنێو خاکی عێراق، حکومەتی تورکیا ڕاوێژی لەگەڵ نەکردوون، دەشڵێ گرنگە لەمبارەوە هاوئاهەنگی لە نێوان تورکیاو عێراق هەبێت.[1]

- وەزیری تەندروستیی تورکیا ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 304 تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراون و 21 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکەش گیانیان لەدەستداوە.[1]

- مەلوود چاوشئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا لە دیدارێکیدا لەگەڵ کەناڵی (سی ئێن ئێن – تورک) ڕوونیکردەوە، بۆمان دەرکەوتووە سلێمانی کەوتووەتە ژێر کاریگەری پەکەکە و هەندێ وڵات پەکەکە وەک ئامرازێک بۆ فشار خستنە سەر -(حکوومەتی هەرێمی کوردستان)- بەکاردەهێنن.[3]

- وەزیری دەرەوەی تورکیا، مەولوود چاوشئۆغلو ئاشکرایکرد. وڵاتەکەی زۆر نیگەرانە بەرامبەر پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە لە سووریا و لێک نزیکبوونەوەیەکی ئەرێنی لە نێوان ئەردۆغان-ترمپ هەیە سەبارەت بە لیبیا.[1]

- میسر ئیدانەی پەلامارە سەربازییەکانی ئێران و دەوڵەتی تورک دەکات لەناو خاکی باشوری کوردستان و بە پێچەوانەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە قەڵەمی دەدات.[4]

- دیلان غەفوور، پەرلەمانتارێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، زمانی کوردی لەسەر نووسراوەکانی نووسینگەی سەرۆکوەزیران لابردراوە، ئەمەش سەرپێچی حکومەتی نوێی عێراقە بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی.[1]

- لە وڵاتی هۆڵەند بە چەقۆ هێرشکرایە سەر سادق زەرزا، کەسایەتی و ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: حزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: لیبیا
🗺️ وڵات: NL هۆڵاند
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺️ وڵات: ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-06-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 19-06-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 19-06-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 19-06-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-06-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 19-06-2020
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 173

**2020-06-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383600



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سوپای پاسداران مانۆڕێکی بەربڵاویان لە ناوچەی مەریوان لە دەوروبەری گوندەکانی "ئەگجە" و "گۆگجە" لە کوێستانی چل چەمە بەڕێوەبرد.[6]
- بە پێی راپۆرتەکان، "شەهرام سەفەری" رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری کاناڵی تێلگرامی "راوێژپرێس"، کە پێشتر بە تۆمەتی "بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست و تێکدانی بیرورای گشتی" لە رێگەی بڵاوکردنەوەی رێژەی قوربانیانی ویرووسی کۆرۆنا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەستبەسەر کرابوو، سزای 91 رۆژ زیندانی بەسەر داسەپا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەیووب رۆستەمی تەمەن 27 ساڵ و خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی، لە نەوسوود بە تەقەی هێزە نیزامییەکان حکوومەت پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لەو رووداوەدا گوللە وەبەر هەر دوو لاقی کەوتووە.[8]
- لە پادگانی تەکاوەرانی پەسوێ لە گوندی گردکشانەی شاری پیرانشار، لە کاتی تاقیکردنەوەی تۆپدا، گوللە تۆپێک دەتەقێتەوە و ژمارەیەک لە پاسدارەکان لەو پادگانە دەکوژرێن و بریندار دەبن. بەپێی قسەی هاووڵاتییانی شاری پیرانشار و بە تایبەتی خەڵکی پەسوێ، لەو رووداوەدا، 13 کەس لە هێزە نیزامییەکانی پایگای تەکاوەرانی پەسوێ، کوژراون.[8]
باشووری کوردستان
- جەماوەری تووڕەی شیلادزێ، دژی داگیرکاری و بۆردوومانەکانی تورک خۆپیشاندانیان رێکخست. خۆپیشاندەران بارەگایەکی پارتییان بەردباران کرد و لە ئەنجامدا خۆپیشاندانەکە توندوتیژیی لێکەوتەوە و لە هەردوو بەرەی خۆپیشاندەران و پۆلیس و ئاسایش چەند کەسێک برینداربوون.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- فڕۆکە جەنگییەکان و کۆپتەرە جەنگییەکانی جۆری کۆبرای سوپای تورکی داگیرکەر ناوچەی خانتوریان لە حەفتانین بۆردومانکرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا 266 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 9 کەسیش گیانیان لەدەستداوە، کە یەکێکیان لە هەولێرەوە و حەوت کەسیان لە سنووری پارێزگای سلێمانین و ئەوەی دیکەش لە پارێزگای هەڵەبجەیە.[3](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- هێرش سەلیم، جێگری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لە رونکردنەوەیەکدا تووشبوونی خۆی بەڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پارێزگای هەولێر رایدەگەیەنێت، بەهۆی تووشبوون چەند بەرپرسێکی ئیداریی و فەرمانبەر، بۆ ماوەیەک دەوام لە سەرۆکایەتی شارەوانی و سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر رادەگیرێت.[5]
- کوڕی تووشبوویەکی کۆرۆنا لە سلێمانی، هێرش دەکاتە سەر کارمەندانی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا، دوای گیانلەدەستدانی باوکیشی هەڕەشە لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە دەکرێت، بۆیە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە داوای جێگیرکردنی مەفرەزەیەکی ئاسایش دەکات لەبەردەم نەخۆشخانەکەی.[5]
- لە خانەقین و شارەبان شەڕ لەنێوان حەشدی شەعبی و داعش روویدا و کوژراوی لێکەوتەوە.[2]
- کەشناسی هەرێم هۆشداری سەبارەت بەو خۆرگیرانە نیمچەییە دەدات کە بڕیارە سبەی یەکشەممە لە هەرێمی کوردستان روبداو زیاتر لە دو سەعاتی پێبچێت و داوا لە هاوڵاتیان دەدات راستەوخۆ سەیری نەکەن چونکە دەبێتە هۆی کوێربونی کاتی یان هەمیشەیی یان دەبێتە هۆی حاڵەتی لەدەستدانی توانای بینینی رەنگەکان.[7]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی رایگەیاند، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بڕی هەشت ملیۆن و 500 هەزار دۆلاری وەک حەقدەستی هەناردەکردنی نەوت لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا وەرگرتووە.[2]
- ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە پەرلەمانی عێراق داوای لە حکومەتی عێراق کرد سکاڵای یاسایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر تورکیا تۆمار بکات.[1]

- وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق رایگەیاند، لە 24 کاژێری رابردوودا هەزار و 870 کەس لە عێراق و هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 88 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. ئەمەش زۆرترین ژمارەی مردن و تووشبوونە بە کۆرۆنا لە رۆژێکدا تۆمارکرابن.[2]
- نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی ئێراق لە بەغداد لەسەر قەیرانەکانی نێوان هەرێم و ئێراق کۆبووەوە.[2]
- ئەندامێکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە پەرلە مانی عێراق داوای لە حکومەتی عێراق کرد سکاڵای یاسایی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر تورکیا تۆمار بکات.[1]
- کۆمسیۆنی ئەمریکا بۆ ئازادیی ئایینی نێودەوڵەتی(USCIRF)، ئیدانەی هێرشی تورکیا لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان دەکات و داواش لە سەرۆکی تورکیا دەکات هێرشە ئاسمانییەکان و شەڕ لە نزیک ناوچە مەدەنییەکان رابگرێت.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-20
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-20
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-20
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-20
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-06-20
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-20
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-21

کاتی تۆمارکردن: PM 2:55:51 2020-05-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 174

**2020-06-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383601



باکووری کوردستان
- سوپای دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە قەرەقولی ئاکدیزگینەوە کە دەکەوێتە ناوچەی باسانی شرنەخ، شاخی گاباریان دایە بە دەسترێژی گوللە. دوای دەسترێژەکە، لە چەند ناوچەیەک ئاگر کەوتووەتەوە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی سەید ئەحمەد سەبری کوڕی مستەفا، خەڵکی پەسوێی پیرانشار، جارێکی دیکە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان، بە هێرش کردنە سەر ماڵی باوکی ئەو هاووڵاتییە لە پەسوێ، بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەحمەدیان دەسبەسەر کردووە. هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو هاووڵاتییە کوردەیان بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردبوو.[7]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی دەوڵەتی تورک لەناو خاکی باشوری کوردستانەوە بۆردوومانی گوندی نەهێلی-یان کردووە لە شارەدێی دێرەلۆک لە شارۆچکەی ئامێدی.[2]
- لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 875 پشکنینی نوێ کراوە، کە 489 لە هەولێر، 809 لە سلێمانی و 375 لە دهۆک، 30 لە هەڵەبجە و 172 لە گەرمیانن. لەو پشکنینانە 326 تووشبووی نوێ تۆمارکراوە و 12 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە خورماتوو بەهۆی کۆرۆناوە کەسێکی دیکە گیانی لەدەستداو 11 کەسی تریش چاکبوونەوە.[1]
- حکومەتی هەرێم بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی موچەی سەرجەم فەرمانبەران بە ڕێژەی 21٪، هەروەها کەمکردنەوەی 50٪ی موچەی سێ سەرۆکایەتییەکە و پلە باڵاکان.[4](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- بەشێک لەکارمەندانی هاچوتۆی سلێمانی لەبەردەم سلێمانی پالاس گردبوونەوە و ڕایانگەیاند، هەتا مووچەکانیان پێ نەدرێت ناچنەوە سەر کارەکانیان.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دەوامی فەرمانگەکانی هەڵەبجە هەفتەیەک ڕادەگیرێت.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەشێک لە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی دژی خراپی گوزەران و بێکاریی و خۆپیشاندانیان ئەنجامداو شەقامێکی سەرەکییان داخست.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەدژی نەهێنانی خزمەتگوزاریی بۆ سەر زەویەکانیان، ژمارەیەک لە خاوەن زەویەکانی گەڕەکی حەسارۆک لە شاری هەولێر گردبوونەوەیان ئەنجامدا و داوایانکرد، کە حکومەت یان خۆی خزمەتگوزاریی بۆ گەڕەکەکەیان بهێنێت، یان ڕێگابدات بە پارەی خۆیان خزمەتگوزاریی دابین بکەن.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێران تووشبوونی خۆی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پشتڕاست کردەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق گیانلەدەستدانی 87 کەسی دیکەی لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، بەمەش کۆی گشتیی ئەوانەی تاوەکو ئێستا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە هەزار و 100 کەس. هەروەها تاوەکو ئێستا 30 هەزار و 868 کەس تووشی کۆرۆنا بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

وڵات: IQ ئێراق

وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: TR تورکیا

وڵات: ↑ باکووری کوردستان

وڵات: ↓ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-21

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-21

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-21

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-21

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 175

**2020-06-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383602



باکووری کوردستان
- لە ئێلح سەرلەبەیانی ئەمڕۆ جەندرمەکانی تورک هەڵیانکوتایە سەر ناوەندی شارەکەو و ژمارەیەک گوند. لە ئەنجامی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا خەدیجە تاش هاوسەرۆکی شارەوانی شاروچکەی ئاوسکێ، تەحسین یڵدرم ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی تاوسکێ، حسێن تاش، جەمال دۆغان، ئەکرەم ئەڤروز و بایرام ئوزئاڵپ فەرمانبەرانی شارەوانی و بە گشتی 18 کەس دەستگیرکران.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخێرایی لە هەڵکشاندایە و یەکێک لەو پارێزگایانەی بەرپرسانی تەندروستیی نیگەرانکردووە ئیلامە. سەرۆکی زانکۆی زانستی پزیشکی ئیلام دەڵێ، لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەی تووشبووان هێندە زۆر بووە کە لە ماوەی 4 مانگی ڕابردوودا بێوێنەیە.[2]
بەرپرسانی پارێزگاکانی سنە، کرماشان و ورمێ دەڵێن ڕۆژانی دژوارترمان لەپێشە، چونکە ژمارەی تووشبووان لە یەک هەفتەی ڕابردوو لەو سێ پارێزگایە، لە ژمارەی تووشبووانی یەک مانگی ڕابردوو زیاترە، بۆیەش پێشوەختە هۆشداریان داوە ئەگەر خەڵک خۆیان نەپارێزن، دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و نەخۆشخانەکانیش ناتوانن هەموو تووشبووانی کۆرۆنا وەربگرن.[4]
باشووری کوردستان
- هونەرمەند عەتا چاوشین لە سلێمانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[1]
- فڕۆکەی تورکیا گوندی ئیسف ئاڤای لە سنووری زاخۆ بۆردوومان کرد کە شوێنێکی نزیکی کۆمەڵگەی بیسێڤێیە. گوندەکە ساڵانێکە لەبەر بۆردوومانی تورکیا چۆڵکراوە و نزیکەی 30 پوورەی هەنگ زیانیان بەرکەوتووە.[2]
- فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک ناوچەی حەفتانینی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی میدیایان بۆردومان کرد.[7]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە ڕێکخراوی یەسنا و پەرستگای زەردەشتیان لە شاری سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا و بە دروشمی'ژیان یەک ریگایە، ئەویش ڕاستییە'، ئەنجومەنی باڵای زەردەشتیانی کوردستان ڕاگەیەندرا.[5]
- یەکەم پەرستار بەناوی کەوسەر تەها لە نەخۆشخانەی شەهید ئاسۆ بە کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە ماوەی شە و و ڕۆژی ڕابردوودا 299 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 8 کەسیش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و 16 تووشبووی دیکەش بە تەواوەتی چاکبوونەتەوە و ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- د.میران محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند :ئێمە چاوەڕێی ئەوەمان لە حکومەت نەدەکرد کە ئەمرۆ ئە و بڕیارە خراپە بدات بە کەم کردنەوەی موچە.[3]
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی گەرمیان، دژی کەمکردنەوە و دواکەوتنی مووچەکانیان ڕژانە سەر شەقام و ڕایانگەیاند، تا گێڕانەوەی مافەکانیان درێژە بەخۆپیشانەکان دەدەن.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە توندی ئیدانەی داگیرکارییەکانی سەر باشوری کوردستان دەکات، هەروەها نیگەرانە لە دۆخی مووچەخۆران و داوا دەکات، کە دەسەڵات پابەندی بەڵێنەکانی بێت و 30 ڕۆژ جارێک مووچە بدات.[5]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی دژی بڕیاری حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بە هەموو جۆرێک ئە و بڕیارە ڕەتدەکەنەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- عەبدولکەریم عومەر، هاوسەرۆکی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر ڕایگەیاند، شاندێکی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە قامشلۆ سەردانی کردون و بە گوێرەی بەڵگەنامە فەرمییەکان، 10 منداڵی چەکدارانی داعشی بە ڕەچەڵەک فەرەنسییان ڕادەست کردون.[4]

- لە شاری گرێ سپی کە لەلایەن دەوڵەتی تورک و چەتەکانییەوە داگیرکراوە، فشار خراوەتەسەر خەڵک کە لەمەبەدوا لە بازاڕکردندا لیرەی تورکی بەکاربێنن!. بۆ ئیدانەکردنی سەپاندنی بەکارهێنانی لیرەی تورکی، خەڵکی شاری گرێسپی گردبوونەتەوە و لە بەرامبەر ئەو بڕیارەدا ناڕەزایەتییان نیشانداوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگریی تورک کوژرانی سەربازێکی لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند و باس لە گیانلەدەستدانی دوو گەریلاش دەکات.[2]

- وەزارەتی تەندروستی ئێران ڕایگەیاند: لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 2573 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 119 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[3]

- بەهۆی کۆرۆناوە، سعودیە حەجی لە خڵکی دەرەوەی وڵاتەکەی قەدەغەکرد.[1]

- سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند، تورکیا لە لیبیا یارییەکی مەترسیدار دەکات، ئەوەی تورکیا دەیکات پێشێلکارییە بەرامبەر بە کۆنفرانسی بەرلین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح

شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان

وڵات: فرەنسا

وڵات: IR ئێران

وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ↓ باشووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

وڵات: سعودیە، عەرەبستان

وڵات: لیبیا

وڵات: ↑ باکووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-22
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 176

## 2020-06-23

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383603




باکووری کوردستان
- بەکر پۆلات و جانان تاغتەکین هاوسەرۆکانی شارەوانی شاروچکەی ساریجانی ناوچەی دەپی خارپێت دەستگیرکران. بە پێی زانیاریەکان پۆلیسی تورک هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هاوسەرۆکانی شارەوانی و هەردووکیان و محەمەد ساری بەڕێوەبەری هەدەپە دەستگیرکراون. باڵەخانەی شارەوانیش لە لایەن سەربازانەوە گەمارۆ دراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عەلیڕەزا کاکاوەند بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی پارێزگای کرماشان، بە ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی وتووە: لەم پارێزگایەدا نزیکەی 400 گوند کێشەی کەمیی ئاویان هەیە. کاکاوەند ئاماژەی بەوەداوە: کە ئەم 400 گوندە زیاتر لە 20 هەزار دانیشتوویان هەیە و لە ئێستادا 80 بۆ 85 گوندیان بە تانکەر ئاویان دابین دەکرێت و بۆریی ئاویان بۆ ڕانەکێشراوە.[4]
- بەرەکە ڕایگەیاند، ئێران هێزێکی زۆری بردووەتە گوندەکانی سنووری شاری مەریوان و لە خوێندگا و مزگەوتەکاندا جێگیرکراون و لە ئێستادا ئۆپەراسیۆنێکی فراوانیان دەستپێکردووە.[5]
- ئێران هێزێکی زۆری هێناوەتەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی هێزی وشکانی سوپای پاسداران دەڵێت، ئامانجیان لێدانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە خاکی باشووری کوردستان. هەروەها هۆشداریی دەدات لەئەگەری هەر جموجۆڵێک هێرشیاندەکرێتەسەر.[1]
باشووری کوردستان
- لە پەیامێکدا لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی یەکێتی ڕایگەیاند، لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی بەغدا و هەولێر، هەڵپەساردنی بەشداری لە پەرلەمان و حکومەت و هەڵبژاردنی پێشوەخت یەکێک دەبێ لە بژاردەکانی حزبەکەی.[4]
- زێرەڤان موسا، بەڕێوەبەری شارەدێی دەرکار ڕایگەیاند، تۆپخانە و فڕۆکەکانی تورکیا چیای خانتیریان لە سنووری زاخۆ کردووەتە ئامانج و 23 مووشەک و تۆپ ئاراستەی ناوچەکە کراون. بەڕێوەبەری شارەدێی دەرکار ئاماژەی بەوە دا، هێرش و تۆپباران و بۆردوومانەکانی تورکیا ترس و دڵەڕاوکێیان بۆ دانیشتووانی 15 گوند دروستکردووە.[1]
- لە ماوەی شە و و ڕۆژێکدا 299 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 11 کەسی دیکەش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە ڕۆژانە سەدان تووشبووی کۆرۆنا لە

هەرێمی کوردستان تۆماردەکرێن لەبەرئەوەی داوادەکەین بڕیاری قەدەغەی هاتووچۆ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێداویستییەکانی ژیان رابگەیێنرێتەوە. بەتایبەت هاتووچۆی نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەتووندوتۆڵی وەک ئێستا بمێنێتەوە.[1]
- لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە لە گوندی سەرگەت، شەڕ لەنێوان پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان و چەند کەسێک روویدا، پۆلیس دەڵێ ئەوانە کاڵایان لەئێرانەوە بەقاچاخ هێناوە، لە ئەنجامدا یەکێکیان کوژرا و بنکەی پاسەوانی سنووری سەرگەتیش لەلایەن کەسوکاری کوژراوەکەوە سووتێنرا. فەرماندەی پاسەوانەکانیش بریندارکراوە.[1]
- جارێکی دیکە بەشێک لەکارمەندانی هاتوچۆ و مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ داواکردنی مووچەکانیان لەبەردەم باخی گشتی سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەهۆی کێشەی زەویوزارەوە لە گوندی کەژەک لە سیدەکان چەند بنەماڵەیەک بووەتە شەڕیان و کوژراو و بریندارایان هەن.[1]
- لە شەڕی نێوان دوو خێزان لە هەولێر، ژنێکی تەمەن 40 ساڵ کوژرا، کە دوور و نزیک پەیوەندی بە کێشەی ئەو خێزانانەوە نەبووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەنێو بازاڕی شاری سەرێ کانی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کوژراو و بریندار هەن.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەئەنجامی بۆردومانێکی سوپای تورکیا بۆ سەر گوندێک لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ چوار چالاکوانی ژن گیانیانلەدەستدا و ژمارەیەکی تریش بریندارببوون.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە بە سەرۆکایەتیی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان چووە بەغدا و پرسی نەوت، بودجە، داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی ناوخۆ تاوتوێدەکرێن.[1]
- وتەبێژی تەندروستی ئێران رایگەیاند: لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 2445 کەس لە ئێران تووشی کۆرۆنا بوون و 121 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاماری نوێی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێ، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 27 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە؛ کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکەش گەیشتووەتە پێنج هەزار و یەک کەس.[1]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی تووشبوون، مردن و چاکبوونەوەی کۆرۆنای لە سەرانسەری وڵات بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی تەندروستی عێراق، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا پشکنینی پزیشکی بۆ 10 هەزار و 672 گومانلێکراو ئەنجامدراوە و تووشبوونی هەزار و 826 کەسی دیکە بە پەتاکە پشتڕاست کرایەوە. وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، لە ماوەی شە و و ڕۆژێکدا 84 کەسیش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 23-06-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 23-06-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 23-06-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 23-06-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 23-06-2020
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 01-05-2020 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 177
## 2020-06-24
https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383604



باکووری کوردستان
- محەمەد زرگ هاوسەرۆکی شارەوانی جزیر دوای ئەوەی لە پۆستەکەی دوور خرایەوە، 6 ساڵ و 3 مانگ سزای زیندانی بەسەردا سەپێندرا.[4]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک ئەم جارە دەستی بەسەر شارەوانی ساروجانی خارپێتدا گرت و قەیومی داگیرکەری لەجێگەی هاوسەرۆکانی شارەوانی دامەزراند. دوێنێت بەکر پۆلات و جانان تاغتەکین هاوسەرۆکانی شارەوانی ساروجان دەستگیرکران. لەگەڵ شارەوانی ساروجان، تا ئێستا 46 شارەوانی هەدەپە دەستیان بەسەرداگیراوە و بە تەنها 12 شارەوان لەدەستی هەدەپەدا ماون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە گوندی کورانی ورمێ لە نزیک سنووری باکووری کوردستان شەڕ لە نێوان گرووپێکی چەکدار (پێدەچێت پژاک بێت) و سوپای پاسداران ڕوویداوە و بەهۆیەوە بۆ ماوەی چەند کاژێر دەنگی تەقە لە گوندەکە بیستراوە. بەگوێرەی ئەو سەرچاوانە بەشێک لە بەرزاییەکانی

دەوروبەری گوندی کوران لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای پاسداران بۆردوومانکراوە. سەرچاوە لۆکاڵییەکان ئاماژە بەوەشدەکەن؛ هێڵەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆن لە گوندی کوران و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ماوەیەک راگیراون.[1]
- شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزێکی سپای پاسداران لە دۆڵە مەیدان و خۆڵسەر لە سنووری پیرانشار هاتە ئاراوە. لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا، هێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، بەرپەرچی هێرشی هێزەکانی سپای پاسدارانیان داوەتەوە و هێزەکانی سپا ئەو شوێنەیان چۆڵ کردووە.[8]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی قاسم سەرباز کوڕی تاجەدین خەڵکی گوندی سگریک سەر بە شاری چاڵدێران، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە بەرزاییەکانی ئەو شارە گیانی لەدەست دا.[8]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شاری کەرکوک 123 حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکرا و هەروەها حاڵەتێکی مردنیش هەبووە بەهۆی ئەو پەتایەوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا ئاماری 24 سەعاتی رابردووی بڵاوکردەوەو بەپێی ئامارەکەش لەو 24 سەعاتەدا 216 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و چوار کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لیژنەی باڵای ئۆپراسیۆنەکانی پارێزگای سلێمانی بڕیاریدا لەسبەینێوە هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لە سەنتەری (ناوبازاڕی) شاری سلێمانیدا رادەگیرێت و هاووڵاتیان بەپێی رێنماییە خۆپارێزیی و تەندروستییەکان تەنها بەپێ دەتوانن هاتووچۆو بازاڕ بکەن.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئاراس شێخ جەنگی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی رایگەیاند: بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی حزبەکەی کە بەرەبەیانی دوێنێ بڵاوکرایەوە بە دڵی کەسێک نوسراوە. داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێم دەکات و پێی وایە ئەم حکومەتە بدرێتە چوار پیاوی عاقل لە بەغداو بەسرەوە باشتر بەڕێوەی دەبەن. دەشڵێت: پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی لەوپەڕی خراپیدایە، سەرۆکی پارتی و یەکێک لەجێگرەکانی وتویانە بەهیچ شێوەیەک ئێمە لەگەڵ سەرکردایەتی نوێی یەکێتی دانانیشین.[3]
- 219 پزیشک و کارمەندی تەندروستی کە دانیشتووی هەولێرن و لە کەرکوک دەوام دەکەن، کێشەی هاتووچۆیان بۆ دروستبووە و دوای تەواوبوونی دەوامەکەیان رێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە هەولێر.[1]
- دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستیانپێکردەوە، ئەوەش دوای ئەوەی بەهۆی تووشبوونی پەرلەمانتارێک و ژمارەیەک فەرمانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ ماوەی 14 رۆژ دەوام لە پەرلەمانی کوردستان راگیرابوو.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- بە دەیان هەزار هاوڵاتی لە کۆبانێ لە دژی کۆمەلکوژکردنی 3 ژنی کورد رژانە سەر شەقام و رێپێوانیان کرد و هێرشی فڕۆکەی جەنگی بێفرۆکەوانی دەوڵەتی داگیرکەریان رسوا و شەرمەزار کرد کە لە ئەنجامدا 3 ژنی کورد شەهید بوون.[4]
- لە منبج دوو تەقینەوەیە ئەنجامدران. ئەنجومەنی سەربازی منبج رایگەیاند، لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا 2 هاوڵاتی مەدەنەی گیانیان لەدەستداوە و تەقینەوە بە دەستی میت ئەنجامدراوە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- محەمەد یاسین پاڵەوانی کوردی بەرزکردنەوەی قورسایی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی سوید گیانی لەدەستدا.[7]
- عێراق و یۆنامی هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆسەر خاکی عێراق رەتدەکەنەوە و ئیدانەی دەکەن، داواش لە تورکیا دەکەن دەست لە هێرشەکانی هەڵگرێت و رێگەی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە بدۆزرێتەوە، ئاشکراکرا، کە فوئاد حسێن سەردانی تاران و ریاز دەکات.[2]

- له هێرشێکی ئاسمانی سوپای ئیسرائیلدا بۆ سەر دێرەزۆر و سوەیدا لە سوریا، پێنج چەکداری سەر بە ئێران کوژران.[2]
- ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق، یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن و داوای دانیشتنێکی تایبەت دەکەن لەسەر هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بە میوانداری مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران.[4]
- پۆلیسی ئەوروپا (یورۆپۆل)، نوێترین راپۆرتی خۆی لەسەر کار و چالاکییەکانی گروپە سیاسیی و چەکدارییەکان بڵاو کردەوە، کە بەشێکی تایبەتە بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە). لە راپۆرتەکەی (یۆرۆپۆل)دا هاتووە: پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، تا ئەمڕۆ هیچ کردەوە و هێرشێکی تیرۆریستیی لە سەرتاسەری خاکی ئەوروپا ئەنجام نەداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ جزیرا بۆتان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: IL ئیسرائیل
🗺 وڵات: SY سووریا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: SE سوید
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-06-2020
[2] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-06-2020
[3] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 24-06-2020
[4] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-06-2020
[5] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 24-06-2020
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 24-06-2020
[8] 🌍 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 24-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 178

**2020-06-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383605



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سێ هاووڵاتیی خەڵکی شاری ورمێ بە ناوەکانی "مەسعوود حاجیزادە" تەمەن 44 ساڵ، "کەیوان ڕەشۆزادە" تەمەن 26 ساڵ و "ئومید سەعیدی" تەمەن 25 ساڵ، کە ماوەیەکە لە زیندانی ناوەندی ئەم شارە ڕاگیراون، هیچ زانیارییەک لە چارەنووسیان بەردەستدا نییە و نازانرێت چییان بەسەرهاتووە.[7]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەلی بروکی میلان کوڕی عادڵ خەڵکی گوندی ناوری شاری چاڵدێران، پاش دەسبەسەرکردنی لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە، بە دەست و پێ بەستراوەییەوە دراوەتە بەر دەسڕێژی گوللە و گیانی لەدەست داوە.[8]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکسەیرانگای گوندی کونەماسیی سەر بە شارباژێری پارێزگای سلێمانیان بۆردومان کرد و سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە گەریلالایەک یان (دووان) شەهید بووە و چەندین هاووڵاتیش برینداربوون، 5 لە بریندارەکان ئەندامی یەک خێزانن.[1]
- لە سنوری دەڤەری برادۆستی پارێزگای هەولێر، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کوێستانەکانی سنین، بێرکم و لۆلان و گوندی خەلیفان و گەرووی زرارانیان بۆردومان کرد.[6]
- لە سەربەیانی ئەمڕۆوە تا نیوەڕۆ، ژمارەی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سنووری پارێزگای سلێمانی گەیشتووەتە 9 کەس.[5]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 16 هاووڵاتی بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 195 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون.[1]
- قایمقامی سەیدسادق گیانلەدەستدانی دوو تووشبووی کۆرۆنای ڕاگەیاند و دەڵێت، ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە ژنێکی تەمەن 52 ساڵ و پیاوێکی تەمەن 55 ساڵە.[1]
- تەندروستی کەرکوک ڕایگەیاند: لە ماوی 24 سەعاتی ڕابردودا 123 حاڵەتی نوێی توشبون بە کۆرۆنا و چاکبونەوەی 41 حاڵەت و حاڵەتێکی گیان لەدەستدانیشی بە کۆرۆنا تۆمارکردوە.[2]
- شەوی ڕابردوو، نۆ پێشمەرگەی لیوای شێخ سەباح بارزانی دانیشتووی شارەدێی شیلادزێی سەر بە پارێزگای دهۆک، بۆ چەند کاتژمێرێک لەلایەن فەرماندەییەکەیانەوە دەستگیر کران، بەهۆی ئەوەی بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکەی ڕۆژی 20ی ئەم مانگەدا کردبوو.[6]
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕایدەگەیەنێت، هەرکەس پلازمای خوێن بە تووشبووانی کۆرۆنا بفرۆشێتەوە وەک تاوانبار مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بەتاوانی بازرگانی کردن بەجەستە توندترین سزا دەدرێت.[3]
- لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسنووری شارۆچکەی کەلار،

بەبڕیاری قائیمقامی کەلار مەزادی ڕۆژی هەینی شاری کەلار دادەخرێت.[2]
- کاتژمێر 12ی نیوەڕۆی ئەمڕۆ هێزێکی هاوبەش لە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک چوونە سەر فیتەر و پیشەوەرانی بازاڕی حەسیرەکە لە شاری کەرکوک، بەمەبەستی چۆڵکردنی دوکانیان و گواستنەوەیان بۆ ناوچەی پیشەسازیی تازەی کەرکوک، بەڵام پیشەوەران ڕەتیانکردەوە، شوێنەکانیان چۆڵکەن، ئەویش بەهۆی گرانیی نرخی دووکانەکانی ناوچەی پیشەسازیی نوێ. لە بەرامبەردا هێزە ئەمنییەکان دەستیان بە رووخاندنی کەپر و شوێنکاری ئەو پیشەوەرانە کرد و پیشەوەرەکانیش دژ بەو کارەی هێزە ئەمنییەکان، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. هێزە ئەمنییەکان تەقەیان بەسەر خۆپیشاندەراندا کرد و بڵاوەیان پێکردن، ڕێگاشیان بە ڕۆژنامەنووسان نەدا، لەنزیکەوە ڕوومالی خۆپیشاندانەکە بکەن و لێدوانی پیشەوەران وەربگرن.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە هەولێر تەقینەوەیەک لە کۆگایەکی چەک و تەقەمەنی لە یەکێک لە فێرگەکانی مەشقی پڵنگەکانی زێرەڤانی لە بنەسڵاوە روویدا؛ سێ کەس بەهۆیەوە برینداربوون.[4]
- بەرپرسی میحوەری گوێر - مەخمووری هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لە 72 کاژێری ڕابردوودا فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە 15 جار هێرشیان کردووەتە سەر چەکدارانی داعش لە چیای قەرەچووخ و نزیک گوندی کوشاف، بەپێی زانیارییەکانیش 18 چەکداری داعش کوژراون.[4]
- سەرۆکی یەکێتیی کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانیی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراق دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان، بەڵام بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی سلێمانی دەڵێت دەستپێکردنەوەی گەشتەکان کارێکی ئاسان نییە.[4]
- لە کۆی 28 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە دەنگی 27 ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا، عەلی تەتەر بە پارێزگاری نوێی دهۆک هەڵبژێردرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی لەبارەی تیرۆر بۆ ساڵی 2019 بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لەگەڵ هاوپەیمانەکانیاندا هەنگاوی باشیان ناوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام تیرۆر هێشتا هەڕەشەیە لەسەر جیهان. لە ڕاپۆرتەکەدا جارێکی دیکە پەکەکە بە تیرۆریست و ئێران بە پاڵپشتیکاری تیرۆر ناویان هاتووە.[4]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری تایبەت بە کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە دوێنێوە 107 کەس گیانیان لەدەستداوە و 2 هەزار و 437 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون. هەروەها هەزار و 237 کەس چاکبوونەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏣 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ مەخموور

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەیدسادق (شارەزوور)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
ولات: IQ ئێراق
ولات: IR ئێران
ولات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولات: ⬆ باکووری کوردستان
ولات: ⬇ باشووری کوردستان
ولات: ➡ رۆژهەلاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-25
[3] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-25
[4] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-06-25
[5] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-25
[6] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-06-25
[7] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پەیام - 2020-06-25
[8] مالپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-27

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 179

**2020-06-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383606



باکووری کوردستان
- ناشیدە تۆپراک هاوسەرۆک شارەوانیی فارقین و رۆژدا بارش بەڕێوەبەری کۆمەڵەی ژنانی رۆسا لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی تورکەوە لە ئامەد دەستگیرکران.[1]
باشووری کوردستان
- لە گوندی کاشانی شارەدێی دەرکاری سەر بە شارۆچکەی زاخۆ شەڕ لەنێوان پەکەکە و سوپای تورک روویدا و فرۆکەکانی تورکیاش گوندی شەرانش بۆردوومان دەکەن.[5]
- شەوی رابردوو، پارتی هێزێکی زۆری بە چەکی قورسەوە رەوانەی ناوچەی شیلادزێ و بامەڕنی کرد و لە نزیک بارەگاکانی تورک جێگیری کردن.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 311 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 13 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری نوێی کۆرۆنای ئەمرۆ 26ی حوزەیرانی بڵاوکردەوە

و تیایدا هاتووە لە شاری کەرکوک 61 تووشبووی نوێ بەڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون و لەبەرامبەردا 35 کەس ئەمرۆ لەو شارە چاکبوونەتەوە، هەروەها 8 حاڵەتی مردن بەهۆی ئەو پەتایەوە تۆمارکراون.[1]
- جێگری سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی پەرلەمان رایگەیاند، لە باشماخ و پەروێزخان گەندەڵییەکی لە رادەبەدەر هەیە و چەند کەسێکی ئە و بەر دەستیان بەسەر کۆمپانیاکاندا گرتووە و لە چەند کاتژمێرێکدا 25 تا 30 ملیۆن دۆلار داهات هەبووە، بەڵام لە و داهاتە لەسەدا چوار تا 10ی دەدرێتەوە حکومەت. پەرلەمانتارێکیش رایگەیاند، ئەوەی ئێستا لە خاڵە سنوورییەکان روودەدات لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا وێنەی نەبووە و ئێستا خەڵکی سەربازی بوونەتە قاچاغچی.[3]
- سەبارەت بە قسەکانی ئاراس شێخ جەنگی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردبو و وتبوی: ئەم حکومەتە بدەرە دەست چوار پیاوی عاقڵ لە بەغدا یان بەسرەوە لە بازاڕی دۆلارەکە باشتر بەڕێوەی دەبەن، هێڤیدار ئەحمەد، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: ئەو دەیەوێت هەرێمی کوردستان وەک کەرکوک رادەستی حەشدی شەعبی بکات.[6]
- هوشیار زێباری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نیگەرانیی خۆی بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکەی ئێستای سوپای تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە سنووری زاخۆ، دەردەبڕێت. ئاماژە بەوە دەکات، ئەو ئۆپەراسیۆنەی تورکیا لە سنووری زاخۆ پەرەسەندنێکی جیۆسیاسیی زۆر جیددییە و دەشڵێت، چڕیی هێرشەکەش جێگەی نیگەرانییە.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی تۆپبارانی چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکدا زەویە کشتوکاڵیەکانی گوندی سکەری و بەربەری هەرێمی باب سووتان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق دەکات، هێرش و بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر خاکی هەرێم و عێراق بووەستێنن.[4]
- سەرۆکایەتی کۆماری عیراق داوای راگرتنی ئە و پێشێلکاریانەی دەکات کە دەکرێتە سەر سەروەری نیشتمانی لە ئەنجامی کردە سەربازییەکانی تورکیاوە کە چەندین جارە ئاسمانی عێراق دەبەزێنێت.[7](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- شەوی رابردوو، تەقینەوەیەکی بەهێز خۆرهەڵاتی تارانی هەژاند.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ فارقین - سلیڤان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |

وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-06-2020
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 26-06-2020
[4] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 26-06-2020
[5] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 26-06-2020
[6] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 26-06-2020
[7] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 26-06-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 180
**2020-06-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383607



باکووری کوردستان
- گەریلاکانی پەکەکە لە چەلێ ئۆتۆمبێلێکی سوپای تورکی کردە ئامانج.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ماوەی سێ ڕۆژە کوێستانەکانی بوزین و مەرخێڵ لە پارێزگای کرماشان لە ئاگردا دەسووتێن و هێشتا ئاگرەکان کۆنترۆڵ نەکراون.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لقی 102ی دادگای کەیفەریی 2ی شاری پیرانشار، هاووڵاتییەکی کوردی بە ناوی سەید ڕەزا ئەحمەدی بە 5 ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرد. دادگا ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران تاوانبار کردووە.[5]
- ئەفشین شێخولئیسلامی چالاکوانی مەدەنیی شاری سنە دوای 40 ڕۆژ لە ئازادبوونی لە زیندان، هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەی و دووبارە بە بەرچاوی دایک و بنەماڵەکەیەوە دەستگیریان کردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- لە شاری کەرکوک 48 تووشبووی نوێ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون لەبەرامبەردا 16 کەس ئەمرۆ لەو شارە چاکبوونەتەوە، هەروەها هەر ئەمرۆ لە کەرکوک 3 حاڵەتی مردن بەهۆی ئەو پەتایەوە تۆمارکراوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان گیانلەدەستدانی 18 تووشبووی کۆرۆنا و تووشبوونی 348 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سوپای تورکیا بەقووڵایی 20 تاوەکو 40 کیلۆمەتر و سوپای ئێرانیش بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر خاکی هەرێمی کوردستانیان

بەزاندووە و بارەگای سەربازییان دروستکردووە.[3]
- زاگرۆس هیوا، وتەبێژی کۆمیتەی پەیوەندی دەرەوەی کەجەکە، ئاماژە بەوەدەکات، کە لە هەفتانین و خواکورک، بە درێژایی 300 کیلۆمەتر شەڕ لەنێوان گەریلا و سوپای تورک هەیە، دەشڵێت: بەپێی ئامارەکانی هەپەگە هەتا ئێستا 100 سەربازی تورک لەو شەڕەدا کوژراون، ئاماژەی بەوەشکردووە، کە گەریلا لەناو خەڵکدا نامێنێتەوە و هەرێمی خۆی هەیە، دەوڵەتی تورک بە مەبەست هاوڵاتیان بۆردوومان دەکات.[4]
- لەو رۆژەوە ئۆپراسیۆنی داگیرکەریی دەوڵەتی تورک بۆ سەر حەفتانین دەستی پێکردووە بەرپرسانی باشووری کوردستان کارەبای ناوچەی حەفتانیان بڕیوە و رێگاش نادەن هاووڵاتییان هاتووچۆی ئاسایی بۆ گوندەکانیان و بە پێداویستی و خۆراکەوە بچنە ناوچەکانیان.[1]
- ئاساییش، قارەمان شوکری زەینەدین، رۆژنامەنووس و چالاکوان، لە کۆمەڵگەی سیریَ-ی سەر بەشارەدێی شیلادزێ و دەستگیری کرد.[4]
دەرەوەی کوردستان
- رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی دەزگای دادی ئێران، داوای کردووە زەمینەی ئازادیی دەستوبردی کەمال حەسەن رەمەزان گیراوی سیاسیی خەڵکی سەرێکانی فەراهەم بکەن.[4]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری ئەمرۆ 27ی حوزەیرانی راگەیاند و تیدا هاتووە کە ئەمرۆ 101 حاڵەتی مردن لە عێراق هەبووە بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-27
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-27
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-27

[5] 🔊 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 27-06-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 181
**2020-06-28**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383608



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ چالاکوانی ژینگەپارێز کە یەکێکیان موختار خەندانی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی ژیوای پاوە بوو، ئێوارەی ئەمڕۆ لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگر لە ناوچەی مەڕەخێڵ لە پاوە گیانیان لەدەستدا.[1]
- چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی فەرانەک جەمشیدی، ئەندامی کۆمەڵەی سەوزی کوردستان لە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو چالاکە کوردە و پاش پشکنینی ماڵەکەیان، هێندێک کەرەستەی کەسیی ناوبراویان وەک کامپیۆتێر و موبایلەکەیان لەگەڵ خۆیان بردووە.[8]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی سنوورپارێزی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی سیلڤانای سەر بە ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەقەی ڕاستەوخۆیان لە ژمارەیەک کۆڵبەر کردووە، بەوهۆیەوە دوو کۆڵبەر کوژراون و یەکێکی دیکەش بە سەختی بریندار بووە. ماڵپەری هەنگاو بۆ پرسی مافی مرۆڤ ئاشکرای کردووە، دوو کۆڵبەرە کوژراوەکە یەکێکیان ناوی سالم سولەیمان نەژادە و ئەوەی دیکەیان ناوی داوود مەجیدیانە. سەرچاوە ناوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، خاڵێکی سەربازی ئێران لە چیای خەلیل ڕێگری لە خەڵکی ناوچەکە دەکەن، بۆ ئەوەی بچنە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی کۆڵبەرە کوژراوەکان بگەڕێننەوە.[3]
- زەینەب جەلالیان ژنە گیراوی سیاسیی کورد کە لە ئێستادا لە زیندان تووشی کۆرۆنا بووە و مانی لە خواردن گرتووە، گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی بەهمەن ڕەسووڵی خەڵکی سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی، ئەو هاووڵاتییە کوردەیان لە شوێنی کارەکەی خۆی دەسبەسەر کردووە.[8]
باشووری کوردستان
- تورکیا بەردەوامە لە بۆردوومان و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان، ئەمڕۆش تۆپخانەکانی تورکیا سێ گوند و ناوچەی لە سنووری هەردوو شارۆچکەی دەرکار و باتیفا لە سنووری شارۆچکەی زاخۆ تۆپبارانکرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە 24 کاژێری ڕابردوودا 139 تووشبووی کۆرۆنا تۆمارکراون و 6 تووشبووی ڤایرۆسەکەش گیانیان لەدەستداوە.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە ساڵیادی تێپەڕبوونی 33 ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی سەردەشتدا، لە هەڵەبجە مەراسیمێک بەڕێوەچوو، بەشداربووانی مەراسیمەکە هاوخەمییان بۆ قوربانیانی ئەو تاوانە دووپاتکردەوە.[4]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی وەفا لە پارێزگای هەڵەبجە ڕایگەیاند: ژنێکی تەمەن 75 ساڵ بە ناوی (خ. ا.م) بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا.[2]
- ئەمڕۆ تووشبووێکی دیکەی کۆرۆنا لە ڕانیە گیانی لەدەستدا، کە تەمەنی 65 ساڵە.[3]
- جێگری بەڕێوەبەری تەندروستی گەرمیان ڕایگەیاند: 60 کارمەند و پزیشک تووشی کۆرۆنا بوون.[2]
- قەدەغەی هاتووچۆ لە هەولێر و کەرکوک ڕاگەیەندرا.[7]
- ڕێژەی توشبوان بەڤایرۆسی کۆرونا لە کەرکوک لە هەڵکشانە و زیاتر لە هەزار حاڵەت لەو پارێزگایە تۆمارکراوە فەرمانگەی تەندروستی کەرکوکیش دەڵێت؛ دۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەرچووە و ئەگەر هاووڵاتیان پابەند نەبن ئێمە هیچمان پێ ناکرێت.[3]

- ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت، ئەوان لێکۆڵینەوە لە هێرشەکەی کونەماسی ناکەن، بە وتەی ئەو ئەرکی دامودەزگا ئەمنییەکانی سلێمانییە لێکۆڵینەوە لەو بۆردوومانە بکەن، دەشڵێت: ئەرکی ئێمە نییە هیچ بکەین لەسەر ئەو بۆردوومانانە.[4]
- جارێکی دیکە بەشێک لە کارمەندانی هاتوچۆی سلێمانی لەدژی دواکەوتنی مووچەکانیان لەبەردەم باخی گشتی گردبوونەوە. کارمەندانی هاتوچۆ ماوەی 12 رۆژە داوای دابەشکردنی مووچەکانیان بێ لێبڕین دەکەن، بەڵام تائێستا حکومەت هیچ وەڵامێکی نەداونەتەوە.[2]
- لەناو باخچەی شەهید سنەوبەر و باخچەی گشتی قەڵادزێ پەردە لەسەر هەردوو پەیکەری شەهید (خوشکە سنەوبەر) کە یەکێکە لە شەهیدانی بۆردومانی قەڵادزی و ژنە شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لادرا. دروستکردنی ئەم پەیکەرانە لەسەر ئەرکی دەزگای خێرخوازی کەریمی عەلەکە بووە، لە چوارچێوەی پرۆژەی بە کەلەپورکردنی کەسایەتیە ناودارەکانی شارۆچکەی پشدەر.[2]
- سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان رەتیکردەوە هیچ خشتەیەکیان بۆ دابەشکردنی مووچەی تەواوی وەزارەتەکان بڵاوکردبێتەوە. سەرچاوەکە روونیشیکردەوە کە خشتەکە ساختەیە و ئەوان تەنیا کاتی دابەشکردنی مووچەی وەزارەتی تەندروستی پێشمەرگەیان بڵاوکردووەتەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ژمارەیەک جوتیاری دهۆک بەهۆی ساغنەبوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداو بەرهەمەکانیان لەسەر شەقام فڕێدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵی خوێندکارانی قۆناخی پێنجەمی پەیمانگە حکومی و ناحکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەستیپێکرد و تاوەکو رۆژی 2020-07-15 دەخایەنێت.[1]
- دوای ئەوەی ئێوارەی ئەمڕۆ تەقینەوەیەکی بەهێز لە لۆفەکانی زینێ وەرتێ روویدا و لە تەواوی ناوچەکانی نزیک وەرتێ و تا ئیدارەی راپەڕین هەستی پێکرا، سەرچاوەیەکی بەرپرس رایگەیاند، تەقینەوەکە بڕێک پاشماوەی تەقەمەنی بووە لە سنوورەکە و لەلایەن تیمەکانی ئەندازیاریی هێزی پشتیوانی یەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە تەقێنراوەتەوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
رۆژئاوای کوردستان
- تیمێکی شەش کەسی دەزگای سیخوڕیی دەوڵەت تورک- میت، دوای خستنەژێر چاودێری لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا، هەڵوەشێندرانەوە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، ئەندامانی ئەو تیمەی میت، لە ئەنجامی چەند ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە شارە جیاوازەکان دەستگیرکراون.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی لە رۆژئاوای عەین عیسا ناوچەیەکی نێوان گوندی هۆشان و ساقیریان بوردومان کرد. لە ئەنجامی بوردومانەکەدا زەوی و زاری ناوچەکە ئاگریان گرت.[6]
- دەوڵەتی داگیرکەر و فاشیستی تورک بە 12 کیلۆمەتر دوور لە باکوری رۆژهەڵاتی تربەسی'ی سەر بە کانتونی قامشلۆ ئاگری لە پوش و پاوانی زەویەکانی دەوروبەری بەنزینخانەی سەعدیە بەردا. لەگەڵ ئەوەی 2 بارەگای هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەیە بوونیان هەیە، بەڵام 2 پاڵاوگەی نەوت سووتان.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند، گفتوگۆیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەردەوامە بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگەکانی نەوت لەژێر یەک سیاسەتی نەوتیدا و دەڵێت، نابێ هەناردەکردنی رۆژانەی هەرێمی کوردستان لەوبڕەی دیاریکراوە زیاتربێت.[1]
- ماوەی هەفتەیەکە نرخی دۆلارێک بەرامبەر تمەنی ئێرانی لە 20 هەزار تمەن کەمتر نییە و لەو ئاستەدا وەستاوە. بەرپرسانی ئێران هەر زوو رایانگەیاند ئەو نرخە کاتییە و وەکو دوو ساڵ لەمەوبەر ئارامی بۆ بازاڕ دەگەڕێننەوە، بەڵام زیاتر لە 10 رۆژە دۆلار بەرامبەر تمەنی ئێران لە هەمان ئاستدا ماوەتەوە.[1]
- عەبدولڕەزا رەحمان فەزڵی، وەزیری ناوخۆی حکومەتی ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفونیدا،

داوای لە عوسمان غانمی، وەزیری ناوخۆی عێراق کرد، هەردوو دەروازەی سنووری پشتە و شوشمێ لە هەرێمی کوردستان بکرێنە فەرمی، بە و پێیەی لەلایەن ئێرانەوە بە فەرمی ناسێندراون.[3]

- وەزارەتی بەرگری تورکیا کوژرانی سەربازێکی دیکەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان راگەیاند. بە پێی راگەیەندراوەکانی وەزارەتی بەرگری تورکیا ژمارەی ئەو سەربازانەی لە چوارچێوەی لەشکرکێشییەکەیان بۆ سەر هەرێم کوژراون لە پێنج سەرباز تێپەڕناکات، بەڵام دوێنێ زاگرۆس هیوا وتەبێژی کۆما جڤاکێن کوردستان رایگەیاند تا ئێستل نزیکەی 100 سەربازی تورکیا کوژراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ رانیە (راپەڕین)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەردەشت
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ قامیشلۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ زاخۆ
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ پاوە (هەورامان)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ قەڵادزێ (پشدەر)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سنە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەقز
🗺️ وڵات: ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺️ وڵات: IR ئێران
🗺️ وڵات: ⬇️ باشووری کوردستان
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: ⬅️ رۆژئاوای کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 28-06-2020
[2] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-06-2020
[3] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-06-2020
[4] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 28-06-2020
[5] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 28-06-2020
[6] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-06-2020
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 28-06-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 182

**2020-06-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383609



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی دوێنێ لە ناوچەی بسمیلی ئامەد بە مۆلۆتۆف چالاکی لە دژی بارەگای ئاکەپە ئەنجامدرابوو، پۆلیسی تورک لە دوای ئەو چالاکییە و ئەمرۆ بە پاساوی ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەو چالاکییە دەستگیر دەکات، هەڵیکوتایە سەر ماڵی چەندین هاووڵاتیی و 6 هاووڵاتیی دەستگیرکرد.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی موختار خەندانی، وتەبێژ و ئەندامی هەیئەتی دامەزرێنەران و ئەندامی کۆمیتەی قەیرانی ئەنجومەنی ژیوای پاوە، بیلال ئەمینی و یاسین کەریمی کە لە ئاگرتنەوەی ناوچەی مەرەخێڵی ئەو شارە دا گیانیان لەدەست دا، لەژێر گوشاری ئیدارەی ئیتلاعاتی پاوە بە شەودا نێژران.[3]
- هەندێک سەرچاوە باس لەوەدەکەن، کە ئەو 3 ژینگەپارێزەی پاوە بەهۆی مینێکی داگیرکەری ئێرانەوە گیانیان لەدەستداوە. پێدەچێت ئەوەش هۆکاری ئەوەبێت کە ئێرانییەکان نەیانهێشت بە رووناکی تەرمی ژینگەپارێزان بنێژرێن.[4]
- ئاشنا حەسەنزادە، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ژیوای پاوە، لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئیدارەی ئیتلاعاتی پاوە جگە لە بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە لە ئاشنا حەسەنزادە، هەڕەشەیان لە ئەندامانی دیکەی ئەو ئەنجومەنە ژینگەییە کردووە کە لە هەر جۆرە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم بۆ شەهیدانی ژینگەی پاوە، خۆیان ببوێرن.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 232 کەس و گیانلەدەستدانی 14 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان راگەیاند کە زۆرترینیان لە سلێمانین.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هۆشداری لە زیادبوونی ڕێژی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدات و رایدەگەیەنێت، ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بڕوات لە کارەساتێکی گەورە نزیک دەبینەوە.[5]
- بەپێی ئامارێک کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆی کردووەتەوە، تاوەکو ئێستا 48 رۆژنامەڤان لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش دەڵێت: یەکێکیان گیانی لەدەستداوە.[6]
- چەند پەرلەمانتارێک داوای دانیشتنێکی تایبەت دەکەن بۆ سەرکۆنەکردنی هێرشەکانی داگیرکەرانی تورک و فارس.[4]

- لە کەرکوک، هاووڵاتییەک هاووڵاتییەک بەناوی کاردۆ محەمەد لەلایەن کوڕە تەمەن 16 ساڵەکەیەوە درایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژرا، بە وتەی پۆلیسیش باوکەکە لەکاتی خەودا کوژراوە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە تۆپ گوندەکانی مەرەناز، مالیکییە، شوارخا و ئالقامی- لە ناوچەی شەرای عەفرین بۆردومان کرد.[1]
- سوپای دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی کۆپرلیکی سەر بە ناوچەی گرێ سپی تۆپباران دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق تووشبوونی هەزار و 749 کەسی دیکەی بە کۆرۆنا ڕاگەیاند و دەڵێت، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 83 کەس بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[6]
- دادوەری گشتیی تاران دەڵێت، لە پەیوەندی لەگەڵ دۆسیەی قاسم سولەیمانی فەرمانی گرتن بۆ 36 بەرپرسی سیاسی و سەربازیی ئەمریکا دەرکراوە بەتایبەت بۆ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا و داوایان لە ئینتەرپۆل کردووە دەستگیریان بکەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: IR ئێران
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-06-29
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-29
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-29
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 183

**2020-06-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200501145551383610



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی پازارجخی مەڕاش پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵ و ناجی کیزیلەر هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەی ناوچەکە، موراد گەنج هاوسەرۆکی خولی پێشوو، ئیبراهیم گانیداغلی و مەسعود گوزلوگۆل و کەسێکی تریان دەستگیرکرد.[6]
- بەبیانووی ئەوەی زیانیان بەرکەوتووە، دەوڵەتی تورک داوای 10 هەزار و 406 لیرەی تورکی وەک قەرەبوو، لە خانەوادەی ئایکوت ئوزکور شەهیدی هەپەگە کرد، دەڵێن، ئەگەر ئەو پارەیە نەدەن دەست بەسەر موڵک و ماڵیان-دا دەگرن.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئێوارەی رۆژی 30ی حوزەیران لە گەرەکی بارینی ناوچەی پاسوری ئامەد ئۆپراسیۆنێکی سەربازی دەستی پێکردبوو. سوپای تورک لە کاتی ئۆپراسیۆنەکەدا دارستانەکەیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامدا دارستانەکە ئاگری گرتووە و رێگەش نادرێت هەوڵ بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بدرێت.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکیا گوندی چیای شاقۆلێیان لە زاخۆ بۆردوومان کرد و ئۆپەراسیۆنی تورک لە دژی گەریلاکانی پەکەکە لە گوندەکانی باتیفا و دەرکار بەردەوامە.[1]
- 2 فرۆکەی چاودێریی سوپای تورک لە سنووری شارەدێی دەرکاری زاخۆ کەوتنە خوارەوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سێ فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک، بۆردوومانی گوندی بێرکم و کوێستانی سنین و لۆلان و خواکورک دەکەن لە سنووری برادۆست.[4]
- لە 24 سەعاتی رابردوودا 240 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون و 7 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[7]
- گەنجێکی تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چەمچەماڵ کە تەمەنی 17 ساڵە و نەخۆشی شەکرەی جۆری 1- Type لەگەڵدا بوو دوای مانەوەی 12 سەعات لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[2]
- لە درەنگانێکی شەوی رابردووەوە تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی سێ تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە. قوربانییەکان دوو ئافرەت و پیاوێکن و دووانیان تەمەنیان 70 ساڵە و یەکێکیان 40 ساڵە، هەروەها دوانیان خەڵکی بازیان و یەکێکیان خەڵکی خانەقینە.[3]
- فەرمانگەی تەندروستیی کەرکوک بڵاوی کردەوە کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، 50 کەسی دیکەی لە کەرکوک تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و سێ کەسی دیکەیش بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لەدەستداوە.[5]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، لە هەرێمی کوردستان 15 تووشبووی کۆرۆنا هەن کە باری تەندروستییان زۆر خراپە.[1]
- نەخۆشخانەیەکی 26 قەرەوێڵەیی لە دەربەندیخان تایبەت بە چارەسەری کۆرۆنا دەکرێتەوە. نەخۆشخانەکە لەلایەن خێرخوازێک کراوەتەوە و تایبەت دەبێت، بە چارەسەری ووردی نەخۆشانی کۆرۆنا لە و سنوورە.[2]
- لیژنەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ناوخۆ و پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە و تاوتوێی بوردۆمان و هێرشەکانی تورکیا و ئێرانیان کرد بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.[2]

- سەرپەرشتیارانی کەمپەینی کۆمیتەی بەرگریی لە نیشتیمان، لە شاری هەولێر رایدەگەیەنن، لە ئێستادا1200 واژۆ، دژ بەپەلامار و لەشکرکێشی و داگیرکاریی دەوڵەتی تورک کۆکراونەتەوە و لە رۆژانی داهاتوودا و دوای کۆکردنەوەی واژۆی دیکە، دەدرێتە پاپای ڤاتیاکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوایین راگەیاندراویدا باسی لە راوەستانی شەڕکردوە لە جیهاندا و ئێمەش پشتگیری لەو پەیامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین.[4]
- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەماوەی رابردوودا هێزەکانمان توانیویانە دەست بەسەر 24 کگ ماددەی هۆشبەردا بگرن کە خۆی لە حەشیش و تلیاک و هیرۆیین دەبینێتەوە.[2]
- پێشمەرگەیەک لەکاتی ئەرکدا لەناو فەرماندەیی یەکەی 70 بەچەکەکەی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. پێشمەرگەکە ناوی (ج.ح)، تەمەنی نزیک بە 40 ساڵە و باوکی چوار منداڵە، ماوەی شەش ساڵە پێشمەرگەیە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لەنێو بازاڕی شارۆچکەی کەلار لەلایەن دووکەسی نەناسراوەوە تەقەلەدوکاندارێک کرا بەناوی (هەردی جەمال قادر) لەدایکبووی 1991 پاش گەیاندنی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[2]
- ئەم شەو لە گەڕەکی گردی جۆگە لەنزیک پارکی دایک لە سلێمانی دوو تەرم دۆزرانەوە کە خوشک و برایەک بوون و لە ماڵێکدا دەژین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی تووشبوون، چاکبوونەوە و گیانلەدەستدانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند و بەپێی راگەیەندراوەکەش 1958 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 104 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستدا.[3]
- تەقینەوەیەک دوو ئۆتۆمبێلی سوپای پاسدارانی لە شاری زاهیدانی باشووری رۆژهەڵاتی ئێران کردە ئامانج، بەهۆیەوە فەرماندەیەکی سوپای پاسداران بریندار بوو.[3]
- نەمسا هۆشداری دایە تورکیا لە بارەی گواستنەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە کورد بۆ نەمسا و بە و هۆیەوە گرژی لە نێوان هەردوو وڵات هاتووەتە ئاراوە.[3]
- سەرۆک وەزیرانی عێراق، فەرمانیدا بە لابردنی سەرجەم وێنەکانی خومەینی و خامەنەیی و قاسم سلێمانی لە سەرانسەری عێراق.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | نەمسا |

ولات: باشووری کوردستان

ولات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-06-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-06-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-06-30

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-06-30

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-06-30

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-06-30

[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-05-01 2:55:51 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 184

**2020-07-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200506224726383767



رۆژهەڵاتی کوردستان

- شەش رۆژە سووتانی دارستانەکانی نزیک شاری پاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە. تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1400 هێکتار لەو دارستانانە سووتاوە. خەڵکی ناوچەکە دەڵێن سەرەڕای گیانلەدەستدانی سێ ژینگەپارێز لەهەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە، کەچی حکومەت هەوڵی بەهەند بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە نەداوە.[2]

- رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی داوای لە بەرپرسانی حکوومەتی ئێران کرد کە راستییەکانی پەیوەندیدار بە لەسێدارەدانی نهێنیی هیدایەت عەبدوڵلاپوور، زیندانیی سیاسیی کورد رابگەیەنێت و تەرمەکەی رادەستی بنەماڵەکەی بکاتەوە.[4]

- سەکینە پەروانە، زیندانیی سیاسیی کوردی خوراسان، بەهۆی خراپیی باری تەندروستییەوە، رەوانەی بێهداریی زیندانی قەرچەکی وەرامین کرا.[4]

- سێ کەس لە هێزەکانی ئیدارەی سەرچاوە سروشتییەکانی کرماشان بە ناوەکانی فەرشید سنجەری، جێگری فەرماندەی یەگانی ژینگەپارێزیی کرماشان، ئەندازیار موعینیان، راوێژکاری بەڕێوەبەری گشتی و ئەندازیار خوسرەوی، بەرپرسی سەرچاوە سروشتییەکانی شاری روانسەر بەهۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی بۆزین و مەرەخێڵی پاوە برینداربوون. ماڵپەڕی مین و زندگی لەو بارەیەوە نووسیوویەتی کە ئەو کەسانە لە حەوتەمین رۆژی ئاگرکەتنەوەکەی لێڕەوارەکانی ناوچەی بۆزین و مەرەخێڵ تووشی ئەو رووداوە بوون. فەرشید سنجەری و ئەندازیار موعینیان لاق و لووتیان لەو رووداوەدا بریندار بووە و بۆ چارەسەریی پزیشکی رەوانەی نەخۆشخانەی تاڵقانیی کرماشان کراون.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوی سۆران نەسیری خەڵکی شاری گۆگتەپەی مەهاباد و ئومید عەباسی خەڵکی گوندی ئیندرقاش سەر بە مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ئەو دوو هاوولاتییە کوردە، بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.[4]
باشووری کوردستان
- لیوای یەکی پاسەوانی سنووری سەر بە حکومەتی عێراق، چووتە چیاکانی سنووری شارەدێی باتیفا و دەرکاریێ لە سنووری زاخۆ، بەڕێوبەری شارەدێی باتیفا-ش دەڵێت، کە ڕاستە ئەو هێزە سەر بە حکومەتی عێراقە، بەڵام هەموویان کوردن.[6]
- لە ماوەی 15 رۆژی مانگی رابردوودا و لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی بەناو (چڕنووکی پڵنگ)، تورکیا لە 24 شوێنی ستراتیژیی سنووری شارەدێی باتیفا جێگیربووە، پێشتر و لە 37 ساڵی رابردوودا 24 بنکەی دیکەی سەربازیی لە سنووری نێروەییەکان و کانێ ماسێ داناوە.[5]
- سوپای پاسدارانی داگیرکەری ئێران لە کوێستانەکانی کانیەڕەشی گوندی وێزەی شارۆچکەی چۆمان رانەمەڕێکی داوەتە بەر دەستڕێژی چەکی دۆشکا و ژمارەیەک مەڕی کوشتوون. [5]
- ئەندامێکی لیژنەی باڵای جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و پێکهاتە ئایینەکانی دیکە رایدەگەیێنێت، شنگال بووەتە شاری گۆڕی بەکۆمەڵ و ئەمڕۆ گۆڕێکی دیکەی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە.[5]
- بەڕێوەبەری گشتیی ئەزموونەکانی وەزارەتی پەروەردە رایگەیاند، تاقیکردنەوەی 12ی ئامادەیی دوانەخراوە و ئەو پەیجانەش دەدەنە دادگا کە هەواڵی درۆیان لەبارەی دواخستنی ئەزموونەکانەوە بڵاوکردووەتەوە.[1](بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 259 کەس و گیانلەدەستدانی شەش کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان راگەیاند.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سەرۆکی فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، هەر چوار پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی فۆرمی رەتکردنەوەی موچەی خانەنشینیان پڕکردەوە و بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە دەستبەرداری موچەکانیان بوون، ئەوەش وەک پابەندبوون بەو بەڵێنەی بە دەنگدەرانی جوڵانەوەکە و خەڵکی کوردستانیان داوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- لە کاتژمێر 14:30 خولەکی دوانیوەرۆی ئەمڕی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندی هۆشانی سەر بە عەین عیسای تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا زەوی و زاری ناوچەکە ئاگری گرت.[6]
دەرەوەی کوردستان
- میدیاکانی تورکیا بڵاویکردەوە، خلوسی ئاکار، وەزیری بەرگری تورکیا لەمیانەی کۆبونەوەیەکی حکومەتی وڵاتەکەیدا لەبارەی بەرەوپێشچونە سەربازیەکانیان لەناوچەی حەفتانینی هەرێمی کوردستان کە لە 17-06-2020ەوە دەستیان پێکردوە رایگەیاند پرۆسە سەربازیەکانیان لەژێر ناوی چنگی هەڵۆ دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەردەوام دەبێت.[3]
- فڕۆکەوانیی مەدەنیی عێراق ماوەی راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لە سەرجەم فڕۆکەخانەکانی عێراق تاوەکو 15ی تەمموز درێژکردەوە.[5]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق لە راگەیاندنی دواین ئامار بڵاویکردەوە، دوو هەزار و 415 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 107 کەسیش گیانیان لەدەستدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-07-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-07-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-07-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-07-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-01


کاتی تۆمارکردن: 2020-05-06 10:47:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 185

**2020-07-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384454



باکووری کوردستان
- دادگای پیاداچوونەوەی ئەرزڕۆم سزای 10 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردنی بەرماڵ بیرتەک و ئەرگین باڵتای ئەندامانی پێشووی ئەنجوومەنی پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (دەبەپە)دا هەڵوەشاندبووە داوای کردبوو سەرلەنوێ دادگایی بکرێنەوە. لەو چوارچێوەیەدا لە لقی 2ی دادگای سزا قورسەکانی موش دا دانیشتنی دادگایکردنەوەی ئەو 2 ئەندامەی ئەنجوومەنی پێشووی دەبەپە دەستپێکرد. بیرتەک لە زیندانی سینجان و باڵتا لە زیندانی جۆری ئێلی پاتنوسەوە لە ڕێگەی سیستمی تەلەفزیۆنیی داخراوەوە بەشداری دانیشتنەکەی دادگا بوون. دەستەی دادگاکە بڕیاریدا سزای 10 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردن بەسەر بیرتەک و باڵتادا بسەپێنرێت.[8]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- جەواد ئاقازادە، سەرۆکی زانکۆی پزیشکی پارێزگای ورمێ ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 328 کەس لە ورمێ تووشی کۆرۆنا بوونە و 525 کەسی دیکەش گومانی تووشبوونیان

لێدەکرێت. ئاقازادە، ئاشکراشی کرد، لە 24 کاتژمێری رابردوودا 22 کەس لە ورمێ بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە. بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی لە پارێزگاکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە بۆ 458 کەس بەرزبوویەوە.[4]
- لە لقی 2ی دادگای ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتیی دادوەر شێخلوو هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مەحیەدین تازە وارد خەڵکی شاری شنۆ، بە ئێعدام و 6 هاووڵاتیی دیکە بە 33 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران. بەپێی ئەو حوکمە، مەحیەدین تازە وارد کوڕی یووسف خەڵکی شاری شنۆ بە تۆمەتی مەحاربە بە ئێعدام، عەبدولسەلام مەردان کوڕی محەممەد خەڵکی شنۆ، بە تۆمەتی ئەندامبوون لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان بە 10 ساڵ زیندانیی تەعزیری، حیسام محەممەدی خاجلوو کوڕی حوسێن خەڵکی شنۆ بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری، نیزام نادری کوڕی رەحمان خەڵکی بۆکان بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری، عەلیڕەزا فەتاح موڕادی کوڕی سدیق خەڵکی بۆکان بە تۆمەتی ئەندامبوون لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان بە 10 ساڵ زیندانیی تەعزیری، جەلال رۆستەمی نەوروزلوو کوڕی ئەبووبەکر خەڵکی مەهاباد بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری و مەلا رەحمەت نسوحی خەڵکی مەهاباد بە تۆمەتی ئەندامبوون لە گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان بە 10 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران.[7]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی رێبوار پادەست کوڕی رەسووڵ، خەڵکی شاری گۆگتەپەی مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی، هێرشیان کردووتە سەر ماڵی ناوبراو و پاش دەسبەسەرکردنی، دەستیان بە پشکنینی ماڵەکەی کردووە.[7]
باشووری کوردستان
- بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان بەردەوامە و ئەمڕۆ چیای زەنگلی لە ناوچەی بەرێگارێی سەر بە شارەدێی دێرەلووکی شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومانکرد.[1]
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی پشدەر تەقە لە بزن و ئاژەڵانی مەرِدارەکان دەکەن و بەوهۆیەوە ژمارەیەک ئاژەڵ مرداربوون و بەشێکی دیکەش برینداربوونەوە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 254 کەس و گیانلەدەستدانی 10 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند.[1]
- بۆ ساڵیادی شەهیدبوونی شەهید دیار غەریب، لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی شێوەکاری و هونەری لەلایەن رێکخراوی نوێگەر کرایەوە، کە بەرهەمی 23 شێوەکاری تێدا نمایشکرا، لە پێشانگاکەدا وێڕای بنەماڵەی شەهید، هاوڵاتییەکی بەرچاو سەردانیان کرد.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- جارێکی دیکە بەشێک لەکارمەندانی هاتوچۆی سلێمانی لەبەردەم باخی گشتی گردبوونەوە. ئە و کارمەندانەی هاتوچۆی سلێمانی لەدژی لێبڕینی مووچەکانیان بەردەوامیی بایکۆتی دەوامیان راگەیاند و داوایان کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان واز لە بڕینی قوتی فەرمانبەران و کارمەندان بهێنێت.[3]
- دژی دەرکردنیان لە کار و کەمکردنەوەی مووچەی بەشێکی دیکەیان، کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە گردبوونەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دەزگای مرۆیی مام بۆ جاری سێهەم هاوکارییە پزیشکییەکانی گەیاندە گەرمیان.[3]
- شەوی رابردوو لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە، پیاوێک بە فیشەک هاوژینەکەی خۆی دەکوژێت و شەش کەسی دیکەش بریندار دەکات. ئەو کەسەی تەقەکەی کردووە، ناوی (هـ.خ)ە و پیشەی لیوایە لە هێزەکانی پێشمەرگەو هاوسەرەکەی ناوی (ک، ن، س)ە، بکوژەکە دەستگیرنەکراوە و بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە.[6]
- فۆرمی خۆراک لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عیراق بە ناوی پارێزگای_هەڵەبجە بۆ ساڵی 2020-2021 چاپکرا.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەهۆی ئاگرێکەوە لە سنووری شارەدێی ناڵپارێز حەوت هەزار دۆنم پوش سووتا و ئاگرەکەش

بەردەوامە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی سانای فەرمی حکومەتی سووریا ڕایگەیاند سوپای ئەمەریکا بنکەیەکی سەربازی لە ناوچەی تل کۆچەر - یەعروبیە، لە دەوروبەری حەسەکە دروست کردووە، کە فڕۆکەخانەیەکی سەربازیش لەخۆی دەگرێت.[4]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک هێرشی کردە سەر گوندی عەڤدکۆی سەر بە ناوچەی گرێ سپی و لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا سەربازێکی داگیرکەری سوریا بریندار بوو.[8]
دەرەوەی کوردستان
- لەسەر ناکۆکییەکانیان لەگەڵ تورکیا لەبارەی دەستوەردانەکانی تورکیا لە لیبیا و هەروەها گەڕانی بەدوای سەرچاوەی وزە لە دەریای ناوەڕاست، فەرەنسا داوای کۆبوونەوەی لووتکەی یەکێتیی ئەورووپا دەکات. وەزیری دەرەوەی فەرەنساش دەڵێت: ڕەنگە تورکیا سزابدەن.[2]
- گرووپێک بەناوی پڵنگەکانی ئێران ڕایگەیاند، ئەو ڕووداوەی لە بنکەی ئەتۆمیی نەتەنزی ئێران ڕوویداوە، لەلایەن ئەوانەوە ئەنجامدراوە و دەڵێت، لەنێو ناوەندە ئەمنییەکانی ئێراندا چالاکییان هەیە. لە بەرامبەردا ئێرانیش دەڵێت، ڕووداوەکە کە لە بنکەی ئەتۆمیی نەتەنز لە پارێزگای ئیسفەهان ڕوویداوە، زیانی گیانیی نەبووە و نەبووەتە هۆی وەستانی چالاکییەکانی بنکەکەش.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پێنجوێن |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | فرەنسا |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-07-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-02
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-02


کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 186

**2020-07-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384455



باکووری کوردستان
- بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی تورک، لە باکووری کوردستان 17 هەزار کەس تووشی کۆرۆنا بوون.[2]
- بەگوێرەی هەواڵێکی میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆن کتێبخانەی جگەرخوین لە شارۆچکەی کاپاناری ئامەد کە نزیکەی 10 هەزار کتێبی تێدابوو دوای دانانی قەیوم لەسەر شارەوانییەکەی، ژمارەی کتێبەکانی بۆ 300 کتێب کەمیکردووە. بەگوێرەی میدیاکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەو سەرۆک شارەوانییەی لە شوێنی هاوسەرۆکانی شارەوانیی کاپاناری هەدەپە دانراون کتێبی لە کتێبخانەکەدا نەهێشتووە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دانیشتنی دادگاییکردنی حەمید گەیلانی لە دادگای سزا قورسەکانی ئامەد بەڕێوەچوو. گەیلانی بەشداری لە دانیشتنەکەدا نەکرد. پارێزەرەکی ئامادە بوو. دادگا بڕیارەکەی ئاشکرا کرد و خەباتی یەکێتی نەتەوەیی کورد وەک تاوان پیشاندا و داوای 15 ساڵ سزای زیندانی بۆ گەیلانی کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- قائیمقامی پاوە ڕایگەیاند: دوای هەشت ڕۆژ هەوڵدانی بێوچانی هێزە مەدەنییەکان، ژینگە پارێزان و ئاگرکوژێنەوە، ئاگری کوێستانەکانی بوزین و مەرخێل کۆنترۆڵ کراوە.[7]
- کاتژمێر 12:00ی ئەمڕۆ، کانێک لە گوندی سەرتەتیان لە شاری گیەڵانی سەربە پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووخاوە بەسەر کرێکارەکانی ناویدا. بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ئێران سێ تیمی فریاکەوتنی خێرا لە کرماشان، شاباد و گیەڵان، ڕەوانەی ناوچەکە کراون و هێلیکۆپتەریش لەوێ ئامادەیە. ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی ڕووداوەکە نەزاندراوە، بەڵام جێگری دامەزراوەی فریاکەوتنی کرماشان ڕایگەیاندووە، تا ئێستا کەسێک لە بریندارەکان گیانی لەدەستداوە.[7]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ئومید مستەفاپوور خەڵکی نەغەدە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[8]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورک شێلادزێ و کومەڵگای هێتوتێ و چیایی کورەژار بە توندی بۆم باران دەکەن.[3]

- تورک، هێزی زۆرتری هێنایە برادۆست.[5]

- لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە تا نیوەڕۆ 5 کەسی دیکەی تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکانی سلێمانی گیانیان لەدەستدا.[6]

- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 187 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیاند. دەشڵێت، هەشت کەسی دیکە بە ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە.[5]

- کەمپەینێکی نوێی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ کردنە دەرەوەی سوپای تورکی داگیرکەر لە باشووری کوردستان بە پێشەنگایەتیی ڕێکخراوی ژیانەوەی گەنجان لە ماڵپەڕی جیهانیی چەینج دۆت ئۆرگ بە ناونیشانی بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ فاشیزم و داگیرکاری بڕووخێنە دەستپێکرد.[1]

- ئێوارەی ئەمڕۆ شوانکارەیەک بەناوی زاهید حامد عەبدوڵلا تەمەن 25 ساڵ لە کوێستانی هۆرێ، مینێکی پێدا تەقیوتەوە و بەسەختی برینداربووە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- لە کوێستانی کانیەڕەشی سەر بە گوندی وێزەی سەر بە شارۆچکەی چۆمان لەسنوری پارێزگای هەولێر بەهۆی تەقەی سوپای پاسدارانی ئێران، شوانێک برینداربوو و ژمارەیەک سەر مەڕیش کوژران.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

- کاتژمێر (2:30) خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، هێزەکانی پۆلیسی هەولێر لە بازاڕی قەیسەری شاری هەولێر توانیان دوو تۆمەتبار دەستگیربکەن، کە بە چەک ڕووبەڕووی پۆلیس بوونەوە و تەقەیەکی زۆریان کرد.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەهۆی گرتنەوەی بەشێک لە ئاوی ڕووباری فوراتەوە، کارەبای ڕۆژئاوای کوردستان کەمبووەتەوە و ڕۆژانە تەنیا نزیکەی چوار کاژێر کارەبا هەیە، تورکیا ئاوەکەی کەمکردووەتەوە و چەندین بەنداویان لەسەر دروستکردووە، ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاوی خواردنەوە.[2]

- لە شاری عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا و برینداری لێکەوتەوە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ئەحمەد سەحاف، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند: سەرجەم بژاردەکان لەبەردەم وڵاتەکەی کراوەن بۆ وەڵامدانەوەی پێشێلکردنی سەروەری عێراق لە دژی دەستدرێژییەکانی تورکیا.[4]

- ئاژانسی ڕۆیتەرز لە زاری فەرماندەیەکی حەشدی شەعبییەوە کە ناوی ئاشکرانەکراوە، ئاماژەی بەوەداوە کە ئێران مانگانە 4.5 ملیۆن دۆلار تا 5 ملیۆن دۆلاری داوە بە چوار گروپە سەرەکییەکەی حەشدی شەعبی لە عێراق بەڵام لە کاتی بڵاوبونەوەی کۆرۆناوە ئەو پشتیوانییە داراییەی بۆ دو تا سێ ملیۆن دۆلار کەمکردۆتەوە.[4]

- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە کۆرۆنا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، دوو هەزار و 312 کەسی دیکە تووشبوون و 102 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[2]

- بورهانەدین ئیسحاق، ڕاوێژکاری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: بۆردومان و لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق پێچەوانەی بەهاکانی دراوسێیەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە و عێراق سکاڵای خۆی لەسەر تورکیا دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەشڵێت: هەندێک لایەنی سیاسی کوردی یارمەتی تورکیایان داوە بۆ هاتنە نێو خاکی عێراق.[4]

- وەزارەتی دەرەوەی میسر هێرش و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشووری کوردستان

شەرمەزار دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم جۆرە کردەوە شەڕەنگێزانەیەی تورکیایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ نەغەدە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ پاوە (هەورامان) |
| وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | میسر |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-03
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-03
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-07-03
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-04


کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 187

**2020-07-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384456



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئومید مستەفاپوور، ئەندامی بەرەی یەکگرتووی کورد، بۆ زیندانی نەغەدە راگوێزرا. بەرەی یەکگرتووی کورد بەنیسبەت ئومید مستەفاپوور نیگەرانیی دەربڕیوە و خوازیاری دەستبەجێ ئازادکردنی ناوبراو بوون.[6]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا دەوروبەری گوندی بێدهێ لە سنووری شارەدێی کانی ماسێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی تۆپباران دەکەن.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 204 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 9 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- ژمارەی گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی 200 کەسی تێپەڕکرد.[1]
- بەهۆی گرفت و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان-یان، هاوڵاتییانی شارەدێی بازیانی سەر پارێزگای سلێمانی، دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و ڕێگای سەرەکی، سلێمانی کەرکوک-یان داخست و ڕێگا بە هاتووچۆکردن نادەن.[4]
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، تاقیکردنەوەکانی 12ی ئامادەیی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دەکرێت و ڕۆژی 11ی تەمموز دەستپێدەکات.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی سەرکارێز لە شاری سلێمانی گەنجێکی تەمەن 16 ساڵان کەپیشەی شاگردی فیتەر بووە لەناو کەلاوەیەکی پشت شوێنی کارەکەی بەنزینی بەخۆیدا کرد وخۆی سوتاند.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕۆژئاوای کوردستان لە قەیرانێکی مرۆیی گەورەدایە. دوا ڕاپۆرتی وردی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت دۆخی مرۆیی دەڵێت: زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی ڕۆژئاوای کوردستان خواردن و چارەسەری تەندروستی پێویستیان نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 14 کارناسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئێعدامی نەهێنیی هیدایەت عەبدوڵلاپوور، زیندانیی سیاسیی کوردیان مەحکووم کرد.[6]
- لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا خۆپیشاندان دژی داگیرکاری و تیرۆرەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجام دەدرێت.[1]
- شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم کەسنەزانی ڕابەری تەریقەتی قادری لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.[1]
- بەکاریگەری ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی فیتچ لەبارەی خراپی دۆخی ئابووری تورکیا، بەهای لیرەی تورکی بۆ کەمترین ئاستی لە دوای مانگی ئایارەوە دابەزی، بەجۆرێک بەهای یەک دۆلاری ئەمەریکی بۆ 6 لیرە و 88 قوروش دابەزی. هاوکات هۆکارێکی دیکەی داکەوتنی بەرچاوی بەهای لیرە، دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان لە مانگی حوزەیراندا، کە زیاتر بووە لە پێشبینییەکان و 12.5% تۆمارکردووە.[2]
- لە ماوە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە نێوان ڕژێمی سوریا و چەتەکانی داعشدا شەڕ و پێکدادانی قورس ڕوودەدات. بە پێی زانیاریەکان تا ئێستا 40 کەس لە هەردوولا کوژراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: SY سووریا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-07-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-04

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 188

**2020-07-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384457



رۆژهەڵاتی کوردستان
- پێنج هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سەعید تابناک، ئەسکەندەر سەید محەمەدپوور، ڕەحمان تابش، ئەبووبەکر بیلال و ڕەحیم ڕەفعەتی خەڵکی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی، ئەو پێنج هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر کردووە.[8]
- لاوێکی بۆکانی بە ناوی ئیبراهیم ڕەحمانی کوڕی عەزیز خەڵکی گوندی عەباس ئاوای ئەو شارە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی باوکی ئەو هاووڵاتییە کوردە و لە کاتی دەسبەسەریدا، ئەو لاوە کوردەیان ئازار و ئەشکەنجە داوە. ئەو هاووڵاتییە پاش دەسبەسەرکرانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە و لە چارەنووسی هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.[8]
باشووری کوردستان
- تورک هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی چیای خامتیر چڕترکردووەتەوە و لە 24 کاژێری رابردوو نزیکەی 20 جار دەوروبەری ئەو چیایە و گوندی منیێ و شاقولێ تۆپبارانکراوە.[1]
- قایمقامی کۆیە رایگەیاند، ئەمڕۆ لە داواکاری گشتی شارەکە سکاڵای لەسەر بانگخوازێکی ئیسلامی تۆمارکردوە چونکە سوکایەتی بەمارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب و شاعیری دیاری گەلی کورد دڵدار کردوە.[5]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان؛ 12 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 267 کەسی دیکەش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.[7]
- ئەمڕۆ کارمەندانی لیژنە تەندروستی سەر لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی هەڵەبجە لە مەرزی شۆشمێ تەوێڵە مانیان گرتووە، هەرچەندە کارەکانی مەرزەکە پەکی نەکەوتووە، بەڵام شوفێران بەبێ پشکنین، هاتووچۆ دەکەن.[2]
- شەهاب حاجی ئەحمەد قایمقامی شارۆچکەی کەلار و هاوسەر و منداڵەکانی توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەماڵەوە کەرەنتین کراون.[5]
- رائید بەرزان عوسمان، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە لەڕاگەیەندراوێکدا رایگەیاندووە، کاتژمێر 3.30 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ تەرمی ژنێک گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەڵەبجە کە تەمەنی 32 ساڵە ژنی ماڵە و دانیشتووی پارێزگای سلێمانییە، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت لەلایەن برایەکی تەمەن 34 ساڵییەوە کە پیشەی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنە و دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجەیە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لێی دراوە و لەپارێزگای سلێمانی، پاش هێنانەوە بۆ پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن مردووە.[5]
- بەگوێرەی پێشبینییەکانی کەشناسی شەپۆلێکی گەرما هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و لە هەندێک ناوچە بەرزترین پلەی گەرما دەگات نزیک 50 پلەی سیلیزی.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ سوپای داگیرکەری تورک لەسەر رێگای M4 لە نزیک عەین عیسا بۆردوومانی ئۆتۆمبێلێکی مەدەنی کرد، بەهۆیەوە گەنجێکی تەمەن 31 ساڵ برینداربووە. گەنجەکە ناوی ئوسامە عەسافە و گوازراوەتەوە بۆ یەکێک لە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی دوای بوردومانکردنی هەر یەک لە گوندەکانی کورحەسەن و قزەلیی کە دەکەونە رۆژئاوای گرێ سپی، ئەم جارە گوندی حوریەیان بوردومان کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ دوای کردنەوەی بازاڕەکانی تاران، بەهای دۆلار بەرامبەر بە تمەن زیاتر بەرزبووەوە و نزیکبووەوە لە 21 هەزار تمەن. نزیکەی دوو هەفتەیە بەهای دۆلاری ئەمریکا بەرامبەر بە تمەن بە زیاتر لە 20 هەزار تمەن مامەڵەی پێوەدەکرێت.[1]
- ئارمین سارکیسیان، سەرۆک کۆماری ئەرمینیا، سوپاسی ئەو ماڵباتە کوردانەی کرد کە لە کاتی

کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکاندا لە ئەرمینیا، پەنای ئەرمەنەکانیان داوە و دەستی هاوکارییان بۆ درێژکردوون.[1]
- حکومەتی عیراق بەیاننامەیەکی لەبارەی بۆردومانکردنی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە بڵاوکردەوەو تێیدا ئاماژەی بەوەدا هێزە سەربازییەکانی تورکیا چەند جارێکە دەستدرێژیەکانیان بۆ سەر خاکی عیراق دووبارە دەکەنەوە، تەئکیدیشیکردەوە ئەوان بەهەموو جۆرێک ئەو هێرشانەی تورکیا رەتدەکەنەوە و بەتوندیش ئیدانەی دەکەن.[3]
- ئێران رایگەیاند لە ماوەی 24 کاتژمێردا 163 کەس بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش زۆرترین ژمارەی گیانلەدەستدانی رۆژانەیە لەوەتەی سەرهەڵدانی پەتاکە لە مانگی شوباتەوە لەو وڵاتە.[2]
- تورکیا رایگەیاند: تاوەکو لە عێراقەوە هێرشمان بکرێتەسەر، لە بەرگریکردن بەردەوام دەبین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بیارە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کۆیە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| وڵات: | → رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | ← رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 05-07-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 05-07-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 05-07-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 05-07-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 05-07-2020

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-05
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-07-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 189

**2020-07-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384458



باکووری کوردستان

- قەدەغەی چالاکی و خۆپیشاندان کە پارێزگاریی وان 2 هەزار و 20 ڕۆژە بەردەوامی پێدەدات، 15 ڕۆژی تر درێژکرایەوە.[6]

- لە شارەوانی شاری ئێلح کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی شارەوانی کە ماوەیەک بوو بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا دواخرابوون، سەر لە نوێ دەستی پێکردووەتەوە. سونگول کۆرکماز هاوسەرۆکی شارەوانی ئێلح و چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانی کە بە نیاز بوون بەشداری لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی شارەوانیەکەدا بکەن، ڕێگریان لێکرا و هێزەکانی پۆلیس نەیانهێشت بچن بۆ کۆبوونەوەکەیان. دواتر هەر یەک لە سۆنگول کۆرکماز هاوسەرۆکی شارەوانی ئێلح و هەر یەک لە شوکران چەلەبی، گیزەم ئۆغورلو، ئیلکای ئالاگوز، شەهریبان ئایدن، ئایشە ئۆنال، ڕەجەب یارگی، شیرین سەن و عومەر کولوپلو ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دەستگیر کران.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هونەرمەندێکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا چاوەشی خەڵکی گوندی حاجی لەک سەر بە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هونەرمەندە کوردە و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[5]

- دوو لاوی کورد بە ناوەکانی ئەحمەد ناسری و جەلال ناسری لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر شوێنی کاری ئەو دوو لاوە کوردە لە گەڕەکی میرئاوا و بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەوانیان دەسبەسەر کردووە. ئەو سەرچاوە ئاگادارە هەروەها دەڵێت: جەلال ناسری پاش چەند کاتژمێر لێپرسینەوە ئازاد کراوە، بەڵام ئەحمەد ناسری لە ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان دەسبەسەرە.[5]

باشووری کوردستان

- داگیرکەری تورک لە شەوی ڕابردووەوە تاوەکو کاژێر 04:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ تۆپبارانی چەند ناوچەیەکیان لە دەوروبەری چیای خامتیر کرد.[1]

- ژمارەیەک لە جوتیار و کاسبکارانی عەلوەی هەولێر دژی ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکانیان و نەبوونی بازاڕ گردبوونەوە و ڕایانگەیاند، بەرهەمی ناوخۆیی لە بازاڕەکاندا ساغ نابێتەوە و حکومەتیش هیچ پلانێکی نییە بۆ ساغکردنەوەی لە ناوخۆ و هەناردە کردنی بۆ دەرەوە.[2]

- لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 324 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 11 کەسیش گیانیان لەدەستداوە. کە شەشیان لە هەولێرن و پێنج کەسەکەی دیکەش لە سلێمانین.[8]

- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، گرفتی ساخنەبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی نێوخۆییان زۆرە، بەشێکیشی بۆ قەدەخەی هاتووچۆ دەگەڕێتەوە. هاوکات ئەو تەماتەیەی کە لە هەرێمی کوردستانیش بەرهەمدەهێنرێت، بۆ دۆشاوی تەماتە ناشێت.[1]

- خۆپیشاندانی مووچەخۆرانی سلێمانی بەردەوامە و لە ئەنجامی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکانیان لەلایەن حکومەتەوە، ئەمڕۆ بە وتنەوەی دروشمی ’بڕوخێ دز‘ خۆپیشاندەران بە ڕێپێوانێکی جەماوەری بەرێکەوتن بۆ بەردەم نوسینگەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.[3]

- بەهۆی تەقینی بۆری سەرەکی دابەشکردنی ئاوی سلێمانی، ماوەی چەند سەعاتێک شارەکە بێ ئاو بوو و ئەمڕۆش لەلایەن تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانییەوە کێشەکە چارەسەر کرا و لە ئێستادا ئاوی شارەکە دابینکراوە.[2]
- هێزێکی عێراق لە نزیک کفری تەقە بەسەر هێزی پێشمەرگە دەکات.[4]
- ئاگرێک لە شاخی گۆیژە لە شاری سلێمانی کەوتەوە و بڕێکی زۆر پووش و پەڵاش سووتان.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- شەوی رابردوو، بەهۆی هەڵکردنی رەشەبایەکی تووند لە هەولێر زیاتر لە 400 داری گەورە لە شەقامە سەرەکییەکان شکاون و بەشێک لە رێگاکانیش داخراون. بەرگریی شارستانیش دەڵێت لە چوار شوێن ئاگر کەوتووەتەوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر رایدەگەیێنێت، باندێکی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەریان دەستگیرکردووە کە بڕی 40 کلیۆگرام ماددەی هۆشبەری جۆری هێرۆینینان پێبووە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- روانگەی سووری بۆ چاودێریی مافەکانی مرۆڤ رایدەگەیێنێت، چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو گوندێکی سەر بە کۆبانێیان بۆردوومانکردووە کە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی تورک و چەتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادایە.[1]
- گوندی تورکمان کە دەکەوێتە باشوری ناوچەی گرێ سپی لە لایەن چەند فڕۆکەیەکی نەناسراوەوە بوردومان کرا. هاوکات 2 گوندی سەر بە ناوچەی زگانێش لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکەوە تۆپباران کران.[6]
- گروپی چەتەکانی لیوای سەمەرقەند کە سەر بە دەوڵەتی داگیرکەر تورکە، کۆتایی هەفتەی رابردوو، لە گوندی مەزنی سەر بە ناوچەی شێراوا 7 کەسی رفاندووە کە دوانیان منداڵن.[6]
دەرەوەی کوردستان
- تورک نەخشەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە کە پێکهاتووە لە 37 خاڵی سەربازی.[8]
- لە راگەیەندراوێکدا نوێنەرانی پێکهاتەی عەرەب و تورکمانی کەرکوک لە پەرلەمانی عێراق، کە ئەمڕۆ بڵاویان کردووەتەوە، هەردوو پێکهاتە دەڵێن رازیبوونی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی پارێزگای کەرکوک، پێشهاتێکی ترسناک و نادەستوورییە.[7]
- رۆژنامەیەکی ئەمریکی هۆکاری ئاگرکەوتنەوەی رۆژی پێنجشەممە لە بنکەی ئەتۆمی نەتەنز لە پارێزگای ئیسفەهان ئاشکرا دەکات، بەرپرسێکی هەواڵگری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە نەیویستووە ناوی ئاشکرابێت، بە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی راگەیاندووە، ئیسرائیل لەنێو جەرگەی بنکە ئەتۆمییەکەدا بۆمبی تەقاندووەتەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروسی عێراق، تووشبوونی هەزار و 796 کەس و مردنی 94 کەسی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند.[7]
- حکومەتی ئەڵمانیا هێرشەکانی تورکیا لە رۆژئاوای کوردستان بە نایاسایی دەزانێت و دەڵێت، رەوایەتیی نێودەوڵەتییان نییە و لە بواری تەندروستیشدا بە بڕی ملیۆنێک یورۆ هاوکاریی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، هیشام هاشمی، لێکۆڵینڤانی سیاسی و ئەمنیی عێراق و گۆشەنووسی رووداو، د.هیشام هاشمی لە شاری بەغدا تیرۆرکرا.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کفری

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IL ئیسرائیل
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-07-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2020-07-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-07-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-07-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-07-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-07-06
[8] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 190

**2020-07-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384459



باکووری کوردستان
- دادگای دەوڵەتی تورکی داگیرکەر سزای 8 ساڵ و 9 مانگی زیندانیی بەسەر جەمال ئۆزدەمیر هاوسەرۆک شارەوانیی ناوچەی سووری ئامەد دا سەپاند، کە پێشتریش لە کارەکەی دووخرابووە و شارەوانییەکەی لەلایەن ئاکەپەوە زەوتکرابوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە دەشتی وەزنێی نزیک گوندی ئاڵواتانی سەردەشت، سوپای پاسداران تەقەیان لە شوانێک بەناوی یوسف ئەحمەدی کردووە و گیانی لەدەستداوە.[2]
- لە 24 کاتژمێردا تەنیا لە سنە و ئیلام و کرماشان 42 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، ژمارەی تووشبووانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە 32 هەزارو 500 کەس نزیکدەبێتەوە.[3]
- هەواڵدەریی رکنا سەر بە حکوومەتی ئێران لە هەواڵێکدا، باسی لە دەسبەسەرکردنی بەڕێوەبەرانی گرووپی مۆسیقای سەرشەقام لە شاری ئیلام، کرد. ئەو هەواڵدەرییە لەو بارەیەوە نووسیوویەتی: بەڕێوەبەرانی گرووپی مۆسیقای سەرشەقام بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی یاسا و ڕێسای فەرهەنگی و تەندروستی لە ئیلام دەسبەسەر کراون.[4]
- زیندانییەک بە ناوی ڕۆستەم قوربانی خەڵکی گوندی بزوش و دانیشتووی شاری کامیاران، بەهۆی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورک ناوچەکانی شارۆچکەی دەرکاریان لە سنووری زاخۆ بۆردوومان کرد.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 495 کەس و گیانلەدەستدانی هەشت کەسی دیکەی بە کۆرۆنا ڕاگەیاند.[7]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا کاروان کەریم خان، بەڕێوەبەری شارەدێی هەریر جەخت دەکاتەوە، دۆخی کۆرۆنا لەو شارەدێیە مەترسیدارە و لە لێواری کارەساتدایە.[3]
- بڕیاردەری لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند: ئەمرۆ کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ، لێژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان بۆ گفتگۆکردن لەسەر کێشەی ساخنەبوونەوەی بەرهەمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە.[5]
- لە سلێمانی گردبوونەوەی بەشێک لە فەرمانبەران و کارمەندانی هاتوچۆ دەستیپێکردەوە و بۆ دووەم ڕۆژ چوونەوە بەردەم نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە شارەکە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی گرێ سپی کە لە ئێستادا لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیر کراوە، تەقینەوەیەکی بەهێز روویدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەم بەیانییە لە کارگەیەک لە باشووری شاری تارانی پایتەختی ئێران تەقینەوەیەک روویدا. دەوترێت بەهۆی ئەو تەقینەوەیەوە 2 کەس گیانیان لە دەستداوە و چەندین کەسیش بریندار بوون. ئەمە چەندەهەمین تەقینەوە کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا لە تاران و شارەکانی تری ئێران روودەدەن.[1]
- عەبدولئەمیر یارەڵڵا، سوپاسالاری عێراق دووپاتی کردەوە، ناوەندی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق ئاسایش و سەقامگیری بۆ کەرکوک دەگەڕێنێتەوە.[3]
- قەرزەکانی سەر تورکیا بۆ 240 ملیار دۆلار بەرزبووەتەوە و هەر منداڵێک کە لە دایک دەبێت لە وڵاتەکە 20 هەزار لیرە قەرزارە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق رایگەیاند، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردودا 2426 کەسی دیکە توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بون و 118 توشبوش گیانیانلەدەستداوە و 1511 کەسیش چاکبونەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-07
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-07
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-07
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-07
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-07
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-07
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 191
**2020-07-08**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384460



باکووری کوردستان
- لە روحا لە ئەنجامی هەڵکوتانەسەر ماڵاندا بەکر کاراگەچیلی ئەندامی ئەنجومەی پارتی دەبەپە، خدر ئۆکتای هاوسەرۆکی هەدەپەی وێرانشار و ئیحساک گوندوز بەڕێوەبەری ناوچەکە دەستگیرکران. ڕاگەیەنرا کە بڕیاری دەستگیرکردنی ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە سەما ئایشەئۆغلۆش دراوە. هەرسێ سیاسەتمەدارە کوردەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەکە گواسترانەوە.[1]
- لە بەندیخانەی شاری وان، 4 زیندانی سیاسی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. تووشبووان لە نەخۆشخانە کەرەنتین کراون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسی ڕێکخراوی دادوەریی هێزە چەکدارەکانی پارێزگای سنە، باسی لە مەحکوومکردنی 5 زیندانی بە تاوانی یارمەتیدانی زیندانییان هەڵاتوو لە زیندانی سەقز کرد.[5]
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە دارستانەکانی شارەدێی سەوڵاوای سەربە شاری مەریوان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتەوە و ئاگرەکە هێشتاش بەردەوامە. تیمێکی ئەنجومەنی سەوزی چیا کە ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزییە، لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە چوونەتە ناوچەکە. باس لەوە دەکرێت کە ئاگرکەوتنەوەکە بە مەبەست بووە، هاوشێوەی زۆربەی ئەو ئاگرکەوتنەوانەی لە دارستانەکانی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوودەدەن.[1]
- بەپێی هەواڵێکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان، هاوڵاتییەک بەناوی ڕەزا ڕەمەزانی خەڵکی شاری شاباد سەربە پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانی ئێرانەوە دەستگیرکراوە. بە گوێرەی هەواڵەکە، ڕەمەزانی دوای دەستگیرکردنی، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە ئەشکەنجە دراوە و هەڕەشەی لەسێدارەدانی لێکراوە و ناچار بە دانپێدانانی زۆرەملی کراوە. لە هەواڵەکە هەروەها هاتووە: ڕەزا ڕەمەزانی بە تۆمەتی 'سووکایەتی بە پیرۆزییەکان' لەلایەن ئیتلاعاتی سوپای پاسدارانەوە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە دەستگیرکراوە.[3]
- بەپێی ئامارەکان 25 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گیانیان لەدەستداوە، 10 کەسیان لە ورمێ، نۆ کەسیان لە کرماشان، چوار کەسیان لە سنە و دووانیشیان لە ئیلام بوون.[8]
- ژنێکی لاو بە ناوی شەکیلا زەحمەتکێش تەمەن 25 ساڵ خەڵکی گوندی تین سەر بە بەخشی باینگانی شاری پاوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[5]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورک، لەناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە تۆپبارانی چەندین گوند دەکەن لە سنووری برادۆست.[3]
- بەهۆی نووسینی "کەرکوک تورکمانییە و بەتورکمانیش دەمێنێتەوە" لەسەر تابلۆکەیان، دەرەنگانی شەوی ڕابردوو هێزێکی لیوای 61ی تایبەت بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، چووە سەر بارەگای بزوتنەوەی نەتەوەی تورکمانی لە شاری کەرکوک، بەڵام ڕێگەی لابردنی تابلۆکەیان پێنەدرا.[3]
- لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 294 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 11 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە و 140 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[6]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر ئاشکرای دەکات، ژمارەی تووشبوون بە کۆرۆنا گەیشتە نزیکەی 650 کەس وبەشێک لە تووشبووان باری تەندروستییان ناجێگیرە.[2]
- بە بەشداریی نوێنەری پێکهاتە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستان, یەکەمین دیداری تێڕوانینی ئایینەکان و خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر بەڕێوەچوو. نوێنەری هاووڵاتیانی کریستیان سەبارەت بە ڕێکارەکانی ڕێگری لەم ڤایرۆسە باسی لە شێوازەکانی خۆپارێزی کرد و، پێشنیازی کردنەوەی سەرجەم شوێنە ئایینییەکانیش دەکات.[2]
- کارمەندانی هاتوچۆی نارازی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند: بە کۆی دەنگ بڕیارماندا

تا 25-07-2020 بایکۆتی دەوام رابگرین لەسەر بەڵێنی بەڕێوەبەری هاتوچۆی ناو شاری سلێمانی، کە داوای کرد چەند رۆژ مۆڵەتی پێبدەین بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم داواکارییەکانی کارمەندانی هاتوچۆی نارازی. راشیانگەیاند: بڕینی مووچە هێڵی سوورە و دەبێت 30 رۆژ جارێکیش مووچەمان پێ بدرێت.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کەشناسی هەرێم رایگەیاند، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.2 پلە بە پێوەری رێختەر بە قوڵایی 11 کم لە سنووری باشوور و رۆژهەڵات لە دووری 19کم لە سەنتەری شاری خانەقین روویدا.[7]
- رۆژنامەنووس و هونەرمەند شێرزاد عەبدولڕەحمان کۆچی دوایی کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- مایکڵ رۆبن، نوسەر و لێکۆڵەری ئەمریکی لە پەیمانگای ئینتەرپرایز لەمیانەی شایەتیدانێکدا لە بەردەم لیژنەی ئازادی ئاینەکان پێشنیازیکرد، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، لەلیستی گروپە تیرۆرستییەکانی ئەمریکا دەربکرێت، دەشڵێت، پۆلێنکردنی تیرۆرستی زیاتر لە تورکیا دەوەشێتەوە نەک پەکەکە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
🏛 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛 پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئیلام
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پاوە (هەورامان)
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: IR ئێران

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-07-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 08-07-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-07-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 08-07-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 08-07-2020
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 08-07-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 08-07-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 192

**2020-07-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384461



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی حیکمەت ئەحمەدی کوڕی سدیق خەڵکی گوندی کوران، شەمزین ئەحمەدی کوڕی حاکم خەڵکی گوندی کوران و ڕەوشەن جەهانگیری کوڕی فازڵ خەڵکی گوندی سین ئاوای ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران بەسەختی پێکران.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەچڕی بۆردومانی چیای کورەزاری سنوری شارەدێی شیلادزێ دەکەن.[2]
- لە سنووری شارۆچکەی باتیفای سەر بە شارۆچکەی زاخۆ مین بە یەکێک لە سەربازانی هێزی پاسەوانیی سنووردا تەقییەوە.[1]
- زیاتر لە 200 دەروێشی شێخ محەمەدی کەسنەزانی بە شمشێر، چەقۆ و خەنجەر هێرشیان کردووەتە سەر بازگەیەکی ئاسایش لە دەروازەی سنووریی نێودەوڵەتیی باشماخ. دەروێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سنووریان بەزاندووە و هاتنی ئەو دەروێشانە بەمەبەستی بەشداریکردنیانە لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی شێخ محەمەد کەسنەزانی کە بڕیارە ڕۆژی هەینی 10-07-2020 بەخاکبسپێدرێت.
[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەنجوومەنی گەنجانی بناری قەندیل و گەنجانی وڵاتپارێز لە چوارچێوەی هەڵمەتی (بیرۆخێنە)ی سەفەربەریی حەفتانین بۆ دەرکردنی سوپای تورکی داگیرکەر لە خاکی باشووری کوردستان و ئێراق دەستیان بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ کردووە و هەموو ڕۆژێک بەردەوامن لە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ کەمپەینەکەیان. گەنجان لە زۆرێک لە گوندەکانی بناری قەندیل دا دەگەڕێن و واژۆی گەنجان و هاووڵاتییان کۆ دەکەنەوە و تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر واژۆیان لە بناری قەندیل کۆکردووەتەوە.[4]

- نزیکەی 300 پێشمەرگەی سەربە فەرماندەیی شنگال، فەسڵ دەکرێن و موچەی چەند مانگێکیشیان پێنادرێت، ئەوەش بە پاساوی بەجێنەهێنانی ئەرکەکانیان و پابەندنەبون بە دەوامەوە، کە بەشێکیان هۆکارەکەی بۆ قەدەغەی هاتوچۆ دەگەڕێننەوە.[3]
- بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان ڕاگەیاند: ئەمڕۆ 48 زیندانی لە گرتووخانەی گەرمیان وەک هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشان کران.[3]
- بەبڕیاری مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، زیاد جەبار وەک سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان کرا.[5]
- لە سلێمانی پێشمەرگە دێرینەکان گردبونەوەو داوا دەکەن چاکسازی مووچە لە مووچەی سەرجەم هاوڵاتیان بکرێت نەک تەنها پێشمەرگە دێرینەکان و داوای مافەکانیان دەکەن.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

دەرەوەی کوردستان

- ڕۆژ بەڕۆژ داشکانی دراوی ئێرانی بەردەوامە و بەقسەی بازرگانی ئەو دراوەش تائێستا تمەنی ئێرانی داشکانی بەوشێوەیەی بەخۆیەوە نەدیوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | پێنجوێن |
| شار و شارۆچکەکان: | زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-10

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 193

**2020-07-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384462



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەی تورک هەڵیکوتایە سەر بارەگای هەدەپە لە ناوچەی هەزۆر لە پارێزگای ئێلح لە باکووری کوردستان.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک بە فەرمانی داواکاری گشتی ئامەد هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک خانەوادە. لە ئەنجامدا جەنگیز ئاتسز، فەردا ئیلدان، پنار ئاڵتاش و ئەمێد ماناپ دەستگیرکران و بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئامەد گواسترانەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زیاد ئیسباتی حەیدەرانلوو بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی ئەرتەشی تورکیە لە سنووری چاڵدێران گیانی لەدەست دا. هێزەکانی ئەرتشی تورکیە ئەو کۆڵبەرە کوردەیان لە گوندی گوڵ سەر بە بەخشی دەشتەکی چاڵدێران بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە.[4]
- کۆڵبەرێکی دیکە بەناوی "ئیبراهیم ئەبوبەکری" دانیشتووی گوندی منمجە لە دامێنی چیاکانی قەندیل لە شارۆچکەی پیرانشار بە گوللەی راستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی گیانی لەدەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- نزیکەی 8 هەزار دەروێش هاتوونەتە سلێمانی و بەشێکی زۆریان چوونەتە تەکیەی گەورەی شێخ محەمەد کەسنەزانی بۆ بەشداریکردن لە پرسە و ڕێورەسمی بە خاکسپاردنیدا. تەرمی شێخ لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە برایە تەکیەکەی خۆی و لەوێ نێژرا.[2]
- محەمەد قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ئەو دەروێشانەی بەبێ پشکنین و ڕێگەپێدان هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان وەک تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.[3]
- بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزی سلێمانی رایگەیاند: لە سنوری گوندەکانی (گەرەدێ، تەگەران)ی سەر بە شارەدێی سیتەک بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە پوش و پاوان و دارستانی سنورەکە کەوتەوە. رونیشکراوەتەوە: بەهۆی خێرایی رەشەباوە ئاگرەکە تەشەنەی سەندوو بووە هۆی سووتانی نزیکەی (550) دۆنم لە پوش و پاوان و داری سروشتی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی، لە هەمبەر ئەو ڕاپۆرتانەی تایبەت بە زەینەب جەلالیان زیندانیی سیاسی و نێرگز محەمەدی و سۆهەیلا حیجاب، دوو داکۆکیکاری مافی مرۆڤ کە لە سەردەمی کۆرۆنا لە خزمەتگوزاریی دەرمانی بێبەری کراون، داوای لە ئێران کرد دەستبەجێ خزمەتگوزاریی دەرمانییان بۆ دابین بکات.[4]
- بەپێی هەواڵی پێگەی دوربینی نزیک لە مەلا کرێکار، ئەمڕۆ هەینی یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی مەلا کرێکار لە ئیتاڵیا لەڕێی ڤیدۆ لینکەوە بەڕێوەچووە، دواتر دادگا بڕیاریدا کە سزاکەی پێشوی وەکو خۆی بمێنێتەوە کە بریتییە لە 12 ساڵ زیندانی بۆ ناوبراو.[5]
- دەزگای ئاماری دەوڵەتی تورک رایگەیاند، رێژەی بێکاری لە تورکیا گەیشتووەتە 12.8 لە سەد.[1]
- لە شاری تارانی پایتەختی ئێران درەنگانی شەوی رابردوو تەقینەوەیەکی تر روویدا و بەو هۆیەوە کارەبای هەندێک شوێنی تاران پچڕا.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماری رۆژانەی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاند، دوو هەزار و 848 کەسی دیکە تووشی ڤایرۆسەکە بوون و 78 تووشبوویش گیانیان

لەدەستداوە. بەوەیش کۆی گشتیی گیانلەدەستدانی تووشبووانی کۆرۆنا لە وڵاتدا گەیشتە دوو هەزار و 960 کەس.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | ئیتالیا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-07-2020
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 10-07-2020
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 10-07-2020
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 10-07-2020
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 10-07-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 194

**2020-07-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200507230534383799



باکووری کوردستان
- بەگوێرەی ڕاگەیێندراوی دەزگاکانی تورک، هێزەکانی جەندرمە لە ناوچە شاخاوییەکانی سەر بە شارۆچکەی شەنکایا لە پارێزگای ئەرزەڕۆم، لەمیانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا سێ گەریلایان کوشتووە، کە بەرپرسێکی داواکراوی پەکەکە بەناوی (هالیس ئەرئۆغڵ) لەنێویاندا بووە. هەپەگە ئەمەی پشتڕاستنەکردووەتەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هونەرمەندێکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا چاوەشی خەڵکی گوندی حاجی لەکی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بنەماڵەی ئەو هونەرمەندە کوردە بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی ناوبراو، چەندین جار سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکانیان کردووە کە هێزە ئەمنییەتییەکان پێیان ڕاگەیاندووە کە ئەو هونەرمەندە کوردە، بۆ ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزراوە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو، هەتا ئێستا بەدواداچوونی بنەماڵەی ئەو هونەرمەندە کوردە، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی عەبدوڵڵا چاوشی بێئاکام بووە.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەلی زەواری کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی مێشەدێ و دانیشتووی گەڕەکی کۆنەخانێ پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە.[6]
باشووری کوردستان
- فەرماندەیی هێزەکانی پەرپەرچدانەوەی خێرای ئێراق ئاشکرایکرد، دەروازەی مونزیریە لە ڕۆژهەڵاتی خانەقین و دەروازەی مەندەلی کۆنترۆڵکراون و هێزی هەمیشەیی و بژاردەی لە هەردوو دەروازەکەدا جێگیرکردووە، ئەوەش بە ئامانجی نەهێشتی گەندەڵی.[2]
- تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە باشووری کوردستان دەستیپێکرد.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بۆ دووەمجار بەردی بناغەی شەقامی سەد مەتریی سلێمانی بەناوی شاڕێی بابان لەلایەن مەسرور بارزانییەوە دانرا.[3]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی کەرکوک گیان لەدەستدانی ئەفراسیاو کامیل وەیسی، گوتەبێژی پۆلیسی ئە و پارێزگایەی بەهۆی نەخۆشیی کۆڕۆناوە ڕاگەیاند.[3]
- لە سنوری شارەدێی قەرەتەپە بۆمبێکی چێنراو بەهێزەکانی حەشدی شەعبیدا تەقیەوەو کوژراو بریندارى لێکەوتەوە.[4]
- نرخی زێڕ، لەسەر ئاستی بازاڕەکانی جیهان و هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە بەرزترین ئاست و زێنگرانی دهۆکیش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی، بازاڕیان سستبووە و دەڵێن هاووڵاتییان زێڕەکانیان دەکەنە پارەو بەوهۆیەشەوە فرۆشتنی زێڕ بۆ سفر دابەزیووە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- بەرپرسانی حکومەتی نەمسا لەبارەی هێرشە 4 ڕۆژیەکە بۆ سەر کوردان و گروپە چەپەکانی تورک لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا ڕایانگەیاند، هێرشەکان لەلایەن میت و ڕێکخراوەکانی ئاکەپە – مەهەپەوە ئەنجامدراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ پیرانشار - خانە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئەرزەروم
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ خانەقین
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: نەمسا
Quick Respons Code:


🗄️ سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 11-07-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 11-07-2020
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 11-07-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 11-07-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳️ کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 11-07-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-05-07 11:05:34 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 195

**2020-07-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384463



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی دیاکۆ تارا کوڕی رەسووڵ خەڵکی گوندی کێلەسیپانی بەخشی لاجانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان پاش دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار راگواستووە.[7]
- لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییانی کورد لە پیرانشار، لاوێکی کورد بە ناوی عادڵ شێخە کوڕی رەحیم، تەمەن 21 ساڵ و خەڵکی پەسوێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی ئەو لاوە کوردەیان دەسبەسەر کردووە و لە چارەنووسی هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[7]
- لە شاری ورمێ، لە رێورەسمی شایی کوڕ و کچەکەیاندا، دایک و باوکی بووک و زاواکە تووشی کۆرۆنا بوون و هەر چواریان گیانیان لەدەستدا.[1]
باشووری کوردستان

- نۆ هەزار و 201 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 316 کەسیش گیانیان لەدەستداوە؛ هەروەها سێ هەزار و 294 کەسیش چاکبوونەتەوە.[2]
- لە 24 کاژێری رابردوو، 254 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 14 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- ڤایرۆسی کۆرۆنا لەناو زیندانیانی چاکسازیی گەورانی سلێمانیدا بڵاوبووەتەوە، سەرچاوەیەکی ناو زیندانەکە دەڵێت، زیاتر لە 100 تووشبوو تۆمارکراوە و رۆژانەش تووشبووی نوێ تۆمار دەکرێت، بەڵام وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیی رەتیدەکاتەوە و دەڵێت، کە تەنها 27 تووشبوو تۆمارکراوە.[3]
- لەماوەی 24 کاتژمێردا 10 کەس لە دەڤەری گەرمیان بە کۆرۆنا گیانیان لە دەستداوە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا هەزار و 990 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری سلێمانی چاک بوونەتەوە.[6]
- دەزگای خێرخوازیی بارزانی بە مەبەستی پاڵپشتی جوتیاران و کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە پڕۆژەیەکدا بە ماوەی حەوت رۆژ و رۆژانە 30 تەن بەرهەمی تەماتەی جوتیاران لە پارێزگای دهۆک دەکڕێت و پاشان پێشکەشی ئاوارە و پەنابەران لە کەمپەکان دەکات.[2]
- دوای پێنج مانگ لە دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی شارەوانی قەزای کۆیە، ئەندازیار هۆگر کەیفی دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە. سەرۆکی شارەوانی کۆیە لەرونکردنەوەیەکدا هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی بۆ چەندین کێشە دەگەڕێنێتەوە لەوانە نەسریەی کەمی مانگانەی شارەوانی، کە چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینارە و بەوتەی خۆی بەشی سەدا 10 ی داواکاری هاوڵاتیانی سنورەکە ناکات.[4]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوک رایگەیاند، ئەمڕۆ، لە بەردەم ئەکادیمیای پۆلیسی کەرکوک، محەمەد جەلال کارمەندی بەشی ئەفسەرانی پۆلیس، کە بە رەگەز تورکمانە و نیشتەجێی شارەدێی تازەی خورماتووە لە باشوری کەرکوک، تەقەی لێکراوە و بەهۆیەوە گیانیلەدەستداوە.[4]
- دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر یادداشتی دەستگیرکردنی بۆ سۆران عومەر دەرکرد.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

دەرەوەی کوردستان

- دوای بڕیاری تورکیا بە گۆڕینی مۆزەخانەی ئایاسۆفیا بۆ مزگەوت، پارتییەکی سیاسیی یۆنانی داوایکرد وەڵامی تورکیا بدرێتەوە کە دەستی بۆ سەر یەکێک لە گرنگترین هێماکانی دنیای مەسیحیەت درێژکردووە. پارتیی چارەسەری یۆنانی داوایکرد شوێنی لەدایکبوونی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا لە شاری سالۆنیکی یۆنان بکرێتە مۆزەخانەی نەمرکردنی یادی کۆمەڵکوژیی یۆنانییەکان لە ناوچەی بۆنتۆسی سەر دەریای رەش لە سەردەستی تورکەکان.[1]
- پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان رایگەیاند بڕیاری گۆڕینی مۆزەخانەی ئایا سۆفیا بۆ مزگەوت لەلایەن ئەردۆغانەوە" زۆر ئازاری دام".[4]
- وەزارەتی دەرەوەی میسر، هەواڵی کۆچی دوایی کونسوڵی وڵاتەکەی ئەحمەد جیهاد لە هەولێر راگەیاند، کە بە هۆی نەخۆشییەوە لە قاهیرە کۆچی دواییکردووە.[2]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، بڕیاری گۆڕینی ئایا سۆفیا بۆ مزگەوت و کردنەوەی بە رووی موسڵماناندا بڕیارێکی ناوخۆیی تورکیایە و پێویستە وڵاتان رێز لە بڕیاری ناوخۆیی یەکدی بگرن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: دهۆک
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
وڵات: میسر
وڵات: VA ڤاتیکان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: یۆنان - گریک
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 12-07-2020
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-07-2020
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-07-2020
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 12-07-2020
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 12-07-2020
[7] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 12-07-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 196

**2020-07-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384464




باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسییان لە دژی گەلی کورد هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەتول یاشار هاوسەرۆک شارەوانیی گیادنی هەدەپە لە پارێزگای ئاگری و دەستگیریانکرد. هەروەها هەڵیانکوتاوەتە سەر بینای شارەوانیی گیادن و دەستیان بەسەردا گرتووە.[1]
- لە دەریاچەی وان تەرمی 29 لەو کۆچبەرانە دۆزراونەتەوە، کە لە کۆتاییەکانی مانگی حوزەیرانی رابردوو بەلەمەکەیان لە ئاوی دەریاچەکەدا ژێرئاو کەوتبوو.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بە ناوەکانی سابیر شێخ ئیسلامی و دیاکۆ رەسووڵ زادە خەڵکی مەهاباد، لە بەندی 1_2 زیندانی ورمێ بۆ ژووری تاکەکەسی راگوێزران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ، حوکمی لەسێدارەدانی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە لە دیوانی باڵای وڵات پشتڕاست کراوەتەوە و ئەگەری جێبەجێکردنی ئێعدامی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە بەم نزیکانە لە ئارادایە.[5]
- عوسمان ڕەحیمی فەر چالاکی مەدەنی و ئەندامی گرووپی شاخەوانیی ڕامان، خەڵکی کامیاران، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو چالاکە مەدەنییە پاش دەسبەسەرکرانی بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کراوە.[5]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندی دەرگەلێ لە بەرواری باڵا سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردومان دەکەن.[3]
- لە سنووری پارێزگای دهۆک بۆردوومان و هەوڵەکانی سوپای تورکیا بۆ هاتنەپێشەوە لە سنوورەکە بەردەوامە، بۆئەوەی جێگە ستراتیژییەکانی ئەو سنوورە کۆنترۆڵبکات.[2]
- لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی یەکێتی لەسەردانەکەیدا بۆ گەرمیان بە لێپرساوانی ئیدارەکەی راگەیاند:ئێمە پشتیوانی سەرخستنی پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناین لەگەرمیان و دەمانەوێت هەرچیتان نیەو هەرچیتان دەوێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان پێمان بڵێ تا بۆیان بکەین.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- بە پێی رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی عەفرین لە گوندی بەراڤای ناوچەی شەڕای عەفرین کە لە ئازاری 2018ەوە لە لایەن چەتەکانی سوڵتان موڕادی سەر بە دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە، دارستانەکان سووتێنراون. باسی ئەوە دەکرێت کە ئاگرەکە بە شێوەیەکی فراوان تەشەنەی کردووە.[1]
- نووسینگەی کاروبارەکانی پاراستن لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سوریا هەموو ئەو تۆمەت و قسە هەڵبەستراوانە رەتدەکاتەوە کە لە هەندێک لەدەزگاکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبوونەتەوە گوایە لەناوچەکانی خۆبەڕێوەبەری منداڵان چەکدار دەکرێن. نووسینگەکە جەختیش دەکاتەوە کەئەوان پابەند دەبن بە یاسای ئەرکی بەرگریکردن، کە لە مادەی 14 دا هاتووە، ئەرک و خزمەتی بەرگریکردن ئەو گەنجانە ناگرێتەوە کە تەمەنیان لەخوار 18 ساڵەوەیە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- هێڵی ئاسمانیی تورکی (تورکیش ئێرلاین) خشتەی گەشتەکانی مانگی داهاتووی بڵاوکردەوە و بەپێی خشتەکە گەشتەکانی بۆ هەولێر و سلێمانی دەستپێدەکاتەوە.[2]
- پێکدادانەکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کە لە دوێنێیەوە دەستیپێکردووە بەردەوامە و کاربەدەستانی ئەرمینیا دەڵێن سنوورەکانیان هەر 15 بۆ 20 خولەک جارێک لەلایەن سوپای ئازەربایجانەوە تۆپباران دەکرێت.[1]
- سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان رایگەیاند، تورکیا بووەتە چوارەم وڵات لە پیشەسازی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان. روونیشیکردەوە، قەبارەی هەناردەی بەرگری تورکیا لە ساڵی 2019 تەنیا 248 ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام ئەمساڵ گەیشتووەتە 2 ملیار دۆلار.[4]

- ئەلێکساندەر شالینبرێج، وەزیری دەرەوەی نەمسا دووپاتی کردەوە، ئەوروپا بەرامبەر پێشێلکاری و زیادەڕۆییەکانی تورکیا لە عێراق و لیبیا و هاوکات گۆڕینی ئەیا سۆفیا بێدەنگ نابێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کامیاران |
| 🗺 وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |
| 🗺 وڵات: | نەمسا |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-13
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-13
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-13

[4] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-13
[5] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-13

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 197

**2020-07-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384465




باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر 22 ناوچەی لە پارێزگای شرنەخ، کە ناوەندی شرنەخ و ناوچەکانی جزیر و سلۆپی دەگرێتەوە، بۆ ماوەی 3 رۆژ لە هاووڵاتییان قەدەغە کرد. دوای بڕیار قەدەغەی هاتوچۆ لە لایەن پارێزگای شرنەخەوە، ئۆپراسیۆنی سەربازی دەستی پێکرد. بە پێی زانیاریەکان ئۆپراسیۆنە سەربازیەکەی چیای جودی، بە بەشداری هەزاران سەرباز دەستی پێکردووە.[1]
- ئاژانسی هەواڵیی ئەنادۆڵی تورکی بڵاویکردەوە، هێزە ئەمنییەکان لە شاری غازی عەنتاب هەڵیانکوتاوەتە سەر (30) شوێن و ژمارەیەک تۆمەتباریان دەستگیرکردووە و دەستیشیان بەسەر ژمارەیەک بەڵگەنامەدا گرتووە، کە پشتڕاستی دەکاتەوە ئە و کەسانە پەیوەندی راستەوخۆیان بە پارتی کرێکارانی کوردستانی یاساغکراو هەبووە، کە لای تورکیا رێکخراوێکی تیرۆریستییە.[3]
- دانیشتنی دادگاییکردنی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە بەرێوەچوو و دادگای تورک بڕیاریدا یەکسەکداغ لە زینداندا بمێنێتەوە.[1]
- لە چوارچێوەی بڕیاری لێپرسینەوە لە 33 کەس کە لە لایەن داواکاری گشتی شاری ئامەدەوە درا، 22 کەسیان دەستگیر کران کە لە ناویاندا ئەندامانی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد و چالاکوان و ئەندامانی سەندیکا و کۆمەڵەکانی ژنانیش هەن. ناوی هەندێک لەو کەسانەی لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی ئامەد راگیراون بەم شێوەیە یە: ئەلیف هاران هاوسەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی یاسا و پشتیوانی خانەوادەی زیندانیانی مەد، رابیعە ئاتاش ئەندامی کۆمەڵەی هاوکاریکردنی خانەوادەی زیندانیان، پانایر چەلیک ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی رێزان، زەکیە گولەر چالاکی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد، دەمەت ئوزکاران هاوسەرۆکی پێشووی لقی یەنی شەهری هەدەپە، فیگەن ئەکتی، رۆندا بات، رۆزەرین چاتاک، ئەمینە کایا، دیلان یەعقوب، گونەش، زەینەب سونجاک، سەلمان مەتین، تێکۆشین تەکین، روکەن شەهیر و خەیریە تورکەکول کە تەمەنی 70 ساڵە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کوردستان، دوو گیراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ رەسوڵزادە، دوایین ساتەکانی شەوی رابردوو لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە سێدارەدراون.[2]
- بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، زارا محەمەدی مامۆستای زمانی کوردی و بەرپرسی ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی نۆژین، 7 مانگ دوایی ئازاد بوونی بە شێوەی کاتی لە دەستبەسەرگە، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە حوکمی 10 ساڵ بەندکرانی بەسەردا سەپێندرا.[7]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا سەنتەری شارەدێ کانی ماسیان بۆردومان کرد و بەرێوەبەری ناحیەکەش هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە. سەربەست ئاکرەیی، بەرێوەبەری شارەدێ کانی ماسی رایگەیاند، تۆپخانەکانی تورکیا سەنتەری ناحیەکەیان بۆردومان کرد و چەند گوللە تۆپێک لە دووری تەنیا 100 مەتر لە بینایەی بەرێوەبەرایەتی ناحیە کەوتنە خوارەوە.[3]
- لە دژی سوپای تورکی داگیرکەر لە شاخی کارتاڵ لە حەفتانین گەریلاکانی پەکەکە چالاکیی ئەنجامدا. لە ئەنجامی ئەو چالاکییەدا ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک کوژران. دوای چالاکییەکە داگیرکەران لەسەر شاخی کارتاڵ دەستیان بە کشانەوە کردووە.[1]

- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە کۆرۆنا بڵاوکردەوە و دەڵێت، 181 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 12 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- لە ماوەی دوو هەفتەی سەرەتای ئەم مانگەدا، ئامارەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە پارێزگای سلێمانی دابەزیووە، هەروەها رێژەیەکی زۆری تووشبووانیش چاکبوونەتەوە. بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی، دابەزینی ئامارەکانی تووشبوون بۆ پابەندبوونی زیاتری هاووڵاتییان بە رێکارەکانی خوپارێزی دەگەڕێنێتەوە.[3]
- دوای ئەوەی دوێنێ لە نەخۆشخانەی گشتی کەرکوک کە ئەو نەخۆشخانەیە تایبەت کراوە بە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دیمەنی مامۆستایەک لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبووەوە لەکاتی گیان لەدەستدانی هاوژینەکەی مامۆستاکە دەستی لەلایەن پۆلیس بە کەلەپچە بە قەروێڵەی هاوژینەکەیەوە بەستراوەتەوە و هاوار دەکات، ئەمەش کاردانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، هەر ئەمرۆش لیژنەی هەلوێست بۆ داکۆکی کردن لە مافی مامۆستایان و فەرمانبەرانی کورد لە کەرکوک گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان لەبەردەم نەخۆشخانەی گشتی کەرکوک ئەنجامدا و تیدا داوایان کرد کە لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت بۆ لێکۆلینەوە لەو کردەوە نامرۆڤایەتیە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، رێوڕەسمی بەگەڕخستنی وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات بەڕێوەدەچێت.[4]
- لە بناری قەندیل بە دەستپێشخەری رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک، بە دروشمی، بە گیانی 14ی تەمووز ڕووبەڕووی داگیرکاریی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان دەبینەوە خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سکرتێری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، نزیکەی 500 ملیۆن دیناری قەرزی جۆراوجۆری بازرگانییان وەرگرتووەتەوە و دەشڵێت، ئەو موڵکانەی وەک گرنتی لە بری قەرزەکان دانراون، ئەگەر نەفرۆشرێن دەبنە موڵکی حکومەت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- عەباس موسەوی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاشکرایکرد، وڵاتەکەی وەڵامی یەکلاکەرەوە و توندی دەبێت ئەگەر بگاتە ئەو ئەنجامەی تەقینەوەکانی نەتەنز و ڕووداوەکانی دیکەی هاوشێوە دەستیان لەپشتەوەیە.[2]
- رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور دووپاتیکردەوە، زیاتر لە ملیۆنێک لە دانیشتووانی عێراق بە دەست رێکخراوی تیرۆریستی داعش ئاوارەبوون و ئێستا لە کەمپەکانی ئاوارەدا هەڕەشەی گەورەی کۆرۆنایان لەسەرە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏢 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏢 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏢 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئامەد

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئەنتاب - دیلۆک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ شڕناخ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-14
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-14
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-14
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-14
[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-07-14
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-14

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 198

**2020-07-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384466



باکووری کوردستان
- دادگای دەوڵەتی تورک لە ئامەد سزای 9 ساڵ و 4 مانگ و 15 ڕۆژی زیندانی بەسەر سەلچووک مزراکلی هاوسەرۆکی گەورە شارەوانی ئامەد سەپاندبوو و سزاکە پەسەندکرا.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چارەنووسی شەش هاووڵاتیی کوردی خەڵکی مەهاباد بە ناوەکانی جەسیم مەجنوونی، ئەسعەد محەمەدنژاد، سۆران نەسیری، سۆران موختاری فەر، ڕێبوار یادەست و ئومید عەباسی، پاش دەسبەسەرکرانیان ناڕوونە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەی ئەو 6 هاووڵاتییە دەسبەسەرکراوە کوردە بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسیان، هێزە ئەمنییەتییەکان لە دانی هەر جۆرە وڵامێکی ڕوون لەو پەیوەندییەدا، خۆیان دەبوێرن.[5]
- پاش پێدانی حوکمی 10 ساڵ بەندکران بە زارا محەمەدی، خەڵکی کوردستان و چالاکانی مەدەنی و سیاسی بە دانانی هەشتەگ ئەو حوکمەیان مەحکووم کرد و پشتیوانییان لەو چالاکە مەدەنییە کرد.[5]
- شەڕ و تێکهەڵچوونێک لە نێوان هێزەکانی سپای پاسداران و گرووپێکی چەکداری نەناسراو لە گوندی بڵبەر سەر بە سەوڵاوا ڕووی دا. لەو شەڕەدا دوو ئەندامی سپای پاسداران بە ناوەکانی جەماڵ کەرەمی فەرماندەی بەسیجی ناوچەی هەورامان و محەممەد کەرەمی کوژراون و ئەندامێکی دیکەی سپای پاسداران بە ناوی محەممەد موڕادی بریندار کراوە.[5]

- هاووڵاتیەکی تەمەن 49 ساڵ خەڵکی گووندی خورینج سەر بە شاری پیرانشار بە ناوی "موراد مورادی" لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار موراد مورادی لە سێ ڕێیانی جلدیان و بە تۆمەی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانیەکانی دژبەری حکومەتی ئێران دەسبەسەر و لە کاتی دەستبەسەکردنیدا دراوە بە لێدان و کوتان.[7]
- هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە گوندی سلێن سەر بە شاری سەوڵاوا دوو مێرمنداڵی تەمەن 16 ساڵیان بە ناوەکانی "هێمن ئەدوایی" و "کەیومەرس ئەدوایی" دەستبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو مێرمنداڵە هاوکات لەگەڵ تێکهەڵچوونی چەکداری نێوان هێزەکانی سپای پاسداران و هێزێکی کوردستانی لە بەرزاییەکانی بڵبەر دەستبەسەر کراون. لە ئەنجامی ئەو تێکهەڵچوونەدا دوو پاسدار کوژران و دووی دیکە بریندار بوون.[7]
باشووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک گردی کۆردینەی تۆپباران کرد کە وەک گۆڕەپانی ناوەڕاستی حەفتانین دەناسرێت.[6]
- تورک گوندەکانی ئەڤلەهێ و پیریلا لە سنووری شارۆچکەی باتیفا تۆپباران دەکات و 50 گوللە تۆپ بەر دەوروبەری گوندەکان کەوتوون. هەروەها تورک گوندی سیلای سەر بە شارۆچکەی باتیفایشی تۆپباران کردووە و 25 گوللە تۆپ بەر دەوروبەری گوندەکە کەوتوون.[2]
- وەزارەتی تەندروستی دوایین ئاماری تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 18 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە، 238 کەس تووشبوون و 78 کەسیش چاکبوونەتەوە.[1]
- سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەیانی ئەمڕۆ خانەنشینێک لەبەردەم یەکێک لە بنکەکانی دابەشکردنی مووچە لە سلێمانی کە لەسەرەدا بوو بۆ وەرگرتنی مووچەکەی گیانی لەدەستدا.[3]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لقی کەرکوکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەیاننامەیەکیان خوێندەوە و ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانیان کرد و رایانگەیاند، درەنگانێکی شەوی سێشەممە لە نەخۆشخانەی جمهووری شاری کەرکوک رووداوێکی نەخوازراو روویدا کە یەکێک لە مامۆستاکانی شاری کەرکوک سەر بە خوێندنی کوردی بە کەلەپچەکراوی بەدیار هاوژینەکەیەوە چاوەڕێی مەرگی خێزانی بوو و تاوەکو خێزانی گیانی سپارد. لقی کەرکوکی یەکێتیی مامۆستایان رایگەیاند جگەلەوەی ئەو کارە خاڵییە لە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکان، سووکایەتیشە بەرامبەر پرۆسەی پەروەردە.[2]
- کۆنسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر رایگەیاند، ئۆپەراسیۆنی سوپای وڵاتەکەی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانە بۆ پاراستنی وڵاتەکەیان لە هەڕەشەی تیرۆر. جەختیشدەکاتەوە تاوەکو کۆتاییهێنان بە پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، ئۆپەراسیۆنەکەیان بەردەوام دەبێت.[2]
- سوپای عێراق بە بیانووی لەناوبردنی چەکدارانی داعش، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە گەرمیان و خانەقین دەستپێکردووە و بەنیازیشە بنکەیەکی سەربازی لە گوندی کارێزی شارۆچکەی کفری دابمەزرێنێ و هێزەکانی لەوێ جێگیر بکات. هاوکات هێزەکانی پێشمەرگەش رێگە بە جێگیربوونی ئە و هێزانە نادات و فەرماندەکانی پێشمەرگە رایدەگەیەنن، ئەگەر ئەوان هێز لە و ناوچانە جێگیربکەن، ئەوانیش هێزی پێشمەرگە لەناوچەکە جێگیر دەکات.[4]
- ژنانی تەڤگەری ئازادیی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا پەیامێکیان ئاراستەی ژنانی سیاسیی و ئەرکدار لە ناو حکومەتدا کرد و رایانگەیاند، بۆ چارەسەری هەموو کێشەکان پێویستە هەموو ژنان بێنە لای یەک و قۆناغێکی نوێ لە مێژوو بنووسنەوە.[7]
- لە راگەیەندراوێکی دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەراندا ئاماژە بە دەستبەسەرداگرتنی بڕی زیاتر لە 25 کیلۆگرام زێڕدا لەلایەن کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دەروازەی سنووریدا کراوە، کە لە ناو کامیۆنێکی هەرێمی کوردستان لەکاتی گەڕانەوەی لەدیوی ئێران ویستویەتی بیهێنێتە ناو

هەرێمی کوردستان.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- گردبوونەوەی بەشێک لە کەسوکاری زیندانیانی چاکسازیی گەورانی هەولێر لە بەردەوام پەرلەمانی کوردستان، ئەوان داوایان کرد کە سزای لە سێدارەدانی کەسوکارەکانیان بۆ هەتاهەتایی کەمبکرێتەوە یاخود لێبووردنی گشتییان بۆ دەربچێت.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 19:58 خولەک بە کاتی ناوچەکە، لە گەڕەکی مەهلەجی شاری حەسەکەی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا. بە پێی زانیاریەکان تەقینەوەکە 6 بریندار لێکەوتووەتەوە و برینی یەکێک لە بریندارەکان قورسە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لە میدیا ئێرانییەکان گواستییەوە، ئاگرێکی گەورە لە بەندەری بوشەهری ئێرانی کەوتەوە و بەو هۆیەوە 3 کەشتی کە لە بەندەرەکە لەنگەریان گرتبوو، سووتان. لەم بارەیەوە ئاژانسی ئێرنای ئێرانی بڵاوی کردەوە، بەلایەنی کەم 3 کەشتیی لە بەندەرەکە سووتان.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کفری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-15
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-15
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-15
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-15
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-15
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی هەنگاو - 2020-07-17

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 199

**2020-07-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384467



باکووری کوردستان
- بەرپرسانی دەوڵەتی تورک ڕایانگەیاند، لە چیایی ئارتۆس لە پارێزگای وان فڕۆکەیەکی چاودێریی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش کەوتووەتە خوارەوە و بەو هۆیەوە 2 فڕۆکەوانەکەی و 5 کەسی تری ناو فڕۆکەکە کوژراون.[1]
- لە شاری شرنەخ، سەربازێکی تورک بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچێکی 13 ساڵان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا. دانیشتووانی شرنەخیش داوای سزادانی تۆمەتبارەکە دەکەن.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکی داگیرکەر، چوار جار لەسەر یەک ناوچەی کونەکۆتر-یان لە بناری چیای هەڵگورد لە دەڤەری باڵەکایەتی بۆردوومان کرد. بۆردومانەکە لەکاتێکدایە، کە ئەمڕۆ گەشتیارێکی زۆری شاخەوان و مەڕدار و جووتیار لە سنوورەکە هەن.[3]
- وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوو 151 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا تۆمارکراون و 11 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکی بەرفراوان لە سنووری شاخی قەڵا قایمەز و شاخی مەسۆیی لەسنووری سێوسێنانی سەر بە شارۆچکەی قەرەداغ بووە هۆی سووتانی نزیکەی 150 دۆنم پوش و پاوانی سنوورەکە.[4]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ سێ تەرم لەنێو شەتڵگەیەکی نزیک گوندی سەقزلی و لەسەر ڕێگەی نێوان گوندی سەقزلی و گوندی حەسار دۆزرانەوە. یەکێک لەو کەسانەیشی کە کوژراوە ناوی نەوزاد سابیرە، لەدایکبووی 1958ە و کوردە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی باندێکی بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ ڕادەگەیێنێت و دەڵێت، ژمارەیان هەشت کەسە و کاریان کڕین و فرۆشتنی گورچیلەی مرۆڤە بووە.[2]
- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی ئێراقی، ئەمڕۆ، ڕایگەیاند سێ تیرۆرستی داعش لەچیای قەرەجوغ لەباشووری شارۆچکەی مەخموور کووژراون.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە بێفڕۆکەوانە هێرشبەرەکان لەسەر ڕێگای دربەیسی – حەسەکە، شوێنێکی هاووڵاتییانی مەدەنییان بۆردومانکرد.[1]
- فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان خاڵێکی هێزەکانی ڕووسیای لەسەر ڕێگای حەسەکە – دربەسپی بۆردوومان کرد و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزەکانی ڕووسیا و سەربازێکی ڕژێمی سوریا بریندارببوون.[3]

- بەڕێوبەرایەتی کامپی پەنابەرانی 'هۆل'، ژنێکی ئێزدی و کوڕەکەی، کە بە دیل کەوتبوونە دەست چەتەکانی داعش، رادەستی ماڵی ئێزدیانی جزیرەی رۆژئاوای کوردستان کرد.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- بەتۆمەتی هاوکاریکردنی دارایی داعش، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەمارۆی ئابووری خستەسەر چوار دەزگای حەواڵە و دوو کەسایەتی لە تورکیا، سووریا و ئەفغانستان.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، دوو هەزار و 281 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 90 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- لیژنەی باڵای تەندروستی نیشمانی عێراق بڵاویکردەوە، 23ی مانگ فڕۆکەخانەکان دەکرێنەوە و گەشتە ئاسمانییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەستپێدەکەنەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ تەربەسپی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قەرەداغ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەخموور
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ئەفگانستان
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: SY سووریا
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-07-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 16-07-2020

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-07-16
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-16
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-16
[6] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-16


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | AM 12:42:39 2020-06-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 200

**2020-07-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384468



باکووری کوردستان
- شەمزین ئەحمەدی، کۆڵبەری لاوی خەڵکی ورمێ کە 8 رۆژ پیش بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کرابوو، لە یەکێک لە ناوەندە دەرمانییەکانی شاری وان لە باکووری کوردستان گیانی لە دەست دا.[5]
- لە دەڤەری بەرانبەر کۆشکی عەلۆ دینۆی سەر ریگای باسان بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری سەرباز و ئۆتۆمبێلی سەربازی دەست بە ئۆپەڕاسیۆنکرا. بەر لە ئۆپەڕاسیۆنەکە دەرگاکانی بەنداوی ئیلیسۆ کرانەوە و ئاستی ئاوی رووباری دیجلە زیادی کرد و ڕاگەیەنرا کە دوێنێ شەو جموجووڵی فرۆکە بێفرۆکەوانەکان زیادی کردووە.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ترسی خۆپیشاندان، داگیرکەر لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هێزی بڵاوە پێکردووە.[1]
- بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنوورەکانی مێهران و لە شوێنێک بە ناوی "هلت" سێ هاووڵاتی گیانیان لە دەست داوە و هاووڵاتییەک بریندار بووە کە گەیندراوەتە ناوەندە دەرمانییەکانی ئەو شارە. ناسنامەی ئەو چوار هاووڵاتییە کە سەرجەمیان خەڵکی شاری مەلەکشاهی ئیلام بوون و بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئاسنەواڵە چوون بۆ ئەو ناوچەیە، بەم شێوەیە ڕاگەیەندراوە؛ لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە سەلیم تاراس، چراغ عەبدی و هادی ئومیدی گیانیان لە دەست داوە و کەسێک بە ناوی مێهدی ئومیدی بریندار بووە.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 188 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 10 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- شەوی رابردوو، وەزیری دەرەوەی هەولێر گەییشتە هەولێر و ئەمرۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کۆدەبێتەوە.[1]
- لە کەمپی قادیا لە سنووری شارۆچکەی سێمێل، کە بە کەمپی رەوانگە ناسراوە، ئاگر کەوتەوە و بەهۆیەوە حەوت کابینەی ئاوارە ئێزدییەکان بەتەواوی سووتان، بەڕێوەبەری کەمپەکەش دەڵێت، هیچ زیانێکی گیانی نەبووە، بەڵام زیانی زۆری ماددی بەر ئەو خێزانانە کەوتووە.[2]
- شەوی رابردوو کێشەیەک لە پەمپەکانی گەلەرپی بەنداوی دەربەندیخان روویدا، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخانیش دەڵێت، ئەوە کێشەیەکی رۆژانەیە و ئێستا هیچ مەترسییەک لەسەر بەنداوەکە نییە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- هەواڵگری تورکیا، (میت) رایگەیاند، ئافرەتێکی داعشی خەڵکی مۆڵدۆڤیا و چوار منداڵی ئە و ئافرەتەی لە کەمپی هۆلی سەر بە پارێزگای حەسەکە لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا رزگارکردووە

کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکینەکانی پاراستنی گەل و هێزەکانی سووریای دیموکراتدایە.[4]
- سیما سادات لاری وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران رایگەیاند: لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 2379 کەس لە ئێران تووشی کۆرۆنا بوون و 183 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و 3509 تووشبووی دیکەی باری تەندروستیان ناجێگیرە. وتیشی: تا ئێستا 13 هەزار و 791 کەس بەهۆی پەتای کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 232 هەزار و 873 کەس چاکبوونەتەوە و 269 هەزار و 440 کەسیش تووشی کۆرۆنا بوون.[3]
- بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی زەمانی تورکی، لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا کورتهێنان لە بودجەی تورکیا گەیشتووەتە نزیکەی 109 ملیار و 500 هەزار لیرەی تورکی.[4]
- بە دەستپێشخەری سەندیکاکانی بەریتانیا و بەبەشداری دەیان کەسایەتی بەریتانی و ئەورووپی و جیهانی و کورد، کۆبوونەوەیەکی بەشێوازی ئۆنلاین رێکخرا و تێیدا کەمپەینێکی نوێ نێودەوڵەتی بۆ ئازادی رێبەر ئۆجالان بەناوی ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ڕاگەیەنرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | فەرەنسا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 17-07-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 17-07-2020

[4] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-17
[5] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-17
[6] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-17
کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 201

**2020-07-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384469




باکووری کوردستان
- بزوتنەوەی ژنانی ئازاد بە بەشداری ئەندام و بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی کەسک و ئەندامانی هەدەپە بە نیاز بوون لە ناوچەی هەزەخی شرنەخ چالاکیەک ساز بکەن و لاقەکەرانی دەوڵەتی تورک لە شرنەخ و ئێلح و هەزەخ رسوا و شەرمەزار بکەن. بڕیار بوو لە کۆڵانی هونەر لە ناوچەی هەزەخ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ساز بکرێت، بەڵام چالاکیەکە رووبەڕووی ڕێگریی هێزە ئەمنیەکان و پۆلیسی دەوڵەتی فاشیستی تورک بووەوە. بەر لە سازکردنی کۆنگرە رۆژنامەوانیەکە هێزەکانی پۆلیس بە ئۆتۆمبیلی زرێپۆش و بەربەست چواردەوری کۆڵانەکەیان گرت.[2]
- لە دەریاچەی وان تەرمی شەش کۆچبەری دیکە دۆزرایەوە. بەوەیش تەرمی 54 لەو کۆچبەرانە دۆزراوەتەوە کە 27ی حوزەیرانی رابردوو بەلەمەکەیان لە ئاوی دەریاچەکەدا ژێرئاو کەوتبوو.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- میدیاکانی ئێران بڵاویانکردووەتەوە، جەمال کەریمی- فەرماندەی هەورامانی بەسیج و ژمارەیەک لەئەندامانی هێزەکەی لەشەڕوپێکدانێکدا لەگەڵ گروپێکی چەکدار لەناوچەی سەرواباد-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کوژراون.[1]
- هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بەرزاییەکانی سنووری قەندیلیان لە ناوچەی پیرانشار بێ ئەوەیکە ئامانجێکی روونیان هەبێ دایە بەر خۆمپارە. بە هۆی ئەو خومپارەبارانکردنەوە، شوانێکی لاو بە ناوی رەسووڵ باکەند خەڵکی گوندی بازرگانی پیرانشار بە سەختی بریندار بوو و پاش گواستنەوەی بۆ ناوەندە دەرمانییەکان، گیانی لە دەست دا.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕەزا قوربانی کوڕی ئەسعەد، تەمەن 32 ساڵ و خەڵکی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. ئەو هاووڵاتییە کوردە بەبێ بەڵگەی یاسایی لە گەڕەکی کارگەی قەندی پیرانشار دەسبەسەر کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی سوپای تورکیا دوو جار چیای لینکیان لە سنووری شارۆچکەی دێرەلووک لە ئامێدی بۆردوومان کرد.[3]
- بە پێی نوێترین ئامار لە ماوەی 24 سەعاتی رابردودا لە کەرکوک 176 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە و 94 توشبووش چاکبونەتەوە و 8 توشبووش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند، بۆ جەژنی قوربان قەدەغەی تەواوی هاتووچۆ ڕاناگەیێندرێت، بەڵام ڕێکاری ورد دەگرنەبەر تاوەکو قەرەباڵخی و تێکەڵاوی زۆر دروستنەبێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی ڕۆیتەرز لەزاری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پەنتاگۆن)ەوە بڵاویکردۆتەوە کە تورکیا هەزاران چەکداری میلیشیای ڕەوانەی لیبیا کردوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ باتمان - ئێلح
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: لیبیا
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-18
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-18
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-18
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-18
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-18
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-19

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 202

**2020-07-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384470



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سوهەیلا حیجاب، پارێزەر و چالاکی مەدەنی خەڵکی کرماشان لە بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین، پاش تێپەڕینی 34 رۆژ لە مانگرتن لە خواردن هێشتا بەردەوامە لە مانگرتنەکەی.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد خەڵکی شاری ماکۆ بە ناوی رامین بلخکانلوو خەڵکی گوندی کشمیش تەپەی ئەو شارە، بە تەقەی هێزە سنوور پارێزەکانی حکوومەتی پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە کاتی کۆڵبەری لە سنووری چاڵدێران، لەلایەن هێزەکانی هەنگی سنوورییەوە، تەقەی لێکراوە.[7]
- یەکەم کۆبوونەوەی دادگایی کردنی دۆسییەی سیروس عەباسی، فەریدە وەیسی و ئازاد عەباسی، سێ چالاکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری دێولان، لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعیدی بەڕێوەچوو. دادگای ئینقلابی شاری سنە، ئەو سێ چالاکە مەدەنییەی بە تۆمەتی پڕۆپاگەندە دژی نیزام، هەوڵدان دژی تەناهی و نەتەوەیی هاندانی بیروڕای گشتیی تاوانبار کراون. کۆبوونەوەی دادگایی کردنی دۆسیەی ئەو سێ چالاکە مەدەنییە بەهۆی زۆربوونی تۆمەتەکان، بۆ کاتێکی دیکە دواخرا.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 256 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 10 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت: بەستەڵەکی نێوان پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نەماوە.[4]
- هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر باشور و رۆژئاوای کورستان زیندوکردنەوەی خەونی دەوڵەتی عوسمانییە.[5]
- سەرۆکی ژووری بازرگانیی سلێمانی داوا لە بازرگانان دەکات خۆیان لە کڕینی تمەنی ئێرانی بەدوور بگرن و دەڵێت: دابەزینی بەهای تمەن بۆ هەرێمی کوردستان زیانی زیاترە لە قازانج.[3]
- دوای سوتانی بازاڕی قەیسەری کەرکوک بەڵێن بە دوکاندارەکان درابوو، دوای نۆژەنکردنەوەی دوکانەکانیان پێبدرێتەوە، بەڵام ئێستا کێشەیان بۆ دروستکردون و ژمارەیەک چەکداریش کە خۆیان بە عەسائیب ئەهلولحەق ناساندووە، داوای پارەیان لە دوکاندارەکان کردووە.[2]
- محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی داگیرکەری ئێران سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم کۆبووەوە.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین لەسەر رێگەی نێوان جەندریس-عەفرین تەقینەوەیەک روویدا و ژمارەیەک کەس بریندار بوون. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان تەقینەوەکە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فەرماندەی فەیلەق شامی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی سووریای کردووەتە ئامانج. زانیارییە سەرەتاییەکان باس لەوە دەکەن، لە تەقینەوەکەدا 10 کەس بریندار بوون کە سیانیان ئەندامی فەیلەق شامن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ریکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ئێوارەی ئەمرۆ، ژنێکی خەڵکی مەهاباد بە ناوی "پەرەنگ قازی" کچی مامۆستا ئەحمەد قازی نوسەری و رۆژنامەنووسی ناوداری کورد، لە شاری تاران لەلایەن هاوژینەکەیەوە کوژرا.[6]
- هەڵبژاردنی پەرلەمانی سووریا کە بە ئەنجوومەنی گەل ناسراوە بەڕێوەدەچێت. بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنەی کرد و سندوقەکانی دەنگدان لەژێر کۆنترۆڵی ئەماندا دانەنراون.[1]
- فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا هەڕەشەی سزا و ئابڵوقە لەو وڵاتانە دەکەن کە پێشێلی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی ئابڵوقەی لیبیا بۆ چەک و تەقەمەنی دەکەن.[2]
- میدیاکانی ئێران بڵاویانکردەوە، تەقینەوەیەک لەوێستگەیەکی بەرهەمهێنانی وزە لەشاری ئەسفەهان رویداوە.[5]
- سەرچاوەیەکی ئەمنی عێراق رایگەیاند، وەزیری پێشووی بەرگری عێراق لە سەردەمی رژێمی

بەعس، سوڵتان هاشم ئەحمەد لە نەخۆشخانەیەکی زیقار گیانی لەدەستداوە. نێوبراو یەکێک بوو لە ئەنفالچییەکان.[1]
- ئاژانسی رەسمی تورکیا هەواڵی خۆڕادەستکردنی برازایەکی ساڵح موسلیم، ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتی پەیەدەی بە هێزە ئەمنییەکانی وڵاتەکەی لە مێرسین بڵاوکردەوە. بەڵام ساڵح موسلیم دەڵێت: برازاکەی لە هەرێمی کوردستانەوەو لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە رادەستی میتی تورکی کراوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماکۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ئیتاليا |
| 🗺 وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | فەرەنسا |
| 🗺 وڵات: | لیبیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:


🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 19-07-2020

[3] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 19-07-2020
[4] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 19-07-2020
[5] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 19-07-2020
[6] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 19-07-2020
[7] 🛰 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 20-07-2020

کاتی تۆمارکردن: 01-06-2020 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 203

**2020-07-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384471



باکووری کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر ئاگری لە دارستانەکانی نێوان چیای گابار و شارۆچکەی فندکێ لە پارێزگای شرنەخ بەردا.[2]
- ساروهان ئۆلوچ جێگری فراکسیۆنی پارتی گەلانی دیمۆکراتیک-هەپەدە رایگەیاند، دەستەی دیسیپلینی ناوەندی هەدەپە بڕیاری دەرکردنی توما چەلیک پەرلەمانتاری هەدەپەی شاری مێردینی داوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نووسینگەی وەزارەتی ئیتلاعات لە حەوشەی زیندانی ناوەندیی ورمێ، حوسێن عوسمانی، زیندانیی سیاسیی کوردی بانگهێشت کرد و هەڕەشەی ئێعدامکردنی لێکرد. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە زیندانی ورمێ، سێ کارناسی وەزارەتی ئیتلاعات بەو زیندانییە سیاسییە کوردەیان ڕاگەیاندووە کە حوکمی لەسێدارەدانی دەبا لەگەڵ دوو هاودۆسیەکەی دیکەی، دیاکۆ ڕەسووڵ زادە و سابیر شێخ عەبدوڵڵا جێبەجێ بکرایە.[5]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، کۆڵبەرێکی کوردیان بە ناوی وەیسی حوسێن نژاد خەڵکی گوندی سگریک سەر بە شاری چاڵدێران، دایە بەر دەسڕێژی گوللە و بریندارایان کرد. ئەو کۆڵبەرە بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی ڕەوانەی شاری وان لە وڵاتی تورکیە کراوە و هەنووکە لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە. وەیسی حوسێن نژاد، خێزاندار و خاوەنی سێ منداڵە. لەو پەیوەندییەدا و لە هەمان ڕۆژ، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی میکائیل خوسرەوی خەڵکی بۆکان، لە کاتی کۆڵبەری لە سنووری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا. ئەو کۆڵبەرە بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەلاحەدینی ئەیووبی لە شاری بانە کراوە.[5]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشان چالاکێکی مەدەنی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوی "خەلیل حوسێنی" دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە.[6]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا چوار جار لەسەر یەک چیای لینکیان لە نزیک کۆمەڵگەی هێتوت لە سنووری دێرەلووکی سەر بە ئامێدی بۆردوومان کرد.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و رۆژێکدا 258 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 7 کەسی دیکەش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە.[4]
- لە گەڕەکی موسەلای کەرکوک بۆمبێکی چێندارو تەقییەوە و لە ئەنجامدا دوو کەس بریندار بوون.[1]
- هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق بە هاوبەشی 11 کیلۆمەتر بۆشایی ئەمنییان لەنێوان کفری و خورماتوو پڕکردەوە. داعش لەو ناوچەیە باڵادەست بوو و هێرشی دەکرد. هێزی پێشمەرگە حەوت سەنگەر و سوپای عێراقیش نۆ سەنگەریان لێداوە.[3]

- وەزارەتەکانی بەرگریی عێراق و پێشمەرگە لە هەولێر بۆ رێککەوتنی کۆتایی لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکان، دروستکردنی بازگە و هێز و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش کۆبوونەوە. نوێنەرانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون و گوتەبێژی هاوپەیمانیی دژ بە داعش رایگەیاند، هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بەهێزە و بەتوانایە کە دەتوانێت داعش لەناو ببات.[3]

رۆژئاوای کوردستان

- گوللەهاوەنێک بەر گەڕەکی جرنکێ لە شاری قامیشلۆ کەوت و بەو هۆیەوە 2 هاوولاتی بریندار بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆیدا، پەرلەمانی میسر گڵۆپی سەوزی بۆ عەبدولفەتاح سیسی هەڵکردووە تاوەکو هێزی سەربازی بۆ لیبیا بنێرێت لە دژی تورک.[3]

- ئەمشەو بەچەندین موشەک بۆردومانی چەند مۆڵگەیەکی سەربازی لەدەوروبەری دیمەشقی سوریا دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کفری |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ قامیشلۆ |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماردین |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ⬆️ باکووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | لیبیا |
| 🗺️ وڵات: | میسر |
| 🗺️ وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺️ وڵات: | SY سووریا |

![QR]: Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-22

کاتی تۆمارکردن: AM 12:42:39 2020-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 204

**2020-07-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384472




باکووری کوردستان
- ئەو ئاگرەی سوپای تورک لە دارستانەکانی گابار و جودیی بەرداوە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە.[1]
- دوای ئەوەی دەسەڵاتی فاشیستی ئاکەپە/مەهەپە دەستی بە سەر شارەوانی شاری ئێلحدا گرت و محەمەد دەمیری هاوسەرۆکی شارەوانیەکە سەردانی ڕێکخستنی هەدەپەی شارەکەی کرد، لە لایەن هێزە فاشیستەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیر کرا. بڕیاری دەستگیرکردنی دەمیر لە چوارچێوەی قۆناغی ئۆپراسیۆنی دژی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک درا کە بەر لە چەند ڕۆژێک بڕیاری لەسەر درابوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری چالدێران دەستڕێژییان لە کوڵبەران کرد و بەو هۆیەوە کۆڵبەرێک بە ناوی وەیسی حوسێن نژاد خەڵکی گوندی سگریک بە سەختی بریندار بوو. بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی ناوبراویان گواستۆتەوە بۆ ناوەندەکانی چارەسەریی پزیشکی لە شاری وانی باکووری کوردستان.[6]
باشووری کوردستان
- داگیرکەری تورک، دوێنێ شەو و بەیانیی ئەمڕۆ کوێستانی گوندی مێرگەڕەش تۆپباران کرا، لە ئەنجامدا ڕەز و باخ و بەشێکی خانووی هاووڵاتییانی گوندەکە سووتا و هێشتا ئاگرەکە کۆنترۆڵ نەکراوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە کە 252 تووشبووی نوێی ڤایرۆسەکە دەستنیشانکراون و 13 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە، هاوکات 122 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ لەسەر گڵکۆی شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامە حەمە یادی 12 ساڵی تیرۆرکردنی ئەو شەهیدە کرایەوە، لە مەراسیمەکەدا بە ئامادەبوونی هەر یەک لە کەسوکاری شەهیدی قەڵەم و چالاکوانان و ڕۆژنامەوانان یادی ئەو شەهیدە بەرز ڕاگیرا.[1]

- ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئارێز عەبدوڵڵا: "تاوەکو لە کۆبوونەوەی نێوان یەکێتی و پارتی، کێشە و ناکۆکییەکانمان چارەسەر نەکەین، بڕیاری سەرکردایەتی وایە فراکسیۆنەکەمان لە پەرلەمان، بەشداری کۆبوونەوەکان نەکات و سەرۆکی پەرلەمانیش بەرنامەی کار دانەنێت".[4]
- سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، ئەگەر فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان سووربێت لەسەر بڕیاری بایکۆتکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان، ئێمەش سوور دەبین لەسەر بەردەوامبوون لە دانیشتنەکان.[2]
- چەکدارانی داعش لە چەمی سیروان لەنزیک گوندی شێرک ئاڵای خەلافەتیان لەسەر چەند کارگەیەکی لەکارکەوتوو هەڵکرد. دوای چوونی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بۆ شوێنی هەڵکردنی ئاڵاکە، شەڕ دروستبوو.[2]
- لە شارۆچکەی بنەسڵاوە پیاوێک هاوژینەکەی بە بەرچاوی دایک و خوشکەکانییەوە دەکوژێت. پۆلیسی هەولێریش دەڵێت رووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بووە و بکوژەکەش دەستگیرکراوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەهید حسێن حەمادە شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک بە بەشداری سەدان هاوڵاتی ناوچەی شەدادا بە مەراسیمێکی شایستە بەخاک سپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە کانتونی کۆبانێ بە بەشداری سەدان هاوڵاتی، تەرمی شەهید وەلید شەعبان (وڵات کۆبانێ) شەهیدی قەسەدە بە مەراسیمێکی شایستە لە گۆڕستانی شەهید دیجلە بەخاک سپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) رایگەیاند، هێزە ئاسمانییەکانی وڵاتەکەی هەشت فڕۆکەی جەنگیی لە جۆری ئێف 35 کە گەشەسەندووترینی سەر ئاستی جیهانە و لە بنەمادا بۆ تورکیا دروستکرابوون، کڕییەوە.[2]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، دوو شەڕڤانی هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە)و فەرەنسییەکی شارەزای بواری هەڵگرتنەوەی مین، لە سنووری رەققە لە ئاکامی تەقینەوەی مینێک گیانیان لەدەستدا.[3]
- لەماوەی چەند هەفتەی رابردوودا کۆمەڵێک رووداوی ئاگرکەوتنەوە و تەقینەوە لە دامەزراوە مەدەنیی و سەربازییەکانی ئێران روویانداوە، لەنێویاندا کۆمەڵگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی مووشەکیش هەن. گۆڤارێکی ئەمریکی پێیوایە، ئەگەر لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا ئیسرائیل بەردەوامبوو لەسەر هێرشەکانی بۆ سەر دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران، ئەوا ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگ زیاتر دەبن، بەدووریش نازانرێت مانگی 10ی ئەمساڵ سوپرایزێکی کوشندە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رووبدات.[2]
- وەزارەتی تەندروستی ئێران رایگەیاند، لەماوەی 24 کاتژمێری رابردووودا وڵاتەکەیان ژمارەیەکی پێوانەیی لە مردن بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای تۆمارکردووە. ئاماژەی بەوەش داوە، لە ماوەی شەو و رۆژێکدا 229 کەس بەهۆی ئەو پەتایە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە.[3]
- ئەڵمانیا داوای لە تورکیا کرد، کردەوە هەراسانکارەکانی لە دەریای سپی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی رابگرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
- پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
- پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
- پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
- پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ کۆبانی
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: IL ئیسرائیل
وڵات: IR ئێران
وڵات: DE ئەڵمانیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-21
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 205
**2020-07-22**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384473



باکووری کوردستان
- سەما عایشەئۆغلو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەدەپەی ناوچەی هەواگی شاری روحا لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی تورکەوە دەستگیر کرا.[3]
- دادگای سزا قورسەکانی وان لەبارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بڕیاریدا و رایگەیاند، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە واتای بانگەشەکردن بۆ پەکەکە نایەت؛ دادگای ئەرزەڕۆمیش بڕیارەکەی پەسندکرد.[1]
- وەدات داغ راوێژکاری راگەیاندنی هەدەپە بانگهێشکرابوو بۆ لقی سیاسی تاوەکو هەندێک پرسیاری لێ بکەن، بەڵام دوای ئەوەی چووە لقی سیاسی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، دارا ڕەشیدی تەمەن 49 ساڵ و خەڵکی سەردەشت لەلایەن لقی سێهەمی دادگای شۆڕشی ئورمیە بە سەرۆکایەتی دادوەر "نەجەف زادە" بە تۆمەتی "ئەندامەتی و هاوکاری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران" حوکمی 10 ساڵ بەندکرانی بە سەردا سەپا.[5]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە چڕی بۆردوومانی سنووری شارەدێی باتیفای سەر بە شارۆچکەی زاخۆیان کرد.[3]
- مینێکی دژەکەسی لە جۆری ڤالمارا لە کوێستانەکانی بەردەبووکی شارۆچکەی چۆمان بە هاونیشتمانییەکدا تەقییەوە و بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا.، ئەو کەسە ناوی دڵشاد عەبدولڕەحمانە و تەمەنی 43 ساڵە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە 24 کاژێری رابردوودا دوو هەزار و 295 پشکنینی کۆرۆنا کراون، ئەنجامی پشکنینی 210 کەسیان پۆزەتیڤ بوون؛ هاوکات 143 تووشبوو چاکبوونەتەوە و 12 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[6]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی رزگاری لە هەولێر رایگەیاند، 130 تووشبووی کۆرۆنا کە لە نەخۆشخانەکەیاندا خەوێندراون تەندروستیان ناجێگرە و دەشڵێت نزیکەی 10ڕۆژە لە لووتکەی نەخۆشییەکەدا‌ین. بەپێی دواین ئاماری وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کە ئێوارەی رۆژی 21ی تەمموز بڵاوکراوەتەوە، تائێستا سێ هەزار و 73 کەس لە سنووری پارێزگای هەولێر تووشی کۆرۆنا بوون، دوو هەزار و 92 لەو تووشبووانە چاکبوونەتەوە و 80 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش، تائێستا 11هەزار و 361 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش شەش هەزار و 166 کەسیان چاکبوونەتەوە و 432 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە چوارچێوەی نارەزایەتی دژ بە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک، بە دەستپێشخەریی رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- رژاک و بە بەشداریی دەیان ژنی چالاکوان و هونەرمەند و دانیشتوانی شاری سلێمانی، رێپێوانێکی بەرفراوان دەستپێکرد.[3]
- وەزیری بازرگانی هەرێمی کوردستان رەتیدەکاتەوە کە ئاگاداری بوونی دەروازەی نا فەرمی بێت لە سنوورەکان کە لەلایەن هێزی چەکدارەوە بەڕێوەببرێن و ئەوەش دەخاتەڕوو کە حکومەتی عیراق بە پێی دەستوور دەتوانێت دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکات.[2]
- لیژنەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی گیان لەدەستدانی سێوان قادر و منداڵەکانی کارەکانی تەواو کرد و هەموو بەڵگەکانیشی رەوانەی دادگا کردووە. سەرۆکی لیژنەکەش دەڵێت هەموو بەڵگەکان گەواهیدەرن بۆ تاوانبارکردنی تۆمەتبارەکە، داواش لە دادگا دەکات بڕیاری دادپەروەرانە لەسەر دۆسیەکە بدات.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک لەسەر رێگای ئێم-4 لە نێوان ناوچەی عەین عیسا و چەلەبیە-دا دەسترێژی گوللەی لە ئۆتۆمبێلێکی هاوڵاتیانی مەدەنی کرد. لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی بە ناوی ئەحمەد عەلی تەمەن 25 ساڵ خەڵکی گرێسپی، بریندارببوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

دەرەوەی کوردستان
- ئەڵمانیا ئامادەکاری بۆ سەندنەوەی رەگەزنامەی وڵاتەکەی لە نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتیی بە رەگەز تورک دەکات، ئەمەش دوای ئەوەی ئەو تورکانە دووبارە رەگەزنامە تورکییەکەیان بە نهێنی و بەبێ پرسکردن بە دەسەڵاتدارانی پەیوەندیداری ئەڵمانیا بەدەست هێناوەتەوە و رەگەزنامەی ئەڵمانیشیان هەر لەلایان ماوەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: ◯ وان
شار و شارۆچکەکان: ◯ روحا
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 22-07-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 22-07-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-07-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 22-07-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 22-07-2020
[6] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 206

**2020-07-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384474




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- داگیرکەری ئێران، دیسانەوە ماڵپەڕی کوردیپێدیای فیلتەرکردەوە.
- 10 چالاکی مەدەنی خەڵکی شاری بانە لەلایەن دادسەرایی گشتیی ئەو شارەوە بە تۆمەتی بەشداری لە گردبوونەوەی نارەزایەتی مانگی خەرمانانی ساڵی 2017 کە بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی کۆڵبەران ڕیکخرابوو، سەرجەم حوکمی 30 مانگ بەندکران، لێدانی 250 قامچی و پێبژاردنی 250 میلیۆن تمەن پارەیان بەسەریاندا سەپێندرابوو.[3]
باشووری کوردستان
- تورک هەردوو گوندی سلێ و ئێندزەی لە سنووری بناری قەندیل بۆردوومانکرد.[1]
- فرۆکە جەنگیەکانی سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک ناوچەی خواکورک و شاخی بێسوکای سەر بە دەڤەری برادۆستیان بوردومان کرد. بەهۆیەوە ئاگرێکی زۆر کەوتەوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 245 کەس و گیانلەدەستدانی 11 کەسی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە 24 کاژێری ڕابردوو ڕاگەیاند. [5]
- لاهور شێخ جەنگی هاوسەرۆکی یەکێتی لە هەولێرەوە ڕایگەیاند: بەڵێنمانداوە بەئێوەو خوێنی شەهیدەکانتان، یەکێتی شێوازی سیاسیەتکردنی دەگۆڕێت، چەقی ململانێی سیاسیمان دێنێنەوە هەولێر، ململانێی سیاسی دەبێت لەدهۆک و زاخۆش بێت.[2]
- فەرمانبەرانی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان بایکۆتی دەوام دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی گواستنەوەی عێراق، دەستپێکردنەوەی گەشتە دەرەکییەکان لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بۆ چەند وڵاتێکی جیهان بڵاودەکاتەوە و گەشتیاران دەبێت 72 کاژێر بەر لە گەشتەکەیان پشکنینی کۆرۆنا بکەن.[1]
- کوردان لە شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا کۆبوونەوە و فرۆشتنی چەکی کەنەدا بە دەوڵەتی تورک-یان ئیدانە کرد. چالاکییەکە بە پێشەنگایەتیی فیدراسیۆنی کورد ڕێکخرا و لەو چالاکییەدا داگیرکەری، هێرشە پاکتاوکارییەکانی دەوڵەتی تورک و فرۆشتنی چەکی کەنەدی بە دەوڵەتی تورک ئیدانە کرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | کەنەدا |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |

🗺 وڵات: IQ ئێراق

Quick Respons Code:

🗒 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-07-23

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-23

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-23

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-23

[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 207

**2020-07-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384475



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئەحەد نیکجوویان تەمەن 23 ساڵ و خەڵکی مەهاباد، لەلایەن دادگای ئینقلابی تارانەوە بە 5 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا. دادگای ئینقلابی تاران ئەو هاووڵاتییە کوردەی بە هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە و لە ماوەی رۆژانی ڕابردوودا حوکمی داسەپاو بەسەر ئەو هاووڵاتییە کوردەی ڕاگەیاندووە.[4]

باشووری کوردستان

- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە بازاڕی سیمی گەرەکی کوردستان لە هەولێر سەدان دوکان سووتان. ئەمە بۆ جاری چەندەمینە ئەم بازاڕە گڕدەگرێت و زیانێکی زۆر بە دوکانداران دەگات.[1]

- بەڕێوبەری ئەوقافی سلێمانی تایبەت بۆ کوردسات نیوز ڕایگەیاند هەواڵی کردنەوەی مزگەوتەکان لە سلێمانی بۆ نوێژی هەینی دوورە لە ڕاستیەوە و لە سبەینێشەوە بە ڕەسمی دەرگای سەرجەم مزگەوتەکانی شاری سلێمانی بۆ نوێژە فەرزەکان بە ڕووی نوێژخوێناندا دەکرێتەوە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- نوسینگەی کۆچبەرانی نیوزیلاند ڕایگەیاند، حکومەت بڕیاریداوە مافی پەنابەرێتی بدات بە بەهروز بوچانی، نوسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی شەش ساڵی لە کەمپێکی ئوستورالیا بەسەر بردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەهاباد

🗺 وڵات: IR ئێران

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: نیو زیلاند
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ئۆستراليا
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-24
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-24
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-24

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 208

**2020-07-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384476



باکووری کوردستان
- داگیرکەری تورک ئایشە مینا، بەرکەز کزل کاراباغ و مونیر ماویش ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی ناوچەی توشبای وانی هەدەپەی لە ئەرکەکانیان دوورخستەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی شاناز (بێریوان) سادقی فەر تەمەن 32 ساڵ خەڵکی ورمێ، لەلایەن لقی دووی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتی شێخلوو بە 15 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، سوپای تورکی داگیرکەر بە کۆپتەری کۆبرا و هاوەن ناوچەی حەفتانینی بۆردومانکرد. بەهۆی ئەو بۆردومانەوە لە گوندی بنێ ئاگر کەوتەوە.[1]
- تورکیا گوندی بێدهێ لە سنووری شارۆچکەی کانی ماسێ لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی تۆپباران کرد.[2]
- دەرگەی سەرجەم مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ بە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ڕێنمایی تەندروستی خۆپارێزی کرانەوە. بەڕێوەبەری گشتیی ئەوقافی سلێمانیش ڕایدەگەیێنێت بەستنی دەمامک وەک نوێژەکان فەرزە و مزگەوتەکانی بازاڕ تەنیا بۆ دەستنوێژگرتنن، نەک ئەنجامدانی نوێژی بەکۆمەڵ.[2]
- بەیانیی ئەمڕۆ شەممە لە گوندی ملەسوورەی سەر بە شارۆچکەی ڕزگاری لە کەلار، گەنجێک بە گوللە کوژرا، تەرمی ئافرەتێکیش لەنێوان کەلار - دەربەندیخان دۆزرایەوە کە ناسنامەی دیار نییە و شوێنی ئەشکەنجە بە جەستەیەوە دیارە.[2]
- بەڕێوبەری پێشووی پۆلیسی شارۆچکە و شارەدێکانی کەرکوک سەرحەد قادر ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورک لە کەرکوک هێزێکی هەزار کەسیی دروستکردووە بەناوی پاراستنی بارەگاکانی بەرەی تورکمانییەوە و چەک و تەقەمەنییان لەلایەن تورکیاوە بۆ دابیندەکرێت.[1]

- دەستەی دەسپاکی کەرکوک لە راگەیەنراوێکدا رایگەیاندوە، ژمارەیەک بەرپرس لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ، بەرگری شارستانی، پاسپۆرت، گواستنەوە و هەوالگری شارەکە لە دۆسییەی پرۆژەی هەلۆی کەرکوک تێوەگلاون. دەستەکە تێوەگلانی نەجمەدین کەریم پارێزگاری پێشووی کەرکوکی لەسەر هەمان دۆسیەدا ئاشکرایکردووەو راشیگەیاندووە، واژووی نایاسایی لەسەر ئەنجامدانی گرێبەستی پرۆژەکە کردووە لەکاتێکدا لە دەسەڵاتی ئەودا نەبووە رەزامەندی لەسەر ئەو گرێبەستە بدات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان

🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

🗺 وڵات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-25

[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-07-25

[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-25

[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-07-25

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 209

**2020-07-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384477



باکووری کوردستان
- بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی داگیرکەری تورک لە دژی پەکەکە لە سنووری پارێزگای شرناخ کە ڕۆژی 14ی تەممووزی ئەمساڵ دەستپێکرد، لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی چەند پێگەیەکدا ئاگر لە بەشێکی دارستانەکانی چیای جوودی بەربوو. بە گوێرەی ڕاگەیاندنەکانی تورکیا، تاوەکو ئێستا ئاگرەکە کۆنترۆڵ نەکراوە و بەهۆیەوە زەویوزاری خەڵکی ناوچەکە زیانی بەرکەوتووە. لەلایەکی دیکەشەوە لە دارستان و زەویوزاری کشتوکاڵی و باخ و ڕەزی بەشێک لە هاونیشتمانیانی باکووری کوردستان لە گوندەکانی خرنتووس و ئەنگەسۆر لە سنووری شارۆچکەی تووخ لە بەدلیسی باکووری کوردستان بەهۆکارێکی نەزانراو ئاگرکەوتووەتە وە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری هەنگەژاڵەی بانە دەستەیەک کۆڵبەری ئەو ناوچەیەیان دایە بەردەستڕێژی گوللە و لانیکەم 5 کۆڵبەریان بریندار کردووە.[4]
باشووری کوردستان
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، کە بڕیاربوو ئەمڕۆ کاژێر 11:00 بکرێت، دواخرا بۆ سبەی دووشەممە لە هەمان کاژێر.[2]
- بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی ڕایگەیاند، ئامادەکارییەکانیان بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکان تەواوکردوون و ئەو کاتەی گەشتەکان دەستپێدەکەنەوە پشکنین بۆ هەموو گەشتیاران دەکرێت.[2]
- بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان و دابەش نەکردنی پێش جەژنی قوربان، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاند، بەڵام لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە چەند کارمەندێکیان دەستگیرکران. بەپێی ووتەی ئەو هاوڵاتیانەی بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاتوچۆ لەناو بەڕێوبەرایەتیەکە بوون، ''هێزێک هەڵیکوتاوەتە سەر بەڕێوبەرایەتیەکەو دەستدرێژیان کردۆتەسەر کارمەندەکان و لەدوای ئەوەی لە کارمەندەکانیان داوە، بە ئۆتۆمبێل کارمەندەکانیان گواستۆتەوەو لە ئێستادا ئەو کارمەندا بێسەروشوێنە، بەپێی ووتەی چەند شایەتحاڵێک سەری بەشێکیان شکاوەو خوێن بەجەستەی چەند کارمەندێکەوە بینراوە''.[4]
- مەراسیمێکی ڕێزلێنان لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی شارۆچکەی چەمچەماڵ بەڕێوەچوو، کە لە مەراسیمەکەدا کۆنسوڵخانەی فەڵەستین لە هەرێمی کوردستان خەڵاتێکی بەناوی خەڵاتی ڕێزلێنان و وەفا بە نیشتمان حەسەن، هاوژینی مامە ریشە بەخشی.[2]
- پیاوێکی تەمەن 39 ساڵ، بەرەبەیانیی ئەمڕۆ لەنێو باخی گشتیی هەڵەبجە خۆی خنکاند.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری سەرێکانی ماتۆڕسکیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە. بەپێی زانیاریی سەرچاوە خۆجێییەکان لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا 8 کەس کوژراون و 19 کەسی تریش بریندار بون.[1]
- 3 ژنە داعش لە کامپی هۆلی حەسەکە هەوڵیاندا لەگەڵ گروپێکدا، کە خۆیان وەک گروپی هاوکاریی مرۆیی نیشان دابوو، رابکەن، بەڵام پلانەکەیان شکستی هێنا و دەستگیرکران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سوهەیلا فورش کەڵهور چالاکی ژنان و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات مەسیحی سوید لە ماڵی خۆی لە شاری کارسکوگا کە لە 300 کیلۆمەتری ئێستۆکهۆڵم پایتەختی سوید هەڵکەوتووە، لە ڕێگای تەقاندنەوەی بۆمبی چێندراوە پەلاماری کوشتنی دراوە. ناوبراو لەو لەو هەوڵە کە بۆ کوشتنی دراوە ڕزگاری بووە، بەڵام بە هۆی تەقینەوەکەوە زیانێکی زۆر بە خانووەکەی گەیشتووە.[4]
- دوای ئەوەی لە ئەنجامی هەڵچوونی گرژییەکانی نێوان تورکیا و یۆنان ژمارەیەک چالاکوانی یۆنانی لە شاری سالۆنیکی وڵاتەکەیان ئاگریان لە ئاڵای تورکیا بەردا، وەزارەتی بەرگری تورکیا لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر ڕەخنەی توندی ئاراستەی یۆنان کرد و داوای لە ئەسینا کرد، دەستبەجێ سنوورێک بۆ ئەو گێچەڵکاریانە دانێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| شار و شارۆچکەکان: | بانە |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | شرناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| وڵات: | SE سوید |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | فەلەستین |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-26

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-26

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-26

[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-07-28

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 210

**2020-07-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384478



باکووری کوردستان
- دۆسیەی فیگەن یوکسەکداغ و سەلاحەدین دەمیرتاش هەردوو هاوسەرۆکی گشتی پێشووی هەدەپە جارێکی دیکە تاوتوێ کرایەوە و بە بانووی 'گومانی تاوانی گەورەیان لەسەرە' بڕیار درا ئازاد نەکرێن.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک سەر لە ئێوارەی ئەمرۆ کاتژمێر 16:30 لە ڕێگای نێوان هەردوو گوندی حەسەن پیرک و شیرتای سەر بە شارۆچکەی بامەڕنێی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی دوو ئۆتۆمبێلیان کردە ئامانج، بە هۆی ئەو هێرشەوە هاوڵاتیەکی مەدەنی شەهید بوو. بەپێ سەرچاوە هەرێمیەکان ئەو گەنجە خەڵکی شارەدێی باتیفایە ناوی دلۆڤان شاهینە و تەمەنی 29 ساڵە دەوڵەتی تورکیا بە شێوازێکی زانابوون و ئەنقەست لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کردویانەتە ئامانج و شەهیدیان کرد.[1]
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکات و دەڵێ دەست و پێم پێوەند بوو.[2]
- ڕائید بەرزان عوسمان، وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی خۆکوشتنی هاووڵاتییەک لە باخی گشتی شارەکە و بڵاوبوونەوەی نامەیەک بە ناوی ئەوەوە، ڕوونکردنەوەی دا. بەرزان عوسمان ڕایگەیاند، ئەو نامەیە بە ناوی ئەوەوە بڵاوکراوەتەوە و کاوە هیچ شتێکی لە دوای خۆی بەجێنەهێشتووە. لەبارەی ئەوە کە دەگوترێت ناوبراو لە هەژاریدا خۆی کوشتووە، وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە گووتی، کاوە کەسێکی کەم دەرامەت نەبووە، بەڵکو موچەی بەرکەوتنی چەکی کیمایی، مووچەی کەم ئەندامی، مووچەی زیندانی سیاسی و مووچەی وارسی شەهیدانی کە هی دایکیەتی هەبووە. بەمانەش مانگانە مووچەی یەک ملیۆن دینار بووە، جیا لەوەش بنەماڵەکەی خاوەن گەراج و کەسابەتی خۆیانن و لە هەڵەبجە ناسراون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری عەفرین کە لە ژێر داگیرکەریی دەوڵەتی تورک و چەتەکاندایە تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- هوشیار عەبدوڵڵا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە فەرمی داوای لە وەزارەتی نەوتی عێراق کرد، دەربارە ڕێککەوتنی 50 ساڵەی نێوان هەولێر و تورکیا لە بواری نەوتدا زانیاریان پێبدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-27
کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 211

**2020-07-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384479



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەقینەوەیەک لە کۆگاکانی نەوتی کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان روویدا، زیانی گیانی بەداوەوە نەبووە.[4]
باشووری کوردستان
- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرجەم فراکسیۆنەکان جگە لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەستپێکرد. بایکۆتی ئەو فراکسیۆنەش پەیوەندی بە داوایەکیانەوە هەیە بۆ ئامادەبوونی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکوەزیران لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمان. بەڵام ئامادەنەبوونە لە دانیشتنەکە.[2]
- بەهۆی هەورە برووسکەوە، دوو ڕۆژە ئاگرێکی گەورە لە سنووری شارباژێڕ کەوتووەتەوە و تادێت زیاتر تەشەنە دەکات.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، 302 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە دەستنیشانکراون، 225 تووشبوو چاکبوونەتەوە و هەشت تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- بێگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، وەک بایەخدان و پاراستنی سامانی ماسی و پاڵپشتی پرۆژەکانی ماسی، هەڵمەتی دابەشکردنی 450 هەزار پەنجە ماسیان دەستپێکرد.[3]
- بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕایگەیاند، لەئەمڕۆوە هاتوچۆکردن لەدەروازەکانی نێوان هەرێم و ئێران دەستپێکردۆتەوە، بەڵام هاتوچۆکردنەکە سنوردارەوە.[5]
- پۆلیسی دەشتی هەولێر ئەو گەنجەیان دەستگیر کرد کە دوێنێ لە بنەسڵاوە خوشکێکی خۆی کوشت. پۆلیسیش دەڵێت ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی خێزانی بووە.[2]
- وتەبێژی ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر رایدەگەیەنێت، لەبارەی رێکار و ڕێنماییەکانی خۆپارێزی کۆدەبنەوە و پێشبینی دەکات لە ڕۆژانی جەژن قەدەغەی هاتووچۆ رانەگەیەندرێت. پارێزگاری سلێمانیش دەڵێ قەدەغەی هاتووچۆ نابێت، بەڵام گەڕان و کۆبوونەوە قەدەغەیە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە تۆپبارانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆ سەر گوندەکانی باکووری ڕۆژئاوای منبج دا 6 هاووڵاتی کوژران کە یەکێکیان منداڵە و 6 هاووڵاتیی تریش بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ شارباژێر (چوارتا و ماوەت)
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-07-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-28
کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 212

**2020-07-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384480



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هەلیکوپتەرەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک ناوچەی دووپشکی سەر بە هەرێمی حەفتانینیان بوردومان کرد.[1]
- ژمارەیەک هاوڵاتی مەدەنی بەرەبەیانی ئەمرۆ ڕووانکردبوویە ناوچە و کوێستانەکانی چیای شەکیف بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیا، بەڵام تۆپخانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک ئەو هاوڵاتیانەی تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا ژنێک بریندار بوو.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە، لەو ماوەیەدا 309 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا دەستنیشانکراون، 13 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و 115 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[4]
- وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئانۆ جەوهەر، ڕایگەیاند، لە ڕۆژی (2020-08-01)ەوە لە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دەست بە گەشتە ئاسمانییەکان دەکرێتەوە.[2]
- ئەمرۆ، دوای کۆبونەوەی لەگەڵ مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ، ڕایگەیاند: دوای جەژن بەغدا مانگانە 300 بۆ

400 ملیار دینار بۆ هەرێم دەنێرێت.[3]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا پرۆژە یاسایەکی پەسەندکرد کە ڕێگا بە حکومەت دەدات، کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات. بەگوێرەی یاساکە، دەبێت نوێنەرانی کۆمپانیاکانی فەیسبووک و تویتەر لە تورکیا هەبن و هەر بابەتێک کە حکومەت بە نەگونجاوی بزانێت بیسڕنەوە، دەنا ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. ئەو یاسایە لە لایەن ئەندام پەرلەمانانی AKP و MHP دەنگی بۆ درا و نارەزایی زۆری دروست کردووە. ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رەخنە لەو یاسایە دەگرن و بە دژی ئازادی رادەربڕین ناوی دەبەن.[2]
- فەرماندەی لیوای 29ی فیرقەی 7ی هێزی زەمینیی سوپای عێراق و ئەفسەرێک بە پلەی مولازمی یەکەم لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکدارانی داعشدا کوژران.[3]
- حکومەتی ئەمریکا 14 کەسایەتی و لایەن و کۆمپانیای سووری خستە لیستی سزاکانەوە و ئاماژە بەوەشدەکات، گوشارەکان لەسەر دیمەشق بەردەوام دەبن تاوەکو لەسەر بنچینەی بڕیاری 2254ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان قەیرانی وڵات چارەسەر دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| وڵات: | SY سووریا |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-29
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-29
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-07-29
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-07-29

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 213

**2020-07-30**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384481](https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384481)



حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای هەولێر
نووسینگەی پارێزگار

حكومة اقليم كوردستان
وزارة الداخلية
محافظة اربيل
مكتب المحافظ

Kurdistan Region Government
Ministry of Interior / Erbil Governorate
Governor's office

فەرمانی کارگێری

بابەت/ پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە

لەسەر فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەو بەڕێزانەی خوارەوە تایبەت بە ڕووداوی نەخۆشخانەی ڕزگاری لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٧/٣٠)، بەمەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان. لەژێر ڕۆشنایی ئەمەش ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت بۆ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

1- هێمن قادر / جێگری پارێزگار
2- دادوەر / عبدالستار ڕەمەزان
3- د. ڕەوەز مهدی خۆشناو
4- دلزار سلیم کریم
5- دلاوەر ئەکرەم ماملند

د. فەرسەت سۆفی عەلی
پارێزگاری هەولێر
٢٠٢٠/٠٧/٣١

وێنەیەک بۆ:
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بۆ ئاگاداری و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- سەرۆک و ئەندامانی لیژنە

باشووری کوردستان
- سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بابەتی نەمانی ئۆکسجین کێشەی هونەرییە و بابەتەکە زۆر گەورە کراوە. ڕاشیگەیاند، دەزگاکانی ڕاگەیاندن نەخۆشەکانیان ترساندووە و دڵەڕاوکێی دروست کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد، مردنی تووشبووان بەهۆی نەمانی ئۆکسجین نییە، بەڵکو ڕۆژانە لەم نەخۆشخانەیە 5 بۆ 7 کەس گیان لەدەست دەدەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شارۆچکەی تل خەلەفی سەر بە شاری سەرێکانی تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا و لە ئەنجامدا چەندین کەس کوژران و بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی

وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-30]()
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-30]()

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 214

**2020-07-31**

[https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384482](https://www.kurdipedia.org/?q=20200601004239384482)



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی، هێزە ئەمنیەکانی ئێران لە بەرزاییەکانی سنوری (عەمووخانزاد)ی چالدێران تەقەیان لە کۆڵبەران کردوە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەستداوە. ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە ناوی (ڕەزا پور ئیسماعیل)ەو خەڵکی گوندی خزرلو بوە.[4]
باشووری کوردستان
- یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بەبێ نوێژ و بەبێ حەجکردنی حاجییانی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو.
- کاتژمێر 19:50 فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای داگیرکەری تورک سێ جار لە شاروچکەی مانگێشکی دهۆکی بۆردومان کرد.[1][2]
- کولۆنێل مایلز کەینگز، گوتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری سلێمانی ڕایگەیاند: بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و مانەوەیان، لەسەر داواکاری حکومەتی عێراقە، ئامانجی سەرەکی ئێمە لەناوبردنی چەکدار و شانە

نوستووەکانی داعشە. گوتەبێژی هاوپەیمان گوتی: خەڵک زۆر هەیە لە کوردستان ژمارەیەک ئازیزیان لە شەڕی دژی داعش لەدەستداوە، یەکێک لەو ئافرەتە دڵسۆزانە دایکە عائیشەیە، کە سێ کوڕی لە شەڕی دژی داعش لەدەستدا و لە یەک کاتدا شەهیدبوون، زۆر ئافرەتی دیکەی وەک دایکە عائیشە لە کوردستان هەن کە رۆڵەکانیان لە شەڕی دژی داعش لەدەستداوە.[3]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی تووشبوون و گیانلەدەستدانی تووشبووانی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، 243 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 13 تووشبووی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە چوارچێوەی داکەوتنی قەوارەی تورکی، بەهای لیرە بەرامبەر بە دۆلار دارمانی نوێ تۆماردەکات. لە دوایین مامەڵەکاندا، قەوارەی تورکی گورزێکی نوێی بەرکەوت و بەوهۆیەوە چوار رۆژی لەسەر یەکە لیرەی تورکی داکەوتن تۆمار دەکات، بەجۆرێک بەهای لیرەی تورکی بەرێژەی 0.5% دابەزی و هەر دۆلارێک یەکسان بوو بە 7 لیرە و 60 قوروش، ئەوەش نزمترین بەهایە لەوەتەی نیوەی دووەمی مانگی ئایارەوە تا ئێستا.[3]
- مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی راگەیاند. بەگوێرەی میدیا عێراقییەکان، کازمی دووپاتی کردەوە، لە 6ی حوزەیرانی ساڵی داهاتوو هەڵبژاردنی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام دەدرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-07-31
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-07-31
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-07-31
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2020-07-31

کاتی تۆمارکردن: 2020-06-01 12:42:39 AM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 215

## 2020-08-01

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385261




باکووری کوردستان
- سەربازانی تورک بە هەلیکۆپتەر گوندی بانای ناوچەی باسانی شرنەخیان بۆردومان کرد و شەڕ روویدابوو. دوای شەڕەکە سەربازانی تورک دەستیان بە ئۆپەڕاسیۆن کرد و گوندەکەیان گەمارۆدا. سەربازانی تورک دوێنێ سێ کەسیان دەستگیر کرد و دوای ئەوەی وتەیان وەرگیرا ئازادکران. گەمارۆکە ئەمرۆ کۆتایی هات، بەڵام ئەمرۆ سەرلەبەیانی شوانێک و جۆتیارێک جارێکیتر دەستگیرکران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی بۆکانی بە ناوی سومەیە نمەدماڵ کچی ڕەشید خەڵکی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دەسبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کچە بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- درەنگانی ئێوارەی ئەمڕۆ، فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک ئۆتۆمبێلێکیان لەکۆمەڵگای باگێرەی سەربە شارۆچکەی ئامێدی کردووەتە ئامانج. ئۆتۆمبێلەکە بەتەواوی سووتاوە، دەوترێت دوو کەس لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا سوتاون.[1]
- تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت: ئەمڕۆ تەنها 3 توشبووی نوێی کۆرۆنا داخڵی نەخۆشخانە بوون و 8 توشبووش دوای چاکبونەوەیان نەخۆشخانەیان جێهێشتوە و ژمارەی داخڵبوون بەکۆرۆناش لەسفر نزیکدەبێتەوە.[2]
- گەشتی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردەوە، گەشتیاران دەتوانن بە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی گەشت بکەن، بۆ هەر گەشتیارێکیش بەر لە گەشتکردن دەبێت پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنای کردبێت، ئەوانەش کە گەشت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن، دەبێت پشکنینی کۆرۆنا بکەن و ماوەی 14 ڕۆژیش کەرەنتین بکرێن.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردەوە، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، بە فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی یەک ملیار دینار بۆ تەندروستی هەولێر تەرخانکرا کە بە شێکە لە بودجەی فریاکەوتنی حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا کە بۆ دەڤەر و پارێزگاکانی هەرێم تەرخانکراوە.[3]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو بوومەلەرزە لە سنووری کفری و خانەقین ڕوویدا و کەشناسی رایدەگەیەنێت، چەقی هەردوو بوومەلەرزەکە شاری کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، بوومەرزەی یەکەم کاتژمێر 11:37 بە دووری 30کم لە خانەقین و 39 کم لە کفری ڕوویداوە. گوڕی بوومەلەرزەکە 3.7 بووە بە قوڵایی 10کم.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 18:20، دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی بە هاوەن عەین عیسا و دەوروبەریان تۆپباران کرد. لە هێرشەکەدا 3 منداڵ بریندداربوون و دۆخی منداڵێک ناجێگیرە. ڕاگەیەنرا لەو هێرشەدا حسێن عەلی 12 ساڵ، مەهدی عەلی 10 ساڵ و محەمەد عەلی 11 ساڵ بریندداربوون.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
- شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری
شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-01
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 216

**2020-08-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385262



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، بڕیاری دەسبەسەرکردنەوەی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕەزا ڕەمەزانی کوڕی ئیسفەندیار خەڵکی شابادی کرماشان، بۆ ماوەی دوو مانگی دیکە درێژکرایەوە، دواتر بۆ زیندانی دێزڵاوای کرماشان ڕاگوێزرا.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی جەعفەر حەسەنزادە کوڕی ئیسماعیل تەمەن 49 ساڵ و خەڵکی گوندی سەروکانیی پیرانشار، بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی توند لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، ڕەوانەی نەخۆشخانەی عارفیانی ورمێ کرا.[6]
- دادگای ئینقلابی مەریوان چالاکێکی کرێکاری بە ناوی بەختیار ڕەحیمی بە دوو ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد. دادگا ئەو چالاکە کرێکارییەی بە هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی و تەبانی دژی نیزام تۆمەتبار کردووە.[6]
باشووری کوردستان

- زۆرینەی سەرچاوەکان رایانگەیاند؛ بەدرێژاییی ئەمڕۆ فرۆکەی ئەمریکی بە ئاسمانی رانیە و قەندیل و باڵەکایەتی سووڕاوونەتەوە و شاندێکی 12 کەسیی ئەمریکی بۆ دانووستاندن لەگەڵ پەکەکە چوونەتە قەندیل.[7]
- نزیکەی 15 خێزانی عەرەبی هاوردە بە نیازی نیشتەجێبوون چوونە گوندێکی نێوان داقووق و خورماتوو، بەڵام دانیشتووانی گوندەکە کە کوردن رووبەڕوویان بوونەوە و شەڕ دروستبوو. مەلا کەریم شکور، بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی کە بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی ناوچەکە چووبووە شوێنی شەڕەکە، لەوێ ئەویش کەوتە بەر هێرشی عەرەبە هاوردەکان و ژمارەیەک عەرەبی ناوچەکە. بەڵام بە سەلامەتی دەرچووە و تەنیا زیان بەر ئۆتۆمبێلەکەی کەوتووە.[2]
- هەردوو پەرلەمانتار جەمال شوکر و مەریوان نادر، لە راگەیەنراوێکی هاوبەشدا ئاشکرایانکردوە: بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی عەرەبە هاوردەکان و دەرکردنیان لە سنوورەکە لەگەڵ پەرلەمانتار مەریوان نادر، گەیشتینە گوندەکانی جەمبوور 1 و جەمبوور 2 لە هەفتەغار و قولی تەپە. رونیشکراوەتەوە: هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە بەڵێنیان پێداین کە دەستبەجێ ناوچەکە لە عەرەبە هاوردەکان چۆڵبکرێت تا ئەوکاتەی کێشەکە بە یاسا چارەسەر دەکرێت.[3]
- جەلیل گادانی کەسایەتیی ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی پێشوو و رێبەری حیزبی دیموکرات تووشی کۆرۆنا بووە و لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان چاودێری دەکرێت.[2]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی ارابردودا 334 کەسی دیکە توشی کۆرۆنا بون و نۆ توشبو گیانیان لەدەستداوەو 122 توشبوی ڤایرۆسەکەش چاکبونەتەوە.[5]
- سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئاسای تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی رایگەیاند هونەرمەند سابیر کوردستانی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە و پێشتر لە ژێر چاودێری تەندروستیدا بووە، بەڵام ئێستا تەندروستی جێگیرە.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆک بڵاویکردووەتەوە، درەنگانی شەوی رابردوو دوو توشبووی کۆرۆنا کە پیاون و تەمەنیان 63 - 66 ساڵانە و خەڵکی بەردەرەشن، گیانیان لەدەستدا. ئەوە یەکەم کەیسی گیان لەدەستدانە لە سنووری پارێزگای دهۆک بە کۆرۆنا.[4]
- دوای پێنج رۆژ لە ئاگر و سووتانی هەزاران دۆنم پووش و پاوان و هەزاران داری سرووشتی، ئاگرەکەی چیاکانی زەواڵ و بەردە دووکون لە سنووری دەربەندیخان کۆنترۆڵکرا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- تەندروستی گەرمیان ئاماری یەک هەفتەی تووشبووانی کۆرۆنای بڵاوکردەوە، کە لەو ماوەیەدا نۆ تووشبووی کۆرۆنا گیانیانلەدەستداوە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە سەر رێگای M4 کەسێکی مەدەنی بریندار کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کەمپەینی ئازادی بۆ زەینەب جەلالیان لە شاری شفێڵدی بەریتانیا هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆی بۆ ئازادیی زەینەب جەلالیان ئەنجامدا.[1]
- تورکیا رایگەیاند، تاوەکو 1ی ئەیلوول گەشتە ئاسمانییەکان لەگەڵ عێراق ناکاتەوە، عێراقیش هەموو گەشتە ئاسمانییەکانی بۆ تورکیا هەڵوەشاندەوە.[2]
- حکومەتی سووریا، بە توندی ئیدانەی رێککەوتنی نێوان هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە) و کۆمپانیایەکی نەوتی ئەمەریکایی کرد. دیمەشق ئە و رێککەوتنەی بە هەوڵێک بۆ دزینی نەوتی سووریا بە پشتیوانی و چاودێری ئەمەریکا وەسفکرد. وەزارەتی دەرەوەی سووریا، رایگەیاند، ئێمە ئە و رێککەوتنە بە دزینی نەوتی وڵاتەکەمان هەژمار دەکەین و رێککەوتنەکە تەنیا ئەوە دەگرێتەخۆی کە، لە نێوان دز و دزی کڕیاردا واژوو کراوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی عێراق ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی تووشبوون، گیانلەدەستدان و چاکبوونەوە لە کۆرۆنای راگەیاند. کە تێیدا هاتووە: 63 کەس بەهۆی کۆرۆنا لە عێراق و هەرێمی

کوردستان گیانیان لەدەستداوە، دوو هەزار و 447 کەسی دیکە تووشبوون، هەروەها دوو هەزار و 611 کەس لە کۆرۆنا چاکبوونەتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| 🏛 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-02
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-02
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-02
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-02

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-02
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 217

**2020-08-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385263




باکووری کوردستان
- لە 6هەمین ساڵیادی قڕکردنی شەنگالدا کە لە 03-08-2014 کە بە دەستی چەتەکانی داعش ئەنجامدرا، لە چەندین شاری باکوری کوردستان و تورکیا چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئیدانەکردنی ئەو کۆمەڵکوژیە بەڕێوە چوون.[1]
- ئەو ئاگرەی سەربازانی تورک 3 ڕۆژ لەوە پێش بەریاندایە ناوچەی بەستای شرنەخ، لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا بەردەوامە و هیچ کارێکیش بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە ناکرێت. تاوەکو ئەمڕۆ بەهۆی ئەو ئاگرەوە سەدان داری دارستانەکانی ئەو ناوچەیە سوتاون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی سپای پاسدارانەوە کرایە ئامانج. لەو هێرشە ڕاکێتییەدا زیانی ماددی بە یەکێک لە بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتووە. ماڵپەڕی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە کە پێشمەرگەکانی کوردستان لە سڵامەتیی تەواودان و هیچ مەترسییەکی گیانییان لەسەر نەبووە.[5]
- دوو مەئمووری هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی بە ناوی میحراب بوداقی و حەمید ڕەزا پاک نیهاد بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری شاری سەردەشت بریندار بوون.[5]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی ڕژێمی ئێران ناوچەی بەربزینی دەڤەری برادۆستی سەر بە هەولێریان بۆردومان کرد. بەهۆی تۆپبارانەوە ئاگر لە رەز و پووش و پاوانی ناوچەکە کەوتووەتەوە.[1]
- لە دەروازەی نیودەوڵەتیی ئیبراهیم خەلیل ڕێگەی نێوان باکووری کوردستان و تورکیا و هەرێمی کوردستان لە زاخۆ دوو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر گڕیانگرت و لە ئەنجامدا بە کەلوپەلەوە سووتان و دەروازەکە داخرا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە ڕەوشی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان، لە توێی ڕاگەیەندراوی ژمارە 160ی ڕۆژانەی خۆیدا، بڵاوکردەوە. بە گوێرەی ئامارەکە 14 کەسی دیکە لە هەرێمی کوردستان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 348 کەسی دیکە تووشی پەتاکە بوون.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، جەلال پەرێشان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.[2]
- جێگری پارێزگاری دهۆک ڕایگەیاند: بڕیاریانداوە بە ڕاگرتنی دەوامی ڕەسمی لە فەرمانگە حکومییەکانی سنوری پارێزگاکە تاوەکو ڕۆژی 15ی ئەم مانگە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەرکۆنەی کوشتن و بەکۆیلەکردنی کوردانی ئێزدی دەکات و ڕایدەگەیێنێت، پێویستە بەپەلە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی تیرۆر بکرێتەوە.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ئەمڕۆ ڕایگەیاند، ئەنجامدانی ڕێککەوتنی نەوتیی هێزێکی سووریا بە سەرکردایەتیی کورد و کۆمپانیایەکی ئەمەریکی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا قبوڵکراو نیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏢 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

📄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-03
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-08-03
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-03
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-03
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-03

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 218

**2020-08-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385264



باکووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەکی بەهێز بەگوڕی 5.4 پلەی ڕێختەر چەند شوێنێکی باکووری کوردستانی هەژاند. سەنتەری چاودێریی بوومەلەرزەی ئەوروپی زانیاریی لەبارەی بوومەلەرزەکە ئاشکرا کرد، کە بە قوڵایی دوو کیلۆمەتر هەریەک لە شارەکانی دیلۆک، مەلەتی و شارۆچکەی سەنجقی گرتووەتەوە.[2]
باشووری کوردستان
- چەند فڕۆکەیەکی تورک دووجار دەشتی ژاژۆلان و کوێرەکان-یان لە نزیک گوندی گەڵاڵەی سنووری شارۆچکەی ماوەت بۆردومان کرد.[2]
وەزارەتی تەندروستی لە بانگەوازێکی بەپەلەدا داوا لەو تووشبووانەی کۆرۆنا دەکات کە چاکبوونەتەوە، پلازمای خوێنیان ببەخشن و رایدەگەیێنێت زۆر لە نەخۆشەکان بە توندی تووشی کۆرۆنا بوون و پێویستیان بە پلازمای خوێنە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لەسەر کەیسەکەی ئیتاڵیای مەلا کرێکار، ماکوان کەریم بانگخوازو رۆژنامەنوس، لە ئۆسلۆی پایەتەختی نەرویج دەستگیرکرا.[3]
- رێکەوتی 3ی مانگی 8، دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی کۆبوونەوەی شاندێکی ئەمەریکی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بە تایبەت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باسیان لەوە دەکرد کاربەدەستانی ئەمەریکا لەگەڵ بەرپرسانی (پەکەکە) لە قەندیل کۆبوونەتەوە. بە گوێرەی هەواڵێکی دەنگی ئەمەریکا، وەزارەتی دەرەوە لەم بارەوە رایگەیاندووە، ئەم دەنگۆیە هیچ راستیەکی تێیدا نییە و کۆبوونەوەی لەم چەشنە رووی نەداوە.[2]
- حوسێن سەلامی، فەرماندەی سوپای پاسدارانی ئێران جەختدەکاتەوە، تۆڵەکردنەوەی خوێنی قاسم سولێمانی بووەتە یەکێک لە ئامانجەکانیان و نەک تەنیا تۆڵەی دەکەنەوە، بەڵکو قودس (ئورشەلیم) رزگار دەکەن.[1]
- تەقینەوەیەکی گەورە لە بەیروتی پایەتەختی لوبنان روویدا. بەهۆیەوە زۆرتر لە 100 کەس کوژران و هەزارانیش بریندار بوون. لەنێو بریندارەکاندا زۆرتر لە 20 کورد هەن کە بارودۆخی یەکیان ناجێگیرە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەلاتێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئەنتاب - دیلۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شارباژێر (چوارتا و ماوەت) |
| 🗺 وڵات: | ئیتاليا |
| 🗺 وڵات: | نەرویژ |
| 🗺 وڵات: | LB لوبنان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-08-04
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-08-04
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-08-04
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 219

**2020-08-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385265



باکووری کوردستان
- شەهید گوڵستان ئاکسوی (هێڤی گابار) ژنە شۆڕشگێری کورد کە دوای بریندارابوونی ڕەوانەی ئەڵمانیا کرابوو، لە 26ی تەمموز بە هۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید بوو. تەرمەکەشی ڕەوانەی شاری مێردین کرا و لە زێدی خۆی بەخاک سپێردرا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی شەهید محێدین محۆ (مەزلوم تربەسپی) لە گۆڕستانی شەهید دڵشێری گوندی دگری سەر بە ناوچەی تربەسپی بەخاک سپێردرا.[1]
- هێزەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی، کەمپی عەین عیسا و گوندی سەیدای سەر بە ناوچەی عەین عیسا تۆپباران دەکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: تەربەسپی
شار و شارۆچکەکان: ماردین
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-08-05

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 220

**2020-08-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385266




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، حوکمی سێدارەی حەیدەر قوربانی، بەندکراوی سیاسی خەڵکی کامیاران لەلایەن لقی 27ی دیوانی بەرزی وڵاتی ئێرانەوە پەسەند کراوە و پارێزەرەکانی ئەو حوکمەیان بە بنەماڵەی ڕاگەیاندووە.[3]
- سێ لاوی کورد بە ناوەکانی یەحیا سەید مورادی تەمەن 19 ساڵ، ئارش دارابی تەمەن 18 ساڵ و ئەفشین سەید مورادی تەمەن 20، خەڵکی گوندی دارابی بەخشی ڕێژاوی شاری داڵاهۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[4]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و تێکۆشەری دێرینی حدکا جەلیل گادانی بەهۆی فایرۆسی کۆرۆناوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر شوێنێکی تایبەتی دروستکردنی وایەر و کێبڵی کارەبایان لە قامیشلۆ بۆردومانکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-08-06
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری هەنگاو - 2020-08-07
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-08-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 221

**2020-08-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385267



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە رحا رایگەیاند، بۆ ماوەی مانگێک هەموو جۆرە رێپێوان، چالاکی، کۆبوونەوە، چالاکیی دانیشتن، لێدوان و دانانی ستاند قەدەغە دەبێت.[1]
- لە پارێزگای گمگم، هاونیشتمانییەک بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە کوڕەکەی و بووکەکەی کوشت، دواتر هاونیشتمانییەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی تەمەن 17 ساڵە بە ناوی پارسا رۆستەمی خەڵکی پاوە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو لاوە حەوتووی رابردوو دەستی لە ئەندامیەتیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران هەڵگرتبوو و پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، هێزە ئەمنییەتییەکان دەسبەسەریان کرد.[5]
- بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاووڵاتییانی پیرانشار، چالاکییەکی ژینگەپارێزیی بەرین لە دۆڵەنێ و سەیرانگەی تاڤگەکانی لۆسە بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ژینگەی کوردستان، هاورێیان: موختار خەندانی، بیلال ئەمینی و یاسین کەریمی و یادێک لە شەهیدان شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی''، هەروەها پشتیوانی لە زارا محەمەدی مامۆستای زمانی کوردی و تانە لە حوکمی سەپێندراو بەسەر ئەو مامۆستایەدا، بەڕێوە چوو. لەو چالاکییەدا وەکوو چالاکییەکانی پێشوو، باس لە مەترسییەکانی سەر ژینگە و چۆنیەتیی پاراستنی بۆ ئامادەبووان کرا و جەخت لەسەر بەردەوامیی ڕێگەی پیرۆزی پاراستنی ژینگە و نیشتمان وەکوو دووانەی لێک دانەبڕاو کرایەوە.[5]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دووجار سنوری شارۆچکەی ماوەتیان بۆردومان کردو قائیمقامی قەزاکەش رایدەگەیەنێت: ئەو شوێنەی بۆردومانکراوە هیچ چەکدارێکی تێدا نیەو بەپێی زانیارییەکانیان بۆردومانەکە هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتوەتەوە، بەڵام زیانی مادی زۆری بە رەزو باخی گوندنشینان گەیاندوەو ترس و دڵەڕاوێکی لەسنورەکەدا دروستکردوە.[3] وەزارەتی بەرگریی تورکیاش دەڵێت، حەوت چەکداری پەکەکە لەنزیک ماوەت کراونەتە ئامانج.[2]
- لەسلێمانی رێژەی تووشبوون و داخڵ بوون و گیان لەدەستدان زۆر کەمبۆتەوە و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەکۆرۆناش دەڵێت: دوێنێ تەنها 48 نەخۆش ماوەتەوە لە نەخۆشخانەو 21 نەخۆشیش چاکبونەتەوە، لەکاتێکدا مانگێک پێش ئێستا وەزعی نەخۆشخانەکانی سلێمانی زۆر خراپ بوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرۆکی تەندروستیی بەڕێوەبەری خۆسەر لە رۆژئاڤای کوردستان رایگەیاند، دووەم تووشبووی کۆرۆنا لە ناوچەکانی دەوروبەری پارێزگای حەلەب، گیانی لەدەستداوە.[2]
- شەوی رابردوو، کۆمەڵێک چەکداری نەناسراو بە نارنجۆک هێرشیانکردە سەر زاماوەندێک لە سەرێکانی، لە باکووری رۆژئاوای حەسەکە، ە ئەنجامی ئەو هێرشەدا بە دەیان کەس بریندار بوون.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کاروانێکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، گەیشتە شاری قامیشلۆ لە رۆژئاوای کوردستان، کە دەیان بارهەڵگر، زرێپۆش، ئۆتۆمبێل و کەرستەی لۆجستیی لە خۆگرتبوو. کاروانەکە لە رێگای خاڵی سنووری وەلید دەربازی رۆژئاوای کوردستان بووە. دواتر بەرەو

بنکەکانی ئەمەریکا لە حەسەکە و دێرەزوور ڕۆیشتووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئەڵمانیا هێزی چاودێری بۆ ڕێگەگرتنی چەکی تورکیا بۆ لیبیا دەنێرێت و تورکیاش تووڕەو نیگەرانە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | قامیشلۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | پاوە (هەورامان) |
| شار و شارۆچکەکان: | ڕوحا |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| شار و شارۆچکەکان: | حەسەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| وڵات: | لیبیا |
| Quick Respons Code: | |



سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-08-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-07


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 222

**2020-08-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385268



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نرخی برنج بەڕادەیەک بەرزبووەتەوە، هەمووکەس توانای کڕینی نەماوە، بەجۆرێک ئەوانەی پێشتر مانگانە دەیان کیلۆ برنجیان بە فەردە دەکڕی، ئێستا بە کیلۆ دەیکڕن.[2]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ جارێکی دیکە تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکە و تۆپخانەکانییەوە بۆردوومان و تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی کرد. لە بۆردوومانەکەدا سنووری شارۆچکەکانی باتیفا، دێرەلووک و شیلادزێ لە سنووری پارێزگای دهۆک کرانە ئامانج. بەڕێوەبەری شارۆچکەی باتیفاش دەڵێت، ئۆتۆمبێلی هاووڵاتییەکی سقیل کراوەتە ئامانج و دانیشتووانی سێ گوندیش، گوندەکانیان چۆڵکردووە.[3]
- کۆپتەرە کۆبراکانی سوپای تورکی داگیرکەر هێرشیان کردە سەر گردی منین لە نزیک شاخی دوپشک لە حەفتانین و بەهۆی ئەو هێرشەوە پوش و پاوانی ناوچەکە سوتا.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە لە ناوچەی هەفتانین سەربازانی تورکیان گەمارۆ داوە و شەڕێکی قورس لەو ناوچەیەیە بەڕێوەدەچێت، سوپای تورکیاش بە فڕۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەر هەوڵی ڕزگارکردنی سەربازەکانی دەدات، بەڵام ژمارەیەک لە سەربازانی کوژراون.[5]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیماراتی تایبەت بە تووشبووانی کۆرۆنا لە هەولێر ئاشکرای دەکات، ئێستا 55 تووشبووی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەکەیان باری تەندروستیان ناجێگیرە و شوێن نەماوە نەخۆش وەربگرن.[2]
- محەمەد حاجی مەحمود لە ساڵیادی حسک-دا، داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، گرێبەستی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و کۆمپانیای دەلتا کرێسینیت ئینێرجیی ئەمریکی بە پێشێلکارییەکی سیستەماتیکی یاسای نێودەوڵەتی ناودەبات و ڕایدەگەیێنێت، ئەمریکا سیاسەتی بەهێزکردنی کورد لەسەر حسابی گرووپە ئیتنی و ئایینییەکانی دیکە پەیڕەودەکات.[3]
- ماسیو تولەر، باڵیۆزی ئەمریکا لە عیراق لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد، حکومەتی وڵاتەکەی بڕی 500 هەزار دۆلار تەرخان دەکات بۆ پشتگیریکردنی پارێزگاریکردنی پەرستگەی لالشی ئێزدیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

وڵات: IQ ئێراق

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-08-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 08-08-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 08-08-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 08-08-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 08-08-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 223

**2020-08-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385269




باکووری کوردستان
- ئاگرەکەی چیای گابار، کە دەوڵەتی تورک بە ناوچەی ئەمنیی تایبەتی راگەیاندووە، ماوەی 4 رۆژە بەردەوامە. هاوکات ئاگریش بەردرایە سنووری دارستانی دێرولزەعفەران لە ئارتوکلوی مێردین.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- وریا دڵ ئەنگیز چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی رەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا. لقی 101ی دادگای ئینقلابی کەیفەریی 2ی شاری مەریوان، ئەو چالاکە مەدەنییە کوردەی بە تۆمەتی تێکدانی نەزمی گشتی بە 4 مانگ زیندان و لێدانی 24 زەربە قامچی مەحکووم کردووە.[5]
- عەلی ساکنی پارێزەری خەڵکی سەقز کە مانگی پێشوو بۆ ماوەی 8 رۆژ دەستبەسەر کرابوو، تۆمەتی "سیخوڕی" خراوەتەپاڵ و سەرلەنوێ دەستبەسەر کرایەوە.[6]
- بوومەلەرزەیەک بە هێزی 5.1 پلە بەپێی پێوەری رێختەر لە پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستان روویدا.[1]
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە بەرزاییەکانی سنوور پۆلێک کۆڵبەریان داوەتە بەر لێدان و کوتان و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بە سەختی بریندار بووە. هەواڵنێری هەنگاو لە شاری پاوە رایگەیاند کە، کۆڵبەرێکی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی "موبین حوسێنی" کوڕی سیرووس و خەڵکی گوندی "دووریسان" لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بە قونداغی چەک لە سەر و چاوی دراوە و بریندار کراوە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- هێزە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێران لە گەڕەکی کەریم ئاوای سەقز یەکێکی دیکە لە بەندکراوە هەڵاتووەکانی بەندیخانەی ئەو شارەیان بە ناوی "محەمەد کەریمی" سەر لەنوێ دەستبەسەر کردووەتەوە.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ناوچەی پیربولا-یان لە حەفتانین بۆردومانکرد. بەهۆی ئەو بۆردومانەوە ئاگر بەربوویە پوش و پاوان و دارستانی ناوچەکە.[1]

- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوایین ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و بەپێی ئامارەکان 542 تووشبووی نوێ دەستنیشانکراون و 17 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە کە 10 کەسیان لە هەولێر بوون.[2]
- 8 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و زیاتر لە چوار فەرمانبەر تووشی کۆرۆنا بوون، ئەمەش ئاستەنگی بۆ کاروباری رۆژانەی ئەنجومەن دروستکردووە.[3]
- ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، وا بڵاوکراوەتەوە کە کەسێک بەناوی دانا مەنمی ئاژانسی پاراستن بەوە تۆمەتبار دەکات لەنێو شاری سلێمانی لێیانداوە. ئێمە ئەو جۆرە رەفتارانە ئیدانە دەکەین و دوور و نزیک پەیوەندی بە ئاژانسی پاراستنەوە نییە.[2]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 5.1 پلە رێختەر ناوچەکانی گەرمیان و خانەقین دەهەژێنێت. چەقی بوومەلەرزەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە و 50 کیلۆمەتر لە کەلار دووربووە.[3]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان لە بەرامبەر دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لە لایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانەوە، هەڵوێستێکی توندی نیشاندا و وتی، ئەمجارە پارتی بۆی ناچێتەسەر و هەڵوێستی جیاوازمان دەبێت و چالاکی فراوان ئەنجام دەدەین.[1]
- دوای سێ ساڵ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی دیارنەمانی 3 ملیار دینار لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی، ئەمڕۆ دادگای سلێمانی سزای شەش ساڵ زیندانی بەسەر بەڕێوەبەر و کارمەندێکی بەشی ژمێریاری بەڕێوەبەرایەتییەکەدا سەپاند و چوار بەرپرس و کارمەندێکی دیکەشی ئازادکرد.[2]
- بەپێی قسەی عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، لە شەوی رابردووەوە تیمێکی وەزارەتی ناوخۆی عێراق چونەتە مەرزی باشماخ و لەگەڵ گەیشتنی تیمەکە، ئەو قاچاخچێتییەی لە خەتی ئاسایش لە باشماخەوە دەکرا وەستا، بەڵام ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە دەستپێدەکاتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بەر لە دوو رۆژ لە گوندی ریزی سەر بە ناوچەی گرێ سپی لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا هاوڵاتیەک بە ناوی عەبدوڵلا شەهادە لە لایەن چەتەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورکەوە رفێندرابوو، ئەمرۆ دوای دوو رۆژ لە رفاندنی، تەرمەکەی لە سەر رێگای گوندی ریز دۆزرایەوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگری تورکیا بڵاویکردەوە، سەربازێکی تورکیا لە ناوچە سنوورییەکانی باکوری عێراق و تورکیا کوژرا و سێی دیکەش بریندارببوون.[3]
- وەزیری بەرگری تورکیا، خلووسی ئاکار، سەردانی ناوچەکانی هاوسنووری عێراقی کرد و ئە و هێزانەی بەسەرکردەوە، کە لە ناوچە سنوورییەکان بڵاوەیان پێکراوە.[3]
- فاشیستەکانی تورک هێرشیان کردە سەر بارەگای پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی باقر کۆی ئیستەنبول و بەهۆی هێرشەکەوە دەرگا و پەنجەرە و شوشەکانی بارەگاکە شکێنران و هەروەها پیسایيان لە بەردەم دەرگای بارەگاکەدا کردبوو. لەسەر هێرشەکە تەنها یەک کەس لە هێرشبەرەکان بە ناوی س. ئە دەستگیرکراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ◯ سەقز
شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-09
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی - 2020-08-09
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-09
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-09
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-09
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-09


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 224

**2020-08-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385270



باکووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک ئاگریان لە دارستانەکانی چیای جوودی شرنەخ بەردا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کرێکارانی شارەداریی خۆی، بەهۆی دواکەوتنی مووچەکەیان لە بەر بینا شورای ئەو شارە، نارەزایەتییان دەربڕی. ئەو کرێکارانە ماوەی 5 مانگە پارەیان وەرنەگرتووە، هەروەها لە مافی بیمەش بێبەرین.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مادیح فەتحی کوڕی محەممەد خەڵکی شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بە بێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان بردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە لە شارەکی بەهاران و پاش پشکنینی ماڵەکەی، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[4]
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری "مەڕانە"ی مەریوان تەقەیان لە کۆڵبەرێکی تەمەن 17 ساڵ بە ناوی "ئارمین ئەحمەدی" کردووە و سینگی بە سەختی بریندار بووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئێران دوای ئەوەی ئەو کۆڵبەرەیان بریندار کردووە و تووشی خوێنبەربوونی زۆر بووە، لەو شوێنە بەجێیان هێشتووە کە دواتر خەڵکی ناوچەکە بینیویانەتەوە و گەیاندوویانە بە ناوەندە دەرمانییەکانی مەریوان.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
باشووری کوردستان
- هونەرمەند سابیر کوردستانی بەهۆی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.[6]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک شاروچکەی باتیفای زاخۆیان بۆردومان کرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر گوندی ئەولەهە لە حەفتانین لەهەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بۆردومان دەکەن.[1]
- فەرماندەیی یەکینەکانی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- یەرەکە لە ڕاگەیێندراوێکدا شەهیدبوونی حەوت گەریلا و دوو وڵاتپارێزی بەهۆی هێرشەکانی تورکیا لە سنووری شارۆچکەی ماوەت لە شارباژێڕ ڕاگەیاند.[5]
- تەندروستی هەرێم ئامارێکی نوێی توشبوان بەکۆرۆنای بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند: لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 508 حاڵەتی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوەو لەو ژمارەیەش زۆرترینیان لەپارێزگای هەولێر بووە کە 278 توشبوەو 17 حاڵەتی گیان لەدەستدانیش تۆمارکراوە کە 13ی لەهەولێر بووە.[3]
- بەشێک لەکارمەندانی نەخۆشخانەی ڕزگاری لە هەولێر لەبەردەم نەخۆشخانەکەیان دەنگی نارەزایەتییان بەرزکردەوە و جەخت لە جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکەن، ئەو کارمەندانە باس لەئەوەدەکەن، بڕی 500 دۆلار وەک هاوکاری بەسەر بەشێک لەکارمەندەکان دابەشکراوە، بەڵام نادادپەروەری تێداکراوە و پێویستە هەموویان ئەو بڕە هاوکارییە وەربگرن، چونکە زۆرینەی کارمەندەکان بەرکەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ توشبووانی کۆرۆنا هەیە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری باکووری و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕایگەیاند کە 18 کەس تر تووشی ڤایرۆسی کۆڤید 19 بوون و بەو پێیەش تا ئێستا 119 حاڵەت تۆماکراون و 10 کەسیش چاکبوونەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ


🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 10-08-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 10-08-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 10-08-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 10-08-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 10-08-2020
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 11-08-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 225
**2020-08-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385271



باکووری کوردستان
- ساروخان ئولوچ و مەراڵ دانش بەشتاش سەرۆکەکانی فراکسیۆنی هەدەپە داوایان لە پەرلەمان کرد کە لەبارەی ڕاپۆرتی سی پی تی کە باسی خراپی دۆخی زیندانیانی کردبوو، لێکۆلینەوە لە دۆخی زیندانەکان بکات. لە داواکاریەکەدا باسی ئەوەکرا کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەشکەنجەدان و کردەوەی دەرەوەی مرۆڤایەتی لەبەرانبەر زیندانیان بهێنرێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هونەرمەندێکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا چاوشی خەڵکی گوندی حاجی لەک سەر بە چۆمی مەجیدخان لە بۆکان، بە دانانی بارمتەی 100 ملیۆن تمەنی لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا.[6]
- کۆڵبەرێک بە ناوی ڕەزا عەبدوڵڵاهی خەڵکی گوندی تاوەگوزی سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە، لە سنووری نەوسوود ئازار و ئەشکەنجە درا.[6]
باشووری کوردستان
- سابیر کوردستانی لە زێدی خۆی لە کەرکوک بەخاک سپێردرا.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئیحسان چەلەبی، بەڕێوبەری شارەدێی سیدەکان ڕایگەیاند، فڕۆکەکانی تورکیا، ئۆتۆمبێلێکی یەکەی پاسەوانی سنووری سەر بە سوپای عێراقیان بۆردومان کردووە و زیانی گیانی هەیە.

بەڕێوبەری شارەدێی سیدەکان روونیکردەوە، لە ئاکامی ئە و بۆردومانەی فڕۆکەکانی تورکیا ژمارەیەک سەرباز و ئەفسەری پاسەوانی سنوور کوژران. بە گوێرەی زانیارییەکان فەرماندەی فەوجی سێی پاسەوانی سنوور، عەمید زوبێر حالی، لە ئاکامی ئە و بۆردومانەدا کوژراوە. هەروەها محەمەد رەشید، فەرماندەی لیوای 2ی پاسەوانی سنوور لە دەڤەری سۆران کوژراوە.[4]
- پاش ماوەیەکی زۆر لە دابڕان و ناکۆکی، هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی لە دوکان کۆدەبنەوە.[3]
- لاهور شێخ جەنگی رایگەیاند کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، بەڵام ئێستا تەندروستیی باشە.[3]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە 24 کاژێری رابردوودا 653 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 13 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەوروبەری گوندی ’یەکمەڵێ’ سەربە شارەدێی کانی ماسی لە ناوچەی ئامێدی سەربە دهۆکیان بۆردوومانکرد.[1]
- کاتژمێر 7:00ی بەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی سوپای سنوور و ژمارەیەک پێشمەرگەی هێزەکانی 80ی پێشمەرگە بەرە و گەروی هاجەرێ رۆیشتن کە گەریلاکانی پەکەکەی لێ نیشتەجێیە و چوار شوێن بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەئەنجامی چوونی هێزەکەی پاسەوانی سنوور و پێشمەرگەکان، دەستڕێژی گوللە لەنێوان هەردولا دروستبووە و بەوهۆیەشەوە هاووڵاتیەک کە کۆچەرە و لەناوچەکە بو بریندااربووە، لەئێستادا هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگەکان کیلۆمەترێک لە گەروی هاجەرێ دوورکەوتوونەتەوە، بەڵام دەیانەوێت دووبارە بچنەوە بۆ ئە و ناوچەیە و بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.[5]
- دادگای سلێمانی بڕیاریدا هاوسەری سێوان قادر بە تاوانی کوشتنی خێزان و سێ منداڵەکەی، لەسێدارە بدرێت.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کڕینەوەی گەنمی جووتیارانی کوردستان دەدەنە سێ کۆمپانیا، هەر خۆشیان نرخی وەرگرتنی گەنمەکە دیاری دەکەن بۆ ئەوەی جووتیاران زەرەرمەند نەبن.[2]
- لە نزیک شارۆچکەی تەلەعفەر لە پارێزگای نەینەوا، چاڵێک دۆزرایەوە، کە داعش هەزاران تەرمی فڕێداوەتە نێوی.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

رۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە گوندی عەلی باژلی لە گرێ سپیی داگیرکراودا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییەک و لە کاتی هەڵکوتانەکەدا دەستڕێژی گوللەیان لە ماڵەکە کرد و بەو هۆیەوە و بەلانیکەمەوە 3 کەسیان بریندار کرد.[1]

دەرەوەی کوردستان

- رێکخراوێکی سڤیلی عێراقی، کە بارەگاکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، سەرقاڵی بەرزکردنەوەی سکاڵایەکە لە دادگای لاهای نێودەوڵەتی، لە دژی ژمارەیەک بەرپرس و سەرکردەی میلیشیا پشتگیریکراوەکانی ئێران، بەتۆمەتی تێوەگلان لە کوشتنی خۆپێشاندەران.[2]
- سەرۆکی رووسیا رایگەیاند وەزارەتی تەندروستیی وڵاتەکەی یەکەم ڤاکسینی کۆرۆنای لە جیهان پەسەند کرد و، کچەکەی خۆشی ڤاکسینەکەی لەسەر تاقیکراوەتەوە. ئەو ڤاکسینە لەلایەن دامەزراوەی گامالایە بەرهەمهێنراوە و ئەمڕۆ لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی رووسیاوە گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکرا.[4]
- دوای ئەوەی تورکیا کەشتیەکی تایبەتی خۆی بە گەڕان بەدوای نەوت و غازدا بۆ دەریای ناوەڕاست نارد، یونان داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی لە یەکێتی ئەوروپا لەبارەی جموجووڵەکانی تورکیا کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |

🏣 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏣 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏣 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سیدەکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بۆکان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئامێدی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ گرێ سپی
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: NL هۆڵاند
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: یۆنان - گریک

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-11
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-11
[3] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-11
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-11
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-12

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 226

**2020-08-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385272



ناوی یەکەمەکان لە سەر ئاستی هەرێم قۆناغی ١٢ی ئامادەیی (زانستی – وێژەیی – پیشەیی – خوێندنی ئیسلامی) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠

(خولی یەکەم)

| ژ | ناو | پارێزگا | بەش | کۆی گشتی نمرە | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڤانیا شێرکۆ حسین فرج | هەڵەبجە | ١٢ زانستی | ٧٠٠ | ١٠٠ |
| ٢ | لەنیا فلاح حسن محمود | هەڵەبجە | ١٢ زانستی | ٧٠٠ | ١٠٠ |
| ٣ | حسن ئامانج برهان محمدرشید | هەولێر | ١٢ زانستی | ٧٠٠ | ١٠٠ |
| ٤ | دەریا سلیمان علی طاهر | دهۆک | ١٢ زانستی | ٧٠٠ | ١٠٠ |
| ٥ | سارا بدرخان محمد عبدالله | هەولێر | ١٢ وێژەیی | ٦٩٠ | ٩٨,٥٧ |
| ٦ | دەرباز اسماعیل حسن علی | سلێمانی | ١٢ وێژەیی | ٦٩٠ | ٩٨,٥٧ |
| ٧ | مینا ضاهر مصطفى خلیل | سلێمانی | خوێندنی ئیسلامی | ٨٧٤ | ٩٧,١١ |
| ٨ | حسیبە جمال عمر رمضان | هەولێر | ئا.پ.کشتوکاڵ | ٨٢٧ | ٩١,٨٩ |
| ٩ | زینب عبدالکریم احمد سعید | سلێمانی | ئا.پ.گەشتوگوزار | ٧٦٠ | ٩٥ |
| ١٠ | میر رحیم کریم حمە صالح | سلێمانی | ئا.پیشەسازی | ٧٥٠ | ٩٣,٧٥ |
| ١١ | لەنجە هدایت عبدالرحمان عثمان | سلێمانی | ئا.بازرگانی | ٦٢٩ | ٨٩,٨٦ |

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، سەرەڕای تێپەڕینی 8 ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی سێ لاوی خەڵکی گوندی داراب سەر بە شاری داڵاهۆ بە ناوەکانی "ئارەش دارابی" تەمەن 18 ساڵ، "ئەفشین سەیدموڕادی" تەمەن 20 ساڵ و "یەحیا سەیدموڕادی" تەمەن 19 ساڵ سەرباری بەدواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکانیان، هێشتا چارەنووسیان نادیارە. سەرچاوەیەکەی ئاگادار لە گوندی داراب لەوبارەوە بە هەنگاوی ڕاگەیاند کە، بنەماڵەی ئەو سێ لاوە چەندین جار سەردانی ناوەندە ئەمنییەکانی کرماشان و داڵاهۆیان کردووە، بەڵام هیچ وڵامێکیان وەرنەگرتووەتەوە.[5]

- حوکمی 5 ساڵ زیندانیی تەعلیقی بۆ ماوەی چوار ساڵ لەلایەن لقی 1ی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە هاجەر سەعیدی، چالاکی مافی ژنان ڕاگەیەندرا.[8]

- لاوێکی کورد بە ناوی ڕەحمان ڕەحیم پوور خەڵکی شاری سەقز، لە پارکی لالەی ئەو شارە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەرکرا. هێزە ئەمنییەتییەکان بە بێ بەڵگەی قەزایی ئەو هاووڵاتیە کوردەیان دەسبەسەر کردووە و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو لاوە کوردەیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[8]

باشووری کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ، لەشاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەشێک لە هاووڵاتیان بۆ داواکردنی مافەکانیان هاتنە سەر شەقام و داوای مووچە و شایستە داراییەکانیان و باشکردنی ژیانیان کرد. خۆپیشاندانەکە لەسنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بەڕێوەچوو.[6] خۆپیشاندەران لە قەڵادزێ مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕانیان سووتاند و ناوچەی پارتیشیان بەردبارانکرد. هەروەها هونەر ڕەسوڵ، پەیامنێرێکی تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکان لە ڕانیە گیانی لەدەستدا.[7]

- شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە ناو خۆپیشاندەرانی پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی داوای لە هاوڵاتییان کرد لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و بەشداری لە خۆپیشاندان بکەن، وتیشیئەم هەنگاوەی ئەمڕۆ نراوە، دەستپێکی شۆڕشێکی مەدەنییە بۆ کۆتاییهێنان بەم زوڵمەی لە کوردستاندا هەیە.[3]

- لە بەرامبەر ڕاگرتنی وتاری هەینی، بەشێک لە مەلاکان لە هەولێر گردبونەوە و لەلایەن هێزە ئەمینەکانی هەولێرەوە، چەندین خۆپیشاندەر دەستگیرکران.[3]

- پارێزگاری دهۆک ڕایگەیاند، بەهۆی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێستادا ڕێگە بەهیچ جۆرە گردبونەوەیەک نادرێت و بۆ ئەو مەبەستەش هێزە ئەمنییەکان خراونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، هەرکەسێکیش سەرپێچی بکات لە پەرلەمانتارەوە تا وەزیر لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن.[3]

- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 566 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 16 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[4]

- ڕێباز حەملان، یاریدەدەری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: لە ئێستادا حکومەت 350 ملیۆن دۆلاری لەبەردەستدایە کە بەشی موچەی موچەخۆران ناکات و حکومەتی عێراق ئامادەیی دەربڕیوە کە مانگانە 300 ملیار دینار بۆ هەرێم بنێرێت کە ئەو بڕە پارەیە بۆ هەرێم سودی نابێت ئەگەر زیادی نەکەن.[3]

- مەحما خەلیل، ڕاوێژکاری کاروباری ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستان و قایمقامی شنگال، لە لێدوانێکیدا بەئاژانسی ئانادۆڵوی ڕاگەیاند : داواکاری ئێمە ئەوەیە کە پەکەکە لە شنگال دەربچێت، لەبەر ئەوەی پەکەکە شنگالی وێران کردووە و هەروەها ڕێگری دەکات لە دووبارەی گەڕانەی ئاوارەکانی چیای شنگال بۆسەر ماڵ و خانی خۆیان.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی؛ "خربەت بەقر" و "کۆڕحەسەن" سەربە گرێ سپی تۆپباران دەکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق، بەهۆی هێرشی دەوڵەتی تورک سەردانی وەزیری بەرگری تورکی هەڵوەشاندەوە و باڵیۆزی تورکیای بانگهێشت کرد.[1]
- دوای هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی تورکیا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی پاسەوانانی سنووری عێراق لە ناوچەی برادۆست، حەسەن کەعبی، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەم هێرشەی بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق ناساند و رایگەیاند، ئەم هێرشە زیانێکی تەواو بە پەیوەندی مێژوویی نێوان عێراق و تورکیا دەگەیەنێت.[2]
- حکومەتی عێراق فاتیک یلدزی باڵیۆزی تورکیای بانگهێشت کرد و بە فەرمی داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد هێزەکانی خۆی لە سەرتاسەری خاکی عێراق بکشێنێتەوە و بە زووترین کات کۆتایی بە هێرشەکانی بهێنێت لە سەر خاکی عێراق.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-12
[2] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-12
[3] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-12
[4] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-12
[5] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-12
[6] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-12
[7] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[8] 🖇 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-14

کاتی تۆمارکردن: PM 9:01:44 2020-07-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 227

**2020-08-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385273



باکووری کوردستان
- کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لەبارەی هێرشی ئاسمانیی تورکیا لە 11ی ئەم مانگەدا بۆ سەر ناوچەی برادۆست راگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، هەموو کەس ئەو هێرشەی ئیدانە کرد، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی باشووری کوردستان نە ئیدانەی کرد و نە هەڵوێستی لە دژی نیشان دا.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری هەنگەژاڵی بانە تەقەیان لە پۆلێک کۆڵبەر کردووە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک گیانی لە دەست داوە. هەواڵنێری هەنگاو لە شاری بانە رایگەیاندووە کە لە ئاکامی دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ئێران کۆڵبەرێک بە ناوی ”هادی خدری“ تەمەن 22 ساڵ، کوڕی عەلی و خەڵکی گوندی کەریم ئاوای ناوچەی زێویە گیانی لە دەست داوە.[4]
باشووری کوردستان
- لە گوندی رەشانکێ لە نزیک گەلی زاویتەی سەر بە شارۆچکەی زاویتە لە سنووری پارێزگای دهۆک فڕۆکە ئۆتۆمبێلێکی کردووەتە ئامانج. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان سێ گەریلای پەکەکە شەهیدبوون.[1]
- بەرپرسی مەکۆی پشدەری بزووتنەوەی گۆڕان رایگەیاند سکاڵا لەسەر هەموو ئەو کەسانە تۆمار دەکەن کە بارەگەکەیان لە قەڵادزێ سووتاند. پەرلەمانتارێکی گۆڕانیش کە دانیشتووی دەڤەرەکەیە دەڵێتی بەشێک لە ئۆباڵی ئەوکارە نامەدەنیانە لە ئەستۆی ئاسایشی ناوچەکەیە.[1]
- تەڤگەری ئازادیی لە شاری سلێمانی، لە دژی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە، رێپێوانێکی جەماوەرییان سازکرد و تییادا داوای ئازادکردنی ئەندامەکانیان کرد و یاداشتێکی نارەزایەتییان پێشکەش بە پەرلەمان کرد.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە دهۆک وێڕای رێگریکردن لە بەڕێوەچونی رێورەسمی یادی چوار ساڵەی رۆژنامەنوسی تیرۆرکراو وەدات حسێن، لەلایەن ئاسایشەوە سێ رۆژنامەنوس دەستگیرکراون کە پێداگرییان لەسەر ئەنجامدانی رێورەسمەکە کردوە.[3]
- نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد رەشیدی منداڵانی فێرکاری، ئەمڕۆ، ئاگاداری سەرجەم هاوڵاتییانی سلێمانی دەکەنەوە کە سەردانیان نەکەن بەهۆی ئەوەی بەشێک لە پزیشکانی نیشتەجێی دێرین و پزیشکانی خولاو مانگرتنیان راگەیاندوە و داوای مووچەکانیان دەکەن.[3]

- شەوی رابردوو دوو چەکداری داعش بە ماتۆڕسکیلێک هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی ئەبوعەلی لە نزیک فڕۆکەخانەی کەرکوک، بەڵام خەڵکی گوندەکە تەقەیان لێکردوون و لە ئەنجامدا یەکێک لە چەکدارەکانیان کوشتووە و ئەوی دیکەشیان بریندارکردووە.[1]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە. 569 تووشبووی نوێ تۆمارکراون، 13 کەس گیانیان لەدەستداوە و 177 کەسیش چاکبوونەتەوە.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ ژمارەیەک تیرۆرستی داعش لەگوندی ئیسلاحی سنوری شێخ باوە لە جەلەولا جوتیارێکیان کوشت.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی سلێمانی بڕیاری وەزارەتی تەندروستی تایبەت بە دیاریکرنی نرخی چارەسەرکردنی تووشبووانی کۆرۆنا لە نەخۆشخانە تایبەتەکان رەتدەکاتەوە و دەڵێت، ئەو پێداویستی و توانا پزیشکییەی ئێستا لەبەردەستە بەشی سێ هێندەی تووشبووانی ئێستا دەکات، تاوەکو ئێستاش هیچ تووشبوویەکی کۆرۆنا نەچووتە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- بەپێی دەستەی تەندروستی لە رێبەریی خۆسەر، تائێستا 171 کەس لە رۆژئاوای کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، 10 لەو تووشبووانە چاکبوونەتەوە، 8 تووشبووشیان گیانیان لەدەستداوە.[1]
- ماتۆرسکیلێکی بۆمبڕێژکراو لە شارۆچکەی سەرێکانی لە گوندەوارەکانی حەسەکە لە رۆژئاوای کوردستان، تەقیەوە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- بۆردوومانکردنی هێزەکانی پاسەوانی سنووریی عێراق لە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیادا لە ناوچەی سیدەکان کاردانەوەی زۆری بەدواوە هات. هەربەیەک لە سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتی دەرەوەی عێراق هێرشەکەی سەرکۆنەکرد و وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەردانی خوڵوسی ئاکار، وەزیری بەرگریی تورکیای هەڵوەشاندەوە، کە بڕیاربوو ئەمڕۆ پێنجشەممە لەگەڵ بەرپرسانی بە غدا و هەولێر ئاڵۆزییەکانی سەرسنوور تاوتوێ بکات.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، سەرەتا بەرپرسیارێتیی عیراقە رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر دژبە ئەندامانی پەکەکە کە لە وڵاتەکەیدا هەن، ئەگەر بەردەوام چاوپۆشی لە بوونی پەکەکە بکرێت لە عیراق، ئەوا تورکیا پێداگرە لە گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست لە پێناو ئاسایشی سنوورەکانی خۆی.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی فرانسا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، فرانسا ئەو بوردوومانەی تورکیا، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەند کەسێک لە پاسەوانانی سنووری عێراق لە پارێزگای هەولێر، شەرمەزار دەکات و بە پێشهاتێکی مەترسیداری وەسفکرد.[6]
- سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەمڕۆ، هۆشداریدا لەوەی هێرشبکرێتە سەر کەشتییە تورکیەکەی لە دەریایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و رایگەیاند، باجێکی گەورە دەدەن ئەگەر ئەمە ئەنجام بدەن و ئەمڕۆ یەکەم نامەیان پێگەیشت.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەڵادزێ (پشدەر) |

شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: TR تورکیا
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: فرەنسا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-13
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-13
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-13
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-13
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-13
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەراست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-13

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 228

**2020-08-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385274



باکووری کوردستان
- لە ناوەندی شاری جۆلەمێرگ و لە ناوچەکانی شەمزینان و چەلێ و گەڤەر ناوەندی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە) لەلایەن پۆلیسی تورکەوە کرایە ئامانج و لەو چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوە لە دژی کەجەدە دەستپێکرد و هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ. ئەو کەسانەی دەستگیرکراون ناوی بەشێکیان روون بووەتەوە و بریتین لە؛ پنار یلماز بەڕێوەبەری هەدەپەی شەمزینان، شوکرو چالی، نیهاد تورگوت، رەمەزان ئەریک، محەمەد ئەمین سەڤەن، هێڤیدار ئەرتوچ، عومەر فاروق تەکین و فەلەما ئاکەر.[1]
- لە ناوچەی جزیری شرنەخ پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و 8 کەسی دەستگیرکرد. راگەیەنرا کە بۆ دۆسیەی ئەو 8 کەسە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ناوچەکەدا بڕیاری شاردنەوەی دۆسیەکانیان دراوە و کاتی دەستگیرکردنیان بۆ 4 ڕۆژ درێژکراوەتەوە. لە ناوچەی سلۆپیش دەلیل ئورەک ئەندامی رێکخستنی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەستگیرکرا و ماوەی دەستگیرکردنەکەی 4 ڕۆژ درێژکرایەوە.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکیا لە گوندی ئەرەدنای سەر بە شارۆچکەی بامەڕنێ سنووری شارۆچکەی ئامێدی، ئۆتۆمبێلێکیان کردە ئامانج، بەڕێوەبەری شارۆچکەی بامەڕنێ دەڵێت دوو کەس کوژراون و کەسێکیش بە سەختی برینداربووە.[2]
- لەسەر ڕێگای گەروی باران و لە نزیک گوندەکانی گەلی شێخ زادانی سیدەکان، لە کاتی تێپەڕبوونی دوو ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگە، سوپای تورک بە دۆشکە تەقەی لێکردوون و فیشەک بەر ئۆتۆمبێلی عەقیدێکی پێشمەرگە کەوتووە.[1]
- وەزارەتی تەندرووستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، راگەیەندراوی ژمارە 170ی تایبەت بە ئاماری رەوشی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان راگەیاند. بە گوێرەی ئامارەکە لە 24 کاتژمێری رابردوودا، 13 کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 667 کەسیش تووشی پەتاکە بوون.[3]
- ئەمڕۆ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، هونەرمەندی شێوەکار و خۆشنووسی کورد، چیا نازم گلی بە هۆی کۆرۆنا کۆچی دواییکرد.[3]
- شاخەوان بەکر، بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ، ئاشکرایکرد: مانگانە لەهەر دەروازەیەک 15 بۆ 20 ملیۆن دۆلار قاچاخچیەتی دەکرێت. دەشڵێت: قاچاخچێتییەکی رێکخراو هەیەو کەسانی باڵادەستی لەپشتەو ناتوانرێت هیچ لێپرسینەوەیەکی یاساییان لەگەڵدا بکرێت و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانیش گیریان بەدەستیانەوە خواردوەو ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.[5]
- وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەدەدات ئەمساڵ بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ژمارەی گەشتیاران بۆ ئاستی سفر دابەزیوە، ئەمەش کاریگەری زۆر هەبووە لەسەر پاشەکشەی ئەم کەرتە و زیانی گەورەشی بە ئابووری کوردستان گەیاندووە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی تورکیا لە گوندی شادری ناوچەی شیێ عەفرین ئێزدیان بە ناوی نوردی جومبور شەرەف شەهید کرد. ئەو هاوڵاتیە کە لە لایەن فەیلەق شامەوە شەهیدکرا، 2 مانگ لەمەوبەر ڕفێنرابوو و لەبەرانبەر ئازادکردنی داوای 25 هەزار دۆلار دەکرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- نێردەی تایبەتی ئەمریکا سەرەخۆشی لە حکومەتی عێراق دەکات بۆ گیانلەدەستانی ئەو دوو ئەفسەرە کوردەی پاسەوانی سنووری عێراق، کە سێشەممەی رابردوو لەلایەن فرۆکە بێفرۆکەوانەکانی تورکیا لە ناوچەی سیدەکان کرانە ئامانج.[2]
- ناوەندی چاودێریی ئازادیی ئایینیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە تورکیا دەکات ژیانی هاونیشتمانییەکی کریستیانی عەفرین رزگاربکات کە لەلایەن میلیشیاکانی ئەو پارێزگایەوە بە تۆمەتی وازهێنان لە ئایینەکەی دەستبەسەرکراوە. ئەو هاونیشتمانییەی عەفرین ناوی رەزوان محەممەدە. بەپێی راگەیێندراوێکی رێکخراوی مافی مرۆڤی عەفرین ماوەیەکی زۆرە رەزوان و جەننەتی هاوژینی ئایینی خۆیان لە ئیسلامەوە گۆڕیوە بۆ کریستیان.[2]

- وەزارەتی دادی ئەمەریکا بڵاویکردەوە، دەستیان بەسەر کەشتییەکی نەوتی ئێراندا گرتووە کە بەرەو ڤەنزیۆلا بەڕێکەوتبوو.[3]
- فواد حسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق داوا لە فەرەنسا، ئەڵمانیاو بەریتانیا دەکات رۆڵی کارایان هەبێت بۆ راگرتنی دەستدرێژییەکانی تورکیاو کشاندنەوەی هێزەکانی سوپای ئەو وڵاتە لەنێو خاکی عێراق.[5]
- کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنوسان، ئەمرۆ رایگەیاند: داوا لە دەسەڵاتدارانی کورد دەکات واز لە هەراسانکردنی راگەیاندنەکان بهێنن و رێگە بە رۆژنامەنوسان بدەن ئازادانە روماڵی خۆپیشاندانەکان بکەن بێ ئەوەی ترسیان لەوە هەبێت هێرشیان بکرێتەسەرو دەستگیربکرێن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ شەمزینان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سیدەکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| وڵات: | ← رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| وڵات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |
| وڵات: | فرەنسا |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان


[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-14

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-07-01 9:01:44 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 229

**2020-08-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385275


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی تەندروستی
بەراوردی ژمارە و ڕێژەی نەخۆشانی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان
ماوەی یەک هەفتە ( ٨/٧ تاوەکو ٢٠٢٠/٨/١٤ )

| پارێزگا | ژمارەی پشکنین | تووشبوو | | مردن | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی | ڕێژەی | ژمارەی | ڕێژەی |
| هەولێر | 10066 | 2343 | 23.3% | 65 | 2.8% |
| سلێمانی | 5424 | 837 | 15.4% | 29 | 3.5% |
| دهۆک | 7015 | 625 | 8.9% | 3 | 0.5% |
| هەڵەبجە | 233 | 113 | 48.5% | 4 | 3.5% |
| کۆی گشتی/ هەرێم | 22738 | 3918 | 17.2% | 101 | 2.6% |

باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە ناوچەی باسان، هەزەخ و سلۆپی شرنەخ 5 کەس دەستگیرکران.[7]
- پارێزگاری دیلۆک بە بیانووی ڤایرۆسی کۆرۆنا 15 رۆژ قەدەگەی چالاکی و بەرنامەکانی راگەیاند. قەدەغەکە ئەمڕۆ دەستپێدەکات و تا 30 مانگ بەردەوام دەبێت.[7]
- لە مووش و ناوچەکانی دەست بە ئۆپەڕاسیۆنی قڕکردنی سیاسی کرا. بەپێی زانیاریەکان لە ئەنجامدا 17 کەس دەستگیرکراون.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە کوێستانی گوندی (کوران)ی ئورمیە تەقەیان لە کاروانێکی کۆڵبەران کردووە و سێ کۆڵبەر کوژراو بریندار کراون. هەواڵنێری هەنگاو لە ورمێ ڕایگەیاندووە بە هۆی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران کۆڵبەرێک بە ناوی سیراج ئەحمەدی تەمەن 37 ساڵ کوژراوە و تا ئێستا ناسنامەی یەکێک لەو دوو کۆڵبەرە بەناوی مەخموور ئەحمەدی تەمەن 33 ساڵ بۆ هەنگاو روون بووەتەوە.[8]
- ماڵپەڕەکانی حکوومەتی ئێران، لە هەواڵێکدا، باسیان لە کوژرانی پاسدارێک بە ناوی حامید سەیفی لە ناوچەی سەردەشت - مەهاباددا کرد. ماڵپەڕی فارس نزیک لە سپای پاسداران، کوژرانی ئەو ئەندامەی سپای پاسدارانی بۆ شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران گەڕاندووەتەوە.[6]
- دوو چالاکی ئەهلی سونەت بە ناوەکانی حامید عەلی مشکۆ تەمەن 36 ساڵ و فەرشاد جەهش تەمەن 32 ساڵ و خەڵکی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتەوە دەسبەسەر کران و لە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێت.[6]
- دوو کەس لە بەندکراوانی مانگی پووشپەڕی شاری شنۆ بە ناوەکانی "ڕەحیم ڕەفعەت" و "ڕەحمان تابش" دوا نزیکەی 40 ڕۆژ ڕاگیران لە دەستبەسەرگەی ئیتلاعاتی ئورمیە بۆ دەستبەسەرگەی ئیتلاعاتی شنۆ گوازراونەتەوە.[8]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەهریار پوورعەلی کوڕی ئیسفەندیار، خەڵکی دزەی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە دەسبەسەر کرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لە کاتی کۆڵبەری لە سنووری ورمێ، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە دەسبەسەر کرا و بۆ یەکێک لە گرتنگەکانی هێزە ئینتزامییەکان گوازرایەوە.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند؛ لە ماوەی 1 هەفتەدا لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک هەڵەبجە 3 هەزار و 918 کەس توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بون و 101 کەسیش گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین ڕێژەی گیان لەدەستدان لە پارێزگای هەولێر بووە 65 کەس گیانیان لەدەستداوە. ئاماژە بەوەشکراوە کە لە ماوەی 1 هەفتەدا 22 هەزار و 738 پشکنین ئەنجامدراوە و زۆرترین رێژەی پشکنینیش لە شاری هەولێر کراوە بۆ 10 هەزار و 66 کەس.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی بڵاوکردەوە و دەڵێت، 658 تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراون و 20 تووشبوویش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- ژمارەی تووشبووان لە کەرکوک نزیکدەبێتەوە لە حەوت هەزار کەس، تەنیا لەماوەی سێ رۆژی رابردوودا 752 کەس لەو شارە وەک تووشبووی نوێی کۆرۆنا دەستنیشانکراون لەو ژمارەیە 26

کەسیان گیانیان لەدەستداوە.[2]
- هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان، تەندروستی دهۆک لە سنووری پارێزگاکەیان، پێشنیازی راگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆی کرد.[4]
- پزیشکانی نیشتەجێی خولاو کارمەندانی تەندروستی پارێزگای سلێمانی مانگرتنیان لە کارکردن راگەیاند.[3]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی شاری رانیە رایگەیاند، رێژەی توشبوان لە دەڤەری راپەڕین گەیشتوەتە لوتکە و رۆژبەڕۆژ لە زیادبوندایە، خزمەتگوزاری تەندروستیش لەم سنورەدا لە بارێکی زۆر ناهەموار و ناگونجاودایە، بۆیە نەخۆشانی کۆرۆنا بۆ وەرگرتنی چارەسەر بە ناچاری رو لە نۆرینگە تایبەتیەکان دەکەن.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- جوان موستەفا هاوسەرۆکایەتی کۆمیتەی تەندروستیی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا رایگەیاند، 11 کەسی تر تووشی نەخۆشیی کۆرۆنا بوون. 6 کەسیان لە جزیر و 3 کەسیان لە کۆبانێ و 2 کەسی تریشیان لە شەهبا تووشی ئەو پەتایە بوون.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرۆژەبڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بۆ درێژکردنەوەی گەمارۆی چەکی سەر ئێران رەتکردەوە و ئەوەش نیگەرانیی واشنتنی لێکەوتەوە.[1]
- بانکی ناوەندی تورکیا رایگەیاند، لە ئەنجامی داکەوتنی بەرچاو لە هەناردەکانی تورکیا بۆ دەرەوە کە لە 5 مانگی سەرەتای ئەمساڵ بەرێژەی 19.7% دابەزیوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ دهۆک
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ هەڵەبجە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ رانیە (راپەڕین)
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سەردەشت
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ مەهاباد
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ شرناخ
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ئەنتاب - دیلۆک
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کۆبانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ موش
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ شنۆ
- 🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
- 🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
- 🗺 وڵات: TR تورکیا
- 🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
- 🗺 وڵات: IR ئێران

وڵات: us ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-08-2020

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 15-08-2020

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 15-08-2020

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 15-08-2020

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 15-08-2020

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-08-2020

[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 15-08-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 230

**2020-08-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385276



باکووری کوردستان

- پۆلیسی تورک لە سێرت هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و 16 کەسیان دەستگیرکرد.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- مەعسومە کۆشکی، بەرپرسی کۆنترۆڵی کۆرۆنای پارێزگای لوڕستان ڕایگەیاند، ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لەو پارێزگایە گەیشتووەتە 17 هەزار و 598 کەس و ژمارەی مردووانیش بۆ 451 کەس بەرزبووەتەوە.[2]

- چارەنووسی ئەفشین شێخ ئیسلامی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە، پاش 50 ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە، ناڕوونە. ئەو چالاکە مەدەنییە لە ماوەی دەسبەسەرکرانیدا، چەندین جار پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ بنەماڵەکەی گرتووە و هەتا ئێستا هێزە ئەمنییەتییەکان هۆکاری دەسبەسەرکردنی ناوبراویان ڕانەگەیاندووە.[4]

- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان وەرزشوانێکیان بە ناوی "واحید ئیبراهیمی" دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستوەتەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئیدارەی ئیتلاعات بە بێ پێشاندنی هیچ بەڵگەیەکی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر بنەماڵەی ناوبراو و دوای پشکنینی ماڵەکە و دەستبەسەرکردنی واحید، دەستیان بە سەر موبایل و لەبتابی ناوبراودا گرتووە.[7]

- حەوت هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی کەماڵ سووسەنی، ئەرەستوو ئازەرپوور، واحید درەخشانیان، موحسێن کەریمی تەمەن 32 ساڵ، یاسین کەریمی تەمەن 25 ساڵ، سۆران گوڵمحەممەدی تەمەن 24 ساڵ و سەعدی گوڵمحەممەدی تەمەن 28 ساڵ، خەڵکی شاری ساحێب سەر بە سەقز، لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کراوە. هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو حەوت هاووڵاتییە کوردەیان بەهۆی چالاکی لە تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان لە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان بانگهێشت کردبوو.[4]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 537 تووشبووی نوێی ڤایرۆسەکە تۆمارکراون و 21 تووشبووی دیکەیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- تەندروستی سلێمانی ئاشکرایکرد: لەماوەی دو هەفتەدا لە شاری سلێمانی 856 توشبوی کۆرۆنا چاکبونەتەوە.[1]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: پشتیوانی هیچ یاسایەک ناکەن کە کاریگەری لەسەر بچوککردنەوەی ئازادی رادەربڕین هەبێت و دەشڵێت: سەرجەم ئەو ئەندامانەی فراکسیۆنی گۆڕان کە ئیمزایان لەسەر پرۆژە یاسای رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی کردوە، ئیمزاکانیان دەکشێننەوە.[1]
- ئەمرۆ قۆناغی یەکەمی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان دابەش دەکرێت و بەرێوەبەری سایلۆی هەولێریش بەوەکاڵەت دەڵێت، لە چەند رۆژی داهاتوودا قۆناغی دووەمی پارەی جووتیاران لە بەغداوە دەگاتە هەولێر.[1]
- کۆمەڵەی قوتابییانی دەرمانسازی کوردستان بە فەرمی دەبێتە ئەندام لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی قوتابییانی دەرمانسازی.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، سێ کەسی دیکە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.[2]
- رێکخستنی مافی مرۆڤی عەفرین-سوریا رایدەگەیێنێت گروپێکی چەتەکان بە ناوی نورەدین ئەلزنکی کە سەر بە سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورکایە لە ناوچەی جندرێسی عەفرین، گەرەکێیان بە 56 لیرەی سوری واتە (25 هەزار دۆلاری ئەمریکی) فرۆشتووە بە چەتەکانی ئەحرار ئەلشەرقیا. بە پێی زانیاریەکانی ئەو هەواڵە، چەتەکانی ئەحرار ئەلشەرقیە، دانیشتوانی ئەو گەرەکەیان ئاگادار کردووەتەوە کە خانوکانیان چۆڵ بکەن و لە ناوچەکە بچنە دەرەوە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- هێزە ئینتزامییەکانی پارێزگای زەنجان لە نزیک شاری زەنجان تەقەیان لە ئۆتۆمبێلی کاسبکارێکی کورد کردووە و لە ئاکامدا کاسبکارێک کوژراوە و کاسبکارێکی دیکەش بریندار بووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوبارەوە بە هەنگاوی راگەیاند، لە ئاکامی ئەو دەستڕێژەدا کاسبکارێکی خەڵکی شووت بە ناوی "عەلی ئەشرەفیان" تەمەن 40 ساڵ و کوڕی ئیسماعیل کوژراوە و کاسبکارێکی دیکەش بە ناوی "باران باشام" تەمەن 35 ساڵ و کوڕی مەحەمد بە سەختی بریندار کراوە. بارام باشام ئێستا لە یەکێک لە ناوەندە دەرمانییەکانی شاری زەنجان لەژێر چاوەدێریی پزیشکیدایە و باری تەندروستی ناجێگیر راگەیەندراوە.[7]
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای شکستهێنانی لە درێژکردنەوەی بڕیاری قەدەخەی فرۆشتنی چەک بە ئێران، هەڕەشەی دووبارە دانانەوەی هەموو سزاکانی سەر ئێران دەکات.[2]
- فەخرەدین قوجە وەزیری تەندروستی تورکیا رایگەیاند: توشبوون بەڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتوەتە بەرزترین ئاست کەلەماوەی 24 سەعاتی رابردوودا 1256 حاڵەت تۆمار کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا 21 حاڵەتی گیان لە دەستدان هەبووە، ئەمەش بەرزترین رێژەیە بەرامبەر بە دوو مانگی رابردوو کە تۆمار کراوە.[3]
- کۆمپانیای دانەگازی ئیماراتی رایگەیاند، لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان 2% دابەزیوە.[5]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بڕیارێکی نوێدا وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر دەستدرێژیەکانی تورکیا بۆ سەروری عێراق هەموو رێگەپێدانێکی سەردانێکردنی بەرپرسانی تورکیای بۆ عێراق قەدەغەکرد.[6]
- نزیکەی 50 یەکەی کۆگاکردنی چەکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژی داعش، بەتەواوی رادەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کرا. لە راگەیەندراوێکدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی ئاشکرای کرد،

ئەو چەکانەی لەنێو جبەخانەکەدا بوون، نرخیان بە زیاتر لە 11 ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، وەکو بەشێک لە پارەدارکردن و ئامادەکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، درانە هێزە عێراقییەکان.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | بزووتنەوەی گۆڕان |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | سەقز |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | سێرت |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | لورستان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سنە |
| وڵات: | ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 16-08-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 16-08-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 16-08-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 16-08-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 16-08-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-08-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 16-08-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 231

**2020-08-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385277



باکووری کوردستان
- هەپەگە رایگەیاند، 16ی ئەم مانگە لە ناوچەی چوارچەلای سەر بە هەرێمی زاگرۆس هەلیکۆپتەرێکی سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک خراوەتە خوارەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زارا جەمالی چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی کەنگاوەر، پاش خوناساندنی بە دادسەرای ئەو شارە، رەوانەی زیندانی دیزڵاوای کرماشان کرا.[6]
باشووری کوردستان
- هاووڵاتییانی گوندی کورەشان لە ناوچەی برادۆست لە دژی داگیرکەریی دەوڵەتی تورک راپەڕین و بە چالاکییەک داوایانکرد، سەربازانی سوپای تورک لە ناوچەکەیان بڕۆنە دەرەوە. بنەماڵەی فەرماندەکانی سوپای عێراق کە کوژرابوون بەشداری چالاکییەکە بوون. لە چالاکییەکەدا داوا لە مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا، کە ئەو سیخوڕانەی دەوڵەتی تورک بوونەتە هۆی کوژرانی ئەو فەرماندانەی سوپای عێراق ئاشکرا بکات.[1]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێم رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردوودا 463 حاڵەتی نوێی توشبوی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە کە 213 هەولێر 85 سلێمانی، 34 گەرمیان، 116 دهۆک و 15 لەهەڵەبجە بووەو 24 حاڵەتی نوێی گیان لەدەستدانیش تۆمارکراوە.[2]
- رێکخراوەکانی ژنان و نوێنەری پارتە سیاسیەکان، بە مەبەستی ئیدانەکردنی هێرشە داگیرکەریەکانی دەوڵەتی تورک بە تایبەت هێرشە ئاسمانیەکەی سەر کونەماسی، ویستیان لەو ناوچەیە بەیانامەیەک بڵاو بکەنەوە، بەڵام لە لایەن ئاسایشی یەکێتیەوە رێگریان لێکردا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی بۆ بەرگرتن لە زیاتر بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەنێو مزگەوتەکان، چەند بڕیارێکی دەرکرد کە گرنگترینیان ئەوەیە مزگەوتەکانی ناو بازاڕ تەنیا بۆ دەست نوێژ هەڵگرتن بەکاردێن و نوێژیان تێدا ناکرێت، هەر مزگەوتێکیش کە هەواگۆڕکێی تێدا نەبێت نوێژی هەینی تێدا ناکرێت.[3]
- لەنێو پارکی دەروازەی شاری رانیە تەرمی گەنجێک بە هەڵواسراوی دۆزرایەوە، پۆلیس دەڵێت: لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردووە و تاوەکو ئێستا نازانرێت خۆی خنکاندووە یان خنکێندراوە. ئەو کەسە ناوی (ب، ن، ح) تەمەنی 18 ساڵە و لە رەگەزی نێرە دانیشتووی شاری رانیەیە، لەکاتی پشکنین لە پزیشکی دادوەری دەرکەوتووە کە شوێنەواری پەت بە ملی ناوبراوەوە هەیە.[4]
- ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا مووچەی مانگی ئادار، بەهەمان میکانیزمی لێبڕینی مووچەی مانگی شوبات دابەشبکرێت.[4]
- وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم رایگەیاند: بەمەبەستی ئەنجامدانی کارئاسانی زیاتر بۆ ئەو خوێندکارو قوتابیانەی لەنێوان زانکۆکان دەیانەوێت پرۆسەی گواستنەوەو دابەزاندن ئەنجامبدەن و بۆ سەلامەتی تەندروستی گیانی خوێندکاران، وەزارەتی خوێندنی باڵا تەواوی پرۆسەکە بە ئەلیکترۆنی دەکات.[5]
- رووپاک ئەحمەد وەرتی، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، لە داواکارییەکدا بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، رایگەیاند: داواکارم لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنن لەسەر ئیمزاکردنی تەزویر لەسەر پێشنیاری یاسای رێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی کە بەناوی بەندە ئیمزاکراوە. جەختیشی کردۆتەوە کە ئەو خاوەنی ئەو ئیمزایە نییە ئیمزاشی لەسەر پێشنیارە یاکە نەکردوە.[5]

- خاوەن یەکەکانی پرۆژەی وەرین سیتی لە هەولێر بەهۆی تەواونەبوونی یەکەکانیان گردبوونەوە و داوایان کرد بە زوترین کات بۆیان تەواو بکرێت.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عەفرین ڕایگەیاند، دەزگای سیخوڕیی دەوڵەتی تورک (میت) 3 هاووڵاتیی کوردی مەدەنیی لە عەفرین ڕفاند. لە ماڵپەڕی عەفرین پۆستدا لەبارەی ناوی کەسە ڕفێنراوەکانەوە هاتووە، کەسە ڕفێنراوەکان بریتین لە خەلیل مەنان سەیدۆ تەمەن 45 ساڵ، کامەران خەلیل سەیدۆ تەمەن 22 ساڵ و فەردی خەلیل سەیدۆ تەمەن 40 ساڵ.[1]
- لە ئەنجامی هێرشێکی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانیدا بۆ سەر گوندەکانی ڕۆژئاوای ناوچەی عەین عیسادا، 2 کەسی مەدەنی بریندار بوون.[1]
- لە پارێزگای حەسەکە شەڕ لەنێوان هێزەکانی ئەمریکا و سووریا ڕوویدا، بەهۆیەوە سەربازێکی سووریا کوژرا و سێ سەربازی دیکەش برینداربوون.[4]
- بەڕێوەبەری خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان بڕیاری بەزۆر بەستنی ماسکی دا و بە پێی بڕیارەکەش هەر کەسێک ماسک نەبەستێت سزاکەی پێبژاردنە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی داراییی عێراق لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاماژەی بە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و پابەندیی خۆی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتدەکاتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-17]
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-17]
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-17]
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-08-17]
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-17]
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-08-18]


کاتی تۆمارکردن: PM 9:01:44 2020-07-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 232

## 2020-08-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385278


بەڕێز/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک لە ناوەندی جۆلەمێرگ و شەمزینان، جۆلەمێرگ و گەڤەر لە چوارچێوەی لێپرسینەوە لەدژی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (کەجەدە) 13 کەسی دەستگیرکردبوو. دەستگیرکراوەکان ئەمڕۆ دادگاییکران. لەو 13 کەسە بە تەنها کەسێک بە ناوی هێڤیدار ئەرتونج ئازادکرا و 12 کەسی تر ڕەوانەی زیندانی جۆلەمێرگ کران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا لانیکەم شەش کۆڵبەر لە سنوورەکانی نەوسوود، بانە و ورمێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار کراون.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی سەعدی میرزایی کوڕی ڕەشید، تەمەن 24 ساڵ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە خەڵکی گوندی قالیچەی بەخشی ناوەندیی سەلاسی باوەجانییە و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە تەقەی لێکراوە. سەعدی میرزایی لەو ڕووداوەدا لاقی پێکراوە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراوە.[8]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکانی دهۆک هەریەک لە بەدەل بەرواری چالاکوانی مەدەنی و ئومێد حاجی بەرۆشکی ڕۆژنامەنوسیان دەستگیرکرد.[6]
- مامۆستایان و فەرمانبەرانی کەلار دژی لێبڕین و دواکەوتنی موچەکانیان گردبونەوەیان ئەنجامدا.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەهۆی لێبڕینی مووچەکانیەوە بەشێک لەپزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانەی شار لەسلێمانی گردبوونەوە و بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاند.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ژمارەیەک لە مامۆستاو فەرمانبەرانی سەر بە خوێندنی کوردی لە کەرکوک ئەوانەی ڕاژەکانیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەبەردەم باڵەخانەی پارێزگای کەرکوک و داوای گواستنەوەی ڕاژەکانیان بۆسەر وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق دەکەن.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە کۆرۆنا

له 24 کاژێری رابردوو بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، 26 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و 618 تووشبووی نوێش تۆمارکراون.[4]
- دوای بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە سلێمانی، تەندروستی شارەکە هۆکارەکەی بۆ هاتنی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ سنوورەکە گەڕاندەوە و رایگەیاند، تووشبووانی کۆرۆنا روو لە کەمی بوو، بەڵام درووستبوونی قەرەباڵغی وایکرد حاڵەتەکان روو لە زیادبوون بکەن، بەتایبەت لە رۆژانی جەژن کە بەریەکەوتنێکی زۆر هەبووە.[5]
- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، گرتنەوەی رووباری سیروان و زێی بچووک لە لایەن ئێرانەوە پێچەوانەی هەموو عورف و یاسایەکە و بە توندی نارەزایەتی خۆمان دەردەبڕین لە هەمبەر ئە و کارەی ئێران.[5]
- سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە ماوەیەکی زۆرە کێشەی کەمئاوی لە هەردوو شاری سلێمانی و چەمچەماڵ هەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بڕی زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خەرج بکرێت.[1]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سوپای بەناو نیشتیمانی سوریای سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک، هەوڵیاندا موڵکی هاوڵاتیان لە گوندی دبسی سەر بە تەل تەمر لە نزیک رێگای ئێم4 تاڵان بکەن. کاتێک هاوڵاتیان لەبەرانبەریان وەستانەوە و دژایەتیان کرد، چەتەکان 2 هاوڵاتیان رفاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- 22 خێزانی هەرێمی کوردستان کە بۆ چارەسەری نەخۆشیی منداڵەکانیان چوونەتە ئیسرائیل گیریان خواردووە و ناتوانن بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.[1]
- جارێکی دیکە بەهای دۆلار بەرامبەر لیرەی تورکی رووی لە هەڵکشان کردەوە. ئەمرۆ سێشەممە لەگەڵ کرانەوەی بۆرسەکانی تورکیا، نرخی دۆلارێک بەرامبەر 7.40 لیرەی تورکی بوو. لە کاتێکدا دوێنێ بەر لە داخستنی بازاڕەکان، بەهای دۆلار بەرامبەر لیرەی تورکی لە نێوان 7.31 و 7.34 بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ جوڵەمێرگ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ شەمزینان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ گەڤەر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ ورمێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ⚪ تەلتەمر
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: IQ ئێراق

ولات: ⬇️ باشووری کوردستان
ولات: IL ئیسرائیل
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2020-08-18
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-08-18
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-18
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2020-08-18
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 2020-08-18
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری هەنگاو - 2020-08-18
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-08-19
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 233
## 2020-08-19
https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385279



باکووری کوردستان
- تیرۆری دەستگیرکردن کە بۆ دۆخێکی ڕۆژانە گۆڕاوە ئەمڕۆ لە شاری سێرتی باکووری کوردستان بەردەوام بوو. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە یەک کاتدا هەڵیانکوتایەسەر ماڵی ئەندامانی هەدەپە. لە ئەنجامدا هاتیجە تای، سەبری باسووت ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەدەپە لە سێرت، فایەق تاش برای سدیق تاش پەرلەمانتاری هەدەپە، خەیرەدین باتوور و ئیدریس ئیلهان ئەندامانی هەدەپە دەستگیرکران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەوڵاوا هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی "بۆرپەر" و دوو مێرمنداڵیان بە ناوەکانی "ئاریا ئەمینی" تەمەن 16 ساڵ و "هەورام اندری" تەمەن 17 ساڵیان دەستبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپا کاتژمێر 4ی بەیانی ترس و دڵەڕاوکێیان خستووەتە ناو گوندی بۆرپەر و ماڵی باووکی ئەو دوو مێرمنداڵەیان گەمارۆ داوە و تەنانەت لەکاتی دەستبەسەر کردن ئێزنیان نەداوە کە جلەکانیان لە بەر بکەن. ئەو سەرچاوەیە لە درێژەدا ڕایگەیاند کە ئەو ئاریا و هەورام بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردسانییەکانی دژبەری حکوومەت دەستبەسەر کراون.[6]
- مێهرەبان کشاوەرزی، چالاکی مەدەنی و خوێندکاری قۆناغی کارناسیی باڵای ئەکتەری و خەڵکی شاری مەریوان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ یەکەی تاوانەکانی دادسەرای ئێڤین، دەسبەسەر کرا و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی ئەو زیندانە کرا.[7]
باشووری کوردستان
- فرۆکەکانی تورک دووجار لەسەریەک گوندی کاڤلکای سنووری شارۆچکەی دینارتەی سەر بە

شارۆچکەی ئاکرێ بۆردوومان کرد. بەڕێوەبەری شارۆچکەکەش دەڵێت: خەڵکی سڤیل بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی چوونەتە ئەو گوندە و تاوەکو ئێستاش زیانەکان نەزانراون.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە هەرێمی بەرواری سەر بە کانی ماسێ، گوندێکی بوردومان کرد. بە پێی زانیاریەکان، لەو هێرشە ئاسمانیەدا، گوندی کانی مەزن بە ئامانج گیراوە. فڕۆکە جەنگیەکان جاری پێنجەمینە ئەو گوندە بوردومان دەکەن. لە ئەنجامی بوردومانەکەدا، بەڕێوبەری قوتابخانەی گوندەکە بەناوی خالد عەبدولڕەحمان، گیانی لەدەستدا.[1]
- بەهۆی هاتنە ناوەوەی شۆفێرانی تورکیا لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل و ڕێگرتنی شۆفێرانی باشووری کوردستان، خەڵکی زاخۆ خۆپیشاندانیان کرد و گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان خۆپیشاندەر و هێزە ئەمنییەکان درووست بوو. بەهۆیەوە دەیان کەس بریندارببوون.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری ڕۆژانەی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 443 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 22 تووشبوویش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- لە ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی چەمچەماڵ بڵاویکردۆتەوە دانیشتووانی سنووری چەمچەماڵ و دەوروبەری ئاگادار دەکەینەوە، کە لە ئێستادا ڕەوشی تەندروستی قەزاکە لەوپەڕی مەترسیدایە و هەردوو سەنتەری ڕووبەڕووبوونەوە و دەستنیشانکردنی کۆرۆنا و مەڵبەندی تەندروستی ئاسودە پڕبوون لە تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و هیچ جێگایەکیان تیادا نەماوە بۆچاودێری کردنی نەخۆشەکان. هاوکات هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا تەندروستی چەمچەماڵ داوا لە هاوڵاتییان دەکەن، ڕەچاوی ئەم بارودۆخە خراپە بکەن و هەتا بکرێت خۆپارێزی و ڕێنماییە تەندروستییەکان پشتگوێ مەخەن و بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا.[5]
- هەردوو بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەی فێرکاری ڕانیە و قەڵادزێ دەستیان لەکار کێشایەوە.[2]
- لەسەر پرسی لادانی بەرپرسانی کورد لە کەرکوک و کێشەی زەوی و زاری کورد و تورکمانەکان و چەند پرسێکی دیکە، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بانگهێشتی پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکوک و چەند بەرپرسێکی ئیداری پارێزگاکە بۆ پەرلەمانی عێراق دەکات.[2]
- خاوەن ڕێستۆرانت و خواردنگە و کافتریاکان لەبەردەم پارێزگای هەولێر گردبوونەوە و داوادەکەن شوێنەکانیان بکرێتەوە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بۆ ڕۆژی دووەم لەسەر یەک ژمارەیەک لە مامۆستا و فەرمانبەر و مووچەخۆرانی شاری کەلار لە بەردەم بینای ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوەی لەدژی بڕینی مووچەکانیان و خوازیاری ئەوەن کە مووچەکانیان بە تەواوەتی بدرێت.[3]
- مامۆستای زانکۆ و پێشمەرگەی دێرین پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد کەساس جەباری سەرۆکی بەشی کوردی لە زانکۆی سلێمانی بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی عەفرین ڕایگەیاند، چەتەکانی سکور ئەلشیمالی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک زیاتر لە 10 هاوڵاتی مەدەنیان لە عەفرین ڕفاندووە.[1]
- دەستەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، 34 کەسی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[2]
- بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەی تل حەمیس و خانەوادە و کەسوکاری شەهید، تەرمی ئەسەد عەلی شەرڤانی هێزەکانی ئەرکی خۆپاراستن کە لە 16ی ئاب لە دێرزۆر شەهید بوو، لە گۆڕستانی شەهیدان لە ناوچەی تڵ حەمیس بەخاک سپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی گەنجینەی تورکیا، حکومەتی ناوەندی وڵاتەکە کورتهێنانێکی پێوانەیی لە بودجەکەی تۆماردەکات بەبڕی 29 ملیار و 700 ملیۆن لیرە، کە یەکسانە بە 4 ملیار و 20 ملیۆن دۆلار، لە بەرامبەریشدا لیرەی تورکی ئاستی پێوانەیی لە نزمبوونەوە تۆمارکرد

بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی و بەهای 100 دۆلاری ئەمەریکی گەیشتە 740 لیرەی تورکی. لە ئەنجامیشدا وەبەرهێنەران بە ڕەشبینیەوە لە هەنگاوەکانی بانکی ناوەندی تورکیا دەڕوانن.[4]
- مایک پۆمپەیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیی هاوبەش لەگەڵ فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق لە واشنتن، داوای لە بەغدا کرد لەسەر بودجە لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێکبکەوێت.[2]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، هیچ هێزێکی داگیرکار ناتوانێت وڵاتەکەمان لە سەرچاوەکانی نەوت و گازی سروشتی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بێبەش بکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ قەڵادزێ (پشدەر)
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ ئاکرێ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سێرت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-19
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-19

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 19-08-2020
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 19-08-2020
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 19-08-2020
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری هەنگاو - 19-08-2020
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 234

**2020-08-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385280




رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی رۆژانی رابردوودا لانیکەم 26 چالاکی مەزهەبیی کورد لەشاری بۆکان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی رابردوو سوپای پاسدارانی ئێران لە سنوورەکانی شارۆچکەی سیدەکان لە کوێستانی سەقەر، تەقەیان لە دوو شوانی باشووری کوردستان کردوو دواتر لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان رانەمەری شوانکارەکانیان دزیوە.[2]
- بەیانیی ئەمرۆ پێنج فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورک لە نزیک دوو گوندی سنووری شارەدێ شیلادزێ لە پارێزگای دهۆک کەوتنە خوارەوە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان یەکێکیان لە گوندی باوان و ئەوەی دیکە لە گوندی دێوکێ کەوتوون، سێی دیکەیان لەنزیک گوندی دێوکێ کەوتوون.[3]
- شەوی رابردوو، فڕۆکەکانی تورک چیای شێخ ناسر لە ناوچەی باڵەکایەتی و گوندی بێرکم-یان لە ناوچەی برادۆست بۆردومانکرد.[1]
- لە پیربولای حەفتانین شەڕێکی قورس روودەدات. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەو شەڕەدا چەندین سەربازی داگیرکەری تورک کوژراون و چەندانی تریش بریندار بوون. هاوکات فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێتەوە.[1]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا زیاتر لە پێنج هەزار پشکنین کراوە و 483 تووشبوو تۆمارکراوە و 24 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان لەئەنجوومەنی نوینەرانی عێراق، دژایەتی خۆیان بۆ مانەوەی بزووتنەوەکەیان لە حکومەتی هەرێم راگەیاند.[7]
- سەرۆکی گرووپی کۆمپانیاکانی قەیوان کە جێبەجێکاری پرۆژەی دروستکردنی شەقامی 100 مەتری سلێمانییە دەڵێت، کارکردن لەپرۆژەکەدا بەردەوامە، ئە و کێشە و گرفتانەشی لەبەردەم پرۆژەکەبوون چارەسەرکراون.[6]
- گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و نەمسا لەرێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە دەستیان پێکردەوە، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێریش دەڵێت هەفتانە سێ گەشت دەکرێن.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک ئاشکرای دەکات 61 ئەندامی هێزە ئەمنییەکان لە خۆپیشاندانەکەی دوێنێ شەوی زاخۆ بریندار بوون، دەشڵێ ئەمە پیلان بووە و دەستێکی دەرەکیی لەپشت بووە.[3]
- هێزە ئەمنییەکان لە شاری هەولێر چوونە سەر نوسینگەی کەناڵی ئێن ئار تی و دایانخست.[7]
- بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سەربازی عیراق، ئەمڕۆ پێنجشەممە، کوژرانی دوو تیرۆرستی داعشی لەباشووری چیای قەرەچوغ لە مەخموور راگەیاند.[6]
- دادگای سلێمانی بڕیاریدا سزای توندی ئەو سواڵکەرانە بدرێت کە لەسەر شەقامەکان بەناوی

سواڵکردنەوە کاری نەشیاویان کردوە و نیگەرانی خەڵکی لێکەوتوەتەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، 27 کەسی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و دوو کەسیش گیانیان لەدەستدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- یوسرا ڕەجەب ئەندام پەرلەمانی عێراق داوای دانیشتنی ئاوارتە دەکات لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکان و بە تایبەتی ئەو خۆپیشاندانەی دوێنێی زاخۆ، کە لایەنە ئەمنیەکان بە فیشەک ڕووبەڕوی خەڵکی مەدەنی بوونەتەوە.[1]
- دەستەی دەستپاکی فیدراڵیی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەت فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ جاڕوڵڵا حەمەد، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی پارێزگای کەرکوک دەرکرد، لەسەر ئەو سەرپێچیانەی کراوە لە پرۆژە نیشتەجێبوونی تەئەخی، ئەمەش پاڵپشت بە ماددی 340 لە یاسای سزادانی عێراقی.[2]
- وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا سێ هەزار و 995 کەس تووشی کۆرۆنا بوون 87 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- سەردانەکەی شاندی عێراق بۆ ئەمریکا چەندین گرێبەستی لەنێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیا ئەمریکییەکان لێکەتووتەوە. پرسی نەوت و وزە یەکێکە مژارە لە گرنگەکانی نێوان بەغدا و واشنتن. بەپێی وەزارەتی وزەی ئەمریکا، بەهای گرێبەستەکان تاوەکو هەشت ملیار دۆلارە.[2]
- سەرۆکی فەرەنسا ئیمانۆێل ماکرۆن لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاریباری ماتش ڕەخنەی لە سیاسەتی فراوانخوازی تورکیا گرت و گووتی: لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا ناگونجێت و دەبێتە مایەی نائارامی و تێکدانی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏣 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەخموور |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سیدەکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چۆمان (باڵەکایەتی) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | نەمسا |

🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: فرەنسا
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-20
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-08-20
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-20
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-20
[5] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-20
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-20
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 235

**2020-08-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385281



باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە داوا لە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دەکات: ڕێککەوتنی دیموکراسی پێکبهێنن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کچێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی شیوا خۆڕەمی خەڵکی گوندی سماقلووی ناوچەی سەرشیوی سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. دەوترێت ئەو کچە لاوە بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ئەمە سێیەمین خۆکوژیی هاووڵاتییانی سەقزییە کە لە ماوەی کەمتر لە یەک حەوتوودا لەو شارەدا ڕوویداوە.[6]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا تەقەیان لە گەنجێکی دانیشتووی گوندی شاپانی سەر بە شارەدێی سیدەکان کرد و برینداریان کرد. فارس حەمەدەمین، موختاری گوندی شاپان ڕایگەیاند: 200 مەترێک لە دووری گوندەکەمان، سوپای تورکیا تەقەیان لە گەنجێکی گوندەکە بە ناوی نەوزاد ڕەشید ڕەسوڵ، تەمەن 33 ساڵ کردووە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەپێی میدیاکانی نزیک لە پەکەکە، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی سەربازی سوپای تورکیا لە دەڤەری برادۆست تەقێنراوەتەوە و لە ئاکامدا 10 سەربازی ئەو سوپایە کوژران.[3]
- لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا سوپای تورکیا لە ناوچەکانی شارۆچکەی باتیفا هێرشی زەوینییان دەستپێکردووە و چوونەتە گوندی بانکێ بنێ و بە گوتەی بەڕێوەبەری شارەدێی باتیفا بەرەبەیانی ئەمڕۆ سێ خانووی هاونیشتمانییانی سڤیلیان تەقاندووەتەوە.[1]
- ئەدهەم بارزانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە دژی هێرشە داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورک

وەستایەوە و هێرشەکانی ئیدانە کرد.[4]
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری 24 کاژێری رابردووی بڵاوکردەوە و رایدەگەیێنێت، 535 تووشبووی نوێ لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراون و 26 کەسیش گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترینیان لە هەولێرن.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە سنووری پارێزگای دهۆک، رۆژ بە رۆژ رێژەی مردن بە کۆرۆنا زیاتر دەبێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێک لە تووشبووانی کۆرۆنا، درەنگ سەردانی پزیشک دەکەن، و کاتێکیش سەردان دەکەن، کار لە کار ترازاوە و مەترسی لەسەر ژیانیان دروست بووە.[2]
- رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، رایگەیاند، هەریەک لە لایەنگرانی پەکەکە و نەوەی نوێ ئارستەی خۆپیشاندانی زاخۆیان گۆڕی بۆ درووستکردنی ئاژاوە.[2]
- لەسەر رێگای سلێمانی-دوکان دوو پاس پێکیاندداداو لەئاکامدا 18 کەس بریندداربون کە برینی هەندێکیان سەختە.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەحمەد بامەرنی، باڵیۆزی پێشووی عێراق لە رۆمای پایتەختەی ئیتاڵیا، بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.[5]

رۆژئاوای کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان راگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، بۆ پاراستنی هاوونیشتمانییان لە تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی 2020/2021 بۆ 01/10/2020 دوادەخرێت.[1]
- مەزلوم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سوریای دیموکرات -هەسەدە- ئاماژە بەپێشێلکردنی رێککەوتننامەکانی ئاگربەست دەکات لەلایەن تورکیاوە و داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات سنورێک بۆ پێشێلکارییەکان دابنێن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- یایر نەتەنیاهوو، کوڕی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر داوای کردووە، ئاڵای کوردستان بۆ ئیمۆجی زیادبکرێت.[1]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا خستنەخوارەوەی دوو درۆنی پەکەکەی لە باشووری کوردستان راگەیاند.[1]
- رووسیا داوای لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە ئێران بکات.[1]
- یەکەمین دانیشتنی دادگا تایبەت بەکەیسی سکاڵای کۆمپانیای (داینا ستی) لەسەر ئاشتی هەورامی، وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکان لەدادگای (هایپترەیشن) لەلەندەن بەڕێوەچوو، یەکێک لەبەشداربووانی دادگاکەش دەڵێت: ئەگەر حکومەتی هەرێم کەیسەکە بدۆڕێنێت دەکەوێتە ژێر قەرزێکی زۆرەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏢 پارت / لایەن: | جووڵانەوەی نەوەی نوێ |
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏢 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏢 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: IL ئیسرائیل
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: IR ئێران
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-21
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-22

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 236

**2020-08-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385282



باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە شاری سێرت 8 کەسیان زیندانیکرد، کە ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتیی هەدەپەی سێرتیشیان لە ناودایە.[3]
- میدیاکانی پەکەکە بڵاویانکردۆتەوە، گەنجێک بە ناوی 'موسا غازی گوزەل'، کە لە 15ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیرکرابوو، لە 18ی ئاب پەدەکە رادەستی میتی تورک کراوە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای سەردەشت پێڕەوێکی دینی مەسیحییان بە ناوی "شێرکۆ سیاوەشی" تەمەن 37 ساڵ دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەکان لەکاتی دەستبەسەر کردنی شێرکۆ سیاوەشی ناوبراویان داوەتە بەر لێدان و کوتان و

ماڵەکەیان پێشکنیوە و دەستیان بە سەر کۆمپیۆتەر و هارد دیسکەکانیدا گرتووە.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بێهرووز موڕادی کوڕی میرزرا، خەڵکی تازاوای سەلاسی باوەجانی، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکرا.[7]

باشووری کوردستان

- لە شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و شارۆچکەکانی ڕانیە و دەربەنیخان و کەلار و چەمچەماڵ و کۆیە و قەلادزێ خۆپیشاندان ئەنجامدرا و ئاڵۆزیی لەنێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا دروستبوو، لە شاری هەولێر و دهۆک و سنووری بادینانیش ڕێگریی لە خۆپیشاندان کرا.[3] لە کەلار هەندێک شوێنی بینای قایمامیەتی شارۆچکەکە سووتێنرا و چەند کەسێکیش لە هێزە ئەمنییەکان برینداربوون.[6]
- لە سلێمانی کاتێک شاسوار عەبدولواحید ویستی بەشداریی خۆپیشاندان بکات، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە جنێوی پێدرا و بە زۆر و بە بوتڵە ئاو لە خۆپیشاندانەکە دەرکرا.[6]
- شەو درەنگ، فەرمانگەی هاتووچۆی ناو شار و بەشێکی لە شارەوانیی هەڵەبجە سووتێنرا ن.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی کەرکوک رایگەیاند: لەماوەی 24 سەعاتی رابردوو 402 پشکنینی نوێ کۆرۆنا کراوەو 217 توشبوی نوێ تۆمار کراوە. ئاماژەش بەوە دراوە، کە 3 کەس گیانیان لەدەستداوەو 51 کەسیش چاک بونەتەوە. هەتا ئێستا 8 هەزار و 101 کەس لە کەرکوک توشی ڤایرۆسەکە بون و 4 هەزار و 678 کەس چاک بونەتەوەو 355 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، 532 تووشبووی نوێ و 11 گیانلەدەستدان تۆمارکراون. 378 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[4]

- لەکاتی دابەشکردنی مووچەی مانگی ئادار لە بانکەکان، بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران لە چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕاپەڕین، گەرمیان و سلێمانی دەرهێندراوە و هەندێکیان تا 35 هەزار دیناری کەمە. داواش لە حکومەت دەکرێت بەدواداچوون بکات، لایەنی کەمتەرخەم بدۆزرێتەوە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.[4]
- ئەمشەو دوو هاوەن ئاڕاستەی شارۆچکەی خانەقین کراون و بەپێی زانیاریەکان هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوە.[1]
- بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوکی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان هاشم مەلا عەلی کە تێکۆشەرێکی چەپی شاری کەرکوک بوو دوای مڵملانیەکی زۆر لەگەل نەخۆشیدا کۆچی دوای کرد.[3]
- شانەیەکی نوستووی داعش لە هەولێر دەستگیر دەکرێت، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیش رایدەگەیەنێت، دوێنێ دژە تیرۆری کوردستان چالاکیەکەیان بە پشتیوانی هێزی هاوپەیمانان ئەنجامداوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر رایگەیاند، بۆ کۆبوونەوەکانی چەند ڕۆژی داهاتووی تایبەت بە نووسینەوەی دەستووری سووریا بانگهێشت نەکراون.[4]
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمرۆ گروپە چەکدارەکانی نزیک لە تورکیا پێگەی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لەناوچەکانی دەوروبەری گرێ سپی لە باکووری پارێزگای ڕەقە تۆپباران کردوە.[2]
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک ناوچەی تل ڕەفعەتی سەر شەهبایان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، تۆپباران کرد.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە هەرێمی کوردستان کرد هەفتەی داهاتوو وەفدێک ڕەوانەی بەغدا بکات بۆ دەستپێکردنەوەی دانووستانەکان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | سەردەشت |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سێرت |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | هەڵەبجە |
| شار و شارۆچکەکان: | خانەقین |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | SY سووریا |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان



[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-08-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-22
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-23

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 237

**2020-08-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385283



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی سێدارەی محێدین ئیبراهیمی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی ئاڵکاوێی شاری شنۆ، لە لقی 19ی دیوانی باڵای وڵات پشتڕاست کرایەوە.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی نادر فەیازی فەر کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی مەلاعیسا سەر بە ناوچەی دەشتەبێلی شنۆ، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.[3]
- لە گوندی میراوای سەر بە شاری بانە، سێ جووتیار لەسەر نۆرەی ئاو بە شەڕ هاتن، یەکێک لە جووتیارەکان کوڕی جووتیارێکی دیکەی بە داس کوشت و جووتیارەکەشی بریندارکرد.[1]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی ناوچەی بیلەنگە و گوڵی نێرگس لە دالاهۆ، نزیک بە 150 هێکتار لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە سووتان.[3]
- مەلا عەبدولکەریم تاران، پێشنوێژی هەینیی گوندی برایم ئابادی شاریمیاندواو، لەگەڵ خالق بەرجستە، کامەران توان و سلێمان زەند، لە ئەندامانی شورای ئەو گوندە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات و دەسبەسەر کراون.[3]
- هێزەکانی سوپای پاسداران لە بەرزاییەکانی قەندیل لە سنووری پیرانشار تەقەیان لە چێودارێکی خەڵکی هەرێمی کوردستان کردووە وکوشتوویانە. هەواڵنێری هەنگاو لە پیرانشار ناسنامەی ئەو چێودارەی "یووسف محەمەد عەبدوڵلا ڕەش" خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە کە بە مەبەستی کڕینی مەڕ و ماڵات ڕووی لەو شوێنە کردبوو.[8]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەماوەی یەک هەفتەی رابردوودا 163 توشبووی کۆرۆنا لە هەرێم گیانیان لەدەستداوە.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە، 523 تووشبووی نوێ و 17 گیانلەدەستدان بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراون.[1]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە ڕایگەیاند لە خۆپیشاندانەکەی شەوی ڕابردووی هەڵەبجە، فەرمانگەی هاتووچۆی ناو شار و بەشێکی لە شارەوانیی هەڵەبجە سووتێنرا ون، بەرپرسی لقی پارتیش لە شارەکە دەڵێت تەقە لە بارەگاکەیان کراوە.[1]
- لە چەمچەماڵ خۆپیشاندان ڕوویدا و ئاگر لە شوێنە گشتییەکان کرایەوە.[8]
- عەبدوڵلا مەلا نوری ڕایگەیاند، دەزگا ئەمنی و حیزبیەکانی دەسەڵات لە گەرمیان بە چەند چالاکێکی خۆپیشاندانەکانیان وتوە، کە لە کەلار گرژیی دروست دەبێت، واتا خودی دەسەڵات پلانیان بۆ دروستکردنی گرژیەکان داناوە.[2]
- بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای هەڵەبجە ڕایگەیاند، بەهۆی سووتانی باڵەخانەی هاتووچۆی ناو شاری هەڵەبجە، زیاتر لە 30 ملیۆن دینار زیانیان پێگەیشتووە، سکاڵا لەسەر ئەو کەسانە تۆمار دەکەن کە باڵەخانەکەیان سووتاندووە.[1]
- بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەوانەی شەوی ڕابردوو هێرشیان کردووەتە سەر بارەگاکەیان خۆپیشاندەر نەبوون، بەڵکو چەکداربوون و چەندین جۆری چەکیان پێ بووە.[2]
- 24 ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەیاداشتێکدا داوا دەکەن سەرۆکی حکومەت جێگرەکەی و وەزیری دارایی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئامادە بن بە مەبەستی لێپرسینەوەیان لەسەر لێبڕینی موچە.[2]

- لەکۆبوونەوەیەکی سەرۆکایەتی حکومەتدا تایبەت بەوەزارەتی پێشمەرگە بڕیار لەبارەی پلە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە درا.[5]
- قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە، سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای پرۆژەی گەشتیاری دوکان-ی کرد، کە پرۆژەیەکی گەشتیاری ستراتیجییە و دە کە وێتە قە زای دوکانی سە ر بە پارێزگای سلێمانی. لە کۆبوونەوەکەدا، کە فاروق مەلا مستەفا خاوەنی کۆمپانیاکانی فاروق گروپ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەشداربوون، گفتوگۆ کرا لەبارەی چۆنییەتی بەڕێکردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان بۆ ئەوەی بتوانرێت لەماوەی داهاتوودا دەستبکرێت بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژە ستراتیجییە نیشتمانییە.[6]
- نەریمان ئەحمەد، ئەندامی دەستەی هاوسەرۆکایەتیی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕایگەیاند: ماوەی چوار ڕۆژە ئەندامێکمان لە شاری هەولێر بەناوی ماهیر عەزیز بێسەروشوێن بوو، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکراوە.[7]
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانی 300 هەزار ماسک دەبەخشێتە هاوڵاتییان.[2]
- تەقینەوەیەک لەگەڕەکی قادسیەی کەرکوک ڕوویداو بەهۆیەوە ژمارەیەک هاووڵاتی بریندداربوون.[5]
- فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکوک بانگهێشتی عەمید هەڤاڵ عەبدولموحسین بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبەی کرد و دوای ڕۆیشتنی بۆلای فەرماندەییەکە، بە پاساوی کەمتەرخەمیی لەو تەقینەوەی ئەمڕۆ لە کەرکوک ڕوویداوە دەستبەسەر کرا.[6]
- مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، ڕایگەیاند: کەسانێک هانی خەڵک دەدەن بۆ تێکدان و سوتاندنی موڵکی گشتی و نانەوەی پشێوی، ئەو ڕەفتارانەش تاوانن و پێویستە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە ئەنجامدەرانیان بگیرێتەبەر.[2]
- ژمارەیەک پەرلەمانتاران لەداواکارییەکدا داوای پرساندنی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دارایی دەکەن.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- کاتژمێر (6:30)ی ئێوارەی ئەمڕۆ لەگەڕەکی بارزان لەسۆران ئاگرێک لەماڵێک کەوتەوە و زیانی گیانی و ماڵی بەدواوەبوو. ئافرەتێکی ماڵەکە بەناوی ڕووناک محەممەد (تەمەن 30) ساڵ گیانی لەدەستدا و زیانێکی زۆری ماڵیشی لێکەوتەوە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستیی بەڕێوەبرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاماری ڕۆژانەی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایەگەیاند، سێ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە.[1]
- سوپای تورک و چەتەکانی بەردەوامی بە هێرشەکانی بۆ سەر خەڵکی مەدەنی عەفرین دەدات. داگیرکەران 11 هاوڵاتی مەدەنیان ڕفاند.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ناوەندیی ئاماری ئێران، داتاکانی پەیوەست بە ڕێژەی هەڵاوسانی لە مانگی خەرمانان (21ی تەمموز تاوەکو 22ی ئاب)، بڵاوکردەوە. بەپێی ناوەندەکە ڕێژەی هەڵاوسان لە خەرمانانی ئەمساڵ بەراورد بە خەرمانانی ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی ٪30.4 بەرزبووەتەوە.[1]
- هێزەکانی ئەمریکا لە بنکەی سەربازیی تاجی دەکشێنەوە. ئەو هەنگاوە بەشێکە لە بەرنامەی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی هێزەکانی لە عێراق.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |

شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سۆران
شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ◯ دوکان
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنۆ
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-08-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-08-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-08-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2020-08-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-08-23
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-08-23
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی هەنگاو - 2020-08-25

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 238

**2020-08-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385284




باکووری کوردستان
- کەژەکە رایگەیاند، لەیلا ئاگری ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی کەژەکە لە مانگی حوزەیرانی 2020 بەهۆی هێرشی فڕۆکەکانی تورکەوە لە باشووری کوردستان شەهید بووە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە یادی شەهیدانی ژینگە لە شاری مەریوان، چەند چالاکییەک بەڕێوەدەچێت.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جەعفەر ڕەمەزانی کوڕی محەممەد، تەمەن 50 ساڵ و خەڵکی سەلاسی باوەجانی، لە سنووری نەوسوود بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.[8]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان دوو هاوولاتیی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی "فەرزاد مورادی" و "نەوشیروان ڕەزایی" دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە. ئەو دوو هاوولاتییە کە هردوویان خەڵکی گوندی "هەڵیزئاوا"ی مەریوان بوون، دوای بەشداری کردن لە ڕێوڕەسمی دووهەمین ساڵڤەگەری گیان لە دەست دانی شەریف باجوەر و ئومید حوسێن زادە دەستبەسەر کراون.[9]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە دهۆک رایگەیاند بە تۆمەتی هاندانی هاونیشتمانیان و بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی دهۆک و زاخۆ زیاتر لە 50 ڕۆژنامەڤان، چالاکڤان و خەڵکی سڤیل دەستگیرکراون، گرووپێکی پارێزەرانیش خۆبەخشانە کار بۆ ئازادکردنیان دەکەن.[2]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد لەو ماوەیەدا 458 کەس تووشی کۆرۆنا بوونە و 27 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گوندی دەروەکۆتر لە پشدەر، بەردێک لە شاخ کەوتەخوارەوە و بەهۆیەوە شوانێک، کە لەکاتی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکەی بوو، گیانی لەدەست دا.[1]
- بەپێی راپۆرتێکی کەشناسی عیراق شەوی رابردوو سێ جار بومەلەرزە لە شارۆچکەی کەلاری سنوری ئیدارەی گەرمیانی داوە.[1]
- بەبەراورد لەگەڵ مانگی رابردوو کارەبای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان زیادیکردوە، ئەمەش بەهۆی ئەنجامدانی چاکسازی لەتۆڕەکانی کارەباو خەرجکردنی بڕی 200 ملیۆن دۆلار بۆ بۆ وێستگەکانی کارەبا و زیادکردنی غازی سروشتی کۆرمۆر و خورمەڵە و دانانی وێستگەی غازی خەبات.[1]
- سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە شاری هەڵەبجە و کەلار لەلایەن کەسانێک کە جێگەی گومانن بەئاراستەیەکی زۆر خراپدا برا.[4]
- دەزگای لوتکە بۆ کاروباری پەنابەران رایگەیاند لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا 22 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو وڵاتانی ئەورووپا کۆچیان کردووە، 27 کۆچبەریش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە رایگەیاند: ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەین بەهۆی ئەو کارەساتە نەخوازراوەی شەوی رابردوو لەلایەن هەندێ کەس بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە رویدا بۆ ماوەیەک کاروباری هاوڵاتیان راناپەڕێنین.[1]
- تەڤگەری ئازادیی لە دژی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان لەلایەن ئاسایشی هەولێر، سەردانی خاچی سووری نێودەوڵەتیان کرد و داواکارییەکانیان گەیاند، ئەوانیش رایانگەیاندووە، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئازادکردنیان.[6]
- خدر کەریم، سەرۆکی پێشووی شارەوانی هەڵەبجە لە دوێنێوە لەماڵ چووەتە دەرەوەو نەگەڕاوەتەوە. کەسوکارەکەی داوا دەکەن دامودەزگا ئەمنییەکان و خەڵکی ناوچەکە هاوکاریان بن بۆ سۆراغکردن و دەسکەوتنی زانیاری لەبارەیەوە.[5]
- پارێزەری بەرگریکاری خاوەن پشکەکانی چاڤی لاند رایگەیاند، لەسەر سکاڵایەکی شاسوار عەبدولواحید، خاوەنی کۆمپانیای نالیا فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پارێزگاری خۆی و شەش خاوەن

پشکێ دیکە دەرچوە، ئەمڕۆش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئاگادارکراوەتەوە لە دادگا ئامادەبێت.[4]
- سەعات 10ی ئەمشەو ژمارەیەک تیرۆرستی داعش لەگوندی سەفسافەی کورد نشین لە سنووری قەرەتەپە چوونەتە سەر خێزانێک لەعەشیرەتی تەمیمی کەعەرەبن سێ کەسیان لێ رفاندون و تەقەیان لەیەکێکی تر کردوەو بریندارییان کردوە.[1]
- تیرۆرستانی داعش پەلاماری سەر گوندی عارەب کۆیی سنوری شارۆچکەی داقوقیان داوەو بەهۆی پەلامارەکەشەوە چوار پۆلیسی فیدراڵی بریندارن و چواری تریشیان کوژراون.[1]
- سەرۆکی بەرەی تورکمانی، ئەرشەد ساڵحی رایاگەیاند، ئەوان وەک تورکمان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ڕێگەگرتن لە ڕێکەوتنی هەماهەنگیی هاوبەش لەگەڵ پێشمەرگە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ماوەی نزیکەی مانگێکە، دەوڵەتی داگیرکەری تورک ئاوی لە رۆژاوای کوردستان گرتووەتەوە و زۆرتر لە یەک ملیۆن کەس لە پارێزگای حەسەکە بێ ئاون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- تەقینەوەیەکی بەهێز کارەبای تەواوی سووریای پچڕاند، وەزیری کارەبای ئەو وڵاتەش دەڵێ ئەگەر هەیە تەقینەوەکە تیرۆرستی بووبێت.[5]
- راپۆرتە رۆژنامەنوسیەکان ئاشکرایانکرد کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا بەکەرەسە و کەلوپەلی سەربازی بەشداری دروستکردنی فرۆکەی بێ فرۆکەوانی تورکیان کردووە و لەراپۆرتێکی دۆیچە ڤیللەی ئەڵمانیشدا هاتووە: ئەو فڕۆکانە لەدژی پارتی کرێکارانی کوردستان لەخوارووی رۆژهەڵاتی تورکیاو باکوری عیراق (هەرێمی کوردستان) و باکوری سوریاو لیبیا بەکارهاتوون.[1]
- رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا رایگەیاند، وڵاتانی رۆژئاوا پشتیوانی لەو رێکخراوە تیرۆرستانە دەکەن، کە تەقینەوە لە تورکیا ئەنجامدەدەن. ئەردۆغان گوتی: هەندێک هێزی ناوخۆیی هەن بەپشتیوانی هێزی دەرەکی پیلان لە دژی تورکیا دەگێرن. گوتیشی: خودی یۆنانە پیلان لە دژی تورکیا دادەرێژێت و پێچەوانەی یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان رەفتار دەکات. جەختیشی کردەوە، باجەکەی دەبێت بدات.[5]
- ئەمرۆ نیکۆس گریستۆدۆلیدس، وەزیری دەرەوەی قوبرس پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ نیکۆس دینداس، وەزیری دەرەوەی یۆنان ئەنجامداوە و لەسەر پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە دەریای ناوراست قسەیان کردووە. لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەدا وەزیرانی دەرەوەی هەردوو وڵات ئاماژەیان بەوەکردووە، کە تورکیا بەردەوامیداوە بە گەڕانەکانی بەدوای نەوت و گازی سورشتی لە دەریای ناوەڕاست و ئاڕاستەیەکی هەڵەی گرتوەتەبەر، وتووشیانە: یۆنان و قوبرس رێگە نادەن کەشتییە رووپێوییەکەی ئەنقەرە لە دورگەی کریت نزیکبێتەوە و هێڵی سوری بۆ دادەنێن.[6]
- کۆچبەرێکی خەڵکی بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی مەسعوود قادری، دوای ئەوەی لەلایەن ئیدارەی کانتۆنی گلارووی سویسرا داواکارییەکەی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری رەتکرایەوە، خۆی خستە پێش شەمەندەفەرێک و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛️ پارت / لایەن: ☪️ یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
🏛️ پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
🏛️ پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛️ پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
🏛️ پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ بۆکان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ هەڵەبجە
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ⚪ خانەقین

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ◯ رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: SY سووریا
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: سویسرا
وڵات: قوبروس
وڵات: یۆنان - گریک
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 24-08-2020
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 24-08-2020
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 24-08-2020
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 24-08-2020
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 24-08-2020
[7] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 24-08-2020
[8] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 25-08-2020
[9] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 25-08-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 239

**2020-08-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385285



باكووری كوردستان
- له پارێزگای ئامەد ژمارەی ئەو كارمەندانی تەندروستی كە تائێستا تووشی ڤایرۆسی كۆرۆنا بوون، گەیشتووەتە 476 تووشبوو.[2]
- تەرمی گەریلای هەپەگە رەمەزان ئۆگیورلایان، كە لە 9ی حوزەیران لە فارقینی ئامەددا شەهید بوو بوو، لە ناوچەی بسملی ئامە لە گەمارۆی پۆلیسەكانی دەوڵەتی توركدا بە خاكسپێردرا.[5]
- ژنێكی گەنج بە ناوی نورباری میهریجان كە تەمەنی 19 ساڵە و دانیشتووی گەڕەكی جومهوریەتی ناوچەی سەرێكانیی شاری روحایە، لە لایەن براكەیەوە كوژرا.[5]
رۆژهەڵاتی كوردستان
- حوكمی لەسێدارەدانی زیندانییەكی سیاسیی كورد بە ناوی سامان كەریمی كوڕی محەمەد ساڵح خەڵكی شاری بانە، لەلایەن لقی 27ی دیوانی باڵای ئێران لە شاری قوم، رەت كرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەكی ئاگادار، دیوانی باڵای ئێران بەهۆی كەموكوڕی لە لێكۆڵینەوەی حوكمی لەسێدارەدانی ئەو زیندانییە سیاسییە كوردەی رەت كردەوە و دۆسیەی ناوبراوی بۆ پێداچوونەوەی دووبارە، رەوانەی دادگای بەرایی كردەوە.[3]
- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە رێكخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، ئایناز زارع، بەندكراوی سیاسی تەمەن 17 ساڵی كورد كە لە بەندی ژنانی بەندیخانەی ورمێ راگیراوە، بە هۆی ناجێگیربوونی باری تەندروستی بۆ ناوەندە دەرمانییەكانی دەرەوەی بەندیخانە گوازرایەوە.[7]
- بەڕێوەبەری كۆمپانیای دابەشكردنی كارەبای پارێزگای سنە رایگەیاند: حكومەتی هەرێمی كوردستان 50 ملیۆن دۆلار قەرزداری وەزارەتی وزەی ئێرانە، ئەمەش هەناردەی كارەبای بۆ هەرێمی كوردستان هەندێك ئەستەم كردووە.[2]
باشووری كوردستان
- فڕۆكەكانی توركیا گوندی بەهراڤیایان لە كۆمەڵگەی خانەسۆری سەر بە شنگال بۆردوومان كرد.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی كوردستان ئاماری ئەمڕۆی تایبەت بە ڤایرۆسی كۆرۆنای بڵاوكردەوە، بەپێی ئامارەكەش لەماوەی 24 كاتژمێری رابردوودا 18 كەس بەهۆی كۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و 677 كەسی دیكەش تووشی پەتاكە بوون، كە ئەمە زۆرترین ژمارەی تووشبووانە بە كۆرۆنا لەماوەی یەک رۆژدا تۆمار كرابێت لە هەرێمی كوردستان.[4]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە، رایگەیاند دوای دوو رۆژ لە دیار نەمانی، سەرۆكی پێشووی شارەوانیی هەڵەبجە، ئەمڕۆ بە فڕۆكە بەدوایدا دەگەڕێن و دەشڵێت: پێشتر لەلای هەندێ كەس باسی لەوە كردووە كە قەرزدارە، جا نازانین دیار نەمانەكەی پەیوەندی بەوە هەیە یان نا.[2]
- لەمەراسمێكدا لە دیوانی وەزارەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكروان بە ئامادەبوونی عەبدوڵڵای حاجی مەحمود وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوان و حەمەی حەمە سەعید وەزیری روشنبیری و كونسلی گشتی كۆماری كوریای باشوور لە هەرێمی كوردستان و جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە یادی قوربانیانی (قۆناغی هەشتەمی) شاڵاوی بەدناوی ئەنفالدا بەرز راگیرا.[6]
- شاندێكی نەتەوەیەكگرتووەكان و بەڕێوەبەری رێكخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق و شاندێک لە كۆنسوڵخانەی ئەمریكا لەگەڵ وەزیری تەندروستیی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوە. دوای كۆبوونەوەكە، دكتۆر سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی هەرێمی كوردستان رایگەیاند، ئەمڕۆ چەندین پێداویستیی پزیشكییان بە بڕی 800 هەزار دۆلار لەلایەن رێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە بۆ دابینكراوە.[2]
- خدر كەریم، سەرۆكی پێشووی شارەوانیی هەڵەبجە لە دۆڵی باوە كۆچەک دۆزراوەتەوە و تەندروستیی باشە، بەڵام كەمێک بێهێزە.[2]
- لە شاری كەركوک مامۆستایانی نارازی سەر بە خوێندنی كوردی لە شارەكە گردوونەوەیەكیان ئەنجامدا لە بەردەم نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە كەركوک، لە گردبوونەوەكەدا مامۆستایان داوایان لە پەرلەمانتاران كرد بێنە دەرەوە بۆ گوێگرتن لە داواكاری مامۆستایانی خوێندن بە كوردی

له کەرکوک، هەروەها مامۆستایانی ناڕازی داوای چاوپێکەوتنیان کرد لەگەل مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- راکان جبووری، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکوک رایگەیاند، داعش لەو ناوچانە هەنە کە هێزەکانی کوردیی تێدانە لە دەورووبەری پارێزگاکە و هەردوو پێکهاتەی عەرەب و تورکمان قبووڵ ناکەن پێشمەرگە بگەڕێتەوەی کەرکووک.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- دەستەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە رۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، 32 کەسی دیکە لە رۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی رێبەریی خۆسەر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- راگەیاندکاری دێرینی کوردستان، بارزان مەلا خالید بە نەخۆشیی دڵ لە ئەنکەرە کۆچی دوایی کرد.[1]
- بەرپرسی بەشی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکرای دەکات، نزیکەی 10 هەزار چەکداری داعش لە سووریا و عێراق چالاکن.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەتوندی دژایەتی خۆی بەرامبەر بە دیداری ئەم دواییەی سەرۆکی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماس لە ئیستانبۆل راگەیاند.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ روحا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ شنگال |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | فەلەستین |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 25-08-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 25-08-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 25-08-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-08-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 25-08-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 25-08-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 240
**2020-08-26**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385286



باکووری کوردستان
- موسا ئورهان ئەو سەربازەی سوپای فاشیستی تورک کە لە شاری ئێلح دەستدرێژی کردە سەر ژنێکی کوردی 18 ساڵان، دوای ئەوەی لەسەر داوای خانەوادەی ژنەکە، دەستگیر کرا، بە بڕیاری دادگا ئازاد کرا.[4]
- لە شاری مووش عەبدولباری یغید هاوسەرۆکی هەدەپەی شارەکە و دوو کەس بە ناوەکانی شەعبان ئاتلگان و گولەر بینگۆل کە 15ی ئاب دەستگیرکرابوون و ئازادکرابوون، بە فەرمانی داواکاری کۆماری دەستگیرکران. سێ کەسەکە بۆ دادگای مووش گواسترانەوە و دادگا بڕیاریدا هەرسێ کەسەکە ڕەوانەی زیندان بکات.[4]
- لە شاری وان دووکەس کە یەکێکیان ئەفسەرێکی تورکدە دەستدرێژیان کردە سەر کچێکی 17 ساڵ بەناوی (ن.ئا). دوای تۆمارکردنی سکاڵا بڕیاری دەستگیرکردنی هەردوو کەسەکە درا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا چوار هاووڵاتیی خەڵکی سەردەشت بە ناوەکانی ”ئاکام حەسەن زادە“، ”ڕەحمان ئادری“، ”خوسرەو جەهان ئارا“ و ”سەردار مەلا“ لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستبەسەر کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چوار هاووڵاتییە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری ئێران و بە بێ پیشاندانی هیچ جۆرە بەڵگەیەکی دادوەری دەستبەسەر کراون.[3]
- هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنوورەکانی نەوسوود تەقەیان لە پۆلێک کۆڵبەر کردووە و لە ئاکامی دەستڕێژی ئەو هێزانە سێ کۆڵبەر بە سەختی بریندار بوون. هەواڵنێری هەنگاو لە نەوسوود ناسنامەی ئەو سێ کۆڵبەرەی ”قانێع بەهرامی“ تەمەن 27 ساڵ و خەڵکی سەلاسی باوەجانی، عەلی ڕەنجبەر خەڵکی گوندی میانەی مەریوان و کۆڵبەرێک بە ناوی ”ناجی“ خەڵکی گوندی ”وسنە“ی مەریوان ڕاگەیاندووە.[3]
- حەسەن جەنگخا، مامۆستایی ئایینی خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە

ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[3]
باشووری کوردستان
- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنیی عێراق ڕاگەیێندراوێک لەبارەی بۆردوومانەکانی ئێوارەی دوێنیی فڕۆکەکانی تورکیا لە شنگال بڵاودەکاتەوە و دەڵێت بۆردوومانەکان قوربانی لێکەوتووەتەوە و 2 کەسی سیڤیل گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە مەراسیمەکەدا کە بنەماڵەکەی ئامادەبوون، پاسەوانی سنووری عێراق تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفای لەسەر گڵکۆی شەهید زوبێر حالی فەرماندەی بەتالیۆنی سێی پاسەوانی سنوور دانا، بنەماڵەکەشی ڕایانگەیاند، "شەهید زوبێر شەهیدی ئاڵا و شەهیدی ئاشتی و شەهیدی سێگۆشەی سنوورە".[6]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دەڵێت، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 463 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 14 کسی دیکەیش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنیی هێزەکانی پاراستنی گەل - هەپەگە کوژرانی حەوت سەربازی سوپای تورکیای لە حەفتانین و سوپای تورکیاش کوژرانی دوو گەریلای لە ناوچەی زاپ ڕاگەیاند.[1]
- پارێزگای کەرکوک ئەمڕۆ چوارشەممە ژمارەیەک بڕیاری لە بارەی قەدەغەی هاتوچۆ و دەوامی فەرمانبەران دەرکرد و ڕایگەیاند، ڕۆژانی پێنجشەممە دەکرێتە پشوی فەرمی وبەرێژەی 50% فەرمانبەرانی فەرمانگەکان کەمدەکرێنەوە.[5]
- وەزیری کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو بەڵێنەیان بردووەتەسەر کە بۆ باشبوونی کارەبا بە هاونیشتمانیان دابوو، بۆ وەرزی زستانیش پلانیان هەیە کارەبایەکی باش دابین بکەن و دەشڵێت مانگێکە 500مێگاوات کارەبا بە عێراق دەفرۆشن، لەو یەکانەی پێشتر هیچ سوودمان لێوەرنەدەگرتن.[1]
- عەلی حەمەساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: پێشتر بۆ ماوەی چوار ڕۆژ قاچاخچێتی لە مەرزی باشماخ ڕاگیرا، بەڵام لە ئێستادا لە جاران خراپتر دەستی پێکردۆتەوە. دەشڵێتقازانجی قاچاخچییەکان لەیەک شەو و لەیەک خەتدا، یەک ملیۆن و 500 هەزار دۆلارە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 31 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و کەسێکیش گیانی لەدەستداوە.[1]
- بەپرسانی ئەمریکی دەڵێن لە ئەنجامی پێکدادانەکەی ئەم هەفتەیەی ئۆتۆمبێلەکانی رووسیا و ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەک سەربازی ئەمریکی برینداربوون.[2]
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی گەلی سووریا 9 نامەی ئاراستەی سەرۆک یەکێتییە پەرلەمانییەکانی نێودەوڵەتی و کۆمەڵە پەرلەمانییەکانی هەرێمی و عەرەبی کرد و تێیدا داوای کردووە فشار بخەنە سەر لایەنی تورکیا سەبارەت بە قەیرانی ئاوی حەسەکە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- دەیڤید کوبلی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عیراق ڕایگەیاند: دەیانەوێت تورکیا و عیراق سەبارەت بە بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکانی سنوور، دانوستان بکەن و بگەنە چارەسەر.[2]
- بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، جینین بلاسخارت نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ڕاپۆرتێک سەبارەت بە ڕەوشی ئە و وڵاتە بخاتە بەردەمی ئەنجومەنەکە، کە ئاماژە بۆ ڕەوشی شەش مانگی ڕابردوو دەکات، کە لە و ماوەیەدا جموجۆڵەکانی تیرۆریستانی داعش زیادیان کردووە، هاوکات باس لە ئاڕاستەی ستراتیژی ئە و گروپە تیرۆرستییە دەکات.[2]
- لە ئێران 119 کەسی تر بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا و ژمارەی گیان لەدەستدان 21 هەزار کەسی تێپەڕاند.[2]
- سەرۆکی دەزگای لوتکە بۆ کاروباری ئاوارە و پەنابەران ڕایگەیاند لە یۆنان، بەلەمێکی کۆچبەران،

دوای دابڕانیان، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەوە رزگارکراون کە 50 کۆچبەری کوردی تێدابووە.[1]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی رێکخراوەکە بۆ عێراق کۆبووەوە، لە بەشێکی قسەکانیدا لەبارەی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا گوتی بە دڵنیاییەوە ئێمە هۆشیارانە رێز لەو رێککەوتنەی دوایی نێوان بەغدا و هەولێر دەگرین، لەنێویدا خەرجکردنی مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستان.[1]
- ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناووکی، ئەمڕۆ رایگەیاند، کۆماری ئیسلامی ئێران، رێگەی داوە، چاودێرانی ئاژانسەکەیان بچنە ناو دوو وێستگەی ناووکی، کە پێشتر دەستنیشانیان کردبوون بۆ ئەوەی سەردانیان بکەن.[7]
- گەورە دیپلۆماتکارێکی ئیسرائیلی رایگەیاند، تورکیا پاسپۆرتی وڵاتەکەی بە 12 ئەندامی بزووتنەوەی حەماس داوە و ئەمەشی بە هەنگاوێکی خەراپ ناوبرد و ئاماژەی بەوەشدا، حکومەتی وڵاتەکەی ئە و پرسە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا تاوتوێ دەکات.[7]
- جینین هێنیس-پلاسخارت، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەو هەراسانکردن و داخستنی میدیاکان، رایگەیاند: بەرپەرچدانەوەی توندی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ نارەزایەتییەکان و هەراسانکردن و داخستنی میدیاکان، رێگەیەن نین بۆ بەرەپێشچون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ موش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ باتمان - ئێلح |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |
| 🗺 وڵات: | یۆنان - گریک |

🗺️ وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
🗺️ وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رووداو - 2020-08-26](#)
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-26](#)
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-26](#)
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-26](#)
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-26](#)
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-08-26](#)
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-26](#)
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 241

**2020-08-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385287



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی لجە لە پارێزگای ئامەد لەسەر کێشەی زەویوزار شەڕ لەنێوان دانیشتووانی گوندەکانی جەلیکا و پیرک روویدا و لە ئەنجامدا چوار کەس کوژران و پێنج کەسی دیکەش بریندار بوون، کە بریتی دوو کەسیان سەختە.[3]
- پاش 238 رۆژ مانگرتن لە خواردن، پارێزەری زیندانیکراوی کورد ئەبرو تیمتیک گیانی لەدەستدا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- سومەیە نەمەدماڵ، هاووڵاتیی خەڵکی بۆکان دوای یەک مانگ دەستبەسەر کران لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، بە دانانی بارمتە و بە شێوەی کاتی هەتا کاتی دانیشتنی دادگا، ئازاد کرا.[6]
- پاش کۆتایی هاتنی یاریی نێوان دوو تیمی ئیستقلال و پیروزی و سەرکەوتنی تیمی ئیستقلال بەسەر پیروزی، بەهۆی شایی و خۆشی دەربڕینی لایەنگەرانی ئەو تیمە لە ئیلام، 15 هاووڵاتی دەسبەسەر کران. ئەو کەسانە بە تۆمەتی تێکدانی نەزمی گشتی و بێڕێزی بە پیرۆزییەکان، هەنووکە لە دەسبەسەریدان.[8]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هەلیان کوتاوەتە سەر ماڵی چالاکێکی مەدەنی بە ناوی "خەبات مەفاخری" و دەستبەسەریان کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات لەکاتی دەستبەسەرکردن ناوبراویان داوەتە بەر لێدان و کوتان و ماڵەکەیان پشکنیوە و مۆبایلی خۆی و باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی لەلایەن ئەو هێزانەوە دەستی بە سەردا گیراوە.[6]
- حەسیم میرزایی، چالاکی مەدەنی خەڵکی جوانرۆ بە دانانی بارمتەی 700 میلیۆن تمەنەی دوا

پێنج ڕۆژ بەندکران بە شێوەی کاتی و هەتا کاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنی دادگا، ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- چوار شۆفێری بارهەڵگر کە دووانیان برای یەکترن و کوردن، درەنگانی شەوی رابردوو کەوتنە بۆسەیەکی چەکدارانی داعش و کوژران. ڕووداوەکە لە گوندی دەککەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، لەنزیک بنکەیەکی سەربازیی هێزەکانی عێراق ڕوویداوە. بەیانیی ئەمڕۆ هێزەکان تەرمی هەرچوار کەسیان لە شوێنی کوشتنیان هەڵگرتووە. ئەو دوو برایەی کوژراون ناویان سامان و لوقمان داوەدە، کوردن و هەریەکەیان خاوەنی چوار منداڵە. هەردوو بارهەڵگریش باری مریشکیان پێبووە و لە ڕێگا بوون لە گەرمیانەوە بەرەو دیالە کاتێک کەوتوونەتە نێو بۆسەکە.[2]
- خدر خۆشناو، گۆرانیبێژی میللیی شاری هەولێر بە نەخۆشیی کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[1]
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 409 تووشبووی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشانکراون، 19 تووشبووی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و 400 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[3]
- میدیاکانی یەکێتی رایانگەیاند، بافڵ تاڵەبانی تووشی کۆڕۆنا بووە.[1]
- لە یاداشتێکدا کە ئاڕاستەی هاوسەرۆکانی یەکێتی و تیمی حزبەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، تیایدا نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی نارازی لە رانیە و دەروبەری دەڵێن: ئێمە وەک نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی نارازی کەلە لایەن ئاسایشی یەکێتییەوە نزیکەی 50 کەسمان دەستگیرکراوە بەبێ فەرمانی دادگا، لەکاتێکدا دانیشوانی سنووری پارێزگای سلێمانی شانازییان دەکرد بە هەبوونی هەوایەکی ئازادی، بەڵام ئە و هەوایەش خەریکە قەتیس دەکرێت. ئاماژەیان بەوەشداوە: ئێمە بەم بەیانامەیە ماوەی 72 کاتژمێر مۆڵەت دەدەینە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئیدارە و ئاسایشی ڕاپەڕین کە بەبێ مەرج دەستگیرکراوەکانمان ئازاد بکات.[4]
بەڵام گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین دەڵێت: تەنیا 12 خۆپیشاندەر بە بڕیاری دادوەر ڕاگیراون.[3]
- ماوەی دوو ڕۆژی فڕۆکەیەکی سیخوڕی کە پێدەچێت هی دەوڵەتی داگیرکەری تورک بێت بەسەر ئاسمانی سلێمانیدا دەسووڕێتەوە.[5]
- وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ چاوەڕێی هەڵسەنگاندنی وەزارەتی تەندروستی دەکەن لەبارەی دۆخەکە. ئاماژەی بەوەشکرد پێشنیازی وەزارەتی پەروەردە ئەوەیە پرۆسەی خوێندن لەکاتی خۆی دەست پێبکاتەوە.[2]
- وەزیری بەرگریی فەرەنسا گەیشتە هەولێر و بڕیارە لەگەڵ هەریەکە لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی بومبێکی چێنراو لە شارۆچکەی خورماتوو سێ هاووڵاتی بریندارببوون.[7]
- بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند تاوەکو ئێستاش 100% داهاتی خاڵە سنوورییەکان بۆ هەرێمی کوردستان خۆیەتی، بەڵام ئەگەر لەگەڵ عێراق ڕێکبکەون دەبێت 50%ی ئەو داهاتە رادەستی بەغدا بکەن.[3]
- ڕێبوار کەریم، ئەندامی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، نزیکەی نیو ملیۆن فەرمانبەر لە هەرێمی کوردستان بندیوارن.[7]
- کاتژمێر 02:13 بەکاتی هەولێر بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.5 پلە بە پێوەری ڕێختەر لە دووری 18 کم لە قەڵادزێ و 42 کم لە پیرانشاری ڕۆژهەڵاتەوە بە قوڵایی 10 کم ڕوویدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان رایگەیاند، 53 کەسی دیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، کە ئەوەش ژمارەیەکی پێوانەیی تووشبووانی دەستنیشانکراوە کە تاوەکو ئێستا لە ڕۆژێکدا تۆمارکرابێت.[3]
- لە شاری سەرێکانی، تەقینەوەیەک ڕوویدا. بە پێی زانیارەکان تەقینەوەکە کوژرا و بریندارى

لێکەوتووەتەوە.[9]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمریکا داوا لەو هاووڵاتییە ئەمریکییانە دەکات کە دەیانەوێت سەردانی تورکیا بکەن، بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا جارێکی دیکە پێداچوونەوە بکەن بە بڕیاری گەشتەکەیان. هەروەها لە کاتی مانەوەیاندا لە تورکیا سەردانی پارێزگاکانی شرنەخ و جۆلەمێرگ نەکەن و نەچنە هیچ خاڵێک کە 10 کیلۆمەتر لە سنوورەکانی سووریاوە دووربێت.[3]
- نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عیراق لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند: هێزێکی ناپێویستی لەرادەبەدەر کە گوللەیان بەکارهێناوەو لە خۆپشیاندانەکانیشدا لانیکەم 487 کەس کوژراون و 7715 ش بریندار بوون لە خۆنیشاندانەکاندا کە زۆربەیان لە گەنجانن.[7]
- چوار وڵاتی ئەوروپی کە پێکهاتوون لەیۆنان و فەرەنسا و ئیتاڵیا و قوبرس مەشقکردنی سەربازیی هاوبەشیان لەرۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەستپێکرد و تاوەکو رۆژی هەینی بەردەوام دەبێت کەبەم دواییە ئە و ناوچەیە گرژی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینێت بەهۆی هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەڕان بەدوای وزە لەدەریای ناوەڕاست.[7]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق لە کۆبوونەوەی لەگەڵ فلۆرەنس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا، جەختی لە پاراستنی سەروەریی خاکی عێراق کردەوە و دەڵێت، پێشێلکارییە سەربازییەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق رابگیرێن کە بە سەرپێچییەکی روون و ئاشکرا دادەنرێت بۆ سەر سەروەریی وڵاتەکە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جولەمێرگ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◉ ئامەد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قەڵادزێ (پشدەر) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ جوانرۆ |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |

🗺 وڵات: فرەنسا
🗺 وڵات: ئیتالیا
🗺 وڵات: قوبروس
🗺 وڵات: یۆنان - گریک
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: SY سووریا
🗺 وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-27
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-27
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-27
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-08-27
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-08-27
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-27
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-08-27
[9] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-27
کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 242

**2020-08-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385288



باکووری کوردستان
- پارێزەر ئەبرو تیمتیک کە لە دوای 238 رۆژ لە چالاکیی رۆژووی مردن گیانی لە دەستدا و تەرمەکەی دوێنێ رەوانەی پزیشکی دادی یەنی بۆسنا کرابوو، ئەمڕۆ تەرمەکەی لەلایەن پۆلیسی دەوڵەتی تورکەوە رفێنرا.[1]
- ئەو ئاگرەی سەربازانی سوپای داگیرکەری تورک لە دارستانەکانی شاخی جودیی سەر بە شاری شرنەخ بەردابوو، تا ئەمڕۆ بەردەوامە.[1]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ میدیا عێراق و عەرەبییەکان رایگەیاند، ئەگەر حکومەتی عێراق بەشی پێویست سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبای هەرێمی کوردستان تەرخانبکات، ئەوکات دەتوانن کارەبای شارەکانی کەرکوک، موسڵ و تکریت دابینبکەن.[2]
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاندووە، لەو ماوەیەدا 458 تووشبووی ڤایرۆسەکە تۆمارکراون، 561 تووشبوو چاکبوونەتەوە و 26 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە؛ ژمارەی ئەو تووشبووانەش چاکبوونەتەوە بۆ یەکەمجارە لە ژمارەی تووشبووان زیاتربێت.[2]
- نوێنەری سەنتەری میترۆ لە دهۆک رایگەیاند، بەپێی قسەی سەرچاوەیەک لەناو ئاسایشی زاخۆ، ئەحمەد زاخۆیی پەیامنێری ئێن ئار تی لەزینداندا زیاتر لە 48 سەعاتە مانی لە خواردن گرتووە و دۆخی تەندروستیشی ناجێگیرەو لە مەترسیدایە.[4]
- رووداوێکی هاتوچۆ لەسەر رێگای دوکان – رانیە لەنێوان سێ ئۆتۆمبێلدا روویدا و چوار کەس لەناو یەکێک لەئۆتۆمبێلەکاندا سوتان.[5]
- ئەمڕۆ لە سنووری شارۆچکەی داقوق، هونەرمەندێکی گەنجی کوردی کاکەیی کە گەنجێکی ناسراوی سنووری داقووق بوو و ئامێری دەفی دەژەنی، بە ناوی هەوراز سەمین کاکەیی بە چەک تەقەی لە خۆی کردووە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی زانیاری سەرچاوە خۆجێیەکان لە سنووری پارێزگای حەسەکە، سەربازانی سعوودییە گەیشتوونەتە بنکەی شەدادی لە شارەکە و دەیانەوێت تێیدا جێگیربن.[3]
- رێکخراوی مافەکانی مرۆڤی عەفرین – سوریا ئاماژەی بەوەکرد کە چەتەکانی 'ئەلئەمنیەت'ی سەر بە سوپای داگیرکەری تورک بە هاوکاری چەتەکانی پۆلیسی سەربازی لە عەفرین 6 برا و منداڵەکانیان لە گوندی شێخ کێلێی ناوچەی مابەتایان رفاندووە و هۆکارەکەشی نەزانراوە.[1]
- جوتیار عادل، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە، هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی بۆ رادەستکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە و 50% داهاتی خاڵەسورییەکانی بە بەغدا دەربڕیوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- حزبی سەعادەتی تورکی رایگەیاند، ئەو داهاتەی چاوەڕوان دەکرێت لەو کێڵگە غازەی لە دەریای رەشدا دۆزراوەتەوە و مەزندە دەکرێت بە بەهای 8 ملیار دۆلار بێت، تەنها پێچەکێکی بچووکە بۆ برینێکی چۆڕاوی ئابووری تورکیا.[3]
- سەرۆکی دیپلۆماسیەتی یەکێتی ئەوروپا رایگەیاند، یەکێتییەکەیان ژمارەیەک سزا لە دژی تورکیا ئامادە دەکات و چاوەڕی دەکرێت لە لووتکەی داهاتووی یەکێتییەکەیاندا تاوتوێ بکرێن، کە بڕیارە لە 24ی مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت. ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ململانێکانی نێوان یۆنان و تورکیا لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست.[3]
- ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا ئاماژە بەوە دەکات لە ماوەی ئەم هاوینەدا هەڵوێستی توندی لە دژی هەنگاوەکانی تورکیا لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا نواندووە و هێڵی سووری بۆ داناون، چونکە بە گوتەی ئەو، ئەنقەرە رێز لە کردار دەگرێت نەک قسە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: یۆنان - گریک
وڵات: فرەنسا
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: سعودیە، عەرەبستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-28
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-08-28
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-08-28
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-08-28
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-08-28
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-08-28

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 243
**2020-08-29**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385289




باکووری کوردستان

- ئەو ئاگرەی لەلایەن سوپای تورکەوە بەردراوەتە چیای جودی بەردەوامە. هەروەها ئاگری چیای هرمیا لە شارۆچکەی سێگرکای ناوچەی قلابان کە خۆی کوژابوویەوە دووبارە دەستپێکردووەتەوە.[1]

- دەستپێشخەری ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی ئاماژەی بە دۆخی تەندروستی عەلی کوش زیندانی سیاسیدا و وتی، دۆخی تەندروستی عەلی کوش خراپە. دەستپێشخەریەکە وتیشی لەم دۆخەی ڤایرۆسی کۆرۆنادا ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورە بووەتەوە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- تویتێری مەرزبانی لە هەواڵێکدا باسی لە کوژرانی 12 کەس لە هێزەکانی سنوورپارێزیی حکوومەتی ئێران کردووە لە سەرەتای وەرزی بەهار هەتا کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ. تویتێری مەرزبانی، کوژرانی ئەو 12 کەسە لە هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بۆ شەڕ لە دژی هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران گەڕاندووەتەوە. بەپێی ئەو هەواڵە، ئەو 12 کەسە لە هێزە نیزامییەکان لە سنوورەکانی کوردستاندا کوژراون.[7]

باشووری کوردستان

- سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیێنێت، لە مانگی ئەیلوولدا پرۆسەی خوێندن لە هیچ قۆناخێکی خوێندن دەست پێناکاتەوە، بۆ پرۆسەی خوێندنی لە زانکۆ و پەیمانگەکانیش سیستەمی ئاوێتە بە گونجاو دەزانێ، کە خوێندنە بە هەر دوو شێوازی ئەلیکترۆنی و ناو کامپی زانکۆکان بێت.[2]

- دوای ئەوەی خەڵکی گوندی خەمزە لە ناوچەی شاربازێر، کوڕێکی مەلا بەختیار-یان تۆمەتبارکرد بەوەی هۆکاری سوتانی بەشێکی زۆری رەز و پاوانی گوندەکەیان بووە، مەلا بەختیار داوای لێبوردن لە خزمانی خەمزە دەکات.[5]

- چەمی ئاوەسپی و زەویی کشتوکاڵیی جووتیارانی کورد لە سنووری شارۆچکەی خورماتوو هاوەنباران کراوە و بەرپرسیشکیش ئاشکرای دەکات، هێزێکی حەشدی شەعبی لە نزیک چەمەکەیە.[4]

- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تووشبوونی 362 کەس و گیانلەدەستدانی 25 تووشبووی دیکەی کۆرۆنای لە 24 کاژێری رابردوودا راگەیاند.[2]

- رێکخەری ژووری پەرلەمان لە بزووتنەوەی گۆڕان رایدەگەیێنێت، فراکسیۆنی گۆڕان لەم هەفتەیەدا سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێرێ و هەڵبژاردنەکەش بەپێی پەیرەوێک دەبێت کە پێشتر پەسندکراوە.[2]

- لە هۆڵی هۆتێل مەم و زین لە شاری سلێمانی، سیمیناری رێکخستن و یەکخستنی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان کە لە لایەن ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و مامۆستای زانکۆ، هاوکار سالار رێکخرابوو بەرێوەچوو.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

ڕۆژئاوای کوردستان

- دەستەی پەروەردە لەرۆژئاوای کوردستان، لەنووسراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، لەپێناو پاراستنی خوێندکار و مامۆستایان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، بڕیاردراوە بەدواخستنی ساڵی نوێی خوێندنی 2020-2021 لەگەڵ داخستنی پەیمانگاو ناوەندەکانی بەهێزکردن تا رۆژی 04-10-2020.[6]

- چەکدارانی داعش، لەسەر سنووری عێراق و سووریا لە نزیک حەسەکە، چوار ئەندامی بەرگریی سڤیلی سەر بە بەرێوەبەرایەتیی خۆسەریان کوشت.[3]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگری تورکیا کوژرانی دوو سەربازی وڵاتەکەی بەدەستی هێزەکانی گەریلا لەسنوری نێوان تورکیا- ئێران راگەیاند.[6]

- شاندێکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات- مەسەدە بە سەرۆکایەتی ئیلهام ئەحمەد و ئەندامێتی سەنحاریب بەرسووم، حیکمەت حەبیب و سیهانووک دیبۆ ماوەی دوو رۆژە بە بانگهێشتێکی فەرمی لە رووسیایە.[2]

- سەرۆکی یەکێتی چنینی فەرشی ئێران راشیگەیاند، هەناردەی ساڵانەی ئێران لە فەرشی بە دەست چندراو دەگەیشتە نیو ملیار دۆلار، بەڵام قەبارەی هەناردەکە لە دوو ساڵی رابردوودا بۆ 70 ملیۆن دواتر بۆ 50 ملیۆن دۆلار دابەزی، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کۆرۆناوە قەبارەی هەناردەی بۆ سفر دابەزیوە.[3]
- وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاماری نوێی مردووان و تووشبووانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە و دەڵێت، 39 کەسی دیکە لە تورکیا و باکووری کوردستان گیانیان لەدەستدا.[2]
- سوپای تورکیا مانۆڕێکی نوێی سەربازی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دەستپێکرد کەوا بڕیارە دوو هەفتە بخایەنێت، ئەوەش لەکاتێکدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆناندا بەهۆی گەڕان بەدوای ووزەدا لەناوچەکە گرژی و ئاڵۆزی تێکەوتووە، گوێش بە و هەڕەشانە نادات کە دوێنێ وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا ئاراستەی وڵاتی تورکیایان کرد بەسەپاندنی سزای نوێ بەسەریدا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏫 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏫 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏫 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خورماتوو |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🗺 وڵات: | ← رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا |
| 🗺 وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 29-08-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 29-08-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 29-08-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 29-08-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 29-08-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 29-08-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 29-08-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 244

**2020-08-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385290




باکووری کوردستان

- بەڕێوبەرایەتی هەدەپە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، کاردەکەن بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی تووركیا کۆبوونەوەیەک لەبارەی پرسی کورد ئەنجامبدرێت و لە و کۆبونەوەیەدا داوا لە حکومەت، ئۆپۆزیسیۆن و لایەنەکانی کوردی بکرێت چارەسەرێک بۆ پرسی کورد بخەنەروو.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەپێی راپۆرتی گەیشتوو بە رێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، هە ریەک لە محەمەد کەریمی و یوسف ئەحمەدی کە سەرەتای مانگی بانەمەڕێ ئەمساڵ هاوڕێ لەگەڵ چەند کەسی دیکەی خەڵکی بانە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی سپا دەستبەسەر کرابوون، پاش چوار مانگ هێشتا لە دەستبەسەرگەی ئیتلاعاتی سپای شارام فەڕی شاری سنە راگیراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو هاووڵاتییە مافی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان لێ زەوت کراوە و لە مافی دەستپێڕاگەیشتن بە پارێزەریش بێبەش کراون.[8]

باشووری کوردستان

- درەنگانی شەوی رابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی ناوچەی سیدەکانی کرد و بەو هۆیەوە مەڕدارانی سنووری سێ شوێن ناوچەکەیان چۆڵکرد.[3]
- لە هەفتەیەکدا 132 تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە.[1]
- لە سلێمانی و خانەقین و هەندێک ناوچەی تری گەرمیان، رێوەڕەسمی ماتەمینیی عاشوورا بەڕێوە چوو.[1]
- 30ی مانگی ئابی هەموو ساڵێک رۆژی نێودەوڵەتیی بێسەروشوێنکراوانە، کە بەپێی لیژنەی نێودەوڵەتی کاروباری بێسەروشوێنەکان، ژمارەیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەنێوان 250 هەزار بۆ یەک ملیۆن بێسەروشوێنکراوە، جیاوازی زۆریی نێوان ئەو دوو ژمارە بەڵگەی نەبوونی ئامارێکی وردە لەسەر ژمارەی کەسانی بێسەروشوێنکراو بەدرێژایی زیاتر لە 40 ساڵ لە عێراق.[2]
- کامپەینی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ئازادیی ئۆجالان لەلایەن دەستەیەک لە رۆشنبیران و کەسایەتییەکانی باشووری کوردستانەوە لە رێگەی ئۆنلایەنەوە دەستیپێکرد.[4]
- بەیانی ئەمرۆ، منداڵێک لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا لەسلێمانی گیانی لەدەستدا و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت، گیان لەدەستدانەکە بە کۆرۆنا هەژمار ناکرێت چونکە پێشتر شێرپەنجەی هەبووە.[6]
- بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، رای گەیایند بڕیارە ئەمرۆ هاتنی گەشتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە رێگەی گرووپە گەشتیارییەکانەوە دەست پێبکاتەوە و ئاشکرای دەکات رۆژانە نزیکەی چوار هەزار گەشتیار سەردانی سنوورەکە دەکەن.[7]
- لە بارەگای رێکخراوی گەشپێدانی مەدەنیەت (CDO) مەراسیمێکی تایبەت بۆ چلەی ماتەمینی عەبدولستار شارباژێڕی نوسەر و شێوەکار بەڕێوەچوو.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر لە باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا، بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان نووسینگەی پاراستنی منداڵان لە ململانێ چەکدارییەکان دەکاتەوە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی، مەترسییەکان لە دارمانی ئابووری تورکیا رۆژ دوای رۆژ لە زیادبوونە، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ دارمانی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکی، لە ئەنجامیشدا دۆخی کۆمپانیاکانی سەختکرد و لێکەوتە نەرێنییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناشی لەسەر وڵاتەکە قووڵترکرد.[5]

- ئەردۆگان رەخنەی توو‌ند لە سەرکردەکانی فەرەنسا و یۆنان دەگرێت و بە چاوچنۆک و نەشیاو ناویان دەبات.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وەڵامی لێدوانەکانی ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لەبارەی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی دایەوە و رایگەیاند، ئەوانەی هێڵی سوور بۆ تورکیا دادەنێن، رووبەڕووی هەڵوێستێکی توندی ئەنقەرە دەبنەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سیدەکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺 وڵات: | → رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ← رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | فەرەنسا |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 30-08-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 30-08-2020
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-08-2020
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 30-08-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 30-08-2020
[7] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 30-08-2020
[8] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 30-08-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 245

**2020-08-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385291




باکووری کوردستان
- موراد قەرەیلان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پەکەکە باسی لە پشتگیرییەکانی ئەڵمانیا و کەنەدا بۆ دروستکردنی فرۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری تورکیا کرد و وتی، ئەو دوو وڵاتە بەرپرسن لەو کۆمەڵکوژییانە، کە دەوڵەتی تورک بە فرۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامیان دەدات.[4]
- بورهانەدین شاهین هاوسەرۆک شارەانیی قەرەیازی لە پارێزگای ئەرزرۆم لە دوای ئەوەی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و دەستبەسەر پۆستەکەیدا گیرا و دەستگیرکرا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سێودین کەڵاشی کوڕی بەهادین، خەڵکی گوندی گیوەڕانی سەر بە کوتۆل، لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی ئەرتەشی تورکیە پێکرا. ئەو کۆڵبەرە لە کاتی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران چووەتە خاکی تورکیە و دواتر لەلایەن هێزەکانی ئەرتەشی تورکیەوە تەقەی لێکراوە و پێکراوە.[8]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی بایەزید قادری چووپان دانیشتووی نەغەدە و خەڵکی گوندی سنجلە سەر بە بەخشی لاجانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییە کوردە و بەبێ بەڵگەی یاسایی دەستیان بە پشکنینی ماڵەکەی کردووە.[8]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی سالار چاوشی کوڕی عەبدوڵڵا، تەمەن 21 ساڵ و خەڵکی گوندی حاجی لەکی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان، دەسبەسەر کرا.[8]
- ماوەی دەسبەسەرکردنی ئەفشین شێخولئیسلامی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە، دووبارە درێژە کرایەوە.[8]
باشووری کوردستان
- لاهور شێخ جەنگی ڕایگەیاند : 31ی ئاب پەڵەیەکی نەگریسە و لەبیر ناکرێت. لە بەرامبەریشدا ئومێد خۆشناو ڕایگەیاند: کورت و کرمانجی هەموو ڕۆژێک بۆ پارتی خەبات و شانازییە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، 591 تووشبووی نوێی کۆرۆنا دەستنیشانکراون، 25 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و 370 تووشبوو چاکبوونەتەوە.[1]
- ئەو 50 هەزار واژۆیەی کە لە ماوەی ڕابردوودا لەلایەن ڕێکخراوی ژیانەوەی گەنجان و ژنانی گەنجی تێکۆشەر کۆکرابوونەوە لە دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک، ڕادەستی نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرا و ئەوانیش ئاراستەی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن.[5]
- دانیشتووانی گوندەکانی شارەدێی سەرگەڕان گرد بوونەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە عەرەبە هاوردەکان بگرن کە ئێستا هاتوونەتە ناوچەکە و ئەوان هاتوون داوای زەویوزاری کوردەکان دەکەن.[3]
- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی دهۆک وەعدوڵڵا محەمەد بەهۆی کۆرۆناوە گیانی لەدەست دا.[3]
- لیوا ئەنوەر عەزیز باوە، فەرماندەی سەربازیی یەکێتی و جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، بەهۆی توشبونی بە کۆرۆنا گیانی لەدەستدا.[7]
- دوای ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، داوای پەرلەمانتارانی بۆ بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی ڕەتکردەوە، بڕیاردەری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: جارێکی دیکە ئیمزا بۆ پرسانندنی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی کۆدەکەینەوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان

- له ماوەی دوو رۆژی رابردوودا نزیکەی 400 هاونیشتمانی بەهۆی بێکاربوونیانەوە له باشووری کوردستانەوە گەڕاونەتەوە رۆژئاوای کوردستان.[2]
- دەستەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر دەستنیشانکردنی 12 تووشبووی دیکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا راگەیاند. ژمارەی ئەوکەسانەشی له رۆژئاوای کوردستان بەهۆی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 35 کەس.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شاندی ئەنجومەنی سوریای دیموکراتیک (مەسەدە - MSD) له شاری مۆسکۆی پایتەختی رووسیا دوای ئەوەی لەگەڵ حیزبی ئیرادەی گەلی سوریا رێککەوتننامەی دانوستانی بۆ چارەسەری سیاسیی کێشەکانی سوریا واژۆکرد، لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا کۆبوونەوە.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، داوای له رووسیا کرد، خۆی بەدووربگرێت له هەر هەنگاوێک خزمەت بە لایەنەکانی پەیوەست بە پارتی کرێکارانی کوردستان له سووریا بکات، لەوانەش یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە).[6]
- نوێنەری باڵای ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا پوختەی ئەنجامی کۆبوونەوەی یەکێتییەکەیانی بە تورکیا راگەیاند و بە وەزیری دەرەوەی تورکیای گوت: دەست له رەفتارە تاکلایەنەکانتان هەڵگرن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ) |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ بۆکان |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئەرزەروم |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ نەغەدە |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | کەنەدا |
| وڵات: | RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا |
| وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2020-08-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی باسنیوز - 2020-08-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-08-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-08-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-08-31
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئاوێنە - 2020-08-31
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-08-31


کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 246

**2020-09-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200701210144385292




باکووری کوردستان
- هەدەپە بە بۆنەی 1ی ئەیلول ڕۆژی جیهانیی ئاشتی چالاکیی 'زنجیری ئاشتی' لە وان ئەنجام دەدات، بەڵام لەلایەن پۆلیسی تورکەوە ڕێگری لە چالاکیەکە دەکرێت و بارەگای هەدەپەیان گەمارۆداوە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی ڕەحمان ڕەحیم پوور خەڵکی سەقز، لە گرتنگەی هێزە ئەمنییەتییەکاندایە و چارەنووسی نارۆونە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو لاوە لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا تەنیا جارێک لەگەڵ بنەماڵەکەی پەیوەندیی تەلەفۆنیی هەبووە و بنەماڵەکەی لە بارودۆخی ڕەحمان بێئاگان. ئەم سەرچاوەیە زیادی کرد: ئەم هاووڵاتییە بۆ لێپرسینەوە ڕاگوێزراوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە.[4]
- پەیمان میرزازادە، بەندکراوی سیاسی کورد دوای ئەوەی بەرپرسانی بەندیخانە ڕەزامەنییان لە سەر ئازادی بەمەرجی ناوبراو دەربڕی، لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ئازاد کرا.[8]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی جەلال خزری خەڵکی گوندی زێوەی پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری ئەو شارە گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەنێو بازگەی مریەم بەگ لە باشووری کەرکوک، 5 کارمەندی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی بریندداربوون و ئافرەتێکیش گیانی لەدەستدا.[1]
- درەنگانی شەوی ڕابردوو لە هێرشێکی داعشدا بۆ سەر پێگەیەکی سوپای عێراق لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی خورماتوو، سەربازێکی عێراق کوژراوە و سێ سەربازی دیکەش بریندار بوون.[3]
- لە مەراسمێکی تایبەتدا دوای خانەنشینکردنی سەلاح کوێخا سەرپەشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان خەڵات کرا.[5]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و

ئاماژەی بەوە کردووە، 595 تووشبووی نوێ دەستنیشانکراون و 24 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[1]
- وەزیری تەندروستی رایدەگەیەنێت، 11.5% ئە و کەسانەی پشکنینی کۆرۆنایان بۆ دەکرێت توشی ڤایرۆسەکە بون و رێژەی توشبون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا 3.8% بەرزبوەتەوە، بۆ یە داوا لە هاولاتیان دەکەن پابەندی رێنماییەکانی خۆپارێزی بن.[6]
- دەزگای نێودەوڵەتیی پێشمەرگە بۆ کاروباری مرۆیی، 132 هەزار واژۆی بۆ دیاریکردنی رۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە دەداتە پەرلەمانی کوردستان. ئەو واژۆیانە دەدرێنە لیژنەی پێشمەرگەی پەرلەمان، تاکوو لیژنەکە کاری لەسەر بکات بۆ ئەوەی پەرلەمان رۆژی نیشتمانیی پێشمەرگە دیاری بکات.[3]
- ئاگرێک لە بازارێکی کۆنەفرۆشانی هەولێر کەوتەوە.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
رۆژئاوای کوردستان
- بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، دانیشتوانی گرێ سپی رایانگەیاندووە، دوێنێ دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی، بە شۆفل گردی سەحلانیان لە نزیک گوندی خربێرێز تێکداوە. گردی سەحلان یەکێکە لە شوێنە مێژوویەکانی گری سپی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2000 هەزار ساڵ پێش زایین.[7]
- دەستەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، لە 24 کاژێری رابردوو، 19 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشانکراون و دوو تووشبووش گیانیان لەدەستداوە. ژمارەی ئەو کەسانەشی لە رۆژئاوای کوردستان بەهۆی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 37 کەس.[1]
- بە بەشداری سەدان کەس لە دانیشتوانی ناوچەی شەدادی سەر بە کانتۆنی حەسەکە و بە سازکردنی مەراسیمێکی شایستە، تەرمی 4 شەهیدی هێزەکانی ئەرکی خۆپاراستن لە گۆڕستانی شەهیدان لە شەداد بە خاک سپێردران.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- میدیای فەرمی حکومەتی سووریا بڵاویکردەوە، بەهۆی هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆ دیمەشقی پایتەخت، دوو کەس کوژراون و حەوتی دیکەش برینداربوون.[2]
- پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەر چالاکیی 'زنجیری ئاشتیی' هەدەپە، کە بە بۆنەی 1ی ئەیلول رۆژی جیهانیی ئاشتییەوە دەیانخواست لە وێستگەی سەرەکیی میترۆی ئەنقەرە ئەنجامی بدەن.[7]
- دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراق بڕیاریدا لە فڕۆکەخانەیەکی عێراق و فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان رێگری لە گواستنەوەی زێڕ بکرێت، بڕیارەکەش بازرگانانی زێڕی لە هەرێمی کوردستان نیگەرانکردووە.[1]
- ئاژانسی هەواڵی فەرمیی حکومەتی سووریا سانا، ئەمڕۆ سێشەممە رایگەیاند، بەدەیان بارهەڵگری سەر بە سوپای ئەمەریکا لە عێراقەوە چوونە ناو خاکی وڵاتەکەی.[2]
- یەکێتی ئەورووپا بەرپرسیارێتی رەوشی خراپی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستی خستە ئەستۆی تورکیا و تومەتباریکرد بە بەردەوامیدان بە گرژی و هەڵچوون؛ وێڕای داواکانی برۆکسل بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ وان

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: IL ئیسرائیل
وڵات: SY سووریا
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-01
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-01

کاتی تۆمارکردن: 2020-07-01 9:01:44 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 247

**2020-09-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386610



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی زانست حەسەن نژاد، تەمەن 25 ساڵ و خەڵکی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لەدەست دا. هێزە نیزامییەکان لە شوێنێک بە ناوی بازاری سەردەشت، تەقەیان لە ژمارەیەک کاسبکار کرد و لە ئاکامدا ئەو کاسبکارە لاوە گیانی لەدەست دا. زانست حەسەن نژاد خەڵکی گوندی قەلەڕەشەی شاری سەردەشتە و خێزاندار و خاوەنی منداڵێکی تەمەن 6 ساڵەیە.[1]
- سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە 4 کۆڵبەری کورد لە سنوورەکانی سەردەشت و پیرانشار بە تەقەی پاسدارانی ئێران کوژراون. ناوی دوو لە کۆڵبەرەکان زانراون، زانکۆ ئەحمەدی تەمەن 22 ساڵ و سرووش ملکاری.[4]
باشووری کوردستان
- رۆژ بە رۆژ ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دهۆک بەرزدەبێتەوە، تەنها لەماوەی سێ رۆژدا لەو پارێزگایە زیاتر لە 700 تووشبوو بە کۆرۆنا تۆمارکراون.[2]
- وەزارەتی تەندروستی؛ لە 24 کاژێری رابردوودا 579 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 27 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- میدیاکانی یەکێتی ئەمشەو روونکردنەوەیەکیان لەبارەی تەندروستیی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بڵاوکردووەتەوە و دەڵێن، تەندروستیی زۆر باش و جێگیرە.[4]
- پەرلەمانی کوردستان مەراسیمێکی بۆ چلەی ماتەمینیی کۆچی دوایی دایکە عایشە، دایکی شەهیدان رێک خست، لە مەراسیمەکەدا پەردە لەسەر وێنەی دایکە عایشە لادرا. دایکە عایشە دایکی سێ شەهیدی پێشمەرگەیە کە پێکەوە لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش شەهید بوون.[5]
- فراکسیۆنی یەکێتی رایدەگەیەنێت: دەبێت حکومەت بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە داراییە تێی کەوتوە چاکسازی راستەقینە لەدۆسیەت نەوت و خاڵە سنورییەکان بکات و تا کۆتایی ئەمساڵیش پرۆژە یاسای بودجە رەوانەی پەرلەمان بکات کە ماوەی شەش ساڵە پرۆژە یاسای بودجەی نەبووە.[6]
- هێزێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی چوونە نێو نووسینگەی سەرەکیی کەناڵی (ئێن ئار تی) و بەڕێوەبەری کەناڵەکە شوان عادل-یان دەستگیر کرد.[5]
- بەهۆی تێکچوونی سیستمی ساردکەرەوە، دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان دواخرا.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، لە ماوەی 24 کاژێری رابردوودا 20 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و دوو کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسا گەییشتە بەغداد.[4]
- ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق رایگەیاند: وڵاتەکەی لە پابەندییەکانی بەرامبەر بە عێراق بەردەوام دەبێت. گووتیشی: کۆششەکانمان بەردەوام دەبن بە تایبەت لە چەند پرسێک کە مایەی گرنگی ئێمەیە لە شنگال و لە پاڵ ئێزدییەکان. ماکرۆن جەختیشیکردەوە، کە شەڕی دژی داعش بەردەوام دەبێت.[3]
- فەرەنسا چەندجارێک هۆشداری داوەتە تورکیا لە گەڕان بەدوای سووتەمەنی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و داوای کردووە رێز لە یاسا نێودەوڵەتییەکان بگرێت، گوتەبێژی ئاکپارتیش لە وەڵامدا هۆشداری دەداتە سەرۆکی فەرەنسا و دەڵێ سنووری بۆ دادەنێین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[3]
- رێکخراوی لێبۆردنی نێودەوڵەتی راپۆرتێکی لەبارەی پێشێلکاریەکانی رژێمی ئێران بڵاوکردەوە و وتی، ئەشکەنجە توند لەو کەسانە کراوە کە دەستگیرکراون و بەزۆر پێیان وتراوە کە پێویستە بڵێن ئەندامی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و پیاوی دەرەوەن. رێکخراوی لێبۆردنی نێودەوڵەتی ناوی 500 کەسیشی ئاشکرا کردووە کە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوە و وتی، سزای زیندانی، قامچی و

لەسێدارەکان بەسەر سەدان کەس سەپێنراوە. هەروەها باسی ئەوەکراوە ژە ئەشکەنجەی خنکاندن، کارەبا، لێدان و توندوتیژی زایەندی و دەرهێنانی نینۆک لە بەرانبەر چالاکوانان ئەنجامدراوە.[7]
- وەزیری نەوتی عێراق رایگەیاند هەرێمی کوردستان هێشتا بەبێ پرسی حکومەتی فیدراڵ نەوت هەناردە دەکات.[2]
- کورتهێنانی بازرگانی تورکیا لە سەر بنەمای ساڵانە، لە مانگی ئابی رابردوو بۆ 169.7% بەرزبوویەوە و گەیشتە 6.312 ملیار دۆلار.[3]
- ئاژانسی هەواڵی "سانا"ی سووری لە زاری سەرچاوەیەکی سەربازییەوە بڵاویکردەوە کە کاتژمێر (22:23)ی خولەکی شەو، فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل ژمارەیەک مووشەکیان ئاراستەی فڕۆکەخانەی تیفۆر-ی سەربازیی رژێمی سووریا کرد.[5]
- نوسینگەی مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عیراق، ئاگاداری دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی کردووەتەوە، کە تەنیا ئاڵای عێراق رێگەپێدراوە لەسەر باڵەخانەی دامەزراوەکانیان بەرزبکرێتەوە، هۆشداریش دەدات بە بەرپرسی دامەزراوە سەربازییەکە لەوەی" ئەگەر پابەندی بڕیارەکە نەبن ئەوا بەپرسیارێتی دەکەوێتە سەر".[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | فەرەنسا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-02
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-09-02

[3] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-02
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-02
[6] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-02
[7] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-02
[8] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-03

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 248

**2020-09-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386611




باکووری کوردستان
- گەریلاکانی هەپەگە بە ناوەکانی ساڵحی ئیکینجی و عیزەت یگیت، کە لە مایەنگی حوزەیرانی 2020 لە خارپێت شەهید بوو بوون، دوای 4 مانگ رادەستی بنەماڵەکانیان کرایەوە.[6]
- سوپای فاشیست و داگیرکەری تورک بگرە هەموو رۆژێک ئاگر لە دارستانەکانی شاخی جودیی لە سنووری شرنەخ بەردەدەن، ئەمرۆش دیسان ئاگریان لە دارستانەکانی ناوچەکە بەردرا و دارستانەکان دەستووتێن.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی سنوورپارێزەکانی پارێزگای ورمێ، باسی لە کوژرانی سێ کەس لە بەرزاییەکانی شاری سەردەشت لە ناوچەی قەدەغەکراو کرد و ئەو سێ کاسبکارە کوردی بە سنووربەزێن ناوزەد کرد.[5]
- لە گوندێکی سەرپێلی زەهاو لە پارێزگای کرماشان، کورێکی گەنج، خوشکە مێرمنداڵەکەی خۆی بە تاپڕ کوشت. محەممەد رەزا ئامووییی، جێگری فەرماندەی پۆلیسی کرماشان، هەواڵەکەی بۆ میدیاکانی ئێران پشتڕاستکردووەتەوە و دەڵێت رووداوەکە لە گوندی قەڵاشاینی سەر بە شاری سەرپێلی زەهاو روویداوە، بکوژەکە تەمەنی 33 ساڵە و خوشکەکەشی 16 ساڵ بووە. بەڵام کاتی رووداوەکەی باس نەکردووە.[1]
باشووری کوردستان
- فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک دەڤەری برادۆست لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆردومان دەکەن.[6]
- نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێران رایگەیاند بەراورد بە چەند مانگی رابردوو ئێستا جووڵەی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران 20% زیادیکردووە. هەروەها دەڵێت ئێرانییەکان گلەییان هەیە کە بۆچی هەناردەکردنی هەندێ سەوزە و میوەیان بۆ هەرێمی کوردستان لێ قەدەغەکراوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و دەڵێت، 609 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە دەستنیشانکراون، 23 تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و 409 تووشبووش چاکبوونەتەوە.[7]
- پەرلەمانتارێکی پارتی لە کۆبوونەوەی ئەمرۆی پەرلەماندا رایگەیاند: تا زووره فریای زاخۆ بکەون و لەرووی کۆرۆناوە بارودۆخێکی زۆر خراپی هەیەو دەرمان و ئۆکسجین بۆ توشبوانی کۆرۆنا نیەو پاکەتێک دەرمان بە 180 هەزار دینارە، دەشڵێت: ئەو شۆفێرە تورکیانەی بارهەڵگریان پێیە کۆرۆنایانەو لەناو هەرێم چەندین خەڵکیان تووشکردوە.[3]
- بەڕێوەبەری تەندروستیی زاخۆ رایگەیاند، تەندروستیی 35 تووشبووی کۆرۆنا خراپە، دەرمانی پێویستیان نەماوە و ئۆکسجینیشیان زۆر کەم بووە. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستیی دهۆک

دەڵێت پارەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆکسجین لە زاخۆ خەرجکردووە، کێشەی دەرمانیش گشتییە و لە هەموو کوردستان هەیە.[1]
- دادگای تاوانی هەولێر ئەو 5 کەسەی ئازاد کرد کە بە تۆمەتی رفاندن و پلاندانان بۆ دەستدرێژیکردنە لەسەر لاڤان، کچە هەشت ساڵانەکەی هەولێر دەستگیر کرابوون. پارێزەری یەکێک لە تۆمەتبارەکانیش دەڵێت چەندین سکاڵا لەسەر باوکی کچەکە تۆمار کراون.[1]
- ئەمرۆ، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رای گەیاند لە چەند رۆژی داهاتوودا بەشێکی زۆری نووسینگەکانی پەرلەمانی کوردستان لە سەنتەری پارێزگاکان و شوێنەکانی دیکە کە ماوەیەک بوو بەهۆی بوونی پەتای کۆرۆناوە داخرابوون، دەکرێنەوە.[2]
- تەلار فایەق بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لە پۆستەکەی دوورخرایەوە و ئەحمەد وشیار لەجێی دانرا.[3]
- شەوی رابردوو، ئاگرێکی گەورە لە سنووری گوندەکانی دۆرێ و رێزان و پێرەساڵ لە دەڤەری بارزان کەوتەوە.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ئاشکرای کرد بە بەراوردی ساڵی پار، ئاستی ئاوی بەنداوی دەربەندیخان زیاتر لە شەش مەتر کەمی کردووە.[2]
- لە ماوەی کەمتر لە 24 کاژێردا دوو گەنج لە شارۆچکەی چەمچەماڵ خۆیان خنکاندووە کە یەکێکیان کچێکی 18 ساڵانە و قوتابی بووە.[1]
- هەواڵگری سەربازی عیراق، ئەمرۆ، رایگەیاند: لەمیانی ئۆپراسیۆنێکی بێوێنەدا توانیویانە 3 مۆڵگەی تیرۆرستانی داعش لە کەرکوک خاپوور بکەن، کە تیرۆرستان بۆ خۆشاردنەوە بەکاریان دەهێنان.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە هەواڵییەکانی سووریا ئاشکرایانکرد، ژمارەیەک منداڵ کە نزیکبوون لەوەی لەناو تانکەرێکی ئاودا لە کەمپی ئەلهۆل هەڵبێن، خنکاون. ئاژانسی 'سانا'ی فەرمی بڵاویکردەوە چەند منداڵێک خنکاون لە نێو تانکەرێکی گواستنەوەی ئاودا، لە کەمپی ئەلهۆل کە ژن و منداڵانی چەکدارەکانی داعش تێیدا نیشتەجێکراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- حەمید نایف، گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق لە راگەیندراوێکدا رایگەیاند، کەریم خەفاجی وەزیری کشتوکاڵی عێراق بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی وەزیرانی دارایی و بازرگانی، کشتوکاڵ و راوێژکاری مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق رەزامەندی لەسەر خەرجکردنی بڕی 600 ملیار دینار داوە، وەک شایستە داراییەکانی ئەو جووتیارانەی کە ئەمساڵ گەنمیان رادەستکردووە.[4]
- وەزیری بەرگری تورکیا لەبارەی گرژییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ یۆنان هەڕەشە دەکات و دەڵێ یەک تۆزقاڵ مافی خۆمان خۆش نابین و ئە و شتانە قابیلی قبوڵ نین. دەربارەی رۆڵی فەڕەنسا لەو نێوەندەدا رایدەگەیەنێت وڵاتێکی وەک فەڕەنسا کە وڵاتی دڵنیاییدەر نییە و لە رێککەوتننامەکەشدا نییە، نوێنەری یەکێتیی ئەورووپاش نییە بە چ مافێک دێتە ناوچەکە؟.[4]
- روانگەی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، لە رۆژهەڵاتی سووریا، هێرشێکی ئاسمانی کراوەتە سەر پێگەی میلیشیا لایەنگرەکانی ئێران لەو وڵاتە و 16 چەکداری گرووپە جیاوازەکان کوژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏣 پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

🏣 پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: ◯ زەهاو
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: ◯ شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ
وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: فرەنسا
وڵات: یۆنان - گریک
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-03
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 249

**2020-09-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386612




باكووری كوردستان
- بورهانەدین شاهین هاوسەرۆک شارەوانیی ناوچەی قەرەیازی لە پارێزگای ئەرزرۆم، کە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە دەست بەسەر ئەرکەکەی و شارەوانییەکەیدا گیرابوو، 4 رۆژ لەوە پیش دەستگیرکرا و ئەمرۆش بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.[1]
- پۆلیس و سەربازانی تورک لە ناوچەکانی بێرەجوک و خەلفەتی لە پارێزگای رحا هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و ئەحمەد کۆرکماز بەڕێوەبەری پێشووی دەبەپە لە ناوچەی خەلفەتی-یان دەستگیرکرد. هەروەها لەو هەڵکوتانەدا لە گەڕەکی سۆرگلان لە ناوچەی بێرەجوک-یشدا کەسێکی تر بە ناوی ئۆرهان چالشماز دەستگیرکرا. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شارەکە.[1]
رۆژهەڵاتی كوردستان
- لە شاری چارداوڵی سەر بە پارێزگای ئیلام تەقینەوەیەکی گەورە روویدا. جێگری پارێزگاری ئیلام بۆ کاروباری ئەمنی دەڵێت، بەهۆی بووتڵێکی گازی 800 کیلۆییەوە بووە. محەممەد کەریمیان، سەرۆکی زانکۆی پزیشکی ئیلام دەڵێت، 217 کەس بریندارببوون و برینی 106 کەسیان برینەکانیان قورسە.[2]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سلێمان کەریم پوور و خالید محەممەدزادە ئەقەدەم خەڵکی گوندی خورخورەی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، لەکاتێکدا لە ناو مەزرا و موچەکەیان خەریکی کاری کشتوکاڵی بوونە دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزران.[8]
باشووری كوردستان
- فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک ناوچەی گەورەزینی دەڤەری برادۆستیان بۆردومان کرد و بەو هۆیەوە ئاگر لە پوش و پاوانی ناوچەکە بەربوو.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دوو منداڵی ئێزیدی کە لەکاتی شاڵاوە داگیرکارییەکەی داعش لەلایەن چەکدارانی ئە و رێکخراوە رفێندرابوون، لەگەڵ شاندی یاوەری نێچیرڤان بارزانی لە تورکیاوە گەڕێندرانەوە هەرێمی کوردستان.[5]
- لە زاخۆ کۆرۆنا زۆر بڵاوە، لانیکەم 400 تووشبووی دەستنیشانکراو هەن و 11 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر لەوە زیاتر ڤایرۆسەکەیان گرتووە و ناچنە نەخۆشخانە.[2]
- لە راگەیەندراوێکدا وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژی 24 کاتژمێری رابردووی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان راگەیاند و بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە ماوەی 24 کاتژمێردا 597 کەس تووشی پەتاکە بوونە و 25 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- بەپێی هەواڵێکی سایتی شەفەق نیوزی عێراقیی، چەکدارانی داعش 35 گوندی سنوری پارێزگای کەرکوکیان کۆنترۆڵکردووە و دانیشتوانی بەشێک لەگوندەکان بەتەواوی ناوچەکەیان جێهێشتووە.[7]
- نێچیرڤان بارزانی سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ چاوشئۆغلۆ و رەجەب تەیب ئەردۆگان کۆدەبێتەوە. هیچ سەرچاوەیەک بەتەواوی باسی لە هۆکاری ئەم سەردانە نەکردووە.[3]
- دوای کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورە لەدرەنگانی شەوی رابردوو لەسەر شاخی گوێژەی سلێمانی و تەشەنەکردنی بەهۆی رەشەباوە، بەرەبەیانی ئەمرۆ لەلایەن تێمەکانی بەرگری شارستانی کۆنترۆڵکرا.[4]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا تیمی روبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە هەڵەبجە هۆشداری دەدەنە حکومەت و ئەگەر حکومەت بەدەم داواکاریەکانیانەوە نەیەت هەمووان دەست لەکاردەکێشنەوە.[4]
- بەپێی خواستی خۆیان 51 کۆچبەری عێراقی، کە زۆربەیان کوردن، لە فەرەنسا و ئەڵمانیا ئەمرۆ گەڕانەوە هەولێر لە چوارچێوەی یەکەم کردەی هاوبەش لە نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا.[5]
- چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندی قەڵای سەر بە سنوری ئیدارەی گەرمیان و هاووڵاتییەکیان بریندارکرد.[1]

رۆژئاوای کوردستان
- ئەمرۆ 52 ئۆتۆمبێلی سەربازی و لۆجیستیی ئەمریکی لەناو خاکی عیراقەوە چوونە رۆژئاوای کوردستان و لە شاری حەسەکە جێگربوون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە ناوچەی شەمرەخی مێردین 16 کرێکار بۆ کۆکردنەوەی فندق وەک کرێکار چووبوونە ساکاریا. خاوەند کار و گوندنشینان هێرشیان کردە سەر کرێکارە کوردەکان. دوای هێرشەکە کرێکارەکان بۆ مێردێن بەرێکەوتن. لە کاتی هێرشەکەدا کە وێنەکەشیان بڵاوکراوەتەوە دەردەکەوێت کە کرێکارە کوردەکان رووبەرووی هێرشی خاوەن کار و گوندنشینە تورکەکان بوونەتەوە.[1]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبی چێندراو بە کاروانی هێزێکی سەر بە سوپای عێراق فۆتۆگرافەری کورد"حەکیم مەزن" گیانی لەدەست دا.[6]
- وەزارەتی دەرەوەی یۆنان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، ئە و زانیاریانەی باس لە ئەگەری دانووستانی تەکنیکی نێوان ئەسینا و ئەنقەرە دەکەن، دوورن لە راستییەوە. روونیشیکردەوە، تەنیا رێگە بۆ خاوبوونەوەی گرژییەکان پاشەکشێی سەرجەم کشەتییەکانی تورکیایە لە ئاوی هەرێمایەتی یۆنان و دەستهەڵگرتنی تورکیایە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەی سرووشتی لە رۆخی ئاوی هەرێمایەتی یۆنان.[5]
- مەولود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند: لە کۆبونەوەی ئەمڕۆیدا لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی شەڕی هاوبەشیان دژبە پەکەکە تاوتوێ کردوە.[7]
- هۆشیار عەبدوڵلا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رەخنەی توند لە سەردانی نێچیرڤان بارزانیی بۆلای ئەردۆغان دەگرێت و دەڵێت: تورکیا رۆژانە هاوڵاتیانی کوردستان دەکاتە ئامانج، نێچیرڤان بارزانیش نانی بەیانی لەگەڵ چاوشئۆغلۆ و نیوەرۆ لەگەڵ ئەردۆغان دەخوات، وەک ئەوەی هیچ رووی نەدابێت، ئەمەش گەورەترین ئیهانەیە بە هەستی گەل بەتایبەت خاوەنی قوربانییەکان".[8]
- نیکۆس ئاناستاسیادێس، سەرۆک کۆماری قوبروس بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا (ئەی ئێف پی) قسەی کرد و ڕایگەیاند کە بەهۆی هەڵوێستی هێرشکاری ئەنقەرەوە ئاڵۆزیەکان زیادیان کردووە.[1]
- ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە یۆرانیۆمی پیتێنراوی ئێران ئێستا 10 هێندەی ئەو برە زیاد بووە کە لە رێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی 2015دا لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانی جیهانەوە بۆی دیاریکرابوو.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ماردین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئیلام |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ روحا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |

شار و شارۆچکەکان: ◯ ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
وڵات: DE ئەڵمانیا
وڵات: فرەنسا
وڵات: یۆنان - گریک
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: قوبروس
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-04
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-04
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 250

**2020-09-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386613




باکووری کوردستان
- دوێنێ شەو لە بەرزاییەکانی گوندی رەمۆ و سپیندارۆکێی سەر بە ناوەندی شرنەخ لە بناری چیای جوودی ئاگر کەوتووە. ئاگرەکە وردە وردە لە هەرێمەکە بڵاودەبێتەوە. گوندنشینان دەیانەوێت ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن بەڵام بەرپرسەکان رێگا نادەن دەستوەردان بکەن.[6]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- زەنگی سەری ساڵی نوێی خوێندن لە قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لێدەدرێت. وەزارەتی پەروەردەی ئێران رایگەیاندووە، قوتابخانەکان لە هەموو شار و گوندەکان کراوە دەبن، جگە لەو شوێنانەی کە ناوەندی کۆنترۆڵی کۆرۆنا چوونی قوتابییان بۆ قوتابخانە قەدەغە دەکات.[1]
باشووری کوردستان
- بەپێی راگەیەندراوی وەزارەتی تەندروستی، لە 24 کاتژمێری رابردوودا 504 کەس تووشی کۆرۆنا بوون، 13 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- ئەمرۆ جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە سلێمانی کۆدەبێتەوە، ئەندامێکی خانەی راپەڕاندنی بزووتنەوەکە ئاشکرای دەکات، لە کۆبوونەوەکەدا هەڵسەنگاندن بۆ تیمی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەت دەکەن و تاوتوێی چاکسازیی و کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی گۆڕان دەکەن.[3]
هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە لە کۆبوونەوەکەدا گرژی و ئاڵۆزی دروست بووە و بەهۆیەوە کۆبوونەوەکە بۆ ماوەیەک دواخراوە.[4]
- کۆمپانیای تایبەت بە بەخاکسپاردنی تەرم رونکردنەوە دەدات و رایدەگەیەنێت، پارەی گۆڕی منداڵ بە 175 هەزار دینار و گۆڕی مردووانی تەمەن 12 ساڵ بۆ سەرەوە بە 260 هەزار دینار دەبێت.[2]
- بەهۆی کیشەیەکی کۆمەڵایەتی لە شارەدێی تەکیەی کاکەمەندیی سەر بەشارۆچکەی چەمچەماڵ سێ کەس کوژراون و سێی دیکەش دیکەش برینداربوون.[5]
دەرەوەی کوردستان
- یوسرا رەجەب، پەرلەمانتاری تەڤگەری ئازادیی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، نامەیەک لەسەر سەردانەکەی دوێنێی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەکات و داوای روونکردنەوەی لێدەکات دەربارەی ئەو رێکارە یاساییانەی کە دەیگرنە بەر بەرامبەر سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏢 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏢 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری رووداو - 05-09-2020]
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 05-09-2020]
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 05-09-2020]
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 05-09-2020]
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن]
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 05-09-2020]
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 05-09-2020]

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 251

**2020-09-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386614



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ناوەندی بەدلیس دا و لە کاتژمێر 01:00 تاوەکو بلاوکردنەوەی راگەیاندراوێکی تر هاتوچۆکردن لە هاوولاتییانی 24 گوند قەدەغە دەکرێت.[1]
- رۆژنامەی سەباحی تورکی بلاوی کردەوە، سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە بەنیازە پارتێکی نوێ دامەزرێنێت بۆ ئەمەش نامەی سیاسی ئاراستەکردووە.[5]
رۆژهەلاتی کوردستان
- لاوێکی تەمەن 18 ساڵ بە ناوی پەیمان خون کەبووتەر بەهۆی ئازار و ئەشکەنجەی مەئموورانی زیندانی مەریوانەوە، دەستی شکا و برایە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر.[8]
باشووری کوردستان
- کۆپتەرە جەنگییەکانی جۆری کۆبرای سوپای تورکی داگیرکەر ناوچەکانی بەکتۆریا، پیربۆلا و دوبشک-یان لە حەفتانین بۆردومان کرد.[1]
- چەند رۆژێکە چەکدارانی داعش هێرشەکانیان لە ناوچە کوردستانییەکانی دیالە چڕکردووەتەوە، بەجۆریک لەماوەی حەوت رۆژی رابردوودا، 25 کەس لە پۆلیس، سەرباز، چەکداری حەشدی شەعبی و تەنانەت هاوولاتییان کوژراون، یان بریندار کراون.[3]
- لە دژی پەراوێزخستنی هەڵەبجە، ژمارەیەک لەچالاکوانان و توێژەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە بەردەم مۆنۆمێنتی شەهیدانی شارەکە گردبوونەوەیەکی نارەزایەتیان ئەنجامدا و هۆشدارییان دایە بەرپرسانی شارەکە، چیتر پەراوێزخستنی شارەکە قبووڵناکەن.[6]
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، بەیار عومەر سەرپەرشتیاری دەستەی بە هەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند، دەستەیەکمان دامەزراندووە کە لە رێگەیەوە پاڵپشتی بۆ پرۆژەکە و چۆنێتی پرۆژەکە بە خەڵک دەناسێنێت، تاوەکو بتوانین پارێزگای سلێمانی والێبکەین ببێتە هەرێمێکی جیاواز و سەربەخۆ.[5]
- بەپێی خەملاندنی بەرێوەبەرایەتیی پاوان و دارستانی سلێمانی، لە ئاگرەکەی گۆیژەدا زیاتر لە 200

دۆنمی چیاکەی سووتاندووە، ژمارەیەکی زۆریش دار سووتاون کە تەمەنیان لە 50 ساڵ زیاتر بووە. [2]
- ئەمڕۆ دوو کەس کە عەرەبن لەسەر ڕێگای نێوان شەنگال و ناحەیەی تەلعوزێر بە کوژراوی دۆزرانەوە. جەلال خەلەف بەڕێوەبەری ناحەیەکە ڕایگەیاند، هەردوو کەسەکە ئاسەواری گولە بەسەریانەوە دیارە کە لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژران.[1]
- بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری ئایین و ئایینزاکان و ژمارەیەک لە پێڕەوانی ئایینی زەردەشتی، لقی هەولێری ئاتەشگەی زەردەشتییەکانی کوردستان لە هەولێر کرایەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مستەفا بالی، بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندنی هەسەدە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندووە، هەسەدە پابەندی ڕێککەوتنی ڕووسیا و ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی شەڕ دەبێت. مستەفا بالی مەترسیی خۆی لە دەست پێکردنەوەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان نیشان داوە و ڕایگەیاندووە، "ئەگەر تورکیا هێرش بکات، ئەوا هێزەکانمان بەرگری لەخۆیان دەکەن".[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتی بەرگریی تورکیا کە لە تویتەری وەزارەتەکە بڵاوکراوەتەوە هەڵمەتی گەڕان و پشکنینی هێزەکانیان لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی چنگی پڵنگ لە ناوچەی حەفتانینی باشووری کوردستان کۆتاییهاتووە.[2]
- ئەمیر حاتەمی، وەزیری بەرگری ئێران ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لە سەروبەندی دروستکردنی مووشەکی باڵداری کروزە، کە مەودای هەڵدان و گەیشتنی دەگاتە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر.[3]
- ماڵپەری (T24)ی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، وەزارەتی بەرگریی تورکیا دەیان تانک و زرێپۆشی لەسەر سنووری سووریاوە گواستووەتەوە بۆ سنوورەکانی یۆنان. بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، تانک و زرێپۆشەکانی تورکیا، 40 دانە دەبن، کە لە سنووری سووریاوە لە هەتای و رەیحانلی گواستراونەتەوە بۆ ئێدیرنا لەسەر سنووری یۆنان.[4]
- پاش ئەوەی دەوڵەتی تورک هێزەکانی لە سەرسنووری یۆنان کۆکردەوە و دەستی بە مانۆڕی سەربازی کرد، یۆنانیش سوپای وڵاتەکەی خستووەتە دۆخی ئامادەباشیەوە.[1]
- وتەبێژی هاوپەیمانان رایگەیاند: شەڕی داعش شەڕێکی سەخت بوو، پێشمەرگە ئازایانە بەشداری شەڕەکەی کردو شەهیدو برینداری زۆریداوەو لە 2014ەشەوە بڕی 6 ملیار دۆلارمان پێداون و بەردەوامیش دەبین لە هاوکارییەکانمان و لە شەڕی پاشماوەکانی داعشیشیدا هاوکاریان دەکەین.[7]
- لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش، مایلز کاگینز، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دوای نزیکەی ساڵێک وەکو گوتەبێژی هاوپەیمانییەکە، کۆتایی بە ئەرکەکەی هێنا و ڕایگەیاند، خۆشحاڵە بە دۆستایەتیی لەگەڵ کورد، ئێستاش لە کوردستان چەندین دۆست و هاوڕێم هەن. گوتیشی، هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی بینیوە لە شەڕی دژی داعش. هاوکات گوتەبێژی نوێی هاوپەیمانییەکەش دیاریکرا.[2]
- تانیا مەحموود، گەورە ڕاوێژکاری فەرماندەی گشتیی هێزی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش لەلایەن گوتەبێژی هاوپەیمانییەکەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشرا و دەڵێت وەکو مەدەنییەک لە ریزەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا خەڵاتکراوم و خەڵاتی شارەزاییە لە بواری دژەتیرۆر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ◯ هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ◯ شنگال
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ◯ خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: یۆنان - گریک
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ← رۆژئاوای کوردستان
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-09-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-09-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-06
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-07

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 252

**2020-09-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386615


Un peuple sans État: les Kurdes

باکووری کوردستان
- لە شاری موشی باکوری کوردستان بە گوری 4.1 پلەی ریختەر بومەبەرزەیەک روویدا.[5]
- هاوژینی سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشوی هەدەپە و کاندید بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری تورکیا لەنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپای کردوە، داوای لێدەکات سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بکات و گوێ لە چیرۆکی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و هەڵبژاردن بەرامبەر کورد و هەدەپە بگرێت.[3]
- رۆژنامەنووس ئۆکتای جاندەمیر کە بڕیاری دەستگیرکردنی درابوو، ئەمڕۆ پۆلیس لە شاری وان هەڵی کوتایە سەر ماڵەکەی. دوای ئەوەی پشکنین لە ماڵەکەیدا کرا، بە بیانووی بڵاوکردەوەی هەواڵ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و نووسینەکانی و بە بیانۆی 'پرۆپاگاندە بۆ رێکخستن' دەستگیرکرا.[5]
- لە ناوچەی حەزەخی شرنەخ لە دوو شوێن سەربازانی داگیرکەری تورک ئاگریان لە دارستانەکان بەردا.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گوندی شێخ سڵە سەربە سەلاسی باوەجان، 120 هاووڵاتی بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە تووشی ڕشانەوە و سکچوون بوون، گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکانی جوانرۆ و لەوێ دەرمان کراون و زۆربەی ئەوانەی ژەهراوی بوون، منداڵ بوون.[4]
باشووری کوردستان
- جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی سلێمانی، ئەمڕۆ رایگەیاند کە ماوەی سێ هەفتەیە دۆخی تەندروستیی سلێمانی جێگیرە و ئەو بەرزبوونەوە و دابەزینەی لە ژمارەی توشبووواندا تۆماردەکرێت مەترسیدار نییە.[3]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی، ئەمڕۆ، بەرپەرچدانەوەی هێرشێکی داعشیان لە باکووری خانەقین راگەیاند، کوژرانی یەکێک لە سەرکردەکانیشیان پشتڕاستکردەوە.[1]
- ماوەی پێنج رۆژە ئاگر لە چیای زۆزک لە سۆران بەربووە، تاوەکو ئەمڕۆ سەدان دۆنم پووش و پاوان سووتاون، سەرەڕای هەوڵی تیمەکانی بەرگریی شارستانی و خەڵکی ناوچەکە تاوەکو ئێستا ئاگرەکە کۆنترۆڵ نەکراوە.[1]
- ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان، فراکسیۆنی گۆڕان سەرۆک و جێگر و بڕیاردەرێکی نوێی بۆ فراکسیۆنەکە هەڵبژارد. سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری نوێی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پێکدێن لە دابان محەمەد، سەرۆکی فراکسیۆن، ئاشنا عەبدوڵڵا، جێگری سەرۆکی فراکسیۆن و جەلال محەمەدئەمین، بڕیاردەری فراکسیۆن.[2]
- پارتی سەوزی کوردستان بەهۆی سووتانی شاخی گۆیژە لە سلێمانی، سکاڵای یاسایی لە داواکاری گشیی سلێمانی تۆمارکرد. سکرتێری پارتەکە پێیوایە سووتانی شاخی گۆیژە دەستی لە پشتە و بەمەبەست ئەوکارە کراوە، کە وەک خۆی دەڵێت ئامانج لێی کەمبوونەوەی رێژەی سەوزاییە لە سلێمانی.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی سلێمانی رایگەیاند، بە بڕیاری سەرۆکایەتی شارەوانی هەر هاوڵاتییەک هەستێت بە بڕینی دارێک بەئەنقەست یان بۆ مەبەستی بینا و هەر پرۆژەیەکی بازرگانی یان پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ هەر ساڵێکی تەمەنی دارەکە بڕی (350) هەزار دینار غەرامە دەکرێت.[3]
- مامۆستا عومەر شیرەمەڕی، پێشمەرگەی دێرین، زیندانی سیاسی و سەرۆکی پێشوتری یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.[6]
- سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا بڕی 45 ملیار دیناری لە بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنادا خەرج کردووە.[2]
- هاوڵاتیانی بناری قەندیل گردبوونەوە و داوای نۆژەنکردنەوەی رێگای شاخی کورتەک-یان کرد لە بناری قەندیل، بۆ ماوەیەکیش ڕێگاگەیان داخست، هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیلیش چووە ناو هاوڵاتیان و ڕایگەیاند، کە هەماهەنگیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم کردووە بۆ چاککردنی ڕێگاکە، ئەگەر چاک نەکرێت ناچارن ڕێگا بە بارهەڵگرەکان نەدەن لەوێوە هاتووچۆ

بکەن.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەسەڵاتی تەندروستی خۆبەڕێوەبەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕایگەیاند، دوکەسی دیکە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە 65 توشبوی نوێی ڤایرۆسەکە تۆمارکراون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕەخنە لە حکومەتی فەرەنسا دەگرێت بەهۆی ئەوەی پرسی کوردی خستووەتە نێو پرۆگرامی خوێندنی مێژوو و جوگرافیای قۆناخی کۆتایی ئامادەیی وڵاتەکەی.[1]
- لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ، بێکاری لە عێراق بەرزبووەوە، بەجۆرێک 40%ی تێپەڕاند، لە کاتێکدا بەر لە کۆرۆنا 20% بووە.[2]
- ئەمڕۆ بەهای لیرەی تورکی بۆ جارێکیتر دابەزی، کە 100 دۆلار بەرامبەر بە 746 لیرە مامەڵەی پێوە کراوە، کە لە مێژووی تورکیادا لیرە نەگەیشتووەتە ئەم ئاستەی ئێستای.[4]
- بەرپرسێکی باڵای دەزگای شەهیدان لە عێراق ڕایگەیاند، دەزگاکەیان 10 ملیۆن دینار وەک قەرەبوو دەداتە کەسوکاری هەر شەهیدێکی ئێزدی لە شنگال.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ وان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سۆران |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ موش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | فرەنسا |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 07-09-2020](#)
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 07-09-2020](#)
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 07-09-2020](#)
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری باسنیوز - 07-09-2020](#)
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-09-2020](#)
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-09-2020](#)

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 253

## 2020-09-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386616




باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش ڕایگەیاند، سیاسییەکانی تورکیا لە چارەسەرکردنی قەیرانەکانی وڵاتەکە دژایەتی یەکتری دەکەن و فرە جەمسەری لە وڵاتەکە دروستبوە و هیچ هاوکارییەک لە نێوان بەرپرسانی تورکیا نییە، دەشڵێت، بەندکراوانی تورکیا لە تراژیدیای مرۆڤایەتیدا دەژین.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی تایبەت بە پەتای کۆرۆنای ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد: 687 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، 15 کەسی دیکەش بەهۆی ئەو پەتا جیهانییەوە گیانیان لەدەستداوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک، شەوی ڕابردوو، ناوچەی زەنگەڵێ سەربە دهۆک، گوندی ڕەزک سەربە ئامێدی، گەلیی بازێ سەربە کانیماسی-یان بۆردوومان کرد. فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک ئەمڕۆش گوندێکی نزیک ناوەندی شارۆچکەی ئامێدی سەربە دهۆکیان بۆردوومانکرد، هەروەها گوندی ڕەزک سەربە ئامێدی، کە دوو کیلۆمەتر لە ناوەندی ئامێدییەوە دوورە، ئەمڕۆش دیسان بۆردوومانکراوەتەوە.[4]
- سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لەپەیامێکدا داوا لە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات هونەرمەند شەهرام نامق ئازاد بکات.[2]
- نووسینگەی ڕاگەیاندنی بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند؛ بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڤایرۆسی کۆرۆنای تێپەڕاند و ئێستا باری تەندروستی زۆر باشە.[2]
- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: لە خۆپیشاندانەکاندا خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنیەکان تەعەدا لە یەکتری دەکەن و لە خۆپیشاندانەکانی ڕانیەش زیاتر لە 100 کەس دەستگیرکراون.[3]
- ڕەفیقی وێنەگر، کە یەکێک بوو لە وێنەگرە کۆنەکانی سلێمانی، لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- ڤایرۆسی کۆڕۆنا بەشێوەیەکی فراوان لە کامپی پەنابەرانی دهۆک بڵاودەبێتەوە.[5]
- بۆ یەکەمجار لە شنگال مردن بە کۆرۆنا تۆمارکرا و دوو کەس بەهۆی ئەو پەتا جیهانییەوە گیانیان لەدەستدا.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- لە شاری کەرکوک، گروپی هۆشیاری لە بەردەوامی چالاکییەکانیدا بۆ پەروەردەکردنی کچان و کوڕان لە بواری وێنەکێشان و شێوەکاریدا خولێکی بۆ گەنجانی شارەکە کردەوە، کە نزیکەی20

کەس بەشدار بوون لە هەردوو رەگەز و تەمەنی جیاواز.[7]
- بەپێی قسەی سەرچاوەیەکی باڵا لە هێزی پێشمەرگە هێزێکی حەشدی شەعبی چونەتە سەر خاڵێکی سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە و داوایانکردوە خاڵە سەربازییەکانیان لە باکوری خانەقین چۆڵبکەن، بەڵام پێشمەرگە داواکارییەکەی رەتکردۆتەوە و داوای گفتوگۆی کردوە.[3]
- بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر و نێردەی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق، ئاشکرای دەکات بۆ رەخساندنی هەلیکار و لەپێناو هاندانی پرۆژە چاکسازییەکان 120 ملیۆن دۆلار پێشکەشی هەرێمی کوردستان دەکەن.[8]
دەرەوەی کوردستان
- شاندی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی قوباد تاڵەبانی، گەیشتە بەغدا.[1]
- وەزارەتی گەنجینەی تورکیا پێشبینی دەکات ئەو کورتهێنانەی مانگی رابردوو لە یەدەگی نەختینەی تۆمارکراوە زیاتر لە 4 ملیار دۆلار بێت.[6]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایگەیاند، پەکەکە دەیەوێت دەست بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەولێردا بگرێت وەک ئەوەی لە سلێمانی کردوویەتی.[5]
- وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئێران رایگەیاند کە باری تەندروستی 3713 تووشبووی کۆرۆنا لە ئێران ناجێگیرە و لەژێر چاودێری وردی پزیشکیدان. وتیشی: تا ئێستا 391 هەزار و 112 کەس لە ئێران تووشی کۆرۆنا بوون و 337 هەزار و 414 تووشبوو چاکبوونەتەوە و 22 هەزار و 542 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- تورکیا و ئێران ئەمرۆ لە ئاستێکی باڵادا، بە بەشداریی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا و حەسەن رووحانی، سەرۆککۆماری ئێران بە ئۆنلاین کۆبوونەوە. هەردوولا رێککەوتن لەسەر بە ئامانجگرتنی پارتی کرێکارانی کورردستان و رێککەوتن ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش لەدژیان ئەنجامبدەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ رانیە (راپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 08-09-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 08-09-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 08-09-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 08-09-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 08-09-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 08-09-2020


کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 254

**2020-09-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386617



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، سەرەڕای تێپەڕینی یەک مانگ لە دەستبەسەرکرانی مێعراج مورتەزایی، هاووڵاتیی خەڵکی گوندی دێوەزناوی سەوڵاوا و بەدواداچوونی بەردەوامی بنەماڵەکەی، چارەنووسی نادیارە و هەتا ئێستا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ بنەماڵەکەی نەبووە.[4]
باشووری کوردستان
- قائیمقامی شارۆچکەی چەمچەماڵ رایدەگەیەنێت کە دەنگۆ هەیە کە باوکێک دوو کچی خۆی کوشتبێت.[1] بەپێی هەندێک سەرچاوە، کچەکان تەمەنیان 17 و 20 ساڵە پێشتر دۆسیەیان لە توندوتیژی چەمچەماڵ هەبووە، باوکەکەش هەڵهاتووە و دەستگیر نەکراوە.[2]
- تەرمی دوو کچەکەی چەمچەماڵ کە خوشکن لە دوو چاڵی 50 سانتیمەتریدا لە نزیک گۆڕستانێک دۆزرانەوە، بەگوتەی پۆلیسی سلێمانیش پێشتر ئەو دوو خوشکە سکاڵایان لەدژی باوکیان تۆمار کردووە.[5]
- تۆپخانەکانی ڕژێمی ئێران تۆپبارانی چیای بەربزین دەکەن لە ناوچەی برادۆست.[6]
- لە سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری هونەرمەندی کۆچکردوو عەتا چاوشین لادرا.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، 545 تووشبووی نوێ تۆمارکراون و 19 تووشبووی دیکەیش گیانیان لەدەستداوە.[5]
- لە دوو کەمپی بیرسفی و قادیا کە تایبەتە بە ئاوارەکان لە سنووری شارۆچکەی زاخۆ ئاگر کەوتووەتەوە و بەو هۆیەوە 19 خێوەت و کەرەڤانە سووتاون.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی شارەوانی و گشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە سەرجەم شارەکان ئەنجوومەنی شارەوانییەکان دروست دەکرێتەوە.[5]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار بە فەرمی پێشبڕکێی سەرکێشیی ئۆتۆمبێل (Off-Road)ی لە شاری هەولێر سازکرد. لە هەموو هەرێمی کوردستان 11

گرووپ و دوو گرووپیش لە بەغداوە بەشدارییان کردبوو و شێوازی گۆڕەپانەکە لەسەر ستانداردی جیهانی بوو و بڕیارە بۆ جاری دووەم گرووپی جیهانی بانگهێشت بکرێن.[5]
- پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد، بەمزووانە کونسوڵخانەی ئەرمینیا لە هەولێر دەکرێتەوە و ئیدارەی شارەکەش ئامادەیە بەهەموو شێوەیەک هەماهەنگی، هاوکاری و ئاسانکارییان بۆ بکات.[2]
- کۆنسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان لە پێشنیازێکیدا بۆ پارێزگاری هەولێر، داوای کرد کە هەولێر و ناشڤیڵ، پایتەختی ویلایەتی تێنەسی، ببن بە دەستەخوشک.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی بەشێکی دیکەی سەربازانی ئەمریکی لەعیراق رادەگەیەنێت.[1]
- ئەحمەد سەفار ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عیراق ڕایگەیاندووە لە پێش بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا ڕێژەی بێکاری لە عیراق 20% بووە، بەڵام لەئێستادا ئە و ڕێژەییە گەیشتۆتە 40%.[1]
- محەمەد ئۆجاکتان ئەندام پەرلەمانی پێشووی ئاکەپە، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ماڵپەڕی (T24)ی تورکیدا دەڵێت، قەیرانی دارایی لە تورکیا زۆر قووڵە، بە شێوەیەک لە مێژووی خۆیدا بەو شێوەیە نەبووە.[3]
- ئاژانسی بلوومبێرگی ئەمەریکی رایگەیاند، ئێران 1%ی سندووقی سەروەری بۆ پاڵپشتی بۆرسەی وڵاتەکەی تەرخانکردووە، هیواخوازە بەو هەوڵەی بتوانێت ڕێگری لە قەبارەی ئەو زیانە گەورەیەی بازاڕی کاغەزە داراییەکان بکات. سەرچاوەیەک بە ئاژانسی بلوومبێرگی راگەیاندووە، دیارترین پێنوێنی بۆرسەی تاران بەهاکەی تەنیا لە مانگێکدا پێنج یەکی لە دەستداوە، و مەترسییەکانیش بەردەوامە کە زیاتر دابەزێت.[2]
- لیرەی تورکی بەردەوامە لە دابەزین و ئەمڕۆ بەهای یەک دۆلاری ئەمریکی گەیشتە 7.495 لیرە، بەمەش ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی لە دابەزینی لیرە تۆمارکرا.[5]
- ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی ڕایگەیاند دەستوەردانی تورکیا و ئێران لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتانی عەرەبی سەرکۆنە دەکەین.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ زاخۆ
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🗺 وڵات: AM ئەرمەنستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: IQ ئێراق
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری یوک میدیا - 09-09-2020
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری کوردستان 24 - 09-09-2020
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری باسنیوز - 09-09-2020
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری هەنگاو - 09-09-2020
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری رووداو - 09-09-2020
[6] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 09-09-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 255

## 2020-09-10

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386618



باکووری کوردستان
- بە تۆمەتی ئەندامی ڕێکخستنی پەکەکە، سزای 7 سال و 6 مانگ زیندانی بەسەر یادیشەن کاراپولوت هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانیەکی پارتی گەلانی دیمۆکراتیک-هەدەپەدا سەپێنرا.[6]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- هەوالدەریی تەسنیم سەر بە سوپای پاسداران، بە بلاوکردنەوەی هەوالێک رایگەیاندووە کە سپای پاسداران بنکە و مەقەڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەلاتیان لەنێو بردووە. کاوە بەهرامی بەرپرسی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە وتووژێک لەگەل ئاژانسی کوردپا رایگەیاند: ئیدعاکانی سپای پاسداران دوورە لە ڕاستی و ئێمە لەو ناوچەیە هیچ بنکەیەکی جێگیرمان نییە.[3]
- دوای دەستلەکارکێشانەوەی شەش ئەندامی ئەنجوومەنی شاری مەهاباد و ئامادەنەبوونی دوو ئەندامی جێگرەوە بۆ دەستبەکاربوون لە شوێنی ئەوانەی دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، ئەنجوومەنەکە هەلوەشێندرایەوە.[4]
- شاکر (فەرهاد) بێهرووزی، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتنگەی ناوەندیی ورمێ، لەلایەن لقی 2ی دادگای ئینقلابی ورمێ، بە سەرۆکایەتی دادوەر شێخلوو بە تۆمەتی بەغی و ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کرا.[3]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی چەمچەمال تەرمی دوو خوشکە کوژراوەکە لە گۆرستانی گشتی چەمچەمال بەخاک سپێردرا.[1]
- سەرۆک وەزیرانی ئێراق، مستەفا کازمی گەییشتە هەولێر و لەگەل لێپرسراوانی باشووری کوردستان کۆدەبێتەوە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە کۆرۆنا بلاوکردەوە و ئاماژەی بەوە کردووە، 591 تووشبووی نوێ دەستنیشانکراون و 24 کەسیش دوای تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[4]
- وەزیری پەروەردە رایگەیاند، پرۆسەی خوێندن بۆ هەموو قۆناخەکان بەشێوازی ئەلیکترۆنی دەستپێدەکات جگە لە پۆلی 1 و 2ی بنەڕەتی و 12 کە لەنێو پۆلەکاندا دەبێت و لە 27ی ئەیلوولەوە بە رەچاوکردنی ڕێنمایە تەندروستییەکان و دەبێت مەتر و نیوێک لەنێوانیان بێت.[4]
- شارەوانی سلێمانی گرێبەستی گۆڕستانە نوێیەکەی لەگەل کۆمپانیای دوزی هەلوەشاندەوە و سەرۆکی شارەوانی سلێمانیش رایگەیاند: دەبێت دەرخستەی تایبەت بە ئیدارەدان و چاودێری و

چاکسازی ئامادە بکرێت بۆ گۆڕستانی نوێی سلێمانی بەمەبەستی دابینکردنی بودجە بۆی.[2]
- ڕۆژنامەنووس سیروان حەسەن کە فەرمانبەرە لە قایمقامیەتی کەلار، کۆمێنتی نەشیاوی لەسەر قایمقامی کەلار نووسیوە، ئەویش سکاڵای لەسەری تۆمار کردووە، بۆیە پۆلیس لەسەر فەرمانی دادوەر دەستگیری کرد.[5]

دەرەوەی کوردستان

- تەیفور بەتحایی، سینەماکار و نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سوید کۆچی دواییکرد.[1]
- ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا پێش ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لوتکەی وڵاتانی باشووری ئەوروپا ڕایگەیاند، دەبێت ئەوروپا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرای دژی ڕەفتارەکانی تورکیا هەبێت.[7]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، سەرۆک کۆماری فەرەنسا بە شێوەیەکی بێسنوور هێرشیکردووەتە سەر سەرۆک کۆماری تورکیا. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: ماکرۆن هاوشێوەی کاتی ئیمپریالیزم لە دەریای ناوەڕاست ڕەفتار دەکات و تورکیا تەواوی پیلان و یارییە خراپەکانی فەرەنسای ئاشکرا کردووە و ئیدی ئە و سەردەمە بەسەرچووە فەرەنسا تەواوی شتەکانی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێت.[7]
- ڕێپێوانی درێژمەودای گەنجان، کە بۆ ئازادی ئۆجالان لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیاوە دەستی پێکردبوو، لە شەشەمین ڕۆژدا ڕووبەڕووی هێرشی پۆلیسی ئەڵمانیا بووەوە.[8]
- سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند، ئێستا لە سووریا نەوتەکەمان کۆنترۆڵکردووە و هاوکاریی کورد دەکەین و ژیانیان خۆشتر دەکەین.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛️ پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛️ پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەهاباد |
| 🏙️ شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🗺️ وڵات: | ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺️ وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | IR ئێران |
| 🗺️ وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| 🗺️ وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺️ وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺️ وڵات: | فرەنسا |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-10
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-10
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-10
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-10
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-10
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-10
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-10

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 256

**2020-09-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386619




باکووری کوردستان
- دانیشتنی دادگاییکردنی ڕەمزیە توسون پەرلەمانتاری هەدەپەی ئامەد بە تۆمەتی ئەندامێتی ڕێکخستن لە 5مین دادگای سزا قورسەکانی ئامەد بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا دادگای تورک 10 ساڵ سزای زیندان بەسەر ڕەمزیە توسون پەرلەمانتارێکی هەدەپەدا سەپاند.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ڕۆژی 2020-09-10 لقی 38ی دادگای باڵای ئێران بۆ جاری سێیەم سزای سێدارەی بۆ حەوت زیندانی ئایینی – سیاسی کورد بە ناوەکانی (فەرهاد سەلیمی، قاسم ئابەستە، داوود عەبدوڵڵایی، ئەیوب کەریمی، ئەنوەر خزری، خوسرۆ بەشارەت و کامران شێخە) پشتڕاست کردەوە، پشتراست کردنەوەی حوکمی لە سێدارەدانی ئەو کەسانە لە کاتێکدایە کە لە کاتی لێپرسینەوەدا ئەشکەنجە دراون و مافی پارێزەریان لێ سەندرابووەوە، ئەم حەوت زیندانیە 11ساڵ پێش ئێستا دەستگیر کراون و ئێستاکە لە زیندانی گەوهەردەشتی کەرەج بەندن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی سەرچاوە خۆجییەکان چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک بە ناوی 'پۆلیسی سەربازی' کە خاکی کوردانیان داگیرکردووە، لە ناوچەی مابەتا نیوەی شەو هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هاوڵاتیان. داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک لە کاتی هێرشەکەدا بە لێدان بە دەیان خەڵکی مەدەنیان ڕفاندووە. چارەنووسی ڕفێنراوەکانیش نادیارە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا

🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-11]
کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 257

**2020-09-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386620




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە پیرانشار دوو هاووڵاتیی خەڵکی ئەو شارەیان بە ناوەکانی "محەمەد نەبەردی" و "مەحموود قەنبەروەند" دەستبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو هاووڵاتییە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەت دەستبەسەر کراون.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شارام محەممەدی خەڵکی ماکۆ، بەهۆی تەقەی هێزەکانی ئەرتشی تورکیە گیانی لەدەست دا، هەروەها کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی جەعفەر ڕەهبەری بەسەختی بریندار کرا. جەعفەر ڕەهبەری کە لەو ڕووداوەدا بەسەختی پێکرابوو بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی پارێزگای وان کراوە.[6]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی کرماشان چالاکێکی ژنیان بە ناوی "سارا بەرزگەر" دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، سارا بەرزگەر بە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەت دەستبەسەر کراوە.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری ڕابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، 574 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە تۆمارکراون و 12 تووشبووی دیکەیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- محەمەد حەکیم، کارگێڕی ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێی وایە بەرهەمی (29) ساڵی حوکمڕانیی کوردی زەلیلکردنی ئەم میللەتە بو. دەشڵێت ئاخر شەرمەزاری نییە بۆ دەسەڵاتدارانی کورد، جوتیارێک بڵێت بە کازمی 'نحن جوعانین'.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوارنیوز ڕایگەیاند، مینێک لەنزیک فولکەی بەریدی ناوەڕاستی سەرێکانی تەقیوەتەوە و ژمارەیەک کەس کوژراون و بریندرابوون. دوات ماتۆرسکیلێکیش لە نزیک فڕنی عەلی ناوەڕاستی سەرێکانی تەقیوەتەوە و زیانی مادی لێکەوتووەتەوە.[1]
- لە گوندی جەلەمێی ناوچەی جندرێسی عەفرین لە بارەگایەکی دەوڵەتی داگیرکەری تورک تەقینەوە ڕوویدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا هێرشێکی توندی کردە سەر ئیمانوێل

ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا و روو لە ماکرۆن بەڵێنیدا، ماکرۆن لەگەڵ خودی من تووشی کێشەی زیاتر دەبێت، هاوکات هەڕەشەی توندیشی لە یۆنان کرد، ئەگەر لەسەر هەڵوێستەکەی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەردەوام بێت.[3]
- مەدالیای شەرەف بەخشرایە سەربازێکی ئەمەریکی، کە لە ساڵی 2015 رۆڵی بینیوە لە رزگارکردنی دەیان دیلی کوردی دەستی داعش، کە خەریک بووە لەلایەن چەکدارانی داعش شەهید بکرێن. سەربازە ئەمەریکییەکە ناوی تۆماس پاین-ە، سەرکردایەتیی تیمێکی کرد بۆ رزگارکردنی دەیان دیلی کوردی دەستی داعش، کە لە حەویجە لەنێو دوو باڵەخانە لەلایەن داعشەوە دەستبەسەر بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| شار و شارۆچکەکان: | سەرێکانی |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| شار و شارۆچکەکان: | ماکۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | فەرەنسا |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-09-12
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-13


کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 258

**2020-09-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386621



باکووری کوردستان
- بە بڕیاری قەیومی شارەوانی شاری وان، هەموو ئەو تابلۆیانەی بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی لەسەری نووسرابوون، داگیرانە خوارەوە و لە جیاتی ئەو تابلۆیانەی بە دوو زمان لەسەر نووسرابوون، تابلۆی زمانی تورکی هەڵواسران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەلاحەدین عیسازادە کوڕی حەمزە، خەڵکی گوندی شێوسماکی شنۆ، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا و دواتر هێزە نیزامییەکان گوللەیان پێوە ناوە و کوشتوویانە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کۆڵبەرە کوردە لە شوێنێک بە ناوی زورمازوو لە بەرزاییەکانی کێلەشینی شاری شنۆ، کەوتووەتە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت و هێزە نیزامییەکان پاش بریندارکردنی ئەو کۆڵبەرە، دەسبەسەریان کردووە. ئەو سەرچاوە ئاگادارە هەروەها وتی: هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پاش ئازار و ئەشکەنجەکردنی ئەو کۆڵبەرە، گوللەیان پێوە ناوە و کوشتوویانە و تەرمەکەیان ڕەوانەی ساردخانەی شاری نەغەدە کردووە.[6]
باشووری کوردستان
- زیاتر لە 500 عەرەبی بەدوو چوونە سەر گوندی پەلکانە لە ناوچەی کەندێناوە، خەڵکی ناوچەکە پێشوەخت ئاگاداربوون و کۆبوونەوە بۆ ڕێگریکردن لە چوونی عەرەبە هاوردەکان؛ سوپای عێراقیش نێوەندگیری دەکەن تاوەکو گرژیی نێوان هەردوولا تەشەنە نەسێنێت.[2]
- تەندروستی هەرێم 573 تووشبووی نوێی کۆرۆنای ڕایگەیاند کە زۆرتریان لەهەولێرو دهۆکەو دەشڵێت: لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆرۆناوە لەهەرێم تائێستا 36 هەزارو 556 کەس توشی کۆرۆنا بوون و 23 هەزارو 100 توشبویان چاکبونەتەوەو هەزارو 340 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[3]
- سەندیکای پزیشکانی کوردستان لقی هەولێر بە توندی ئیدانەی هێرشکردنەسەر پزیشکێکی گەنج لە هەولێر دەکات و ڕایدەگەیێنێت، ئەو پزیشکە لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکی فەرمی خۆی لەنێو تووشبووانی کۆرۆنا لە فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە لەلایەن کەسوکاری نەخۆشەوە هێرشی کراوەتەسەر.[2]
- لە کۆبوونەوەیەکدا ڕێکخراوەکانی ژنان و مافی مرۆڤ، بڕیارياندا بە دروستکردنی کۆدەنگی دەربارەی کوشتنی ئەو دوو خوشکەی چەمچەماڵ، ڕایانگەیاند، کە پێویستە بکەرانی ئەم تاوانە بەسزا بگەیەندرێن، داواشیان کرد پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەمواری یاساکانی توندوتیژیی دژی ژنان بکاتەوە بەجۆرێک کە تاوانبارەکان هیچ ڕێگایەکیان بۆ دەربازبوون لە سزا نەبێت.[5]
- ئەمڕۆ مامۆستایانی وانەبێژ لە زۆرینەی شارەکانی باشوری کوردستان گردبوونەوە و داواکاریی سەرەکیيان بریتی بوو لە دامەزراندنی هەمیشەیی، لە سنووری بادینانیش ڕێگا نەدراوە هیچ نارەزاییەک بەڕێوەبچێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە هەرێمیەکان لە گرێ سپی داگیرکرا ڕایانگەیاند کە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە ناوچەی سلوک 15 ساڵ سزای زیندانیان بەسەر سێ هاوڵاتی گرێ سپیدا سەپاندووە. بەپێی هەمان سەرچاوە ناوی ئەو هاوڵاتیانە بەم شێوەیەیە: یاسین محەمەد، محەمەد بەشیر حەمێدی و ئەمین عەبدولەتیف ئیبراهیم.[1]
- تەرمی ڕەمەزان دەمیر(کورتای سەرحەد) شەهیدی هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک-قەسەدە لە شاری دێرک بەخاک سپێردرا.[1]
دەرەوەی کوردستان

- دەوڵەتی تورک کەشتیەکەی خۆی بەناوی 'ئوروچ رەئیس' کە 10ی ئاب بۆ کاری گەڕان بەدوای غازی سروشتیدا بە شێوەیەکی نایاسایی بۆ ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ڕەوانەکرابوو، کشایەوە.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئەرمینیا زۆراب مناتساکانیان دەسەڵاتدارانی تورکیای بە گواستنەوەی چەکدارانی بیانی بۆ ئازەربایجانی هاوسێی تاوانبار کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: AZ ئازەربایجان
وڵات: AM ئەرمەنستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-09-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-14

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 259

**2020-09-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386622



باکووری کوردستان
- دارستانەکان لە لوتکەی چیای گابار کە دەکەوێتە بەرانبەر شاروچکەی دەرگولی سەر بە شڕنەخ دەسووتێن. ئاگرەکە کە نازانرێت بۆچی بەربووتە دارستانەکان، زۆر بڵاوبووەتەوە. بەپێی زانیاریەکان تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە هیچ هەوڵێکیان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە نەداوە.[1]
باشووری کوردستان
- تەندروستی هەرێم رایگەیاند لەماوەی 24 سەعاتی رابردوودا 754 تووشبووی نوێی کۆرۆناو 24 حاڵەتی گیان لەدەستدان و 646 چاکبوونە تۆمارکراوەو کۆی گشتی توشبوانیش بەکۆرۆنا گەیشتوەتە 37 هەزارو 310 کەس.[3]
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ، لەمیانی دیداریدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، رایگەیاند: پێداگرین لەسەر گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کەرکوک و ئەم داوایەشمان لەگەڵ بەرپرسانی بەغدا باس کردوە.[5]
- 1500 دەمانچە لە ماڵێکدا لە گەڕەکی هەولێری نوێ دەستیان بەسەردا گیرا. دەمانچەکان تورکین، بە پارچە پارچەیی بە قاچاغ هێنراونەتە هەولێر و دواتر لە ماڵەکەدا کۆکراونەتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- تەقینەوەیەکی بەهێز لە شاری عەفرینی رۆژئاوای کوردستان روویدا، تەقینەوەکە لە نزیک بینای سەرای ناوەندی شاری عەفرین روویداوە. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان تەقینەوەکە لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراوەوە بووە و ژمارەیەک کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[2]
- لە گوندی کنەخیری سەر بە ناوچەی عەین عیسا مینێکی چێندراو بە منداڵێکی 5 ساڵان بە ناوی عومەر سالح ئەلعەواد و باوکی ناوبراو بە ناوی سالح خەلەف ئەلعەوادی 35 ساڵاندا تەقیوەتەوە. بە پێی زانیاریەکان، لە ئەنجامی تەقینی ئەو مینەدا، منداڵە 5 ساڵانەکە گیانی لەدەستداوە و باوکیشی بە سەختی بریندار بووە. تا ئێستا هیچ لێدوانێک بڵاو نەکراوەتەوە کە ئەو مینە کەی و لە لایەن کێوە چێنراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە ناوچەی دینار لە پارێزگای ئافیۆنی تورکیا بە چەک هێرشکرایە سەر کرێکارانی بیناسازی، کە لە ناوچەی ئەردیشی وانەوە بۆ کرێکاری چوو بوون بۆ ئەو ناوچەیە. لەو هێرشە چەکدارییەدا کرێکارێک بە ناوی ئۆزکان ت. کوژرا و 2 کرێکاری تریش بە ناوەکانی فرات ت. و ئەمراە ئۆ. بریندار بوون.[1]
- یۆنان بە هاوبەشی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست بە مانۆڕێکی سەربازی دەکەن و تێیدا تانک بەکاردەهێنرێن و بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە نزیک سنووری وشکایی تورکیا بەردەوام دەبێت.[4]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو پێگەی چەکدارانی سەر بە ئێرانیان لە باشووری ناوچەی ئەلبو کەمالی سەر سنووری عێراق کردە ئامانج، لە ئەنجامدا 10 چەکدار کوژران، کە هەشتیان عێراقین و دووی دیکەش خەڵکی سووریان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: شڕناخ

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: یۆنان - گریک
وڵات: IR ئێران
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: SY سووریا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-09-2020
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 14-09-2020
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 14-09-2020
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 14-09-2020
کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 260

**2020-09-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386623



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بنەماڵەی هوشمەند عەلیپوور، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی زیندانی سنە، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک باسیان لە هەڵوەشاندنەوەی لەسێدارەدانی کوڕەکەیان لە دیوانی باڵای وڵاتدا کرد.[7]
- تەحسین دادرەس زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی گوندی سەردۆشی مەریوان، لە زیندانی سنە بۆ زیندانی مەریوان ڕاگوێزرا.[7]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوو 597 تووشبووی نوێی کۆرۆنا دەستنیشانکراون و 27 کەسیش دوای تووشبوونیان بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[2]
- سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان / لقی سلێمانی لە باخچەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانی، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ تیپە هونەرییەکان سازکرد.[3]
- بزووتنەوەی گۆڕان نامەی پەشیمانی و هەڵوەشاندنەوەی ئاڵای شۆڕش لەلایەن مەلا

بەختیارەوە بڵاوکردەوە کە ناوبراو 34 ساڵ لەمەوبەر لەزیندانی یەکێتی نوسیویەتی و تێیدا هەڵوەشاندنەوەی رەوتی ئاڵای شۆڕشی راگەیاندووە و دروستکردنی رەوتەکەی بەکارێکی هەڵە ناوبردووە. لەبەرامبەر بڵاوکردنەوەی ئەو دەستنووسەی مەلا بەختیار، نوسینگە
رۆژنامەوانییەکەی رونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە و رایگەیاندووە، بەناوی بەڕێز رێکخەری گشتی بزوتنەوەی گۆرانەوە بڵاوکراوەتەوە، گوایە مەلا بەختیار لەرێگەی بەڕێز فەرەیدون
عەبدولقادرەوە، داوای کردوە دانپێدانانەکانی بڵاو نەکرێتەوە. رایدەگەیێنین ئەو هەواڵە سەراپا دورن لەداوای مەلا بەختیارەوە، ئەگەر کاک فەرەیدونیش لوتفی وایکردوە، لەجوامێری خۆیەوە بوە.[5]

- هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان رێککەوتنێکیان بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانیان ئیمزا کرد.[6]

- دەستەی دەستپاکیی عێراق ئاشکرایکرد، لەسەر کەیسی خوێندنگا ئامادەکراوەکان، گەشتکردن لە راکان سەعید جبوری پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکوک و بەڕێوبەری بینای خوێندگاکانی کەرکوک قەدەغەکراوە، لەگەڵ فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 23 فەرمانبەر.[8]

- دەستەی دەستپێشخەریی دیموکراتی گەل لە باشوری کوردستان هەڵمەتێکی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستان بەدروشمی "با داگیرکاریی تێکبشکێنین کوردستان بپارێزین" راگەیاند، لە بەیاننامەیەکیشدا جەختکرایەوە "تا تێکشکانی هەموو هەوڵەکانی داگیرکاریی، ئەم هەڵمەتەمان بەردەوام دەبێت".[8]

دەرەوەی کوردستان

- جۆپیس بۆرێل نوێنەری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا رایگەیاند کە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورک بەرەو پچڕاندن دەڕوون و وتی، پێویستە یەکێتی ئەوروپا بڕیاری قورس لەدژی تورکیا بدات.[1]

- بەگوێرەی رۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ، لەگەڵ کرانەوەی بازاڕی گەورە لە ئیستانبوڵ لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیران، کە بە ناوەندی دەرەکی بازرگانی زێڕ هەژمار دەکرێت، هاووڵاتیانی تورکیا روویان کردووەتە کڕینی زێڕ و بەهۆی دارمانی بەهای لیرە بەرامبەر بە دۆلار و دارمانی سیستمی دارایی وڵاتەکە، ئەو کانزا زەردە وەک پەناگەیەکی ئارام سەیردەکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ئاڵای شۆڕش

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

وڵات: TR تورکیا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-09-2020
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 15-09-2020
[4] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 15-09-2020
[5] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 15-09-2020
[6] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 15-09-2020
[7] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 15-09-2020
[8] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 15-09-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 261

**2020-09-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386624



باکووری کوردستان
- لە شاری موش 4 کەس بە بیانووی ئەوەی کە لەساڵی 2016دا بەشداریان لە مەراسیمی تەرمی گەریلایەکی هەپەگەدا کردووە، دەستگیرکران.[1]
- لە شاری موش بووومەلەرزەیەک بە گوڕی 4، 7 بە پێوەری ڕێختەر ڕوویدا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی پاوە چوار کچیان بە ناوەکانی "بەهار ئەحمەدی"، "بێرگز محەمەدی"، "ئیلهام موڕادی" و "نگین وەیسی" لە گوندی بانەوەڕە دەستبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چوار گوندە خەڵکی گوندی میراولی سەر بە بەخشی باینگانی پاوە بوون و بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردستانییەکانی دژبەری حکوومەت دەستبەسەر کراون.[4]
باشووری کوردستان
- لە بەردەم گوندی ئەڵمانی لە شاری سلێمانی، ژمارەیەک لە و کەسانەی پشکی بازرگانیان لە پرۆژەی چاڤی لاند کڕیوە، گردبوونەوە و داوایان کرد، خاوەنی پرۆژەکە مافیان بۆ بگێڕێتەوە. گردبوونەوەکە توندوتیژیی لێکەوتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆنگرەی ستاری هەرێمی عەفرین لە شەهبا بە دروشمی 'بە ڕۆحی تێکۆشانی هەڤرین و زەهراکان داگیرکەری بروخێنن، شۆڕشی ژنان مسۆگەر بکەن' سێهەم کۆنفرانسی خۆی ساز کرد.[1]
- بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوارنیوز، سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک، گردێکی مێژوویی لە گوندی جەلەمی سەر بە ناوچەی جندرێسی شاری عەفرینی تێکداوە. بە پێی هەواڵەکە، سوپای داگیرکەر لە سەر گردەکە دەستی بە دروستکردنی بارەگای سەربازی کردووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- میدیا ئێراقییەکان بڵاویانکردەوە کە خێزانێکی کورد کە پێکهاتبوون لە دایک و باوک و کچەکەیان لە بەغدا ڕۆژی 15-09-2020 سەربڕدراون. پاشان بەپێی میدیا کوردستانییەکان تاوانبارەکە لە هەولێر دەستگیرکرا.[2]
- ئورسولا ڤۆن دەر لییەن سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپا لەبارەی دۆخی یەکێتی ئەورووپا و تورکیا

رایگەیاند کە رۆژ بە رۆژ ئەوان و تورکیا لەیەکتری دووردەکەونەوە.[1]
- کۆمیسیۆنی لێپرسینەوەی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارەی جەنگی سوریاوە راپۆرتێکی ئامادە کرد. لە راپۆرتەکەدا کۆمەڵێک بەڵگە لە سەر تاوانەکانی دەوڵەتی تورک و گروپە چەتەکانی لە ژێر ناوی 'سوپای نشتیمانی سوریا' کە لە عەفرین و سەرێکانی ئەنجامیان داوە و بە رێگەی مانگی دەستکردەوە گیراون، بڵاو کردەوە.[1]
- یەختێکی کۆچبەران لەنێوان تورکیا و یۆنان نوقم بوو. بەگوێرەی زانیارییەکان ژمارەیەک کورد لەناو یەختەکەدا بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ موش |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پاوە (هەورامان) |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-16
[2] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-17
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-19

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 262

**2020-09-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386625




باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی کەمپینی خۆمان دەپارێزین کە لە لایەن بزوتنەوەی ژنانی ئازادەوە دەستی پێکردبوو، لە شاری جۆلەمێگ چالاکیەک بەڕێوەچوو. لە چالاکیەکەدا کە لە بەردەم ناوەندی هەدەپەی شارەکە دەستی پێکرد، پانکارتی خۆمان دەپارێزین بەرز کرایەوە. لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدە کە لە چوارچێوەی کار و چالاکیەکانی بزوتنەوەی ئازادی ژنان کە بە دروشمی 'خۆمان دەپارێزین' لە شاری جۆلەمێرگ بەرێوە چوو، دەستگیر کرا و ڕەوانەی بەرێوەبەرایەتی دژەتیرۆ کرا.[1]
- داواکاری گشتیی ئامەد داوای هێنانەوە بۆ تورکیا و دەستگیرکردنی عوسمان بایدەمیر، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی تورکیا سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە-ی، خستە بەردەستی دادوەر و داوایکرد بەریتانیا رادەستی تورکیای بکاتەوە.[2]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر لە ناوچەی چالدیران لە پارێزگایوان تەقەیان لە ئۆرهان هانای کرد، کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی مەڕەکانی بوو و برینداریان کرد.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەد شەریف سالم، زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ، رزگارکرا.[6]
- ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی "سەید تاهیر تیسۆ" خەڵکی کۆنەلاجانی پیرانشار لە گوندی زیویەی ئەو شارە بە دەستی گرووپێکی نەناسراو کوژرا.[7]
باشووری کوردستان
- تەرمی دایک و باوک و کچە کوژراوەکەی بەغدا گەڕێندرایەوە سلێمانی و لەوێ نێژران.[3]
- هێمن سەید موراد بەڕێوەبەری سایلۆی هەولێر رایگەیاند، شایستە داربیەکانی جوتیاران بۆ ساڵی 2020 کە بڕی (هەشت ملیار و هەشتا و پێنج ملیۆن دینار)ە گەیشتوەتە هەرێمی کوردستان. وتیشی: لەهەفتەی داهاتوودا دەستبەدابەشکردنی ئە و بڕە پارەیە بەسەر جوتیاراندا دەکرێت.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان گیانلەدەستدانی 29 تووشبووی دیکەی بە کۆرۆنا راگەیاند و دەشڵێت، لە 24 کاژێری رابردوودا 680 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون.[3]
- سەرۆکی بۆردی رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لە سلێمانی رایگەیاند، بەگوێرەی ئامارەکان رێژەی تووشبووون بە کۆرۆنا لە سلێمانی روو لە هەڵکشانە، لە وەرزی پایز و زستانیش چەند پەتا و ڤایرۆسێکی دیکە بڵاودەبنەوە.[2]
- داعش لە نزیک گوندی بەشیر هێرشیان کردە بازگەیەکی حەشدی شەعبی و بەهۆی هێرشەکەشەوە سێ چەکداری حەشد کوژراون.[4]
- لە باخچەی گشتی شاری قەڵادزێ پەردە لەسەر پەیکەری نەنە سەلمە لادرا، کە ئەم پرۆژەیە لە چوارچێوەی پرۆژەی بەکەلەپورکردنی شاری قەڵادزێ دایە و لە لایەن رێکخراوی دینکەوە سەرپەرشتی دەکرێت. پەیکەری نەنە سەلمە لەلایەن هەردوو هونەرمەند زانیار قادر و هادی هونەر ەوە دروستکراوە لەسەر ئەرکی کۆمپانیای لوکس ئەجێنس. جێی ئاماژەیە نەنە سەلمە یەکێک بووە لە مامانەکان لە شاری قەڵادزێ کە لە ساڵانی 1930 و دواتر لە کاتێکدا پزیشکی ژنان کەم بوە ئەرکی لەدایکبوونی منداڵی گرتۆتە ئەستۆی خۆی.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بە بەشداری سەدان کەس لە دانیشتوانی ناوچەی شەداد و گوندەکانی دەوروبەری تەرمی شەهید موحسین سەعدون شەرڤانی ئەرکی خۆپاراستن لە گۆڕستانی شەهیدانی شەداد بە مەراسیمێک بەخاک سپێردرا.[1]
- سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی، بارەگاکانی هەسەدە و حکومەتی سووریا و ماڵی خەڵکی سڤیلیان لە دەورووبەری گرێ سپی و حەلەب تۆپباران کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
-بەرهەم ساڵح لە بەغدا لەکاتی پێشوازیکردن لە ژمارەیەک لە سەرۆک هۆزەکانی کەرکوک کە لە کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی دیکە پێکهاتبوون، رایگەیاند، نابێت کەرکوک قەییوم بەرێوەیببات و سیاسەتی دیفاکتۆ بەسەر دانیشتووانەکەیدا بسەپێندرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | قەڵادزێ (پشدەر) |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | جوڵەمێرگ |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامەد |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | پیرانشار - خانە |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-17
[2] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-09-17
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[4] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-17
[5] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-17
[6] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-17
[7] مانپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-17

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 263

**2020-09-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386626



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سوپای پاسداران لە سنوورەکانی شاری شنۆ سێ شوانی خەڵکی گوندی ”لولکان“سەربە ناوچەی دەشتە بێڵیان داوەتە بەر دەسترێژی گوللە و لە ئاکامدا شوانێکیان بە ناوی ”حەسەن خەندەپوور“ کوژراوە. لە ئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران دوو شوانی دیکەش بریندار بوون.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر گوندی کێستەیان لە ناوچەی بێگۆڤا لە سنووری شارۆچکەی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد.[1]
- لە ئاکامی گەریلاکانی هێرشێکی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە بۆ سەر هێزەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان دوو سەربازی سوپای تورکیا کوژران.[4]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ئاشکرای دەکات، لە 24 سەعاتی ڕابردوودا 29 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[3]
- یادی 15 ساڵەی کۆچی دوایی ژنە هونەرمەندی ناسراوی کورد مەرزییە فەریقیی لەسەر مەزارەکەی لە شاری سلێمانی کرایەوە و جگە لە خانەوادەکەی، چەندین هونەرمەند و ڕێکخراوی هونەریی بەشدارییان لە یادەکەدا کرد.[6]
- لە شارۆچکەی دەربەندیخان، ژیانی مامە حسە، ڕێکخستنی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕاپەڕینی هاوڕێی منداڵ لە دەربەندیخان بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد.[3]
- لە دژی هێنانەوەی پرسیاری دەرەوەی سیستمی خوێندن و قورسی پرسیاری تاقیکردنەوەی پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی، قوتابیانی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکوک بۆ جاری دووەم هۆڵەکانی خوێندن بەجێ دەهێڵن.[1]
- سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەبارەی سووتاندنی سنەوبەرەکانی ڕێگەی تاسلوجە کردووە، بۆ ئە و مەبەستەش دوو وەزارەت و دەستەیەک هاوکاری پارێزگاری سلێمانی دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە)، داوای لە لیژنەی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە سووریا کرد، سەردانی ناوچەکانیان بکات و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تورکیا و میلیشیاکانی هاوپەیمانی بکات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ڕووداوەکان لەو هەرێمانەی کە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراون دەکەونە چوارچێوەی تاوانی شەڕەوە و وتی، تورکیا بەرپرسیاری تاوانی شەڕە.[1]
- کلیمۆنت بۆن، وەزیری حکومەتی فەرەنسا بۆ کاروباری یەکێتیی ئەورووپا ڕایگەیاند، ئەگەر تورکیا بەردەوام ئاسایش و سەروەریی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا بخاتە مەترسییەوە، ئەوا دەبێت سزادانی ئەو وڵاتە یەکێک بێت لە بژارەکانی یەکێتییەکە.[2]
- مەرسەدی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند لە هەرێمی ئیدلب سەربازانی ڕژێمی سوریا لە دوو ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی تورکیاندوە.[1]
- جارێکی دیکە نرخی دۆلار بەرامبەر لیرەی تورکی ڕووی لە هەڵکشانە و ئەمڕۆ هەینی لەگەڵ کرانەوەی بۆرسەکانی تورکیا نرخی دۆلارێک بەرامبەر 7.55 لیرەی تورکی بوو.[2]
- هۆڵەندا سەرقاڵی ئامادەکردنی داوایەکی یاساییە دژ بە سووریا لە باڵاترین دادگای سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک هەوڵێک بۆ سزادانی حکومەتی بەشار ئەسەد لە ئەنجامی

پێشلکردنەکانی رژێمەکەی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئەشکەنجەدان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی. ئەم هەنگاوەش لە نامەیەکی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا هاتووە، کە ئەمرۆ هەیینی ئاراستەی پەرلەمانی وڵاتەکەی خۆی کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ زاخۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دەربەندیخان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | فەرەنسا |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | NL هۆڵاند |
| Quick Respons Code: | |

🗄 سەرچاوەکان

[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 18-09-2020
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 18-09-2020
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 18-09-2020
[4] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 18-09-2020
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 18-09-2020

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 02-08-2020 11:00:26 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 264

**2020-09-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386627



باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک لە ناوەند و ناوچەکانی پارێزگای بەدلیس هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان و 5 هاووڵاتییان دەستگیرکرد و دادگای دەوڵەتی تورکیش سزای زیندانیکردنی بەسەر 4 هاووڵاتییاندا سەپاند.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو بڵاویکردەوە، ژنێکی گەنجی خەڵکی گوندی زەنگۆ سەر بە شاری سەڵماس بە ناوی مریەم ئەتمانی، بەهۆی ئەو برینانەی بەهۆی ئەو سووتانەوە لەسەر جەستەی بوون، لە یەکێک لە ناوەندە تەندروستییەکانی شاری ئورمیە گیانی لەدەستدا. بەگوتەی سەرچاوەیەکی هەنگاو، مریەم ئەتمانی دایکی دوو منداڵە، هەفتەی ڕابردوو بەهۆی کێشەی خێزانییەوە لەلایەن هاوژینەکەیەوە ئاگر لە جەستەی بەردرابوو، لە ئاکامدا 90٪ی جەستەی سووتابوو.[4]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی پەروەردە ڕایدەگەیێنێت تاقیکردنەوەی هەموو قۆناخەکانی خوێندن لەناو پۆلی قوتابخانەکاندا دەکرێت. خوێندنی قۆناخی 3 تاوەکو 11ی بنەڕەتیش بە ئەلکیترۆنی دەبێت، نەک ئۆنلاین.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 612 کەس تووشی کۆرۆنا بوون و 23 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندان و هاوڵاتیانی شاری سلێمانی، مەراسیمی چلەی ماتەمینی هونەرمەند سابیر کوردستانی ئەنجامدرا و تێیدا ستایشی کار و خزمەتەکانی کرا بە هونەری کوردی و خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەشی بنەماڵەکەی کرا.[6]
- لە باخچەی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر لەڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوسەران و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان و ئەکادیمستان و کەسایەتی، کتێبی (لە بری بیرەوەری)ی مەلا بەختیار بڵاوکرایەوە.[3]
- ئەمرۆ خانەوادەی گەریلا عیرفان شەهابی، ناسراو بە ڕێباز تیلەکۆ لە ماڵی خۆیان لە شاری سلێمانی، مەراسیمێکی وەبیرهێنانەوەیان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی پێنج ساڵەی شەهیدبوونی شەهید ڕێباز تیلەکۆ ڕێکخست.[6]
- ژمارەیەک کەسایەتی و سەرۆک هۆزی کەرکوک هۆشداری لە دۆخی سەپێنراوی شارەکە دەدەن و دەڵێن: ئەگەر پارێزگاری سەپێنراوی کەرکوک لەتەعریب کردن بەردەوام بێت، ئەوە دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت، ئەو سەرۆک هۆزانە ئاشکرایان کرد، بڕیارە هەفتەی داهاتوو چاویان بە مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بکەوێت و بەرووی پێی دەڵێن: فریای کەرکوک بکەوە، چونکە هیچ کام لە پێکهاتەکانی شارەکە ڕازی نین بەو واقیعە سەپێنراوەی کە ئێستا هەیە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمرۆ لەنێو شاری عەفریندا چەکدارانی سەر بە 'سوپای نیشتمانیی سووریا' لەسەر شەقامی ڤێلات تەقەیان لە ماتۆڕسکیلێک کرد کە باوکێک و منداڵەکەی لەسەر بوو، لە ئەنجامدا منداڵەکە گوللەیەکی بەرکەوت و لە باوەشی باوکیدا گیانی لەدەستدا. منداڵەکە ناوی یوسف عوسمانە و تەمەن یەک ساڵان بووە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەردەوامە لەسەر تاوانی شەڕ لەدژی هاوڵاتیانی عەفرین. بەپێی سەرچاوە هەرێمیەکان چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی داگیرکەری تورک گەنجێک و ژنێکی گەنجی عەفرینیان ڕفاند و چارەنووسیان نادیارە.[1]
- سوپای ئەمریکا سەربازی زیاتر، تانک و ئۆتۆمبێلی جەنگیی جۆری برادلی و ڕاداری پێشکەوتوو دەنێرێتە ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و جموجووڵی فڕۆکە جەنگییەکانیش لە ئاسمانی ناوچەکەدا زیاد دەکات.[2]
- میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاویان کردەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە 40 پێگەی سەربازی بەدرێژایی سنوری نێوان باشورو ڕۆژئاوی کوردستان دروست کردون و پشتیوانی

سەربازی و چەکیشی بۆ ئەو پێگانە ڕەوانە کردوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگری لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردۆتەوە کە دوو کەس بەناوەکانی مارک ئالان فریدای (37ساڵ) و لارا جومعە محەمەد (30 ساڵ) کە خاوەنی کۆمپانیان لەشاری هەولێر، هەوڵیانداوە بەرتیل بدەن بەیەکێک لە بەرپرسەکانی سوپای ئەمریکا لەپێناو بەدەستهێنانی گرێبەستێک بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان بۆ هێزەکانی ئەمریکا.[3]
- کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لەبارەی سووریا ڕاپۆرتێکی نوێی بڵاوکردەوە و دەڵێ بەڵگە هەیە وایلێدەکات باوەڕی بەوە هەبێت: میلیشیاکانی سەر بە تورکیا تاوانی جەنگ لەدژی دانیشتووانی کوردی باکووری سووریا دەکەن، وەک: ڕفانن، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیی سێکسی و تاڵانکردنی ماڵ و موڵک.[4]
- بەهای هەر دۆلارێکی ئەمەریکی بۆ بەرزترین ئاستی بە 7.5660 لیرە بەرزبووەوە، بەوەش بەهای لیرەی تورکی لەسەرەتای ئەمساڵەوە زیاتر لە 21% بەهاکەی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی لەدەستداوە.[4]
- ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا ئەمڕۆ لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر، کە بە زمانی تورکی بڵاویکردووەتەوە، نووسیوویەتی پەیامێکی ڕوونمان بۆ تورکیا نارد، پەیامەکەش ئەوەیە پێویستە دیالۆگێکی بەرپرسیارانە دەستپێبکەین و بە نیازێکی پاک گفتوگۆ بکەین و کات نەکوژین.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەڵماس
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🔥 کەرکوک
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بەدلیس
🏙 شار و شارۆچکەکان: 🕊 عەفرین
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🗺 وڵات: فەرەنسا
🗺 وڵات: ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات: TR تورکیا
🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-19](#)
[2] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-19](#)
[3] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-19](#)
[4] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-19](#)
[5] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-19](#)
[6] 🗞 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-19](#)


کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 265

**2020-09-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386628



باکووری کوردستان
- یادی ئاپێ موسا عەنتەر لەسەر گۆڕەکەی لە ناوچەی نسێبینی مێردین کرایەوە و تەییب تەمەل پەرلەمانتاری هەدەپە لە مەراسیمی یادکردنەوەکەدا قسەی کرد و وتی، ئاپێ مووسا لە هەموو تێکۆشینەکانی چاپەمەنی ئازاددا دەژی.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دانیشتنی دادگای هۆشمەند عەلیپوور، بەندکراوی سیاسیی کورد لە لقی دووهەمی دادگای شۆڕشی شاری سنە بەڕێوەچوو و بڕیارە حوکمەکەی حەوتووی ڕابردوو بە پارێزەرەکەی ڕابگەیەندرێت.[6]
- ئەرسەلان هیدایەتی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی قوروە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی خۆی بە زیندانی دیزڵاوای کرماشان ناساند. ئەو چالاکە مەدەنییە شەوی ڕابردوو بە بڵاوکردنەوەی فیلمێک لە لاپەڕەی ئینیستاگرامییەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە سبەی بۆ جێبەجێکردنی حوکمی چوار مانگ زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی دیزڵاوای کرماشان دەکرێت.[4]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی دامێنی چیای دێلویان کرد لە سنووری برادۆست.[5]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە 24 سەعاتی ڕابردودا 444 توشبوی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراون و 667 توشبووش چاکبونەتەوە و 24 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- 23 هەمین فێستیڤاڵی ئەدەبی گەلاوێژ لەژێر ناوی ئاسۆ دەدرەوشێتەوە سلێمانی دەستی بەکارەکانی کرد.[2]
- لە شاری سلێمانی، بە بەشداری و نوێنەرایەتی 42 ڕێکخراوی مەدەنی و 108 چالاکوان، کەمپینێک لەژێر ناونیشانی "بەسە ژن کوژیی" بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسی کوشتنی دوو خوشکەکەی چەمچەماڵ ڕاگەیەندرا.[1]
- بە بەشداریی کەسوکار و هاوڕێیان و ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان و هاوڵاتیانی شاری کەرکوک، چلەی ماتەمینی هونەرمەدنی کۆچکردوو سابیر کوردستانی بەڕێوەچوو، تێیدا ستایشی ڕۆڵی سابیر کوردستانی کرا لە پاراستنی هونەری ڕەسەنی کوردیدا، هەروەها پەرتوکێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بڵاوکرایەوە.[5]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە لە مەڵبەندی دووی یەکێتی نشتیمانی کوردستان لە شاری کەرکوک، کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا بە بەشداری 14 حزبی کوردی کەرکوک لەسەر ئاستی کەسی یەکەمی حزبە کوردستانیەکانی شارەکە، کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی

ئیستای کەرکوک و بەعەرەب کردنی شارەکە و پێکهێنانی لیژنەیەک لە حزبە کوردستانیەکانی کەرکوک بۆ سەردانی بەغدا و هەولێر بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کەرکوک.[1]
- پرشنگ رەشید عەبدولکەریم خێزانی شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی عەین داداتی باکووری رۆژهەڵاتی منبجیان تۆپباران کرد. بەپێی راگەیاندنی ناوەندی چاپەمەنی ئەنجومەنی سەربازی منبج لە تۆپبارانەکەدا ژنێک بە سەختی بریندار بووە.[1]
-ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA) بڵاویکردەوە، هاووڵاتییانی گوندی عەلۆک لە 10 کیلۆمەتریی رۆژهەڵاتی سەرێکانی دا دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان و داگیرکردنی ناوچەکەیان ئیدانە کرد، چەتەکانی دەوڵەتی تورکیش تەقەیان لە هاووڵاتییانی نارازیی بەشداربووی چالاکییەکەی دژ بە تاڵانی و دزی و داگیرکەری کرد. بەپێی زانیارییەکان، بەهۆی هێرشی چەتەکانەوە بۆ سەر هاووڵاتییان چەندین هاووڵاتی بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی داتاکان، رۆژانە نزیکەی هەزار و 600 حاڵەتی نوێ و 60 مردن بە کۆرۆنا لە تورکیا تۆمار دەکرێت، ئەمەش بە بەراورد بە چەند مانگ لەمەوبەر، زۆر زیادی کردووە.[3]
- خلووسی ئاکار، بە توندی ئیدانەی ئە و رۆژنامەیەی کرد، کە وێنەیەکی رەجەب تەیب ئەردۆغانی لە لاپەڕەی یەکەمی خۆی بڵاوکردبوویەوە و لەسەری نووسیبوو: بە نەفرەت بێت.[3]
- وەزیری بەرگری قوبرس، خارالامبوس بیتریدیس داوای لە یەکێتی ئەوروپا کرد رێوشوێنی یەکلاییکەرەوە بەرامبەر بە تورکیا بگرێتەبەر لە ئەنجامی رەفتارەکانی ئەنقەرە لە رۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست.[3]
- نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق گەشبینی خۆی بە لێکنزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدا نیشاندا.[3]
- باڵیۆزی فلیپین لە عێراق رایگەیاند، وڵاتەکەی خوازیاری کردنەوە کۆنسوڵخانەی خۆیەتی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ماردین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ منبج |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ کرماشان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سنە |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | یۆنان - گریک |
| 🗺 وڵات: | قوبروس |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |

ولات: فیلیپین

ولات: ← ڕۆژئاوای کوردستان

ولات: TR تورکیا

ولات: ↑ باکووری کوردستان

ولات: ↓ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-20
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-20
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-20
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-20
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-20
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-20

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 266

## 2020-09-22

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386629




باکووری کوردستان
- لێکۆڵینەوەیەکی تر لە فیگەن یوکسەکداغ و سەڵاحەدین دەمیرتاش کرا، بەڵام دادگای بڕیاری 'با دۆخی ڕاگرتنیان بەردەوام بێت'ی دەرکرد.[1]
- داگیرکەری تورک بۆ 15 ڕۆژ هەموو جۆرە چالاکییەکی لە سێرت و ئێلح قەدەغە کرد. لە زۆربەی هەرە زۆر شارەکانی کوردستاندا ئەنجامدانی هەموو جۆرە چالاکییەک قەدغەیە و ئەوە قەدغەکارییەش بۆ ماوەی چەند ساڵە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو درێژدەکرێتەوە.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە وان جارێکیتر بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکییەکی لەو شارەدا بۆ ماوەی 16ی ڕۆژی تر درێژ کردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- دەستەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی نارازیی شاری کەرکوک هەڵستان بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی نارەزایی لەبەردەم بینای پەروەردەی کەرکوک بۆ داواکردنی مافەکانیان.[1]
- بەهرۆز جەعفەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لەسەر سکاڵای سەرۆک کۆماری عێراق، بەرهەم ئەحمەد ساڵح، لە لایەن پۆلیسی سلێمانییەوە دەستگیرکرا.[2]
- دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە خوان خۆسێ ئیسکۆبار، باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق و وەفدێکی یاوەری کردو پرۆژەی دروستکردنی هێڵی ئاسن لە هەرێمی کوردستان و بەشداریکردنی کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە لەو بوارەدا تاووتوێکرا.[2]

رۆژئاوای کوردستان
- دەستەی تەندروستیی باکوور – رۆژهەڵاتی سوریا رایگەیاند، 3 کەسی تر بەهۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لە دەستدا و بەوەش ژمارەی ئەوکەسانەی بە کۆرۆنا گیانیان لە دەستداوە گەیشتە 58 کەس.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری پلاندانانی عێراق لە میانی بەشداری کردنی لە 35مین کۆبوونەوەی رێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی هەرێمی رۆژهەڵاتی خواروو گوتی، ڤایرۆسی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی رێژەی هەژاری لە عێراق بۆ 31% بەرزببێتەوە.[2]
- پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2020ی عێراق گەیشتە پەرلەمان، بودجەکە بە 148 تریلیۆن دینار خەمڵێندراوە، کە کورتهێنانەکەی لە سەرووی 81 تریلیۆن دینارە، عێراق لە هەموو مێژووی خۆیدا کورتهێنانی لەوشێوەی لە بودجەی ساڵانەی تۆمارنەکردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | کەرکوک |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| شار و شارۆچکەکان: | سێرت |
| شار و شارۆچکەکان: | وان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-22

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-08-02 11:00:26 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 267

**2020-09-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386630



Republic of Iraq
Ministry of Justice
Executive Office

باکووری کوردستان

- لە ناوچەی نسێبینی مێردین پۆلیسی دەوڵەتی فاشیست لە کاتژمێرەکانی بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیان هەڵی کوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و لە ئەنجامدا 5 کەس دەستگیر کران.[1]
- دادگای دەستوری بنەرەتی تورکیا، داواکاریی تەمیزی لەیلا گوڤەن پەرلەمانتاری هەدەپەی لەبارەی گەڕانەوەی مافی پارێزبەندی بۆی رەتکردەوە.[7]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لاوێکی کورد بە ناوی کەیوان قادرپوور کوڕی مەجید خەڵکی گوندی ماڵتەی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە گوندی چۆمان پێکرا. ئەو لاوە کوردە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گوڵلەی بەر سەری کەوتووە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سنە کراوە. پزیشکەکان باری تەندروستیی ئەو لاوە کوردەیان نالەبار ڕاگەیاندووە.[6]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامارەی 24 کاتژمێری رابردووی تووشبوون، مردن و چاکبوونەوەی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، بە گوێرەی ئامارەکانیش (955) حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراون، 374 تووشبوو چاکبوونەتەوە و 19 تووشبووی کۆرۆناش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- لە ماوەی سێ رۆژدا پزیشکێک و دوو کارمەندی تەندرووستی لە پارێزگای دهۆک بە کۆرۆنا گیانیان لە دەستداوە.[4]
- حکومەتی عێراق نووسینگەیەک لە شارۆچکەی شنگالی سەر بە پارێزگای نەینەوا دەکاتەوە کە نووسینگەکە تایبەت دەبێت بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ژنان و کچانی رزگاربووی کوردانی ئێزدیی دەستی رێکخراوی داعش لە شارۆچکەدا.[2]
- لە شاری سلێمانی، بە ئاهەنگێک جەژنی (مهرگان) کە دووەمین جەژنی کوردە لەدوای نەورۆز لە ئاینی زەردەشتیدا و بە جەژنی تازەکردنەوەی پەیمان، برایەتی و پێکەوەژیانی ناسراوە، لەلایەن فیدراسیۆنی زەردەشتیانی کوردستانەوە پیرۆزکرا.[7]
- 540 ملیۆن دینار بۆ کڕینی پێداویستییەکانی خۆپارێزی بۆ ناوەندەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە خەرجدەکرێت.[2]
- بوومەلەرزەیەک لە سنووری پارێزگای سلێمانی روویدا و بەپێی سەنتەری چاودێریی بوومەلەرزەی زانکۆی تاران، گوڕەکەی 3.9 پلە بووە بە پێوەری ڕێختەر بە قوڵایی 10 کیلۆمەتر و دووریی 26 کیلۆمەتر لە شاری سلێمانی روویداوە.[2]
- بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەمەندان و رۆشنبیران کەسۆکار و هاورێ هونەرمەندی کۆچکردوو فوئاد حەمەخان لە مەراسیمێکدا لە هۆڵی رۆشنبیری چەمچەماڵ، پەردە لەسەر وێنەی هونەرمەندی کۆچکردوو فوئاد حەمەخان لادرا کە وێنەی کۆچکردوو لەلایەن هونەرمەند سامی سەعدوڵلا کێشراوە و بەرهەمی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لقی چەمچەماڵ بوو.[3]
- لە دانیشتنێکی فەرمی لیژنەی پەیوەندییەکانی پەرلەمانی ئەوروپا و عێراق و بە ئامادە بوونی بەرێوبەری بەشی کەنداو و عێراق لە ئۆفیسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا و نووسینگەی پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپادا، دلاوەر خالد ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری شاندێکی نوێنەرایەتی وتارێکی لە سەر دوایین پێشهات و گۆڕانکارییە گرینگەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق پێشکەشی ئامادەبووان کرد.[4]
- 10 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری هیرۆیین لە سنووری باشوور و باکووری کوردستان لەلایەن تیمێکی هاوبەشی ئاسایشی سۆران و مێرگەسۆر دەستی بەسەرداگیرا.[4]
- ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەوڵی پرساندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە، رایگەیاند، وەرگرتنەوەی متمانە لە سەرۆکی حکومەت پێویستی بە دەنگی 74 پەرلەمانتارە کە ئەوەش لە سەروی موستەحیلاتە، دەشڵێت: ئێمە لە پەرلەمان ناترسین، بەڵکو خودانی پەرلەمانین.[5]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاردەێی لەیلان لە سنووری پارێزگای کەرکوک، بە ئامادەبووانی بەشێک لە

سەرۆک هۆزەکانی عێراق، ئەنجومەنی سەرۆک هۆزەکانی نەتەوەکانی کەرکوک پێکهێنرا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گروپی چەتەی جەبهە شامیەی داگیرکەر لە گەڕەکی ئەشرەفیەی عەفرین ژنێکیان بەناوی زەینەب ڕفاند و لە هەمانکاتدا نزیکەی 2 هەزار و 500 دۆلارەکەشیان لە ماڵەکەیدا دزی.[1]
- ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی لە زاری سەرچاوەکانییەوە بڵاوی کردووەتەوە جەیمس جێفری، نوێنەری تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەختی کردووەتەوە لەوەی؛ تورکیا جارێکی دیکە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ئەنجامنادات، کە شوێنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە)یە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە بانگەوازێکدا، ڕایگەیاندووە حەیدەر قوربانی، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام، لە ئەگەری ئێعدام دایە و داوای لە بەرپرسی هێزی دادوەریی کردووە کە دەبێت دەسبەجێ بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، ڕابگرن.[6]
- نووسەر و سیاسەتمەدار ڕۆبێرت جارۆوۆی کە چەندین ساڵە لە ئەڵمانیا پشتگیری لە تێکۆشانی ئازادی کورد دەکات کۆچی دوایی کرد.[1]
- بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دادی عێراق کە بەرواری ئەمڕۆی لەسەرە و ئاراستەی ژمارەیەک لە پارێزگاکانی عێراق کراوە، بەتایبەت کەرکوک و نەینەوا و سەڵاحەددین؛ تێیدا فەرمانی کردووە بە نووسینگەکانی جێبەجێکردن کە هەموو بڕیارەکانی تایبەت بە لێسەندنەوەی مافی بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییەکان کە خاوەنەکانیان عەرەب نین، بوەستێنرێن تاوەکو ئەوکاتەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لەبارەیەوە بڕیار دەدات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
- پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
- پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
- پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
- شار و شارۆچکەکان: بانە
- شار و شارۆچکەکان: سنە
- شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
- شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
- شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
- شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: عەفرین
- شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
- شار و شارۆچکەکان: شنگال
- وڵات: باشووری کوردستان
- وڵات: IQ ئێراق
- وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
- وڵات: TR تورکیا
- وڵات: DE ئەڵمانیا

🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان
🗺 وڵات: IR ئێران
🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات: ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-23
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-23


کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 268

**2020-09-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386631



باکووری کوردستان
- ئاگرەکەی چیای گابار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بڵاودەبێتەوە. سەربازە تورکەکان ڕێگری لە کوژاندنەوەی ئاگرەکە دەکەن.[1]
- علەی بۆچناک زیندانیی نەخۆشی تەمەن 76 ساڵ لە زیندانی جۆی ئێڵ لە ناوچەی پاتنۆسی ئاگری شەهید بوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەد تەقی ئۆسانلو، فەرماندەی قەرارگای هەمزەی سوپای پاسداران کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیی لەبارەی پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ورمێ ئەنجامدا و رایگەیاند، خێزان و کەسوکاری پێشمەرگەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان ڕاسپاردووە کە هەوڵی گەڕاندنەوەیان بدەن و گیانی ئەو خزمانەیان بپارێزن. لەبارەی بەرگریکردن لە کۆڵبەران هۆشداریی دایە نوێنەرانی پەرلەمان و بەرپرسانی خۆجێیی شارەکان و گوتی، کەسێک بەناوی کۆڵبەر نییە و ئەو کەسانەی کە لە سنوورەکان هاتووچۆ دەکەن قاچاخچین و خوێنیان لەسەر خۆیانە.
هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد، هەموویان لەگەڵ ئەوەدان کە ڕێڕەوە کۆڵبەرییە ڕێگەپێدراوەکان بکرێنەوە، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسان لە تاران لەگەڵ ئەوەدا نین و دژایەتیی دەکەن.[2]
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، زەینەب جەلالیان بەندکراوی سیاسی کورد دوای سێ مانگ ڕاگیران لە بەندی کەرەنتینەی بەندیخانەی ناوەندیی کرمان بۆ بەندیخانەی دیزڵئاوای کرماشان گوازراوەتەوە.[6]

باشووری کوردستان
- کارگەیەکی دروستکردنی بۆری کە لە ئاودێریدا بەکارهاتووە و مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 1500 ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، لە سنووری پارێزگای دهۆک دۆزرایەوە.[4]
- لە 24 سەعاتی رابردودا چوار هەزار و 634 پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە و 666 توشبوی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراون. هەروەها 20 توشبوش گیانیان لەدەستداوە.[3]
- بەهۆی رووداوێکی هاتووچۆ لەسەر رێگەی تاسڵوجە - سلێمانی چوار منداڵ گیانیان لەدەستداوە و چوار کەسیش برینداربوون.[2]
- لە سنوری گەرمیان بەڕێوەبەری ئامادەییەکان رایانگەیاند حکومەت و وەزارەتی پەروەردە لەبەرامبەر پێدانی مافەکانیان بێباکەو ئەگەر لەکاتی خۆیدا مووچەیان بەبێ لێبڕین پێنەدرێت بایکۆتی پرۆسەی خوێندن دەکەن و ئامادە نین بچنەوە هۆڵەکانی خوێندن و خوێندنی ئۆنلاینیش رەتدەکەنەوە.[3]
- وەزیری کشتوکاڵ رایگەیاند، تاکە کەس بووە بەرگری لە جوتیاران کردوە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و رێگری لە بەرهەمی هاوردەکراوی قاچاغ لە مەرزەکانەوە، بەڵام ئەمڕۆ بابەتی جوتیارانیش بە سیاسی کراوە و لە گردبوونەوەی جوتیاراندا قسەی سیاسی دەکرێت.[3]
- وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بانگەشەکانی وەزیری دارایی عێراق رەتدەکاتەوە کە وتبوی، هەرێمی کوردستان بۆتە سەرچاوەی بەقاچاخبردنی نەوت و هۆکاری زۆربەی ئەو کێشانەیە کە عێراق نەیتوانیوە پابەندبێت بە داخوازییەکانی رێکخراوی ئۆپیک بۆ کەمکردنەوەی نەوت.[5]
- بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر رایگەیاند، ئەمشەو گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان هەولێر و تورکیا دەستپێدەکەنەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک لە بەرانبەر سنوری ناوچەی دربێسیێ کانتۆنی حەسەکە دەستی بە هەڵکەندی خەندەق کردووە. بەپێی سەرچاوەکان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەژێر چاودێری سەربازانی تورک دەست بە هەڵکەندنی خەندەقەکان کراوە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئێوارەی ئەمڕۆ بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە خۆرئاوای سەرێکانی تەقیوەتەوە و بەو هۆیەوە 10 کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[3]
- لە رۆژاوا، 39 کەسی تر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون. ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشییەکە بوون گەیشتنە هەزار و 343 کەس.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسان (CPJ) داوا دەکات، ئەو رۆژنامەنووسەی بەهۆی رەخنەگرتن لە بەرهەم ساڵح لە سلێمانی دەستبەسەرکراوە، بەبێ هیچ مەرجێک ئازاد بکرێت.[4]
- بەهۆی دواکەوتنی تورکیا لە دانەوەی قەرزەکانی بە کۆمپانیاکانی دەرمانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە، ئێستا بیرۆکەی راگرتنی پرۆسەی فرۆشتنی دەرمان بە تورکیا لەئارادایە.[4]
- دەسەڵاتی فڕۆکەوانی مەدەنی عێراق، ئەمڕۆ رایگەیاند، لە سبەینێوە هیچ گەشتێکی ئاسمانی لە نێوان عێراق و ئێران ناکرێت و جووڵەی فڕۆکەوانی لەگەڵ ئێران رادەگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ حەسەکە

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ ورمێ

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)

🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: ◯ دهۆک
شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-24
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-24
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-24
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-24
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-24
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-26

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 269
**2020-09-25**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386632



باکووری کوردستان
- داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورک لە ئەنقەرە لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورددا و بە پاساوی چالاکییەکانی 5 بۆ 8ی تشرینی یەکەمی 2014 بۆ پشتیوانیکردن لە کۆبانێ، لە 7 شاردا بڕیاری دەستگیرکردنی 82 کەسی دەرکرد. ئەندامانی دەستەی ناوەندیی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لەو ئۆپراسیۆنە پاکتاوکارییەدا دەستگیرکراون. ئایهان بیلگەن هاوسەرۆک شارەوانیی قەرس، عەلی ئورکوت ئەندامی هەدەپە، نازمی گیور ئەندامی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەدەپە، جان مەمیس ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندیی هەدەپە، سری سوریا ئۆندەر پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە لە ئەنقەرە و ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئیمراڵی و چەندین کەسی تر لە ئەنجامی ئەو ئۆپراسیۆنە پاکتاوکارییەی دژ بە گەلی کورد دەستگیرکراون.[1]
باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر لە نێوان کاتژمێر 20:30 و 20:40 ی شەوی ڕابردودا ناوچەی بەکتوریایان لە حەفتانینی باشووری کوردستان بۆردومانکرد. لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەردا زەوی و زاری ناوچەکە ئاگری تێبەر بوو.[1]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئامارەی 24 کاتژمێری کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، بە گوێرەی ئامارەکانیش (706) کەس تووشی کۆرۆنا بوون، 521 تووشبوو چاکبوونەتەوە، 25 تووشبووی کۆرۆناش گیانیان لەدەستداوە.[3]
- عەباس ژاژڵەیی، هونەرمەندی دیاری شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: باکووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-25


کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 270

**2020-09-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386633



باکووری کوردستان
- پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕایگەیاند، دەسەڵاتی ئاکپارتی و مەهەپە چوار ساڵە بەردەوام هێرش دەکەنە سەر هەدەپە، بەڵام نەیانتوانیووە چۆکمان پێدابدەن.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شورای باڵای تەناهی نەتەوەیی ئێران بڕیاری چۆڵکردنی گوندەکانی نۆکان، هەرزنە، گاکی، گۆڕە شێر، بەردان و تێتێ خوارێی شاری سەردەشتی دەرکردووە. هەنگی سنووریی سەردەشت بە خەڵکی ئەو گوندانەی ڕاگەیاندووە بە هۆی هەڵکەوتەی ئەو گوندانە، لە سەر هێڵی سووری سنووری، بەپێی پەسەندکراوی شورای باڵای تەناهی نەتەوەیی دەبێت هەرچی زووتر چۆڵ بکرێن.[6]
- پارێزگاری کرماشان ڕایگەیاندووە، چەندین ڕێکاری نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە

پارێزگای کرماشان دەگرنەبەر، لەوانە قوتابخانەکانی ئەو پارێزگایە دادەخرێن.[2]

- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا حوکمی 3 ساڵ بەندکرانی "سابیر قادری" چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزی خەڵکی دێولان بە فەرمی بە ناوبراو ڕاگەیەندراوە.[8]

باشووری کوردستان

- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، بۆردوومانی دەوروبەری گوندی رویسێ-یان کرد لە شارەدێی باتیفای سەر بە شارۆچکەی زاخۆ. بەهۆی بۆردوومانەکەوە زیان بەر خانووی هاوڵاتیانی ناو گوندەکە کەوتووە.[1]

- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، لە ماوەی 24 کاتژمێردا 33 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.[4]

- مامۆستایانی ئامادەییەکانی پەروەردەی کفری لە ڕاگەیەندراوێکدا بایکۆتی خوێندنیان ڕاگەیاند و داواکارییەکانیان بە نوسراوێک ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم دەکەن.[3]

- لە دژی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک، نۆ بەرە و گرووپی جیاواز لە شاری سلێمانی هاتنە لای یەک و بڕیاری پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشیان دا و کارنامەیەکی فراوانیان دەرکرد بۆ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر.[7]

- زانکۆی ڕاپەڕین بڕیاریداوە بەشی کوردی لە زانکۆکە دابخات و مامۆستاکانی بەشەکەش ناڕەزایی دەردەبڕن.[3]

- ژمارەیەک تورکمانی کەرکوک، خێوەتیان لە ناوەندی شارەکە هەڵدا و دروشمی نا بۆ زەلیلی؟یان بەرز کردەوە، وەک سەرکۆنەکردنی دەسەڵاتی ئیداریی گەندەڵی شارەکە. تورکمانەکانی کەرکوک، دووپاتیان کردەوە، کە راکان جبووری، پارێزگاری سەپێنراوی کەرکوک، جیاوازی و کێشەی خستووەتە نێوان پێکهاتەکانی کەرکوکەوە و بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بۆیە داوایان کرد کە لە کارەکەی دوور بخرێتەوە و گۆڕانکاریی لە پۆست و پلە کارگێڕییەکانی شارەکەدا بکرێت.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ناوچەی پیشەسازیی باشووری سەرێکانی تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا حەفت کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.[5]

دەرەوەی کوردستان

- حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا ڕاگەیاندراوێکی لە دژی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی ئاکەپە – مەهەپە بۆ سەر هەدەپە بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ئەردۆغان لە تورکیا گوشار دەخاتە سەر هەموو هێزە دیموکراتیکەکان، کە دژ بە دیکتاتۆری بەرەنگاری دەکەن. ڕاشیگەیاند، لە ساڵی 2016ەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 150 هەزار کەسی ئۆپۆزسیۆن دەستگیر و زیندانیکراون. ئاکەپە دەستیگرتووە بەسەر زۆربەی شارەوانییەکانی هەدەپەدا و زۆربەی هاوسەرۆک شارەوانییەکانی لە ئەرکەکانیان دوورخستوەتەوە و سەڵاحەدین دەمیرتاش و چەندین پەرلەمانتاری تریشی زیندانیکردووە.[1]

- ئەحمەد داودئۆغلو، سەرۆکی پارتی ئایندە و میدحەت سانجار، هاوسەرۆکی هەدەپەدا داودئۆغلو نیگەرانیی خۆی لەبارەی هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی هەدەپەوە بۆ سانجار دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە هەڵمەتی دەستگیرکردنەکە نایاساییە و تەنیا ڕەهەندی سیاسیی بەدواوەیە.[2]

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە نوێترین ڕاپۆرتیدا ئاماژەی بەکارە نایاساییەکانی ئێران لە چەندین ناوچەی جیاوازی جیهاندا کردووە، ڕوونیکردوەتەوە حکومەتی ئەو وڵاتە، پشتگیری لە تیرۆری نێودەوڵەتی دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: رانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: فرەنسا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئیف نیوز - 2020-09-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-09-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-26
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-26

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 271
**2020-09-27**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386634




باکووری کوردستان
- لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدە نارەزایی بەرانبەر بێدەنگی ئۆپۆزسیۆن لەبەرانبەر هێرشی سەر گەلی کورد پیشاندا و وتی، هەر بێدەنگیەک دەبێتە هێز بۆ ئاکەپە و مەهەپە.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- دەوڵەتی تورک جارێکی تر ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی گەنجان، بە ناوی نوچە جوان داخست.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هوشمەند عەلی پوور، زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری سنە، پاش هەڵوشاندنەوەی حوکمی ئیعدامی لە دیوانی باڵای وڵات، دووبارە دادگایی کرایەوە و بە 38 مانگ زیندانی مەحکووم کرا.[5]
- حوکمی 6 ساڵ زیندانیی چالاکێکی ژینگەپارێزیی کورد بە ناوی سابیر قادری خەڵکی دێولان، لە لقی 4ی دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە، بۆ سێ ساڵ زیندان کەم کرایەوە.[5]
- لاوێکی کورد بە ناوی سەردار مینە پوور کوڕی حوسێن تەمەن 25 ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئیبراهیم رەسووڵیان خەڵکی گوندی گروێسی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری ئەو شارە بە سەختی پێکرا.[5]
باشووری کوردستان
- بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی تەندروستی لە ماوەی 24 کاتژمێردا 21 تووشبووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە، هاوکات 484 تووشبوو چاکبوونەتەوە.[4]
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، بە فەرمانی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بودجەیەک بە گوژمەی 260 ملیۆن دینار بۆ خوێندنی کوردی لە کەرکوک خەرجکرا.[2]
- بەیانی ئەمرۆ، کە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ساڵی نوێ لەلایەن بەشێک لە مامۆستایانەوە لەبەردەم پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی خۆپیشاندان ئەنجامدرا. مامۆستایان داوا دەکەن کە مووچەکانیان لەکاتی خۆیدا پێ بدرێت و لەوە زیاتر یاری بەهەستی مامۆستایان و فەرمانبەران نەکرێت.[3]
- بەبڕیاری وەزیری پێشمەرگە یەکەی ژمێریاری یەکەکانی 70 و 80 خرایە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و وردبینی و پێداچوونەوە بەخزمەتی سەربازی سەرجەم هێزەکانی سەر بەو یەکانە دەکرێت.[3]
- ئەمرۆ لیژنەیەکی پەرلەمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە لە سووتانی دار سنەوبەرەکانی سلێمانی سەردانی شارەکەی کرد و لەگەڵ پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگا و 10 فەرمانگەی پەیوەندیدار کۆبووەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- 39 کەسی تر تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و 2 کەسیش بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە گیانیان لە دەستدا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- لەناو پەرلەمانی عێراقدا ئاڵۆزیی لەنێوان یوسرا رەجەب و پەرلەمانتارانی پارتی لەسەر موچەی فەرمانبەرانی کوردستان دروستبوو.[1]
- لە دوایین راپۆرتیدا، نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، دەرکەوتووە شەڕی سووریا زیانی زیاتر لە 442 ملیار زیانی بەو وڵاتە گەیاندووە.[2]
- ئازەربایجان دۆخی جەنگی راگەیاند و هاتووچۆشی لە باکۆ و شارەکانی دیکەی وڵات قەدەغەکرد و لە چوارچێوەی پێشڕەوییەکانیشیدا لەڕووی هێزەکانی ئەرمینیا، سوپای ئە و وڵاتە چیایەکی ستراتیژی لە هەرێمی قەرەباخ کۆنترۆڵکرد.[4]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، تورکیا یەکەم کاروانی ئە و گروپە چەکدارانەی سووریای رەوانەی ناوچەی قەرەباغی کێشە لەسەر لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان کرد، کە

پشتیوانی لە ئەنقەرە وەردەگرن، ئەمەش بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە ئازەربایجان لە جەنگی دژ بە ئەرمینیا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ پیرانشار - خانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-27
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2020-09-27
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی یوک میدیا - 2020-09-27
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2020-09-27
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردیا - 2020-09-27

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 272

**2020-09-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386635




باکووری کوردستان
- ئومێد دەدە جێگری هاوسەرۆکانی هەدەپە رایگەیاند، سیاسەتمەدارە دەستگیرکراوەکان ژەهرای بوون و رەوانەی نەخۆشخانە کراون. راشیگەیاند، ئایهان بیلگەن لە دوای پێدانی خۆراکی شل رەوانەی ئاسایش کرایەوە و 2 سیاسەتمەداری تریشیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەر، رەحیم ئیرەجی خەڵکی گوندی قوروە_دەرەی شاری سەقز، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری هەنگەژاڵی بانە بە سەختی بریندار بوو.[7]
- مێعراج مورتەزایی، هاووڵاتیی خەڵکی گوندی دێوەزناوی سەوڵاوا دوای دوو مانگ دەستبەسەر کران بە دانانی بارمتەی 40 میلیۆن تمەنی و بە شێوەی کاتی لە بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە ئازاد کرا.[9]
- بڕیاری دەستبەسەر کرانی فەرانەک جەمشیدی، ژینگەپارێز و ئەندامی کۆمەڵەی سەوزی کوردستان بۆ جاری سێهەم لەلایەن لقی دووهەمی دادگای گشتی و شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "شالگەردی" درێژکرایەوە.[9]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دەڵێت، لە 24 کاژێری رابردوودا 735 تووشبوون و 22 کەسیش مردوون.[2]
- لە هۆڵی کۆلێژی زمان لە زانکۆی سلێمانی چلەی ماتەمینی بۆ پێشمەرگەو مامۆستای زانکۆ پرۆفیسۆر محەمەد کەساس جەباری بەڕێوەچوو.[3]
- وەزیری بەرگری ئیتالیا گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە فرۆکەخانەی هەولێریش بەرێورەسمێکی سەربازی لەلایەن شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگەی هەرێمەوە پێشوازی لێکرا.[3]
- فەرمانگەی کشتوکاڵی کەرکوک رەتیدەکاتەوە پەیوەست بێت بە بڕیارێکی وەزارەتی دادی عیراق بۆ راگرتنی کارکردن بە گرێبەستە کشتوکاڵییەکانی پارێزگاکە و بە پاساوی ئەوەی ئەوان فەرمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەردەگرن.[5]
- لە هاوینەهەواری دوکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی، دوو ئەندامی دژە تیرۆری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە خەڵکی تەکیەی جەبارەی سەر بە چەمچەماڵن، کوژران.[6]
- لە رۆژی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا لەشاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ رۆژنامەنووسان ئەنجامدرا، تێیدا جەخت لەوەکرایەوە، کە لە هەرێمی کوردستان رۆژنامەنووس دەستی بە زانیاریی ناگات، ئەوەش هەوڵەکانی حکومەت بۆ چاکسازیی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش لە پەیامێکدا کە بۆ کۆبوونەوەکەی ناردبوو، دەڵێت: بەهۆی دۆخی خراپی هەرێمی کوردستانەوەیە نەتواندراوە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری جێبەجێ بکرێت.[8]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی قاتوف و تل دیاب و بە پاساوی ئەوەی پەیوەندییان بە تەقینەوەکانی سەرێکانییەوە هەیە، هەوڵیاندا هەندێک لە هاووڵاتییانی ئەو گوندە دەستگیر بکەن و لەگەڵ خۆیان بیانبەن، بەڵام دانیشتوانی ئەو دوو گوندە لە دژی چەتەکان راپەڕین.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئان لیندی وەزیری دەرەوەی سوید نارەزایی بەرامبەر هێرشی قرکردنی سیاسیی ئاکەپە و مەهەپە لەدژی هەدەپە پیشاندا.[1]
- سەرۆکی پارتی چەپی سوید لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا پەیامێکی بڵاوکردەوە و دەستگیرکردنی سیاسەتمەدار، هاوسەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی هەدەپەی شەرمەزار کرد.[1]
- هەرێمی قەرەباخ کە ئازربایجان هێرشی کردووەتە سەری رایگەیاند، هەلیکۆپتەر و فرۆکەی جەنگی تورکیا و چەتەکانی لەدژی ئەوان بەکاردەهێنرێن.[1]
- بەهۆی بەردەوامی هێرشە مووشەکییەکانەوە، باڵیۆزی ئەمەریکا بەغدای جێهێشت و گرووپە چەکدارەکانی عێراقیش هەرەشە لە هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن.[4]

- رۆژنامەی تایمزی بەریتانی رایگەیاند، واشنتن پلانی هەیە بۆ ئەوەی بە گواستنەوەی کەلوپەلە جەنگییەکانی لە بنکەی سەربازیی ئینجەرلیکی تورکییەوە بۆ دوورگەی کریتی یۆنانی، رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەسەر رەفتارەکانی سزا بدات.[4]
- کەنیاز حەسەنۆڤ ئەندام پەرلەمانی ئەرمینیای بە نەتەوە کورد، داوای پشتیوانی لە کوردانی پارچەکانی باکوور، باشوور و رۆژئاوای کوردستان کرد، تا رێگە بە دەستدرێژی تورکیا و ئازەربایجان نەدرێت بۆ سەر ئەرمینیا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ بانە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەرێکانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ چەمچەماڵ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دوکان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺 وڵات: | ئیتالیا |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | یۆنان - گریک |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SE سوید |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-09-2020

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 28-09-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 28-09-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 28-09-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 28-09-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 28-09-2020
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 28-09-2020
[9] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 28-09-2020

کاتی تۆمارکردن: 02-08-2020 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 273

**2020-09-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386636




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی مەهدی ڕەسووڵزادە خەڵکی گوندی بووبانەی سەر بە سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نۆکانی ئەو شارە پێکرا.[7]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندی زرێباری شارۆچکەی دینارتەی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێی پارێزگای دهۆکیان بۆردومان کرد.[2]
- کۆچی دوایی سەڵاح کوێخا نەجم بەڕێوەبەری پێشووی ئیدارەی گەرمیان بە نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا.[1]
- جەلال نوری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، بەهۆی کۆچی دوایی سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی گەرمیان، لەلایەن ئیدارەی گەرمیانەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمنیی گشتی ڕاگەیەنرا.[4]
- ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دهۆک زیادیکردووە، ژمارەی ئەوکەسانەشی بە ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 250 کەس.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، 32 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.[1]
- وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە پشتگیری و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دژی داعش. لە بەرامبەردا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیوایە، هێشتا هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستیان بە هاوکاری و پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە بۆ دۆخی ئەمنی و کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵەکانی داعش.[3]
- پارێزەری ڕۆژنامەنوس ئۆمێد بەرۆشکی دەڵێت، دادگای دهۆک بڕیاری داخستنی کەیسی ئە و ڕۆژنامەنوسە و ئازادکردنی دەرکردووە، بەڵام تائێستا ئازاد نەکراوە، نازانن هۆکاریی هێشتنەوەی لەزینداندا چییە.[5]
- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، بڕی 20 ملیار دیناریان بۆ تەواوکردنی پرۆژەی دووسایدی کەلار-سلێمانی تەرخان کردووە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتی چالاکوانانی سیاسی ڕۆژهەڵات و ژنانی چالاکوانی سیاسی ڕۆژهەڵات لە باشوری کوردستان، کوردانی ڕۆژهەڵات لە باشوری کوردستان بۆ پشتیوانیکردن لە بانگەوازیی هاوبەشی کۆمەڵگای دیموکراتی و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کۆدار و پارتی ژیانی ئازادی کوردستان-پژاک، بەدروشمی "بەڵێ بۆ دیموکراسی، نا بۆ سێدارە" ڕێپێوانێکی جەماوەرییان

لە سلێمانی ئەنجامدا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گۆڕەپانی کەنیسە لە گەڕەکی تل هەجەر لە شاری حەسەکەدا، کەسانی نەناسراو بە بۆمبی دەستکرد هێرشیان کردە سەر هاوواڵاتییان. لەو هێرشەدا 2 کەس بریندار بوون و بریندارەکان گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- 27 پەرلەمانتاری فەڕەنسی لە ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشدا داوایان کرد کە کۆتایی بە پرۆسەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا بهێنرێت.[2]
- ئەرمینیا ڕایگەیاند، یەکێک لە فڕۆکە جەنگییەکانی 'لەلایەن فڕۆکەیەکی ئێف 16ی تورکیاوە' خراوەتەخوارەوە و بەو هۆیەوە فڕۆکەوانەکەی گیانی لەدەستداوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی ژیانی ئازاد - پژاک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئاکرێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | فەڕەنسا |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ئیتالیا |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-29
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-29
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-29

[5] 🏷 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-09-29
[6] 🏷 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-09-29
[7] 🏷 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-30

کاتی تۆمارکردن: PM 11:00:26 2020-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 274

**2020-09-30**

00802230026386637https://www.kurdipedia.org/?q=202



باکووری کوردستان
- هاوڵاتی تورگوت کە لە هەلیکوپتەر خرایە خوارەوە، گیانی لەدەستدا.[1]
- تەرمی هاوڵاتی سەروەت تورگوت کە سەربازەکانی سوپای تورک دوای دەستگیرکردنی لەگەڵ کەسێکی تری مەدەنی لە هەلیکۆپتەر خستیانە خوارەوە و کوشتیان، بەخاک سپێردرا.[1]
- هێزەکانی پۆلیس سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە شاری ئامەد هەڵیان کوتایە سەر چەندین ماڵ و 14 کەسیان دەستگیر کرد. ناوی ژمارەیەک لەو کەسانەی دەستگیر کران بەم شێوەیەیە:
ڕۆژنامەنووس حەفی بۆلتان، هاتیجە کۆجامان پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپەی شاری سێرت، ئەدیپ بینبیر بەڕێوەبەری هەدەپەی شاری ئامەد، عومەر فیلیتئۆغلو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی هەدەپەی ناوچەی سوری ئامەد، مەلا نائیف ئەردەم ئای ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامی دیمۆکراتیک، مەدەنی توتشی ئەندامی سەندیکای وزە و پیشەسازی و کانزا-ی سەر بە کۆنفەدەراسیۆنی سەندیکاکانی ڕەنجەرانی جەماوەری، گوڵستان ئەنساری ئۆغلو هاوسەرۆکی شارەوانی هەدەپەی ناوچەی ئەگیل کە لە ئەرکەکەی دوور خراوەتەوە، چیدەم ئەکتی بەڕێوەبەری پێشووی هەدەپەی شاری ئامەد و مەکیە گوزەل.[1]
- لە سێگۆشەی شرنەخ، سێرت و شاخی هەرکول، ئەو ئاگرەی دوای هێرشەکەی سوپای داگیرکەری تورک لە هەرێمی بەستا کەوتووەتەوە، ماوەی 3 مانگە بە بێوەستان بەردەوامە و لە پەرەسەندندایە. بە هۆی ئاگرەکەوە بە دەیان هەزار دار سووتاون. لە ناوچەکانی شەرەڤان، ڕووباری گەورە و خارە کوناییش سوپای داگیرکەر کە دەستیان بە ئۆپراسیۆن کردووە، ئاگریان لە ناوچەکە بەرداوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرۆکی زانکۆی زانستی پزیشکیی کرماشان دەڵێت لە ماوەی شەو و ڕۆژی ڕابردوودا 177 تووشبووی نوێی کۆرۆنا لەم پارێزگایەدا تۆمارکراون، بەمجۆرە ژمارەی سەرجەم تووشبووانی کۆرۆنا گەیشتووەتە 20 هەزار و 8 تووشبوو.[2]
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سۆهەیب فێردووسی خەڵکی گوندی دزئاوەری نەوسوود، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کراوە.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئیدریس بارزان تەمەن 45 ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری شاری بانە بریندار کرا.[5]
- هاووڵاتییەکی خەڵکی سنە بە ناوی "ساعید بەنەفشی" لەلایەن دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە حوکمی بەندکرانی بە سەردا سەپا. بە پێی ئەو حوکمە ساعید بەنەفشی حوکمی دوو ساڵ بەندکرانی هەڵپسێردراوی بۆ ماوەی 20 مانگ بە سەردا سەپاوە. واتە لە ماوەی 20 مانگدا ئەگەر هەر تاوانێک بکا دەبێ ئەو دوو ساڵە بچێتە بەندیخانە.[6]
- زیندانییەکی سیاسیی کورد بە ناوی وەلی نەسری خەڵکی گوندی تەنگیسەر بە کەڵکوەرگرتن لە ئازادیی مەرجدار، لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا.[5]
- مینا ڕاد، شاعیری 25 ساڵەی خەڵکی شاری دوروود سەر بە پارێزگای لوڕستان بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی دوو مانگی حوکمی بەندکرانەکەی دەستبەسەر و بۆ بەندیخانەی قەرچەکی وەرامین گوازراوەتەوە.[6]

- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی میلاد وەیسی کوڕی کەریم و خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمشەو سێ مووشەک لە نزیک بارەگای دیموکرات لە گردەچاڵی هەولێر کەوتنەخەوارەوە. هاوکات چەند مووشەکێکیش لە نزیک هێزی هاوپەیمانان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر کەوتوونەتەخوارەوە.[2]
- دوای بڕیارەکەی زانکۆی کۆیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندنی ساڵی نوێ لەناو کەمپی زانکۆ، زانکۆی سەڵاحەدینیش بڕیاریدا پرۆسەی خوێندن لەناو زانکۆ دەستپێبکاتەوە یەکشەممەی داهاتووش یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێی خوێندن دەبێت.[3]
- کامەران مەرعی سلێمان میدیاکاری کوردستان، ئێوارەی ئەمڕۆ لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر بەهۆی کۆرۆناوە کۆچی دواییکرد.[2]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی کۆرۆنای ئاشکرا کرد، کە لەو ماوەیەدا 24 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[4]
- بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیماراتی تایبەت بەکۆرۆنا ڕایدەگەیەنێت: دۆخی تەندروستی هەولێر لەڕووی توشبوون بە کۆرۆنا زۆر مەترسیدارە و لە نەخۆشخانەکەیان شوێن نەماوە بۆ وەرگرتنی توشبوانی کۆرۆنا و ئەوەی کە ڕودەدات شتێکی گەورەیە و ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات لەوانەیە ڕێژەی مردن زیاتربێت.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی بانکی خوێنی هەولێر، لە بانگەوازێکی بەپەلەدا داوا لە چاکبووانی کۆرۆنا دەکات بۆ بەخشینی پلازما سەردانیان بکەن، بە تایبەت ئەوانەی هەڵگری جۆری (خوێنی A).[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە منبج تەرمی مرعی ئەلحەسەن شەرڤانی ئەنجومەنی سەربازی منبج لە مەراسیمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردرا.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆککۆماری فەرەنسا لە ڕیگای پایتەختی لەتۆنیا بۆ ڕۆژنامەنووسان قسەی کرد و وتی، : پەیامە شەڕخواز و مەترسیدارەکانی تورکیام تۆمار کرد.[1]
- ئەمەریکا بڕیاری داخستنی باڵیۆزخانەی لە بەغدا دەدات و وەزیری دەرەوەی عێراقیش ڕایدەگەیەنێت، ئەمە زیانێکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ڕەنگە وڵاتانی دیکەش هەمان ڕێگە بگرنەبەر.[4]
- وەزارەتی بەرگری ئەرمینیا ڕایگەیاند، ئازەربیجان، فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی لە هەرێمی قەرەباغ ڕادەستی تورکیا کردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◉ ئامەد
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ کرماشان
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ منبج
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ پیرانشار - خانە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ لوڕستان
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

وڵات: IQ ئێراق
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: AZ ئازەربایجان
وڵات: AM ئەرمەنستان
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: فرەنسا
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-09-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-09-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-09-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-09-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-09-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-09-30
کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 275
**2020-10-01**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200802230026386638



باکووری کوردستان
- شاندێکی کەجەدە، هەدەپە و دەبەپە بۆ سەرەخۆشیکردن سەردانی خانەوادەی سەروەت تورگوتیان کرد کەبە هۆی خستەخوارەوەی لە هەلیکۆپتەرەوە گیانی لەدەستدا. هێزەکانی پۆلیس هەڵیان کوتایە سەر مەراسیمی سەرەخۆشیەکە و هەرەشەیان کرد.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پەروین بولدان و میتحات سانجار هاوسەرۆکانی گشتی هەدەپە لە دژی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسی لە پەرلەمان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ساز کرد. سەرەتا بوڵدان قسەی کرد و لە بارەی کوشتنی هاوڵاتی سەروەت تورگوت کە سەربازانی تورک لە هەلیکۆپتەر خستیانە خوارەوە و گیانی لەدەستدا، وتی:ئەو کەسانەی ئەم ئەشکەنجەیەیان لە مرۆڤایەتی کرد و بەرپرسیارانی ئەو کردەوەیە و ئەوانەش کە دەیان پارێزن، ئیدانە و شەرمەزار دەکەین. بێگومان ناتوانن ئەو ئەشکەنجەیە بشارنەوە. بۆ ئەوەی بەرپرسیارەکان دادگایی بکرن، ئیمە وەکو هەدەپە چیمان لەدەست بێت، دەیکەین.[1]
- خانمە گۆرانیبێژی کورد هۆزان جانێ، دوای زیاتر لە دوو ساڵ زیندانیکردن لەلایەن حکومەتی

تورکیا ئازاد کرا.[5]
- دەوڵەتی تورک لە بەردەوامیی ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد دا شەڤین ئالیجا هاوسەرۆکی شارەوانیی قەرس، جێگرانی هاوسەرۆکانی شارەوانیی قەرس و ئەندامانی ئەنجوومەنی گشتیی شارەکە و چەندین کەسی تریان دەستگیرکرد. هاوکات پۆلیسی تورک هەڵیشیانکوتاوەتە سەر ماڵی جەنگیز ئالی هاوسەرۆکی شاری قەرسی هەدەپە و سەرقاڵی پشکنین و تێکدانی کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکەی.[1]
- دەوڵەتی تورک ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی میزۆپۆتامیا و سەندیکا دۆت ئۆرگی بە بڕیاری دەستەی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای زانیاری داخست.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی پشتیوان پەرتۆ کوڕی زۆراب تەمەن 28 ساڵ و خەڵکی گوندی نێی مەریوان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[8]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک چوار جار لە چیای گارە دەوروبەری گوندی مەرانێ-یان لە ناوچەی بەرواری خواروو بۆردوومان کرد.[2]
- بابەشێخ کەسایەتیی ناسراوی کوردانی ئێزدی و ڕابەری ڕۆحیی ئێزدییەکان، لە تەمەنی 87 ساڵیدا بە نەخۆشی کۆچی دواییکرد.[3]
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 21 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[5]
- سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیامێکی لەبارەی هێرشەکەی شەوی ڕابردووی هەولێر بڵاوکردەوە و دەڵێت، دەبێت بە هەموو لایەک ئارامیی هەرێمی کوردستان و عێراق بپارێزین و ئەو هێرشەش بە دەستدرێژی بۆ سەر خەڵکی هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی دژی تیرۆردا دەبینین.[2]
- هاوسەرۆکی یەکێتی ئیدانەی هێرشە موشەکییەکەی سەر هەولێر دەکات و ڕایدەگەیەنێت: نابێت هەرێم ببێتە جێگای ململانێ و توندوتیژییەکان و لێپرسراوانی ڕووداوەکەش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئاژانسی هەواڵگریی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند سەرکردەیەکی داعشیان لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەستگیرکرد.[2]
- تەندروستی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای بەخشینی پلازما لە چاکبوانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات.[4](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، ئەمڕۆ، دو برا لە قەڵادزێ بۆتە شەڕیان و دوای ئەوەی بە برینداری گەیەندراونەتە نەخۆشخانە یەکێکیان گیانی لەدەستداوە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، مووشەکی نوێ لە هێرشەکەی هەولێر بەکارهێندراون، ئەو مووشەکانە پێشتر لە هێرشەکانی ناوچەکانی دیکەی عێراق بەکارنەهێندراون. کەناڵی سی ئێن ئێن، لە زاری بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بڵاویکردووەتەوە، سێ مووشەک لە نزیک بنکەی سەربازی هێزی هاوپەیمانان کەوتوونەتە خوارەوە، هێرشەکە هیچ زیانێکی ماددی و گیانی بە دوای خۆیدا نەهێناوە. بەرپرسە باڵاکەی پێنتاگۆن دووپاتیدەکاتەوە، ئەو مووشەکانەی لە هێرشەکەی هەولێردا بەکارهاتوون جیاوازن لەوانەی لە هێرشەکانی پێشووتری سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکانی دیکەی عێراق. بەرپرسەکەی پێنتاگۆن هێرشەکە بە دروستکردنی کێشە وەسف دەکات، چونکە هێرشەکە فراوانترە لە هێرشەکانی پێشوو.[5]
- بەپێی نووسراوێک کە دەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراق بۆ کۆمپانیا گەشتیارییەکانی ناردووە، گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان تورکیا و عێراق لە ڕۆژی 3ی تشرینی یەکەمەوە رادەگیرێن جگە لەو گەشتانەی کە بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتییانی تورکیایە لە عێراقەوە.[2]
- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداریی توووند دەداتە حکومەتی عێراق و دەڵێت، هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی لە عێراق لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە

ئێرانەوە قبووڵ ناکات.[2]
- سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، ئەمڕۆ ڕایگەیاند، وڵاتەکەی زانیاری وردی هەیە، کە جەخت لە هەبوونی چەکدارە سوورییەکان دەکاتەوە لە شەڕی قەرەباخ و ئەو چەکدارانە لە لایەن تورکیاوە نێردراون بۆ ئەوێ.[5]
- گۆتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆفا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ گوتی: ئەو زانیارییانەی باسی ناردن و گواستنەوەی چەکداران دەکەن لە باکووری سووریا بەرەو قەرباخ، جێگەی نیگەرانییە. ڕوونیشیکردەوە، بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو وێنە و ڤیدیۆیە لە پێگەکانی میدیای کۆمەڵایەتیدا ڕاستگۆیی ئەو ڕاپۆرتانە دەچەسپێنێ.[5]
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، دەستگیرکردنی ئامر لیوای بەرپرسی ئەو ناوچەیەی کە مووشەکەکانی لێوە ئاراستەی هەولێر کراوە، ڕاگەیاند، دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمیش دەڵێن، ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی لیوایەکی حەشدی شەعبیدایە.[7]
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە ڕەوانەکردنی چەتەکان لە سوریاوە بۆ ئازەربایجان لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە بەردەوامە و لە دوو ڕۆژدا لە شەڕی ئەرتەساخ 28 چەتەی بەرەگەز سوری کوژراون و 62 چەتەش بریندار بوون.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛️ پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
🏛️ پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
🏛️ پارت / لایەن: ☪️ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
🏛️ پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ مەریوان
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ قەڵادزێ (پشدەر)
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ قارس
🏙️ شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
🗺️ وڵات: ⬆️ باکووری کوردستان
🗺️ وڵات: TR تورکیا
🗺️ وڵات: IQ ئێراق
🗺️ وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺️ وڵات: AZ ئازەربایجان
🗺️ وڵات: AM ئەرمەنستان
🗺️ وڵات: فرەنسا
🗺️ وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
🗺️ وڵات: ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-01
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2020-10-01
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-10-01
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2020-10-01
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 2020-10-01
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-01
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-10-02

کاتی تۆمارکردن: 2020-08-02 11:00:26 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 276

**2020-10-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387326



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر باڵەخانەی هەدەپە لە ناوچەی گەرمەنجیکی ئایدن و تەکین ئەریکلی هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەکە و عەلی شیمشەکەر یەکێک لە بەڕێوەبەرانی هەدەپەی دەستگیر کرد.[1]
- دەروێشێ سەعدۆ، یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان-باکوور، دوای تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی شاری ئیلەهی باکووری کوردستان کۆچی دوایی کرد.[3]
باشووری کوردستان
- کۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر شاخەکانی کۆردینە و بەکتوریایان لە ناوچەی حەفتانین بۆردومانکرد.[1]
- فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی چاودێریی دەوڵەتی تورک (İHA) لە نزیک گوندی گوهەرز لە ناوچەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک کەوتە خوارەوە.[1]
- تەرمی بابە شێخ، گەورە پیاوی ئایینی ئێزیدییەکان لە گوندی بۆزا نێژرا و لە شێخان حەوت ڕۆژ شیوەن بۆ بابە شێخ دەگێڕدرێت.[2](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- وەزارەتی تەندروستی: 21 کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستدا.[2]

- سێیەمین فێستیڤاڵی کلتوریی شەهید گەنجۆ دا، بە بەشداریی چەندین گروپی شانۆ، موزیک و هەڵپەڕکێ و گۆرانیبێژ، لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی باشوری کوردستانەوە ئەنجامدرا و تێیدا زنجیرەیەک چالاکی هونەریی و جۆراوجۆر پێشکەشکران و بە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ کۆتایی بە فیستیڤاڵەکە هات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- یەکێتیی ئەوروپا لە کێشەی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا پاڵپشتیی خۆی بۆ یۆنان و قوبرس دووپاتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات، پێویستە مافەکانی تایبەت بە سەروەریی ئاویی هەردوو وڵات بپارێزرێن.[3]
- سەرۆکی دەوڵەتان و حکومەتەکانی ئەوروپا داوایان لە تورکیا کرد دەستوەردانەکانی خۆی لە شەڕی چەکداری ئێستای هەرێمی قەرەباخ ڕابگرێت و دەست بەرۆڵێکی بونیاتنەر بکات بۆ

هێورکردنەوەی دۆخەکەی ئەوێ.[4]
- بەرپرسێکی گەورە لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، ئەگەر یەکێتی ئەوروپا سزای بەسەر وڵاتەکەیاندا بسەپێنی بە هۆی کردەوەکانی گەڕان و پشکنین بەدوای نەوت و غازدا، ئەوە تورکیا رژدتر دەبێت لە سەر پاراستنی مافی خۆی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا.[4]
- بڕیاردەری لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێت، ئەم هەفتەیە حکومەتی عێراق مووچە دابەشدەکات و کۆتایی هەفتەش 320 ملیار دینارەکەی هەرێمی کوردستان دەنێرێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | ئامێدی |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | باتمان - ئێلح |
| وڵات: | قوبروس |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-02
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-10-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-10-02

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 277
**2020-10-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387327



باکووری کوردستان
- ئەردۆگان لە رێورەسمی کردنەوەی بەنداوی رەیحانلی لە شاری هاتای بەشێوەی ئۆنلاین گوتاری دا و ئاماژەی بە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنێکی نوێ لە رۆژئاوای کوردستان دا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەهدی زارعی خەڵکی گوندی کۆڵەسەی خواروو سەر بە سەردەشت بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری بانە کوژرا. ئەو کۆڵبەرە لە کاروانی کۆڵبەراندا بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو تەقەی راستەوخۆی لێکراوە. مەهدی خێزاندار و خاوەنی سێ منداڵە.[4]
- ئۆفیسی یاسایی موختار زارعی لە شاری سنە بە هۆی هەڵنەواسینی وێنەی خومەینی و خامنەیی داخرا.[6](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاوکردەوە و رایگەیاند، 16 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە مردوون و بەوەیش کۆی گشتیی مردووان گەیشتە هەزار و 807 کەس.[1]
- لە سێهەمینساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلال-دا، کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر پەیامێکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند، تاڵەبانی بەردەوامی و ئازایەتی و دانایی و گشتگیری پێشاندا لە رابەرایەتی کردنی عیراق لە کاتە پڕ ئاڵنگاری و سەختەکاندا.[2]
- لە مەراسیمێکدا خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە بنەماڵەی مێژوونووس و سیاسەتمەداری کورد ڕەفیق حیلمی، کچەکەی ڕەفیق حیلمیش لەگەڵ دەربڕینی دڵخۆشی بۆ بەخشینی ڕێزلێنان بە بنەماڵەکەیان، نیگەرانی دەربڕی لەبارەی ئەوەی وەک پێویست ڕێز لەو خزمەتە نەگیراوە کە باوکی پێشکەشی گەلی کوردی کردووە.[5]
- ئاگرێک لە نەخۆشخانەی رۆیاڵی تایبەت لە سلێمانی دەکەوێتەوە و زیانی ماڵیی لێدەکەوێتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- قوتابخانە، کتێبخانە، مزگەوت و دامەزراوە گشتییەکان لە تارانی پایتەختی ئێران بۆ ماوەی یەک هەفتە داخران ئەمەش بەهۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی کۆرۆنا لەو شارە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سەردەشت
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ بانە
- 🏙 شار و شارۆچکەکان: ◯ سنە
- 🗺 وڵات: ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان
- 🗺 وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
- 🗺 وڵات: IR ئێران
- 🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
- 🗺 وڵات: ⬅ رۆژئاوای کوردستان
- 🗺 وڵات: TR تورکیا
- 🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 03-10-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 03-10-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 03-10-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 03-10-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 03-10-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 03-10-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 278

**2020-10-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387328



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرمانگەی پاراستنی ژینگەی مەریوان رایگەیاند، لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، چوار جار ئاگر لە قامیشەڵانەکانی دەوروبەری دەریاچەی زرێبار بەردراوە و بەهۆیەوە سێ هێکتاری سووتاوە.[2]
- لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی کەیهان شیرینی کوڕی ئەداک و تەمەن 21 ساڵ و بەهرام قاسمی کوڕی ساڵح تەمەن 35 ساڵ و خەڵکی گوندی مێراوی ناوچەی ژاوەرۆی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی ئەو دوو هاووڵاتییە و ئەوانیان دەسبەسەر کردووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها ئەوەشی خستەڕوو، هێزە ئەمنییەتییەکان ئەو دوو هاووڵاتییەیان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[4]
- لە ماوەی رۆژانی رابردوودا هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی شەهریار پوورعەلی کوڕی ئیسفەندیار خەڵکی دزەی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- لە ماوەی رۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕۆستەم ئیبراهیمی تەمەن 40 ساڵ کوڕی عەلی خەڵکی گوندی تەختی زەنگیی شاری کامیاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە، دەسبەسەر کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی رایگەیاند، هیچ پلانێک بۆ قەدەخەی هاتووچۆی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، ڕێکارەکان تووند دەکەنەوە.[2]
- بریکاری وەزارەتی پەروەردە رایدەگەیێنێت، هەفتەی یەکەمی خوێندنی ناو پۆل بۆ قوتابیانی 12ی ئامادەیی بەشێوەیەکی گشتی بێ گرفت بووە، دەشڵێت نابێت قوتابخانە ئەهلییەکان سەرجەم قوتابیانیان لەناو پۆل دەست بە خوێندن بکەن، دەبێت ئەوانیش وەک قوتابخانە حکومییەکان پابەندی بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە بن.[2]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاژێری رابردووی بڵاوکردەوە و دەڵێت،

620 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 19 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- لە پەرلەمانی کوردستان، یادی 3 ساڵەی کۆچی دوایی مام جەلال کرایەوە.[6]
- لە یادی 24 شەهیدبوونی دکتۆر سیروان بنەماڵەی شەهید و ئەندامانی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی پەکەکە لە باشوری کوردستان سەردانی گڵکۆی دکتۆر سیروان- یان کرد لەشاری سلێمانی.[5]
- کۆگایەکی هێزەکانی 70 ی پێشمەرگە لە سلێمانی تەقییەوە و فەرماندەی گشتی هێزەکانی حەفتاش دەڵێتائێستا هۆکارەکە دیار نییە و لیژنەیەکیان بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێناوە.[3]
- هێزەکانی پۆلیس دوو کەسیان بە تۆمەتی سوتاندنی شاخی گۆیژە دەستگیر کرد و تۆمەتبارەکان لەبەردەم دادوەر دانیان بە تاوانەکەدا ناوە.[3]
- سەرچاوەیەکی ئەمنی لە سنووری شارەدێی ئەلقووش، رایگەیاند، نیوەڕۆی ئەمڕۆ کەسایەتی و بازرگانی ناوداری ئێزدی لە سنووری پارێزگای نەینەوا، بەشیر کوریا تیرۆر کرا.[3]
- بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر راگەیاند، لەماوەی مانگێکدا توانیویانە 51 شوێن سزا بدەن، 29 تەن کاڵای ماوە بەسەرچووش لەناوببەن و ژمارەیەک سەرپێچیکاریش سزا بدەن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە سویسرا 67 پەرلەمانتار لە 4 حیزبی جیاوازەوە لە راگەیاندراوێکی هاوبەشدا داوایانکرد ئەو هەدەپەییانە لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیدا دەستگیرکراون ئازاد بکرێن.[1]
- روانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، ژمارەی کوژراوانی نێو ریزەکانی چەتە بەکرێگیراوەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیا لە شەڕی ئەرتەساخ زیادیکردووە، لەو چوارچێوەیەشدا ژمارەکە بۆ 72 بەرزبووەتەوە.[1]
- رۆژنامەی زەمانی تورکی لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە، تورکیا گەورەترین داکەوتنی لە یەدەگی ئاوی وڵاتەکە تۆمارکردووە کە پێشووتر هاوشێوەی نەبووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کامیاران |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | سویسرا |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-04](#)
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-04](#)
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-04](#)
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری کوردیا - 2020-10-04](#)
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-04](#)
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | [تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن](#)

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 279

## 2020-10-05

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387329




باکووری کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر بە ناوی ئۆپراسیۆنەوە ئاگری بەردایە دارستانەکانی ناوچە شاخاوییەکانی لیجەی ئامەد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پاسدارێکی ئیلامی بە ناوی عەلیرەزا دارابی لە بەرزاییەکانی سنووری بێزڵ لە سنووری شیخ سڵەی سەلاسی باوەجانی کوژرا.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماری 24 کاتژمێری ڕابردووی تووشبوون، مردن و چاکبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕاگەیاند، بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە لە ماوەی شە و و ڕۆژێکدا 829 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە و 21 کەسی دیکەش بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە.[2]
- لە کتێبخانەی گشتی شاری کەرکوک، سیمینارێکی تایبەت بەڕێوەچوو، سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی گەنجان و ڕۆڵی گەنجان لە مێژووی شۆڕشەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانی تواناکانیان، سیمینارەکە لەلایەن مامۆستا نەریمان ئەحمەدەوە پێشکەش کرا کە ئەم سیمینارە لەلایەن گروپی هۆشیاری گەنجانەوە ئامادەکرابوو، بۆ کچان و کورانی شارەکە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ڕووسیا. سێرگی لاڤرۆڤ هۆشداریدا لە تەقینەوەی پرسی کورد بەهۆی ئەو ڕێوشوێنانەی ئەمەریکا لە سووریا گرتوویەتەبەر و جەختیکردەوە لەسەر پێویستی ڕێگەگرتن لە پێشلکردنی یەکێتی خاکی سووریا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک

وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
وڵات: → رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-05
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-05
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-07
کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 280
**2020-10-06**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387330



باکووری کوردستان
- دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش بۆ مانگی ئاداری ساڵی 2021 دواخرا.[2]
- لە ناوچەی چالدرانی وان، کەسێک بەناوی شەفیق باگا لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی ئێرانەوە کوژرا. شەفیق باگا خەڵکی گوندی چلیا سەرووبە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەوە باکووری کوردستان دەچوو و بە تەقەی هێزەکانی ئێران بریندار بوو. باگا بۆ نەخۆشخانەی دورسون ئۆداباشی وان گواسترایەوە، بەڵام گیانی لەدەستدا.[1]
- تەرمی گەریلای هەپەگە ئەنگین چەتین (ئەرداڵ نیشتمان)، کە لە شەڕێکدا لە 2020-03-23 لە ناوچەی بەدلیس شەهید بوو وو لە دوای نزیکەی 7 مانگ لە شەهیدبوونەکەی، تەرمەکەی لەلایەن بنەماڵەکەیەوە وەرگیرا و لە مەراسیمێکی بە شکۆدا بە خاکسپێردرا.[1]
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک لە ئامەد، رحا، شرنەخ و ئەنتالیا هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەکی زۆر ماڵی ئەندامانی هەدەپە و هاووڵاتییانی کورد. لە ناوچەی ئەرغەنیی ئامەد هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوسەرۆکی هەدەپەی ئەو ناوچەیە زولکوف بیرگول. لە کاتی هەڵکوتانەسەر ماڵەکەیاندا زولکوف بیرگول لە ماڵ نەبوو. هەروەها پۆلیسی تورک بارەگای هەدەپەی لەو ناوچەیە گەمارۆداوە. لە رحاش هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ. لەو هەڵکوتانەدا دایکی ئاشتی هادلی ئۆغرو و هاوسەرەکەی جبرەیل ئۆغور، دایکی ئاشتی مەیاسەر کۆرکماز و عومەر بۆزداڵ دەستگیرکران. ئەو 4 کەسە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بران بۆ ئاسایشی شارەکە. لە ناوچەی جزیری شرنەخیش لە ئۆپراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیی دا عارف گەرەن، جەمال گەرەن، ئیدریس کایا ئاڵپ و زندان مۆلۆ دەستگیرکران.[1]

- پۆلیسی تورک ئەم بەیانییە هەڵیکوتایە سەر لقی ئاژانسی هەواڵی میزۆپۆتامیا لە وان و ماڵی پەیامنێرانی ئەو ئاژانسە. لەو هەڵکوتانەدا عەدنان بیلەن و جەمیل ئۆغور پەیامنێرانی ئاژانسی هەواڵی میزۆپۆتامیا، شەهریبان ئابی پەیامنێری ژن نیوز و نازان سالای رۆژنامەنووس دەستگیرکران. پۆلیس لە ماڵی ئەو رۆژنامەنووساندا دەستیگرت بەسەر کامێرا و کەلوپەلی تەکنیکیی ئەو پەیامنێر و رۆژنامەنووسانەدا.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکانی ناوەندی شاری ئاگری. لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵاندا، 4 کەس لە ماڵەکانیان برانە دەرەوە کە یەکێکیان نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی ئاگری بوو بە ناوی ئاتیلا ئۆزبەی. ناوی ئەو کەسانەی دەستگیر کراون بریتیە لە: ئەمین یڵدز ئەندامی کۆردیناسیۆنی سەندیکای رەنجدەرانی کۆمەڵایەتی، کامەران باریشەر و مەمیش ئاراس.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو چالاکی کۆمەڵایەتی بە ناوەکانی ئەندێشە سەدری و ندا پیرخزرانیان خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزران.[7]
باشووری کوردستان
- پاشنیوەرۆی ئەمرۆ فرۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک چەند جارێک چیای مەتینیان لەنزیک گوندەکانی گوهەرزێ و بەلافە لە دەڤەری نهێلیی سنووری شارەدێی دێرەلوک لە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد.[1]
- وەزارەتی تەندروستی هەرێم لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاند لە 24 سەعاتی رابردوودا 793 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون و 30 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە و 368 تووشبووش چاک بوونەتەوە.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەگەر بێت و بەمشێوەیەی ئێستا رێنماییە تەندروستییەکان پشتگوێ بخرێن پێشبینی دەکەین قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینە کردن ببێتەوە بە یەکێک لە بژاردەکانمان.[6]
- هیومان رایتس ۆوچ لەراپۆرتێکیدا کە ئەمرۆ بڵاویکردوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نایاسایی هەستاون بەداخستنی دوو ئۆفیسی کەناڵی (ئێن. ئارْ.تی) بەهۆی روماڵکردنی خۆپیشاندانەکان یان پەخشکردنی بابەتی رەخنەئامێز لە پارتی دەسەڵاتدار، لەبەرئەوەی بەرپرسانی کورد هیچ فەرمانێکی دادگایان نەبووە بۆ داخستنی ئۆفیسەکانی کەناڵەکەو بریارەکەیان تەنها لەدهۆک و هەولێری ژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندا جێبەجێ کردوە ئەوەش وادەکات داخستنەکە ئامانجی سیاسی لە پشتەوە بێت.[5]
- ئەمرۆ لە سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، رێکخراوی هاوکاریی ئەڵمانی، بە هاوبەشیی سەنتەری چالاکیی گەنجان، پێشانگایەکی هاوبەشیی فۆتۆگرافی لەژێر ناونیشانی (ژیانی کێوی لە گەرمیان)، بۆ هەریەک لە فۆتۆگرافەران (نەجیب عومەر، نیعمەت مەلۆ، فریا ئەحمەد)کرایەوە.[8]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سکور ئەلشیمالی دەوڵەتی تورک لە گوندی شێخۆرزی ناوچەی بلبل گۆڕستانەکان دەشێوێنن.[1]
- لە ناوەندی عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە روویدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کچە کوردێکی خەڵکی شاری قامشلۆی رۆژئاوای کوردستان کە لە ئەڵمانیا دەژیت, خەڵاتی نیشتیمانی خۆگونجاندنی ساڵی 2020 ی ئەڵمانیای پێبەخشرا.[4]
- ئەمرۆ، فرانسۆی فلپ، وەزیری کاروباری دەرەوەی کەنەدا لە تویتێک دا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر رایگەیاند: هەموو جۆرە بازرگانی و هەناردەیەکمان لەگەڵ تورکیا هەڵپەساردوە.[1]
- لەبارەی لێدوانێکی سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا لەسەر پرسی کوردانی سووریا، بەدران چیا کورد، جێگری هاوسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی بەرێوەبەرایەتی خۆسەر

داوای لە رووسیا کرد رۆڵی کەمکردنەوەی ململانێکان بگرێت و هەرەشەکانی تورکیاش لەسەر ناوچەکانیان کەمبکاتەوە. گوتیشی: لێدوانەکانی لاڤرۆڤ خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا ناکات و هاوکاریش دەبێت بۆ هاندانی زیاتری تورکیا و ئێران لە دژایەتیکردنی بەرێوەبەرایەتی خۆسەر.[4]

- لیرەی تورکی، ئێوارەی ئەمرۆ نزیکەی 0.5٪ی بەهای خۆی لەدەست دا و 7.8 لیرە بەرانبەر یەک دۆلاری ئەمریکی مامەڵەی پێوە کرا.[6]

- رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی داوای کردووە حوکمی ئێعدامی شاکر (فەرهاد)بێهرووزی، زیندانیی سیاسیی کورد، لە گرتووخانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ هەڵوەشێتەوە.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: IR ئێران

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

وڵات: کەنەدا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

وڵات: DE ئەڵمانیا

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-06
[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-10-06
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-06
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-06
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-06
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-10-06
[7] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-06
[8] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2020-10-06

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 281

**2020-10-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387331




ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕەشید ناسرزادە چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی شنۆ، بە پێبەندی ئەلکترۆنیکی لە زیندانی ئەو شارە ئازاد کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چالاکە ژینگەیە بە لە پێی کردنی پێبەندی ئەلکترونیکی ئازاد و هەتا ماوەی تەواو بوونی زیندانییەکەی لە ژێر چاوەدێری سامانەی ئەلکترونیکی دا دەبێت.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی خوسرەو حەسەنی تەمەن 38 ساڵ خەڵکی گوندی کۆریەرە و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی مین دەستی قرتا. ئەو هاووڵاتییە کوردە لە نزیک گوندی قامچیان و پایگای کانی کون لە کاتی کۆکردنەوەی ئاسنەواڵە، پاش دۆزینەوەی مینەکە و دەستکاریکردنی، تووشی ئەو ڕووداوە بووە.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمڕۆ زۆرترین ژمارەی تووشبووانی دەستنیشانکراو لە هەولێر بوون و زۆرترین ژمارەی مردنیش لە سلێمانی، ئاماژەی بەوەش کرد، گەورەترین نەخۆشخانەی کۆرۆنا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی دەکرێتەوە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بایکۆتکردنی دەوامی ڕاگەیاند و هۆکارەشی بۆ دواکەوتنی مووچە گەڕاندەوە.[2]
- بە ئامادەبوونی هاوڕێیان و دۆستان و هاوپیشەکانی، لە شاری سلێمانی مەراسیمێک بۆ کۆچی دوای هێرش سەنگەری ڕۆژنامەنووس ئەنجامدرا، تێیدا ڕێز لە کار و خزمەتەکانی گیرا لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، هەروەها کەسوکاری داوای لەکار دوورخستنەوەی بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیانیان کرد لە کارەکەی.[5]
- حکومەت داوا لە وەزارەتی دارایی دەکات مووچە بگونجێنێت لەگەڵ ئەو پارەی لە بەغداوە دێت و ڕایدەگەیێنێت وەزارەتی دارایی و ئابووریی ڕاسپێردرا خۆگونجاندن بکات لەگەڵ خشتەی مانگانەی پێدانی مووچە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە.[2]
- لەلایەن هێزێکی دەمامکدارەوە، ڕۆژنامەنووس شێروان شێروانی لە شاری هەولێر دەستگیرکرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نوێنەری پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە)، عەبدولسەلام عەلی، ڕەتیکردەوە، هیچ شەرڤانێکیان ڕەوانەی ئەرمینیا کردبێت بۆ شەڕکردن لە دژی ئازەربیجان.[4]
دەرەوەی کوردستان
- مۆڵەتی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی لە عێراق و سوریا لە لایەن سەرۆک کۆماریی تورکیاوە، لە

پەرلەمان پەسەند کرا. لە دەنگدانی پەرلەماندا ئاکەپە، مەهەپە، جەهەپە دەنگی بەڵێ و هەدەپەش دەنگی نا-ی بەکارهێنا.[1]
- مەرسەدی سوری وتیشی، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمەوە تا ئێستا لە دەشتی نێوان رەوا، حەلەب و حومسدا 41 سەربازی سوریا و 49 چەتەی داعش کوژراون. راگەیەنرا بە تەنها لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا زیاتر لە 10 سەربازی حکومەتی سوریا و 13 چەتەی داعش کوژراون.[1]
- رۆژنامەی دیە وێلت بەشێکی راپۆرتی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە ئەندامێتی تورکیا لەو یەکێتیەدا بڵاو کردەوە کە رادەستی پەرلەمانی ئەوروپا کراوە. لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە وە کراوە کە رۆژ بە رۆژ تورکیا دوور دەکەوێتەوە لە مەرجەکانی ئەندامێتی لەو یەکێتیەدا.[1]
- چەند رۆژێکە بەهای دۆلار و دراوە بیانییەکان بەرامبەر لیرەی تورکی بە خێرایی رووی لە هەڵکشانە و ئەمرۆ، لەگەڵ کرانەوەی بۆرسەکانی تورکیا، نرخی دۆلارێک بەرامبەر 7.82 لیرەی تورکی بوو.[2]
- شێخ سالار حەفید بەنەخۆشی لە وڵاتی تورکیا کۆچی دوایی کرد و کەسوکارەکەشی ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی تەرمەکەی دەکەن بۆ سلێمانی و بەخاکسپاردنی.[3]
- رۆژنامەوانێکی کوردی فەرەنسی، کە بۆ رۆژنامەی لۆمۆند کار دەکات، لە جەنگی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، لەگەڵ سێ هاوکاری دیکەی بریندازبوو. ئالان کەڤاڵ، لەگەڵ سێ هاوکاری دیکەی لە شاری مارتونی قەرەباخ بەهۆی بۆردومانەوە بریندارپوونە، کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسانیش رایدەگەیەنێت، دوای برینداربوونی، ئالان گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی شاری ستیپاناکێرتی پایتەختی قەرەباخ و ئێستاش دۆخی تەندروستی جێگیرە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی یەکێتی دیموکراتی - پەیەدە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنۆ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ➡ رۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |

Quick Respons Code:

📄 سەرچاوەکان
[1] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 07-10-2020
[2] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 07-10-2020
[3] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 07-10-2020
[4] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 07-10-2020
[5] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 07-10-2020
[6] 🌋 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 08-10-2020

کاتی تۆمارکردن: 01-09-2020 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 282

**2020-10-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387332



باکووری کوردستان
- شەڤین ئالاجا هاوسەرۆکی شارەوانی قەرس کە دەسەڵاتی فاشیستی دەوڵەتی تورک قەیومی لە پۆستەکەی جێگیر کرد، لەگەڵ 3 لە ئەندامانی هەدەپە دوای ئەوەی لە بەرواری 1ی تشرینی یەکەم دەستگیر کران، بڕیاری گرتنیان بۆ دەرکرا و ڕەوانەی زیندان کران.[1]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کورستان ڕایگەیاند، لە ماوەی حەوت مانگدا 45 پزیشک و کارمەندی تەندروستی بە کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[2]
- ئاماری نوێی مردن بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە گەیشتەوە ئاستی 31 مردن لە شەو و ڕۆژێکدا، بەمەش کۆی گشتیی کۆچکردووان بە کۆرۆنا گەیشتە 1937 کەس.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ تەقە لە بەڕێوەبەری ئاسایشی دەروازەی سنووریی سەرزێڕێ لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی کرا و پێش گەیاندنی بە نەخۆشخانە، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا. بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرزێڕێ ناوی غازی ساڵحە و تەمەنی 47 ساڵان بوو.[2]
- لاهور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکی یەکێتی، ئەمڕۆ لە کاتی دانانی بەردی بناغەی یاریگایەکی نێودەوڵەتیدا لە سلێمانی ڕایگەیاند، شارەکە غەدری لێکراوەو ئەمان بێ بەشداری حکومەت یاریگاکە پێشکەش بە خەڵکی سلێمانی دەکەن.[5]
- جەزای سەید مەجید، لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتی لەبەرامبەر هێرشەکانی پارتی بۆ سەر لاهور شێخ جەنگی، هاوسەرۆکی یەکێتی ڕایگەیاند، بە دەهۆڵ کوت و زورناژەنەکانتان هاوسەرۆکی یەکێتیی مەزنتر دەبێت. دەشڵێتئەو دەمڕوت و بێ شوناسانە، بێدەنگ و دەمکوت نەکەن مێژوی پڕ خیانەتی پارتەکەتان لە 1946وە لەژێربەرەوە دەخەینە سەر بەرە.[5]
- بە پەتای کۆرۆنا کوڕە پەرستارەکەی بیست ڕۆژ لەمەوبەر کۆچی دواییکرد و ئەمڕۆش، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، عەزیز هەریری بە هەمان پەتا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.[4]
- گرووپی شەقام هۆشداری لە دۆخی ئەمنی و کۆمەڵایەتی کەرکوک دا و ڕایگەیاند، ئێستا بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر گەیشتووەتە قوتابخانەکانی کچان لە شارەکە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیاریی سەرچاوە خۆجێیەکان، لە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی چەتەکانی تورکدا لە عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویداوە. ئاماژە بەوە دەکرێت، لەو تەقینەوەیەدا 3 چەتە بریندار بوون.[1]
- ئەنجومەنی سوریای دیموکراتی گرووپە چەکدارەکانی هاوپەیمانی تورکیا بە بەرپرسیاری تەقینەوەکان دەزانن و ڕایدگەیەنن کەئەوان لەپشت ئەو تەقینەوانەن کە لەناوچە داگیرکراوەکانی

ژێر دەسەڵاتیاندا ڕوودەدەن و چەند ڕۆژێکیشە ژمارەیان زیادی کردووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- تورکیا ڕایدەگەیێنێت، لە ئۆپەراسیۆنێکی میت و سوپای تورکیا لە باکووری عێراق بەرپرسێکی هێزی تایبەتی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە بەناوی مەزڵووم د- ەمیر لە چالاکی خراوە.[2]
- ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیی تورکیا لە فڕۆکەخانەی غانجای نێودەوڵەتی ئازەربایجان دەبینرێن کە لەلایەن مانگە دەستکردەوەکانە وێنەیان گیراوە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەشداری لەو جەنگەدا دەکەن کە لە ناگۆرنۆ کەرەباخ هەڵگیرساوە و لەدژی وڵاتی ئەرمینیا شەڕیان پێدەکات.[3]
- سەرۆکی سووریا ڕایدەگەیەنێت، هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) و ئەمەریکا نەوتی سووریا دەدزن. هەڕەشەی ئەوەش دەکات تەواوی ناوچەکانی سووریا دەخەنەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ئامێدی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ قارس |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | AZ ئازەربایجان |
| 🗺 وڵات: | AM ئەرمەنستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |

:Quick Respons Code


🗄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-08
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-08
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-08
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-08
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-08

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 283
**2020-10-09**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387333




رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کەماڵ میرزایی خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە لە سنووری نەوسوود پێکرا.[6]
باشووری کوردستان
- نووسەر و شاعیر، چالاکوانی پرسی مافەکانی ژنان، مەهاباد قەرەداغی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.[1]
- لە (24) کاتژمێری رابردوودا تەنیا لە دهۆک، (8) کەس و لە سلێمانی (3) کەس و لە هەولێر (1) کەسی دیکە بە کۆرۆنا گیانیان لە دەستدا و لە کۆی (5313) پشکنین دەرکەوتووە، کە (838) کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون.[5]
- دوای کۆبوونەوەی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراقدا لەباری رەوشی شنگالەوە، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان قسەی بۆ رۆژنامەڤانان کرد و گوتی، ئامانجی رێککەوتنەکە ئەوەیە خەڵکی شنگال لە ئاسایش و ئارامیدا بژین. نووسینگەی کازمیش دەڵێت، کاروباری ئەمنیی شنگال لە دەست حکومەتی فیدراڵی دەبێت و بواری خزمەتگوزاری هاوبەش دەبێت.[3]
- لە رێورەسمێکدا تەرمی شێخ سالار حەفید کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی شاری سلێمانی، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی بەخاکسپێردرا.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- ساڵێک بەسەر هێرشی تورکیا بۆسەر رۆژئاوای کوردستان تێدەپەڕێت، مەزلوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدەش لە ساڵرۆژی ئەو هێرشەدا سوپاسی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا دەکات بەوەی بە فەرمانێک رێگەی لە داگیرکارییەکی دیکەی تورکیا گرتووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- مەرسەدی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، لە قەرەباخ زیاتر لە 107 چەتەی دەوڵەتی داگیرکەری تورک کوژران.[2]
- واشنتۆن پێشوازی لەرێکەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا دەکات لەڕووی چۆنیەتی ئیدارەدانی کارگێڕی و ئەمنی شارۆچکەی شنگال.[4]
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ هاریکاری عێراق ناسراو بە یۆنامی پێشوازی لە رێکەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا لەبارەی دۆخی شنگال دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| وڵات: | → رۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | IR ئێران |

🗺 وڵات:		IQ ئێراق
🗺 وڵات:		⬅ رۆژئاوای کوردستان
🗺 وڵات:		US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
🗺 وڵات:		⬇ باشووری کوردستان
🗺 وڵات:		RU کوردستانی (سوور)
🗺 وڵات:		AZ ئازەربایجان
🗺 وڵات:		TR تورکیا
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-09
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2020-10-09
[4] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-09
[5] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-09
[6] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-10
کاتی تۆمارکردن:		2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار:		هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 284

**2020-10-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387334




باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی لێپرسینەوەی قڕکردنی سیاسیدا لەبارەی ئەندامانی کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتی (کەجەدە) لە مەلەتی دوێنێ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ژمارەیەک ئەندامی هەدەپە و نزیکەی 6 کەسی دەستگیرکردبوو. ئەمرۆش پۆلیسی داگیرکەری تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندام و بەڕێوەبەرانی هەدەپە و لە ئەنجامدا 5 کەس دەستگیرکران. لە دوێنێوە لە مەلەتی 11 کەس دەستگیرکراون.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی رەحمەت ئەمینی خەڵکی گوندی دارمەکۆنی بەشی وەزنێی سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت پێکرا.[6]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی ئەفشار فەتحی کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی تەنگیسەر سەر بە ژاوەرۆی سنە، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی رەوانەی زیندانی ناوەندیی سنە کرا.[6]
باشووری کوردستان
- هۆزانەوان و نووسەر ع. ع. شەونم، خاوەنی سروودی جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆز، ئەمڕۆ لە سلێمانی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانی لەدەستدا. تەرمەکەی برایەوە بۆ زێدی خۆی لە هەڵەبجە و لەوێ نێژرا.[1]

- وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی بڵاوکردەوە و تۆمارکردنی 769 حاڵەتی نوێی راگەیاند. بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوو 19 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێم گیانیان لەدەستداوە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/ هەولێر راگەیێندراوێکی لەبارەی کوژرانی بەڕێوەبەری ئاسایشی سەرزێڕی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت لەلایەن پەکەکەوە تیرۆر کراوە و پێشتریش هەڕەشەی تیرۆرکردنیان لێکردبوو.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- ئەمڕۆ پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە و دەرگای قوتابخانەکانیش بۆ قوتابیانی پۆلەکانی یەک و دووی بنەڕەتی دەکرێتەوە.[5]
- لە سلێمانی لە رێورەسمێکدا تەلاری نوێی جان کۆفی کرایەوە و هەمان کات یەکەم براندی قاوەی کوردی بەناوی (قاوەی جان کۆفی) راگەیەنرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا پێشوازی لە رێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی شنگالەوە دەکات.[3]
- وەزارەتی دەرەوەی ئوردن پێشوازی لە رێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ رێککەوتنیان لەسەر ئیدارەدانی شنگال.[5]
- لە بەیاننامەیەکدا وەزارەتی دەرەوەی کۆماری میسر پێشوازی لە رێکەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا کرد، کە لەبارەی ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال لەنێوان هەردوولادا واژۆکراوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەلاتێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |
| 🗺 وڵات: | JO ئوردون |
| 🗺 وڵات: | میسر |

Quick Respons Code:

▯ سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-10
[3] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-10
[4] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-10
[5] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-10
[6] 🔏 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-11

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 285

**2020-10-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387335



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەواڵدەرییەکانی حکوومەتی ئێران باسیان لە کوژرانی دوو کەس لە هێزە نیزامییەکان لە سنوورەکانی ورمێ و سەردەشت کرد.[7]
- شادمان بەنی بەشەر، چالاکی مەدەنی و ئەندامی گرووپی شاخەوانی "چلچەمە" بە مەبەستی جێبەجێکرانی حوکمی بەندکرانەکەی دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی سنە کرا.[8]
باشووری کوردستان
- پێکهاتەکانی شەنگال دژی ڕێککەوتنی بەغدا – هەولێر، بە بەشداریی سەدان کەس دەستیان بە ڕێپێوان کرد.[1]
- 19 قوتابخانەی کوردی لە خانەقین بایکۆتی خوێندنی ئەمساڵیان ڕاگەیاند و داوای پێدانی مووچەی 30 ڕۆژجارێک و بەبێ دواکەوتن و هەڵوەشاندنەوەی خوێندنی ئۆنلاین دەکەن.[2]
- ئەمڕۆ کۆنسوڵی فەرەنسا و پارێزگاری دهۆک کۆبوونەتەوە و بەپێی ڕاگەیێندراوێکی کۆبوونەوەکەش، فەرەنسا بە بڕی 15 ملیۆن یۆرۆ کە دەکاتە 17 ملیۆن و 764 هەزار دۆلار هاوکاری پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆک دەکات.[2]
- لە سنوورەکانی سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان، ڕاپەڕین و کۆیە پزیشکانی نیشتەجێی خولاو بایکۆتی دەوامیان کردووە، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، بایکۆتی ئەو پزیشکانە کێشەی بۆ دروستکردوون.[2]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاند، لەئێستادا نەخۆشخانەکانمان پڕبوون لەتووشبووی کۆرۆنا و حکومەتیش بەدابەشنەکردنی مووچە ئەرکەکەمانی گرانتر کردوە.[3]
- تەندروستی هەرێم ڕایگەیاند: لە ماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا 589 تووشبووی نوێی کۆرۆناو 336 چاکبونەوەو 24 حاڵەتی گیان لەدەستدان تۆمارکراوەو کۆی گشتی ئەوانەشی لەسەرەتای سەرهەڵدانی کۆرۆناوە توشی پەتاکە بوون گەیشتوەتە 55 هەزارو 745 کەس.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان و خانووبەری میری سلێمانی بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاند.[3]
- وەفدێکی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتی جێگری وەزیری ئیتلاعاتی ئەو وڵاتە سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کردو لەگەڵ وەفدێکی بزوتنەوەکە تاوتوێی دۆخی هەرێم و عێراقیان کرد.[5]
- دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا لەبارەی دەستگیرکردنی شێروان شێروانی لە پارێزگای دهۆک، ئاماژەی بەوە داوە کە ناوبراو تۆمەتبارە بەوەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی خستووەتە مەترسییەوە و بۆ ئەمەش لە دەرەوە پارەی وەرگرتووە.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاژانسی فەرمیی هەواڵی سووریا سانا ئەمڕۆ ڕایگەیاند، هێزەکانی ئەمەریکا لەڕێگەی دەروازەی ئەلوەلید کاروانێکی سەربازیی، کە بارەکانیان چەک و کەرەستەی لۆجیستی بوون، لە عێراقەوە دەربازی نێو خاکی سووریا بوون، بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی هێزەکانیان لە بنکەکانیان لە گوندەکانی دەوروبەری حەسەکە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- فەخرەدین کۆجا، وەزیری تەندروستیی تورکیا ئاماری نوێی گیانلەدەستدان و تووشبووانی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە ماوەی 24 کاژێری ڕابردوودا 109 هەزار و 301 پشکنینی تایبەت بە ڤایرۆسەکە ئەنجامدراون؛ ئەنجامی پشکنینی هەزار و 502 کەسیان پۆزەتیڤ بوون و 59 تووشبووش مردوون.[2]

- ئەحمەد داود ئۆغلو، سەرۆکی پارتی ئایندە لە تورکیا ڕایگەیاند، سەرۆکی ئێستای وڵات، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و خانەوادەکەی بەڵایەکن و بەسەر گەلەکەمان داهاتوون.[4]

- عێراق لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا 2 هەزار و 206 حاڵەتی توشبوونی نوێی بەکۆرۆنا تۆمارکرد و بەمەش ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق بەرز بوویەوە و گەیشتە 402 هەزار و 330 کەس. وەزارەتی تەندرووستی عێراق لە ڕاگەیاندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەیکردووە. 62 حاڵەتی مردن لەو ماوەیەدا تۆمارکراون و ژمارەی مردوووانی بەهۆی ئەو پەتایە لە عێراقدا گەیشتە 9 هەزار و 852 کەس.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | 🕯 بزووتنەوەی گۆڕان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ دهۆک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شنگال |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ خانەقین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ڕانیە (ڕاپەڕین) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ هەڵەبجە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ کەلار (گەرمیان) |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ حەسەکە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەردەشت |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سنە |
| 🗺 وڵات: | ➡ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | فرەنسا |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

:Quick Respons Code

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2020-10-11
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2020-10-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری یوک میدیا - 2020-10-11
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2020-10-11
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئاوێنە - 2020-10-11
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری باسنیوز - 2020-10-11
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردیا - 2020-10-11
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری هەنگاو - 2020-10-11
کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 286

**2020-10-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387336

باکووری کوردستان
- خەزال تاش ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی پارتی دیموکراتی هەرێمەکان (دەبەپە) و چالاکوانی تەڤگەری ژنانی ئازاد (تەژەئا) و فەرید یلدز ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی کورکوتەلی ئەنتالیا کە بەرەوە ئەنتالیاوە دەچوون دەستگیرکران.[1]
رۆژهەلاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی وەزیر وەیسی خەڵکی گوندی جۆجاری بەخشی سەلاسی باوەجانی، بەهۆی تەقەی راستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکرا.[5]
- 10 سەر ئەسپ و هێستری کاسبکاران لە سنووری هەورامان بە تەقەی هێزە نیزامییەکان کوژران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکان سەرەڕای کوشتنی ئەسپی کاسبکاران، ئاگریان لە شتومەکی ئەو کاسبکارانە بەر داوە.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمەریکا لە دهۆک نەخۆشخانەیەکی 20 تەختیی کۆرۆنای بە ملیۆنێک و 100 هەزار دۆلار دروستکرد، هەموو پێداویستیەکی تێدایە بۆ ئەوانەی پێویستیان بە چاودێریی چڕە. هاوکات بڕی چوار ملیۆن دۆلاریشی بەخشییە زانکۆی دهۆک.[2]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی کۆرۆنای لە 24 کاژێری رابردوودا راگەیاند و گوتی، 720 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 26ی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[2]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا رایگەیاند، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دارایی هاوڵاتیانی هەرێم، بڕیاریانداوە کرێی خوێندنی پارالێل و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان بەرێژەی (45%) هاوشێوەی ساڵی رابردو بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن کەم بکرێتەوە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سوڵتان سلێمان شا لە ناوچەی عەفرین هاووڵاتییەکیان بە ئەشکەنجە کوشت. هەروەها دەستیان بەسەر 10 هەزار دار زەیتونی هاووڵاتییەکی ناوچەی شییەدا گرت.[1]
- لە رۆژئاوای کوردستان ژمارەی توشبووانی کۆرۆنا لە بەرزبوونەوەدایە، لەگەڵ ئەوەشدا هاووڵاتییان خۆیان ناپارێزن و بەرێوەبەرایەتی خۆسەریش رێکاری نوێ ناگرێتەبەر. پزیشکەکانیش دەڵێن، ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، کارەسات

ڕوودەدات.[3]
- فەرەنسا نیگەرانی خۆی لە ناردنی کەشتی عروج رەئیس بۆ کنە و پشکنین لە ڕۆژهەڵاتی دەریایی سپیی ناوەڕاست دەربڕی، کە بەشێکە لە بەرئاوەکانی یۆنان و داوای لە دەسەڵاتدارانی تورکیا کرد، واز لە هەراسانکردن بهێنێیت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| وڵات: | فرەنسا |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-12
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-12
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-12
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-12
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-12


| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-09-01 12:10:47 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 287

**2020-10-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387337



باکووری کوردستان
- تەرمی عەگید جڤیان (وەحییەدین کارا) ئەندامی ئەنجوومەنی بڕیارەگەی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) و فەرماندەی ناوچەی بۆتان، کە لە وان شەهید بوو بوو، لە گەڤەر و لە ژێر گەمارۆی سەربازانی تورک دا بەخاکسپێردرا.[1]
- لە شاری ئەنتالیا دوو لە بەڕێوەبەرانی هەدەپە بە ناوەکانی دەگەر یورگون و عوسمان مەتیندر دەستگیر کران.[1]
- نزیکەی 6 ساڵ سزای بەندیخانە بەسەر رۆژنامەنووس ئارافات دایاندا سەپێنرا. دایان بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی دیمۆکراتیک ئولوس بوو.[1]
- لە دێرسم، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە کوڕێک تەقەی لە باوکی کرد و کوشتی، دواتریش خۆی کوشت.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- خاتوو زوبێدە نەژادیان هاوسەری هونەرمەند حەسەنی ماملێ، کە یەکێک بوو لە تێکۆشەرانی کۆمەڵەی ژێ کاف لە تەمەنی 90 ساڵیدا لە نەخۆشخانەی ورمێ کۆچی دوایی کرد.[3]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەڕاگەیەندراوێکدا رایگەیاند: لە 24 سەعاتی رابردوودا 900 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون و 22 کەس گیانیان لەدەستداوە و 429 تووشبووش چاک بوونەتەوە.[3]
- رێکخراوی رۆشنبیری کورد لە بەریتانیا بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDO کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیران شنۆمحەمەد - نەوزاد مستەفا - بەندی عەلی سازکرد و هەر لە کۆڕەکەشدا خەڵاتی رێزلێنان بەخشرایە بەشێک لەدکتۆر و هێزەئەمنییەکان و شاعیران و فۆتۆگرافەرانی سەردەمی کۆرۆنا.[3]
- بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی شێخ پاشا مەحمود، چالاکڤانی دیاری کوردی ئێزدی لە شارۆچکەی سێمێل سەر بە پارێزگای دهۆک کوژرا.[2]
- ئەو مامۆستا ئایینییەی لە سلێمانی یەکەم کەس بوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆچی دوایی بکات، تەرمەکەی دەرهێنرا و بۆ گۆڕستانی گردی سەیوان گوازرایەوە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک بەردەوامە لەسەر ئەنجامدانی تاوان لەدژی خەڵکی مەدەنی عەفرین. لە ناوچەی جندرێش سەربازانی تورک کەسێکیان کردە ژێر ئۆتۆمبێلەکەیانەوە و بە سەختی برینداریان کرد.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لیژنەی هەماهەنگی سەربازی و کاری ئەمنی هاوبەشی نێوان حکومەتی عیراقی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا کۆبوەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی چەند پرسێکی جێ بایەخی ئەمنی هاوبەش بەدرێژایی هێڵی نێوان هێزەکانی حکومەتی فیدراڵ و هێزەکانی پێشمەرگە لەبەرامبەر هەڕەشە ئەمنییەکان و گرووپەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش.[3]
- پێگەی ئێکۆنومیست لە نوێترین راپۆرتەکانیدا، هۆکارەکانی داکەوتنی بەهای تومەن و ناجێگری بازاڕی دراوی ئێرانی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بە کورتهێنانی بودجەی ئە و وڵاتەدا، کە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا گەیشتوەتە 3 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار بووە.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەداخەوەیە بۆ بڕیاری تورکیا سەبارەت بەدەستبەکاربوونەوەی لە گەڕان بەدوای نەوتدا لە نزیک یۆنان، جەختیشیکردەوە، چالاکی سەربازی و کاری ترساندن و هەڕەشە گرژی لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کەم ناکاتەوە.[4]
- دوای دووبارە ناردنەوەی کەشتی گەڕانی غازی ئەنقەرە بۆ رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا داوای لە تورکیا کرد، واز لە ورژاندنی ناکۆکییەکان بهێنێت لەسەر غاز، دووپاتیشیکردەوە، کە وڵاتەکەی هاوسۆزە لەگەڵ قوبرس و یۆنان وەک هاوبەشی یەکێتی ئەوروپا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | ژی کاف - ژ.ک |
| شار و شارۆچکەکان: | دهۆک |
| شار و شارۆچکەکان: | دێرسیم |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| شار و شارۆچکەکان: | ورمێ |
| وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ↑ باکووری کوردستان |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | IR ئێران |
| وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| وڵات: | قوبروس |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان

[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 288

**2020-10-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200119124220377248



باکووری کوردستان
- بە مەبەستی لێسەندنەوەی مافی پارێزبەندی 6 پەرلەمانتار کە 5 پەرلەمانتاری هەدەپەن، 10 دۆسیە بۆ پەرلەمانی تورکیا ڕەوانەکران. ناوی ئەو پەرلەمانتارانەی کە دۆسیەیان لەدژی ئامادەکراوە ئەمانەن: فاتیمە کورتولان پەرلەمانتاری مەرسین، تولای هاتەمئۆغوللاری پەرلەمانتاری ئەدەنە، ڕەمزیە توسون پەرلەمانتاری ئامەد، عەبدوڵلا کۆچ پەرلەمانتاری ئاگری و حەسەن ئوزگونەش پەرلەمانتاری شڕنەخ.[1]
- تەرمی 8 گەریلای پەکەکە کە لە شاخەکانی جودی و گابار و هەرێمی بەستای شرنەخ لە کاتە جیاوازەکاندا شەهید بوون، ماوەی 20 ڕۆژە لە پزیشکی دادوەری ڕاگیراون و ڕادەستی خانەوادەکانیان ناکرێنەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) ڕایدەگەیەنێت، پرۆسەی یەکگرتنەوەی حزبی دیموکرات بە جیدی دەسپێکردووەتەوە و لەسەر ئاستی باڵا گفتوگۆ لەنێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) هەیە و لەسەر زۆر بابەت کۆکن بۆ بەستنی کۆنگرەی هاوبەش و یەکگرتنەوە.[4]
- لە یەک هەفتەی ڕابردوودا جیا لەوەی نان بە دژواری لە نانەواخانەکانی چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست دەکەوێت، لە هەمانکاتیشدا ئارد کەمە و نرخەکەشی دوو بەرانبەر بەرزتر بووەتەوە و ئەمەش خەڵکی نیگەران کردووە.[6]
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سێ هاووڵاتیی مەریوانی بە ناوەکانی حامید دادستان تەمەن 50 ساڵ، سۆران دادستان تەمەن 22 ساڵ و حەمدی دەبستانی تەمەن 40 ساڵ خەڵکی گوندی دەگای شێخان سەر بە مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.[7]
- لە ئەنجامی ڕاوونانی هێزە نیزامییەکان حکوومەتی ئێران، کاسبکارێکی سەقزی بە ناوی هیوا وەکیلی کوڕی کەریم، گیانی لەدەست دا.[7]
باشووری کوردستان
- عەرەبی هاوردە ئەمڕۆ بۆ ڕووپێویکردنی زەویی جووتیارانی کورد هاتنە گوندی پەڵکانە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئەوان و جووتیارانی کوردی گوندەکە ڕوویدا.[4]
- بەپێی ڕاگەیێندراوی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، لە 24 کاژێری ڕابردوودا 912 تووشبووی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشانکراون و 20 تووشبووش گیانیان لەدەستداوە؛ هاوکات 194 تووشبووی پێشووی ڤایرۆسەکەش چاکبوونەتەوە.[2]
- لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە و چەند بڕیارێکی دەرکرد، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاند، ناوەندەکانی خوێندن بەردەوام دەبن لە دەوامکردن تاوەکو کۆبوونەوەی داهاتووی لیژنەی باڵای کۆرۆنا.[2]
- هاوسەرۆکی یەکێتی، لاهور شێخ جەنگی ڕایگەیاند: ئەم شێوازەی ئێستای حکومڕانی قبوڵ نییەو دەبێت چاکسازی لە بۆرییەکانی نەوتدا بکرێت، زیاتر لە 200 ملیۆن دۆلار بەناوی کرێی کۆمپانیاکانەوە ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، نەک حکومەت مووچەی فەرمانبەرێک کە 300 هەزار وەردەگرێت کەمبکاتەوە و بڵێت چاکسازیم کردووە.[3]
- ئاژانسی فەرمیی تورکیا بڵاویکردەوە، تیمی ئۆپەراسیۆنەکانی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا میت بەرپرسێکی باڵای پەکەکەیان کردووەتە ئامانج و (کوشتوویانە)، کە یەکێک بووە لە فەرماندەکانی پەکەکە لە شنگال. بەگوێرەی ئاژانسەکە، فوئاد زەنگین بە نازناوی سەرهات پاتنۆس بەرپرسێکی باڵای پەکەکە و یەکێک لە فەرماندەکانی هەپەگە بووە لە شنگال، ماوەیەک بوو لەلایەن میتەوە چاودێریی جموجۆڵەکانی دەکرا و لەڕێگەی تیمی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانیانەوە لە بۆسەیەکدا لە شنگال (کوشتوویانە).[2]
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان - لقی سلێمانی لەڕاگەیاندراوێکدا جەغت لەوە دەکات کە بایکۆت بەردەوام دەبێت.[5](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)

رۆژئاوای کوردستان
- مێردمنداڵێکی تەمەن 16 ساڵەی عەفرینی لەسەر سنووری نێوان باکوور و رۆژئاوای کوردستان، کوژرا. مێردمنداڵەکە ناوی حەسەن جومعە حەمەد، تەمەن 16 ساڵ و خەڵکی شارەدێی جندرێسی سەر بە عەفرینە لەکاتێکدا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ویستوویانە سنوور ببڕن و باکووری سووریاوە بچنە ناو خاکی تورکیا، لەلایەن پاسەوانانی سنووری تورکیا تەقەیان لێکراوە، لە ئاکامیشدا ئە و مێردمنداڵە کوژراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لەسەر قسەکانی هۆشیار زێباری، کە رایگەیاندبوو، هۆکاری هێرشکردنە سەر هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گروپە چەکدارەکان، پێیانوایە هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا نزیکە و بەشێکە لە پرۆژەی ئەمریکا، هەروەها بنکەی ئەمریکی لێیە، ئەو گرووپانە وەک داعش وان، چۆن داعش هێرشی کردە سەر بەغدا و دواتر هێرشی کردە هەولێر، ئەوانیش هەمان کاریان کرد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی حەشدی شەعبیەوە، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەمانی عێراقدا گرژیی لەنێوان بەشێک لە پەرلەمانتارانی شیعە و پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستبوو.[2]
- چەند سەرچاوەیەک لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا رایانگەیاند، کاروانێکی دیکەی چەکدارانی گروپە میلیشیاکانی سووریا کە فەرمان لە ئەنقەرە وەردەگرن، ئامادە دەکرێن بۆ ئەوەی لە رێگەی تورکیاوە رەوانەی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بکرێن، بەبێ ئەوەی ئە و سەرچاوانە ئاماژە بە وادەی گواستنەوەیان بکەن.[4]
- وەزیری دەرەوەی رووسیا، سێرگێ لاڤرۆڤ جەختیکردەوە، وڵاتەکەی تورکیای بە هاوپەیمانی ستراتیجی دانەناوە، وێڕای کە هاوبەشییەکی توندوتۆڵ لە نێوان هەردوو وڵاتدا لە پرسە جیاوازەکاندا کارێکی گرنگە.[4]
- وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، جان ئێف لۆدریان جەختیکردەوە، وڵاتەکەی هۆکارەکانی خۆی هەیە بۆ باسکردنی پابەندییەکانی خۆی بە بەڵێنەکانی لە سایەی ئەوەی لە قەرەباخ روودەدات، تورکیاشی بەگڕدانی ململانێ لە ناوچەکەدا تاوانبارکرد.[4]
- حکومەتی عێراق رایگەیاند، نامەیەکی دەستنووس لە رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیاوە بە دەست مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتووە و تێیدا کازمیی بانگهێشتی تورکیای کردووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی (ئێران) - حدک و حدکا |
| 🏣 پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ مەریوان |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سەقز |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🌋 ئاگری |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔘 ئامەد |

شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: SY سووریا
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و رووسیا
وڵات: فەرەنسا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 14-10-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 14-10-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 14-10-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 14-10-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 14-10-2020
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 14-10-2020
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 14-10-2020

کاتی تۆمارکردن: 2020-01-19 12:42:20 PM
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

---

بابەت: 289

**2020-10-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387338



باکووری کوردستان
- پۆلیس و سەربازانی دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییان لە ناوەندی جۆلەمێرگ و دەورووبەریدا و لەو هەڵکوتانەدا 22 کەسیان دەستگیرکرد، کە کەسانی بە تەمەن و نەخۆش و کەمئەندامیش لە ناو دەستگیرکراوەکاندان.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهمەن قوبادی، سینەماکاری ناسراوی کورد بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە لاپەڕەی ئینیستاگرامی خۆیدا بەنیسبەت حوکمی داسەپاوی ئێعدامی شاکر بێهرووزی، زیندانیی سیاسیی کورد مەحکووم بە ئێعدام، لە گرتووخانەی ورمێ، نارەزایەتی دەربڕی.[6]
- کریکارێکی مەریوانی بە ناوی خوسرەو حەسەنی بە هۆی تەقینەوەی مینی دژە نەفەر لە کوێستانی کانی کون لە نزیک گوندی قەمچیان بە سەختی بریندار بووە و دەستێکی پەڕیوە. [8]
- هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ هاووڵاتییەکیان بەناوی مەلا جەمشید حەمیدی خەڵکی گوندی شاوانە دەستبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، جەمشید حەمیدی بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ حیزبێکی کوردستانیی دژبەری حکوومەت دەستبەسەر و بۆ دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئورمیە گوازراوەتەوە.[8]
باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی چڕی دەڤەری برادۆستیان کرد، شوێنی بۆردوومانەکەش نزیک جووتیار و ئاژەڵدارانی چەند گوندێکە.[4]
- عوسمان محەمەد هەورامی شاعیر و نوسەر و پەروەردکار و میدیاکار، لە شاری سلێمانی بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.[1]
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی بڵاوکردەوە و بەگوێرەی ئامارەکە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا تائێستا لەماوەی 24 کاتژمێردا بەراورد بە رۆژانی رابردوو زۆرترین ژمارەی تووشبوون تۆمارکراوە. وەزارەتی تەندروستی رایگەیاندووە، لەماوەی 24 کاتژمێردا 974 تووشبووی کۆرۆنا تۆمار کراون. لە ئاماری 24 کاتژمێری رابردووی وەزارەتی تەندروستی ئاماژە بەوەشکراوە، لەو ماوەیەدا 28 تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە.[4]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان روونکردنەوە لەبارەی بڵابوونەوەی گرتەڤیدیۆییەک دەدات کە تێیدا دەردەکەوێت، دوو کەس بە چەکەوە هێرشدەکەنە سەر دەرمانخانەیەک و لە کارمەندانی تەندروستی دەدەن، دەڵێت، بەدواداچوون دەکەن و رێکاری یاسایی دەگرنەبەر.[2]
- کۆمیتەی شەهیدانی پەکەکە لە باشوری کوردستان، یادی هەردوو شەهیدی پێشەنگ جەمیل ئامەد و دەمهات عەگیدی لەسەر چیای ئەزمەڕ لە شاری سلێمانی کردەوە، کە پار ساڵ لەلایەن فڕۆکە بێفرۆکەوانەکانی دەوڵەتی تورکەوە شەهیدکران.[7](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- هاوپەیمانی نیشتمانی دەنگۆی یەکگرتنی حزبەکەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان رەتدەکاتەوەو دەشڵێت: ئەو هەواڵە هیچ بنەمایەکی نییەو دورە لە راستییەوە.[5]
- پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند حکومەتی عیراق رەزامەندی دەربڕیوە لەسەر زیادکردنی ئەو بڕە نەوتەی بۆ ماڵان کە بڕیارە رەوانەی هەرێمی کوردستانی بکات لە 50 ملیۆن لیترەوە بۆ 150 ملیۆن لیتر.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مەزلوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تویتێکدا نووسیویەتی، پشتیوانی لە داوای وەزیری دەرەوەی سوید دەکەن بۆ کشانەوەی تورکیا لە سووریا، چونکە تورکیا پێشێلکاری زۆری ئەنجامداوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە ناوچەی زەیتونبورنو لە ئیستەنبول شەڕ لە نێوان دوو ماڵدا روویدا و پۆلیسیش گەنجێکی کوردی تەمەن 20 ساڵی بە ناوی ئایدن ئێزگین کوشت.[1]
- دوای کۆتایهاتنی سەردانەکەی نیکۆس دێندیاس وەزیری دەرەوەی یۆنان، بۆ بەغدای پایتەخت، شەوی رابردوو لەگەڕانەوەیدا بۆ ئەسینای پایتەخت، لەلایەن تورکیاوە بۆ ماوەی 20 دەقیقە فرۆکەکەی راگیراوە، ئەوەش لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە نارەزایی و کاردانەوەی فراوانی

لێکەوتەوە.[3]

- سەرۆکی حزبی نیشتیمانی چەپڕەوی تورکی، دۆغو برینجیک جەختیکردەوە، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، کە لە ساڵی 1999 گیراوە، بەم نزیکانە لە سەر تەلەڤزیۆن دەردەکەوێت.[4]
- ڕۆژنامەی واشنتن پۆست ڕایگەیاند، بە لای کەمەوە 52 کەس لە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی سووریایی لە شەڕی قەرەباخ کوژراون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پارت / لایەن: | هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ ورمێ |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ سلێمانی |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ مەریوان |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ شنۆ |
| شار و شارۆچکەکان: | ⚪ جوڵەمێرگ |
| وڵات: | ⬆️ باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | یۆنان - گریک |
| وڵات: | IQ ئێراق |
| وڵات: | ⬅️ ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | SY سووریا |
| وڵات: | SE سوید |
| وڵات: | ⬇️ باشووری کوردستان |
| وڵات: | ➡️ ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-15

[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | [ماڵپەڕی هەنگاو - 2020-10-18]

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 290

**2020-10-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387339




باکووری کوردستان

- سەربازانی تورک ئاگریان بەردایە دارستانەکانی ناوچەی باسان لە چیای گاباری پارێزگای شرنەخ.[1]

- شاندێکی هەدەپە بۆ بینینی زیانەکانی ئاگرکەوتنەوەی دارستانەکانی سنووری گوندی قۆلان لە ناوچەی گمگمی موش بڕۆن بۆ ئەو گوندە، بەڵام لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە ڕێگریان لێکرا.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دارستانەکانی شاخی دەرنە و دۆڵی شاری سەلاسی باوەجانی ئاگریان تێبەردرا و خەسارێکی بەرچاو بە ژینگەی ئەو ناوچەیە گەیشتووە. دانیشتووانی ئەو ناوچەیە داوایان لە هاووڵاتییان کردبوو کە بۆ کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەهانایانەوە بچن.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە گەڕەکی مەحموودییەی عەفرین، کە دەکەوێتە ناوەندی شاری عەفرین و لە ژێر داگیرکەریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانیدایە، تەقینەوەیەک ڕوویدا.[1]

- هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە)، (600) کەس لە و دەستگیرکراوانەی ئازاد کرد، کە بە تۆمەتی ئەندامێتیان لە ڕێکخراوی داعش دەستگیرکرابوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- فەرەنسا و ئەڵمانیا، تورکیا بە هێرشکردنە سەر یەکێتی ئەورووپا تۆمەتبار دەکات.[2]

- سەرکردەکانی یەکێتی ئەورووپا ڕەتی دەکەنەوە ڕێگا بە تورکیا بدەن، کەشتی دۆزەرەوەی گازی سرووشتی بۆ دەریای ناوەڕاست بنێرێت و وادەیەک بۆ سزادانی دیاری دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | موش |
| شار و شارۆچکەکان: | عەفرین |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | DE ئەڵمانیا |
| وڵات: | فرەنسا |
| وڵات: | ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |

:Quick Respons Code

📄 سەرچاوەکان
[1] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-16
[2] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-16
[3] 📡 ماڵپەڕ | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-16

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 291

**2020-10-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387340



باکووری کوردستان
- گوڵتان کشاناک و گوڵسەر یڵدرم، کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی کۆبانێ دا وتەیان لێ وەرگیرا و دیسانەوە سزای زیندانی بەسەر کشاناک دا سەپێنرایەوە و سزای زیندانیش لە ماڵەوە بەسەر گوڵسەر یڵدرم دا سەپێنرا.[2]
- لە چوارچێوەی 'لێپرسینەوەی کۆبانێ'دا لێکۆڵینەوە لەبارەی فیگەن یوکسەکداغ و سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکانی پێشووی هەدەپە دەکرا، داگای تورکیش بڕیاریدا هەردوو سیاسەتمەدارەکە لە زینداندا بمێننەوە.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی تەندروستی ئاماری ئەمڕۆی کۆرۆنای لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد: 723 کەسی دیکە لە کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، 23ی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.[4]
- گوتەبێژی تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت، دۆخی ئێستا سلێمانی لەرووی تووشبووان و گیان لەدەستدان بە کۆرۆنا مەترسیدارە، ئێستا 218 تووشبووی کۆرۆنا لەژێر چاودێری پزیشکیدان و تەندروستی 40 تووشبووشیان ناجێگیرە.[4]
- محەمەد عەبدوڵڵا هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزوتنەوەکەیاندا رایگەیاند، دەسەڵات ئێستا لە لێواری هەڵوەشانەوەدایە و وتی:دەبێت بەرەیەکی ئۆپۆزیسیۆن دروست بکەین.[2]
- پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک رادەگەیێنێت کە لە چەند رۆژی رابردوودا بە چەکەوە هێرشی کردبووەسەر دەرمانخانەیەکی هەولێر و لە کارمەندێکی دابوو.[3](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
- پارێزگاری هەولێر رایدەگەیێنێت، هیچ کەسێک لە سنووری پارێزگای هەولێر ئاڵای عێراقی نەسووتاندووە و ئەو گرتە ڤیدیۆییەی بڵاوکراوەتەوە، هی ساڵانێک بەر لە ئێستایە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک ئەمڕۆ کەمپی عەین عیسا و گوندەکان و رێگای ئێم 4ی تۆپباران کرد. لە ئەنجامدا منداڵێکی 13 ساڵ بە ناوی حاتم حازم محەمەد بریندار بوو و قاچی پەڕی. محەمەد حاتم بۆ نەخۆشخانە رەوانەکرا، بەڵام نەتوانرا رزگار بکرێت.[2]
- رێکخراوی مافەکانی مرۆڤ عەفرین – سوریا رایگەیاند، بە پێی زانیاریەکان چەتەکانی ئەلهەمزەی

سەر بە دەوڵەتی تورک بەرهەمی زەیتوونی هاوڵاتیەکیان بە ناوی عەکاش داود دزیوە لە گوندی بێکێی ناوچەی بلبل. بەپێی هەمان سەرچاوە بەرهەمی زیاتر لە 90 داری زەیتوون دزراون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- هەوادارانی حەشدی شەعبی لە بەغدا هێرشیان کردەسەر لقی 5ی پارتی دیموکراتی کوردستان و بیناکەیان سووتاند و ئاڵای کوردستانیشیان سووتاند. ئەم کردارەی عەرەبەکان لە بەغدا ناڕەزایی زۆری کوردستانییانی لێکەوتەوە.[1]
- ئەنجوومەنی وەزاریی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی عێراق بەگشتیی و هێرشی سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی و سووتاندنی ئاڵای کوردستان بەتایبەتی. کۆبوونەوەکە سەرکۆنەی هێرشەکە و سووتانی ئاڵای کوردستان دەکات.[3]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا سەردانی پارێزگای زۆنگوڵداکی لە کەناراوەکانی دەریای ڕەش کرد و گوتارێکی لەبارەی ئەو کەشتییانەی تورکیا پێشکێشکرد، کە لە دەریاکاندا بەدوای گازی سرووشتیدا دەگەڕێن. ئەردۆغان لە گوتارەکەیدا گوتی: درێژە دەدەین بە گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی هایدرۆکاربۆن لە دەریای ڕەش و دەریای سپیدا. دوای ئەو بڕەی ڕامانگەیاند، 85 ملیار مەترسێجای دیکە گازی سرووشتیمان دۆزییەوە. بەو بڕەی کە لە بیری تونا 1 دەریدەهێنین، 405 ملیار مەترسێجا گازی سرووشتییە.[3]
- تومەنی ئێرانی دارمانێکی گەورەی دیکەی تۆمارکرد و بەهای هەر دۆلارێکی ئەمەریکی ئاستی 32 هەزار و 200 تومەنی تێپەڕاند، ئەوەش دەبێتە پێوانەیەکی نوێی دابەزینی تومەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏣 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏣 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ سلێمانی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🕊 عەفرین |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | IQ بەغداد |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IQ ئێراق |
| 🗺 وڵات: | ⬅ ڕۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IR ئێران |

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-17

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-09-01 12:10:47 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 292

## 2020-10-18

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387341



باکووری کوردستان
- هێزەکانی پۆلیسی فاشیستی تورک لە شاری شرنەخ هەڵیان کوتایە سەر ماڵی چەندین هاوڵاتی و لە ئەنجامدا 4 کەسیان دەستگیر کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەمین شەمس بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری چاڵدێران کوژرا. هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو تەقەیان لەو کۆڵبەرە کوردە لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی کۆڵبەران کردووە. ئەو کۆڵبەرە کوردە خێزاندار و باوکی منداڵێکە.[7]
- ڕێکخراوی هەنگاوی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند، عادل موکەڕەم، بەندکراوی سیاسی لە گرتووخانەی ورمێ بەیانیی ئەمڕۆ لە بەرچاوی دادوەری چاودێریی ورمێ و جێگری بەرپرسی گرتووخانەی ئەو شارە بەهۆی ئەوەی بەرپرسانی دەزگای داد داخوازییەکانیان پەسندنەکردووە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و قاچێکی سووتا. بە گوێرەی ڕێکخراوی هەنگاو، دوای ئەوە عادل موکەڕەم لە لایەن هێزەکانی گرتووخانەکەوە لە سووتان ڕزگارکرا و بەبێ ئەوەی چارەسەری پزیشکیی بۆ بکرێت، گوێزرایەوە ژووری تاکەکەسیی گرتووخانەکە.[2]
- عەلی پێشەوا قازی محەممەد، کوڕی سەرۆک کۆماری کوردستان (پێشەوا قازی) سەرۆکۆنەی سوتاندنی ئاڵای کوردستان و بارەگای لقی پارتی لە بەغدا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، باوکم و هەزاران کوردی دیکە گیانیان فیدای ئاڵای کوردستان کردووە، تا دواهەناسە لەپێناو بەرزی و شەکاوەی ئاڵای کوردستان تێدەکۆشین.[4]
باشووری کوردستان
- لە ناوچەی شێخ بزێنی لە گوندی تولکی سەر بە شارەدێی شوان، ژمارەیەک چەکدار کە گومان دەکرێت سەر بە داعش بن، تەقەیان لە ئۆتۆمبێلێک کردووە. بەگوێرەی زانیارییەکان، ئۆتۆمبێلەکە سێ هاووڵاتی کوردی تێدا بووە و هەرسێکیان گیانیان لەدەستداوە.[4]
- بریکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕایگەیاند، بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان خەرجکردنی مینحەی زیندانیانی سیاسی بە مەرج بەردەوام دەبێت.[2]
- وەکو کاردانەوەیەک لەبەرامبەر سووتاندنی ئاڵای کوردستان لەلایەن لایەنگرانی حەشدی شەعبی لە بەغدا، بەشی فرۆکەوانیی سەربازی لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر نمایشێکی ئاسمانیی بە ئاڵای کوردستانەوە لە ئاسمانی هەولێر دەکات.[4]
- ئەمرۆ لە بەردەم دادگای شاری سلێمانی، نوێنەران و بەشێک لە ئەندامانی 23 ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی دژی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان لە لایەن پەدەکەوە گردبوونەوە و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە یاداشتێکیان ئاراستەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ

هاریکاریکردنی عێراق کرد.[8]
- لە سەید سادق دەستگیرا بەسەر زیاتر لە نیو تۆن دەرمانی خاو و 200 پارچە حەب و 19 هەزار قوتو و لەزگەی و بەرواری ئامادەکراودا، کە بەنیازی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بوون لە نێو بازاری سەیدسادقدا.[3]
- ئەنجومەنی کەرکوکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگای کوردستان لەساڵیادی دامەزراندنیدا لە چالاکییەکی ژینگە پارێزی دەیان نەمامیان چاند.[1]
- دوای ماوەیەک لە هێرشکردنە سەر ئەو کچانەی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەخوێنن و چالاکن لە وتارێکیدا، مەلا هەڵۆ، مامۆستای ئایینی ئەمرۆ لەسەر سکاڵای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەستگیرکرا.[4]
- ئاسایشی سلێمانی رایگەیاند، ئەمرۆ، هێزەکانیان دەستیان بەسەر 42 تۆن جگەری تورکی قەدەغەکراودا گرتوە کە بەشێوەیەکی نایاسایی هێنراوەتە هەرێمی کوردستان.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی حەمۆی قامیشلۆ لە رێگەی ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبرێژکراوەوە تەقینەوەیەک روویدا و لەو تەقینەوەیەدا 2 کەس بریندار بوون.[1](بڕوانە فایلی پەیوەندیدار)
دەرەوەی کوردستان
- بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق باسی لە هێرشکردنە سەر لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا کرد و ئاماژەی بەوە دا کە ئەو هێرشە لە رق و کینەی هەندێک لە گرووپە چەکدار و بەشێک لە سیاسییەکانی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە حکومەتی عێراق توانای کۆنترۆڵکردنی گرووپە چەکدارەکانی نییە.[2]
- نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق- یۆنامی لە تویتێکدا نیگەرانی خۆی لە رووداوەکانی بەغدا و سووتانی ئاڵای کوردستان و هەڵکوتانە سەر بارەگای پارتی دەردەبڕێت.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بەیاننامەیەکدا، بە توندی ئیدانەی هێرشی حەشدی شەعبی کرد، بۆ سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری بەغدا.[4]
- باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق، سەرکۆنەی هێرشکردنە سەر لقی 5ی پارتی لە بەغدا دەکات و رایدەگەیەنێت، پێشوازی لە هەوڵەکان دەکەین بۆ سزادانی ئەنجامدەرانی هێرشەکە.[4]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هۆشداری دەداتە وڵاتان و دەڵێت، ناردنی چەک بۆ ئێران پێشێلکارییە لە بڕیاری 1929ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان.[2]
- وەزیری بەرگری ئیسرائیل، بینی گانتس رایگەیاند، وڵاتەکەی هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ئەوەی ئێران دەستی بە چەکی نوێ و پێشکەوتوو نەگات.[4]
- لە بازاڕی ئاڵۆگۆڕای دراوی تاران بەهای تمەن بەرانبەر بە دۆلاری ئەمریکی زیاتر دابەزیوە و هەر دۆلارێکی ئەمریکی بە 31 هەزار و 950 هەزار تمەن مامەڵەی پێوە کراوە. واتە هەر سەد دۆلاری ئەمریکی بەرانبەرە بە 3 ملیۆن و 195 هەزار تمەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏛 پارت / لایەن: | تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| 🏛 پارت / لایەن: | ☪ دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| 🏛 پارت / لایەن: | حەشدی شەعبی |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♜ هەولێر |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ ورمێ |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | 🔥 کەرکوک |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ◯ شرناخ |

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ↑ باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: IQ ئێراق
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: IR ئێران
وڵات: US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات: IL ئیسرائیل
Quick Respons Code:


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-18
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-18
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-18
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-18
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-18
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-10-18
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردیا - 2020-10-18
[8] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-18


کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 293

**2020-10-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387342




باکووری کوردستان
- سیاسەتمەداری کورد ئەحمەد تورک، لە چوارچێوەی هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ قڕکردنی سیاسی، سزای 'قەدەغەی گەشتی دەرەوەی وڵات' بەسەری سەپێنرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چەند ڕۆژێکە، بەشێکی گەورە لە دارستانەکانی دەڕنەی ناوچەی سەلاسی باوەجانی لە پارێزگای کرماشان لە ئاگردا دەسوتێن. ژینگەپارێزانی ناوچەکە لێدوانی قائیمقامی ناوچەکە لەبارەی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە بە درۆ دەخەنەوە.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، سێ جار ناوەندی گوندی (ڕەژووکەریان) لە بناری قەندیل بۆردوومان کرد.[1]
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاشکرایکرد، تێکرای مردن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو توشبووانی ڤایرۆسەکە لە سنووری پارێزگای سلێمانی 5٪ ی تێپەڕاندووە و یەکسانە بە دوو ئەوەندەی مردن لەناوچەکانی دیکەی عێراق.[4]
- لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی دینارتەی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێ، تەرمی پیاوێک دۆزراوەتەوە کە ناسنامەی دیارنییە و جلی سەربازی لەبەردایە.[2]
- پارێزەری دۆسیەی هێرشکردنە سەر ئاسۆس هەردی ڕایگەیاند پاش تێپەڕینی 9 ساڵ بەسەر هێرشکردنە سەر ئاسۆس هەردی و 15 دانیشتنی دادگای دادبینی سەبارەت بەو کەیسە، ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار یەکێک لە تۆمەتبارە سەرەکییەکانی کەیسی هێرشکردنە سەر ئاسۆس هەردی بەراگیراوی هێنرایە بەردەم دادگا، کە ئەفسەرێکی پلە باڵای هێزەکانی (70)یە.[5]
- وەزارەتی دارایی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد، لە هەنگاوێکی دیکە چاکسازی بەهۆی نەدانی باج و خۆدزینەوە لە باجدان، بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری سەربە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، زیاتر لە 20 کۆمپانیا دەداتە دادگا.[4]
- لەسەر دۆسیەی کوشتنی دوو خوشکەکەی چەمچەماڵ چوار تۆمەتبار دەستگیرکراون کە هەر سەرجەمیان مامی دوو کچە کوژراوەکەن و بەشدار تاوانەکە یان شاردنەوەی تەرمەکانیان کردوە.[3]
- پیاوێکی بەتەمەن و هاوژینەکەی لە گوندی چاڵەڕەشی سنووری شارۆچکەی بازیان شێرێکیان بینیوە، پیاوەکە دەڵێت، شێرێکی ڕەنگ سوور و پتەو بوو و کلکیشی هەڵگەڕاندبووەوە.[2]
- دەستەی دەسپاکی عیراق دەستگیرکردنی پارێزگاری پێشووی نەینەوای ڕاگەیاند کە پێشتر بەهۆی گەندەڵی و ئیتخلاسەوە بۆ هەولێر هەڵهاتبوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی، کەمپی عەین عیسا، ڕێگای ئێم 4 و گوندی سەیدای ڕۆژئاوای ناوچەکە بۆردومان دەکەن.[1]
- سەربازانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە گرێ سپی لە نزیک ڕێگای ئێم – 4 هاووڵاتییەکی تەمەن 36 ساڵیان بە ناوی محەمەد خەلەف سولەیمان کوشت. ئەو هاووڵاتییە گواسترایەوە بۆ نەخۆشخانەی شەهید عومەر عەلوش، بەڵام بەهۆی قورسیی برینەکەیەوە گیانی لە دەستدا.[1]
- وەفدێکی وەزارەتی دەرەوەی سوید نامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان دەگەیەننە هێزەکانی سوریای دیموکرات، ئەوەش لەمیانی ئەو کۆبوونەوەیەدا هات کە ئەمڕۆ لەنێوان وەفدێکی دەرەوەی سویدو هەسەدە ئەنجامدرا کە بەسەردانێکی ڕەسمی هاتبوونە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، لەو بارەیەشەوە، فەرماندەیەکی هەسەدە هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوە و جەختیکردەوە حکومەتی سوید لەهەوڵی ئەوەدایە لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و سەربازی و مرۆیی پشتیوانی زیاتر پێشکەشی هەسەدە و خۆبەڕێوەبەری بکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ڕایگەیاند، مۆسکۆ بەردەوام لە میانی پەیوەندیکردنەکانیدا لەگەڵ ئەنقەرە پرسی بەشداری بەکرێگراوانی لیبیایی و سووریایی لە شەڕی ناوچەی قەرەباخ دەورووژێنێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| شار و شارۆچکەکان: | ئاکرێ |
| شار و شارۆچکەکان: | موسڵ و دەشتی نەینەوا |
| شار و شارۆچکەکان: | گرێ سپی |
| شار و شارۆچکەکان: | کرماشان |
| شار و شارۆچکەکان: | هەولێر |
| شار و شارۆچکەکان: | چەمچەماڵ |
| شار و شارۆچکەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | → ڕۆژهەڵاتی کوردستان |
| وڵات: | ↓ باشووری کوردستان |
| وڵات: | TR تورکیا |
| وڵات: | ← ڕۆژئاوای کوردستان |
| وڵات: | SE سوید |
| Quick Respons Code: | |

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 19-10-2020
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 19-10-2020
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 19-10-2020
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 19-10-2020
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 19-10-2020

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-09-01 12:10:47 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاورێ باخەوان |

---

بابەت: 294

**2020-10-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387343



باکووری کوردستان
- لە زیندانی پیتی (دی) ئامەد 70 زیندانی سیاسی بۆ زیندانی ئاسایشی چڕی ژمارە 1 و ژمارە دووی هەمان شار دوورخرانەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- عادڵ موکەڕەم بەندکراوی سیاسی کە لە بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ڕاگیراوە و ڕۆژی یەکشەممە ئاگری لەجەستەی خۆی بەردابوو، لە ژووری تاکەکەسیی ئەو بەندیخانەیە لە ڕێگای خواردنی وردە شووشە هەوڵی خۆکوشتنی داوە و باری تەندروستی ناجێگیرە.[6]
باشووری کوردستان
- تەقینەوەیەک لە شارەدێی قەراجی سەر بە شارۆچکەی مەخموور ڕوویدا و بەهۆیەوە سێ کوڕ و باوکێک شەهیدبوون.[3]
- گۆڕێکی بەکۆمەڵی سەردەمی داعش لە باشوری خۆرئاوای کەرکوک دۆزرایەوە کە روفاتی 45 کەسی تێدایە.[1]
- وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ئاماری نوێی کۆرۆنای ڕاگەیاند و دەڵێت، لە 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 10 تووشبووی دیکەی کۆرۆنا تۆمارکرا و 24 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستدا.[2]
- تەندروستیی دهۆک هۆکاری زیادبوونی ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە پارێزگاکە ئاشکرا دەکات، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستیی دهۆک، دەڵێت: 29 تووشبووی کۆرۆنا لە دهۆک باری تەندروستییان ناجێگیرە.[2]
- بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگاری هەولێر بڵاویکردەوە، دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆ د.فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر، دەرکەوت کە دەرەنجامەکەی پۆزەتیڤە و تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.[4]
- لە شاری کەرکوک و بە بڕیاری پارێزگاری سەپێندراوی شارەکە دەیان دوکانی هاووڵاتییانی کورد لە گەڕەکی ئیمام قاسم ڕووخێندران و یەکێک لە خاوەن دوکانە ڕووخێندراوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە بەو کردەوەیە بژێوی دەیان خێزانیان بڕیوە.[5]
- وەزیرە عەبدولڕەحمان فەرەج، ژنە تێکۆشەری شاخ و زیندان، خێزانی شەهید حەمە غەفوور ئاغجەلەری و دایکی سەرکەوت محەمەد غەفور ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی بۆردی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی پاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.[3]
- لەلایەن هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرکانەوە لە شاری هەولێر توانرا دوو تۆمەتبار دەستگیربکرێن. لە ڕاگەیێندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان دەڵێت، بڕی 116 گرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری کریستاڵیان پێبووە. تۆمەتبارەکان بڕی 550 هەزار دیناری عێراقی و بڕی 900 دۆلاری ساختەی ئەمریکییان پێبووە. دەستیش بەسەر سێ دەمانچە و شەش مۆبایلی تۆمەبارەکاندا گیراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری منبج تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا و 5 کەس بریندارببوون.[1]
- درۆنەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندەکانی مەزرێ و دێرکا بەراڤێێ شاروچکەی دێرکی ڕۆژئاوای کوردستانیان بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 2 هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی فەرمیی تورکیا بڵاویکردەوە، تیمی ئۆپەراسیۆنەکانی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا میت بەرپرسێکی باڵای پەکەکەی لە باشووری کوردستان بەناوی ئەحمەد باڵ کردە ئامانج.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | دەوڵەتی ئیسلامی - داعش |
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە |

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: کەرکوک
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: ← ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: ↓ باشووری کوردستان
وڵات: → ڕۆژهەڵاتی کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2020-10-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری هەنگاو - 2020-10-20

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 295

**2020-10-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387344




باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیس و جەندرمەکانی تورک لە ناوچەی نورهاک و جەلال گورگوم هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵ. بەپێی زانیاریەکان تا ئێستا 12 کەس دەستگیرکراون. هەر 12 کەسەکە بۆ بەرێوەبرایەتی پۆلیسی مەراش براون.[1]
باشووری کوردستان
- کۆنسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر، بڕی نیو ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە پەرستگای لالش، لە پێناو نۆژەنکردنەوەی ئەو پەرستگایە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکراتی قەسەدە هێرشێکی دەوڵەتی داگیرکەری تورکی لە گوندێکی رۆژهەڵاتی عەین عیسا تێکشاند.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فڕۆکەکانی ئیسرائیل ناوچەی قونەیترەیان لە باشووری سووریا بۆردومان کرد.[2]
- یۆنان داوای لە یەکێتی ئەوروپا کرد، چاوبخشێنێتەوە بە یەکێتی گومرکیی لەگەڵ تورکیا، وەک وەڵامێک بۆ بەردەوامیدانی ئەنقەرە بە چالاکییەکانی گەڕانی بەدوای غازدا لە ناوچەی ململانێ لەسەر لە دەریایی ناوەڕاستدا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| 🏣 پارت / لایەن: | هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د |
| 🏙 شار و شارۆچکەکان: | ♖ هەولێر |
| 🗺 وڵات: | ⬇ باشووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | US ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| 🗺 وڵات: | ⬅ رۆژئاوای کوردستان |
| 🗺 وڵات: | TR تورکیا |
| 🗺 وڵات: | ⬆ باکووری کوردستان |
| 🗺 وڵات: | IL ئیسرائیل |
| 🗺 وڵات: | SY سووریا |
| 🗺 وڵات: | یۆنان - گریک |
| Quick Respons Code: | |


سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-10-21


کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 296

**2020-10-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387345



باکووری کوردستان
- بە تۆمەتی 'ئەندامی ڕێکخستنە' و 'پرۆپاگەندەی بۆ ڕێکخستن کردووە' سزای 9 ساڵ زیندانی بەسەر زوهال تەکینەر هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانی فارقیندا سەپێنرا.[1]
- بە هۆی دەستڕێژی گولەی سەربازانی سوپای داگیرکەران کە لە بارەگای سەربازی کالەجکای هەرێمی ئەلکێوە کراوە، ئاگر بە دارستانەکانی گوندی سەتکارێ لە شرناخ کەوتووە.[1]

باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای داگیرکەری تورک دەوروبەری گوندی گابنێرکێی سەر بە هەرێمی کانی ماسییان بوردومان کرد.[1]
- وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە 24 کاژێری ڕابردوودا هەزار و 308 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 17 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە. هەروەها 246 کەس چاکبوونەتەوە.[2]
- بەپێی ئە و ئامارانەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی کۆرۆناوە رۆژانە رایدەگەیەنێت، ڕێژەی مردن بە و ڤایرۆسە 3% تێپەڕاندوە.[3]
- د. سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند، ئەگەر خۆپارێزیی هاوڵاتیان بەم ئاستەی ئێستا بێت ئەوا بەدوری مەزانن کە هیچ خێزانێک نەمێنێت لە پارێزگای سلێمانی قوربانییەکی کۆرۆنا نەدات.[4]
- کونسوڵخانەی چین لەهەرێم رایگەیاند تا کۆتایی ئەمساڵ وڵاتەکەیان 610 ملیۆن ڤاکسینی کۆرۆنا ئامادە دەکات و تائێستا نزیکەی 60 هەزار کەس کوتراوە و هیچ کەسێکیش کاردانەوەی توندی نەرێنی نەداوە.[3]
- رۆژنامەنووسان گوهدار زێباری و هاریوان عیسا، هەروەها شڤان سەعید بەرپرسی هاوپەیمانی نیشتیمانی، کە هاوکات یەکێکە لە چالاکوانە نارازییەکانی بادینان دژی دەسەڵات، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی دهۆکەوە دەستگیرکران.[5]
- بریکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان رایدەگەیێنێت وارسی شەهیدان، زیندانیان و گیراوی سیاسی، بەرکەوتەی چەکی کیمیایی و بەخێوکەری وارسی شەهیدان چاکسازی دەیانگرێتەوە و دەڵێت تاوەکو ئێستا وردبینی لە دۆسیەی نزیکەی سێ هەزار کەس لە وارسی شەهیدان کراوە و زیندانیانی سیاسیش سەرپشک دەکرێن لەوەی دوای تەواوبوونی 10 ساڵەکە مووچەکەیان یان مینحەکەیان وەربگرن.[2]
- نەورەس رەشید، ئەندامی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر کۆچی دوایکرد.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- تۆپبارانی سوپای داگیرکەر و چەتەکانی بۆ سەر عەین عیسا و گوندەکانی دەوروبەری، بەردەوامە. بە پێی زانیاریەکان، سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ڕێگای نیودەوڵەتی (M-4)، ناوەندی ناوچەی عەین عیسا و گوندی سەیدا تۆپباران دەکەن. لە ئەنجامی تۆپبارانەکەی سەر ڕێگای M-4 کەسێکی مەدەنی بە ناوی ئەحمەد عەلی جومعە (30 ساڵان) بە قورسی بریندار بووە و رەوانەی نەخۆشخانەی رەقا کراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- جێگری وەزیری دەرەوەی رووسیا، سێرگی ڤیرچینین رایگەیاند، رووسیا ڕێگە بە دەرچوونی هیچ بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نادات، ئەگەر پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی رووسیا بێت و سووریا بخاتە ژێر باری ئە و بنەمایانەی لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاییدا باسکراوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: فارقین - سلیڤان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: چین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات: TR تورکیا
وڵات: SY سووریا
وڵات: RU یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-10-22
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-10-22
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری یوک میدیا - 2020-10-22
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2020-10-22
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-10-22
کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 297
**2020-10-23**
https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387346


Aram Hamasaeed
2h

تەرمی ژنێک بەکوژراوی دۆزرایەوە

بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەگەڕەکی ئەسرا ومەفقودین-ی شاری کەرکوک لەناو مالی خۆیان تەرمی ژنێک بەکوژراوی دۆزرایەوە .

کوژراوەکە تەمەن 31 سالە بەناوی (ز ، ع ، م) وئاسەواری فیشەک بەسەریوە بووە تائێستا نەزانراوە کوژراوە یاخود کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە .

2020/10/23

... Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 298

**2020-10-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387347




... Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 299

**2020-10-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387348




باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی کاکەمەم بۆتانی لە هەولێر.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
🏙 شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر
🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان
[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 300

**2020-10-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387349


Kurdistan parliament -Iraq
Kurdistan-hawler
No:
Date:
پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر
ژمارە:
بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٢٦
بەڕێز/ کونسوڵخانەی فرەنسا لە هەرێمی کوردستان - عێراق
بابەت/ نیگەرانیی
...
لەگەڵ ڕێزدا.

...
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 301

**2020-10-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387350

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 302

**2020-10-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387351

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 303

**2020-10-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387352

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 304

**2020-10-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387353

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-09-01 12:10:47 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 305

**2020-10-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20200901121047387354

رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆچی دوایی هۆزانەوانی بەناوبانگ جەلال مەلەکشا.

Quick Respons Code:




کاتی تۆمارکردن: PM 12:10:47 2020-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 306

**2020-11-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388542




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 307

**2020-11-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388543

...


IRAQ KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

پەرلەمانی کوردستان - عێراق
کوردستان - هەولێر

بۆبەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
بابەت/ دانیشتنی پەرلەمان

بەپێی ماددەی ٦٦ خاڵی یەکەم لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئێمە ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین، بابەتی (دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک) بخەنە بەرنامەی کار، بەڕێز وەزیری ناوخۆ بانگهێشتبکرێت بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکەدا.

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 308

**2020-11-03**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388544

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 309

**2020-11-04**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388545

...




Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-10-01 10:33:08 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 310

**2020-11-05**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388546

...


ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الحسابات
Ministry of Interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )
NO
DATE

فەرمانی وەزاری

ریبەر أحمد
وەزیری ناوخۆ

(QP-07F3)

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-10-01 10:33:08 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 311

**2020-11-06**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388547

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 312

**2020-11-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388548

...


ژن ژیانە مەیکوژە
10 h

ژنێك بووە قوربانی توندوتیژی

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2020/11/06 لە شاری سلێمانی ژنێك بە ناوی ( بەهار ڕەشید ) گیان لەدەست ئەدات ..
ناوبراو خاوەنی 3 منالە و لەلایەن مێردەکەیەوە ئەشکەنجە دراوە بەبەرچاوی دوو منالیانەوە و بە توندی بە کلکە ماسیحە لێی ئەدات ..

بەپێی قسەی شایەتحالێکی نزیکی ( بەهار ) منالەکان ئەچنە درەوە بۆ کڕینی شتومەك کاتێك ئەگەڕێنەوە ماڵ دایکیان ئەبینن حەبلێکی لەملدایە کە بەپانکەوە بەستراوە و لە ژوورێکدا ..

منالەکان کە تەمەنیان 6 ساڵ و 11 سالە هەولی ڕزگارکردنی دایکیان ئەدەن بەڵام ناتوانن حەبلەکە لە ملی لابەرن بۆیە هانا بۆ دراوسێکانیان ئەبەن تا فریای بکەون ، پاش لابردنی حەبلەکە دراوسێکانیان ئەیگەیەننە نەخۆشخانە بەڵام مەخابن لەنەخۆشخانە گیان لەدەست ئەدات هەرچەندە هەولی زۆر ئەدرێت بۆ هەناسە پێدانی مەخابن هەناسەی ئەگیرێت و ئەخنکێت ..
مێردی ( ب.ڕ) ئێستا لە بنکەی پۆلیسە بۆ لێکولینەوە لە ڕووداوەکە ..
ئارام حمەسعید
2020/11/07

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 313

**2020-11-08**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388549




...

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 10:33:08 2020-10-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 314

**2020-11-09**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388550




...

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | PM 10:33:08 2020-10-01 |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 315

**2020-11-10**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388551




باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی قادر حاجی عەلی بە نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 316
**2020-11-11**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388552
...



Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 317
**2020-11-12**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388553
...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 318

**2020-11-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388554




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 319

**2020-11-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388555

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 320

**2020-11-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388556

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 321

**2020-11-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388557

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 322

**2020-11-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388558

...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 323

**2020-11-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388559




دەرەوەی کوردستان

- کۆچی دوایی فرسەت سۆفی، پارێزگاری هەولێر بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ئەنکەرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: TR تورکیا

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 324

**2020-11-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388560




باشووری کوردستان

- تەرمی فرسەت سۆفی لە ئەنکەرەوە گەیشتە هەولێر و لەوێ نێژرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ♜ هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 325

**2020-11-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388561




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 326

**2020-11-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388562




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 327

**2020-11-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388563




باشووری کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە یەکێتی، مەلا بەختیاری بۆ ماوەی 3 مانگ سڕکردووە.[1]
- کۆچی دوایی مەحمود بێسەری ئەندامی باڵای یەکێتی بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏛 پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

🗄 سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 328

**2020-11-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388564



...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 329

**2020-11-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388565




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 330

**2020-11-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388566



...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 331

**2020-11-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388567

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 332

**2020-11-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388568

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 333

**2020-11-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388569

...




Quick Respons Code:

كاتی تۆماركردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆماركار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 334

**2020-11-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388570

...




Quick Respons Code:

كاتی تۆماركردن: PM 10:33:08 2020-10-01

ناوی تۆماركار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 335

**2020-11-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388571

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 336

**2020-12-01**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201001223308388572




باشووری کوردستان

- کۆچی دوایی بەهادین نوری لە سلێمانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی عێراق

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-10-01 10:33:08 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 337

**2020-12-02**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389594




باشووری کوردستان
- خۆپیشاندەرانی فەرمانبەران دژی دواکەوتن و نەدانی مووچە لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو و توندوتیژیی لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 338
**2020-12-03**
https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389595




باشووری کوردستان
- خۆپیشاندانی فەرمانبەران بۆ داواکردنی موچەکانیان ئەمرۆش لە سلێمانی بەردەوام بوو و دیسان توندوتیژیی لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

سەرچاوەکان
[1] ● دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 339

## 2020-12-04

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389596

...



خۆپیشاندانی جەماوەر لە سلێمانی دەکەوێتە بەر پەلاماری دڕندانەی هێزەکانی دەسەڵات

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 340

## 2020-12-05

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389597

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 341

## 2020-12-06

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389598




...

Quick Respons Code:

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-11-03 8:41:45 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 342

**2020-12-07**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389599




باشووری کوردستان

- خۆپیشاندان زۆرینەی شارۆچکەکانی سلێمانیی گرتەوە، لە سەید سادق، چەمچەماڵ، پیرەمەگروون، هەڵەبجە و دەربەندیخان و کەلار، بارەگای زۆربەی حیزبەکان سووتێنران و هەندێک فەرمانگەی حکومیش تاڵانکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

- شار و شارۆچکەکان: ◯ چەمچەماڵ
- شار و شارۆچکەکان: ◯ دەربەندیخان
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی
- شار و شارۆچکەکان: ◯ سەیدسادق (شارەزوور)
- شار و شارۆچکەکان: ◯ کەلار (گەرمیان)
- وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⬤ دیارینەکراو | 🏳 کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

| | |
|---|---|
| کاتی تۆمارکردن: | 2020-11-03 8:41:45 PM |
| ناوی تۆمارکار: | هاوڕێ باخەوان |

---

بابەت: 343

## 2020-12-08

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389600



باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە سەید سادق دەستی پێکردەوە و خۆپیشاندەران بینای پەروەردەی شارەزووریان سووتاند.[1]
- خۆپیشاندان لە تەکێ کوژرا و بریندارێ لێکەوتەوە و بارەگای یەکێتیش سووتێنرا.[1]
- سەرچاوەکان باس لە خۆپیشاندان لە قەسرێ دەکەن لە سنووری پارتی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 344

## 2020-12-09

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389601




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 345

## 2020-12-10

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389602




باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان لە کفری 2 کوژراو و چەندین بریندار لێکەوتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ کفری

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 346

**2020-12-11**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389603




باشووری کوردستان
- خۆپیشاندان ناو شاری سلێمانیی گرتەوە و توندوتیژیی لێکەوتەوە. هێزەکانی ئاسایش و پۆلیش بە گازی فرمێسکرێژ بڵاوەیان بە خۆپیشاندەران کرد و چەندین کەسیان دەستگیرکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ◯ سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] ⚫ دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 347

**2020-12-12**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389604

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 348

**2020-12-13**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389605




باشووری کوردستان

- پارتی و پەکەکە لە سنووری ئامێدی پێکیاندادا و کوژراو و برینداری لێکەوتووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

وڵات: باشووری کوردستان

Quick Respons Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 349

**2020-12-14**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389606




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🌐 زمان - شێوەزار: 🏳 کرمانجیی سەروو

🗺 وڵات: ⬆ باکووری کوردستان

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 350

**2020-12-15**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389607




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 351

**2020-12-16**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389608




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 352

**2020-12-17**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389609




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 353

**2020-12-18**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389610

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان


---

بابەت: 354

**2020-12-19**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389611

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 355

**2020-12-20**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389612

...

Quick Respons Code:



کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 356

**2020-12-21**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389613

...

Quick Respons Code:



هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی تەندروستی

Kurdistan Region – Iraq
Council of Ministers
Ministry of Health

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الصحة

No.: 34796
Date: December 21, 2020

بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ سلێمانی/ دهۆک/ هەڵەبجە/ گەرمیان/ ڕاپەڕین/ کۆیە

بابەت/ چاودێریکردن

لەگەڵ ڕێزدا ...

د. سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی

https://www.gov.krd/moh/
contact@moh.gov.krd

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 357

**2020-12-22**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389614

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 358

**2020-12-23**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389615

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 359

**2020-12-24**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389616

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 360

**2020-12-25**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389617

...




Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 361

**2020-12-26**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389618




باشووری کوردستان
- شێوەکار ئاری بابان لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.(بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 362

**2020-12-27**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389619




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 363

**2020-12-28**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389620




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 364

**2020-12-29**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389621




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: PM 8:41:45 2020-11-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 365

**2020-12-30**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389622

باشووری کوردستان

- کۆچی دوایی هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان لە هەولێر.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

🏬 شار و شارۆچکەکان: ♖ هەولێر

🗺 وڵات: ⬇ باشووری کوردستان

:Quick Respons Code

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM


ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---

بابەت: 366

**2020-12-31**

https://www.kurdipedia.org/?q=20201103204145389623




...

Quick Respons Code:

کاتی تۆمارکردن: 2020-11-03 8:41:45 PM

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

---